# بەسەرهاتی پێغەمبەران

# لە قورئاندا

## (بەشی بەسەرهاتەکانی کتێبی "ابن الإسلام")

نووسینی:

موحەممەد حوسێن یەعقووب

وەرگێڕان و پوختکردنەوەی:

هاوڕێ عبدالقادر

١٤٤٢ك - ٢٠٢١ز

# بەسەرهاتی پێغەمبەران

# لە قورئاندا

## (بەشی بەسەرهاتەکانی کتێبی "ابن الإسلام")


نووسینی: موحەممەد حوسێن یەعقووب

وەرگێڕان و پوختکردنەوەی: هاوڕێ عبدالقادر


بۆ پۆلی دووەمی ناوەندیی دیراساتی ئیسلامی (ندا)


ساڵی: ١٤٤٢ك - ٢٠٢١ز

زانکۆی ئازادی دیراساتی ئیسلامی زادی

ماڵپەڕی زادی ڕێمان:

www.zadyreman.com

فەیسبووک:

www.fb.com/zadyreman

تویتەر:

twitter.com/zadyreman

ئیمەیڵ:

Zadyreman@gmail.com

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

إنَّ الحَمْدَ للهِ نَحْمَدُهُ وَنَسْتَعِينُهُ ونَسْتَغْفِرُهُ، وَنَعُوذُ باللهِ مِنْ شُرُورِ أَنْفُسِنا وَمِنْ سَيِّئاتِ أعْمَالِنا، مَنْ يَهْدِهِ اللهُ فَلا مُضِلَّ لَهُ، وَمَنْ يُضْلِلِ فَلا هادِيَ لَهُ. أَشْهَدُ أنْ لَا إِلَهَ إِلَّا اللهُ وَأَشهَدُ أَنَّ مُحَمَّداً عَبدُهُ وَرَسُولُهُ.

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ حَقَّ تُقَاتِهِۦ وَلَا تَمُوتُنَّ إِلَّا وَأَنتُم مُّسۡلِمُونَ ١٠٢﴾ آل عمران: ١٠٢

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ٱتَّقُواْ رَبَّكُمُ ٱلَّذِي خَلَقَكُم مِّن نَّفۡسٖ وَٰحِدَةٖ وَخَلَقَ مِنۡهَا زَوۡجَهَا وَبَثَّ مِنۡهُمَا رِجَالٗا كَثِيرٗا وَنِسَآءٗۚ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ ٱلَّذِي تَسَآءَلُونَ بِهِۦ وَٱلۡأَرۡحَامَۚ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلَيۡكُمۡ رَقِيبٗا ١﴾ النساء: ١

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَقُولُواْ قَوۡلٗا سَدِيدٗا ٧٠ يُصۡلِحۡ لَكُمۡ أَعۡمَٰلَكُمۡ وَيَغۡفِرۡ لَكُمۡ ذُنُوبَكُمۡۗ وَمَن يُطِعِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ فَقَدۡ فَازَ فَوۡزًا عَظِيمًا ٧١﴾ الأحزاب: ٧٠ - ٧١

أَمَّا بَعْدُ: فَإِنَّ أَصْدَقَ الحَدِيثِ كِتابُ اللهِ، وَخَيرَ الهَدِيِ هَدْيُ مُحَمَّدٍ صَلَى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَمَ، وَشَرَّ الأُمُورِ مُحْدَثاتُها، وَكُلَّ مُحْدَثَةٍ بِدْعَةٌ وَكُلَّ بِدْعَةٍ ضَلالَةٌ، وَكُلَّ ضَلَالَةٍ فِي النَّارِ.

# پێشەکی:

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

خۆشەویستم، ڕۆڵەی ئیسلام! سوێند بە خوا لە بەر خوا خۆشمدەوێی.

ڕۆڵە و خۆشەویستەکەم! لە پەروەردگار دەپاڕێمەوە راستی و خواویستی و لێخۆشبوون و سەلامەتی لە دین و دنیادا ببەخشێتە ئێمە و تۆیش. پاشان:

خوای گەورە دەفەرموێت: «نَحْنُ نَقُصُّ عَلَيْكَ أَحْسَنَ الْقَصَصِ» (یوسف: ٣). «ئێمە چاکترین و جوانترین بەسەرهاتت بۆ دەگێرینەوە».

بۆیە پێویستە بزانیت قورئان وتەی پەروەردگارە ناردوویەتی بۆ پێغەمبەرەکەی، تا ببێتە پەیڕەوو پرۆگرامی ئەم ئوممەتە و یاسایەک؛ کە هەموو کاروباری بباتە لای، تا ئیتر ڕێنموون بێت بۆ ڕێگای ڕاست و لە سایەی دڵنیایی دەروون و هێمنیی سینەدا بحەسێتەوە.

بزانە قورئان توێشووی ڕۆحی بڕواداڕانە و، ئەو خێر و بەرەکەتەیە یارمەتییەکانی بۆ چاکەکاران نابڕێتەوە، هێزێکیان دەداتێ شیاویان دەکات بۆ هەڵگرتنی پەیامەکە و بەڵگە و بورهان دەکاتە توێشویان؛ کە لە سەر دینەکە خۆڕاگریان دەکات.

بزانە؛ قورئان پەناگەی بڕوادارە تا لە سەرچاوە خاوێنەکەی؛ دڵنیاییەك بەدەستبهێنێ دڵی خۆڕاگر بکات و، ڕێنماییەک؛ ڕۆحی هێدی بکاتەوە.

بزانە؛ قورئان قایمکردن و ئارامکردنەوەی دڵە بەرانبەر بەڵاو کارەساتەکان، کۆتا مژدەی خێر دەدات تا بەندەکە بە خۆڕاگری و ڕەزامەندییەوە بەرانبەر کارەساتەکە

بجووڵێتەوە.

بزانە؛ قورئان بابەتەكانی باوەڕی بە شـێوازێكی راستەقینە لە خۆ گرتووەكە, لەگەڵ سروشتی مرۆڤ گونجاوە و لەگەڵ ئاسانی بیر و باوەڕیش گونجاوە.

بزانە؛ قورئان كێشـە كۆمەڵایەتییەكان بە شـێوازێكی گونجاو لەگەڵ بارودۆخەكاندا چارەسەر دەكات و، پەروەردەی ئەو نەوەیەش كاروباری ژیانی پێدەسپێردرێ؛ دەگرێتە ئەستۆ.

بشـزانە؛ لە روونترین شـێوازەكانی قورئان بۆ چارەسەری كێشەكان و نەخۆشییەكانی رۆح و گرفتەكـانی هەڵسـوكەوت لەگەڵ خەڵكـدا -بەتـایبەت بۆ بـانگەواز-، باسـی بەسـەرهاتی پێغەمبەرانە. خوای گەورە دەفەرموێت: «لَقَدْ كَانَ فِي قَصَصِهِمْ عِبْرَةٌ لِّأُوْلِي الأَلْبَابِ مَا كَانَ حَدِيثاً يُفْتَرَى وَلَكِن تَصْدِيقَ الَّذِي بَيْنَ يَدَيْهِ وَتَفْصِيلَ كُلَّ شَيْءٍ وَهُدًى وَرَحْمَةً لِّقَوْمٍ يُؤْمِنُونَ» (یوسـف: ١١١). واتە: «سـوێند بەخوا؛ بەڕاسـتی لە بەسـەرهاتی پێغەمبەران پەند و ئامۆژگاری هەیە بۆ كەسانی ژیر و بەئاگا، وەنەبێت ئەم قورئانە قسە و باسـێك بێت هەڵبەسترابێت، بەڵكو بەڕاستدانەری ئەوەیە كە لە پێش خۆیەوە هاتووە (تەورات و ئینجیل) و، روونكەرەوە و جیاكردنەوەی هەموو شـتێكی پێویستە لەئاییندا، رێنما و رەحمەتیشە بۆ كەسانێك باوەڕ دەهێنن».

## گرنگیی ئەم بەسەرهاتانە:

١- بەڵگەن لە سەر پێغەمبەرایەتیی سەیدنا موحەممەد ( صلّى اللّه عليه وسلّم). خوای گەورە لە بەسەرهاتی یووسفدا دەفەرموێت: «ذَلِكَ مِنْ أَنبَاء الْغَيْبِ نُوحِيهِ إِلَيْكَ وَمَا كُنتَ لَدَيْهِمْ إِذْ أَجْمَعُواْ أَمْرَهُمْ وَهُمْ يَمْكُرُونَ» (يوسف: ١٠٢). « ئەی پێغەمبەر ئەم بەسەرهات و سەرگوزشتەیەی یووسف کە بۆت نیگا دەکەین؛ لە هەواڵ و بەسەرهاتە شاراوەکانە، خۆ تۆ لە لای براکانی یووسف نەبوویت کاتێك کە هەموویان بڕیاریان دا و پیلانیان دەگێڕا». دەربارەی مووساش دەفەرموێت: «وَمَا كُنتَ بِجَانِبِ الْغَرْبِيِّ إِذْ قَضَيْنَا إِلَى مُوسَى الْأَمْرَ وَمَا كُنتَ مِنَ الشَّاهِدِينَ. وَلَكِنَّا أَنشَأْنَا قُرُوناً فَتَطَاوَلَ عَلَيْهِمُ الْعُمُرُ وَمَا كُنتَ ثَاوِياً فِي أَهْلِ مَدْيَنَ تَتْلُو عَلَيْهِمْ آيَاتِنَا وَلَكِنَّا كُنَّا مُرْسِلِينَ» (القصص: ٤٤-٤٥). « ئەی پێغەمبەر؛ تۆ لە بەشی رۆژئاوای کێوی تووردا نەبوویت کاتێك پەیامی خۆمان راگەیاند بە مووسا و، فەرمانمان پێدا، یەکێکیش نەبوویت لە ئامادەبووانی ئەو رووداوە. بەڵام ئێمە چەندەها نەوەمان هێنایە کایەوە و تەمەنێکی زۆر تێپەڕی بەسەریاندا، هەروەها وەنەبێت تۆ لە ناو دانیشتووانی شاری "مەدیەن"دا نیشتەجێ بوویبت و ئایەتەکانی ئێمە بەسەریاندا بخوێنیتەوە، بەڵکو هەر ئێمەین کە پێغەمبەران رەوانە دەکەین».

٢- بەڵگەیە لە سەر ئەوەی هەرچی لەم قورئانەدا هاتووە هەق و راستییە و پێچەوانەکەی درۆ و بەتاڵە: «إِنَّ هَذَا لَهُوَ الْقَصَصُ الْحَقُّ» (آل عمران: ٦٢). « بەڕاستی هەر ئەمەیە بەسەرهاتە راست و درووستەکان».

٣- گرنگی ئەم بەسەرهاتانە کاتێك دەردەکەوێت، کە دەزانیت کەلامی خوایە و بۆ پێغەمبەرەکەی (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) گێڕاوەتەوە، فەرمانی راشکاویش بە پێغەمبەر

(صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) دراوه ئەم بەســـەرهـاتـانە بگێڕێتەوە: «فَاقْصُـصِ الْقَصَـصَ لَعَلَّهُمْ يَتَفَكَّرُونَ» (الأعراف: ١٧٦). « کەوابوو ئەم جۆرە بەســـەرهاتانە بگێڕەرەوە بۆ ئەوەی (ڕاچڵەکێن) و بیربکەنەوە».

٤- لە سەردەمێکدا بەسەرهاتەکان و بەسەرهاتبێژەکان تێیدا زۆر بوون و، شتی ناڕاست لە ڕێگای نووســـراوەکان، گۆڤارەکان، رادیۆ، تەلەفیزیۆن و تۆڕەکانی ئینتەرنێتەوە زۆر بووە، پێویستمان بە بەســەرهاتە راستە جدییە مەبەستدارەکان هەیە، کە بەسـەرهاتی پێغەمبەرانە لە قورئاندا.

بۆیە لێرەدا پێویستە ئامانجەکانی ئەم بەسەرهاتانەت بە ڕوونی بۆ باس بکەم. مەبەست لە بەسەرهاتی پێغەمبەران ئەمانەن:

**یەکەم: بیرکردنەوە و پەندوەرگرتن:** ئەمە قورئانە فەرمانی بیر و ســەرنج بە ئێمە دەدات: «كِتَابٌ أَنزَلْنَاهُ إِلَيْكَ مُبَارَكٌ لِّيَدَّبَّرُوا آيَاتِهِ وَلِيَتَذَكَّرَ أُوْلُوا الأَلْبَابِ» (ص: ٢٩). « ئەم قورئـانە کتێبێکی پیرۆزە کە دامـانبەزانـدووە بۆ لای تۆ، بۆ ئەوەی ئـایەتەکـانی لێکبـدەنەوە و بیریانلێبکەنەوە، هەروەها خاوەن بیر و هۆشـــەکان پەند و ئامۆژگاری وەربگرن و تێفکرن». بۆیە پێویستە مێشك و دڵەکانمان بکەینەوە تا ئایەتەکانی قورئان ببیستن و پەند وەربگرین و لە هەواڵ و راستی و واتاکانی ئەم بەسەرهاتانە تێبگەین.

**دووەم: لـە بەســـەرهـاتی پێغەمبەراندا ڕوونکردنەوەی ســـوننەتەکانی پەروەردگار دەربارەی ئوممەتان، کۆمەڵەکان و تاکەکان بەدەستدەکەوێت:**
ئەو ســـوننەتـانەی بەســـەر ئوممەتـانی پێشـــووندا هاتوون، تا ببێتە دەرس و پەند بۆ بڕواداران. بۆیە پێویستە ئەم سوننەتانە بخوێنین و لێیان تێبگەین و سەرنجیان بدەین.

خوای گەورە دەفەرموێت: «فَلَن تَجِدَ لِسُنَّتِ اللَّهِ تَبْدِيلاً وَلَن تَجِدَ لِسُنَّتِ اللَّهِ تَحْوِيلاً» ( فاطر: ٤٣). « ئیتر تۆ نابینیت هەرگیز لە یاسا و بەرنامەکانی خوادا گۆڕانکاری ببێت، هەرگیز نابینیت یاساو بەرنامەکانی خوا لە نەخشەی خۆیان لابدەن».

**سێیەم: بەسەرهاتی پێغەمبەران روونکردنەوەی رێبازی پێغەمبەرانی لە بانگەوازدا تێدایە:** ئەوەی تیدایە کە چۆن بە بانگەوازەکە پەیوەست بوون و خۆڕاگر بوون لە سەری، خواش فەرمانی پێداوین ئەوان بکەینە نموونە و شوێنیان بکەوین: «أُوْلَئِكَ الَّذِينَ هَدَى اللّهُ فَبِهُدَاهُمُ اقْتَدِهْ» (الأنعام: ٩٠).

**چوارەم: لە بەسەرهاتی پێغەمبەراندا نموونەی بالاّ دەستدەکەوێ:** کە بریتین لە پێغەمبەران و شوێنکەوتووە بڕوادارە راستگۆکانیان. ئەمەش ئارامبەخش و هێدیکەرەوەی بارودۆخی پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) و شوێنکەوتووانییەتی. خوای گەورە دەفەرموێت: «وَلَقَدْ كُذِّبَتْ رُسُلٌ مِّن قَبْلِكَ فَصَبَرُواْ عَلَى مَا كُذِّبُواْ وَأُوذُواْ حَتَّى أَتَاهُمْ نَصْرُنَا وَلاَ مُبَدِّلَ لِكَلِمَاتِ اللّهِ وَلَقدْ جَاءكَ مِن نَّبَإِ الْمُرْسَلِينَ» (الأنعام: ٣٤). «سوێند بێت، بێگومان پێغەمبەرانی پێش تۆش بڕوایان پێنەکراوە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەوان دانیان بەخۆدا گرت لەسەر ئەو بڕواپێنەبوونەیان، ئازار و ئەشکەنجەش دران، هەتا سەرئەنجام سەرکەوتنی ئێمەیان بۆهات و بەهرەوەر بوون پێی و، هیچ شتێکیش نییە بتوانێت ویست و فەرمانەکانی خوا بگۆڕێت. سوێند بەخوا، بێگومان هەواڵ و دەنگوباسی هەندێك لە پێغەمبەرانت بۆ هاتووە».

**پێنجەم: بەسەرهاتی پێغەمبەران رێباز و رەوشتی دوژمنان و کردەوە و پەیوەندییەکانیان لەگەڵ یەکتری و شەیتان باسە دەکات و فێرمان دەکات چۆن لەگەڵیان ڕووبەڕوو ببینەوە.**

**شەشەم: بەسەرهاتی پێغەمبەران خۆڕاگری و پتەوی دەبەخشێتە دڵەکان:**

لەکۆتاییدا ئەم بیرۆکەیە لە قووڵایی دڵدا جێگیردەکات کە سەرەنجام بۆ بڕوادارنە و سەرکەوتن تەنها بۆ ئەوانە: «وَكُلاًّ نَّقُصُّ عَلَيْكَ مِنْ أَنبَاء الرُّسُلِ مَا نُثَبِّتُ بِهِ فُؤَادَكَ وَجَاءكَ فِي هَـذِهِ الْحَقُّ وَمَوْعِظَةٌ وَذِكْرَى لِلْمُؤْمِنِينَ» (هود: ١٢٠). « ئەی موحەممەد (صلّى اللّه عليه وسلّم). هەموو ئەوانەشت بۆ دەگێڕینەوە لە بەسەرهات و هەواڵی پێغەمبەران کە دڵی تۆی پێدابمەزرێنین و دڵنیات بکەین، دڵنیاش بە کە لەم هەواڵانەدا هەق و ڕاستیت بۆ هات و بۆت روون کرایەوە، هەروەها ئامۆژگاری و بیرخستەوەی باشی تێدابوو بۆ ئیمانداران».

**پاشان لە کۆتاییدا پێویستە بەم خاڵانەی خوارەوە ئاماژە بکەین:**

* هەندێك جار بەسەرهاتێك لە قورئاندا دووپات دەكرێتەوە، بەڵام دووپات کردنەوەکەی سوودی تێدایە، واتە لە هەر یەکیاندا سوودێك هەیە لەوی تردا نییە.

* بەسەرهاتەکان بەشێکی زۆریان لە قورئان گرتووە، کەم سوورەت بەسەرهاتی تێدا نییە و هەندێك سوورەت زیاتری باسەکەی بەسەرهاتە وەکو سورەتەکانی: القصص، یوسف.

* خوای گەورە بەسەرهاتی هەندێك لە پێغەمبەرانی بۆ باس کردووین، بەڵام باسی هەموویانی نەکردووە. ژمارەی پێغەمبەران بەڕاستی زۆرە، بیست و شەشیان لە قورئاندا

هاتووه و ئێمەش تەنها باسی ئەمانە دەکەین[1].

* هەنـدێك لـە سـوورەتەكـانی قورئـان بـە نـاوی پێغەمبەرێکەوە ناونراوە کـە لـە سـوورەتەکەدا باسـی کراوە، کە بریتین لە سـوورەتەکانی: یوونس، هوود، یووسـف، ئیبراهیم، موحەممەد و نووح (عليهم الصلاة و السلام).

* بەسەرهاتی هەندێك لە پێغەمبەرەکان دووردرێژە، وەکو: ئیبراهیم، مووسا و یووسف.

* بەسەرهاتی هەندێکیان کورتە، وەکو: ئیسماعیل و ئیسحاق.

* هەندێکیشیان لە قورئانەوە تەنها ناویان دەزانین، وەکو: ئیلیاس، یەسەع و زەلکیفل.

* مەبەستی بەسەرهاتەکانی قورئان باسکردنێکی گشتگیری وردەکارانە نییە، ناشیەوێت هەموو رووداوەکـان بە وردی باسـبکات و بە پێی بەروار و مێژوو بیانگێڕێتەوە، بۆیە هەنـدێك قۆناغ و کات هەر باس نەکراوە و پێویسـتیش نییە ئێمە بڕۆین بە دوایاندا. لەبەر ئەوەش نابێت شـوێن ئیسـڕائیلیات[2] و وردەهەواڵەکان کەوین، بەڵکو ئەوە بەسە بۆمان کە خوا باسی کردووە و ئێمەیش کەڵکی لێوەردەگرین.

رۆڵەی ئیسلام؛ لە بەر خوا خۆشمدەوێیت!

**ئەبولعەلا موحەممەد حوسێن یەعقووب**

[1] نوسـەری بەڕێز (یوشـەعی کوڕی نون)ی لەو پێغەمبەرانە هەژمار کردووە کە ناویان لە قورئاندا هاتووە، ئەمە لە کاتێکدا (یوشـــەعی کوڕی نون) لە قورئـانـدا تەنهـا ئـاماژەی پێکراوە و بەناوی خۆی ناوی نەهاتووە، بەڵام لە فەرموودەدا ناوی هاتووە کە پێغەمبەر بووە، بۆ زیاتر بەرچاوڕۆشنی سەیری ژیاننامەکەی بکە لە لاپەڕە: (٢٩٨) (وەرگێڕ)

[1] ئیسرائیلیات: ئەو هەواڵ و بەسەرهاتانەن کە لە جولەکە و گاورەکانەوە دەگێڕدرێتەوە. (وەرگێڕ)

# ئادەم (عليه الصلاة والسلام)

« إِنَّ اللّهَ اصْطَفَى آدَمَ»

## دەسپێکی بەدیهێنان (الخلقة):

منداڵی خۆشەویستم، ڕۆڵەی ئیسلام!

ئەگەر دەتەوێ دەستپێبکەین؛ ئەوە با هەر لە سەرەتاوە پێیدابێین، پێغەمبەری خوا (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دەفەرموێت: (كَانَ اللَّهُ وَلَمْ يَكُنْ شَيْءٌ غَيْرُهُ) [1] واتە: لە سەرەتادا تەنها خودا بوونی هەبوو، ئەو یەکەمینە کە پێش ئەو کەس نەبووە، بۆیە گەورەیی و دەسەڵات و هێز و جوانی هەر شایانی ئەوە. پاشان خوای گەورە بە دانایی و بەخشش و بەزەیی خۆی ویستی جیهان بخولقێنێت. ویستی زەوی و خۆر و مانگ و ئەستێرەکان و دەریاکان و با و گوڵ و پەپوولە و ماسی و گیانلەبەران و مرۆڤ و جنۆکە و فریشتە بەدیبهێنێت. ویستی هەموو شتێك خەلق کات. کاتێکیش خوا بیەوێت شتێك درووست بکات؛ تەنها پێی دەفەرموێت: ببە! ئەویش دەسبەجێ دەبێت، ئاخر ئەو بەسەر هەموو شتێکدا بەتوانایە: « إِنَّمَا أَمْرُهُ إِذَا أَرَادَ شَيْئاً أَنْ يَقُولَ لَهُ كُنْ فَيَكُونُ» (یس: ٨٢).«بێگومان هەر کاتێك فەرمانی خوا دەرچوو، ویستی شتێك جێبەجێ بکات و بیهێنێتە دی، پێی دەڵێت: ببە، ئەویش دەستبەجێ و بێ دواکەوتن دەبێت و ئەنجام دەدرێت و درووستدەبێت». هەر بەم شێوەیە خوا ئەمری بە ئاسمانەکان و زەوی کرد

[1] (بوخاری :٣٠١٩)

کـە لە شـــەش ڕۆژدا بەدیبێن، بەڵام ئەم شـــەش ڕۆژە لە ڕۆژەکانی خوای گەورەن و وەکوو ڕۆژەکانی ئێستای ئێمە نین. ئاخر ڕۆژێکی ئێمە بریتییە لە سووڕێکی زەوی بە دەوری خۆی کـە لـە بەردەم خۆردا ڕوو دەدات، بەڵام لەو کـاتەدا نـە زەوی هەبوو نە خۆر، کەواتـە جیـاوازن و ئەمەیـان نهێنییە، هیچی دەربارە نازانین مەگەر ئەوەی خوا بۆی باســکردووین. بۆیە منیش تەنها ئەوەت بۆ دەگێڕمەوە کە خوا هەواڵی پێداوین و لـە قورئـانـدا بۆی بـاس کردووین و، نـاڕۆین بـە شـــوێن نهێنییەکـانـدا کـە خوا لێی شاردووینەتەوە.

خوای گەورە هەواڵی پێـداوین کـە زەویی لـە دوو ڕۆژدا خوڵقـانـدووە و رزق و ڕۆزییەکەشی لە چوار ڕۆژدا فەراهەمهێناوە، کە پێداویستی هەموو خاوەن پێداویستان دابین دەکات. پاشان دەستی دایە ئاسمان کە لەو کاتەدا دووکەڵ بوو، ئەویشی لە دوو ڕۆژدا کردە حەوت ئاسـمان. ئاسمانی خواروویشی بە ئەستێرە درەوشاوەکان چراخان کرد و کردنیە هۆی دەرکردنی شـەیتانەکان و پاراسـتنی ئاسـمان، پاشان خۆر و مانگی رامهێنا و لە کۆتاییشدا بەسەر عەرشدا وەستا، وەستانێك کە شایانی گەورەیی خۆیەتی.

لەم کاتەدا؛ هەموو شـتێك ملکەچی فەرمانی خوا بوو، هەموو شـتێکیش پێویسـتی بەو بوو، چونکـە بەڕاســتی خوا دەوڵەمەنـدە و پێویســـتی بـە کەس نییە، بەڵام هەمووان پێویسـتیان بەوە: « لَيۡسَ كَمِثۡلِهِۦ شَيۡءٞۖ وَهُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلۡبَصِيرُ» (الشورى:١١) ؛«هیچ شتێك نییە لە وێنەی ئەوزاتە، هیچ شتێك لەو ناچێت و هەر ئەویش بیسەرو بینایە».

لە ئاســماندا کۆمەڵە بوونەوەرێك نیشـــتەجێ بوون کە خوا لە ڕووناکی خوڵقاندنی و ناوی لێنان "الملائكة/فریشـــتەکان". پێغەمبەر (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيۡهِ وَسَلَّمَ) دەفەرموێت: (خُلِقَت

الْمَلاَئِكَةُ مِنْ نُورٍ)[1]. واته: (فریشتەکان لە رووناکی بەدیهاتوون. فریشتەکان سەربازی خواو ملکەچی فەرمانی ئەون و شەوو رۆژ عیبادەت دەکەن).

دەستەیەکی تریش لە نێوان ئاسمان و زەویدا دەرکەوتن کە خوای گەورە لە ئاگر بەدیهێنان و ناوی "الجن/جنۆکە"ی لێنان، کەس جنۆکەکان نابینێت، هەندێکیان چاکەکار و هەندێکیان خراپەکارن. وا دیارە بەدیهێنراوی تریش لە سەر زەویدا ژیاون کە خراپە و دەستدرێژییان کردووە و خوێنیان رشتووە، هەرچەندە خوا خۆی باشتر دەزانێت.

پاشان ویستی خوا وا بوو، کە مرۆڤ بخوڵقێنێت، بۆیە بە فریشتەکانی فەرموو: « إِنِّي جَاعِلٌ فِي الأَرْضِ خَلِيفَةً قَالُواْ أَتَجْعَلُ فِيهَا مَن يُفْسِدُ فِيهَا وَيَسْفِكُ الدِّمَاء وَنَحْنُ نُسَبِّحُ بِحَمْدِكَ وَنُقَدِّسُ لَكَ قَالَ إِنِّي أَعْلَمُ مَا لاَ تَعْلَمُونَ» (البقرە: ٣٠). «بەڕاستی من دەمەوێت لە زەویدا بریکار[2]ێك دابنێم، فریشتەکان وتیان: ئایا کەسێکی تیادا دەکەیتە بریکار کە

---

[1] (موسلیم :٦٠)

[2] مامۆستا کرێکار (خوای گەورە ئازادی بکات) دەربارەی بەکارهێنانی وشەی جێنشین و بریکار فەرموویەتی: هەر لە سەرەتای نوسینی فیکری ئیسلامییەوە بە زمانی کوردی؛ نووسەران زاراوەی (جێنشین)یان بەرامبەر (خليفة) داناوە. ئەمە بۆ جینشێتی پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم شیاوە، کە سەیدنا ئەبوبەکری سددیق خوا لێی رازی بێت بوو بە خەلیفە/جێنشینی پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم، بەڵام ئەمە بۆ خوای گەورە شیاو نییە والله اعلم، چونکە شوێن و مەنزیلە و دەسەڵاتی خوای گەورە شتێك نین کە مرۆڤ بیانگرێتەوە.. مەبەستیش لەم ئایەتە ئەوەیە، کە خوای گەورە دەیەویست بریکارێك لەسەر زەمیندا نیشتەجێ بکات تا ئەو ئەرکی ئیستیخلافەی پێ بسپێرێت؛ کە بریتییە لە
١ـ ناسین و ناساندنی خوای تاکوپاك.
٢ـ پەرستنی خوای تاکوپاك، بە نیازپاکیی و ئەنجامدانی ئەو دروشمە پەرستنانەی پێغەمبەران سەلامی خوایان لێ بێت دیارییان کردووە.
٣ـ سەلماندن و چەسپاندنی شەریعەتی خوای گەورە، تا دادپەروەریی لە نێوان مرۆڤەکاندا بێتەدی.
٤ـ دەرهێنانی خێروبێری سەرزەمین بۆ ئاوەدانکردنەوی و بۆ دەستەبەرکردنی نان و ئەمان و خێروخۆشی بۆ مرۆڤایەتی..

خراپە و تـاوانی تیـادا بچێنێـت و خوێنڕێژیی تێـدا ئەنجـامبـدات، لەکـاتێکـدا ئێمە تەسـبیحـات و سـوپـاسـگوزاریـت دەکەین و قەدر و ڕێزی تۆ چـاك دەزانین؟! (لەوەڵامیاندا) خوا فەرمووی: بێگومان ئەوەی ئێوە نایزانن؛ من دەیزانم». ئەم وتەیەی فریشـتەکـان ئەوە دەردەخـات، کـە ئەزموونی پێشـووتریـان لـە زەویدا بوویێت یان نیگایەکیان بۆ کراوە کە سـروشـتی ئەم بەدیهێنراوە خراپەکاری و خوێنڕشـتنە. پاشـان فریشتەکان بە سرووشتی پاکی خۆیان زانیان کە پاکی و بێگەردی دەربڕین بۆ خوا؛ بە سـوپاسـگوزاری و بە گەورە زانینی خوا؛ تاکە مەبەسـتی بەدیهاتنە و، پەرسـتش تاقە ئامانجی خوایە لە بەدیهێنانی بوونەوەران.

پاکی و بێگەردی بۆ خوا! فریشتەکان لەگەڵ نزیکییان لە خوا و پەرستش و بە گەورە زانینی، بەڵام تەنها بەندەی خوان و لەوە زیاتر نین، لە زانستدا هاوبەشی خوا نین، لە دانایی نهێنی خوا کە تەنها خۆی ئاگاداریەتی؛ هیچ نازانن. ئەوان ئاگاداری مەبەستی سەرەکی دامەزراندنی زەوی و ئاوەدان کردنەوەی نەبوون. بۆیە خوای گەورە پێی وتن: «إِنِّي أَعْلَمُ مَا لاَ تَعْلَمُونَ ». لەم کاتەدا فریشتەکان زانیان کە خوا بریکارێك لە زەویدا دادەنێت. خوای گەورە ئاگاداریکردنەوە، کە مرۆڤێك لە قوڕ درووستدەکات، بۆیە هەرکات ڕێك و پێك و تەواوی کرد و لە ڕۆحی خۆیی پێبەخشی، پێویستە سوجدەی بۆ ببەن. خوای گەورە دەفەرمویت: « إِذْ قَالَ رَبُّكَ لِلْمَلَائِكَةِ إِنِّي خَالِقٌ بَشَراً من طِين فَإِذَا سَوَّيْتُهُ وَنَفَخْتُ فِيهِ مِن رُوحِي فَقَعُوا لَهُ سَاجِدِينَ فَسَجَدَ الْمَلَائِكَةُ كُلُّهُمْ أَجْمَعُونَ إِلَّا إِبْلِيسَ اسْتَكْبَرَ وَكَانَ مِنْ الْكَافِرِينَ» (ص: ٧١-٧٤).« کاتێك پەروەردگارت بە

ئەمە بریکارێتییە نەك جێنشینی.. (وەرگێڕ)

http://new.zadyreman.com/ArticleDetail.aspx?NuserID=2&WtarID=16

فریشتەکانی وت: من دەمەوێت مرۆڤێك لە قوڕ دروووستبکەم. جا کاتێك دروووستم کرد و لەو گیان و رۆحەی کە من خاوەنی ئەوم، فووم‌پێداکرد و گیان و ژیانم پێبەخشی، ئێوەی فریشتە هەمووتان کڕنووشی بۆ بەرن. هەموو فریشتەکان فەرمانی خوایان بەجێهێنا و کڕنووشیان برد، جگە لە "ئیبلیس"، کە لەو کاتەدا لەناو فریشتەکاندا بوو فووی کردە خۆی و خۆی بەگەورە زانی و خۆی خستە ریزی کافرانەوە».

## خوڵقاندنی ئادەم لە خۆڵ:

بریکارەکە ئادەمە -کە باوکی هەموو مرۆڤەکانە- و خوای گەورە سەرەتا لە خۆڵ دروووستیکرد: « إِنَّ مَثَلَ عِيسَى عِندَ اللّهِ كَمَثَلِ آدَمَ خَلَقَهُ مِن تُرَابٍ ثِمَّ قَالَ لَهُ كُن فَيَكُونُ » (آل عمران: ٥٩). « بەڕاستی نموونەی دروووستبوونی عیسا لەلایەن خواوە؛ وەك نموونەی ئادەم وایە، کە لە خاك دروووستیکرد و لەوەودوا فەرمانیکرد و پێی وت: ببە. ئەویش بوو». پێغەمبەری خوایش (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دەفەرموێت: (أَنْتُمْ بَنُو آدَمَ، وَآدَمُ مِنْ تُرَابٍ)[1]. واتە: ئێوە منداڵی ئادەمن و ئادەمیش لە خۆڵە. هەروەها دەفەرموێت: (إِنَّ اللَّهَ خَلَقَ آدَمَ مِنْ قَبْضَةٍ قَبَضَهَا مِنْ جَمِيعِ الْأَرْضِ، فَجَاءَ بَنُو آدَمَ عَلَى قَدْرِ الْأَرْضِ ؛ جَاءَ مِنْهُمُ الْأَحْمَرُ وَالْأَبْيَضُ وَالْأَسْوَدُ وَبَيْنَ ذَلِكَ، وَالسَّهْلُ وَالْحَزْنُ، وَالْخَبِيثُ وَالطَّيِّبُ ". زَادَ فِي حَدِيثِ يَحْيَى: "وَبَيْنَ ذَلِكَ)[2]. واتە: (خوای گەورە ئادەمی لە مشتەخۆڵێك دروووستکرد کە لە هەموو زەوی کۆی کردبووەوە، بۆیە منداڵەکانی ئادەمیش هەر لە شێوازی خۆڵی زەوین. هەندێکیان سوور و هەندێك سپی و هەندێك رەش و هەندێك لە نێوانی ئەمانەدان، هەیانە ئاسانگیرە و هەیانە توندگیرە، هەندێك ناپاك و هەندێك

[1] (ئەبو داوود: ٥١١٦)

[2] (ئەبوداوود: ٤٦٩٣)

خاوێنن و هەندێکیش لە نێوانی ئەمانەدان).

کەواتە؛ ئەو خۆڵەی ئادەمی لێدرووستکرا؛ کۆی ڕەنگ و چۆنییەتییە جۆراوجۆرەکانی خاك بوو، هەر ئەمەشە نهێنیی جیاوازیی مرۆڤەکان لە ڕەنگ و سرووشت و هەستیاندا. پاشان ئەم مشتەخۆڵە تێکەڵی ئاو کراو بوو بە قوڕ، پاشان وشك بووەوە تا وەك سواڵەت (قوڕێکی وشکی سوور)ی لێهات، ئادەم لەم قۆناغەدا جەستەیێکی بێگیان بوو، پاشان خوای گەورە شکڵ و شێوازی پێبەخشی و ڕێکوپێکی کرد و لە سەر شێوەی مرۆڤ ئامادەی کرد و ماوەیەك کە خوا خۆی دەزانێ چەندە لە بەهەشتدا هێشتیەوە: « هَلْ أَتَى عَلَى الْإِنسَانِ حِينٌ مِّنَ الدَّهْرِ لَمْ يَكُن شَيْئاً مَّذْكُوراً» (الإنسان:١).« بەڕاستی ماوەیەکی زۆر لە ڕۆژگار بەسەر ئادەمیزاددا هات، کە شتێکی وانەبوو ناو ببرێت».

لەو کاتەی کە ئادەم لەم قۆناغەدا بوو؛ ئیبلیس -کە یەکێك بوو لە سەرکردەکانی جنۆکە- بە دەوری ئەم جەستەدا هەڵدەسووڕا و بە سەرسووڕمانەوە لێی دەڕوانی! پێغەمبەر (صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) دەفەرموێت: (لَمَّا صَوَّرَ اللَّهُ آدَمَ فِي الْجَنَّةِ تَرَكَهُ مَا شَاءَ اللَّهُ أَنْ يَتْرُكَهُ، فَجَعَلَ إِبْلِيسُ يُطِيفُ بِهِ، يَنْظُرُ مَا هُوَ، فَلَمَّا رَآهُ أَجْوَفَ عَرَفَ أَنَّهُ خُلِقَ خَلْقًا لَا يَتَمَالَكُ)[١]. واتە: (کاتێك خوا سیما و ڕوخساری ئادەمی لە بەهەشتدا نەخشاند؛ بە ویستی خۆی بۆ ماوەیەك هێشتییەوە، ئیتر ئیبلیس بە دەوریدا هەڵدەسووڕا و لێیدەڕوانی، کاتێك بینیی خاوەن ورگ و بۆشاییە لە سکیدا؛ زانیی کە ئەمە بوونەوەرێکە بە سەر نەفسی خۆیدا زاڵ نییە و خۆی لە خراپە دوور ڕاناگرێت. پاشان خوای گەورە لە کۆتا کاتی ڕۆژی جومعەدا لە ڕۆحی خۆی بەبەریا کرد).

---

[١] (موسلیم: ٢٦١١)

## ئادەم کەی خوڵقێندرا؟

پێغەمبەر (صَلَّىٰ اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دەفەرموێت: (وَخَلَقَ آدَمَ عَلَيْهِ السَّلَامُ بَعْدَ الْعَصْرِ مِنْ يَوْمِ الْجُمُعَةِ، فِي آخِرِ الْخَلْقِ، فِي آخِرِ سَاعَةٍ مِنْ سَاعَاتِ الْجُمُعَةِ، فِيمَا بَيْنَ الْعَصْرِ إِلَى اللَّيْلِ)[١]. واتە: (ئادەم دوای عەسری ڕۆژی جومعە، لە پاش هەموو بوونەوەرانی تر و لە کۆتا کاتی جومعە لە نێوان عەسر و شەودا خوڵقێندرا). کاتێك خوا ڕۆحی کرد بە بەر ئادەمدا؛ دەستبەجێ پژمی و خوای گەورەش دوعای بۆ کرد. پێغەمبەر (صَلَّىٰ اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دەفەرموێت: (لمّا خلق اللهُ آدمَ، ونفخ فيه الرُّوحَ عطس فقال الحمدُ للهِ، فحمِد اللهَ بإذنِ اللهِ تبارك وتعالى، فقال له ربُّك: رحمِك اللهُ يا آدمُ). واتە: (کاتێك خوا ئادەمی خوڵقاند و ڕۆحی کرد بە بەریدا؛ پژمی، پاشان بە ویستی خوا سوپاسگوزاریی خوای کرد، پەروەردگاری پێی وت: خوا ڕەحمت پێ بکات ئەی ئادەم).[٢]

جەستەی ئادەم کەوتە ڕێ و بوو بە مرۆڤێك کە هەناسەی دەدا، چاوەکانی کردەوە و فریشتەکانی بینی هەموویان کڕنووشی بۆ دەبەن جگە یەك کەس نەبێت، خوای گەورە دەفەرموێت: « قَالَ يَا إِبْلِيسُ مَا مَنَعَكَ أَن تَسْجُدَ لِمَا خَلَقْتُ بِيَدَيَّ أَسْتَكْبَرْتَ أَمْ كُنتَ مِنَ الْعَالِينَ. قَالَ أَنَا خَيْرٌ مِّنْهُ خَلَقْتَنِي مِن نَّارٍ وَخَلَقْتَهُ مِن طِينٍ. قَالَ فَاخْرُجْ مِنْهَا فَإِنَّكَ رَجِيمٌ» (ص: ٧٥-٧٧). « خوا فەرمووی: ئەی ئیبلیس ئەوە چی نەیهێشت و نایەڵێت کڕنووش بەریت بۆ ئەو کەسەی کە بە دوو دەستی خۆم درووستم کردووە؟! ئایا خۆتت بە گەورە زانی یان هەر لە زووەوە خۆت لا بەرز و گەورەیە؟ شەیتان وتی: من لەو

---

[١] (موسلیم: ٢٧٨٩)

[٢] نووسەری بەڕێز نوسیویەتی صحيح الترمذي (٣٠٠٢). فەرموودەکە وا لە ترمزی (٣٣٦٨).

چاکتر و بەنرختر و پیرۆزترم، چونکە تۆ منت لە ئاگر درووستکردووە و ئەوت لە قوڕ بەدیهێناوە. خوای گەورە فەرمووی: مادام وایە؛ دەرچۆ لە بەهەشت، چونکە تۆ ئیتر ڕەجمکراو و دوورخراویتەوە لە ڕەحمەتی من». بەخیلی لەم وەڵامەوە دەبارێت! ئەمە مەترسی نەخۆشیی بەخیلییە؛ بەخیلیبردنی ئیبلیس بە ئادەم. بەخیلیی پێبرد، چونکە خوا بە گەورەی زانی و ڕێزی لێگرت، ئاکامی بەخیلییەکەش ئەوە بوو، کە ئیبلیس نافەرمانیی پەروەردگاری کرد و کڕنووشبردنەکەی ڕەتکردەوە، بە هۆی خۆبەزلزانینەکەییەوە وتی: «أَنَا خَيْرٌ مِّنْهُ خَلَقْتَنِي مِن نَّارٍ وَخَلَقْتَهُ مِن طِينٍ». لێرەدا؛ خوای گەورە فەرمانی بە دەرکردنی ئەم بوونەوەرە سەرکەشە خراپەکارە دا: «فَاخْرُجْ مِنْهَا فَإِنَّكَ رَجِيمٌ». ئەمە دەرکردن و غەزەبە لە سزای نافەرمانی و ژێرپێخستنی فەرمانی خوای گەورە.

لێرەدا بەخیلییەکە بووە رق و قین و بەڵێنی تۆڵە سەندنەوە لە ناخی ئیبلیسدا: « قَالَ رَبِّ فَأَنظِرْنِي إِلَى يَوْمِ يُبْعَثُونَ» (الحجر: ٣٦). « شەیتان وتی: پەروەردگارا؛ مۆڵەتم بدە هەتا ئەو ڕۆژەی هەموان زیندوو دەکرێنەوە». خوای گەورەش بە دانایی خۆی ویستی لە سەر ئەوە بوو داواکەی وەربگرێت و ئەو مۆڵەتەی پێبدات کە داوای کردبوو: «قَالَ فَإِنَّكَ مِنَ الْمُنظَرِينَ. إِلَى يَومِ الْوَقْتِ الْمَعْلُومِ» (الحجر: ٣٧-٣٨). «خوایش فەرمووی: دە تۆ لە مۆڵەتدراوانیت، تا ڕۆژی کاتە دیاریکراوو زانراوەکە (لای خوا)». ئیتر شەیتانیش مەبەستە رقنەکەی خۆی دەرخست: « قَالَ فَبِعِزَّتِكَ لَأُغْوِيَنَّهُمْ أَجْمَعِينَ. إِلَّا عِبَادَكَ مِنْهُمُ الْمُخْلَصِينَ» (ص: ٨٢-٨٣)« ئینجا شەیتان وتی: سوێند بە دەسەڵاتی بێسنوورت؛ شەرت بێت هەر هەموویان گومڕاو سەرگەردان بکەم، جگە لە بەندە و عەبدە دڵسۆزەکانت، کە هەڵبژاردەی خۆتن (دەسەڵاتی ئەوانم نییە)».

ئیبلیس سـوێند دەخوات کە هەموو مرۆڤەکان لە ڕێ بەدەرکات، مەگەر ئەوانەی وا دەسـەڵاتی بـە سـەریـانـدا نییـە، کـە بریتین لـە بەنـدە خاوێنە هەڵبژاردەکان. ئەمە دەریدەخات بەربەستی نێوان مرۆڤ و ئیبلیس پەرستش و عیبادەتی خواویستانەی پەروەردگارە، ئەمە ڕێگای ڕزگاری و ڕێسـای ژیانە، خوای گەورە دەفەرموێت: «قَالَ فَالْحَقُّ وَالْحَقَّ أَقُولُ. لَأَمْلَأَنَّ جَهَنَّمَ مِنكَ وَمِمَّن تَبِعَكَ مِنْهُمْ أَجْمَعِينَ» (ص: ٨٤-٨٥). « پەروەردگار فەرمووی: من خۆم حەق و ڕاستیم و هەر حەق و ڕاستییش دەڵێم. سوێند بە زاتی خۆم، دەبێت دۆزەخ پڕ بکەم لە تۆ و لە هەموو ئەوانەی کە شوێنی تۆ دەکەون».

کـە واتـە ئەمـە ململانێی نێوان شـەیتان و نەوەکانی ئادەمە، کە بە ئاگادارییەوە تێیدا ڕۆدەچن و ئاکامەکەش لە بەڵێنی ڕوون و ڕاستی پەروەردگاردا؛ لای ئەوان ئاشکرایە و، ئەنجامی ئەو ڕێگایەش هەڵیدەبژێرن لە ئەسـتۆی خۆیاندایە. خوا بە بەزەیی خۆی ویستی لە سەر ئەوە بوو بە نەفامی و بێئاگایی نەیانهێڵێتەوە، بۆیە پێغەمبەرانی بۆ ناردن تا مژدەیان بدەنێ و بیشیانترسێنن.

ئادەم بە شـوێن ئەو شـتانەدا دەڕۆیشـت کە لە دەوروبەریدا ڕووی دەدا و، هەستی بە خۆشـەویستی و ترس و سەرسووڕمان دەکرد! خۆشەویستییەکی قووڵ بۆ ئەو خوایەی خوڵقـاندوویەتی و ڕێزی لێگرتووە، ترسـێکی فراوان لە خەشـمی پەروەردگاری لەو کاتەدا کە شـەیتانی -بە هۆی تاوانەوە- لە بەزەیی خۆی بەدەرنا و، سـەر سووڕمان لەم بوونەوەرە کە ڕقی لێیەتی و خۆی لەو بە زلتر دەزانێت و هیوای زیانی بۆ دەخوازێت! بۆیە هەر لە ساتەوەختی یەکەمەوە ئادەم زانیی شەیتان دوژمنییەتی.

## کڕنووشی ڕێزلێنان لە مەزنیی ڕۆح:

ڕۆڵەی ژیرم، سەرنج بدە ئەم قۆناغە کە فەرمانی خوایە بە فریشتەکان، بۆ ئەوەی کڕنووش بۆ ئادەم ببەن -کە کڕنووشی ڕێزلێنانە-. پێویستە بزانیت ئادەم ئەم پلە بەرزەی تەنها ئەو کاتە دەستکەوت، کە خوا ڕۆحی کرد بە بەریا؛ ئەمەش بەڵگەیەکی ڕوونە لە سەر ئەوەی، کە مرۆڤ لە دنیاو قیامەتدا پلەو مەقامی بەرز نابێتەوە مەگەر بە گەورەیی و مەزنی ڕۆحی، بۆیە هەر کەس ڕۆحی بەرز ڕاگرت و مافی عیبادەت و پەرستشەکەی دا؛ ئەوە خوا فریشتەکانی بۆ ڕام دەکات داوای لێخۆشبوون و دوعای خێری بۆ بکەن: «الَّذِينَ يَحْمِلُونَ الْعَرْشَ وَمَنْ حَوْلَهُ يُسَبِّحُونَ بِحَمْدِ رَبِّهِمْ وَيُؤْمِنُونَ بِهِ وَيَسْتَغْفِرُونَ لِلَّذِينَ آمَنُوا رَبَّنَا وَسِعْتَ كُلَّ شَيْءٍ رَّحْمَةً وَعِلْماً فَاغْفِرْ لِلَّذِينَ تَابُوا وَاتَّبَعُوا سَبِيلَكَ وَقِهِمْ عَذَابَ الْجَحِيمِ» (الغافر: ٧). « ئەو فریشتانەی کە عەرش و تەختی پەروەردگار هەڵدەگرن، ئەوانەش کە بەدەوریدا دەسووڕێنەوە، تەسبیحات و ستایشی پەروەردگاریان دەکەن، ئیمان و باوەڕی زۆر بەهێزو دامەزراویان پێیەتی، داوای لێخۆشبوونیش دەکەن بۆ ئەوانەی کە باوەڕیان هێناوە، دەڵێن: پەروەردگارا! ڕەحمەت و میهرەبانیی تۆ، زانست و زانیاریی تۆ، هەموو شتێکت پێگرتۆتەوە، کەوابوو خۆش ببە لەوانەی کە تەوبەیان کردووە و لە گوناهەکانیان پەشیمانن و شوێن بەرنامە و ڕێبازی تۆ دەکەون، هەروەها لە ئاگری دۆزەخیش بیانپارێزە». بۆیە هەرکات ڕۆحت بەرز ڕاگرت و فەرمانبەری پەروەردگارت بوویت فریشتەکان دوعای خێرت بۆ دەکەن.

## گەورەیی زانست:

پاشـان قۆناغی ئامادە کردنی ئادەم بۆ ژیان دێتە پێشـەوە؛ بەو تایبەتمەندییەوە کە وای لێکرد ببێتە بریکار لە زەویدا و، وای لێکرد شـایانی دەسڕاگرتن بە سەر هەموو زەویدا ببێت، ئەو تایبەتمەندییەش بریتییە لە زانســت؛ خوای گەورە دەفەرموێت: « وَعَلَّمَ آدَمَ الأَسْــمَـاءَ كُلَّهَا» (البقرة: ٣١). واتە ناوی هەموو بوونەوەرەکانی فێر کرد، یەکێك لەو شـتانەی کە فێری کرد سڵاو کردن بوو، پێغەمبەری خوا (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دەفەرموێت: (اذْهَبْ إِلَى أُولَئِكَ الْمَلاَئِكَةِ إِلَى مَلأٍ مِنْهُمْ جُلُوسٍ، فَقُلِ : السَّلاَمُ عَلَيْكُمْ، قَالُوا : وَعَلَيْكَ السَّـلاَمُ وَرَحْمَةُ اللَّهِ، ثُمَّ رَجَعَ إِلَى رَبِّهِ، قَالَ : إِنَّ هَذِهِ تَحِيَّتُكَ وَتَحِيَّةُ بَنِيكَ بَيْنَهُمْ)[١]. واتە: خوای گەورە فەرمووی: ئەی ئـادەم! بڕۆ بۆ لای ئەو فریشــتـانـە، کۆمەڵێکیـان کـە دانیشتوون، پاشان بڵێ: السلام علیکم، ئەوانیش وتیان: وعلیکم السلام و رحمة الله و برکاته، پاشان گەڕایەوە بۆ لای پەروەردگاری، پێی فەرموو: ئەمە سڵاوی تۆ و نەوەکانتە لە نێوان خۆیاندا).

پاشـان خوای گەورە لە سـەر فریشـتەکانی پێویست کرد زانست لە ئادەمەوە وەرگرن: «ثُمَّ عَرَضَهُمْ عَلَى الْمَلاَئِكَةِ فَقَالَ أَنبِئُونِي بِأَسْمَاءِ هَؤُلاء إِن كُنتُمْ صَادِقِينَ» (البقرة: ٣١). «لەوەودوا بە فریشــتەکانی ڕانواند و پێی فەرموون: ئادەی ئێوە ناوی ئەو شــتانەم پێ بڵێن ئەگەر ڕاست دەکەن (وە توانای ئاوەدانکردنەوەی زەویتان هەیە؟)». خوای گەورە پرسـیاری ناوی بوونەوەرەکانی لێکردن تا کەمزانستییان دەربخات، ئەوانیش دانیان بە نەزانیی خۆیاندا نا: «قَالُواْ سُــبْحَانَكَ لاَ عِلْمَ لَنَا إِلاَّ مَا عَلَّمْتَنَا إِنَّكَ أَنتَ الْعَلِيمُ الْحَكِيمُ»

---

[١] نووسەری بەڕێز نوسیویەتی صحیح ترمذي (٣٠٠٢). فەرموودەکە وا لە ترمزی (٣٣٦٨).

(البقرة: ٣٢). « فریشــتەکان وتیان: پاکی و بێگەردی و ســتایش هەر شــایستەی تۆیە، ئێمە هیچ زانســتێکمان نییە، تەنها ئەوە دەزانین کە تۆ فێرت کردووین، بەڕاســتی تۆ پەروەردگارێکی زاناو دانایت».

پــاشــان خوای گەورە فەرمــانی بــە ئــادەم دا، ئــاگــاداریان بکاتەوە دەربارەی ئەوەی نەیاندەزانی و، ئەو هەواڵەیان بداتێ کە زانستی ئەوان پێی نەشکا، بۆ ئەوەی گەورەیی ئادەم و مەبەســتی کردنەکەی بە بریکار دەربخات: «يَا آدَمُ أَنبِئْهُم بِأَسْــمَآئِهِمْ» (البقرة: ٣٣). «ئەوسا خوا فەرمووی: ئەی ئادەم ئادەی تۆ ئاگاداریان بکەرەوە بە ناوەکانیان»، پاشــان خوا بانگی لە فریشــتەکان کرد: «قَالَ أَلَمْ أَقُل لَّكُمْ إِنِّي أَعْلَمُ غَيْبَ السَّــمَاوَاتِ وَالأَرْضِ وَأَعْلَمُ مَـا تُبْـدُونَ وَمَـا كُنتُمْ تَكْتُمُونَ» (البقرة: ٣٣) «خوا فەرمووی: ئەی پێم نەوتن بەڕاســتی من خۆم ئاگادارم بە نهێنی ئاســمانەکان و زەوی، دەشــزانم ئێوە چی دەردەخەن و چی دەشــارنەوە؟!». ئیتر بەم شــێوەیە ڕێزو پلەی ئادەم لای فریشــتەکان بەرزبوویەوە. بۆیە بەرزیی پلەی مرۆڤ بەردەوام بە دوو شــتە: بەوەی کە فێرخواز و فێرکــار بێــت، پێغەمبەری خوا (صَلَّىٱللَّهُعَلَيْهِوَسَلَّمَ) دەفەرموێت: (خَيْرُكُمْ مَنْ تَعَلَّمَ الْقُرْآنَ وَعَلَّمَـهُ)[١]. واتە: (چاکترینی ئێوە ئەو کەســەیە قورئان فێردەبێت و فێری خەڵکیشــی دەکات).

بەم تایبەتمەندییانەوە کە خوا بەخشــییە ئادەم ئیتر ئەو شــایانی پلە و پایەیەك بوو کە شــایســتەی گەورەیی و مەزنییەکەی بێت، بۆیە خوا لە بەهەشــتدا نیشتەجێی کرد، ئیتر ئادەم چوار پلەی پێ درا:

---

[١] نووسەری بەڕێز نوسیویەتی (بوخاری: ٤٦٣٩)، فەرموودەکە وا لە (بوخاری: ٥٠٢٧).

* خوای گەورە بە دەستی پیرۆزی خۆی هێنایيە بوون.

* لە رۆحی خۆی کرد بە بەریدا.

* فەرمانی بە فریشتەکان دا کڕنووشی بۆ ببەن.

* ناوی هەموو شتێکی فێرکرد.

## حەووا چۆن درووستکرا؟

پـاشـــان خوا حەووای خوڵقـانـد. لەو رێزانەی کـە خوا لـە ئـادەمی نـا ئەوە بوو، کە هاوسـەرێکی بۆ درووسـتکرد تا لە تەنیشـتیدا ئۆقرە بگرێت، هەر لە رەگەزی خۆيشـی خوڵقاندی؛ تا لەگەڵیدا بسازێت و لە سروشتی بێزار نەبێت. خوای گەورە دەفەرموێت: «هُوَ الَّـذِي خَلَقَكُم مِّن نَّفْسٍ وَاحِـدَةٍ وَجَعَـلَ مِنْهَـا زَوْجَهَا لِيَسْــكُنَ إِلَيْهَا» (الأعراف: ١٨٩). «خوا ئەو زاتەيە کە ئێوەی لە يەك نەفس و لە يەك شت درووستكردووە و هەر لەويش جووتەکەی بەدی هێنا، بۆ ئەوەی ئارامی لەلا بگرێت». خوای گەورە حەووای لە پەراسـوويەکی ئادەم درووسـتکرد تا بەشێك لەو بێت و بەردەوام پێويستيی پێی بێت (واتە ئادەم پێويسـتيی بە حەووا بێت)، لە پەراسـووی چەپيشـی درووسـتی کرد تا لە دڵيەوە نزيکتر و لای خۆشـەويسـتتر بێت. پاشـان فەرمانی پەروەردگار هات: «يَا آدَمُ اسْــكُنْ أَنتَ وَزَوْجُكَ الْجَنَّةَ وَكُلاَ مِنْهَا رَغَداً حَيْثُ شِـئْتُمَا» (البقرة: ٣٥). « ئەی ئادەم خۆت و هاوسـەرت لەم بەهەشـتەدا ژيان بەرنەسـەر و نيشـتەجێ بن، لە هەرکوێ حەزدەکەن بخۆن و بخۆنەوە بەتێرو تەسەلی». ئادەم لە بەهەشتدا نيشتەجێ بوو، خۆی

و هاوسەرەکەی چێژیان وەردەگرت لە هەرچی نەفس ئارەزووی لێیە و چاو چێژی لێ دەبینێت، خوای گەورە فەرمووی: «إِنَّ لَكَ أَلَّا تَجُوعَ فِيهَا وَلَا تَعْرَى. وَأَنَّكَ لَا تَظْمَأُ فِيهَا وَلَا تَضْحَى» (طه: ١١٨-١١٩). «دڵنیاش بە تۆ لە بەهەشتدا؛ نە برسیت دەبێت نە رووت و ڕەجاڵ دەبیت، نە تینووت دەبێت و نە گەرماش زۆرت بۆ دەهێنێت».

پەروەردگار بەرهەڵستی لێکرد لە تاقەدارێك و، بۆی دیاری کرد و جەختی لێکردەوە کە توخنی نەکەوێت: «وَلاَ تَقْرَبَا هَذِهِ الشَّجَرَةَ فَتَكُونَا مِنَ الْظَّالِمِينَ» (البقرة: ٣٥). «بەڵام نزیکی ئەم درەختە مەکەون ئەگینا دەچنە ریزی ستەمکارانەوە». پاشان ئاگاداری کردەوە دەربارەی فێڵی دوژمنەکەی، خوای گەورە دەفەرموێت: «فَقُلْنَا يَا آدَمُ إِنَّ هَذَا عَدُوٌّ لَّكَ وَلِزَوْجِكَ فَلَا يُخْرِجَنَّكُمَا مِنَ الْجَنَّةِ فَتَشْقَى» (طه: ١١٧). «جا وتمان: ئەی ئادەم، بەڕاستی ئەم(ئیبلیسە) دوژمنی خۆت و هاوسەرەکەتە، وریا بن لە بەهەشت بەدەرکردنتان نەدات، بە هۆیەوە تووشی ناخۆشی و نەگبەتی و دەربەدەری ببن».

بەڕاستی دوژمنترین دوژمنی تۆ ئەو کەسەیە بیرێزیت پێدەکات و ئەو بناغەیەت بە بچووك دەزانێت کە لێی درووستکراوی، تەنانەت هەڕەشەیش دەکات و لە دووی دەرفەتێك دەگەڕێت هەڕەشەکانی بێنێتە دی. بۆیە خوای گەورە لە کتێبە دابەزێنراوەکان و لە سەر زمانی پێغەمبەرەکانی جەخت لە دوژمنایەتی شەیتان دژی ئادەم و نەوەکانی دەکات، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا هەندێك لە نەوەکانی ئادەم فەرمانبەری شەیتان دەکەن و شوێنی دەکەون، خوای گەورەش سەری لەمە سووڕ دەمێنێ!: «وَإِذْ قُلْنَا لِلْمَلَائِكَةِ اسْجُدُوا لِآدَمَ فَسَجَدُوا إِلَّا إِبْلِيسَ كَانَ مِنَ الْجِنِّ فَفَسَقَ عَنْ أَمْرِ رَبِّهِ أَفَتَتَّخِذُونَهُ وَذُرِّيَّتَهُ أَوْلِيَاءَ مِن دُونِي وَهُمْ لَكُمْ عَدُوٌّ بِئْسَ لِلظَّالِمِينَ بَدَلاً» (الكهف:٥٠). «ئێمە کاتێك بە فریشتەکانمان وت کڕنووش بەرن بۆ ئادەم، هەر هەموو کڕنووشیان برد، جگە لە

ئیبلیس كه له دەستەی جنۆكەكان بوو، بەهۆی ئەوەوە له فەرمانی پەروەردگاری یاخی بوو. ئایا رەوایه كه ئەوو نەوەكەی بكەنه پاڵپشت و یار و یاوەری خۆتان له جیاتی من؟ لەحاڵێكدا ئەوان دوژمنی هەمیشەیی ئێوەن، ئای كه چەنده كارێكی خراپ و نارەوایه بۆ ستەمكاران، كه له جیاتی خوا دوژمنێكی وەك شەیتانیان داناوە و گوێڕایەڵیی دەكەن».

## بەهەڵه شوێنكەوتنی دوژمن:

لای شەیتان زۆر قورس بوو ئادەم و هاوسەرەكەی له ناز و نیعمەتی بەهەشتدا بن و ئەویش له رەحمەت و بەهەشتی خوا دەركرابێت، بۆیه بەڵێنی تۆڵەسەندنەوەی دا. ئادەم و حەوواش زانیان كه خواردن لەو داره قەدەغەیه، بەڵام ئادەم مرۆڤه و مرۆڤ شتی له بیر دەچێتەوە و ئیرادە و خواستی لاوازە: «وَلَقَدْ عَهِدْنَا إِلَى آدَمَ مِن قَبْلُ فَنَسِيَ وَلَمْ نَجِدْ لَهُ عَزْماً» (طه: ١١٥). «سوێند بەخوا بێگومان ئێمه پێشتر پەیمانمان له ئادەم وەرگرت (كه نزیكی درەختی قەدەغەكراو نەكەوێتەوە)، كەچی بیری چوو. (هەر له سەرەتاوە) لێبڕان و بڕیارێكی توندوتۆڵمان لێوە نەبینی». شەیتان سوودی خراپی له مرۆڤبوونی ئادەم وەرگرت و، هەموو رقی ئەوی له دڵدا كۆكردەوە و دەستی كرد به هاندانی ئادەم، واشی تێگەیاند كه ئەم بەڕاستی خۆشی دەوێت و له ئامۆژگارییەكەیدا راست دەكات: «وَقَاسَمَهُمَا إِنِّي لَكُمَا لَمِنَ النَّاصِحِينَ» (الأعراف: ٢١). «سوێندی بۆ خواردن كه من بەڕاستی له ئامۆژگارانم بۆ ئێوەو دڵسۆزتانم!!». پاشان رۆژ له دوای رۆژ به قسەی خۆش و رازاوە هەوڵی له خشته بردنی ئادەمی دەدا: «هَلْ أَدُلُّكَ عَلَى شَجَرَةِ الْخُلْدِ وَمُلْكٍ

لَّا يَبْلَى» (طه: ١٢٠). «پێت بڵێم و نیشانت بدەم درەختی نەمری و موڵك و داراییەك كە بەسەرناچێت كامەیە؟!!»، «مَا نَهَاكُمَا رَبُّكُمَا عَنْ هَذِهِ الشَّجَرَةِ إِلاَّ أَن تَكُونَا مَلَكَيْنِ أَوْ تَكُونَا مِنَ الْخَالِدِينَ» (الأعراف: ٢٠). «پەروەردگارتان ئەم درەختەی لێ قەدەغەكردوون تەنها لەبەر ئەوەیە نەوەكو ببنە فریشتە، یاخود بۆ ئەوەیە نەوەكو لە نەمران بن!!».

ئیتر ئادەم فەرامۆشی كرد كە خوا بەرهەڵستی لێكردووە لەو دارە نزیك بنەوە و، بیریشی چوو كە شەیتان كۆنەدوژمنییەتی، بۆیە ئادەم و حەووا لە دارە قەدەغەكراوەكەیان خوارد: «وَعَصَى آدَمُ رَبَّهُ فَغَوَى» (طه: ١٢١). «ئا بەو شێوەیە ئادەم یاخی بوو لە پەروەردگاری و فریوی خوارد و ڕێگای لێ تێكچوو». ئادەم لە خواردن تەواو نەببوو كە هەستی بە ئازار و ناڕەحەتی و شەرمەزاری كرد، عەورەتی دەركەوت لە كاتێكدا خوا لێیشاردبووەوە و نەیدەبینی، ئیتر خۆی و هاوسەرەكەی دەستیان كرد بە لێكردنەوەی گەڵای دارەكان تا جەستەی ڕووتیانی پێداپۆشن: «فَلَمَّا ذَاقَا الشَّجَرَةَ بَدَتْ لَهُمَا سَوْءَاتُهُمَا وَطَفِقَا يَخْصِفَانِ عَلَيْهِمَا مِن وَرَقِ الْجَنَّةِ» (الأعراف: ٢٢). «جا كاتێك تامی بەروبوومی درەختەكەیان چەشت؛ هەرچی عەیب و عاریان هەیە بەدەركەوت، (ناچار بەپەلە) دەستیاندایە گەڵای درەختەكانی بەهەشت عەیب و عاری خۆیان پێدائەپۆشی». ئادەم كە لە كردارە خراپەكەی پەشیمان بووەوە، خوای گەورەش وشەگەلێكی فێر كرد تا لێی خۆش ببێت: «فَتَلَقَّى آدَمُ مِن رَّبِّهِ كَلِمَاتٍ فَتَابَ عَلَيْهِ» (البقرة: ٣٧). «پاشان ئادەم لەلایەن پەروەردگاریەوە چەند وشە و نزایەكی وەرگرت(بەدڵ و بەكوڵ پاڕایەوە، خوای میهرەبانیش) نزاكەی وەرگرت و لێی خۆش بوو». ئەم وشانە ئەوەن كە پەروەردگار باسی كردوون: «قَالاَ رَبَّنَا ظَلَمْنَا أَنفُسَنَا وَإِن لَّمْ تَغْفِرْ لَنَا وَتَرْحَمْنَا لَنَكُونَنَّ مِنَ الْخَاسِرِينَ» (الأعراف: ٢٣). « وتیان: پەروەردگارا ئێمە

ســـتەممان لە خۆمان کرد، خۆ ئەگەر لێمان خۆش نەبیت و بەزەییت پێماندا نەیەتەوە، ئەوە بەڕاستی ئێمە سوێند بە خوا لە خەسارەتمەند و زەرەرمەندانین».

## دابەزین بۆ سەر زەوی:

ئادەم هەڵەی کرد و لە دارە قەدەغەکراوەکەی خوارد، پاشان پەشیمان بووەوە و خواش تۆبەکەی وەرگرت، ئەو مـاوەیەش کە لە بەهەشـــت مایەوە ئامادەکاری و پەروەردە و فێرکاری بوو بۆی، فێرکاری لە ســەر؛ ملکەچی فەرمان و خۆپارێزی لە بەرهەڵســتی و خۆڕاگری بەرانبەر حەز و ئـارەزوو و بـە حەزەر بوون لـە دوژمن. کـاتێك مەبەســـتی مـانەوەی لـە بەهەشـــت گەیشـــتـە کۆتـایی، ئیتر خوای گەورە فەرمـانی بـە خۆی و خێزانەکەی دا بۆ ســەر زەوی دابەزن و شەیتان و داروودەستەکەشی لەگەڵیاندا. خوای گەورە دەفەرموێت: «قَالَ اهْبِطُواْ بَعْضُــكُمْ لِبَعْضٍ عَدُوٌّ وَلَكُمْ فِي الأَرْضِ مُسْــتَقَرٌّ وَمَتَاعٌ إِلَى حِينٍ» (الأعراف: ٢٤). «خوای گەورە فەرمووی: ئیتر دابەزن هەندێکتان دوژمنی هەندێکتانن(شەیتان و داروودەستەی دوژمنی ئێوەن و، نەوەی ئادەمیش بەهۆی پیلانی شــەیتانەوە دوژمنایەتیی یەکتر دەکەن)، بۆتان هەیە لە زەویدا نیشــتەجێ بوون و هۆی رابواردن و ژیان تا ماوەیەک». ئادەم و حەووا بۆ ســـەر زەوی دابەزین، ئادەم لە پاش کەوتنەکەی هەســتایەوە و بەزەیی پەروەردگاریشــی بووە بەهرە. خوا هەواڵی پێدان کە زەوی شــوێنی سەرەکی ئەوانە و لەوێدا دەژین و دەمرن و رۆژی دواییش لەوێوە سەر بەرز دەکەنەوە: «قَالَ فِيهَا تَحْيَوْنَ وَفِيهَا تَمُوتُونَ وَمِنْهَا تُخْرَجُونَ» (الأعراف: ٢٥). «خوا فەرمووی: هەر لە زەویدا دەژین و، لەویش دەمرن و (تێکەڵ بە خاك دەبن) و، هەر لە

ناخیەوە دەهێنرێنە دەرەوە (بۆ لێپرسینەوە)».

ئیتر لێرەدا قۆناغی فێرکاری کۆتایی پێهات و ئادەم وانەکەی وەرگرت و دۆست و دوژمن و چارەسەری ناسی، خوا فەرمانی پێ دا بەردەوام وانەی ناسینی دوژمن و هۆی دەرکردنەکە بە خۆی و رۆڵەکانی بڵێتەوە: « يَا بَنِي آدَمَ لاَ يَفْتِنَنَّكُمُ الشَّيْطَانُ كَمَا أَخْرَجَ أَبَوَيْكُم مِّنَ الْجَنَّةِ يَنزِعُ عَنْهُمَا لِبَاسَهُمَا لِيُرِيَهُمَا سَوْءَاتِهِمَا إِنَّهُ يَرَاكُمْ هُوَ وَقَبِيلُهُ مِنْ حَيْثُ لاَ تَرَوْنَهُمْ إِنَّا جَعَلْنَا الشَّيَاطِينَ أَوْلِيَاءَ لِلَّذِينَ لاَ يُؤْمِنُونَ» (الأعراف: ٢٧). «ئەی نەوەی ئادەم: شەیتان ئێوەش لە خشتە نەبات، هەروەك باوك و دایكتانی لە خشتە برد و لە بەهەشتدا بە دەرکردنی دان، لەکاتێکدا دەستی کرد بە داماڵینی پۆشاکەکانیان تا عەورەتیان پیشانی یەکتر بدات، بێگومان شەیتان و داروودەستەکەی ئێوە دەبینن، لە شوێنێکدا کە ئێوە ئەوان نابینن، جا دڵنیابن کە ئێمە شەیتانەکانمان کردووە بە یارو یاوەری ئەوانەی باوەڕ ناهێنن».

## لە سوودەکانی بەسەرهاتەکە:

١- مرۆڤ دوژمنێکی مەترسیداری هەیە کە ئیبلیس و شەیتانەکانی یارمەتیدەرین، کە ئەیانەوێت نەوەی ئادەم نافەرمانی پەروەردگار بکەن تا وەك ئەوان بچنە دۆزەخ، بۆیە گوێڕایەڵی شەیتان مەبە.

٢- پێویستە بزانیت هەڵەو فەرامۆشی؛ لە سروشتی مرۆڤە و چارەسەریش تۆبە و داوای لێخۆشبوونە.

٣- ماوەی مانەوەی ئادەم لە بەهەشـت بۆ فێرکاری بوو لە سەر فەرمان و بەرهەڵستی، هەروەها فێرکاری بەحەزەربوون. جا چونکە سـروشـتی مرۆڤ فەرامۆشـکارییە، ئیتر خوای گەورە هەموو ساڵێك ماوەیەکی فێرکاری بۆ داناوە کە مانگی رەمەزانە، بە رۆژدا حەڵاڵی لێ حەرام دەکات تا ویست و خواستی پتەوو بەهێز کات.

٤- هەڵە و تاوان شـومە بۆ خاوەنەکەی، چونکە لە خێرێکی فراوان بێبەشـی دەکات، کەواتە هەوڵ بدە تاوان نەکەیت، هاتوو کردیشت تەوبەی لێبکە.

٥- شەیتان بۆ فریودانی نەوەکانی ئادەمیش هەمان رێگە دەگرێتە بەر، کە رازاندنەوەی تاوانە، بۆیە بەڕاستی مەزانە و بڕوای پێ مەکە.

٦- بەخیلی لـە خراپترینی نەخۆشـییەکـانە کە خاوەنەکەی نوقمی خراپە و تیاچوون دەکات، بۆیە بەخیلی بە کەس مەبە.

٧- رێزگرتنی خوا لە مرۆڤ بە قەدەر زانسـت و کردارییەتی، کەواتە زانست وەربگرە با خوا رێزت لێبگرێت.

## ململانێ لە سەر زەوی:

ژیانی ئادەم لە سەر زەوی دەستی پێکرد، کۆچەرانە لە بەهەشت بەرەو زەوی دەرچوو، ئیتر بەمەش سوننەتی دەرچوون و هیجرەت بۆ نەوەکانیشی بووە داب و یاسا، پێغەمبەر (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دەفەرموێت: (والمُهَاجِرُ مَن هَجَرَ ما نَهَى اللَّهُ عنْه)[١]. واتە: موهاجیر

---

[١] (بوخاری: ١٠)

ئەو کەسەیە، کە ئەو شتە جێدێڵێت وا خوا بەرهەڵستیی لێکردووە.

بەڵام لە زەوی پێویست بوو لەگەڵ ناهەمواری و ململانێیەکی نەبڕاوە رووبەڕوو ببێتەوە، پێویســـت بوو بۆ خواردن خۆی خاتە زەحمەت و خۆی بە جل و بەرگ داپۆشـــێت و خێزان و منداڵەکانی لەو ئاژەڵ و دڕندانەی زەوی بپارێزێت، بەر لە هەموو ئەمانە و لە دوایشیانەوە؛ پێویستە لە ململانێکەی لەگەڵ رۆحی خراپە بەردەوام بێت. شەیتان هۆی دەرکردنی لە بەهەشت بوو، هەر ئەویش لە زەوی خەیاڵی خراپ دەخاتە مێشکی خۆی و رۆڵەکانی تا بەرەو دۆزەخ بیانبات. ململانێی نێوان چاکەو خراپە بەردەوامە.

## بەڕاستی ئێمە مرۆڤمان لە سەختی و مەینەت درووستکردووە:

لەگەڵ دابەزینی ئـادەم و حەووا بۆ ســـەر زەوی؛ ســـیســـتەمی ژیان بەرەو تەواوێتی رۆیشـــت، چونکە ئەوان بۆ زەوی خوڵقێندرابوون. حەووا ئامادە بوو تا پێشـــوازی لە منداڵەکانی بکات و لەگەڵ هاوســەرەکەی ئۆقرەیان پێ بگرێت: «فَلَمَّا تَغَشَّـاهَا حَمَلَتْ حَمْلاً خَفِيفاً فَمَرَّتْ بِـهِ فَلَمَّـا أَثْقَلَـت دَّعَوَا اللّـهَ رَبَّهُمَـا لَئِنْ آتَيْتَنَا صَــالِحاً لَّنَكُونَنَّ مِنَ الشَّـاكِرِينَ» (الأعراف: ١٨٩). «جا کاتێك پیاوەکە چووە لای هاوســەرەکەی، ئەویش ســکی پڕبوو بەکۆرپەلەیەکی ســووك (تا ماوەی ١٢٠ رۆژ)، ئافرەتەکەش تێپەڕی کرد بەو ماوەیەدا، ئینجا کاتێك کە باری بەرەو ســەنگینی دەچێت؛ ئەو ژن و مێردە لە خوا دەپـاڕێنەوە و دەڵێن: خوایە ســوێنـد بە تۆ، ئەگەر منـداڵێکی بـاش و بێ عەیبمـان پێببەخشیت، ئەوە بەڕاستی لە سوپاسگوزارانی تۆ دەبین». ئادەم و حەووا هەردووکیان بە هاتنی منداڵەکانیان زۆر خۆشحاڵ بوون.

خاتوو حەووا لە سکی یەکەمیدا کوڕ و کچێکی بوو، لە سکی دووەمیشدا کوڕ و کچێکی تری بوو، سەیدنا ئادەم کوڕی یەکەمی ناونا قابیل و، دووەمی ناونا هابیل. خوای گەورە یاسایەکی تایبەتی بۆ هاوسەرگیری منداڵەکانی ئادەم دانا کە بە پێی ئەو یاسا هیچ برایەك بۆی نەبوو لەگەڵ ئەو خۆشکە هاوسەرگیری بکات کە بە سکێك لەدایك بیوون. ڕۆژێك هابیل داوای لە باوکی کرد کە هاوسەرگیری لەگەڵ خۆشکەکەی قابیل بکات و ئەویش ڕازی بوو، بەڵام قابیل ڕەتیکردەوە، ئاخر دەیویست لەگەڵ ئەوە هاوسەرگیری بکات کە لەگەڵ خۆی لە دایك بووە، ئیتر شەیتان خۆی تێهەڵکوتا و ڕق و بەخیلی لە ناخی قابیلدا چاند.

ئادەم ئەمری کرد بە کوڕەکانی قوربانییەك بۆ خوا بکەن، خوا قوربانیی هەر یەکەیانی وەرگرت؛ ئەوە لەگەڵ خۆشکەکەی قابیلدا هاوسەرگیری دەکات. قابیل جووتیار و، هابیل خاوەن مەڕ بوو. هابیل دەسبەجێ چووە لای ماڵاتەکەی و چاکترین مەڕی هەڵبژارد تا بیکاتە قوربانی، لە کاتێکدا قابیل چووە لای کشتوکاڵەکە و هەندێك لە خراپترین دانەوێڵەی کردە قوربانی، هەردووکیان بە چاوەڕوانییەوە وەستان، ئاگرێك لە ئاسمان هاتە خوارەوە، قوربانییەکەی هابیلی خوارد و نەچوو بە لای قوربانییەکەی قابیلدا، خوا قوربانییەکەی هابیلی وەرگرت، چونکە خوا خاوێنە و تەنها خاوێنیش وەردەگرێت.

قابیل زۆر تووڕە بوو، دەشیزانی خۆشی بووەتە هۆی ئەمە، کەچی ناخی پڕ کرد لە ڕق و بڕیاری کوشتنی براکەی دا. هابیلیش زۆر بە هێز و توانا بوو، بەڵام لە خوا دەترسا و دەیزانی ئەگەر براکەی بکوژێت تاوانێکی گەورەی کردووە. خوای گەورە دەفەرموێت: «وَاتْلُ عَلَيْهِمْ نَبَأَ ابْنَيْ آدَمَ بِالْحَقِّ إِذْ قَرَّبَا قُرْبَاناً فَتُقُبِّلَ مِن أَحَدِهِمَا وَلَمْ يُتَقَبَّلْ مِنَ الآخَرِ

قَالَ لَأَقْتُلَنَّكَ قَالَ إِنَّمَا يَتَقَبَّلُ اللَّهُ مِنَ الْمُتَّقِينَ. لَئِن بَسَطتَ إِلَيَّ يَدَكَ لِتَقْتُلَنِي مَا أَنَاْ بِبَاسِطٍ يَدِيَ إِلَيْكَ لَأَقْتُلَكَ إِنِّي أَخَافُ اللَّهَ رَبَّ الْعَالَمِينَ» (المائدة: ٢٧-٢٨). «بەسەرهات و هەواڵی دوو کوڕەکەی ئادەم بۆ ئەو خەڵکە بخوێنەرەوە، کە بەڕاستی ڕوویداوە، ئەوە بوو کاتێك هەردووکیان قوربانییان کرد، لە یەکێکیان وەرگیرا (کە لەسەر حەق بوو، لە خوا ترس بوو)، لەوی تریشیان وەرنەگیرا (چونکە رق ئەستوور و حەسوود و خوانەناس بوو)، بە براکەی وت: هەر دەتکوژم، ئەویش لە وەڵامی هەڕەشەکەیدا وتی: خوای گەورە تەنها لە پارێزکاران قوربانی و چاکە وەردەگرێت. سوێند بە خوا ئەگەر تۆ دەست درێژ بکەیت بۆ من تا بمکوژیت، من دەست درێژ ناکەم بۆ تۆ کە بتکوژم، چونکە بەڕاستی من لەسزاو تۆڵەی خوا؛ پەروەردگاری جیهانییەکان دەترسم». هابیل ویستی براکەی ئاگادارکاتەوە کە تاوانی براکوژی ئاگرە، بۆیە پێی وت: «إِنِّي أُرِيدُ أَن تَبُوءَ بِإِثْمِي وَإِثْمِكَ فَتَكُونَ مِنْ أَصْحَابِ النَّارِ وَذَلِكَ جَزَاءُ الظَّالِمِينَ» (المائدة: ٢٩). «(من بەو دەستدرێژنەکردنەم) بەڕاستی دەمەوێت بەگوناهی من و گوناهی خۆیشتەوە بگەڕێیتەوە، ئەوجا دەبیتە نیشتەجێی ناو ئاگر، هەر ئەوەشە پاداشتی ستەمکاران». ئەمەش بەڵگەیە لە سەر ئەوەی کە ئادەم پێغەمبەر بووە ، منداڵەکانی بەرە و دین بانگ کردووە و ڕۆژی کۆتایی و بەهەشت و دۆزەخی پێناساندوون و بەرهەڵستی ستەمی لێکردوون.

ئادەم لایەنگریی یەکێك لە کوڕەکانی لە شەیتان بینی، یەکەم تاوانی کوشتن لە زەویدا روویدا، خراپەکارێك برا خاوێنەکەی کوشت! بووە یەکەم ئەنجامدەری تاوانی کوشتن لە ناو مرۆڤدا، پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دەفەرموێت: (لَا تُقْتَلُ نَفْسٌ ظُلْمًا إِلَّا

كَانَ عَلَى ابْنِ آدَمَ الْأَوَّلِ كِفْلٌ مِنْ دَمِهَا ؛ لِأَنَّهُ أَوَّلُ مَنْ سَنَّ الْقَتْلَ)[1]. واتە: هیچ کەسێك بە ستەم ناکوژرێت؛ مەگەر پشکێك لە تاوانەکەی لە سەر کوڕە گەورەکەی ئادەمە، چونکە ئەو بوو یەکەم جار یاسای کوشتنی دامەزراند.

بەڵام ئەمە نەفسی مرۆڤە، کاتێك سەرکەش دەبێت تەنها لە بیری ئارەزووی خۆیدایە و، کە شەیتانی دوژمنیش زاڵ بوو بەسەریدا؛ هەموو سنوورێك پێشێل دەکات: «فَطَوَّعَتْ لَهُ نَفْسُهُ قَتْلَ أَخِيهِ فَقَتَلَهُ فَأَصْبَحَ مِنَ الْخَاسِرِينَ» (المائدة: ٣٠). «سەرەنجام نەفسی سەرکەشی هانیدا و کوشتنی براکەی لا سادە و ئاسان کرد و کوشتی، ئیتر خۆی خستە ریزی خەسارەتمەند و زەرەرمەندانەوە».

## یەکەم تاوانی سەر زەوی:

قابیل هابیلی کوشت و لای براکەی -کە خەڵتانی خوێن بووە- دانیشت، ئەگەر باوکی دەربارەی پرسیاری کرد چی پێ بڵێت؟ ئەوان پێکەوە هاتنە دەرەوە، ئێستا چۆن بە تەنها بگەڕێتەوە؟ ئەگەریش نکوولی لێبکات ئەی باشە تەرمەکەی چۆن بشارێتەوە و بۆ کوێی ببات؟ ئاخر ئەمە یەکەم مردووی سەر زەوی بوو، بە خاکسپاردنی مردوو باو نەبوو. تەرمی براکەی نایە کۆڵ و دەخولایەوە. پاکی و بێگەردی بۆ خوا، کە دەرهەق بە مرۆڤ لە خۆیشی میهرەبانترە، بۆیە بەزەیی بە قابیلدا هات و لەو کاتەدا کە ئەو سەری سووڕ مابوو دوو قەلەڕەشی نارد، بوو بە شەڕیان و یەکیان ئەوی تری کوشت، پاشان قەلەڕەشەکە چاڵێکی لە زەویدا کەند و قەلەڕەشەکەی تری تێخست و خۆڵی کرد بە

[1] نووسەری بەڕێز نوسیویەتی بخاري (٣١٥٧)، فەرمووده‌کە وا لە (بوخاری : ٣٣٣٥).

سەریدا، ئیتر ئاوا فێری کرد ئەویش چی بکات لە تەرمی براکەی.

قابیل زۆر پەشیمان بوو: «قَالَ يَا وَيْلَتَا أَعَجَزْتُ أَنْ أَكُونَ مِثْلَ هَذَا الْغُرَابِ فَأُوَارِيَ سَوْءَةَ أَخِي فَأَصْبَحَ مِنَ النَّادِمِينَ» (المائدة: ٣١). «وتی: هاوار لە من، ئایا ئەوە من نەمتوانی وەکوو ئەو قەلەڕەشە بکەم و بەقەدەر ئەوم لێنەهات؛ تا لاشەی براکەم بشارمەوە، ئیتر بۆ هەمیشە چووە ریزی پەشیمانانەوە». بۆیە چاڵێکی لە زەویدا کەند و براکەی ناشت، لە کاتێکدا بە پەشیمانییەوە دەگریا. یەکێك لە منداڵەکانی ئادەم تیاچوو، یەکێکیشیان شەیتان لە خشتەی برد، ئادەمیش بە هۆی ئەم زیانەوە زۆر خەفەتبار بوو: کوڕێکی مردووە و کوڕێکی تری بووەتە شوێنکەوتووی شەیتان. ئادەم گەڕایەوە بۆ ژیان، وەك مرۆڤێك کە هەوڵی دەدا، وەك پێغەمبەرێك کە ئامۆژگاری ڕۆڵە و نەوەکانی دەکرد: (عن أبي ذرٍّ، قال: قلتُ: يا رسولَ اللهِ ! أيُّ الأنبياءِ كان أولُ؟ ! قال: آدمُ، قلتُ: يا رسولَ اللهِ ! ونبيٌّ كان؟ ! قال: نعم نبيٌّ مُكلَّمٌ، قلتُ: يا رسولَ اللهِ: كم المرسلونَ؟ ! قال: ثلاثُ مئةٍ وبضعةَ عشرَ؛ جمًّا غفيرًا)[١]. واتە: ئەبووزەر دەڵێت: لە پێغەمبەرم (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) پرسی: یەکەم پێغەمبەر کێ بووە؟ فەرمووی ئادەم. وتم: جا ئەو پێغەمبەر بوو؟ فەرمووی: بەڵێ پێغەمبەرێك کە وەحیی بۆ دەهات. ڕۆژی جومعە ڕۆژێکی گرنگ بوو لە ژیانی ئادەمدا، لەو ڕۆژەدا خوڵقێندراو لەودا هاتە بەهەشتەوە و لەودا لێی هاتە دەرەوە و هەر لەو ڕۆژەشدا کۆچی دوایی کرد، پێغەمبەر (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دەفەرموێت: (قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ): خَيْرُ يَوْمٍ طَلَعَتْ عَلَيْهِ الشَّمْسُ يَوْمُ الْجُمُعَةِ ؛ فِيهِ خُلِقَ آدَمُ، وَفِيهِ

[١] نووسەری بەڕێز نووسیویەتی: صحيح مشكاة المصابيح: (٥٧٣٧)، فەرموودەکە وا لە (صحيح مشكاة المصابيح: ٥٦٦٩).

أُدْخِلَ الْجَنَّةَ، وَفِيهِ أُخْرِجَ مِنْهَا)[1] واته: له گەورە و مەزنترین رۆژەکانتان رۆژی هەینییە، لەو رۆژەدا ئادەم خوڵقێندرا و هێنرایە بەهەشتەوە و لێی دەرکرا و لەو رۆژەیشدا مرد.

## کۆچی دوایی ئادەم:

کاتێك وادەی مردنی سەیدنا ئادەم گەیشت؛ بانگی شیسی کوڕی کرد و ئەو زانست و پەرستشانەی کە دەیزانی فێر کرد تاوەکو شیس درێژە بدات بە پێغەمبەرایەتییەکەی ئادەم. ئادەم کۆچی دوایی کرد، تا لە پاش گەیاندنی بانگەوازەکە بچێتە خزمەت پەروەردگاری، لە پاش ئەوەش کە منداڵەکانی بە هەموو زەویدا بڵاو ببوونەوە تا ئاوەدانی کەنەوە. کاتێك ئادەم کۆچی دوایی کرد، کاروبار کەوتە دەست شیسی کوڕی و ئەویش پێغەمبەر بوو، واتای ناوەکەشی: بەخششی خوایە. بۆیە ئەم ناوەیان لێنا، چونکە لە پاش کوژرانی هابیل خوا پێی بەخشین.

رۆژەکان تێپەڕ بوون، ساتەکان بە دوای یەکدا هاتن و رووداوەکان درێژەیان بوو، تا خوا پێغەمبەر ئیدریسی رەوانە کرد.

## لە سوودەکانی بەسەرهاتەکە:

١- شەیتان وازت لێناهێنێت و هەوڵ دەدات لەگەڵ براکانت بەشەڕتان بدات، بۆیە

---

[1] نووسەری بەڕێز نوسیویەتی (صحيح أبي داوود: ١٠٧٤)، بەڵام ئێمە بەو لەفزە نەماندۆزییەوە، فەرموودەی هاوشێوەی زۆرن، ئیمامی موسلیم ئەو فەرموودەیەی سەرەوەی نەقڵ کردووە بە ژمارە (٨٥٤).

شوێنی مەکەوە و خۆشەویستیی بۆ براکانت دەربڕە.

٢- تەماح و بەخیلی و خۆبەزلزانی؛ خراپەیەکن مرۆڤ تووشیان بووە و ڕێگای هەموو خراپەکانی تریشن.

٣- خوا میهرەبـان و گەورەو بەبەزەییـە، بەنـدەکەی فەرامۆش نـاکات و دەری ناکات ئەگەرچی تاوانباریش بێت، ئاخر خوا زۆر خۆڕاگرە، بۆیە سوپاسی پەروەردگارت بکە کە ڕێنمایی کردووی بۆ ئیسلام و نافەرمانیی مەکە.

# ئیدریس

«وَاذْكُرْ فِي الْكِتَابِ إِدْرِيسَ إِنَّهُ كَانَ صِدِّيقاً نَّبِيّاً. وَرَفَعْنَاهُ مَكَاناً عَلِيّاً»

ئیدریس یەکێکە لەو پێغەمبەرە بەڕێزانەی کە خوا لە قورئاندا باسی کردووە و بڕواهێنانی تایبەت بە پێغەمبەرایەتییەکەی فەرزە، چونکە قورئان ناوی هێناوە و باسی پێغەمبەرایەتی و راستگۆییەکەی کردووە. ئیدریس پێغەمبەرێکی راستگۆو لە خۆڕاگران بوو. بە پێی زانستی ئێمە لە قورئان؛ ئیدریس یەکەمین پێغەمبەرە لە پاش ئادەم لە زەویدا، باوکی باپیرەی سەیدنا نووحە، سی لاپەڕەی بۆ دابەزی و هەزار کەس بڕوایان پێهێنا، یەکەمین کەسیشە بە قەڵەم نووسیویەتی و، یەکەم کەسیشە جلی دووریوە و، یەکەم کەسیشە زانستی ئەستێرەناسیی هەبووە، بۆیە پێیشی وتراوە ئیدریس، چونکە بەردەوام مودارەسەی لاپەڕەکانی ئادەمی دەکرد.

سێسەد و هەشت ساڵی تەمەنی ئیدریس هاوکات بوو لەگەڵ ژیانی ئادەم، ئاخر ئادەم (علیه السلام) نزیکەی هەزار ساڵ لە ژیاندا بوو. ئیدریس لە بابل لە دایکبوو، لە سەرەتای ژیانیدا زانستی شیسی کوڕی ئادەمی وەرگرت، کاتێکیش گەورە بوو خوای گەورە کردییە پێغەمبەر، بۆیە بەرهەڵستی خراپەکانی کرد و ژمارەیەکی کەم گوێڕایەڵی بوون، کۆمەڵێکی زۆریش دژایەتییان کرد. ئیتر بەڵێنی کۆچی دا و فەرمانی بە شوێنکەوتووانیشی دا کۆچ بکەن، بۆیە کۆچیان کرد بۆ میسر و لەوێ بانگەشەی خەڵکی بەرەو خوا و رەوشتە بەرزەکان کرد، داوای لە خەڵك کرد بەرە و دینی خوا و پەرستش و رزگاری لە سزای رۆژی دوایی لە رێگەی چاکەکاری لە دنیادا بێن،

خەڵکی هاندا بەرە و پارێزگاری، فەرمانی نوێژ و ڕۆژوو زەکاتی پێدان، جەختی کردە سەر خۆپاککردنەوە لە جەنابەت و، هەموو جۆرە سەرخۆشکەر و ئارەقێکیشی لێ قەدەغە کردن.

سەیدنا ئیدریس یەکەم کەسە زانستی سیاسەتی شارستانییەتی فێری خەڵکی کرد، ڕێسای ئاوەدانکردنەوەی شارەکانی بۆ هۆزەکەی دامەزراند، ئیتر هەر دەستەیەك لە وڵاتەکەیدا شارێکیان بینا کرد و هەر لە کاتی ژیانیدا سەد و هەشتا شاریان درووستکرد. ئیدریس بە پەند و ئامۆژگاریش ناوی دەر کردووە، لە پەندەکانیشی ئەمانەن:

* «چاکەی دنیا دەبێتە هۆی ئاخ هەڵکێشان و؛ خراپەی دەبێتە هۆی پەشیمانی».

* « خۆشبەخت ئەو کەسەیە سەیری خۆی دەکات و، ئەوەی لای پەروەردگاری تکای بۆ دەکات کردارە چاکەکانین».

* « پشوودرێژی لەگەڵ باوەڕ مایەی سەرفرازین».

هەموو ڕۆژێك نامەی کرداری هەموو خەڵکی ئەو کاتە دەهاتە لای سەیدنا ئیدریس، بۆیە پلەی زۆر بەرز بوو، پاشان کۆچی دوایی کرد، خواش بەرزی کردەوە بۆ مەقامێکی بڵند لە ئاسمانی چوارەم؛ وەکوو پێغەمبەر (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) لە شەوی میعراجدا بینیی.

## لە سوودەکانی ئەم بەسەرهاتە:

١- پلەی بەرز بۆ ئەو کەسەیە زیاتر پەرستشی خوا بکات و چاکتر زانستی بە خوا

بێـت، کـە واتـە ئەگەر پلەی بەرزی بەهەشـــتت دەوێ؛ با لەم دنیادا کردارە بەرزەکان بکەیتە پیشە.

٢- زانســـت میراتی پێغەمبەرانە و هەر زانایەکیش پێویســـتی بە رەگ و ریشـــەیە، کە زانســـتەکەی پێ پاراو بکات و، پلەی فێرخواز لە پلەی مامۆســـتاکەیەوە دێت، بۆیە لە گەورە و راستگۆکان نزیك بەوە، تا گەورە و راستگۆ بیت.

٣- کۆچکردن بۆ راگەیاندنی بانگەواز و بڵاوکردنەوەی رێنموونی؛ سوننەتێکە نابڕێتەوە.

٤- زانســـت هۆی دانـایی و راســـتڕەوییـە و خۆشـــبەختی دوو دنیـا بۆ خاوەنەکەی بەدەستدێنێ.

# نووح

« إِنَّهُ كَانَ عَبْداً شَكُوراً »

## سەرەتای لاڕێیی:

لـە پـاش کۆچی دوایی پێغەمبەر ئیـدریس ماوەیەك -کە خوا دەزانێت چەندە تێپەڕی- خەڵك هەر لە ســەر یەکخواپەرســتی بوون، ئەگەرچی بە هۆی شــەیتانەوە تاوان بڵاو ببووەوە. پــاشــان کـات تێپەڕی تـا خەڵك دەســتی کردە بتپەرســتی. لەگەڵم وەرە تا بەسەرهاتی بت و پەیکەرەکان هەر لە سەرەتاوە فێر بیت، بزانیت چۆن خەڵك ئەم بت و بەردانەیان دەپەرست!

نووح زیـاتر لـە هەزار ســـاڵ دوای ئـادەم لـە دایـك بوو، پێغەمبەر (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دەفەرموێت: (كان بين آدمَ ونوحٍ عشرةُ قرونٍ، وبين نوحٍ وإبراهيمَ عشرةُ قرونٍ)[١]. واتە: لە نێوان ئادەم و نووحدا دە سەدە مەودا بوو، هەموویان موسوڵمان بوون. نووح یەکەم ڕەسولە بۆ لای خەڵکی سەر زەوی، یەکێکە لە پێغەمبەرانی ئولولعەزمە.

بەر لەوەی نووح لـە دایك بێت پێنج پیاوچاك لە باپیرەکانی دەژیان، کە ناویان وەدد و سوواع و یەغووس و یەعووق و نەسر بوو. ئەم پیاوچاکانە دینی ڕاستی خوایان فێری خەڵك دەکرد و هانیان دەدان بۆ خواپەرستی، یارمەتی هەژاران و دەسکورتانیان دەدا؛

[١] نووسەری بەڕێز فەرموودەکەی بە زیادەی (كلهم على الاسلام) هێناوە، بەڵام ئێمە ئەوەمان نەدۆزییەوە. بەهەمان سەنەد بەم جۆرە نەقڵ کراوە کە لە سەرەوەدا هاتووە. (السلسلة الصحيحة: ٣٢٨٩).

بۆیە هۆزەکانیان خۆشیان دەویستن و کاتی مردنیان زۆر خەمبار بوون. لە پاش مردنیان خەڵك کۆمەڵە پەیکەرێکیان بۆ درووستکردن تا لە یادیان بن. کات تێپەڕی و پەیکەرسازەکان مردن و منداڵەکانیان هاتن و پاشان منداڵی منداڵەکانیان. ئیتر بەسەرهات و ئەفسانەی خەیاڵی دەربارەی پەیکەرەکان درووستکرا، شەیتانیش هەلی بۆ رەخسا، بۆیە وای بە خەڵك پیشاندا کە بەڵێ ئەم پەیکەرانە خوان و خاوەنی سوود و زیانن، ئیتر خەڵکیش فریوی ئەویان خوارد و دەستیان کرد بە پەرستنیان. لێرەدا پێغەمبەران دەنێردرێن و خوای گەورە لە سەر یەکخواپەرستییەکەی دێتە جواب و، توورە دەبێت کاتێك غەیری ئەو دەپەرسترێت.

## نووح و بانگەواز بۆ یەکخواپەرستی:

نووح لە نێوان ئەم هۆزەدا دەژیا و بە پێوەری راستەقینەی گەورەییش؛ گەورەترین مرۆڤی ئەو سەردەمە بوو، ئەگەرچی پادشا و سەرۆك و دەوڵەمەندترینیان نەبوو، بەڵام خۆ گەورەیی بەمانە نییە وەکوو هەندێك وا دەزانن، بەڵکوو گەورەیی لە پاکی و خاوێنیی دڵ و سینە و لەخواترسی و بەهای ئەو بیر و فکرانەدایە کە هزر و هۆش هەڵیگرتووە، هەروەها هێزی ئەم هزر و هۆش و ژیرییە لە سەر گۆڕینی ژیانی دەوروبەری، کە نووح هەموو ئەمانەی هەبوو. نووح بەر لە پێغەمبەرایەتییەکەی، هەر بە سروشتی خۆی بڕوای بە خوا بوو، وەك هەموو پێغەمبەرانی تر پێش پێغەمبەرایەتییان. هۆیەکی تری گەورەیی نووح ئەمە بوو: «إِنَّهُ كَانَ عَبْداً شَكُوراً» (الإسراء: ٣). «بەڕاستی (نووح) بەندەیەکی زۆر سوپاسگوزار بوو».

خوای گەورە بەندە سوپاسگوزارەکەی هەڵبژارد و وەك پێغەمبەرێك ناردیە لای هۆزەکەی، ئەویش دەستی بە بانگەوازەکەی کرد: «يَا قَوْمِ اعْبُدُواْ اللَّهَ مَا لَكُم مِّنْ إِلَهٍ غَيْرُهُ إِنِّيَ أَخَافُ عَلَيْكُمْ عَذَابَ يَوْمٍ عَظِيمٍ» (الأعراف: ٥٩). «ئەی گەل و هۆزم ئێوە هەر خوا بپەرستن، چونکە جگە لەو زاتە خوایەکی ترتان نییە، بەڕاستی من دەترسم لە رۆژێکی گەورەدا تووشی بەڵاو سزایەکی زۆر سەخت ببن». ئا بەم رستە کورتە نووح هۆزەکەی رووەوڕووی راستی و ئولوهییەت و زیندووبوونەوە کرد، خوایەکی خوڵقێنەر هەیە کە تەنها ئەو شایانی پەرستنشە و مردن لە رێگەدایە و پاشان زیندووبوونەوە و قیامەت، ئەو رۆژە گەورە کە سزایەکی گەورەشی تێدایە.

نووح بۆ هۆزەکەی روون کردەوە؛ نامومکینە خوایەك ببێت جگە لە خوای خوڵقێنەر. فێری کردن کە شەیتان ماوەیەکی زۆرە لە خشتەی بردوون و کاتی کۆتایی ئەم فێڵەیە. نووح باسی رێزگرتنی خوا لە مرۆڤی بۆ کردن، چۆن درووستیکردووە و رزقی داوە و ژیریی پێ بەخشیوە، بۆیە پەرستنی بتەکان تەنها ستەمێکە کە ئەقڵ و ژیری دەخنکێنێت و، بەسەرهاتی ئەم پەیکەرانەیشی بۆ باس کردن.

## ململانێی نێوان حەق و باتڵ:

هۆزی نووح لە پاش بانگەوازەکەی بوونە دوو دەستە؛ بانگەوازەکە چووە دڵی هەزاران و دەستکورتانەوە، کەچی دەوڵەمەند و زلهێزەکان بە دوودڵییەوە تێیانڕوانی، چونکە کەڵکی خۆیان لە مانەوەی دۆخەکە -هەر بەو شێوازەی کە هەبوو- دەبینی، ئیتر دەستیان کردە شەڕ و ئاژاوە دژی نووح. سەرەتا نووحیان تۆمەتبار کرد کە مرۆڤێکە

هەر وەك ئەوان: «فَقَالَ الْمَلأُ الَّذِينَ كَفَرُواْ مِن قِوْمِهِ مَا نَرَاكَ إِلاَّ بَشَراً مِّثْلَنَا» (هود: ٢٧). « جا ئەو دەستە دەسەڵاتدارەی کە بێباوەڕ بوون لە هۆزی نووح، وتیان: ئێمە تۆ تەنها وەك یەکێك لە خۆمان دەبینین». ئەگەرچی نووح جگە لەمەشـــی نەوتبوو جەختی لەوە کردبووەوە؛ کـە ئەویش تەنهـا مرۆڤێکـە و خوا بۆ ســـەر زەوی تەنهـا نێردراوێك "لە مرۆڤەکان" دەنێرێت، چونکە لە زەویدا مرۆڤ دەژین، ئەگەر فریشتەی لێ بژیابا؛ خوا فریشـتەی وەك پێغەمبەر بۆ دەناردن: «قُل لَّوْ كَانَ فِي الأَرْضِ مَلآئِكَةٌ يَمْشُونَ مُطْمَئِنِّينَ لَنَزَّلْنَا عَلَيْهِم مِّنَ السَّمَاءِ مَلَكاً رَّسُولاً» (الإسراء: ٩٥). «پێیان بڵێ: ئەگەر لەسەر زەویدا فریشـــتە هەبوونایە و بەدڵنیاییەوە هاتوچۆیان بکردایە و ژیانیان ببردایەتە ســـەر، ئەوە ئێمە هەر لە ئاســـمانەوە فریشـــتەیەکمان دادەبەزاندە ســـەریان کە پێغەمبەر و پەیامبەر بێت بۆیان (چونکە پەیامبەر دەبێت لە جۆری خۆیان بێت)».

ئیتر وا دەبینی لەگەڵ هەموو پێغەمبەران ڕەخنـە لـە کەســـایەتیی پێغەمبەرەکە دەگرن، ئەمەش فێڵێکـە بۆ ڕاکردن لە هەق و ڕاســـتی، لە کاتێکدا هیچ پێغەمبەرێك داوای لە خەڵـك نەکردووە خۆی بپەرســـتن، بەڵکوو دەیـانوت: ئێمـە مرۆڤ و پێغەمبەر و ڕاگەیەنەرین. شـــەڕی نێوان نووح و کافرەکان درێژەی کێشـــا، ســـەرەتا پێیان وابوو بـانگەوازەکەی نووح خێرا دەکوژێتەوە، بەڵام کـە بینییـان هەژاران و چەوســـاوەکـان ڕادەکێشێت، کە بەردەوام ملکەچی پێغەمبەران بوون. ئیتر لەم ڕوانگەوە هێرشیان کردە ســـەر نووح و پێیان دەوت: تەنها هەژار و لاوازەکان گوێڕایەڵتن: «وَمَا نَرَاكَ اتَّبَعَكَ إِلاَّ الَّذِينَ هُمْ أَرَاذِلُنَا بَادِيَ الرَّأْيِ وَمَا نَرَى لَكُمْ عَلَيْنَا مِن فَضْـــلٍ بَلْ نَظُنُّكُمْ كَاذِبِينَ» (هود: ٢٧). «نابینین ئەوانەی شوێنی تۆ کەوتوون "جگە لەوانەی کە هەژار و داماوەکانمانن و دووربین نین و ژیریان کەمە و سـادەن،" هەروەها نابینین ئێوە هیچ شتێکی زیاترتان

بەسەر ئێمەدا هەبێت، بەڵکووو ئێمە وا گومان دەبەین ئێوە درۆزنن».

ئیتر ئاوا ئاگری شـــەڕ لە نێوان نووح و ســـەرانی هۆزەکەی هەڵگیرســـا و کافرەکان ویســـتیـان مامەڵەیەکی لەگەڵ بکەن، بۆیە بە نووحیان وت: ئەگەر دەتەوێ بڕوات پێ بهێنین، ئەوە ئەمانەی دەوروبەرت دەرکە، چونکە لاواز و هەژارن، ئێمەش ســەرۆکی هۆز و دەوڵەمەندین و لەگەڵ ئەمانە نامانکرێت. نووح قســـەی کافرەکانی بیســـت و زانیی ئەمانە دوژمنکارن، بەڵام لەگەڵ ئەمەشا زۆر بە جوانی وەڵامی دانەوە کە ئەو لە ســـەر هەق و راســـتییەکـە ئەوان نـایزانن و، لـە ســـەر بانگەوازەکەش داوای هیچ پاداشتێکیان لێناکات، ناشتوانێت لاوازەکان دەر کات چونکە ئەوان لە ئەسڵدا میوانی خوان نەك میوانی ئەو: «قَـالَ يَا قَوْمِ أَرَأَيْتُمْ إِن كُنتُ عَلَى بَيِّنَةٍ مِّن رَّبِّيَ وَآتَانِي رَحْمَةً مِّنْ عِنـدِهِ فَعُمِّيَـتْ عَلَيْكُمْ أَنُلْزِمُكُمُوهَا وَأَنتُمْ لَهَا كَارِهُونَ. وَيَا قَوْمِ لا أَسْـأَلُكُمْ عَلَيْهِ مَالاً إِنْ أَجْرِيَ إِلاَّ عَلَى اللّـهِ وَمَـا أَنَـاْ بِطَـارِدِ الَّـذِينَ آمَنُواْ إِنَّهُم مُّلاَقُو رَبِّهِمْ وَلَكِنِّيَ أَرَاكُمْ قَوْمـاً تَجْهَلُونَ. وَيَا قَوْمِ مَن يَنصُـرُنِي مِنَ اللّهِ إِن طَرَدتُّهُمْ أَفَلاَ تَذَكَّرُونَ. وَلاَ أَقُولُ لَكُمْ عِندِي خَزَآئِنُ اللّـهِ وَلاَ أَعْلَمُ الْغَيْـبَ وَلاَ أَقُولُ إِنِّي مَلَـكٌ وَلاَ أَقُولُ لِلَّـذِينَ تَزْدَرِي أَعْيُنُكُمْ لَن يُؤْتِيَهُمُ اللّهُ خَيْراً اللّهُ أَعْلَمُ بِمَا فِي أَنفُسِـهِمْ إِنِّي إِذاً لَّمِنَ الظَّالِمِينَ» (هود: ٢٨-٣١). «نوح وتی: ئەی خزمەکانم هەواڵم بدەنێ: ئەگەر من لەسەر ڕێگە و بەرنامەیەکی راست و درووســت بم لەلایەن پەروەردگارمەوە و خێر و چاکە و بەزەیی خۆی پێ بەخشـیبم لەلایەن خۆیەوە، ئینجـا ئەمـانە لە ئێوە شـــاراوەتەوە و نـایبینن؟! ئایا بەزۆر ئیمان لە دڵتـانـدا درووســـتبکەین و بتانخەینە ســـەر ئەم ڕێگەیە، لەکاتێکدا ئێوە لێی بێزارن و خوازیاری نین؟ ئەی خزمەکانم؛ (خۆ من) لە بری ئەم بانگەوازو ئامۆژگاریانەم داوای هیچ ماڵ و داراییتان لێناکەم، کرێ و پاداشـــتم تەنها لای خوایە، من هەرگیز ئەوانەی

بڕوایـان هێناوە لە خۆم دوورناخەمەوە و دەریان ناکەم، چونکە بێگومان ئەوان ئەگەن بەخوای خۆیان، حیسـابیان لای خوایە، بەڵام بەڕاستی من ئێوە ئەبینم هۆزێکن خۆتان گێـل و نەفـام دەکەن. ئەی خزمەکـانم؛ کێ ئەتوانێـت یارمەتیم بدات بەرامبەر خوای گەورە (لە سزای خوا بمپارێزێت) ئەگەر ئەو ئیماندار و دۆستانەی خوا دەربکەم و لە خۆمیـان دوور بخەمەوە، ئـایـا بیرناکەناوە؟ خۆ من پێتان ناڵێم گەنجینەکانی خوا لای منە و من شـتی نادیار و غەیبیش نازانم، ناشڵێم بەڕاستی من فریشتەم، هەروەها ناڵێم بەو ئیماندارانەی لەبەر چاوی ئێوە کەمنرخن، خوای گەورە هەرگیز خێریان بەسـەردا نـارژێنێـت، خوا خۆی ئـاگـادارە بەوەی لە دەروونیـانـدا هەیە، بێگومان من ئەو کاتە (ئەگەر وابکەم) لە ستەمکارانم».

زلهێزەکـان لـە کێشــە لەگەڵ نووحدا ماندوو بوون: «قَالُواْ يَا نُوحُ قَدْ جَادَلْتَنَا فَأَكْثَرْتَ جِدَالَنَا فَأْتِنَا بِمَا تَعِدُنَا إِن كُنتَ مِنَ الصَّـادِقِينَ. قَالَ إِنَّمَا يَأْتِيكُم بِهِ اللّهُ إِن شَـاءَ وَمَا أَنتُم بِمُعْجِزِينَ. وَلاَ يَنفَعُكُمْ نُصْـحِي إِنْ أَرَدتُّ أَنْ أَنصَحَ لَكُمْ إِن كَانَ اللّهُ يُرِيدُ أَن يُغْوِيَكُمْ هُوَ رَبُّكُمْ وَإِلَيْهِ تُرْجَعُونَ» (هود: ٣٢-٣٤). « (خەڵکەکە) وتیان: ئەی نووح بەڕاســتی زۆر لەسەری چوویت و زیاد لە پێویست بەربەرەکانێ و شەڕە قسەت لەگەڵدا کردین، دەی ئەو ســزایەمـان بۆ بهێنە کە هەڕەشــەی پێـدەکەیت و هەمیشــە باســی دەکەیت و دەمانترســێنی پێی، ئەگەر تۆ لە راســتگۆیانیت. نووح لە وەڵامدا وتی: ئەوە بەدەســت خوایە و بەڕاستی تەنها ئەو بۆتان پێش دەهێنێت ئەگەر بیەوێت، ئێوە دەستەوسانکەری خوا نین. (وادیارە) ئامۆژگاری و دڵسـۆزیم سوودتان پێناگەیەنێت، ئەگەرچی بمەوێت بەردەوامیش بم لەســەر ئامۆژگاریتان، ئەگەر خوا بیەوێت ســەرگەردانتان بکات ئەوە ئەو زاتە پەروەردگارتانە و هەر بۆ لای ئەویش دەبرێنەوە».

ململانێ و پێکادانەکە درێژەی بوو، تا هەموو بەڵگەی کافرەکان بووە بڵقی سەر ئاو، بۆیە ئیتر دەسیان کردە جنێودان: «قَالَ الْمَلأُ من قَوْمِهِ إِنَّا لَنَرَاكَ فِي ضَلاَلٍ مُّبِين» (الأعراف: ٦٠). « دەستەی دەسەڵاتداری هۆزەکەی وتیان: بەڕاستی ئێمە تۆ لەنێو گومڕاییەکی ئاشکرادا دەبینین!!».

## خۆڕاگری و پشوودرێژی و ڕەوشتبەرزی:

نووح بە ئەدەب و ڕەوشتی بەرزی پێغەمبەران وەڵامی دانەوە: «قَالَ يَا قَوْمِ لَيْسَ بِي ضَلاَلَةٌ وَلَكِنِّي رَسُولٌ مِّن رَّبِّ الْعَالَمِينَ. أُبَلِّغُكُمْ رِسَالاَتِ رَبِّي وَأَنصَحُ لَكُمْ وَأَعْلَمُ مِنَ اللّهِ مَا لاَ تَعْلَمُونَ» (الأعراف: ٦١-٦٢). «نووح وتی: ئەی قەوم و هۆزم من هیچ گومڕاییەکم نییە بەڵکوو من پێغەمبەرێکم و لە لایەن پەروەردگاری جیهانیانەوە ڕەوانەکراوم. پەیامەکانی پەروەردگارمتان پێ رادەگەیەنم، من دڵسۆزیتان لەگەڵ دەکەم، ئەوەی من دەیزانم دەربارەی گەورەیی و باڵادەستی خوا ئێوە نایزانن». فەرمووی: من دەزانم قازانجی ئێوە لە چیدایە و چی سوودتان پێدەگەیەنێت، بۆیە گوێڕایەڵی من بن با سەرکەوتوو و رزگار بن.

نووح بەردەوام بوو لە بانگەوازی هۆزەکەی، سات لە دوای سات و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ و ساڵ لە دوای ساڵ. هەروا بەردەوام بانگی دەکردن و ئایەتەکانی خوای بۆ لێکدەدانەوە و باسی توانای خوای بۆ دەکردن، کە چی ئەوان هەموو جارێك لە وەڵامدا یان رایاندەکرد یان پەنجەیان توند دەخنییە گوێچکەیان! خوای گەورە دەفەرموێت: « قَالَ رَبِّ إِنِّي دَعَوْتُ قَوْمِي لَيْلاً وَنَهَاراً. فَلَمْ يَزِدْهُمْ دُعَائِي إِلَّا فِرَاراً. وَإِنِّي

كُلَّمَا دَعَوْتُهُمْ لِتَغْفِرَ لَهُمْ جَعَلُوا أَصَابِعَهُمْ فِي آذَانِهِمْ وَاسْتَغْشَوْا ثِيَابَهُمْ وَأَصَرُّوا وَاسْتَكْبَرُوا اسْتِكْبَاراً. ثُمَّ إِنِّي دَعَوْتُهُمْ جِهَاراً. ثُمَّ إِنِّي أَعْلَنتُ لَهُمْ وَأَسْرَرْتُ لَهُمْ إِسْرَاراً. فَقُلْتُ اسْتَغْفِرُوا رَبَّكُمْ إِنَّهُ كَانَ غَفَّاراً. يُرْسِلِ السَّمَاءَ عَلَيْكُم مِّدْرَاراً. وَيُمْدِدْكُمْ بِأَمْوَالٍ وَبَنِينَ وَيَجْعَل لَّكُمْ جَنَّاتٍ وَيَجْعَل لَّكُمْ أَنْهَاراً» (نوح: ٥-١٢). «دوای سەدەها ساڵ بانگەواز؛ نووح سکاڵای کرد و وتی: پەروەردگارا من بە شەوو بە رۆژ بانگی قەوم و گەلەکەمم کرد. کەچی بانگەوازەکەی من هیچی زیاد نەکردن تەنها راکردنیان نەبێت. بەڕاستی من هەموو جارێك کە بانگم دەکردن تا لێیان خۆش ببیت؛ پەنجەیان دەخستە گوێچکەیانەوە تا نەبیستن، جلەکانیان بەسەر خۆیاندا دەدا تا نەمبینن، زۆر گەرم بوون لەسەر بێباوەڕی و خۆیان بەزل دەزانی و لووت بەرز بوون. پاشان من بە ئاشکرا بانگم کردن و (وتارم بۆ دان). ئینجا من بەڕوونی و بێ پەردە هەموو شتێکم بۆ باس کردن، هەندێ جاریش بە نهێنی قسەم بۆ دەکردن (بۆ تاکەتاکە و خێزانەکانیان). بەردەوام پێم دەگوتن ئێوە داوای لێخۆشبوون لە پەروەردگارتان بکەن چونکە بەڕاستی ئەو زاتێکی لێخۆشبووە. بارانتان بە لێزمە و خوڕەم بۆ دەبارێنێت، ماڵ و سامان و نەوەتان پێ دەبەخشێت، هاوڕێ لەگەڵ باخ و باخاتدا، رووبارو چەم و جۆگەتان بۆ بەدیدەهێنێت». هەموو مژدە و ترساندنێکی دانێ، بەڵام دڵەکانیان ژەنگی هێنابوو، ئەقڵیشیان کەوتبووە تاریکی، بۆیە فامیان نەدەکرد:

«أَلَمْ تَرَوْا كَيْفَ خَلَقَ اللَّهُ سَبْعَ سَمَاوَاتٍ طِبَاقاً. وَجَعَلَ الْقَمَرَ فِيهِنَّ نُوراً وَجَعَلَ الشَّمْسَ سِرَاجاً . وَاللَّهُ أَنبَتَكُم مِّنَ الْأَرْضِ نَبَاتاً. ثُمَّ يُعِيدُكُمْ فِيهَا وَيُخْرِجُكُمْ إِخْرَاجاً. وَاللَّهُ جَعَلَ لَكُمُ الْأَرْضَ بِسَاطاً. لِتَسْلُكُوا مِنْهَا سُبُلاً فِجَاجاً» (نوح: ١٥-٢٠). «ئایا سەرنجتان نەداوە چۆن خوا حەوت چین ئاسمانی درووستکردووە؟! مانگی کردۆتە هۆی

ڕووناکی تیایاندا و خۆریشی داگیرساندووە. هەر خوا خۆی ئێوەی لە خاکی زەوی بەدیهێناوە و پێی گەیاندوون. پاشان دەتانمرێنێت و دەتانخاتەوە ناوی، هەرکاتیش بیەوێت دەرتاندەهێنێتەوە. هەر ئەو خوایە زەوی بۆ ڕاخستوون. تا (بە ئارەزووی خۆتان) پیایدا بگەڕێن لە ڕێگە فراوانەکاندا». ئیتر ئاوا داوای لێدەکردن سەیری ئاسمان و زەوی بکەن تا پەروەردگاری خوڵقێنەر بناسن، بەڵام ئەوان دەستیان لە بتپەرستی هەڵنەگرت.

## هەڵوێستی هۆزی نووح بەرانبەر بانگەوازەکەی:

وەڵامی هۆزەکەی لە دوای ئەم هەموو ئامۆژگاری و بانگەوازە چی بوو؟ «قَالَ نُوحٌ رَّبِّ إِنَّهُمْ عَصَوْنِي وَاتَّبَعُوا مَن لَّمْ يَزِدْهُ مَالُهُ وَوَلَدُهُ إِلَّا خَسَاراً. وَمَكَرُوا مَكْراً كُبَّاراً. وَقَالُوا لَا تَذَرُنَّ آلِهَتَكُمْ وَلَا تَذَرُنَّ وَدّاً وَلَا سُوَاعاً وَلَا يَغُوثَ وَيَعُوقَ وَنَسْراً. وَقَدْ أَضَلُّوا كَثِيراً وَلَا تَزِدِ الظَّالِمِينَ إِلَّا ضَلَالاً» (نوح: ٢١-٢٤). «سەرئەنجام نووح نائومێد بوو، بۆیە وتی: پەروەردگارا بەڕاستی ئەوان یاخی بوون لێم، شوێنی ئەو کەسانە کەوتن کە ماڵ و نەوەکانیان سوودی پێنەگەیاندن زیان نەبێت. خوانەناسان پیلانی گەورە و نەخشەی سامناکیان دارشت. وتیان: خەڵکینە نەکەن واز لە خواکانتان بهێنن!! نەکەن واز لە وەدد و سوواع و یەغووس و یەعووق و نەسر بهێنن. بێگومان ئەوانە زۆر کەسیان گومڕا کرد، پەروەردگارا، ئەم ستەمکارانە تەنها گومڕایی نەبێت هیچی تریان بۆ زیاد مەکە».

وەڵامی هۆزەکە فێڵ و ئازار و بەردەوامی لە سەر هاوبەشخوازی و بانگەواز و هاندان

بەرەو کوفر و شیرك بوو، نووحیش پشوودرێژانە نۆسەدوپەنجا ساڵ هۆزەکەی بەرەو خوا بانگەشە کرد: «وَلَقَدْ أَرْسَلْنَا نُوحاً إِلَى قَوْمِهِ فَلَبِثَ فِيهِمْ أَلْفَ سَنَةٍ إِلَّا خَمْسِينَ عَاماً فَأَخَذَهُمُ الطُّوفَانُ وَهُمْ ظَالِمُونَ» (العنكبوت: ١٤). «سوێند بە خوا ئێمە نووحمان ڕەوانە کرد بۆسەر قەوم و هۆزەکەی، هەزار ساڵ پەنجا کەم لەناویاندا مایەوە، سەرئەنجام لافاوو زریان هەموویانی پێچایەوە لە کاتێکدا ئەوان ستەمکار بوون». نووح دەیبینی ژمارەی بڕواداران زیاد ناکات بەڵام کافران هەر زۆر دەبن، ئەو بانگی دەکردن و ئەمان هەر لە سەر کوفر و سەرکەشیی خۆیان بوون، ئەمە نووحی خەمبار کرد، بەڵام خەمەکە نەبووە ڕەشبینی و بێهیوایی. جارێك خوای گەورە نیگای بۆ نارد کە ئیتر جگە لە بڕوادارانی ئێستا کەسی تر بڕوا ناهێنێت، پێشی ڕاگەیاند کە خەم نەخوات و خەفەتبار نەبێت: «وَأُوحِيَ إِلَى نُوحٍ أَنَّهُ لَن يُؤْمِنَ مِن قَوْمِكَ إِلاَّ مَن قَدْ آمَنَ فَلاَ تَبْتَئِسْ بِمَا كَانُواْ يَفْعَلُونَ» (هود: ٣٦). «(سەرەنجام) وەحی و پەیامی خوا ڕەوانە کرا بۆ نووح، کە چاك بزانە بەڕاستی هەرگیز کەسی تر بڕوا ناهێنێت لە قەومەکەت جگە لەوەی کە بڕوایان هێناوە، کەوابوو خەفەتبار مەبە بەو کردەوە ناشیرین و ناپەسەندانەی ئەنجامیان دەدا». هەر لەو کاتەدا نووح دوعای لەناوچوونی لە کافران کرد: «وَقَالَ نُوحٌ رَّبِّ لَا تَذَرْ عَلَى الْأَرْضِ مِنَ الْكَافِرِينَ دَيَّاراً. إِنَّكَ إِن تَذَرْهُمْ يُضِلُّوا عِبَادَكَ وَلَا يَلِدُوا إِلَّا فَاجِراً كَفَّاراً» «نوح: ٢٦-٢٧». « ئینجا نوح وتی: پەروەردگارا هیچ کەسێك لە بێبڕوایان لەسەر زەویدا مەهێڵە و تۆویان ببڕە. چونکە بەڕاستی ئەگەر تۆ وازیان لێبهێنیت هەرچی بەندەکانی تۆیە گومڕای دەکەن و، کەسیشیان لێنابێت (لە نەوەی تازە) مەگەر خراپەکار و تاوانبار نەبێت».

کار لە کار ترازاو قەدەری خوا هات، پادشای خاوەن دەسەڵات حوکمی کردە سەر

کافران؛ که هەموویان لە ئاودا بخنکێنێت: «وَاصْنَعِ الْفُلْكَ بِأَعْيُنِنَا وَوَحْيِنَا» (هود: ٣٧). لێرەدا خوا فەرمانی بە نووحدا کەشتییەکی گەورە درووست بکات. نووح لە ناخی خۆیدا سەری سوورِما: کەشتی بۆچی و چۆن؟! خۆ ئەو پێشتر دارتاش نەبووە! خواش دەزانێت چی بە دڵەکاندا دێت بۆیە دڵنیای کرد: «بِأَعْيُنِنَا وَوَحْيِنَا»؛ واتە: بە زانست و فێرکاری و چاودێری و ئاراستەی خوا درووستی بکە. پاشان پێی فەرموو: «وَلاَ تُخَاطِبْنِي فِي الَّذِينَ ظَلَمُواْ إِنَّهُم مُّغْرَقُونَ» (هود: ٣٧). «(کاتی تۆفانەکە) تکامان لێنەکەیت بۆ ئەوانەی لە سنووری راستی دەرچوون و تاوانبارن، چونکە بەڕاستی ئەوانە بڕیاری خنکاندن و تیاچوونیان بۆ دراوە». کەواتە خوا هەموو ستەمکاران دەخنکێنێت با خزم و کەسی پێغەمبەرەکەش بن بۆیە با تکایان بۆ نەکات.

نووح دەستی کردە نەمام چاندن و پەروەردە کردنی، چەند ساڵ چاوەڕوان بوو، پاشان دارەکانی بڕی و دەستی کردە درووستکردنی کەشتیە گەورەکە.

## درووستکردنی کەشتیی رزگاری:

نووح دەستی کردە درووستکردنی کەشتیەکەو کافرەکان بە کەناریدا تێدەپەڕین و دەیانبینی خەریکی کەشتیسازییە؛ لە کاتێکدا نە رووباریان لێوە نزیك بوو نە دەریا، دەیسا ئەم کەشتیە چۆن دەڕوات ئەی نووح؟! لە سەر وشکەڵانی؟! باشە ئەم ئاوە لە کوێیە کەشتییەکەی تۆ مەلەی تێدا بکات؟! وتیان: نووح شێت بووە، قاقایان لێدەدا و بە گاڵتەوە دەیانوت: دوای پێغەمبەرایەتی ئێستا بوویتە دارتاش!! «وَيَصْنَعُ الْفُلْكَ وَكُلَّمَا مَرَّ عَلَيْهِ مَلأٌ مِّن قَوْمِهِ سَخِرُواْ مِنْهُ قَالَ إِن تَسْخَرُواْ مِنَّا فَإِنَّا نَسْخَرُ مِنكُمْ كَمَا تَسْخَرُونَ.

فَسَــوْفَ تَعْلَمُونَ مَن يَـأْتِيـهِ عَـذَابٌ يُخْزِيـهِ وَيَحِلُّ عَلَيْهِ عَذَابٌ مُّقِيمٌ» (هود: ٣٨-٣٩). «دەستی کرد بە درووستکردنی کەشتیەکە، هەر جارێك تاقمێك لە هۆزەکەی بەلایدا تێدەپەڕین؛ گاڵتەیان پێ دەکرد. نووح وتی ئەگەر ئێستە ئێوە گاڵتە بە ئێمە دەکەن؛ ئەوە بەڕاستی ئێمەش ڕۆژێك دێت گاڵتە بە ئێوە بکەین وەك چۆن ئێوە گاڵتە بە ئێمە دەکەن».

کەشتیەکە ئامادە بوو، نووحیش چاوەڕوانی فەرمانی خوا مایەوە، خوا هەواڵی دایە هەر کات لە تەنووری پڕ ئاگرەوە ئاو هەڵقوڵێ ئەوە نیشانەی دەسپێکی تۆفانەکەیە: «حَتَّى إِذَا جَاء أَمْرُنَا وَفَارَ التَّنُّورُ قُلْنَا احْمِلْ فِيهَا مِن كُلٍّ زَوْجَيْنِ اثْنَيْنِ» (هود: ٤٠). «هەتا ئەو کاتەی بڕیارمان هات و فەرمان دەرچوو لە تەنوورە پڕ لە ئاگرەکەوە ئاو فوارەی کرد، ئەوسا وتمان: ئەی نووح لە هەموو نێر و مێیەك دوان هەڵبگرە». ڕۆژە ترسانەکەکە هات! لە تەنووری پڕ لە ئاگرەوە ئاو هەڵقوڵێ و نووح بەپەلە کەشتیەکەی کردەوە و بانگی لە بڕواداران کرد، جوبرەئیلیش هاتە سەر زەوی، خوا فەرمانی بە نووح دا؛ لە هەموو بوونەوەرێکی سەر زەوی نێر و مێیەك سوار کشتیەکە بکات! نووح لە هەموو ئاژەڵ و باڵندە و دڕندەیەك نێر و مێیەکی خستە ناو کەشتیەکە تا ببێتە هۆی مانەوەی ڕەچەڵەکیان لە سەر زەویدا، ئاژەڵ و دڕندەکانی خستە قاتی یەکەم و خۆی و بڕواداران چوونە قاتی دووەم و باڵندەکانیش چوونە قاتی سێیەم، ژمارەی بڕواداران کەم بوو: «وَمَا آمَنَ مَعَهُ إِلاَّ قَلِيلٌ» (هود: ٤٠).

## خۆشەویستی و وەفاداری ئاوا دەبێت:

هاوسەرەکەی نووح بڕوای پێی نەبوو؛ بۆیە سەرنەکەوت بۆ ناو کەشتییەکە، یەکێك لە

کوڕەکانیشی لای باوکی کوفری دەشاردەوە و بڕوای دەردەخست، ئەویش سوار نەبوو، زۆرینەی خەڵکیش بێبڕوا بوون و نەهاتنە ناو کەشتیەکە، تەنها بڕواداران سەر کەوتن. ئیبنو عەبباس دەفەرمویت: هەشتا کەس لە هۆزی نووح بڕوایان هێنا.

ئاوەکانی زەوی هاتنە سەرەوە و بە چەشنێکی بێوێنەش باران دەباری، بارانی ئاسمان و ئاوی زەوی تێکەڵ بوون و سات لە دوای سات دەهاتە سەرەوە! دەریاکان شڵەژان و شەپۆلیان دەگەیشتە وشکی و بۆ یەکەم جار گۆی زەوی نوقمی ئاو بوو! چ دیمەنێکە؟! ئاخر لە کاتی تۆفانەکەدا گۆیەکی ئاو بوو نەك زەوی! خوای گەورە دەفەرموێت: «فَفَتَحْنَا أَبْوَابَ السَّمَاء بِمَاء مُّنْهَمِرٍ. وَفَجَّرْنَا الْأَرْضَ عُيُوناً فَالْتَقَى الْمَاء عَلَى أَمْرٍ قَدْ قُدِرَ. وَحَمَلْنَاهُ عَلَى ذَاتِ أَلْوَاحٍ وَدُسُرٍ» (القمر: ١١-١٣). «ئەوسا ئیتر ئێمە دەروازەکانی ئاسمانمان هاوڕێ لەگەڵ ئاوێکی خوڕدا کردەوە. هەموو زەویشمان کرد بەکانیاوو ئاومان لێهەڵقوڵاند، ئیتر ئاوی ئاسمان و زەوی بە تەقدیر و ویستی خوا بەیەك گەیشتن، بەڕاستی بڕیاری لەسەر درابوو. ئەوسا نووحمان لەسەر چەند تەختە و بزمارێك هەڵگرت (مەبەست کەشتیەکەیە)». ئاو لە خەڵکی بەرزتر بووەوە، گەیشتە لق و پۆپەی دارەکان و لووتکەی کێوەکان و هەموو سەر زەوی داپۆشی! کەشتیەکە: «تَجْرِي بِهِمْ فِي مَوْجٍ كَالْجِبَالِ» (هود: ٤٢). «دەیبردن بەناو شەپۆلی وەك چیادا!». لەم کاتەدا نووح فەرمووی: «بِسْمِ اللّهِ مَجْرَاهَا وَمُرْسَاهَا» (هود: ٤١). «بەناوی خواوەیە ڕۆیشتنی و وەستانی».

نووح نیگەرانی کوڕەکەی بوو، بۆیە لە سەرەتای تۆفانەکەدا هاواری لێکرد، کەچی ئەو لە دوورەوە وەستابوو. خوا باسی گفتوگۆکەی نووح و کوڕەکەیمان بۆ دەکات:

نووح بانگی له کوڕەکەی کرد: «يَا بُنَيَّ ارْكَب مَّعَنَا وَلاَ تَكُن مَّعَ الْكَافِرِينَ» (هود: ٤٢). «رۆڵە گیـان، لەگەڵ ئێمەدا ســوار بـە و لەگەڵ بێباوەڕاندا مەبە!». کوڕەکەی وەڵامی دایەوە: «قَالَ سَـآوِي إِلَى جَبَلٍ يَعْصِـمُنِي مِنَ الْمَاء» (هود: ٤٣). «کوڕەکەی وتی: پەنا ئەبەمە لای ئەو چیایە و دەمپارێزێت لەم زریان و ئاوە!». نووح بانگی لێکردەوە: «قَالَ لاَ عَـاصِــمَ الْيَوْمَ مِنْ أَمْرِ اللّـهِ إِلاَّ مَن رَّحِمَ» (هود: ٤٣). «نووح وتی: ئەمڕۆ هیچ پەنادەرێك نییە لە تۆڵە و خەشــمی خوا کەس بپارێزێت؛ مەگەر کەسـێك خوا خۆی رەحمی پێ بکـات!». گفتوگۆکەی نێوانیـان بڕا: «وَحَـالَ بَيْنَهُمَـا الْمَوْجُ فَكَـانَ مِنَ الْمُغْرَقِينَ» (هود: ٤٣). «ئەوسـا (دوای ئەم وتووێژە) شـەپۆلی ئاو دای بەنێوانیاندا و، جا چووە ریزی خنکاوەکانەوە». شەپۆلێك لە ناکاو گفتوگۆکەیانی بڕی، ئیتر نووح جگە لە شەپۆلە زەبەلاحەکان کە سەردەکەوتن؛ هیچی نەدەبینی. ویستی خوا وا بوو کوڕەکە دوور لـە چاوی باوکی نوقم بێت، ئاخر بەزەیی بە باوکەکەدا هاتەوە. نووح وەیدەزانی کوڕەکەی بڕواداره، بەڵام کافر بوو، بۆیە خنکا.

تۆفـانەکە درێژەی کێشـــا، دوای ماوەیەك هەموو بوونەوەرێکی زیندو خنکا، کەس لە ژیـانـدا نەمـا جگـە لە دانیشـــتووانی کەشـــتییە دارینەکەی نووح، کە بریتی بوون لە ئیماندارانی سەر زەوی و هەموو جۆرە ئاژەڵ و باڵندەیەك.

## کۆتایی تۆفانەکە:

تۆفانەکە بۆ ماوەیەك -کە ئێمە مەوداکەی نازانین- بەردەوام بوو، پاشان خوا فەرمانی بە ئاسمان دا باران نەبارێنێت، بە زەویشی وت ئارام بگرێت و ئاوەکە قووت بدات: «وَقِيلَ

يَا أَرْضُ ابْلَعِي مَاءكِ وَيَا سَمَاء أَقْلِعِي وَغِيضَ الْمَاء» (هود: ٤٤). «پاشان فەرمان درا بە زەوی: ئاوەکەت با رۆبچێت بەناختدا، ئەی ئاسمان: تۆش با بەس بێت و باران مەبارێنە، ئیتر ئاوەکە رۆچوو». خوا فەرمانی بە کەشتییەکە دا لە سەر کێوی جوودی بوەستێتەوە، کە دەوترێت لە عێراقە[١]. تۆفان زەوی شۆردەوە و خاوێنی کردەوە: «وَقُضِيَ الأَمْرُ عَلَى الْجُودِيِّ وَقِيلَ بُعْداً لِّلْقَوْمِ الظَّالِمِينَ» (هود: ٤٤). « فەرمان بەرێکی و تەواوی ئەنجامدرا، کەشتیەکەش لەسەر کێوی جودی وەستاو لەنگەری گرت و وترا: دەك دووری لە بەزەیی خواو تیاچوون بۆ بەرەی ستەمکاران».

لەگەڵ کۆتایی تۆفانەکە؛ ترس و بیمیش بڕاو ململانێکە لە شەپۆلەوە بۆ ناخی نووح گواسترایەوە، کەوتە بیری کوڕە خنکاوەکەی و خەفەتی خوارد. نووح تا ئەو کاتەش نەیدەزانی کوڕەکەی کافر بووە، وایدەزانی بڕواداریکی سەرکەش بووە و پەناگرتن بە کێوی بە باشتر زانیوە، شەپۆلیش گفتوگۆکەیانی بەر لە تەواو بوون بڕی، بۆیە سۆزی باوکێتی لە دڵیدا خرۆشا: «وَنَادَى نُوحٌ رَّبَّهُ فَقَالَ رَبِّ إِنَّ ابُنِي مِنْ أَهْلِي وَإِنَّ وَعْدَكَ الْحَقُّ وَأَنتَ أَحْكَمُ الْحَاكِمِينَ» (هود: ٤٥). «(پاش هێوربوونەوەی زریانەکە) نووح هاواری لە خوا کرد و وتی: ئەی پەروەردگارم کوڕەکەم لە خێزانی من بوو، بێگومان پەیمانی تۆش راستە و (کاتی خۆی فەرمووت خێزانی تۆ رزگارن لە تیاچوون) و تۆیش زاناترین و دادپەروەرترینی فەرمانڕەوایانیت». نووح ویستی بە خوای گەورە بڵێت: کوڕەکەی لە خانەوادە بڕوادارەکەی بووە کە خوا بەڵێنی رزگاری پێدا بوون، بەڵام خوا

---

[١] دڵنیا نین بۆچی نووسەری بەڕێز دەڵێت لە عێراقە، ڕەنگە وای بیستبێت لە کورستانە، کوردستانیش تەنیا بەو بەشەی عێراق تێگەیشتبێت کە باشووری کوردستان (کوردستانی عێراق) دەگرێتەوە، بەڵام کوردستان پارچە پارچەکراوە و بەشی باکووری دەکەوێتە تورکیاوە. ئەوە ڕوونە سەرەڕای قسەی جیاواز دەربارەی؛ کەوتۆتە باکووری کوردستان (کوردستانی تورکیا). (وەرگێڕ)

ئاگاداری كردووە: «يَا نُوحُ إِنَّهُ لَيْسَ مِنْ أَهْلِكَ إِنَّهُ عَمَلٌ غَيْرُ صَالِحٍ فَلاَ تَسْأَلْنِ مَا لَيْسَ لَكَ بِهِ عِلْمٌ إِنِّي أَعِظُكَ أَن تَكُونَ مِنَ الْجَاهِلِينَ» (هود: ٤٦). «ئەی نووح، بەڕاستی ئەو لە خێزانی تۆ نەبوو، چونكە ئەو كرداری چاك نەبوو، كەوابوو داوای شتێكم لێمەكە كە زانياريت دەربارەی نييە، بێگومان من ئامۆژگاريت دەكەم كە كارێك نەكەيت خۆت بخەيتە ريزی نەفامانەوە».

لە بەسەرهاتەكەی نووح و كوڕەكەيدا دەرسێكی زۆر گرنگ هەيە؛ ئەويش ئەوەيە كە خوای گەورە دەيەوێت لەم ئايەتانەدا بە پێغەمبەرە نازدارەكەی بڵێت: كوڕەكەی نووح لە خێزانی ئەو نەبوو چونكە بڕوای نەهێنا، كەواتە خوێن تاكە پەيوەنديی ڕاستەقينەی نێوان خەڵكی نييە. كوڕی پێغەمبەر كوڕی ئەوە ئەگەر لە بيروبۆچووندا گوێڕايەڵی پەروەردگاری پێغەمبەرەكە بێت، كوڕی پێغەمبەر ئەوە نييە كە بڕوای پێی نەبێت با جگەر گۆشەشی بێت. لێرەوە پێويستە بڕوادار خۆی بێزار و بەری بكات لە بێبڕوا، هەروەها پێويستە پەيوەنديی نێوان بڕواداران تەنها پەيوەنديی بيروبڕوا بێت نەك خوێن و رەگەزو ڕەنگ و خاك. نووح داوای لێخۆشبوون و تۆبەی كرد: «قَالَ رَبِّ إِنِّي أَعُوذُ بِكَ أَنْ أَسْأَلَكَ مَا لَيْسَ لِي بِهِ عِلْمٌ وَإِلاَّ تَغْفِرْ لِي وَتَرْحَمْنِي أَكُن مِّنَ الْخَاسِرِينَ» (هود: ٤٧). «وتی: ئەی پەروەردگارم، بەڕاستی من پەنا دەگرم بە تۆ كە داوای شتێك بكەم زانياريم پێی نەبێت، خۆ ئەگەر لێم خۆش نەبيت و بەزەييت پێمدا نەيەتەوە؛ ئەوە دەچمە ريزی خەسارەتمەندانەوە». خواش لێی خۆش بوو و بەزەيی پێيدا هاتەوە، فەرمانی پێدا بە پيرۆزی و چاودێری خوا لە كەشتييەكە دابەزێت: «قِيلَ يَا نُوحُ اهْبِطْ بِسَلاَمٍ مِّنَّا وَبَرَكَاتٍ عَلَيْكَ وَعَلَى أُمَمٍ مِّمَّن مَّعَكَ وَأُمَمٌ سَنُمَتِّعُهُمْ ثُمَّ يَمَسُّهُم مِّنَّا عَذَابٌ أَلِيمٌ» (هود: ٤٨). « (ئەوسا لەلايەن خوای گەورەوە) وترا: ئەی نووح وەرە خوارەوە و دابەزە

لە کەشــتیەکە و لە چیای جودی بۆ دەشــتایی بەبێوەیی و ســەلامەتی لەلایەن ئێمەوە، بەرەکەتی زۆریش لەســـەر تۆ و ئەو کۆمەڵ و خەڵکـانەی لەگەڵ تۆدان، خەڵکانێکی تریش لەمەودوا دێن و لە ناز و نیعمەت بەهرەوەریان دەکەین، پاشان (بەهۆی لاری و بێ بڕواییانەوە) سزای بەسۆیان تووش دەبێت لەلایەن ئێمەوە».

## ئامۆژگاریی نووح بۆ منداڵەکانی:

نووح لە کەشتییەکە هاتە خوارەوە و هەموو باڵندە و دڕندەکانی بەردا و بە زەویدا بڵاو بوونەوە، پاشـان بڕوادارانیش هاتنە دەرەوە تا ژیانێکی نوێ لە سەر زەوییەکی نوێ لە پاش لە ناوچوونی کوفرو سـەرکەشـی دەسـت پێبکات؛ ژیانێك پڕ لە ڕووناکی و بڕوا. ئێمە نازانین نووح چۆن ژیانی لە سەر زەوی تەواو کرد، بەڵام دەزانین وەك پێغەمبەر و پەیامهێنێك ژیا، خەریکی فێرکاری و پەروەردەکاری بڕوادارنی ڕزگارکراو بوو تا کاتی مردن، ئـامۆژگـاریی کۆتـاییشـــی ئەمەیـە پێغەمبەری خوا (صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) بۆمـان دەگێڕێتەوە: (إِنَّ نَبِيَّ اللَّهِ نُوحًا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لَمَّا حَضَرَتْهُ الْوَفَاةُ قَالَ لاِبْنِهِ : إِنِّي قَـاصٌّ عَلَيْـكَ الْوَصِــيَّـةَ : آمُرُكَ بِـاثْنَتَيْنِ، وَأَنْهَـاكَ عَنِ اثْنَتَيْنِ، آمُرُكَ بِلَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ، فَإِنَّ السَّمَاوَاتِ السَّبْعَ وَالْأَرَضِينَ السَّبْعَ لَوْ وُضِعَتْ فِي كِفَّةٍ، وَوُضِعَتْ لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ فِي كِفَّةٍ : رَجَحَتْ بِهِنَّ لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ، وَلَوْ أَنَّ السَّـمَاوَاتِ السَّـبْعَ وَالْأَرَضِـينَ السَّـبْعَ كُنَّ حَلْقَةً مُبْهَمَةً قَصَمَتْهُنَّ لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ، وَسُبْحَانَ اللَّهِ وَبِحَمْدِهِ، فَإِنَّهَا صَلَاةُ كُلِّ شَيْءٍ، وَبِهَا يُرْزَقُ الْخَلْقُ، وَأَنْهَاكَ عَنِ الشِّـــــرْكِ وَالْكِبْرِ)[١]. واتە: پێغەمبەر نووح کاتی کۆچی دوایی بە

---

[١] (فەرموودەکە سەحیحە - ئەحمەد: ٦٨٠٤).

کوڕەکەی وت: من ئامۆژگاری و وەسیّتی خۆم بۆ تۆ باس دەکەم: فەرمانت پێدەکەم بە دوو شت و بەرهەڵستیشت دەکەمەوە لە دوو شت: فەرمانت پێدەکەم بە « لا إله إلا اللّه»، چونکە ئەگەر حەوت تەبەقەی ئاسمان و حەوت تەبەقەی زەوی لە تای کێشانەیەك دابنرێت و « لا إله إلا اللّه»یش لە تاکەی تردا؛ ئەوە ئەم قورستر دەبێت، ئەگەر حەوت تەبەقەی ئاسمان و زەوی بازنەیەکی بەستراوی توند و تۆڵی نەکراوە بێت ئەوە « لا إله إلا اللّه» دەیکاتەوە. هەروەها «سبحان اللّهِ وبِحَمده» چونکە نوێژ و نزای هەموو بوونەوەرانە و بەمەیە خوا رۆزییان دەدات. بەرهەڵستیشت دەکەم لە هاوبەشخوازی و خۆ بەزلزانی. ئیتر ئاوا تەمەنی نووح گەیشتە کۆتایی، بە بانگەوازی یەکخواپەرستی دەستی پێکرد، هەموو تەمەنیشی وا بەسەربرد و هەر لە سەر ئەوەش کۆچی دوایی کرد، کۆتا وتەکانیشی بانگەواز بۆ تەوحید بوو.

## لە سوودەکانی ئەم بەسەرهاتە:

١- زیادەڕەوی دەربارەی پیاوچاکان هۆیەکە بۆ هاوبەشخوازی.

٢- ئاسانگیری و نەرمی و ڕەوشتبەرزی؛ کلیلی کردنەوەی دڵەکانە.

٣- بناغەو بنەمای هەموو بانگەواز و پێغەمبەرایەتییەك؛ تەوحید و پەرستنی خوا بە تەنهایە.

٤- هەر کەس خەڵك بەرە و چاکە بانگ بکات؛ پێویستە ئازار بچێژێت، جا بە گاڵتە کردن بێت یان سووکایەتی، بەڵام بانگەوازی هەق هەرگیز بە ئازاردان نابەزێت.

٥- هەموو گەردوون رام و ملكەچی فەرمانی خوایە.

٦- شـوێنەكەوتووانی پێغەمبەران ژمارەیان كەم و خۆشیان لاواز بوون، بەڵام لای خوا بەرزترین و بەنرخترینن.

٧- پتەوترین پەیوەندی لە ئیسلامدا خۆشەویستی لە بەر خوایە، بۆیە ئەو كەسە شایانی خۆشـەویسـتی زیاترە كە بۆ هەق گوێڕایەڵتر بێت. ئەوەش زیاتر شـایانی رقە كە كافر بێت جا با جگەرگۆشە بێت یان هاوسەریش بێت.

٨- هەر یەكـە گیرۆدەی كردەوەی خۆیەتی و ئەگەر بڕوای نەبێـت رەگەز و رەچەڵەك سـوودی بۆی نییە، ژن و كوڕەكەی نووح كەڵكیان لێ وەرنەگرت، ئیبراهیم سـوودی نەگەیـانـدە بـاوكی و ئەبووتالبیش قازانجی لە خزمایەتیی پێغەمبەر (صـلّی اللّه علیه وسلم) وەر نەگرت بە جۆرێك پێی نەچیتە ئاگر.

٩- سـەرەنجامی خۆڕاگری كراوەیی دەرووی رەحمەتی خوایە، هەر چەندە خۆڕاگری زۆرتر بێت پاداشتیش فراوانترە.

١٠- بت و پەیكەرەكان مەترسیدارن، بۆیە خوا حەرامی كردوون. فریشتەكانیش ناچنە ماڵێك پەیكەر و سەگی تێدا بێت.

ساڵەكان تێپەڕ بوون، سوننەتی خواش ئەوەیە بۆ هەر ئوممەتێك پێغەمبەرێك بنێرێت، تا مژدەیـان بـداتێ و بیـانترسـێنێـت و حوكم و فەرمان و بەرهەڵسـتیەكانی خوایان بە بیربهێنێتەوە و فێری خواپەرستنیان بكات، لە پاش نووح هوود هات.

# هوود

«وَإِلَى عَادٍ أَخَاهُمْ هُوداً»

## گەڕانەوەی هاوبەشخوازی بۆ سەر زەوی:

پاش ئەوی بڕوادارانی هاوەڵی نووح رزگاریان بوو؛ زەوییان لە دوای نیشتنەوەی ئاوەکە ئاوەدان کردەوە، بۆیە لەو کاتەدا هەموو خەڵکی سەر زەوی بڕوادار بوون و کافریان تێدا نەبوو. لە پاش تۆفانەکە ژیانێکی نوێ دەستی پێکرد، بڕوادارە رزگاربووەکان سوپاسگوزاری خوایان دەکرد و دینیان فێری منداڵ و نەوەکانیان دەکرد و، سەرەنجامی کافرەکان و چۆنێتی نوقم بوونیان بۆ باس دەکردن.

سالانێکی زۆر تێپەڕی و کاتی بەڵێنەکەی خوای گەورە -کە دابوویە نووح- گەیشت: «وَأُمَمٌ سَنُمَتِّعُهُمْ ثُمَّ يَمَسُّهُم مِّنَّا عَذَابٌ أَلِيمٌ» (هود: ٤٨). « خەڵکانێکی تریش لەمەودوا دێن و لە ناز و نیعمەت بەهرەوەریان دەکەین، پاشان (بەهۆی لاری و بێ بڕواییانەوە) سزای بەسۆیان تووش دەبێت لەلایەن ئێمەوە». باوکان و منداڵەکانیان مردن و نەوەکانیان هاتنە بەرەوە، خەڵکی ئامۆژگاریەکەی نووحیان فەرامۆش کرد. پاش زۆربوونی تاوان بار و دۆخ خراپتر بوو، تا وای لێهات خەڵکی گەڕانەوە بۆ هاوبەشخوازی و جارێکی تر بتپەرستی؛ خەڵکیی لە خواپەرستی لایدا، شەیتان بە فێڵە دێرینەکەی خۆی یادی خوای لە بیر بردن و ئیتر تاوانبارانیش لە رێگای هەق و رووناك لایان دا، خوای گەورە دەفەرموێت: «ثُمَّ كَانَ عَاقِبَةَ الَّذِينَ أَسَاؤُوا السُّوأَى أَن كَذَّبُوا بِآيَاتِ اللَّهِ وَكَانُوا بِهَا يَسْتَهْزِئُون » (الروم: ١٠). «پاشان ئەو تیاچوونە

سەرئەنجامی ئەوانە بوو کە تاوان و گوناهیان کرد، چونکە ئەوانە بڕوایان بە ئایەت و فەرمانەکانی خوا نەهێنا و گاڵتەیان پێ دەکرد». نەوەکانی هۆزی نووح وتیان: ئێمە نامانەوێ با و باپیری خۆمان لە یاد بکەین کە خوا لە تۆفان رزگاری کردن؛ بۆیە ئەمانیش پەیکەریان بۆ تاشین، ئەم ڕێز لێگرتنە بەردەوام بوو تا بووە پەرستش؛ ئیتر بە فێڵی شەیتان لە پەیکەرەوە بوون بە خوا و جارێکی تر زەوی ناڵەی لە دەست تاریکی بەرز بووەوە، خوای گەورە دەفەرموێت: «إِنَّ عَلَيْنَا لَلْهُدَى. وَإِنَّ لَنَا لَلْآخِرَةَ وَالْأُولَى» (الليل: ١٢-١٣). «بەڕاستی روون کردنەوەی ڕێبازی هیدایەت و دیاریکردنی بۆ خەڵکی لەسەر ئێمەیە. بێگومان دەسەڵاتی بێسنوورمان هەیە بە سەر پاشەڕۆژ و قیامەتدا، هەروەها بەسەر دنیادا». ئیتر خوای گەورە سەیدنا هوودی نارده لای قەومەکەی تا بەرەو خوا ڕێنموویيان بکات.

## ئەمانە عادن قەومی هوود:

هوود لە هۆزی عاد بوو، ئەم هۆزە لە شوێنێك دەژیا بە ناوی ئەحقاف لە یەمەن لە نێوان عوممان و حەزرەمەوتدا. شوێنەکە بیابانێك بوو پڕ لە بەردووچکە و بە سەر ئاودا دەیڕوانی، ماڵەکانیشیان دەواری گەورە و زەبەلاح بوو کە لە سەر کۆڵەکەی زەلام و بەرز دامەزرا بوو. هۆزی عاد لە گەورەیی جەستە و باڵا و هێز بەتواناترین خەڵکی سەردەم بوون و شانازیشیان پێوە دەکرد: «وَقَالُوا مَنْ أَشَدُّ مِنَّا قُوَّةً» (فُصِّلت: ١٥). «وتیان: کێ هەیە بە ئەندازەی ئێمە هێزو دەسەڵاتی هەبێت؟!». بەڵام لەگەڵ هێزی جەستە مێشکیان بێبەش بوو لە ڕووناکی، بتیان دەپەرست و بەرگرییان لێدەکرد و

شەڕیان دەکرد لە سەری، تۆمەتیان دەدایە پاڵ پێغەمبەرەکەیان و گاڵتەیان پێدەکرد. هێز و دەســـەڵات بەرانبەر هەق کوێری کردبوون: «فَأَمَّا عَادٌ فَاسْـتَكْبَرُوا فِي الْأَرْضِ بِغَيْرِ الْحَقِّ وَقَالُوا مَنْ أَشَـدُّ مِنَّا قُوَّةً أَوَلَمْ يَرَوْا أَنَّ اللَّهَ الَّذِي خَلَقَهُمْ هُوَ أَشَدُّ مِنْهُمْ قُوَّةً وَكَانُوا بِآيَاتِنَا يَجْحَدُونَ» (فصلت:١٥). «ئەوسا قەومی عاد بەناهەق خۆیان بەزل و گەورە زانی لە زەویداو وتیان: کێ هەیە بە ئەندازەی ئێمە هێزو دەسەڵاتی هەبێت؟! باشە ئایا ئەوە نەیانزانی بەڕاســتی ئەو خوایەی کە درووســتی کردوون، ئەو لەوان هێزی زۆر زیاترە (بەڵکوو هەر بەراورد ناکرێت) و ئەوانە هەر ئینکاری ئایەت و موعجیزەکانی ئێمەیان دەکرد؟!».

## هوود و بانگەوازخوازیی تەوحید:

هوود پێی وتن: «قَـالَ يَـا قَوْمِ اعْبُـدُواْ اللّـهَ مَا لَكُم مِّنْ إِلَهٍ غَيْرُهُ أَفَلاَ تَتَّقُونَ» (الأعراف: ٦٥). «وتی: ئەی گەل و عەشیرەتم؛ هەر خوا بپەرستن چونکە جگە لەو زاتە خوایەکی ترتان نییە، ئایا ئەوە لە خوا ناترســن؟!». هەمان رســتە کە هەموو پێغەمبەرێك دەیوتەوە بێ گۆڕانکاری؛ رســتەیەکی نەترسانە و راست و هەق؛ بەڵام هۆزەکەی دژایەتییان کرد و بەرانبەری وەستان: «إِنَّا لَنَرَاكَ فِي سَفَاهَةٍ وِإِنَّا لَنَظُنُّكَ مِنَ الْكَاذِبِينَ» (الأعراف: ٦٦). «بەڕاســتی ئێمە تۆ لە نێو نەفامیدا دەبینین و بەڕاســتی ئێمە وادەزانین تۆ یەکێکیت لە درۆزنەکـان». ئەویش وەڵامێکی جوان و بەئەدەبی دایەوە: «يَا قَوْمِ لَيْسَ بِي سَــفَاهَةٌ» (الأعراف: ٦٧). بێ وەستان وتی: من نەفام و ناتەواو نیم. هۆزەکە وتیان: ئایا دەتەوێ بەم بانگەوازە ببیتە سەرۆکمان؟! چ پاداشتێکت دەوێ؟!

هوود بۆی روون کردنەوە کە پاداشتی ئەو لە سەر خوایە، ئەو هیچی لەوان ناوێ جگە لەوەی تەنها خوا بپەرستن! باسی نیعمەتەکانی خوای بۆ کردن، کە چۆن کردوونییەتە بریکار، هۆزی نووح و هێزی جەســتەی پێ بەخشــیون و لە زەویەکی پڕ خێر و بێردا نیشــتەجێی کردوون و بارانی زیندووکەرەوەی زەویی بۆ ناردوون: «وَاذكُرُواْ إِذْ جَعَلَكُمْ خُلَفَـاء مِن بَعْـدِ قَوْمِ نُوحٍ وَزَادَكُمْ فِي الْخَلْقِ بَسْــطَةً فَاذْكُرُواْ آلاء اللّهِ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ» (الأعراف: ٦٩). «جا یادی ئەو کاتە بکەنەوە کە خوا ئێوەی کردە جێنشــین لە دوای هۆزی نووح، لە رووی جەســتەوە زیاد لەوان گەورە و تیر و تەواو بەدیهێنان، کەواتە یادی نازو نیعمەتەکانی خوا بکەن بۆ ئەوەی سەرفراز بن».

## کوفری عاد و بەدرۆخستنەوەی هوود:

عاد سەیری دەوروبەری خۆیان کرد و بینیان؛ کە لە هەمووان بەهێزترن. ئەمە بووە هۆی خۆ بە زلزانی و ســەرکەشــی زیاتر، بە هوودیان وت: «مَا جِئْتَنَا بِبَيِّنَةٍ وَمَا نَحْنُ بِتَارِكِي آلِهَتِنَـا عَن قَوْلِـكَ وَمَـا نَحْنُ لَكَ بِمُؤْمِنِينَ» (هود: ٥٣). «بەڵگەیەکی زۆر رۆشــنت بۆ نەهێنـاوین تـا بە تەواوی ئێمە قەناعەت بکەین (کە تۆ پێغەمبەری خوایت) و ئێمەش واز لە خواکانی خۆمان ناهێنین بە قســەی تۆ، ئێمە ئیمان و بڕوامان نییە بە راســتێتیی تۆ». هوود وتی: «إِنِّي أُشْـهِدُ اللّهَ وَاشْهَدُواْ أَنِّي بَرِيءٌ مِّمَّا تُشْرِكُونَ» (هود: ٥٤). «دەی من بەڕاستی خوا دەکەم بە شایەت، ئێوەش بە شایەت بن کە بێگومان من بەریم لەوەی ئێوە دەیکەنە شەریك و هاوەڵ بۆ خوا».

ئیتر ئـاوا قەومی هوود پێغەمبەرەکەیان بە درۆ خســتەوە، پێیان وت: هەرگیزاوهەرگیز

خوا ئەو کەســـە زیندوو ناکاتەوە کە لە گۆڕدایە، بە شـــتێکی نەگونجاویان زانی خوا مرۆڤ لـە دوای ئەوە بووەتـە خـاك زیندوو بکاتەوە، ئەگەر چی پێشـــتر هەر لە خاك درووستی کردووە!

## دوژمـنـانـی پـێـغەمـبەران دەسـەڵاتـدارە دەوڵەمەنـدە ستەمکارەکانن:

با تۆزێك لەم فەرمایشتەی خوای گەورە وردبینەوە: «قَالَ الْمَلأُ مِن قَوْمِهِ». «الْمَلأُ» واتە: کاربەدەستەکان، ئەم کاربەدەستانە لە بەسەرهاتی هەموو پێغەمبەراندا دەبینی، دەبینین بەرپرسـانی هۆزەکان و دەوڵەمەندە دەسـەڵاتدارەکانیان دژی پێغەمبەران دەوسـتنەوە، خوای گەورە ئاوا وەسفیان دەکات: «وَأَتْرَفْنَاهُمْ فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا» (المؤمنون: ٣٣). «لە ژیـانی دنیـادا لە نـاز و نیعمەتی زۆر بەهرەوەرمان کردبوون». لە شـــوێنی ســـامان و دەوڵەمەندی و ئاسـایشـەوە تەماحی بەردەوامبوونی سـوودە تایبەتەکان و خۆبەزلزانی سەرچاوە دەگرێت. بەرپرسانی هۆز سەیری خۆیان دەکەن و دەپرسن: باشە مەگەر ئەم پێغەمبەرە کەسـێـك نییە وەك ئێمـە؟ وەك ئێمە ناخوات و نانۆشـێت؟ بەڵکوو ئەو بە هەژارییەکەیەوە کەمتریش لـە ئێمـە دەخوات و لـە قـاپی ژەنگـاویـدا دەخواتەوە؛ لـە کاتێکدا قاپی ئێمە زەڕ و زیوە، باشـە ئیتر چۆن بانگەشە دەکات لە سەر هەقەو ئێمە لە سەر ناهەقین؟! ئێمە چۆن ملکەچی مرۆڤێك وەکوو خۆمان بین؟! باشە بۆ خوا یەکێك لە ئێمەی هەڵبژاردووە تا وەحی بۆ بنێرێت؟

هوود پرسـیاری کرد: باشـە چ شـتێکی سەرسووڕهێنەر لەمەدا هەیە؟! خوای میهرەبان

منی بۆ لای ئێوه ناردووه بتانترسێنم، خۆ بەسەرهاتی نووحیش زۆر لە ئێوە دوور نییە تا فەرامۆشـــی بکەن، ئەوانەی کـافر بوون خوا لـە ناوی بردن و کافران بەردەوام لە ناو دەچن هەرچەندە بەهێزیش بن. وتیان: باشە کێ لە ناومان دەبا؟ فەرمووی: خوا. وتیان: دەی خواکانی خۆمان بەرگریمان لێدەکەن.

هوود بۆی روون کردەوە ئەم خوایانەی دەیپەرستن تا لە خوا نزیکیان کاتەوە لە خوا دووریـان دەخـاتەوە، تەنهـا خوا خۆیەتی خەڵـك رزگـار دەکات و هیچ هێزێکی تر لە زەویدا نییە زیان و سوودی وانی لە دەست بێت.

ململانێی نێوان هوود و هۆزەکەی درێژەی کێشـا، هۆزەکە سـەرکەشـتر و ستەمکارتر بوون و زیاتر لە جاران پێغەمبەرەکەیان بە درۆ خستەوە، دەستیان کردە تۆمەتبار کردنی هوود بە نەفامی و شـێتی! رۆژێك پێیان وت: ئێسـتا نهێنی شـێتییەکەی تۆ دەزانین، تۆ جنێو بە خواکانی ئێمە دەدەیت و ئەوانیش غەزەبیان لێگرتووی و تووشـــی شـــێتییان کردووی: «قَـالُواْ يَـا هُودُ مَـا جِئْتَنَا بِبَيِّنَةٍ وَمَا نَحْنُ بِتَارِكِي آلِهَتِنَا عَن قَوْلِكَ وَمَا نَحْنُ لَكَ بِمُؤْمِنِينَ. إِن نَّقُولُ إِلاَّ اعْتَرَاكَ بَعْضُ آلِهَتِنَا بِسُوَءٍ قَالَ إِنِّي أُشْهِدُ اللّهِ وَاشْهَدُواْ أَنِّي بَرِيءٌ مِّمَّـا تُشْــرِكُونَ» (هود: ٥٣-٥٤). «وتیـان ئەی هوود: بەڵگەیەکی زۆر رۆشـــنـت بۆ نەهێناوین تا بە تەواوی ئێمە قەناعەت بکەین -کە تۆ پێغەمبەری خوایت-، ئێمەش واز لە خواکانی خۆمان ناهێنین بە قسـەی تۆ، ئێمە ئیمان و بڕوامان نییە بە راسـتێتیی تۆ. ئێمە هیچ نـاڵێین ئەوە نەبێـت: وا دیـارە هەندێ لە خواکانمان بەخراپ دەسـتیان لێ وەشاندوویت!! هود وتی: دەی من بەڕاستی خوا دەکەم بەشایەت و ئێوەش بەشایەت بن، کە بێگومان من بەریم لەوەی ئێوە دەیکەنە شەریك و هاوەڵ بۆ خوا».

جا سەیر ساویلکەیی ئەمانە بکەن؛ وایاندەزانی ئەم بەردانە دەسەڵاتیان هەیە بە سەر ئەوەدا درووستی کردوون و، کاریگەرییان لە سەر مرۆڤ هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا کە نە دەبیستن و نە دەبینن و نە قسە دەکەن و مرۆڤ خۆی درووستی کردوون، مرۆڤ چەندە لاوازە و ئەقڵ چەندە گومڕایە ئەگەر کافر بێت؟!

## متمانەی هوود بە پەروەردگاری:

وڕاوەی هۆزەکە هوودی نەوەستاند و تۆمەتی شێتی تووڕەی نەکرد، بەڵام ئەوە وەستاندی کە وتیان: «وَمَا نَحْنُ بِتَارِكِي آلِهَتِنَا عَن قَوْلِكَ وَمَا نَحْنُ لَكَ بِمُؤْمِنِينَ» (هود: ٥٣). «ئێمەش واز لە خواکانی خۆمان ناهێنین بە قسەی تۆ، ئێمە ئیمان و بڕوامان نییە بەڕاستێتیی تۆ». لە پاش ئەم تەحەددایە ئیتر هیچ ڕێگایەك بۆ هوودیش نەمایەوە جگە لە تەحەددا و پەنابردنە خوای گەورە، بۆیە ئەویش هەڕەشەی لێکردن: «قَالَ إِنِّي أُشْهِدُ اللّهَ وَاشْهَدُواْ أَنِّي بَرِيءٌ مِّمَّا تُشْرِكُونَ. مِن دُونِهِ فَكِيدُونِي جَمِيعاً ثُمَّ لاَ تُنظِرُونِ. إِنِّي تَوَكَّلْتُ عَلَى اللّهِ رَبِّي وَرَبِّكُم مَّا مِن دَآبَّةٍ إِلاَّ هُوَ آخِذٌ بِنَاصِيَتِهَا إِنَّ رَبِّي عَلَى صِرَاطٍ مُّسْتَقِيمٍ. فَإِن تَوَلَّوْاْ فَقَدْ أَبْلَغْتُكُم مَّا أُرْسِلْتُ بِهِ إِلَيْكُمْ وَيَسْتَخْلِفُ رَبِّي قَوْماً غَيْرَكُمْ وَلاَ تَضُرُّونَهُ شَيْئاً إِنَّ رَبِّي عَلَىَ كُلِّ شَيْءٍ حَفِيظٌ» (هود: ٥٤-٥٧). «هوود وتی: دەی من بەڕاستی خوا دەکەم بەشایەت و ئێوەش بەشایەت بن، کە بێگومان من بەریم لەوەی ئێوە دەیکەنە شەریك و هاوەڵ بۆ خوا. جگە لە خوا؛ خۆتان بە پەرستراوەکانتانەوە فێڵ و پیلانم لێبکەن هەر هەمووتان، کەوابوو وەرن هەمووتان کۆببنەوەو نەخشە بکێشن بۆ لەناوبردنم، پاشان مۆڵەتیشم مەدەن! چونکە بەڕاستی من پشتم بەخوا بەستووە، کە

پەروەردگاری من و پەروەردگاری ئێوەیشــە، هیچ گیانلەبەرێك نییە جڵەوی بەدەســت خوای گەورەوە نەبێت، بێگومان پەروەردگارم لەســەر بەرنامە و ڕێبازێکی راســت و درووستە. جا ئەگەر ئێوە گوێم بۆ نەگرن و پشت بکەنە ئەم بەرنامەیە، ئەوە بێگومان من پێم راگەیاندن ئەو بەرنامە و پەیامە خواییەی بە مندا نێرراوە بۆتان و پەروەردگارم ئێوە لەناو دەبات و هۆزێکی تر دەخاتە شوێنی ئێوە، ئێوە ناتوانن هیچ زیانێك بەو بگەیەنن، بەڕاستی پەروەردگاری من بەسەر هەموو شتێکدا چاودێر و بەتوانایە».

تاقە پیاوێك بەرانبەر هۆزێکی زەبەلاحی توندڕەوی گەمژە وەستا، کە پێیان وایە بتی بەردین توانای ئازاردانی هەیە! تاقە مرۆڤێك دژی سەرکەشان وەستاوە و بیر و بۆچوونیان پووچەڵ دەکاتەوە و بێزاری لە خۆیان و خواکانیان دەردەبڕێت. تەنانەت تەحەددایشیان دەکات، هەموو فێڵێك بێ وەستان بە کاربهێنن چونکە ئەو ئامادەی بیستنی فێڵەکانیانە، ئامادەیە دژیان شەڕ بکات، چونکە پشتی بە خوا بەستووە و خواش هێزی بە سەر هەموو شتێکدا هەیە. «قَالَ رَبِّ انصُرْنِي بِمَا كَذَّبُونِ» (المؤمنون: ٣٩). «وتی: پەروەردگارا سەرکەوتنم پێببەخشە چونکە ئەوانە منیان بە درۆزن زانی و بڕوایان پێنەکردم». بەم بڕوادارییە بە خواو متمانە بە بەڵێنەکەی و دڵنیایی لە یارمەتیدانی؛ هوود بەرانبەر کافرانی هۆزەکەی دەوەستێت، لەگەڵ ئەوەدا کە تەنها و بێهێزە، چونکە لەگەڵ هەقدایە و بانگەوازی خوا رادەگەیێنێت، بۆشیان ڕووندەکاتەوە کە ئەمانەتەکەی راگەیاندووە و پێغەمبەرایەتییەکەی گەیاندووە، بۆیە ئەگەر ئەمان هەر کافر بوون خوا هۆزێکی تر دێنێت؛ کەواتە چاوەڕوانی سزا بن. ئاوا هوود بێزاریی خۆی لە خۆیان و خواکانیان راگەیاند، پشتی بە خوای خوڵقێنەری بەست و زانیی بێگومان سزای خوا کافران دەگرێتەوە.

## سەرەنجامی کافران و خۆبەزلزانەکان:

هوود و هۆزەکەی چاوەڕوانی بەڵێنی خوا بوون، وشکەساڵی لە زەویدا دەستی پێکرد و ئاســمان دڵۆپێك بارانی نەباراند. رایان کرد بۆ لای هوود و وتیان ئەم وشــکییە چییە؟ فەرمووی: خوا لێتان تووڕەیە، ئەگەر بڕوا بهێنن و تۆبە بکەن و داوای لێخۆشــبوون لە خوا بکەن و لە بتپەرستی گەڕێنەوە؛ خوا لێتان خۆش دەبێت و بارانتان بۆ دەبارێنێت و هێزتان زیاد دەکات: «وَيَا قَوْمِ اسْتَغْفِرُواْ رَبَّكُمْ ثُمَّ تُوبُواْ إِلَيْهِ يُرْسِلِ السَّمَاء عَلَيْكُم مِّدْرَاراً وَيَـزِدْكُمْ قُوَّةً إِلَى قُوَّتِكُمْ وَلاَ تَتَوَلَّوْاْ مُجْرِمِينَ» (هود: ٥٢). «ئەی خزمەکـانم داوای لێخۆشــبوون لە پەروەردگارتان بکەن، پاشان بگەڕێنەوە بۆ لای ئەو، ئەوە لە ئاسمانەوە بـارانی زۆری پڕبەرەکەتتان بۆ دەبارێنێت، هێزو دەســـەڵاتتان بۆ زیاد دەکات، زیاد لە هێز و دەســەڵاتی ئاسـایی خۆتان، روو وەرمەگێڕن لەم باس و ئامۆژگاریانە لەکاتێکدا کە هەمیشە تاوانبارن».

هۆزی هوود گاڵتەیان پێکرد و زیاتر رۆچوونە سـەرکەشـی و گاڵتە و کوفر، وشکییش زۆرتر بوو، دارە ســـەوزەکـان زەرد بوون و کشـــتوکـاڵ مرد. رۆژێك هەورێکی گەورە دەرکەوت و ئاسـمانی داپۆشی، هۆزی هوود خۆشحاڵ بوون و لە ماڵ هاتنە دەرەوە و وتیـان: «قَالُوا هَذَا عَارِضٌ مُّمْطِرُنَا» (الأحقاف: ٢۴). «وتیان: ئەمە بارانی پێیە بۆمان». هوود وتی: «بَلْ هُوَ مَا اسْــتَعْجَلْتُم بِهِ رِيحٌ فِيهَا عَذَابٌ أَلِيمٌ» (الأحقاف: ٢۴). «نەخێر وانییە، بەڵکوو ئەوە ئەو کارەساتەیە پەلەتانە پێش بێت، رەشەبایەکی توند کە سزایەکی بەئازارو بەئێشی پێیە». لە ناکاو کەش و هەوا گۆڕا، لە وشکی و گەرماوە بۆ سەرمایەکی بە هێزی بەئازار، با هەڵیکرد، هەموو شـتێك هاتە لەرزە، بایەکە شـەو لە دوای شـەو و رۆژ لـە دوای رۆژ درێژەی بوو؛ هەر زیـادی دەکرد! هۆزەکە پەنایان بردە دەوارەکان،

بەڵام با ئەوانیشی هەڵکەند، با جل و بەرگی لەگەڵ خۆی دەبرد و دەچووە جەستەوە و لە ناوی دەبرد، بایەکە بەر هەرچی کەوتایە دەیکوشت و لە ناوی دەبرد، وەك ئێسکی رزاوی لێدەکرد.

بایەکە حەوت شەوو هەشت رۆژ درێژەی بوو، پاشان بە ویستی خوا وەستا، خوای گەورە دەفەرمویت: «فَلَمَّا رَأَوْهُ عَارِضاً مُّسْتَقْبِلَ أَوْدِيَتِهِمْ قَالُوا هَذَا عَارِضٌ مُّمْطِرُنَا بَلْ هُوَ مَا اسْتَعْجَلْتُم بِهِ رِيحٌ فِيهَا عَذَابٌ أَلِيمٌ. تُدَمِّرُ كُلَّ شَيْءٍ بِأَمْرِ رَبِّهَا فَأَصْبَحُوا لَا يُرَى إِلَّا مَسَاكِنُهُمْ كَذَلِكَ نَجْزِي الْقَوْمَ الْمُجْرِمِينَ» (الأحقاف:٢٤-٢٥). «جا کاتێك پەڵە هەورێکیان بینی ڕووی کردۆتە دۆڵ و ناوچەکەیان، دڵیان خۆشبوو، وتیان : ئەمەبارانی پێیە بۆمان. نەخێر وانییە، بەڵکوو ئەوە ئەو کارەساتەیە کە بە پەلە بوون ڕووبدات، ڕەشەبایەکی توند؛ کە سزایەکی بەئازار و بەئێشی پێیە. ئەوە ڕەشەبایە؛ هەموو شتێك و هەموو شوێنێك کاول دەکات بە فەرمانی پەروەردگاری، ئیتر کەسیان دیار نەمان جگە ماڵە چۆڵ و هۆڵەکانیان، هەر ئابەو شێوەیە و بەو جۆرە سزایانە تۆڵە لەقەوم و هۆز و گەلانی تاوانبار و تاوانکار دەسێنین». هەروەها دەفەرمویت: «كَذَّبَتْ عَادٌ فَكَيْفَ كَانَ عَذَابِي وَنُذُرِ. إِنَّا أَرْسَلْنَا عَلَيْهِمْ رِيحاً صَرْصَراً فِي يَوْمِ نَحْسٍ مُّسْتَمِرٍّ. تَنزِعُ النَّاسَ كَأَنَّهُمْ أَعْجَازُ نَخْلٍ مُّنقَعِرٍ» (القمر: ١٨-٢٠). «قەومی عادیش بڕوایان بە پێغەمبەرەکەیان نەکرد، جا سەرنج بدە و بزانە سزا و تۆڵەی ئێمە لەو یاخیبووانە چۆن بوو؟ بێگومان ئێمە بایەکی بەردەوامی توند و سەخت و ساردمان هەڵکردە سەریان لە رۆژگارێکی شومدا. خەڵکیی هەمووی لەبێخ دەرهێنا و لەپێیخستن و دانی بەزەویدا، هەروەکو قەدی دارخورمای کلۆر و هەڵکەنراو».

ئیتر لە هۆزی هوود هیچ نەمایەوە مەگەر وەك پاشماوەی دارخورمایەکی مردوو، تەنها

پێســـتێکی بەڕواڵەت کـە هەر دەســـتـت بۆ برد دەپروێـت و با دەیبات، خوای گەورە دەفەرموێت: «وَأَمَّا عَادٌ فَأُهْلِكُوا بِرِيحٍ صَـرْصَـرٍ عَاتِيَةٍ. سَـخَّرَهَا عَلَيْهِمْ سَبْعَ لَيَالٍ وَثَمَانِيَةَ أَيَّامٍ حُسُـــوماً فَتَرَى الْقَوْمَ فِيهَا صَـــرْعَى كَأَنَّهُمْ أَعْجَازُ نَخْلٍ خَاوِيَةٍ. فَهَلْ تَرَى لَهُم مِّن بَـاقِيَةٍ» (الحاقّة: ٦-٨). «گەلی عادیش بە ڕەشـــەبایەکی ســـاردی بەهێزی وێرانکەر لەناوبران. حەوت شــەوو هەشــت ڕۆژ هەڵیکردە ســەریان، بەردەوام و بەهێز دەتبینی (ئەگەر لەوێ بویتـایە) ئەو خەڵکە هەموو لاڵ و پـاڵ لێی دەکەوتن هەروەك قەدی دارخورمای لە ڕەگەوە هەڵکەنراو، چۆن بەئاســانی دەکەوێت و شــەق دەبات. جا ئایا دەبینیت کەسیان مابێت و کەسیان ڕزگاری بووبێت؟!».

## ڕزگاربوونی هوود و بڕواداران:

هوود و بڕوادارانی هـاوەڵی دەربـاز بوون و ســـتەمکـاران لـە نـاو چوون، ئەمەش ســەرەنجامێکی دادوەرانەیە بۆ ئەوەی تەحەددای خوا بکات و دەر هەقی ســەرکەشی بنوێنێت: «وَلَمَّا جَاء أَمْرُنَا نَجَّيْنَا هُوداً وَالَّذِينَ آمَنُواْ مَعَهُ بِرَحْمَةٍ مِّنَّا وَنَجَّيْنَاهُم مِّنْ عَذَابٍ غَلِيظٍ» (هود: ٥٨). «کـاتێکیش فەرمانی ئێمە هات (کە بڕیاری تیاچوونی هۆزی عاد بوو) ئەوە هوود و ئەوانەی بڕوایـان هێنـابوو لەگەڵ ئەودا بوون ڕزگـاریشـــمان کردن بەهۆی بەزەیی و لێبوردەیی خۆمانەوە؛ لە سزایەکی زۆر قورس و گران ».

## له سوودەکانی بەسەرهاتەکە:

١- هەر کات بانگەواز نەبێت زانستیش نابێت، کە زاناکانیش نەبوون تاوان و بیدعه و هاوبەشـخوازی زاڵ دەبێت، بۆیە ئەگەر بانگەواز لە شـوێنێك نەما تۆوی تاوان سەوز دەبێت، کەواتە تەنها ساتێکیش لە بانگەوازی خوایی بێئاگا مەبە.

٢- پێوەری پیاوەتی بڕوا و هزر و هۆشـە؛ نەك زەبەلاحی و هێزی جەستە، بۆیە بڕوا بە گەورە بزانە و هزر و هۆشت بەکارخە، دەبیتە پیاو.

٣- خۆبەزلزانی لە شـوێنگەی ئاسـایش و دەوڵەمەندی و کاربەدەسـتی سـەر بەرز دەکاتەوە و، تاغووتێکە بەرانبەر هەق و ڕێنمایی و زانسـت دەوەسـتێنێتەوە، بۆیە هەر کەس تۆزقاڵێك خۆبەزلزانیی لە دڵدا بێت ناچێتە بەهەشت. ئاممان خۆت بە زل مەزانە.

٤- بـابەتی یەکەمی ژیـانی هەموو مرۆڤێـك و یەکەم بانگەوازی پێغەمبەران و بناغەی پێغەمبەرایەتییەکەیان تەوحیدە.

٥- هەر کەس متمانەی بە پەروەردگاری هەبێت؛ خوا متمانەی زیاد دەکات و یارمەتی دەدات.

٦- سـەرەنجامی تاوان زۆر خراپە و ئاسـەواریشی زۆر ئازاراوییە، هەر کات خوا سزا بدات؛ ئەوە بەهێز و خاوەن تۆڵەیە و سزای توندە، ئەگەر بەزەییشی بێتەوە؛ بەزەییەکەی لە هەموو شتێك بۆ بەندە چاکترە.

٧- خوا خۆشـــەویســـتانی خۆی قوتار دەکات و دەیانپارێزێت و نایانداتە دەســـتی دوژمنەکانی، بۆیە خۆشەویستی خوا بە؛ با بە پاڵپشتی خوا بە هێز و توانا بیت.

# ساڵح

«وَإِلَى ثَمُودَ أَخَاهُمْ صَالِحاً»

## هۆزی سەموود: باسی ناوچەکەیان و بارودۆخیان:

لە پاش هۆزی عاد هۆزی سـەموود هاتن لە باکووری وڵاتی عەرەبستانی ئێستا، لە نێوان حیجاز و تەبووکدا دەژیان. هۆزی سەموود لە ناوچەیەك نیشتەجێ ببوو کە پێیان دەوت: حیجر. خوای گەورە نازو نیعمەتی زۆری بە سەردا باراندبوون، بۆیە لە شوێنێکدا دەژیان کە خورما و داری بەر سێبەری خستبووە سەری و کانی زۆری لێهەڵقوڵا بوو. ئیتر لە ئاسایشێکی زۆردا بوون و ماڵ و کۆشکی گەورە و شکۆداریان کردبووەوە. هۆزی سەموود لە خۆشبەختییەکی بێسنووردا دەژیان ئەگەر تاکە هۆیەك نەبوایە؛ ئەویش ئەوە بوو کە بتپەرست بوون و کوفریان دەکرد، سا خوای گەورە سەیدنا ساڵحی ناردە لایان.

## ساڵح هۆزەکەی بەرەو یەکخواپەرستی بانگ دەکات:

سەیدنا ساڵح لە ناو هۆزەکەیدا بە ژیری و دانایی و خاوێنی و پاکی ناوی دەرکردبوو، زۆریان خۆش دەویست و ڕێزیان لێدەگرت. ساڵح پێی وتن: « يَا قَوْمِ اعْبُدُواْ اللّهَ مَا لَكُم مِّنْ إِلَهٍ غَيْرُهُ» (هود: ٦١). «ئەی خزمەکانم گوێڕایەڵی خوای گەورە بکەن جگە لەو زاتە هیچ خوایەکی ترتان نییە». ئەمە هەمان ڕستەیە کە بێ گۆڕان هەموو پێغەمبەران

وتوویانه هەر وەکو راستی و هەق ناگۆڕێت. هۆزەکەی سالح سەریان لەم وتەیە سووڕما! ئەو دەڵێت خواکانیان هیچ نرخێکیان نییە و بەرهەڵستیشیان دەکات لە پەرستنیان و فەرمانیان پێدەکات تەنها خوا بپەرستن! بانگەوازەکەی سالح خرۆشێکی گەورەی لە کۆمەڵگەکەدا درووستکرد.

هۆزەکەی سالح پێیان وت: «قَالُواْ يَا صَالِحُ قَدْ كُنتَ فِينَا مَرْجُوّاً قَبْلَ هَذَا أَتَنْهَانَا أَن نَّعْبُدَ مَا يَعْبُدُ آبَاؤُنَا وَإِنَّنَا لَفِي شَكٍّ مِّمَّا تَدْعُونَا إِلَيْهِ مُرِيبٍ» (هود: ٦٢). « خەڵکەکە وتیان: ئەی سالح، بەڕاستی پێش ئەم باسانەت تۆ لەناو ئێمەدا شوێنی هیوامان بوویت، ئایا بەرگری ئەوەمان لێدەکەیت کە شوێنی شتێك بکەوین کە با و باپیرانمان شوێنی کەوتوون و پەرستویانن؟! ئێمە بەڕاستی لە گوماندایین لەوەی کە تۆ بانگی ئێمە دەکەی بۆلای و بەدبینین لێی!!». جا سەرنج بدە کافرەکانی هۆزی سالح؛ کە چۆن بۆ سالح دەچنە پێشەوە و باسی کەسایەتییەکەی دەکەن: تۆ بە هۆی زانست و ژیری و راستگۆییتەوە جێی هیوای ئێمە بووی کەچی ئێستا هیواکەمان بە هەڵە دەرچوو، باشە بۆ داوامان لێدەکەی دەست لە پەرستنی خواکانی با و باپیرمان هەڵبگرین؟! ئێمە قەد بە هیوای بیستنی ئاوا داواکارییەك لە تۆ نەبووین! ئەم هۆزە سەری لە بانگەوازەکە سووڕما و نکوڵی لە هەق و راستی دەکات و لە بانگەشەکەی سالح بۆ خواپەرستی دەترسێت، بۆچی؟ تەنها لە بەر ئەوەی باب و باپیرانیان ئەم خوایانەیان دەپرست، کە بتی بێدەسەڵاتن!

## هاوبەشخوازە دوژمنکارەکان تۆمەتی شێتی دەدەنە پاڵ ساڵح:

ســـاڵح بـە خۆڕاگری و روونکـارییەوە درێژەی دایـە بانگەوازەکە، ژمارەیەکی کەم لە لاوازەکـان بڕوایـان پێهێنا و ملهوڕەکانیش گوێڕایەڵی نەبوون و دەســـتیان کردە پیلان گێڕان و تۆمەتبـارکردنی بـە جـادووگەری و شـــێتی. لەگەڵ خـاوێنی و روونـاکی بـانگەوازەکەی ســـاڵحـدا؛ بەڵام ئاشـــکرا بوو کە هۆزەکەی بڕوای پێناهێنن؛ چونکە گومانیان دەخســـتە بانگەوازەکەی و تۆمەتباریان دەکرد و داوای موعجیزەیان لێدەکرد تا بیسەلمێنێت پێغەمبەری خوایە: «قَالُوا إِنَّمَا أَنتَ مِنَ الْمُسَحَّرِينَ. مَا أَنتَ إِلَّا بَشَرٌ مِّثْلُنَا فَأْتِ بِآيَةٍ إِن كُنتَ مِنَ الصَّـادِقِينَ» (الشّعراء: ١٥٣-١٥٤). «خوانەناسان وتیان: وادیارە تۆ بەڕاستی لەوانەی کە فێڵ و جادووت لێکراوە!! تۆ جگە لەوەی کە هەر بەشەرێکی وەك ئێمە، هیچی تر نییت، بەڵگەیەکمان نیشان بدە ئەگەر لە راستگۆیانیت؟!».

لێرەدا ساڵح لە خوا پاڕایەوە موعجیزەیەکی بداتێ، خوای گەورەش هەواڵی وشترەکەی پێـدا؛ کـە لـە بەر چـاویـانـدا لـە نـاخی تـاشـــەبەردی کێوەکەوە دێتە دەرەوە. کاتێك وشـــترەکەیان بینی؛ ســـاڵح پێی وتن: «وَيَا قَوْمِ هَذِهِ نَاقَةُ اللّهِ لَكُمْ آيَةً فَذَرُوهَا تَأْكُلْ فِي أَرْضِ اللّهِ وَلاَ تَمَسُّوهَا بِسُوءٍ فَيَأْخُذَكُمْ عَذَابٌ قَرِيبٌ» (هود:٦٤). «ئەی خزمەکانم ئەمە وشـــترەکەیە کە لەلایەن خواوە کراوە بە موعجیزە و نیشـــانەیەکی تـایبەت (لەســـەر دەســـەڵاتی خۆی و راســـتی پێغەمبەرێتی من)، جـا وازی لێبهێنن با لە زەوی خوادا بلەوەڕێت، بەنیازی خراپەوە دەستی بۆ نەبەن، ئەگینا سزایەکی نزیك دەتانگرێت».

ئەوەش بزانە رۆڵەی خۆشەویستم کاتێك ئەم خەڵکە داوای بەڵگە و موعجیزە دەکەن؛ مەبەســتیان تەنها بە درۆخســتنەوە و گاڵتە پێکردن و بە فیڕۆدانی کاتە، ئەگینا قسەیەك

لەگەڵ سروشتی پاکی مرۆڤ بخوێنیتەوە هەرگیز پێویست بە موعجیزە ناکات. جا بزانە ئەمانە پاش بینینی ئەم موعجیزە گەورەیە کاردانەوەیان چییە؟ ئایا بڕوایان هێنا؟!

## موعجیزەی پێغەمبەر ساڵح:

وشترەکە موعجیزە بوو، بۆچی؟

چونکە تاشــە بەردێکی ئەو کێوە رۆژێك لەت بوو، لە بەر چاویاندا وشــترێکی لێهاتە دەرەوە بە پێچەوانەی وشــتری تر کە لە دایك دەبن. چونکە هەموو ئاوی بیرەکانی بە رۆژێـك دەخواردەوە، ئیتر ئـاژەڵەکانی تر لەو رۆژەدا توخنی ئاوەکان نەدەکەوتن. لەو رۆژەدا کە هەموو ئاوەکەی دەخوارد، ئەوەندەی شـیر دەدا کە بەشـی هەموو خەڵکیی دەکرد، بۆیە کە ئاوەکە نەدەما بە جێگای ئاو شــیریان دەخوارد. ئەم وشــترە موعجیزە بوو، خوای گەورەش بـە «وشــتری خوا» ناوی بردووە، تا دەریخات کە وشــترێکی ئاســایی نەبووە بەڵکوو موعجیزەی خوایە. هەروەها نیگای بۆ ســاڵح نارد کە فەرمان بداتە هۆزەکەی کاریان بە وشترەکە نەبێت و ئازاری نەدەن و نەیکوژن و لێی گەڕێن بۆ خۆی لە زەوی خوادا بلەوەڕێت، ئاگاداریشـــی کردنەوە؛ ئەگەر ئازارێکی پێبگەیەنن؛ ئەوە سزایەکی نزیك تووشیان دەبێت.

سـەرەتا کە وشـترەکە لە بەردەکان هاتە دەرەوە سـەموود زۆر ترسـان. وشترێکی پیرۆز بوو، بەشـی هەزاران کەس شیری دەدا و دیار بوو وشترێکی ئاسایی نییە. وشترەکە لە ناو هۆزی ساڵحدا ژیا، هەندێك بڕوایان هێنا و زۆرینەیشیان لە سەر بێباوەڕی و کوفر مانەوە، ئاخر کە بێباوەڕان داوای نیشانەیەك لە پێغەمبەرەکەیان دەکەن بۆ ئەوە نییە بڕوا

بهێنن بەڵکوو بۆ بەدرۆخستنەوە و سووکایەتی پێکردنییەتی لە پێشچاوی خەڵکی. بەڵام خوا بە راستاندنی پێغەمبەرەکانی لە رێگەی موعجیزەکانەوە رسوایان دەکات کە چی هەر بڕوا ناهێنن!!

## بە درۆ خستنەوەیساڵح و پشت تێهەڵکردنی سەموود:

رق لێبوونەوەی سەیدنا ساڵح لە لایەن بێباوەڕانەوە گۆڕا بۆ رق لێبوونەوەی وشترە پیرۆزەکە، کافرەکان رقیان لەم نیشانە گەورەیە بوو؛ ئیتر پلانیان بۆ دادەڕێژا. ساڵح لەگەڵ هۆزەکەی بە نەرمی و خۆشەویستی دەدوا و بەرە و خوا بانگی دەکردن و دەربارەی موعجیزەکەش کە وشترەکە بوو ئاگاداری دەکردنەوە، هیواشی وا بوو لە وشترەکە گەڕێن بۆ خۆی بە سەربەستی لە زەویی خوادا بلەوەڕێت، بەردەوامیش ئاگاداری دەکردنەوە ئەگەر ئازاری بدەن؛ تووشی سزای خوا دەبن. باسی ناز و نیعمەتەکانیشی دەکرد کە خوا پێی بەخشیون، کەچی هۆزەکە روویان لە قسەکانی دەچەرخاند و بەجێیان دەهێشت و روویان دەکردە بڕواداران و بە گاڵتەوە دەیانوت: «أَتَعْلَمُونَ أَنَّ صَالِحاً مُّرْسَلٌ مِّن رَّبِّهِ» (الأعراف: ٧٥). «باشە ئێوە وادەزانن کە ساڵح لەلایەن پەروەردگاریەوە رەوانە کراوە؟!». کۆمەڵە لاوازە موسوڵمانەکەش وتیان: «إِنَّا بِمَا أُرْسِلَ بِهِ مُؤْمِنُونَ» (الأعراف: ٧٥). «بە دڵنیاییەوە ئێمە باوەڕدارین بەو پەیامەی کە بەودا رەوانە کراوە». کافرەکان بە تاوانباری خۆیانەوە ئەوەندەی تر لە خۆبایی بوون و وتیان: «قَالَ الَّذِينَ اسْتَكْبَرُواْ إِنَّا بِالَّذِيَ آمَنتُمْ بِهِ كَافِرُونَ» (الأعراف: ٧٦). «ئەوانەی کە خۆیان بەزل و گەورە دەزانی وتیان: بەڕاستی ئێمە بێبڕواین بەوەی ئێوە بڕواتان پێ

هێناوه!». ئاوا به سـووكایه‌تی و خۆبه‌زلزانی و تووڕه‌ییه‌وه باسـی بڕوانه‌هێنانی خۆیان ده‌كه‌ن، ته‌نها به هۆی دوژمنكاری دژی بڕواداران و سووكایه‌تی پێكردنیان.

## كۆبوونه‌وه‌یه‌ک بۆ پیلانگێڕان دژی بانگه‌وازه‌که:

شه‌وێكیان سه‌ركرده‌كانی هۆزه‌كه كۆبوونه‌وه و گفتوگۆیان كرد: «فَقَالُوا أَبَشَراً مِّنَّا وَاحِداً نَّتَّبِعُهُ إِنَّا إِذاً لَّفِي ضَلَالٍ وَسُعُرٍ. أَأُلْقِيَ الذِّكْرُ عَلَيْهِ مِن بَيْنِنَا بَلْ هُوَ كَذَّابٌ أَشِرٌ» (القمر: ٢٤-٢٥). «جا وتیان: باشـه، ره‌وایه ئێمه شوێنی تاكه‌كه‌سێك بكه‌وین له‌خۆمان؟! ئێمه ئه‌گه‌ر بڕوا به‌كه‌سێكی وا بكه‌ین، ئه‌و كاته ئێمه به‌ڕاستی له گومڕایی و شێتی داین. ئایا راسته له‌نێوان ئێمه‌دا وه‌حی و نیگا بۆ ئه‌و ڕه‌وانه‌كرابێت؟ نه‌خێر شتی وا نابێت، به‌ڵكوو ئه‌و هه‌ر كابرایه‌كی زۆر درۆزن و خۆپه‌رسته و حه‌ز به‌گه‌وره‌یی ده‌كات!!».

درێژه‌یان دایه قسـه و راوێژه‌كه‌یان، یه‌كیان داوای لێكردن بێده‌نگ بن و وتیشـی: تاكه چاره‌سـه‌ر ئه‌وه‌یه سـه‌ره‌تا وشتره‌كه بكوژین پاشان ساڵح خۆیشی. یه‌كیان وتی: ئاخر سـاڵح هۆشـیاری داینێ ده‌رباره‌ی ئازاردانی وشـتره‌كه و هه‌ڕه‌شـه‌ی سـزای لێكردین. یه‌كیـان خێرا وتی: من كه‌سـێـك ده‌ناسـم كه ده‌وێرێت وشـتره‌كه بكوژێت. ئیتر به خۆشـحاڵییه‌وه هه‌واڵه‌كه‌یان بڵاو كرده‌وه. ئه‌مه سـته‌مگه‌رێكه له سـته‌مگه‌ره‌كانی شار؛ خراپه‌كـارێكه له زه‌ویدا. پاشـان پرسـییان: ئه‌رێ كێ یارمه‌تی ده‌دات بۆ كوشـتنی وشـتره‌كه؟ وتیان: كۆمه‌ڵه هاوڕێیه‌كی له شـاردا هه‌یه: «وَكَانَ فِي الْمَدِينَةِ تِسْـعَةُ رَهْطٍ يُفْسِـدُونَ فِي الْأَرْضِ وَلَا يُصْـلِحُونَ» (النمل: ٤٨). «له‌و شـاره‌دا نۆ ده‌سـته هه‌بوو كه

گونـاح[1] و تاوانیان ئەنجام دەدا و تۆوی خراپەیان لە وڵاتدا دەچاند و بەلای چاکە و چاکەکاریدا نەدەچوون». ئەمانە دەستەی فەساد و خراپەکاری بوون.

## جێبەجێکردنی تاوانی سەربڕینی وشترەکە:

کات و شوێنی خراپەکارییەکەیان دیاری کرد، لە هەمان شەودا و لە کاتێکدا کە وشترە پیرۆزەکە خەوتبوو؛ نۆ پیاوە خراپەکارەکە لە ئامادە کردنی چەك و شمشێر و تیرەکانیان بوونەوە.

«فَنَادَوْا صَـاحِبَهُمْ فَتَعَاطَى فَعَقَرَ» (القمر: ٢٩). «بانگی کەسێکی دڕیان کرد و هانیاندا بۆ ســەربڕینی، ئەویش بێباکانە پەلاماری شــمشــێری دا و ســەری بڕی». نۆ پیاوە خراپەکارە گێچەڵاویەکە دەستبەکار بوون و وشترەکەیان دۆزییەوە کە لە لای چاڵاوەکە دەگەڕایەوە، یەکیـان تیرێکی نـا بـە قاچییەوە، هەموو لە خۆشـــحاڵیدا هاواریان بەرز بووەوە، یەکی تریان بە شــمشــێر هێرشــی کردە ســەری و وشــترەکە کەوتە زەوی و دەسـبەجێ سـەری بڕی. دەستە تاوانبارەکە بۆ لای وشترەکە درێژ بووەوە و خوێنی لە سەر زەوی رژا، بۆیە سزا لە سەر خەڵکی پێویست کرا.

[1] زیاتر وشەی "گوناهـ" بەکاردەهینرێت، بەڵام کردوومانە بە "گوناح" کە هەندێك جار بەکاردەهێنرێت، چونکە وانازانین لە ڕێزمانی کوردیدا پیتی بزوێنی کورت لە کۆتاییدا دانرێت، ئەوە رەنگە لە عەرەبی و فارســییەوە تێکەڵی کوردی بووبێت، پێویستی بە بەدواداچوونی زیاتریش دەبێت لە کاتی تردا. (وەرگێڕ)

## گێلییەتی سەموود:

هەواڵ گەیشـتە ساڵح، بۆیە بە تووڕەییەوە لە ماڵ هاتە دەرەوە و رووی کردە هۆزەکە و وتی: بـاشــە مەگەر نەموت ئازاری وشــترەکە نەدەن؟! بەڵام ئەوان گاڵتەیان پێکرد و وتیـان: ئەوە ئێمـە کوشــتمـان، دەی تۆیش خێرا ســزاکەمـان بۆ بێنـە، مەگەر نـاڵێی پێغەمبەری خوام؟ «وَقَالُواْ يَا صَالِحُ ائْتِنَا بِمَا تَعِدُنَا إِن كُنتَ مِنَ الْمُرْسَلِينَ» (الأعراف: ٧٧). «وتیان: ئەی سـاڵح ئەگەر تۆ لە پێغەمبەرانیت، ئادەی ئەو هەڕەشانەی کە لێمان دەیکەیت بۆمان پێش بهێنە». ســاڵح پێی وتن: «تَمَتَّعُواْ فِي دَارِكُمْ ثَلاَثَةَ أَيَّامٍ ذَلِكَ وَعْدٌ غَيْرُ مَكْذُوبٍ» (هود: ٦٥). «رابوێرن لە مـاڵ و مەنزڵی خۆتاندا بۆ ماوەی ســێ رۆژ (دوای ئەو ماوە دیاری‌کراوە تیادەچن)، ئەوەش پەیمانێکە و هەرگیز بەدرۆ ناخرێتەوە».

## داباریني سزا لە سەر بێباوەڕان:

پاش رووداوەکە ساڵح هۆزەکەی وەل کرد، رۆیشت و جێیهێشتن، کار گەیشتە کۆتایی و خوا بەڵێنی پێدا پاش ســێ رۆژ لە ناویان بەرێت، دوای ســێ رۆژ ســزای تۆقێنەری خوا دێت.

ساڵح دەربارەی هەندێك لە نیشانەکانی سزاکە هەواڵی دایە هۆزەکەی، پاشان خۆی و بڕواداران رۆیشتن و شارە ستەمکارەکەیان جێهێشت. سێ رۆژەکە تێپەڕ بوو لە کاتێکدا هۆزەکـە گـاڵتەیـان بـە ســزاکـە دەکرد و چـاوەڕوانی هاتنی بوون. لە رۆژی یەکەمدا رووەکان زەرد بوون، لە رۆژی دووەمدا ســوور بوون و لە رۆژی سێیەمدا رەش بوون، ئیتر ترس و تۆقینی هۆزی ســەموود گەیشتە لووتکە، ئەمە هەمان نیشانەکانە کە ساڵح

باسـی کردبوو بۆیان. بەرەبەیانی رۆژی چوارەم هۆزەکە بە ترس و لەرزەوە چاوەڕوانی سزا بوون، دڵیان دەخرۆشا و سەریان بەرەو هەموو لایەك دەچەرخاند و دەیانوت: بڵێی سزاکە لە کوێوە بێت؟! ئاخر چۆن؟!

لە ناکاو ئاسمان بە هۆی ناڵەیەکی زۆر گەورەوە لەت بوو، ناڵەکە هەموو کێوو زەوی و دەشـتاییەکی تێکشکاند، هەموو گیانلەبەرەکانیشی تیا بردن! تاکە ناڵە و هاوارێك بوو، هێشـتا نەگەیشـتبووە کۆتایی هەموو بێباوەڕانی هۆزی سـاڵح بە جارێك وشك بوون و گیـانیـان دەرچووا دڵیـان لە ناخیاندا پارچە پارچە بوو وا لە ناڵەکە تۆقا بوون، خوای گەورە دەفەرموێتت: «إِنَّا أَرْسَلْنَا عَلَيْهِمْ صَيْحَةً وَاحِدَةً فَكَانُوا كَهَشِيمِ الْمُحْتَظِرِ» (القمر: ٣١). «ئەوسا ئێمەش بەیەك دەنگی بەهێزی سامناك (دڵی هەموویانمان پچڕاند) و وەك گژوگیای وشك لەناومان بردن».

هەموویـان تیاچوون و ماڵ و مەنزڵیان بووە کەلاوە، ئەو سـزایەیان بینی کە شـایانی بوون، ئاخر ئەوان وەکوو سـەیدنا سـاڵح پێی وتن: «لَقَدْ أَبْلَغْتُكُمْ رِسَالَةَ رَبِّي وَنَصَحْتُ لَكُمْ وَلَكِن لاَّ تُحِبُّونَ النَّاصِحِينَ» (الأعراف: ٧٩). «سـوێند بە خوا بەڕاسـتی پەیامی پەروەردگـارم بەچـاکی پێڕاگەیاندن و دڵسـۆزیم لەگەڵ کردن، بەڵام (بەداخەوە) ئێوە دڵسۆزانتان خۆش ناوێت».

بەڵام بڕوادارن لەگەڵ پێغەمبەرەکەیان شـوێنەکەیان جێهێشـت و دەرباز بوون، خوای گەورە دەفەرموێتت: «فَلَمَّا جَاء أَمْرُنَا نَجَّيْنَا صَالِحاً وَالَّذِينَ آمَنُواْ مَعَهُ بِرَحْمَةٍ مِّنَّا وَمِنْ خِزْيِ يَوْمِئِذٍ إِنَّ رَبَّكَ هُوَ الْقَوِيُّ الْعَزِيزُ. وَأَخَذَ الَّذِينَ ظَلَمُواْ الصَّيْحَةُ فَأَصْبَحُواْ فِي دِيَارِهِمْ جَاثِمِينَ. كَأَن لَّمْ يَغْنَوْاْ فِيهَا أَلاَ إِنَّ ثَمُودَ كَفرُواْ رَبَّهُمْ أَلاَ بُعْداً لِّثَمُودَ» (هود: ٦٦-٦٨).

«جا کاتێك فەرمانی ئێمە هات و بڕیاردرا لەکاتی دیاریکراودا، ئەوە سـالّح و ئەوانەی بڕوایان هێنابوو لەگەڵیدا رزگارمان کردن بە میهرەبانی و بەزەیی خۆمان، لە سەرشۆڕیی ئەو رۆژەش پەناماندان، بەڕاستی پەروەردگارت هەر خۆی خاوەنی هێزە و باڵادەستە. جـا ئەو دەنگە سـامنـاکەی بووە هۆی تیـاچوونیان هەموو ئەوانەی گرت کە تاوان و سـتەمیـان کرد و فەرمـانبەرداری پەروەردگـاریان نەبوون، سـەرەنجام هەموویان لە شـوێنەکانی خۆیاندا کەوتن بەڕووی زەویدا و تیاچوون لە بەرەبەیاندا. وەك ئەوەی کە هەر لەو شوێنەدا نەبووبن و تیایدا نەژیابن، ئاگادار بن بەڕاستی هۆزی سەموود بێبڕوا بوون بە پەروەردگـاریـان و بێوەفـا بوون بەرانبەری، ئـاگـاردار بن بڕیـاری دووری لە بەزەیی خوا درا بۆ هۆزی سەموود».

بەڵێ تووشی سزا بوون و خوا پێغەمبەرەکەی بە سەر دوژمنە بێباوەڕەکانیدا سەر خست و بەردەوامیش هەر وایە. سـزا و سـووکایەتی بۆ ئەو کەسـەیە بێڕێزی بە دینی خوا کردووە و شـوێن ئارەزووی نەفسـی کەوتووە، سـەرکەوتن و گەورەییش بۆ ئەوانەیە بڕوایان بە پێغەمبەران هێناوە و خوایان بە راسـت زانیوە، بۆیە چاکەکار؛ بە تا گەورە و رێزدار بێت.

## لە سوودەکانی ئەم بەسەرهاتە:

١- بە سوپاسگوزاری؛ ناز و نیعمەت زۆر دەبێت، بە کوفریش لەناو دەچێت.

٢- تۆمەتبـاریی ناڕەوا فێڵ و پیلانی دوژمنانی پێغەمبەران بووە لە هەموو کاتێکدا، بۆیە کە بەڵگەیان نەبووە پەنایان بردووەتە تۆمەتی بێبنەما و درۆ.

٣- خوا پێغەمبەرەکانی بە موعجیزە دەڕاستێنێت و پشتی دوژمنەکانیان دەدات بە زەویدا.

٤- هەر کەس بە تاوان رازیبێت تاوانبارە، هەر کەسیش فەرمان بە خراپەکاری بکات هاوبەشە تێیدا.

٥- شەیتان کۆمەڵە سەرباز و یارمەتیدەرێکی هەیە کە راوێژ لە سەر خراپە دەکەن، شەیتانیش فێڵ و نەخشەکانی خۆییان دەداتێ تا جێبەجێی کەن.

٦- خۆت بپارێزە لە سەرکەشی و هەڕاڵی و بەخۆنازین! ببیستە و فەرمانبەر و گوێڕایەڵی راستی بە، ئەگەرچی لە لایەن خوارترین کەسیشەوە بێت.

# ئیبراهیم

« إِنَّ إِبْرَاهِيمَ لَحَلِيمٌ أَوَّاهٌ مُّنِيبٌ»

## ئیبراهیمی خەلیل:

ئیبراهیم یەکێکە لە پێنج پێغەمبەرە ئولولعەزمەکە، کە خوای گەورە پەیمان و بەڵێنی توند و پتەوی لێ سەندوون، کە بریتین لە نووح و ئیبراهیم و مووسا و عیسا و پێغەمبەری ئازیزمان؛ موحەممەد درووودی خوایان لە سەر بێت. ئیبراهیم ئەو پێغەمبەرەیە کە خوا تووشی تاقیکردنەوەیەکی کرد کە لە توانای مرۆڤدا نییە، کەچی لەگەڵ ئەمەش ئیبراهیم بە جوانی و ڕێکوپێکی فەرمانی خوای برد بەڕێوە.

ئیبراهیم خۆشەویست و هەڵبژاردەی خوایە: «إِنَّ إِبْرَاهِيمَ كَانَ أُمَّةً قَانِتاً لِلّهِ حَنِيفاً وَلَمْ يَكُ مِنَ الْمُشْرِكِينَ. شَاكِراً لِّأَنْعُمِهِ اجْتَبَاهُ وَهَدَاهُ إِلَى صِرَاطٍ مُّسْتَقِيمٍ. وَآتَيْنَاهُ فِي الْدُّنْيَا حَسَنَةً وَإِنَّهُ فِي الآخِرَةِ لَمِنَ الصَّالِحِينَ» (النحل: ١٢٠-١٢٢). «بەڕاستی ئیبراهیم هەر خۆی ئوممەتێك بوو، ملکەچ و فەرمانبەرداری خوا بوو، لە هەموو بیرو باوەڕێکی چەوت بەدوور بوو، لە موشریك و هاوەڵگەرانیش نەبوو. هەروەها زۆر سوپاسگوزاری خوا بوو لە بەرامبەر ناز و نیعمەتی بێشوماری پەروەردگارییەوە، ئەویش هەڵیبژارد و ڕێنموویی کرد بۆ ڕێبازی راست و درووست. ئێمە هەر لە دنیادا چاکەمان پێبەخشی و پاداشتی چاکەمان دایەوە. بەڕاستی ئەو لە جیهانی داهاتوودا لە ریزی چاکاندایە».

پێغەمبەری خوا (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دەفەرموێت: «لە ڕۆژی قیامەتدا پێپەتی و رووت و

قووت و خەتێنەنەکراو حەشر دەکرێن، یەکەم کەس کە پۆشتە دەکرێتەوە ئیبراهیمە».[١]

## گەورەیی ئیبراهیم:

ئەگەر ئێمە باسی گەورەیی و مەزنی ئیبراهیم و ڕێزگرتنی خوای گەورە لەو بکەین؛ سەرمان سووڕ دەمێنێت!:

- ئێمە باسی مرۆڤێك دەکەین کە بە دڵێکی خاوێنەوە بەرەو خوا هات.

- مرۆڤێك، کە هەر خوا پێی وت: «أَسْـلِمْ»؛ « ملکەچ و فەرمانبەردار بە»، دەستبەجێ وتی: «أَسْلَمْتُ لِرَبِّ الْعَالَمِينَ» (البقرة: ١٣١). «تەسلیمی پەروەردگاری هەموو جیهان بووم».

- پێغەمبەرێك، کە یەکەم کەسە ئێمەی ناو ناوە موسوڵمان.

- پێغەمبەرێك، کە هاتنی پێغەمبەرمان موحەممەد (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دەسکەوتی دوعای خێر و وەرگیراوی ئەو بوو.

- پێغەمبەرێك، کە باوك یان باپیری هەموو پێغەمبەرانی پاش خۆیەتی.

- پێغەمبەرێك، کە ئارام و لێبوردە و خۆڕاگر و تەوبەکارە: «إِنَّ إِبْرَاهِيمَ لَحَلِيمٌ أَوَّاهٌ مُّنِيبٌ» (هود: ٧٥). « بەڕاستی ئیبراهیم زۆر لەسەرخۆ و بەئارام و خەمخۆر و گەڕاوەیە

[١] نووسەری بەڕێز نووسیویەتی بخاري (٤٤٦)، بەداخەوە بەو ڕیوایەتە نەماندۆزییەوە، بەڵام هاوشێوەی زۆرن، لای ئیمامی موسلیم بە ژمارە (٢٨٥٩) بەم شێوەیە هاتووە: (...يُحْشَرُ النَّاسُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ حُفَاةً عُرَاةً غُرْلًا...).

بۆ لای خوا». هەروەها خوای گەورە دەفەرمویت: «سَـــلَامٌ عَلَى إِبْرَاهِيمَ. كَذَلِكَ نَجْزِي الْمُحْسِـنِينَ. إِنَّهُ مِنْ عِبَادِنَا الْمُؤْمِنِينَ» (الصـافات: ١٠٩-١١١). «سـڵاوو درووود و ڕێز لەسـەر ئیبراهیم. ئێمە ئا بەو شـێوەیە پاداشتی چاکەکاران دەدەینەوە. بەڕاستی ئەمیش لەبەندە ئیماندارەکانی ئێمەیە».

خوای گەورە شـتێکی گەورەتر و مەزنتر لە هەموو ئەمانەمان بۆ باس دەکات: «وَاتَّخَذَ اللَّهُ إِبْرَاهِيمَ خَلِيلاً» (النسـاء: ١٢٥). «خوا ئیبراهیمی کردۆتە خۆشـەویسـتی خۆی و ڕێزداری کردووە». جـا لـە قورئـانـدا بـاسـی هیچ پێغەمبەرێکی تر نەهاتووە کە خوا کـردبێـتـیـە خەلـیـلی خۆی جگـە لە ئیبراهیم، ئەگەر چی پێغەمبەری ئـازیزمـان (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) هەواڵی داوە؛ کـە ئەویش خەلیلی خوایە. زانایان دەفەرمون: خەلیل واتە زۆر خۆشەویست.

ئیبراهیم وا پلـە و مەقـامێکی بەرزی هەیـە، کـە بـاڵاترین و بەرزترین هیوای هەموو ڕێڕەوان و ڕەنجدەران ئەوەیە؛ خوایان خۆش بوێت، بەڵام ئەوەی کە یەکیان ئارەزووی بێت خوا بە تایبەتی خۆشـی بوێت و خۆشەویستییەکی فراوان بەو تایبەت بکات، ئەمە لە خەیاڵدا ناگونجێت، بەڵام ئیبراهیم ئەو بەندە خواناسـەیە کە شـایستەیە خوا بیکاتە خۆشەویستی تایبەتی خۆی.

## لە دایکبوونی خواپەرستی سـەرڕاست و سەردەمی منداڵیی ئیبراهیم:

ئیبراهیم بە ڕەگەز دەگەڕێتەوە سەر سامی کوڕی نووح. سەیدنا ئیبراهیم لە شاری بابل

-کـە لـە نێوان دوو ڕووبـاری دیجلـە و فوڕات-دایـە لـە دایکبووە، لە ناو هۆزێکدا کە بتپەرسـت بوون و پادشایەکی ستەمکار و خوێنڕێژیان بە ناوی نەمرووود بوو، کە خۆی بە خوا دەزانی. باوکیشی ناوی ئازەر بوو، پیشەیشی دارتاشی بوو، لەوانە بوو کە بتیان درووسـتدەکرد و دەیانپەرسـت! هەموو دەورو بەری کوڕنووشیان بۆ ئەم بەرد و دارانە دەبرد، بەڵام سەیدنا ئیبراهیم هەرگیز بەوە رازی نەبوو کە ئەمانە خوا بن، هزر و هۆشی ئەم پڕوپوچانەی نەدەڕاسـتاند، بۆیە شوێن ئەم نەفامی و خراپەکارییە نەکەوت: «وَلَقَدْ آتَيْنَا إِبْرَاهِيمَ رُشْـدَهُ مِن قَبْلُ وَكُنَّا بِه عَالِمِينَ» (إبراهيم: ٥١). «سـوێند بەخوا بەڕاسـتی ئێمە ژیری و هۆشمەندیمان پێشتر بە ئیبراهیم بەخشی، ئێمە چاك ئەومان دەناسی».

ئیبراهیم گەورە بوو لە کاتێکدا کە هەر لە منداڵییەوە رقی لەو پەیکەرانە بوو کە باوکی دەیتـاشـی، تێندەگەی بـاشــە چۆن مرۆڤێك خۆی پەیکەرێك درووسـت دەکات و دەشیپەرستێت؟! سەیری کرد ئەمانە نە "دەنۆشن"، نە "دەخۆن"، نە "قسە دەکەن"، دەی باشە ئەمانە چۆن سوود و زیان دەگەیەنن؟! ئەم بیرۆکە ماوەیەکی زۆر ئازاری دا، باشە ئایا دەکرێت هەموو هۆزەکە لە سەر هەڵە بن و ئەم بە تاقی تەنیا لە سەر راستی؟

هۆزی ئیبراهیم پەرسـتگایەکی پڕ لە پەیکەریان بوو، لە ناوەڕاسـتیدا میحرابێکی تێدا بوو، کـە پەیکەری خوا گەورەکـانیـان لێ دانـابوو، ئیبراهیم بە منداڵی لەگەڵ باوکیدا دەچووە پەرسـتگاکە، بەڵام هەستی بە بچووکی و بێدەسەڵاتیی ئەم داروبەردانە دەکرد. پاشـان پێغەمبەرایەتییەکەی دەستی پێکرد، خوای گەورە پێی فەرموو: «أَسْلِمْ»، ئەویش دەسبەجێ وتی: «أَسْلَمْتُ لِرَبِّ الْعَالَمِينَ» (البقرة: ١٣١).

ئیبراهیم بیری لە نزیکترین کەسـی خۆی کردەوە، کە بەرەو خواپەرسـتی بانگی کات،

ئەویش باوكی بوو، بۆیە رووی تێكرد، تا جیهاد و تێكۆشـــانی لە رێی خوادا دەســـت پێبكات.

## سەرەتای بانگەوازەكە:

ئیبراهیم  بە میهرەبانی و نەرمییەوە چووە لای باوكی، هەوڵی دا رازیی بكات، دەســت لە بتپەرســتی هەڵبگرێت،  وتی باوكە گیان سەیری ئەم بتانە كە، باشە مەگەر وا نییە كە نابیستن و وەڵام نادەنەوە  و نامانبینن؛ چونكە داروبەردی بێگیانن؟! پێی وت: «يَا أَبَتِ لِمَ تَعْبُدُ مَا لَا يَسْـمَعُ وَلَا يُبْصِـرُ وَلَا يُغْنِي عَنكَ شَيْئاً» (مريم: ٤٢). «باوكی بەڕێزم! ئەوە تۆ بۆچی شــتێك دەپەرســتیت كە نەگوێ بیســتە، نە دەبینێت، نە هیچ ســوودێكت پێ دەگەیەنێت». ئەمە پرســیارێكی ســروشــتی راشكاو و سادەیە: بۆچی_ئاخر، بۆچی ئەم بتانە دەپەرستی؟! جا هیچ كاتێك نابینیت بتپەرستان وەڵامی ئەم پرسیارە بدەنەوە، هەر كات بە راشكاوی ئەمەیان لێبپرسیت را دەكەن و پشت هەڵدەكەن.

جا چونكە ئەم پرســـیارە باوكیی تووڕە دەكرد؛ ئیبراهیم ویســـتی بە باســـكردنی پلەی كوڕەكەی ســـۆزی بـاوكـایەتیی بێنێتـە جۆش، بۆیـە بۆی روونكردەوە كـە خوا بۆ پێغەمبەرایەتی هەڵیبژاردووە: «يَا أَبَتِ إِنِّي قَدْ جَاءنِي مِنَ الْعِلْمِ مَا لَمْ يَأْتِكَ فَاتَّبِعْنِي أَهْدِكَ صِـرَاطاً سَوِيّاً» (مريم: ٤٣). « ئەی باوكی بەنرخم! بەڕاستی ئەو زانست و زانیارییەی كە بۆ من هاتووە؛ بێگومان بۆ تۆ نەهاتووە، كەواتە پەیڕەوی من بكە، رێنموویيت دەكەم بۆ رێگە و رێبازێكی راســت و درووست». دەربارەی شەیتانیش ئاگاداری كردەوە: «يَا أَبَتِ لَا تَعْبُدِ الشَّــيْطَانَ إِنَّ الشَّــيْطَانَ كَانَ لِلرَّحْمَنِ عَصِــيّاً» (مريم: ٤٤). «ئەی باوكی

ئازیزم! شــەیتان مەپەرســتە، چونکە بەڕاســتی شــەیتان یاخییە لە خوای میهرەبان و سەرکەشیی کردووە».

جـا بڕوانـە چۆن ئیبراهیم بـە ئەدەب و ڕێزەوە لەگەڵ بـاوکی دەدوێـت، بەردەوام پێی دەڵێـت: باوکە گیان! باوکی هیچ وەڵامێکی بۆ ئەم پرســیارە راشــکاوانە نییە، هیچی پێنـاکرێـت جگە لەوەی تووڕە بێت، بۆیە بە کوڕەکەی وت: «أَرَاغِبٌ أَنتَ عَنْ آلِهَتِي يَا إِبْرَاهِيمُ» (مریم: ٤٦). «ئەی ئیبراهیم بۆچی تۆ لە خواکـانی من بێزاری؟». پـاشــان هەڕەشــەی بەردباران کردن و دەرکردنی لێکرد: «لَئِن لَّمْ تَنتَهِ لَأَرْجُمَنَّكَ وَاهْجُرْنِي مَلِيّاً» (مریم: ٤٦). «بەڕاستی ئەگەر کۆڵ نەدەیت و وازنەهێنیت بێگومان بەردبارانت دەکەم، بڕۆ ون بە لەپێشــچاوم هەر نەتبینمەوە!». بەڵام ســەیدنا ئیبراهیم، ئەم کوڕە چاکەکارە دەرهەق بـاوك و دایکی؛ بـە پێچەوانەی کوفر و دژایەتیی بـاوکی، بـە ئەدەبی تەواوە قسـەی کرد: «سَـلَامٌ عَلَيْكَ سَأَسْتَغْفِرُ لَكَ رَبِّي إِنَّهُ كَانَ بِي حَفِيّاً» (مریم: ٤٧). «سڵاوت لێبێـت (وا من دەڕۆم) لەمەولا داوای لێخۆشــبوون و (هیدایەتت) لە پەروەردگارم بۆ دەخوازم، چونکە ئەو زاتە زۆر منی خۆش دەوێت و ڕێزی بۆ داناوم».

پاشــان رایگەیاند کە لە بتپەرســتی بەری و بێزارە و خواویســتانە تەنها پەروەردگار دەپەرستێت: «وَأَعْتَزِلُكُمْ وَمَا تَدْعُونَ مِن دُونِ اللَّهِ وَأَدْعُو رَبِّي عَسَى أَلَّا أَكُونَ بِدُعَاءِ رَبِّي شَقِيّاً» (مریم: ٤٨). «وا من دوور دەکەومەوە و کەنارگیری دەکەم لە ئێوە و لەو شتانەی کە لـە بری خوا دەیپەرســتن، من تەنها هاناو هاوار بۆ پەروەردگارم دەبەم و هەر ئەو دەپەرستم، ئومێدەوارم کە پەروەردگارم نائومێد و ڕەنجەڕۆم نەکات و دوعا و پەرستنم لێ وەربگرێت». ئیبراهیم داوای لێخۆشــبوونی بۆ باوکی کرد بەو هیوایەی کە خوا لە تـاوانەکـانی خۆش بێـت، بەڵام کـە زانیی دوژمنی خوایە ئیتر لێی بێزار بوو. پاشــان

درێژەی دایە بانگەوازەکەی، چووە لای هۆزەکەی لە کاتێکدا زۆر بە داخ و خەشمەوە بوو، کـە دەیبینی بۆ بتەکان دادەنەون و لێیان دەپاڕێنەوە؛ دەربارەی بتەکان پرســیاری لێکردن: «مَـا هَـذِهِ التَّمَـاثِيـلُ الَّتِي أَنتُمْ لَهَا عَاكِفُونَ»؟! (الأنبياء: ٥٢). «ئەم پەیکەرانە چین ئێوە هەمیشــە بەدەوریـدا دێن و دەیـانپەرســتن؟!». بۆ بـە جێی خوا ئەمـانـە دەپەرســتن؟! ئەوانیش گێلانە وتیان: «قَالُوا وَجَدْنَا آبَاءنَا لَهَا عَابِدِينَ» (الأنبياء: ٥٣). «لەوەڵامـدا (تەنها بەڵگەیان ئەوە بوو)، کە وتیان: ئێمە با و باپیرانمان بینیوە ئەمانەیان پەرستووە».

بەڵگەی بتپەرســتییان تەنها ئەوەیە کە با و باپیریان ئەم بتانەیان پەرســتووە!! ئەویش گومڕاییەکانیانی روونکردەوە: «قَالَ لَقَدْ كُنتُمْ أَنتُمْ وَآبَاؤُكُمْ فِي ضَــلَالٍ مُّبِينٍ» (الأنبياء: ٥٤). «ئیبراهیم وتی: بەڕاستی ئێوە و با و باپیرانی ئێوە لە گومڕاییەکی ئاشکرادا بوون». بـە گومـانەوە پرســیاریان لێکرد: «أَجِئْتَنَا بِالْحَقِّ أَمْ أَنتَ مِنَ اللَّاعِبِينَ» (الأنبياء: ٥٥). «بەڕاســت تۆ حەقیقەتت بۆ ئێمە هێناوە یان گاڵتە دەکەیت؟! ». وەڵامی دانەوە: «بَل رَّبُّكُمْ رَبُّ السَّـمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ الَّذِي فَطَرَهُنَّ وَأَنَا عَلَى ذَلِكُم مِّنَ الشَّاهِدِينَ» (الأنبياء: ٥٦). « (من گـاڵتە نـاکەم) بەڵکوو دەمەوێـت تێتـان بگەیەنم کە پەروەردگـارتـان پەروەردگاری ئاسمانەکان و زەویە و بەدییهێناون، من لەسەر ئەو بیروباوەڕە لە شایەت و ئاگادارەکانم».

## هەڵوێستی کافرەکان و خۆڕاگریی ئیبراهیم:

هۆزەکـە گاڵتەیان پێکرد، نکوولێشــیان لەوە کرد ئەم جیهانە خوایەکی هەبێت جگە لە

خواکانی ئەوان. ئیبراهیم پشووودرێژانە هەوڵیدا رازییان بکات، ئاماژەی دایە بتەکان و وتی: «قَالَ هَلْ يَسْـمَعُونَكُمْ إِذْ تَدْعُونَ. أَوْ يَنفَعُونَكُمْ أَوْ يَضُـرُّونَ» (الشـعراء: ٧٢-٧٣). «ئیبراهیم وتی: ئایا کاتێك کە هانا و هاواریان بۆ دەبەن و دوعا و نزا دەکەن؛ گوێیان لە نـاڵە و داخوازیەکـانتـان هەیە؟! یـاخود دەتوانن ئەوانە ســوود یـان زیـانێکتـان پێ بگەیەنن؟».

کەچی هۆزەکـە هەر درێژەیـان دایـە دوژمنـایەتیی کوێرانە و وتیان: «بَلْ وَجَدْنَا آبَاءنَا كَذَلِكَ يَفْعَلُونَ» (الشـــعراء: ٧٤). «(ئێمە ئەوە نازانین) با و باپیرانی خۆمانمان بینیوە ئاوایان کردووە (ئێمەش وا دەکەین) !!» ئیتر ئەویش راشکاوانە دوژمنایەتی و شەڕی خۆی دژی بتەکان و بڕوای بە پەروەردگار دەربڕی: «قَالَ أَفَرَأَيْتُم مَّا كُنتُمْ تَعْبُدُونَ. أَنتُمْ وَآبَـاؤُكُمُ الْأَقْدَمُونَ. فَإِنَّهُمْ عَدُوٌّ لِّي إِلَّا رَبَّ الْعَالَمِينَ» (الشـــعراء: ٧٥-٧٧). «ئیبراهیم وتی: باشە ئاخر ئێوە نابینن چی دەپەرستن؟ بەڕاستی ئێوەش و با و باپیرانی دێرینیشتان (بە هەڵەدا چوون). بێگومـان هەموو ئەوانە دوژمنی منن، بە دوژمنی خۆمیـان دەزانم جگە لە پەروەردگاری جیهانەکان».

پـاشــان هۆی بڕواهێنـانی بە پەروەردگاری بۆ باس کردن: «الَّذِي خَلَقَنِي فَهُوَ يَهْدِينِ. وَالَّذِي هُوَ يُطْعِمُنِي وَيَسْقِينِ. وَإِذَا مَرِضْتُ فَهُوَ يَشْفِينِ. وَالَّذِي يُمِيتُنِي ثُمَّ يُحْيِينِ. وَالَّذِي أَطْمَعُ أَن يَغْفِرَ لِي خَطِيئَتِي يَوْمَ الدِّينِ» (الشعراء: ٧٨-٨٢). «ئەوەی درووستی کردووم هەر ئەو رێنموییم دەکـات. ئەو زاتەش خۆی خۆراکم پێ دەبەخشــێـت و تینوێتیم دەشــکێنێت. کاتێکیش کە نەخۆش دەکەوم، هەر ئەو چارەســەرم دەکات و شــیفام بۆ دەنێرێت. هەر ئەویش دەممرێنێت و لەوەودواش زیندووم دەکاتەوە. هەر ئەوە ئومێدم پێیەتی کە لە گوناهم خۆش ببێت لە رۆژی قیامەتدا».

ئیتر ئاوا راستیەکانی بۆ روون کردنەوە و بەردەوام بوو لە بانگەوازەکە، هەموو جارێك وتووێژی لەگەڵ دەکردن بێ ئەوەی رازی ببن، بۆیە بە تووڕەییەوە هەڕەشەی لە بتەکان کرد: «وَتَاللَّهِ لَأَكِيدَنَّ أَصْنَامَكُم بَعْدَ أَن تُوَلُّوا مُدْبِرِينَ» (الأنبياء: ٥٧). «بەخوا نەخشەیەك دەکێشم و داوێك دەنێمەوە بۆ بتەکانتان دوای ئەوەی ئێوە بەجێتان هێشتن و پشتتان هەڵکرد»، دەیانشکێنم تا بۆتان دەرخەم ئەمانە تەنانەت ناتوانن بەرگری لە خۆیان بکەن، کەچی هۆزەکە پێیان وابوو ناتوانێ کارێکی وا بکات.

## شکاندنی بتەکان:

خەڵکی شارەکە جەژنێکی ساڵانەیان هەبوو کە هەموو تێیدا کۆ دەبوونەوە، لە رۆژی جەژنەکەدا سەیدنا ئیبراهیم وتی: «إِنِّي سَقِيمٌ» (الصافات: ٨٩). «من نەخۆشم» بۆ ئەوەی لەگەڵیان نەچێتە دەرەوە. خەڵکی شار هەموو بەرەو جەژنەکە رۆیشتن و رێگای پەرستگا چۆڵ بوو. سەیدنا ئیبراهیم بەپەلە خۆی گەیاندە پەرستگاکە و هەوڵیدا کەس نەیبینێت، تەورێکی نایە سەرشان و رووەوڕووی بتەکان وەستا، خۆراکێکی زۆری بینی کە خەڵکی شارەکە وەك قوربانی بۆ بتەکان هێنابوویانە پێشەوە، بۆیە بە گاڵتەوە پێی وتن: «أَلَا تَأْكُلُونَ» (الصافات: ٩١). «ئەرێ ئەوە ناخۆن؟!» ئەو دەیزانی ئەمانە دار و بەردن و ناخۆن، بەڵام پرسیارەکە لە قین و خەشمەوە دەهات: بخۆن دەی بخۆن، ئەرێ بۆ ناخۆن؟!

پاشان بە تووڕەییەکی زیاترەوە وتی: «مَا لَكُمْ لَا تَنطِقُونَ» (الصافات: ٩٢). بۆ وەڵام نادەنەوە و بەرگری لە خۆتان ناکەن ئەگەر ئێوە سوودێك دەگەیەنن؟! پاشان تەورەکەی

هەڵگرت و هەموو بتەکانی تێکشـــکاند جگە بتێکی گەورە: «فَجَعَلَهُمْ جُذَاذاً إِلَّا كَبِيراً لَّهُمْ لَعَلَّهُمْ إِلَيْهِ يَرْجِعُونَ» (الأنبياء: ٥٨). « ئینجا هەموویانی وردوخاش کرد، جگە لە گەورەکەیان، بەڵکوو کە گەڕانەوە بچنە لای ئەو بتە (پرسیاری لێبکەن و ئەویش وەڵام نەداتەوەو ئیتر بێنە سـەر ئەقڵ و هۆش)». ئەم بتە لە هەموو بتەکان گەورەتر و لای خەڵکی شارەکە مەزنتر بوو، ئیبراهیم تەورەکەی خستە سەر ئەو و گەڕایەوەماڵەوە بەو هیوایـە کـە خەڵکەکـە ئەم بەڵگە روونە ببینن و بزانن کە ئەم بتانە تەنانەت بەرگری لە خۆیشـیان ناکەن. جەژنەکە تەواو بوو، خەڵکی شـار گەڕانەوە و چوونە پەرسـتگا، لە ناکاو بینیان بتەکان شـکاون! جا سـەرنجی ئەو دیمەنە بدە: بەندە گومڕاکان دەچنە پەرستگاکانیان، کە چی دەبینن خواکانیان ورد وردکراون!

## ئیبراهیم بێدەسەلاتیی بتەکان دەسەلمێنێت:

خەڵکەکە زۆر تووڕە بوون و پرسـیاریان لە یەکتر دەکرد: «مَن فَعَلَ هَذَا بِآلِهَتِنَا إِنَّهُ لَمِنَ الظَّالِمِينَ» (الأنبياء: ٥٩). «باشـە کێ وای لە خواکانمان کردووە؟! بەڕاسـتی ئەوەی ئەمەی کردووە لە سـتەمکارانە!!». پاشـان بانگەواز و هەڕەشـەکەی ئیبراهیمیان بیر هاتەوە کە لە بتەکانی کردبوو: «سَـمِعْنَا فَتًى يَذْكُرُهُمْ يُقَالُ لَهُ إِبْرَاهِيمُ» (الأنبياء: ٦٠). «گوێمـان لـە گەنجێك بوو دەربـارەی بتەکـان دەدواو گـاڵتەی پێـدەکردن، کـە ناوی ئیبراهیمە». بۆیە دەسـتبەجێ فەرمانی ئامادەکردنی ئیبراهیمیان دا و بە سـەربازەکانیان وت: «فَأْتُوا بِـهِ عَلَى أَعْيُنِ النَّاسِ لَعَلَّهُمْ يَشْـهَدُونَ» (الأنبياء: ٦١). «کەوابوو بیهێنن بەبەرچاوی خەڵکەوە (موحاسەبەی بکەین و لێی بکۆڵینەوە) با ئەوانیش ئاگاداربن و

بیبینن».

سەربازەکان ئیبراهیمیان هێنا بۆ پەرستگاکە، بە تووڕەییەوە لێیانڕوانی و پرسیاریان لێکرد: «أَأَنتَ فَعَلْتَ هَذَا بِآلِهَتِنَا يَا إِبْرَاهِيمُ» (الأنبياء: ٦٢). «باشە ئیبراهیم ئایا تۆ ئەمەت بە خواکانمان کردووە؟!» ئەمانە ئێستاش سوورن کە ئەوانە خوان!! لەگەڵ ئەوەشدا کە ورد و پرد بوون. ئیبراهیم ئاماژەی دایە بتە گەورەکە و تەورەکەی سەری، وتی: «قَالَ بَلْ فَعَلَهُ كَبِيرُهُمْ هَذَا فَاسْأَلُوهُمْ إِن كَانُوا يَنطِقُونَ» (الأنبياء: ٦٣). « ئیبراهیم وتی: نەخێر، هەر کاری ئەو بتە زلەیە، دە لێیان بپرسن ئەگەر قسە دەکەن و تێدەگەن!!».

هۆزەکە بیریان کردەوە؛ باشە خۆ ئەوە خواکان تێکشکێندراون و گەورەکەشیان نەیتوانیوە بەرگرییان لێبکات، ئەمانە بەرد و دارێکن نادوێن و نابینن و بەرگری لە خۆیشیان ناکەن، دەی باشە ئیتر چۆن دەیانپەرستن؟! بەڕاستی بەم بتپەرستییە ستەمێکی گەورەیان لە خۆیان کردووە: «فَرَجَعُوا إِلَى أَنفُسِهِمْ فَقَالُوا إِنَّكُمْ أَنتُمُ الظَّالِمُونَ» (الأنبياء: ٦٤). «لە دڵی خۆیاندا لێکیان دایەوە، سەرەنجام وتیان بە خۆیان: بەڕاستی ئێوە هەمیشە ستەمکارن». کە ئیبراهیم بەڵگە بنبڕەکەی هێنا؛ ئەوان دانیان بە هەڵەی خۆیاندا نا، بەڵام خێرا گەڕانەوە بۆ گومڕایی و ڕەتیان کردەوە کە خۆیان خەتابار بن و ئەم لاوە ڕاست بکات. بە خۆبەزلزانی و سەرکەشییەوە پێیان وت: «لَقَدْ عَلِمْتَ مَا هَؤُلَاءِ يَنطِقُونَ» (الأنبياء: ٦٥). «بێگومان تۆ زانیوتە کە ئەوانە قسە ناکەن و تێناگەن!!».

لێرەدا سەیدنا ئیبراهیم تووڕە بوو، پێی وتن: «أَفَتَعْبُدُونَ مِن دُونِ اللَّهِ مَا لَا يَنفَعُكُمْ شَيْئاً وَلَا يَضُرُّكُمْ. أُفٍّ لَّكُمْ وَلِمَا تَعْبُدُونَ مِن دُونِ اللَّهِ أَفَلَا تَعْقِلُونَ» (الأنبياء: ٦٦-٦٧). «باشە

ئاخر چۆن شتێك دەپەرستن لە جیاتی خوا كە ناتوانێت هیچ جۆرە سوود یان زیانێكتان پێ بگەیەنێت؟! ئۆف لە دەستان و لەو شتانەش كە لەجیاتی خوا دەیپەرستن، جا ئایا ئەوە تێناگەن و بیرو هۆشتان ناخەنەكار؟!». وتی باشە كە هەموومان دەزانین ئەمانە نابیستن و نادوێن و سوود و زیان ناگەیەنن، ئیتر بۆ دەیانپەرستن؟! ئەقڵ و هزرتان لە كوێیە؟!

## پیلان دژی پێغەمبەری خوا و خستنە ناو ئاگری:

هۆزەكە تووڕە بوون و ویستیان تۆڵەی لێبسێننەوە، بۆیە بەڵێنیان دا بیسووتێنن، ئیتر ئەم فەرمانە ستەمگەرانە بێبەزەییانەیان دەركرد: «حَرِّقُوهُ وَانصُرُوا آلِهَتَكُمْ إِن كُنتُمْ فَاعِلِينَ» (الأنبياء: ٦٨). «چاك بیسووتێنن و یارمەتی خواكانتان بدەن ئەگەر ئێوە دەتانەوێت كارێك بكەن (بۆ پشتگیریی خواكانتان)». ئیتر دەستیان كردە ئامادەكاری بۆ سووتاندنی سەیدنا ئیبراهیم. هەواڵ لە هەموو وڵات بڵاوبووەوە، خەڵك لە هەموو گوند و شار و شاخێكەوە هاتن تا دیمەنی سزادانی كەسێك ببینن؛ كە سووكایەتیی بە خواكان كردووە. چاڵێكی گەورەیان هەڵكەند و پڕیان كرد لە پووش و پڵاش و دار و چیلكە و ئاگرێكیان تیا داگیرساند، پاشان مەنجەنیقیان ئامادە كرد تا ئیبراهیمی پێ فڕێدەنە ناو ئاگرەكە، ئیتر دەست و قاچیان بەستەوە و لە مەنجەنیقەكەدا دایاننا، بڵێسەی ئاگر بەرز بووەوە بۆ ئاسمان و خەڵك لە ترسی گەرماكە دوور وەستابوون. پاشان گەورەترین پیاوی ئاینییان فەرمانی فڕێدانی ئیبراهیمی بۆ ناو ئاگرەكە دەركرد.

جوبرەئیل هاتە لای و پێی وت: ئایا پێداویستییەكت هەیە؟ فەرمووی: بە تۆ نەخێر!

جوبڕەئیـل وتی: دەی داوا لـە پەروەردگـارت بکـە. ئەویش تەنهـا ئەم وتـە گەورەیەی فەرموو: «حَسْبُنَا اللّهُ وَنِعْمَ الْوَكِيلُ».

## رزگار کردن و پاراستنی لە لایەن خوای گەورەوە:

مەنجەنیق ئیبراهیمی خســتـە نـاو چـاڵی ئاگرەکە، ئاگرەکە لە جێی خۆیدا بوو، بەڵام ئەرکی ســووتـانـدنی جێبەجێ نەکرد، ئاخر خوا فەرمانی بە ئاگرەکە کرد: «قُلْنَا يَا نَارُ كُونِي بَرْداً وَسَــلَاماً عَلَى إِبْرَاهِيمَ» (الأنبياء: ٦٩). «وتمان ئەی ئاگر ســارد بەرەوە و بێزیان بە بۆ ئیبراهیم». ئاگرەکەش دەسبەجێ ملکەچیی دەربڕی و سارد بووەوە، تەنها ئەو گوریسـەی سـووتاند کە دەست و قاچی پێ بەسترابووەوە. ئیبراهیم لە ناوەڕاستی ئاگرەکەدا دانیشـت دەتوت لە ناوەڕاستی باخێکدایە، دەستی کردە سوپاس و بە گەورە زانینی خوا، هیچ ترسێك لە دڵیدا نەبوو، دڵی پڕ بوو لە خۆشەویستی، ئاگرەکە بەردەوام بوو، بۆیـە کـافرەکـان گومانیان کرد تازە هەر ناکوژێتەوە! کاتێك کوژایەوە ئیبراهیم بە ساغی و سەلامەتی لە چاڵەکە هاتە دەرەوە!! ئەوان روویان بە دووکەڵی ئاگرەکە رەش ببوو، بەڵام ئەو رووی دەدرەوشـایەوە! ئەوان هەندێك لە جلەکانیان سـووتا بوو، بەڵام جلەکانی ئەم هیچی لێنەهاتبوو!

پـاکی و بێگەردی بۆ خوای بـاڵادەســت: «وَأَرَادُوا بِـهِ كَيْـداً فَجَعَلْنَاهُمُ الْأَخْسَــرِينَ» (الأنبياء: ٧٠). «ئەوان ویسـتیان پیلان بگێرن لە ئیبراهیم (بە سـووتان لەناوی بەرن)، بەڵام ئێمە ئەوانمـان کردە زەرەرمەنـدترین کەس». شــەڕی کـافرەکـان دژی ئیبراهیم شکستی هێنا.

## قوناغێکی تر لەگەڵ کوفر:

کافرەکان لە شەڕەکەدا شکستیان هێنا، بەڵام شەڕ هەر درێژەی هەبوو، قۆناغێکی نوێ لەگەڵ پادشاکەیان دەستی پێکرد، گوێ بگرە با ئەمەشت بۆ بگێڕمەوە:

لەو کاتەدا ستەمگەرێکی خۆبەزلزان، کە پادشای بابلی عێراق و؛ ناوی نمروود بوو، خۆی بە خوا دەزانی، بۆیە لە بانگەوازەکەی ئیبراهیم ترسا و ویستی بۆ ئیبراهیم بسەلمێنێت، کە خوایە! سەیدنا ئیبراهیم بە راستی و پێغەمبەرایەتییە خاوێنەکەی بەرامبەر نەمروود وەستا؛ بە هێز و ستەمکارییەکەیەوە، ویستی رەخنە بکاتە تاریکییەکانی ناخی نەمروود و سەرکەشییەکەی تێکبشکێنێت. نەمروود وتی: خوای تۆ چی دەکات کە من ناتوانم بیکەم؟ فەرمووی: «رَبِّيَ الَّذِي يُحْيِي وَيُمِيتُ» (البقرة: ٢٥٨). «پەروەردگاری من ئەو زاتەیە ژیان دەبەخشێت و ژیان دەستێنێ». نەمروود بە نەفامی و خۆبەزلزانییەوە تێبڕوانی و وتی: «أَنَا أُحْيِي وَأُمِيتُ» (البقرة: ٢٥٨) «منیش ژیان دەبەخشم و ژیان دەستێنم»، دەسبەجێ فەرمانی دا؛ کابرایەکیان هێنا وادەی لە سێدارەدانی هاتبوو، فەرمانی دا لێی خۆشبن، پاشان نەفامانە وتی: من ئەم کابرام زیندوو کردەوە لە پاش ئەوەی نزیك بوو بمرێت! پاشان کابرایەکی تری هێنا و فەرمانی کوشتنی دەرکرد، وتی: من ئەم کابرایەم مراند! ئەمە درۆ و لووتبەرزیی نەمروود بوو، دەنا خۆیشی دەیزانی مەبەست ئەمە نییە.

کاتێك ئیبراهیم گەمژەیی و و فێڵبازیی نەمروودی بینی؛ شتێکی پێوت کە حەپەساندی: «فَإِنَّ اللَّهَ يَأْتِي بِالشَّمْسِ مِنَ الْمَشْرِقِ فَأْتِ بِهَا مِنَ الْمَغْرِبِ» (البقرة: ٢٥٨). «بێگومان خوا رۆژ لە رۆژهەڵاتەوە هەڵدەهێنێ، دە (ئەگەر دەتوانیت) تۆ لە رۆژئاواوە هەڵی

بێنە». لێرەدا کابرای بێباوەڕ سەری سووڕما و هەستی بە بێدەسەڵاتی کرد و نەیتوانی وەڵامی بداتەوە.

ئیبراهیم پێی سەلماند کە درۆزنە، وتی خوا رۆژ لە رۆژهەڵاتەوە دێنێت، دەی تۆ دەتوانی پێچەوانەی کەیتەوە و لە رۆژئاواوە بیهێنی؟! دەی ئەم خۆبەزلزانە، هەر چەندە هەوڵ بدات و هەر هێزێکیش بە کاربهێنێت، ناتوانێ کاریگەریی لە سەر بزاوتی رۆژ(خۆر) هەبێت. ئیتر پادشاکە تێگەیشت شکستی خواردووە، زمانی شکا نەیدەزانی چی بڵێت و چی بکات، ئیبراهیم کۆشکی جێهێشت لە پاش ئەوەی کابرای بێباوەڕ حەپەسا و کپ و کڕ بوو.

## کۆچ بۆ بانگەواز:

سەیدنا ئیبراهیم درێژەی دایە بانگەوازەکەی، لە پاش چەند ساڵ کە بە پشوودرێژی و بڕواوە بانگی خەڵکی کرد، تەنها دوو کەس بڕوایان پێهێنا؛ سارەی خێزانی و لووتی برازای. سەیدنا ئیبراهیم تێگەیشت کە هۆزەکەی قەت بڕوای پێناهێنن، بۆیە بڕیاری کۆچی دا، بابلی جێهێشت و رۆیشت بۆ لای کەنعانییەکان، کە خاکی بەیتولمەقدیسە[١] لە فەلەستین، خەڵکەکەی ئەستێرەپەرست بوون.

[١] هێشتا بەیتولمەقدیس (مزگەوتی ئەقسا) دروستنەکرابوو، دواتر پێی دەگەین کە کوڕێکی سەیدنا ئیبراهیم دروستی دەکات. (وەرگێڕ)

## قۆناغی سێیەم لەگەڵ کوفر:

لە شـــاری حاڕان نیشـــتەجێ بوو، پاشـــان دەســـتی کردە بانگەوازی خەڵك بەرەو خواپەرستی و وازهێنان لە ئەستێرەپەرستی. ئیتر قۆناغی سێیەمی ژیانی ئیبراهیم دەستی پێکرد. ویستی بۆیان بسەلمێنێت کە ئەم ئەستێرانە دروستکراوی خوان، دەستی کرد بە گفتوگۆکردن لەگەڵیـانـدا. ئێوارەیەك لـە پـاش خۆرئـاوابوون و تـاریکیی دنیـا؛ لەگەڵ خەڵکەکە چووە دەرەوەی شـار، هەر کە ئەسـتێرەیەکی بینی وتی: «هَذَا رَبِّي» (الأنعام: ٧٦). «ئەمە پەروەردگاری منە».

خەڵکی شـــارەکـە خۆشـــحـاڵ بوون و خەیـاڵیـان کرد ئەمیش وەك ئەوان دەبێتـە ئەسـتێرەپەرسـت، بەڵام کە دەمەوبەیان ئەسـتێرەکە نەما فەرمووی: «لا أُحِبُّ الآفِلِينَ» (الأنعام: ٧٦). «من هەرچییەك کە ئاوا بێت، خۆشم ناوێ!».

شەوی دووەم کاتێك مانگ دەرکەوت سەیدنا ئیبراهیم فەرمووی: « هَذَا رَبِّي» (الأنعام: ٧٧). بەڵام دەمەوبەیان ئەمیش داچوو، بۆیە فەرمووی: «لَئِن لَّمْ يَهْدِنِي رَبِّي لأَكُونَنَّ مِنَ الْقَوْمِ الضَّــالِّينَ» (الأنعام: ٧٧). «ســوێند بەخوا ئەگەر پەروەردگارم ڕێنموونیم نەکات بێگومان لە کۆمەڵی گومڕایان دەبم!». ســەیدنا ئیبراهیم ویستی بۆ هۆزەکە لێکبداتەوە، کە هەرگیز خوایەك ناپەرســتێت کە دەربکەوێت پاشـــان نەمێنێت، ڕووناکی بدات و بکوژێتەوە، ئەمە شایانی پەرستش نییە.

لە بەیانیدا کە ڕۆژی بە درەوشـاوەیی بینی، ئاماژەی پێکرد و فەرمووی: «هَذَا رَبِّي هَذَا أَكْبَرُ» (الأنعـام: ٧٨). «ئەمە پەروەردگـاری منە ئەمە گەورەترە (لەوان)». هۆزەکـە لە مەبەسـتەکە تێنەگەیشتن تا ئەو کاتەی خۆریش ئاوابوو، لەو کاتەدا فەرمووی: «يَا قَوْمِ

إِنِّي بَرِيءٌ مِّمَّا تُشْرِكُونَ. إِنِّي وَجَّهْتُ وَجْهِيَ لِلَّذِي فَطَرَ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضَ حَنِيفاً وَمَا أَنَاْ مِنَ الْمُشْرِكِينَ» (الأنعام: ٧٨-٧٩).«ئەی گەلەکەم، بەڕاستی من بەریم لە هەر شتێ کە ئێوە دەیکەن بە هاوبەش بۆ خوا. بەڕاستی من ڕووی خۆم وەرئەگێڕم بۆ لای زاتێك کە ئاسمانەکان و زەویی بە دیهێناوە، جگە لە خوا ڕووم لە هیچی تر ناکەم، بێگومان من لە موشریکان نیم».

بە هۆزەکەی ڕاگەیاند کە ئەم ئەستێرانە تەنها دروستکراوی خوان، بۆیە بەرەو خواپەرستی بانگی کردن؛ لە پاش ئەوەی پێی سەلماندن ئەم ئەستێرانە خوا نین. کەچی ئەوان هەڕەشەیان لێکرد و هەوڵیاندا بیترسێنن، وتیان: خواکانمان تۆڵەت لێدەسێننەوە! ئەویش هەر بەرگریی لە ڕاستی کرد، فەرمووی: «أَتُحَاجُّونِّي فِي اللّهِ وَقَدْ هَدَانِ وَلاَ أَخَافُ مَا تُشْرِكُونَ بِهِ إِلاَّ أَن يَشَاءَ رَبِّي شَيْئاً وَسِعَ رَبِّي كُلَّ شَيْءٍ عِلْماً أَفَلاَ تَتَذَكَّرُونَ. وَكَيْفَ أَخَافُ مَا أَشْرَكْتُمْ وَلاَ تَخَافُونَ أَنَّكُمْ أَشْرَكْتُم بِاللّهِ مَا لَمْ يُنَزِّلْ بِهِ عَلَيْكُمْ سُلْطَاناً فَأَيُّ الْفَرِيقَيْنِ أَحَقُّ بِالأَمْنِ إِن كُنتُمْ تَعْلَمُونَ» (الأنعام: ٨٠-٨١). «ئایا ئێوە دەمەدەمێ و موجادەلەم لەگەڵدا دەکەن لەبارەی خواوە کە بەڕاستی ڕێنموونی منی کردووە؟! من ناترسم لەوەی کە ئێوە دەیکەن بە هاوبەش بۆ خوا (چونکە زیان ناگەیەنن)، مەگەر شتێك کە پەروەردگارم بیەوێ بیکات. زانست و ئاگاداریی پەروەردگارم هەموو شتێکی گرتۆتەوە، دەی بۆ بیر ناکەنەوە؟! من چۆن دەترسم لەو شتانەی کە ئێوە کردووتانە بە هاوبەش بۆ خوا، کە ئێوە ناترسن کە بێگومان شتانێکتان کردۆتە هاوبەش بۆ خوا، کە هیچ بەڵگەیەك نەنێرراوە بۆتان لەو بارەوە، دەی کەواتە کام لەم دوو دەستەیە شایستەترە بە نەترسان، ئەگەر ئێوە هیچ دەزانن؟!». ئێوە پێویستە بترسن کە هاوەڵ بۆ خوا دادەنێن نەك من.

ئیبراهیم درێژەی بـە بانگەوازەکەی دا, بەڵام کە بینیی کەس گوێی ناداتێ؛ کۆچی کرد بەرەو مـــیسر. سەیدنا ئیبراهیم و سارەی خێزانی گەیشتنە مـــیسر، خێرا هەواڵ درایە پادشا، کە پیاوێك هاتووەتە مـــیسر و ژنێکی لەگەڵە جوانترین ژنی سەر زەوییە، بۆیە ئەویش تەماح گرتی و ســەربازەکانی نارد تا ئامادەی کەن. وتی دەربارەی پیاوەکەیش پرســـیـار بکەن، ئەگەر مێردی بوو دەســـبەجێ بیکوژن! خوای گەورە هەواڵی دا بـە ئیبراهیم، بۆیە بە خێزانەکەی وت: ئەگەر دەربارەی من پرسـیاریان لێکردی؛ بڵێ برامە (مەبەســتی برای دینی بوو)، پێشــی وت: ئێســتا لە ســەر ئەم زەوییە جگە من و تۆ بڕواداری تێدا نییە، ئاخر هەموو خەڵکی مـــیسر لەو کاتەدا فیرعەونیان[1] دەپەرست و خواپەرستیان تێدا نەبوو. سەربازەکان هاتن و پرسیاریان لە ئیبراهیم کرد: ئەم ئافرەتە کێیە لەگەڵتا؟! فەرمووی: خوشکمە.

کاتێك خاتوو سارە زانیی پادشای مـــیسر خراپەکارە؛ ئەم دوعایەی کرد: خوایە گیان وەکوو ئاگاداری من بڕوام بە تۆ و پێغەمبەرەکەت هێناوە و پاکیی خۆم پاراستووە، بۆیە کافرێك بە سـەرمدا زاڵ مەکە. کاتێك سـارەیان بردە لای پادشـا؛ دەستی بۆ لای درێژ کردەوە، دەســبەجێ دەســتی گۆج و ڕەق بوو! دەســتی بە هـاوارکردن کرد، چونکە نەیدەتوانی بیجووڵێنێت، هاوەڵەکانیشــی هاتن و هیچیان بۆ نەکرا، بۆیە ســارە ترســا بیکوژن، چونکـە وای لـە پادشــا کردووە، ئیتر پاڕایەوە: خوایە گیان چاکی کەرەوە با نەمکوژن، خوایش دوعاکەی گیرا کرد.

پـادشــاکە تەمێ نەبوو، وەیدەزانی شــتێکی کاتی بووە، جارێکی تر هێرشــی هێنا و

---

[1] بە پاشـاکانی میسـر دەوترا فیرعەون، مەرج نییە کە وترا فیرعەون؛ مەبەسـت پێی هەمان فیرعەونی سـەردەمی سـەیدنا موسا بێت. (وەرگێڕ)

جارێکی تر دەستی وشك بوو، وتی: رزگارم کە لێتدەگەڕێم و رێزیشت لێدەگرم، بۆیە دوعای بۆ کرد و چاك بووەوە. بە سەر هاوەڵەکانیدا هاواری کرد و وتی: دووری خەنەوە، خۆ ئێوە مرۆڤتان نەهێناوەتە لای من، ئەمە شەیتانە! بۆیە لێیگەڕا و کەنیزەکێکیشی پێبەخشی کە ناوی هاجەر بوو. پاش ماوەیەك کە کەس بڕوای نەهێنا، ئیبراهیم و بنەماڵەکەی گەڕانەوە بۆ بەیتولمەقدیس. خاتوو سارە منداڵی نەدەبوو، لە کاتێکدا سەیدنا ئیبراهیم ئارەزوومەندی منداڵ بوو، بۆیە پاڕایەوە: «هَبْ لِي مِنَ الصَّالِحِينَ» (الصافات: ١٠٠). «پەروەردگارم، منداڵێکی چاکم پێ ببەخشە». کاتێك خاتوو سارە بینیی هاوسەرەکەی حەزی لە منداڵە؛ پێشنیاری بۆ کرد لەگەڵ هاجەر هاوسەرگیری بکات. ئەویش رەزامەندیی دەربڕی و هاوسەرگیریان کرد. یەکەم منداڵی سەیدنا ئیبراهیم هاتە دنیا، کە ئیسماعیل بوو.

## لە پەند و وانەکانی ئەم بەسەرهاتە:

١- هیچ و پووچیی بنەماکانی کوفر  و، ئەوەی کە خوا بە هیچ دینێك رازی نییە ئیسلام نەبێت، کە دینی هەموو پێغەمبەرانە.

٢- رێزگرتنی باوك و دایك ئەگەر چی کافریش بن، هەوڵدانیش بۆ رێنمایی کردنیان بەرەو خواپەرستی.

٣- ئەدەب لە گفتوگۆدا، دڵی بەرانبەرەکە رادەکێشێت.

٤- خۆڕاگری و دڵنیایی پێویستە، ناهەق هەرچەندە هێزیشی هەبێت لە ناو دەچێت،

هەقیش هەرچەندە لاواز بێت سەردەکەوێت.

٥- لە بنەماکانی بانگەواز؛ دەرخستنی ناهەق و ئاشکرا کردنی شیرك و شوێنکەوتووانییەتی، تا خەڵکی توخنیان نەکەون.

٦- هەر کەس بەرەو خۆڕاگری بانگەشە بکات، بێگومان پیلان و فێڵی خراپەکاران دێتە رێی، بەڵام پیلان و فێڵەکانیان بە پاراستنی خوا بۆ خۆشەویستانی لەناو دەچێت.

٧- هیچ کەس خاوەنی زیندووکردنەوە و مراندن نییە مەگەر خوا، هەروەها جووڵەی خۆر و هەموو شتێکی تر بە دەستی ئەوە.

٨- لەسەر هەموو مرۆڤێك پێویستە، بێ ئەوەی گوێ بداتە سەرەنجام؛ هەوڵ بدات. بۆیە نابێت کەمیی ژمارەی گوێڕایەڵانی هەق بێهیوای بکات.

٩- لە نیشانەکانی خۆشویستنی خوا ئەوەیە، دەرهەق حەرامکراوەکانی خوا غیرەتت هەبێت و کاتی بینینی خراپە دڵت بلەرزێت و بێدەنگ نەبیت لێی.

## ئیبراهیم هاوسەر و کوڕەکەی دەبات بۆ مەککە:

ئیبراهیم درێژەی دایە بانگەواز، تا رۆژێك فەرمانی بە هاجەری هاوسەری دا؛ کوڕە شیرەخۆرەکەی کە ئیسماعیلە هەڵبگرێت تا گەشتێك بکەن، سەیدنا ئیبراهیم و هاجەر و ئیسماعیل ماوەیەکی زۆر رۆیشتن، تا لە ئاوەدانی دوور کەوتنەوە و گەیشتنە بیابانێکی وشکی بێ ئاوو دارو گیا، کە بیابانی دوورگەی عەرەبییە. لە مەککە سەیدنا ئیبراهیم خێزانەکەی و کوڕە شیرەخۆرەکەی جێهێشت و، هەندێك خۆراك و ئاوی بۆ

دانان و دوور کەوتەوە. خێزانەکەی بە دوایدا رای کرد و وتی: ئیبراهیم بۆ کوێ دەڕۆی و ئێمـە لەم بیـابـانـە چۆڵ و هۆڵەدا جێـدەهێڵی؟! بەڵام وەڵامی نەدایەوە. هـاجەر پرسیارەکەی کردەوە و ئەویش هەر وەڵامی نەدایەوە. لە کۆتاییدا هاجەر زانیی ئیبراهیم ئەمە لە خۆوە ناکات و فەرمانی خوای لە سـەرە، بۆیە پرسیاری کرد: ئایا خوا فەرمانی پێـداوی ئەمـە بکەیـت؟ فەرمووی: بەڵێ. ئەویش وتی: دەی کەواتە خوا ئاگای لێمان دەبێـت. هـاوســـەرە بڕوادارە مەزنەکەی وتی: ئێمـە تیا ناچین مادام خوامان لەگەڵە و ئەویش ئەم فەرمانەی پێداوی. ئیبراهیم رۆیشـــت تا کێوێك کەوتە نێوان ئەوو منداڵ و هاوسـەرەکەیەوە، لێرەدا دەستە پیرۆزەکانی بەرز کردەوە و پاڕایەوە: «رَّبَّنَا إِنِّي أَسْكَنتُ مِن ذُرِّيَّتِي بِوَادٍ غَيْرِ ذِي زَرْعٍ عِندَ بَيْتِكَ الْمُحَرَّمِ رَبَّنَا لِيُقِيمُواْ الصَّــلاَةَ فَاجْعَلْ أَفْئِدَةً مِّنَ النَّـاسِ تَهْوِي إِلَيْهِمْ وَارْزُقْهُم مِّنَ الثَّمَرَاتِ لَعَلَّهُمْ يَشْــكُرُونَ» (ئیبراهیم: ٣٧). «ئەی پەروەردگارمان من هەندێ لە رۆڵەکانم نیشـتەجێ کرد لە شوێنێکی بێ کشتوکاڵدا لای مـاڵە پیرۆز و رێزلێگیراوەکەت. ئەی پەروەردگـارمـان، تـا بە چـاکی نوێژ بەرپا بکەن. بەڵکوو دڵی خەڵکانێ وا لێبکەیت سـۆزیان ببێ بۆ لایان و لە هەموو بەرو میوەیەکیش رۆزیان بدە، بەڵکوو شوکرانە بژێربن». ئیبراهیم ئەوانی لە بیابان جێهێشت و گەڕایەوە بۆ مەیدانی بانگەواز بەرەو خوا.

## زەمزەم:

دایکی ئیســـماعیل شـــیری دا بە کوڕەکەی و هەســـتی بە توونییەتی کرد، تینی هەتاو ئێجگار گەرم و ســـووتێنەر بوو، پاش دوو رۆژ ئاوەکەیان تەواو بوو، شـــیری دایکیش

وشـــکی کرد و هەردووکیان توونی بوون، خۆراکەکەشـــیان تەواو بوو، ئیســـماعیل لە توونییەتیدا دەگریا و دایکیشی رۆیشت بۆ ئاو بگەڕێت. بەپەلە رایکرد تا گەیشتە کێوێك بە ناوی سەفا، سەرکەوت و سەیری ئەملاولای ئەکرد؛ بەڵکوو بیرێك یان مرۆڤێك یان کاروانێك ببینێت، بەڵام هیچی بەرچاو نەکەوت، بەپەلە لە سەفا هاتە خوارەوە، گەیشتە دەشـتاییەك و ئەمجارە بەپەلە خۆی گەیاندە کێوی مەڕوە، بەویشـدا سـەرکەوت، بەڵام لەوێش هیچی بەرچـاو نەکەوت. گەڕایەوە بۆ لای کوڕەکەی، بینیی هەر توونییەتی و دەگری. جارێکی تر بەپەلە خۆی گەیاندەوە سەفا، وەستا، پاشان بە هەڵەداوان رۆیشت بەرەو مەڕوە، حەوت جـار نێوانی ئەم دوو کێوە بچووکـە هـاتوچۆی کرد! حەوت جار رۆیشـت و هاتەوە، هیچی لێ نەبوو بەردووچکە زەردەکان نەبێت (هەر لە بەر ئەمەشە حاجییەکان حەوت جار نێوانی ســەفا و مەڕوە دەبڕن، بۆ یاد کردنەوەی دایە هاجەر و پێغەمبەرە گەورەکەیان ئیسماعیل).

هـاجەر دوای حەوتەم جـار بـە مـاندوویی گەڕایەوە لای کوڕەکەی کە لەبەر گریان و توونییەتی دەنگی دەرنەدەهات، تەواو ماندوو ببوون. لێرەدا، لەو کاتی بێهیواییەدا خوا بەزەیی پیادا هاتەوە، بۆیە جوبڕەئیلی نارد، ئەویش باڵی لای قاچی ئیسماعیل بە زەویدا خشاند و چاڵی کرد، لە ناکاو بیری زەمزەم هەڵقوڵی و ژیانی منداڵ و دایکەکەی رزگار کرد، دایك مشـــتی پڕ دەکرد لە ئاوو دەیخواردەوە و ســـوپاســـگوزاریی خوای دەکرد، کوڕەکەشـی لە ئاو تێر کرد. ژیانێکی نوێ لە ناوچە دەسـتی پێکرد، گومانەکەی راست بوو کە وتی: تیا ناچین مادام خوا لەتەکمانەوەیە. پاکی و بێگەردی بۆ خوا، ئاو لە ژێر قاچی منداڵەکەوە هەڵقوڵی؛ نەك لە سەفا و مەڕوە و نێوانیان!

کاروانەکان لەو ناوچە وەسـتان و ئاوەکە ژمارەیەك زۆر خەڵکی بەرەو خۆی راکێشاو

ئــاوەدانی لەو نــاوچــە دەســـتی پێکرد. ئیســـمــاعیــل گەورە بوو، ئیبراهیمیش بــە خۆشەویستییەوە پێوشوێنی کاروباری دەڕۆیشت، تا ڕۆژی تاقیکارییە قورسەکە هات.

## تاقیکاریی ئاشکرا:

ڕۆژێك ســـەیدنا ئیبراهیم لە خەویدا بینیی ئیســـماعیلی کوڕی ســـەردەبڕێت! خەبەری بووەوە و زانی خەوەکە وەحیی خوا بووە، ئاخر (رُؤْيَـــا الْأَنْبِيَاءِ وَحْيٌ)[1] واتە: (خەوی پێغەمبەران وەحییە)[2]. ســـەیدنا ئیبراهیم هیچ دوودڵیی نەنواند و نافەرمانی نەکرد، لە خوا نەپاڕایەوە با جگەرگۆشـــەکەی ســـەر نەبڕێت، ئەمە فەرمانی خوایە و گوێڕایەڵیی پێویستە، بۆیە بە تەواوی ملکەچ بوو.

ئیبراهیم ڕووی کردە کوڕەکەی و ڕاشکاوانە فەرمووی: «يَا بُنَيَّ إِنِّي أَرَى فِي الْمَنَامِ أَنِّي أَذْبَحُكَ فَانظُرْ مَاذَا تَرَى قَالَ يَا أَبَتِ افْعَلْ مَا تُؤْمَرُ سَتَجِدُنِي إِن شَاءَ اللَّهُ مِنَ الصَّابِرِينَ» (الصــافات: ١٠٢). «کوڕە خۆشــەویســتەکەم، بەڕاســتی من لە خەودا دیم کە ســەرت دەبڕم؛ جا سەرنج بدە دەڵێی چی و ڕات چییە؟ وتی: بابە گیان، ئەوەی فەرمانت پێدراوە بیکە، دڵنیابە دەمبینی بە ویســتی خوا لە خۆگران دەبم». ئەویشت نەترسا و ڕاشکاوانە ڕازیبوونی خۆی دەربڕی.

ســەیدنا ئیبراهیم چەقۆیەکی هێنا و پشــوودرێژانە و بڕوادارانە کوڕەکەی لە ســەر ڕوو پــاڵخســـت؛ تــا چاوی لە باوکی نەبێت لەو کاتەدا کە ســـەری دەبڕێت، هەردووکیان

---

[1] (بوخاری: ١٣٨)

ملکەچی فەرمانی خوا بوون: «فَلَمَّا أَسْلَمَا وَتَلَّهُ لِلْجَبِينِ» (الصافات: ١٠٣). «ئینجا کاتێ هەردووکیان ملکەچ بوون (بۆ فەرمانی خوا) و ئیبراهیم ئیسماعیلی بەڕوودا خستە سەر سەزەی»، سەیدنا ئیبراهیم وەیدەزانی کوڕەکەی سەر بڕیوە کاتێك خوا ئاوا بانگی کرد: «يَا إِبْرَاهِيمُ. قَدْ صَدَّقْتَ الرُّؤْيَا إِنَّا كَذَلِكَ نَجْزِي الْمُحْسِنِينَ» (الصافات: ١٠٤-١٠٥). « ئەی ئیبراهیم، بێگومان خەوەکەت بەجێهێنا. بەڕاستی ئێمە ئا بەو شێوە پاداشتی چاکەکاران دەدەینەوە». ئیبراهیم سەبری گرت و گوێڕایەڵی فەرمانی خوا بوو، نزیك بوو کوڕەکەشی سەر بڕێت؛ بەڵام خوا باشترین پاداشتی پێبەخشی، خوای گەورە لە جێگەی ئیسماعیل؛ بەرانێکی گەورەی بۆ نارد، ئەویش لە جێی کوڕەکەی سەری بڕی، خوا ئیسماعیلی لە سەربڕین رزگار کرد، ئیتر ئەم رۆژە بووە جەژنی موسوڵمانان، کە هەروەکوو سەیدنا ئیبراهیم قوربانیی تێدا دەکەن، لە هەمان ناوچەی مینا، لە نزیکی مەککە: «وَفَدَيْنَاهُ بِذِبْحٍ عَظِيمٍ. وَتَرَكْنَا عَلَيْهِ فِي الْآخِرِينَ. سَلَامٌ عَلَى إِبْرَاهِيمَ» (الصافات: ١٠٧-١٠٩). «بەرانێکی گەورەمان کردە قوربانی ئەو. وە باسکردن بە چاکەی ئیبراهیممان لەناو گەلانی داهاتوودا هێشتەوە. دروود و سەلام لەسەر ئیبراهیم».

## زیندووکردنەوەی مردووەکان لە لایەن خواوە بۆ ئیبراهیم:

سەیدنا ئیبراهیم ویستی بزانێت خوا چۆن مردووەکان زیندوو دەکاتەوە، بۆیە پاڕایەوە: «رَبِّ أَرِنِي كَيْفَ تُحْيِي الْمَوْتَى» (البقرة: ٢٦٠). «ئەی پەروەردگارم، نیشانم بدە چۆن مردوو زیندوو دەکەیتەوە؟!». ویستی بزانێت و ببینێت. خوا فەرمووی: «أَوَلَمْ تُؤْمِن» (هەمان ئایەت). «ئایا بڕوات پێی نەهێناوە؟!». وتی: «بَلَى وَلَكِن لِّيَطْمَئِنَّ قَلْبِي» (هەمان

ئایەت). «بەڵێ بڕوام پێیەتی! بەڵام (ئەمەویٚ) ببینم بۆئەوەی دڵنیا بم». لێرەدا خوا پێی فەرموو: «فَخُذْ أَرْبَعَةً مِّنَ الطَّيْرِ فَصُـرْهُنَّ إِلَيْكَ ثُمَّ اجْعَلْ عَلَى كُلِّ جَبَلٍ مِّنْهُنَّ جُزْءاً ثُمَّ ادْعُهُنَّ يَأْتِينَكَ سَـعْياً وَاعْلَمْ أَنَّ اللّهَ عَزِيزٌ حَكِيمٌ» (هەمان ئایەت). «کەواتە چوار باڵندە بگرە ئینجا (سـەریان ببڕە) و پارچە پارچەیان بکە، لەپاشـدا هەر پارچەیەکیان لەسـەر شاخێك دابنێ، دواتر بانگیان بکە دێن بۆلات بەهەڵەداوان، چاکیش بزانە و دڵنیابە، کە بێگومان خوا باڵادەسـتی کاربەجێیە». سـەیدنا ئیبراهیم چوار باڵندەی سەربڕی و هەر یەکەی کردە چەن بەشـەوە، هەر بەشـێکی لە سـەر لووتکەی کێوێك دوور لەوانی تر دانا، پاشان ناوی خوای هێناو موعجیزەیەك روویدا: بەشەکان بۆ لای یەك گەڕانەوە و جەستەی باڵندەکان تەواو کرایەوە، بە ویستی خوا هەڵفڕین، ئیتر ئاوا سەیدنا ئیبراهیم زانیی خوا لە سەر هەموو شتێك بە توانا و دەسەڵاتە و بە چاوی خۆی زیندووکردنەوەی بینی.

## لە سوودەکانی بەسەرهاتەکە:

١- بەرزترین کەس لای خوا؛ گیـانفیـداترینیـانە، بڕوانە ژیانی ئیبراهیم: لە کوێوە هاتە دەرەوە و بۆ کوێ کۆچی کرد، تەنیا بۆ رازیکردنی خوا.

٢- لەو شـتـانەی کە دەبێتە هۆی خۆشـەویسـتی خوا و زیادبوونی لە دڵدا ئەوەیە؛ هەرچییەك خۆشەویستییەکە لاواز دەکات لایدەیت و رایدەیت، کەواتە هەرگیز ناگەیتە خۆشـەویستی راسـتەقینەی خوا، تا بەڕاسـتی خۆی و هەرچی کە پێی خۆشـە خۆش نەویێ و، رقت لە هەر چی نەبێت کە رقی لێیەتی.

٣- قوربانیدان لە ڕێگەی خوادا کردەوەی تێکۆشەرانی دینە، ئەمە چ تاقیکردنەوەیەکە کاتێك فەرمان بە ئیبراهیم دەدرێت خۆی بە دەستی خۆی کوڕەکەی سەربڕێت!

٤- پیرۆزیی هەر شوێنێك بە پیرۆزیی ئەو خواپەرستییەیە کە تێیدایە، پیرۆزترین شوێن مەککەیە، نوێژێك لە مزگەوتی حەرامدا بەرانبەر سەد هەزار نوێژە لە مزگەوتی تردا، چ پیرۆزییەکی گەورەیە!!

٥- دوعا و نزا؛ چەك و توێشـــەی تۆیە، هەرچەندە ملکەچیت بەرانبەر خوا زۆرتر بێت خوا زیاتر دوعات وەردەگرێت و خراپەت لێ دوور دەکاتەوە.

٦- ناشێت مرۆڤ هەر بۆ خۆی هەوڵ بدات، بەڵکوو پێویستە بۆ سوودی خەڵکی تریش هەوڵ بدات، شیاوترینیش بۆ ئەمە منداڵەکانییەتی.

٧- خۆڕاگریی ئیسماعیل لە دڵنیایی هاجەرەوە سەرچاوەی گرت، دڵنیایی هاجەریش لە راســتیی ئیبراهیمەوە! خوا ئەو دەرووە خێرەی لێکردەوە و نـاوی بۆ هەتـا هەتـایـە هێشتەوە لە بەر ئەم متمانەیە بە خوا، کە وتی: کەواتە خوا دەمانپارێزێت.

## بەخشندەیی ئیبراهیمی خەلیل و مژدەی ئیسحاق:

ڕۆژێکیان ئیبراهیم بە تەنها لە ماڵەوە بوو، لەو کاتەدا سـێ فریشــتە لە ســەر ســیمای مرۆڤی جوان هاتنە سەر زەوی: جوبرەئیل و ئیسرافیل و میکائیل. بێدەنگ بوون، دوو ئەرکیان پێســپێردرا بوو: هاتنە لای ئیبراهیم و مژدە پێدانی، پاشــان چوونە لای هۆزی لووت و سزادانیان.

فریشـتەکان هاتنە لای ئیبراهیم، سـەری بەرز کردەوە و لێی ڕوانین، کەچی نەیناسین، ئەوان لە پێشـدا سەلامیان کرد و ئەمیش وەڵامی دایەوە، هەستا و بەخێرهاتنی کردن و بردنییە ژوورەوە، وایـدەزانی ڕێبوارن! ئیبراهیم زۆر ڕێزی لـە میوان دەگرت، بۆیـە کە دانیشـتن، مۆڵەتی لێخواسـتن و هاتە دەرەوە و خێرا چوو بە دوای خێزانیدا. ئیبراهیم گەیشـتە لای خێزانی کە لەو کاتەدا پیرێژنێکی سـەرسپی بوو، ئیبراهیم پێی وت: سێ ڕێبوار لەماڵمانن. پرسـیاری کرد: کێن؟ وتی: هیچیان ناناسـم، بێگومان لە شـوێنێکی دوورەوە هـاتوون، کەچی ئـاسـەواری سـەفەریش لـە سـەر جلەکانیان نییە! خێرا گوێرەکەیەکی قەڵەویان بۆ سـەربڕە، چونکە میوان و ڕێبوارن، ڕەنگە برسـییان بێت یان هەژار بن. ئیبراهیم گوێرەکەیەکی قەڵەوی هەڵبژارد، ناوی خوایان هێنا و سەریان بڕی، سـفرە و خوان ئامادە کرا و ئیبراهیم میوانەکانی بۆ سـەر سـفرە بانگ کرد، خۆیشـی وەستا تا خزمەتیان بکات و گوێرەکە برژاوەکەشی بردە پێشەوە بۆ میوانەکان. پێی وتن: فەرموون بە ناوی خواوە دەست پێبکەن، خۆشی دەستی بە خواردن کرد تا هانیان بدا، پاشـان سەیری میوانەکانی کرد تا دڵنیا بێت کە دەخۆن، کەچی بینی هیچیان دەست لە خۆراکەکـە نـادەن، خواردنەکەی نزیك کردەوە و فەرمووی: «أَلَا تَأْكُلُونَ» (الذاريات: ٢٧). «ئەرێ ئەوە ناخۆن؟!». دەی فەرموون بخۆن. کەچی لەگەڵ ئەمەشـدا بینیی هەر ناخۆن! لێرەدا: «فَأَوْجَسَ مِنْهُمْ خِيفَةً» (الذاريات: ٢٨). « ئەوسا لێیان ترسا!». لە داب و نەریتی ئەو نـاوچـە دەشـتەکییە کە ئیبراهیمی لێدەژیا؛ هەر کاتێك میوان خواردنی نەخواردایە، واتای ئەوە بوو دەیەوێت خراپەیەك بگەیێنێتە خاوەنماڵ.

ئیبراهیم سەری لە میوانەکان سووڕما بوو! ئەمانە لە ناکاو هاتنە لای، نەیبینین تا هاتنە لای سەری، هیچ کەلوپەل و وڵاخێکیشیان پێ نەبوو، نەناسراویشن، بە سەفەر هاتوون

که چی ئاسـەواری سەفەریان پێوە نییە، ئێستاش دەست لە خواردنەکە نادەن! ترس و بیمی زۆر بوو، سـەری بەرز کردەوە بینیی سـارەی خێزانی لەوپەڕی ژوورەکەدایە. وا دیاربوو فریشـتەکان دڵ و مێشـکیان خوێندووەتەوە، بۆیە یەکیان پێی وت: «لَا تَخَفْ» (الذاريات: ٢٨). «مەترسە».

ئیبراهیم سـەری بەرز کردەوە و راستگۆیانە و راشکاوانە فەرمووی: ئەرێ من داوەتم کردن بۆ خواردن و بە خێرهاتنم کردن، کەچی دەسـتی بۆ نابەن، دەتانەوێ خراپەیەکم تووش کەن؟! یەکیـان پێکەنی و وتی: ئەی ئیبراهیم، ئێمـە نـاخۆین چونکـە ئێمـە فریشتەی خواین، ئێمە «إِنَّا أُرْسِلْنَا إِلَى قَوْمِ لُوطٍ» (هود: ٧٠). « بەڕاستی ئێمە نێرراوین بۆ سەر گەلی لووت».

خاتوو سارە گوێی لە گفتوگۆکە بوو بۆیە پێکەنی. پاشان فریشتەکان مژدەی کوڕێکیان پێدا؛ کە ناوی ئیسحاقە، ئەویش کوڕێکی دەبێت، ناوی یەعقووبە: «فَبَشَّرْنَاهَا بِإِسْحَاقَ وَمِن وَرَاءِ إِسْحَاقَ يَعْقُوبَ» (هود: ٧١). «ئێمەش مژدەمان پێدا بە ئیسحاق، لە پاش ئیسحاق بە یەعقوب (کە کوڕی ئیسحاقە)». خاتوو سارە سەری سووڕما، وتی: «يَا وَيْلَتَى أَأَلِدُ وَأَنَاْ عَجُوزٌ وَهَذَا بَعْلِي شَيْخاً إِنَّ هَذَا لَشَيْءٌ عَجِيبٌ» (هود: ٧٢). «باشە من چۆن لەم تەمەنی پیرییەدا منداڵم دەبێ، کە نەزۆکیش بووم و هاوسەرەکەیشم بە تەمەنە؟! فریشتەکان وەڵامیان دایەوە: «أَتَعْجَبِينَ مِنْ أَمْرِ اللّهِ رَحْمَتُ اللّهِ وَبَرَكَاتُهُ عَلَيْكُمْ أَهْلَ الْبَيْتِ إِنَّهُ حَمِيدٌ مَّجِيدٌ» (هود: ٧٣). «تۆ سەرت سوڕدەمێنێ لە فەرمانی خوا؟! ڕەحمەت و بەرەکاتی زۆری خواتان لەسەر بێ ئەی ئاڵ و بەیتی ئیبراهیم، بەڕاستی خوا سوپاسکراوی چاکەفراوانە».

ئەم مژدەیە شتێکی بچووك نەبوو لە ژیانی ئیبراهیم و هاوسەرەکەیدا، ئیبراهیم جگە لە ئیسماعیل کە لە دوورە وڵات جێیهێشتبوو، منداڵی تری نەبوو. سارەی هاوسەریشی لەو تەمەنی درێژی ژیانی هاوبەشییەدا، منداڵی نەبووو، هەر ئەویش هاجەری کەنیزەکی خۆی کردە هاوسەری ئیبراهیم و هاجەریش ئیسماعیلی بوو، بەڵام سارە خۆ منداڵی نەبوو، زۆریشی حەز لێدەکرد، تێپەڕبوونی رۆژگاریش ئاگری حەزەکەی نەکوژاندەوە، تا ئاوا گەیشتە تەمەنی پیری. ویستی خوا بۆ ئەوو مێردەکەی وا بوو، ئاوا لە کۆتاییەکانی تەمەندا مژدەی کوڕیان پێدرا! هەر ئەمەش نەبوو؛ فریشتەکان مژدەیان دایە کورەکەیشی کوڕێکی دەبێت، ناوی یەعقووبە، کە سارە ئەویش دەبینێت! خۆڕاگرییەکی زۆری کرد، پاشان بێهیوا بوو، پاشان بیری چووەوە، کە چی لە پڕ ئاوا خوا هەمووی دەسڕێتەوە.

سەیدنا ئیبراهیم خۆیشی بە سەر سووڕمانەوە فەرمووی: «أَبَشَّرْتُمُونِي عَلَى أَن مَّسَّنِيَ الْكِبَرُ فَبِمَ تُبَشِّرُونَ» (الحجر: ٥٤). «ئایا مزگێنیم پێدەدەن لە کاتێکدا کە پیر بووم؟! ئیتر چ مژدەیەکم دەدەنێ؟!». وتیان: «بَشَّرْنَاكَ بِالْحَقِّ فَلاَ تَكُن مِّنَ الْقَانِطِينَ» (الحجر: ٥٥). «ئەو مژدەی داومانە پێت راستە (و دێتەدی)، جا لە نائومێدان مەبە». ئیبراهیم بە بڕواوە فەرمووی: «وَمَن يَقْنَطُ مِن رَّحْمَةِ رَبِّهِ إِلاَّ الضَّآلُّونَ» (الحجر: ٥٦). «جا کێ لە میهرەبانی پەروەردگاری نائومێد دەبێ بێجگە لە گومڕایان؟». سەیدنا ئیبراهیم مژدەکەی بە خۆشبەختییەوە وەرگرت و بۆ هاتنی منداڵە بەلێندراوەکە زۆر خۆشحاڵ بوو.

کە سەرسووڕمان و دڵەڕاوکێکەی سەیدنا ئیبراهیم هێدی بووەوە و زانیی فریشتەکان هۆزی لووتی برازای لە ناو دەبەن، کەوتە گفتوگۆ لەگەڵ فریشتەکان، وتی: بڵێی هۆزی لووت بڕوایان هێنابێت یان هوود هەندێکیانی رێنموون کردبێت؟! بەڵام فریشتەکان

تێیانگەیاند کە ئەمە فەرمانی خوایە: «فَلَمَّا ذَهَبَ عَنْ إِبْرَاهِيمَ الرَّوْعُ وَجَاءتْهُ الْبُشْرَى يُجَادِلُنَا فِي قَوْمِ لُوطٍ. إِنَّ إِبْرَاهِيمَ لَحَلِيمٌ أَوَّاهٌ مُّنِيبٌ. يَا إِبْرَاهِيمُ أَعْرِضْ عَنْ هَذَا إِنَّهُ قَدْ جَاء أَمْرُ رَبِّكَ وَإِنَّهُمْ آتِيهِمْ عَذَابٌ غَيْرُ مَرْدُودٍ» (هود: ٧٤-٧٦). «ئینجا کاتێ ترس و بیمی ئیبراهیم لاچوو و مژدەکەشی بۆ هات، ئینجا لەبارەی گەلەکەی لووت دەمەتەقێی لەگەڵ دەکردین. چونکە بەڕاستی ئیبراهیم لەسەرخۆو دڵنەرم و ڕوولەخوا بوو. ئەی ئیبراهیم وازبهێنە لەم کارە، بەڕاستی بێگومان فەرمانی پەروەردگارت دەرچووە و، بەڕاستی بۆ ئەوانە سزایەکی نەگەڕاوە دێت». وتەی فریشتەکان کۆتایی بە گفتوگۆکە هێنا، ئیبراهیم بێدەنگ بوو، فریشتەکانیش بەرەو هۆزی لووت وەڕێکەوتن.

## بیناکردنی ماڵی خوا:

یەکەم مزگەوتێك بۆ خواپەرستی بینا کرا، لە مەککە بوو: «إِنَّ أَوَّلَ بَيْتٍ وُضِعَ لِلنَّاسِ لَلَّذِي بِبَكَّةَ مُبَارَكاً وَهُدًى لِّلْعَالَمِينَ» (آل عمران: ٩٦). «بەڕاستی یەکەم ماڵێك دانراوە بۆ (خواپەرستی)ی خەڵکی تێیدا؛ ئەو ماڵەیە کە لە مەککەدایە[١]، کە پیرۆزکراوە و ڕێنموونییە بۆ جیهانیان». (عن أَبَا ذَرٍّ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ قَالَ: قُلْتُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، أَيُّ

[١] بەککە؛ یەکێکە لە ناوەکانی مەککە. مەککە بەچەند شێوەیەك لەقورئاندا ناوی هاتووە، لەوانە:

- مەککە: لە سووورەتی فەتح: وَهُوَ الَّذِي كَفَّ أَيْدِيَهُمْ عَنكُمْ وَأَيْدِيَكُمْ عَنْهُم بِبَطْنِ مَكَّةَ مِن بَعْدِ أَنْ أَظْفَرَكُمْ عَلَيْهِمْ وَكَانَ اللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرًا.

- بەککە: لە سوورەتی ئالی عیمران: إِنَّ أَوَّلَ بَيْتٍ وُضِعَ لِلنَّاسِ لَلَّذِي بِبَكَّةَ مُبَارَكًا وَهُدًى لِّلْعَالَمِينَ.

- ئومولقورا (بە عەرەبی: أم القري) (واتە: دایکی شوێنەکان) لە سوورەتی ئەنعام: وَهَـذَا كِتَابٌ أَنزَلْنَاهُ مُبَارَكٌ مُّصَدِّقُ الَّذِي بَيْنَ يَدَيْهِ وَلِتُنذِرَ أُمَّ الْقُرَى وَمَنْ حَوْلَهَا وَالَّذِينَ يُؤْمِنُونَ بِالآخِرَةِ يُؤْمِنُونَ بِهِ وَهُمْ عَلَى صَلاَتِهِمْ يُحَافِظُونَ.

- شاری دڵنیایی (بە عەرەبی: البلد الأمين) لە سوورەتی تین: وَالتِّينِ وَالزَّيْتُونِ وَطُورِ سِينِينَ وَهَذَا الْبَلَدِ الْأَمِينِ. (وەرگێڕ)

مَسْجِدٍ وُضِعَ فِي الْأَرْضِ أَوَّلَ؟ قَالَ: الْمَسْجِدُ الْحَرَامُ. قَالَ : قُلْتُ : ثُمَّ أَيٌّ؟ قَالَ: الْمَسْجِدُ الْأَقْصَـــــــى). قُلْتُ: كَمْ كَانَ بَيْنَهُمَا؟ قَالَ: أَرْبَعُونَ سَـنَةً)[١]. واته: له ئەبوزەڕەوە (ڕەزای خوای لێبێت)، دەڵێت: له پێغەمبەرم (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) پرسـی: کام مزگەوت یەکەم جار لـه زەویدا درووســـتکرا؟ فەرمووی: مزگەوتی حەرام. وتم: ئەی پاشـــان؟ فەرمووی: مزگەوتی ئەقسا. وتم چەند ساڵ له نێوانیاندا بوو؟ فەرمووی: چل ساڵ.

مزگەوتی حەرام مەزنترین مزگەوتەو له پیرۆزترین و مەزنترین شوێنی زەویشدایە، هەر ئەو کـاتـه ئیبراهیم لـه خوا پاڕایەوە بیکاتە شـــوێنێکی پڕ له ئەمان و هێمنی و خواش وەریگرت. سـەیدنا ئادەم یەکەم کەس بوو ماڵەکەی بۆ خواپەرسـتی درووستکرد بەڵام دوای ئەو هەموو ســاڵەی پاش ئادەم ئاســەواری نەما. بۆیە خوا وەحیی بۆ ســەیدنا ئیبراهیم نـارد تا ماڵە دێرینەکەی خوا بینا کاتەوە، ئیبراهیم و ئیســـماعیل بە هاوکاری یەك بینـایان کرد: «وَإِذْ يَرْفَعُ إِبْرَاهِيمُ الْقَوَاعِدَ مِنَ الْبَيْتِ وَإِسْـــمَاعِيلُ» (البقرة: ١٢٧). «بیربکەرەوە کاتێك کە ئیبراهیم و ئیسماعیل بناغەکانی کەعبەیان بەرز دەکردەوە».

سـەیدنا ئیبراهیم و سەیدنا ئیسماعیل هەوڵێکی ئێجگار زۆر و بێئەندازەیان دا، شوێنی پایەکانی ماڵەکەیان هەڵکەند و له شاخەکان بەردیان بۆ تاشی و بە زەحمەت هێنایان بۆ کەعبە، تا بیناکە تەواو کەن، کە تا ڕۆژی کۆتایی دەبێتە ڕووگەی موسوڵمانان.

لـه کـاتی بینـای کەعبەدا هیچ پـاداشـــتێکیـان له خوا داوا نەکرد، بەڵکوو دەپاڕانەوە کردەوەکەیان لێوەربگرێت!: «رَبَّنَا تَقَبَّلْ مِنَّا إِنَّكَ أَنتَ السَّـــمِيعُ الْعَلِيمُ» (البقرة: ١٢٧). «خوایە ئەم کردەوەیەمان لێ گیرا بکە، بەڕاسـتی هەر تۆی بیســەری زانا». پاڕانەوەیان

---

[١] (بوخاری: ٣٣٦٦).

درێژەی بوو: « رَبَّنَا وَاجْعَلْنَا مُسْلِمَيْنِ لَكَ وَمِن ذُرِّيَّتِنَا أُمَّةً مُّسْلِمَةً لَّكَ وَأَرِنَا مَنَاسِكَنَا وَتُبْ عَلَيْنَا إِنَّكَ أَنتَ التَّوَّابُ الرَّحِيمُ» (البقرة: ١٢٨). «خوایە هەردووكمان بكە بە فەرمانبەری خۆت و، لە نەوەشمان گەلێك بكە بەفەرمانبەری خۆت و ڕێگاكانی خواپەرستیمان نیشان بدە و پەشیمانی و تۆبەمان گیرا بكە، بەڕاستی هەر تۆی گیراكەری پەشیمانی و میهرەبان». پاڕانەوەیان هەر بۆ خۆیان نەبوو: «رَبَّنَا وَابْعَثْ فِيهِمْ رَسُولاً مِّنْهُمْ يَتْلُو عَلَيْهِمْ آيَاتِكَ وَيُعَلِّمُهُمُ الْكِتَابَ وَالْحِكْمَةَ وَيُزَكِّيهِمْ إِنَّكَ أَنتَ العَزِيزُ الحَكِيمُ» (البقرة: ١٢٩). «خوایە لە ناو نەوەكانماندا پێغەمبەرێك بنێرە لەخۆیان، ئایەتەكانی تۆیان بەسەردا بخوێنێتەوە، كیتاب و دانایییان فێربكات و پاكیان بكاتەوە (لە هەموو گوناهێك) بێگومان هەرتۆی بەتوانای دانا».

نزاكانیان لە كاتی كاركردنیاندا دەبووە هاودەمیان، لە پاش كاریش دڵخۆشی دەكردن، هەست بە پەیوەندی لەگەڵ خوای گەورە دەبێ ئاوا بێت. سەیدنا ئیبراهیم لە سەر بەردێك دەوەستا، تا ڕێك و پێكیی بینای كەعبە هەڵسەنگێنێت، جێپێیەكانی لە سەر بەردەكە مانەوە، ئەمە هەر ئەو شوێنەیە كە پێی دەڵێن مەقامی ئیبراهیم، كە لە بەردەم كەعبە دایە.

كەعبە ئامادە كرا، بۆیە خوای گەورە فەرمانی بە ئیبراهیم دا؛ خەڵكی بۆ حەجكردن بانگ كات، ئیتر خوای گەورە بە دەسەڵات و هێزی خۆی دەنگی گەیاندە هەموو خەڵكی: «وَأَذِّن فِي النَّاسِ بِالْحَجِّ يَأْتُوكَ رِجَالاً وَعَلَى كُلِّ ضَامِرٍ يَأْتِينَ مِن كُلِّ فَجٍّ عَمِيقٍ» (الحج: ٢٧). «جاڕ بدە بەناو خەڵكیدا بۆ حەجكردن، دێن بۆ لات بە پیادە و بە سواری هەموو وشترێكی لاواز، (لەبەر ئەوەی) كە لە هەموو ڕێگایەكی دوورەوە دێن».

لێرەدا ئەرکی سەرشانی ئیبراهیم گەیشتە کۆتایی، لە پاش ئەو هەموو تاقیکاری و بڕینی قۆناغە دژوارانە؛ لە کۆتاییدا ساتی مردن هاتە پێشەوە، کە بەڕاستی هەموو مرۆڤێك دەگرێتەوە. کاتێك فریشتەی مەرگ هاتە لای سەیدنا ئیبراهیم، بە رازیبوون و تامەزرۆیی دیداری پەروەردگار لەگەڵی رۆیشت، لە پاش تەمەنێکی درێژی سەرتاسەر لە ملکەچی و خواویستی و بانگەواز بەرەو پەروەردگار.

درووود و سڵاوو پیرۆزیی خوا لە سەر ئیبراهیم و خانەوادەکەی بێت.

## لە سوودەکانی بەسەرهاتەکە:

١- فریشتەکان بەندە رێزلێگیراوەکانی خوان، نە دەخۆن و نە دەخۆنەوە، دێشنە سەر سیمای مرۆڤ، هەرگیز نافەرمانیی خوایش ناکەن.

٢- بەخشندەیی رەوشتی چاکەکاران و بە تایبەت پێغەمبەرانە، بڕوانە خەلیل چۆن گوێرەکە قەڵەوەکەی هێنایە پێشەوە.

٣- بێهیوایی و نائومێدی لە فەرهەنگۆکی ئیسلامدا جێی نابێتەوە، بڕوانە سارە لە تەمەنی پیرێژنییدا منداڵی دەبێت لە پاش نەزۆکییش.

٤- هەر کەس ماڵێك بۆ خوا بکاتەوە، خوا ماڵێکی لە بەهەشتدا بۆ ئامادە دەکات.

٥- هەر کەس تەمەنی لە پەرستشی خوادا تێپەڕ بکات، ئەوە تامەزرۆی دیداری خوا دەبێت.

# ئیسماعیل

«وَاذْكُرْ فِي الْكِتَابِ إِسْمَاعِيلَ إِنَّهُ كَانَ صَادِقَ الْوَعْدِ وَكَانَ رَسُولاً نَّبِيّاً»

## پاڕانەوەی خەلیل بۆ منداڵ:

منداڵ بەخششێكی خوایە، ڕۆزییەكە وەكوو ڕۆزیەكانی تر، كە بە قەدەری خوا دەبەخشرێت: «لِلَّهِ مُلْكُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ يَخْلُقُ مَا يَشَاءُ يَهَبُ لِمَنْ يَشَاءُ إِنَاثاً وَيَهَبُ لِمَن يَشَاءُ الذُّكُورَ. أَوْ يُزَوِّجُهُمْ ذُكْرَاناً وَإِنَاثاً وَيَجْعَلُ مَن يَشَاءُ عَقِيماً إِنَّهُ عَلِيمٌ قَدِيرٌ» (الشورى: ٤٩-٥٠). «هەر بۆ خوایە پادشایەتیی ئاسمانەكان و زەوی، هەرچی بیەوێ بەدییدەهێنێ. بۆ هەر كەسێ بیەوێ كچی پێدەبەخشێت، بۆ هەر كەسیش بیەوێ كوڕی پێدەبەخشێت، یانیش كوڕ و كچی بەیەكەوە پێدەبەخشێت. هەر كەسی بوێ نەزۆكی دەكات. بەڕاستی خوا زانای دەسەڵاتدارە». بوون و نەبوونی منداڵ بەڵگەی تووڕەیی یان ڕازیبوونی خوا نییە! خوای گەورە دەفەرموێت: «وَمَا أَمْوَالُكُمْ وَلَا أَوْلَادُكُم بِالَّتِي تُقَرِّبُكُمْ عِندَنَا زُلْفَى» (سبأ: ٣٧). «دارایی و منداڵەكانتان شتێك نین لای ئێمە پلە و پایەتان نزیك بكەنەوە».

بەڵام مرۆڤ بە پێی سروشتی خۆی سامان و منداڵی خۆش دەوێ، ئاخر ئەم دوانە ڕازێنەرەوەی ژیانن. بۆیە ئیبراهیمیش ئارەزوومەندی منداڵ بوو، پاڕایەوە: «رَبِّ هَبْ لِي مِنَ الصَّالِحِينَ» (الصافات: ١٠٠). «ئەی پەروەردگارم منداڵی چاكم پێ ببەخشە». خوای گەورەش كە پاڕانەوەی چاكەكاران وەردەگرێت مژدەی كوڕێكی خۆڕاگری لە تەمەنی هەشتاوشەشساڵیدا پێدا! كوڕەكە ئیسماعیلە، كە خوا بە "خۆڕاگری و

پشوودرێژی و راستبەڵێنی" وەسفی دەکات، کە خانەوادەکەی بۆ نوێژ بانگ دەکات و دایکیشی خاتوو هاجەرە.

کـاتێك ئیســـماعیل هاتە دنیا، لەگەڵ یەکەم مەینەتی رووبەڕوو بووەوە؛ ئەو کاتەی کە باوکی لەگەڵ دایکی لە بیابانەکەدا جێیهێشتن، کە تونییەتییەکەیشی زۆر بوو؛ لە پاش حەوت جـار هەولـدانەکەی دایکی لە نێوان ســەفا و مەڕوە؛ قاچی دا بە زەویدا و بە ویستی خوا ئاوی زەمزەم هەڵقوڵا.

ئیسـماعیل تا کاتێك خوا ویسـتی، لە نێو دوورگەی عەرەبی مایەوە، ئەسـپی پەروەردە دەکرد، ئاوی زەمزەمیش بووە هۆی ئاوەدانیی ناوچەکە.

## سەردانی خەلیل بۆ لای ئیسماعیل:

چەند کاروان لە ناوچەکە مانەوە و خێڵەکان نیشـتەجێ بوون، ئیسـماعیل گەورە بوو، هـاوســەرگـیریی کرد و ئیبراهیمی بـاوکیشـــی هـاتـە دیـداری، پێغەمبەری خوا (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دەفەرموێت: (فَجَاءَ إِبْرَاهِيمُ بَعْدَمَا تَزَوَّجَ إِسْـمَاعِيلُ يُطَالِعُ تَرِكَتَهُ ، فَلَمْ يَجِدْ إِسْـمَاعِيلَ، فَسَـأَلَ امْرَأَتَهُ عَنْهُ فَقَالَتْ : خَرَجَ يَبْتَغِي لَنَا. ثُمَّ سَـأَلَهَا عَنْ عَيْشِـهِمْ وَهَيْئَتِهِمْ، فَقَالَتْ : نَحْنُ بِشَرٍّ، نَحْنُ فِي ضِيقٍ وَشِدَّةٍ. فَشَكَتْ إِلَيْهِ. قَالَ : فَإِذَا جَاءَ زَوْجُكِ فَاقْرَئِي عَلَيْهِ السَّلاَمَ، وَقُولِي لَهُ يُغَيِّرْ عَتَبَةَ بَابِهِ. فَلَمَّا جَاءَ إِسْمَاعِيلُ كَأَنَّهُ آنَسَ شَيْئًا فَقَالَ : هَلْ جَاءَكُمْ مِنْ أَحَدٍ ؟ قَالَتْ : نَعَمْ، جَاءَنَا شَيْخٌ كَذَا وَكَذَا، فَسَأَلَنَا عَنْكَ فَأَخْبَرْتُهُ، وَسَأَلَنِي : كَيْفَ عَيْشُـنَا ؟ فَأَخْبَرْتُهُ أَنَّا فِي جَهْدٍ وَشِـدَّةٍ. قَالَ : فَهَلْ أَوْصَـاكِ بِشَـيْءٍ ؟ قَالَتْ : نَعَمْ، أَمَرَنِي أَنْ أَقْرَأَ عَلَيْكَ السَّـلاَمَ وَيَقُولُ : غَيِّرْ عَتَبَةَ بَـابِكَ. قَالَ : ذَاكِ أَبِي، وَقَدْ أَمَرَنِي أَنْ

أُفَارِقَك، الْحَقِي بِأَهْلِك. فَطَلَّقَهَا وَتَزَوَّجَ مِنْهُمْ أُخْرَى، فَلَبِثَ عَنْهُمْ إِبْرَاهِيمُ مَا شَاءَ اللَّهُ، ثُمَّ أَتَاهُمْ بَعْدُ فَلَمْ يَجِدْهُ، فَدَخَلَ عَلَى امْرَأَتِهِ فَسَأَلَهَا عَنْهُ فَقَالَتْ : خَرَجَ يَبْتَغِي لَنَا. قَالَ : كَيْفَ أَنْتُمْ ؟ وَسَأَلَهَا عَنْ عَيْشِهِمْ وَهَيْئَتِهِمْ، فَقَالَتْ : نَحْنُ بِخَيْرٍ وَسَعَةٍ. وَأَثْنَتْ عَلَى اللَّهِ، فَقَالَ : مَا طَعَامُكُمْ ؟ قَالَت : اللَّحْمُ. قَالَ : فَمَا شَرَابُكُمْ ؟ قَالَت : الْمَاءُ. قَالَ : اللَّهُمَّ بَارِكْ لَهُمْ فِي اللَّحْمِ وَالْمَاءِ - قَالَ النَّبِيُّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ : " وَلَمْ يَكُنْ لَهُمْ يَوْمَئِذٍ حَبٌّ، وَلَوْ كَانَ لَهُمْ دَعَا لَهُمْ فِيهِ ". قَالَ : فَهُمَا لَا يَخْلُو عَلَيْهِمَا أَحَدٌ بِغَيْرِ مَكَّةَ إِلَّا لَمْ يُوَافِقَاهُ - قَالَ : فَإِذَا جَاءَ زَوْجُكِ فَاقْرَئِي عَلَيْهِ السَّلَامَ، وَمُرِيهِ يُثْبِتُ عَتَبَةَ بَابِهِ. فَلَمَّا جَاءَ إِسْمَاعِيلُ قَالَ : هَلْ أَتَاكُمْ مِنْ أَحَدٍ ؟ قَالَتْ : نَعَمْ، أَتَانَا شَيْخٌ حَسَنُ الْهَيْئَةِ - وَأَثْنَتْ عَلَيْهِ - فَسَأَلَنِي عَنْكَ فَأَخْبَرْتُهُ، فَسَأَلَنِي : كَيْفَ عَيْشُنَا ؟ فَأَخْبَرْتُهُ أَنَّا بِخَيْرٍ. قَالَ : فَأَوْصَاكِ بِشَيْءٍ ؟ قَالَتْ : نَعَمْ، هُوَ يَقْرَأُ عَلَيْكَ السَّلَامَ وَيَأْمُرُكَ أَنْ تُثْبِتَ عَتَبَةَ بَابِكَ. قَالَ : ذَاكِ أَبِي، وَأَنْتِ الْعَتَبَةُ، أَمَرَنِي أَنْ أُمْسِكَكِ)[1]. واته: پاش هاوسەرگیریی ئیسماعیل، ئیبراهیم هات تا ڕۆڵەکەی کە جێیهێشتووە ببینێت، بەڵام ئیسماعیل لەماڵەوە نەبوو. پرسیاری لە هاوسەرەکەی کرد، وتی: چووەتە دەرەوە ڕۆزیمان بۆ بهێنێت. پاشان دەربارەی ژیان و بارودۆخیان پرسیاری لێکرد. هاوسەرەکری وتی: زۆر خراپە، ئێمە لە تەنگانەداین، گلەیی لە دۆخی خۆیان کرد. ئیبراهیم وتی: ئەگەر مێردەکەت هاتەوە سڵاوی منی پێبگەیەنە و پێی بڵێ دەرازوونی[2] ماڵەکەی بگۆڕێت. کە ئیسماعیل هاتەوە، وەك بڵێی هەستی بە شتێك کردووە، بۆیە وتی: ئایا کەسێك هاتە ماڵمان؟ خێزانەکەی وتی: بەڵێ، پیرەپیاوێکی ئاوا و ئاوا هاتە لامان، دەربارەی تۆ پرسیاری لێکردین، هەواڵم پێدا. پاشان دەربارەی

---

[1] (بوخاری: ٣٣٦٤)

[2] - دەرازوون واتە: سەردەرانە، ئەو کاریتە و تەختەیەی کە لەسەر دەرگاکەیە بۆ ئەوەی توندی بکات.

ژیانمان پرسیاری لێکردم، وتم لە مەینەتی و هەژاریداین. ئیسماعیل وتی: ئەی هیچ ئامۆژگارییەکی نەکردی؟ وتی: بەڵێ، فەرمانی پێدام سڵاویت پێ بگەیەنم، وتیشی: دەرازوونی درگاکەت بگۆڕە. ئیسماعیل وتی: ئەوە باوکمە، فەرمانی پێداوم لێت جیا ببمەوە، بڕۆرەوە لای خانەوادەت، ئیتر تەڵاقی دا و ژنێکی تری هێنا.

ئیبراهیم ماوەیەك وەستا، پاشان گەڕایەوە لایان بەڵام ئیسماعیل لەماڵەوە نەبوو، چووە ماڵەوە بۆ لای هاوسەرەکەی و پرسیاری ئیسماعیلی کرد، وتی: چووەتە دەرەوە هەوڵمان بۆ بدات، وتی: ئەی خۆتان چۆنن؟ پرسیاری ژیان و بارودۆخیانی کرد. وتی: ئێمە لە خێر و خۆشیداین و سوپاسگوزاری خوای کرد. ئیبراهیم وتی: خواردنتان چییە؟ وتی: گۆشت، وتی ئەی خواردنەوەتان؟ وتی: ئاو. ئیبراهیم وتی: خوایە گیان بەرەکەت و پیرۆزی بخەیتە گۆشت و ئاویان. وتیشی: ئەگەر هاوسەرەکەت هاتەوە سڵاوی منی پێبگەیەنە، فەرمانیشی پێبدە دەرازوونی ماڵەکەی تۆندوتۆڵ کات. کاتێك ئیسماعیل هاتەوە وتی: ئایا کەسێك هاتە ماڵمان؟ هاوسەرەکەی وتی: بەڵێ، پیاوێکی سیماجوان هاتە لامان -ژنەکە بە چاکە ناوی برد-، پرسیاری دەربارەی تۆ لێکردم، هەواڵم پێدا، وتیشی: ژیانتان چۆنە؟ وتم لە خێر و خۆشیداین. ئیسماعیل وتی: هیچ ئامۆژگاریی نەکردی؟ وتی: بەڵێ، سڵاوی تۆی گەیاند و، فەرمانی پێدای دەرازوونی درگاکەت توند و تۆڵ بکەیت. وتی: ئەوە باوکمە، تۆیش دەرازوونەکەی، فەرمانی پێداوم بتهێڵمەوە.

پاشان تاقیکارییەکی تر هاتە رێگای سەیدنا ئیسماعیل، کە لە تاقیکاریی یەکەم زەحمەتتر بوو، ئەویش ئەو کاتە بوو ئیبراهیم خەوی بینی جگەرگۆشەکەی سەردەبڕێت، ئیتر هاتە لای و ئەویش دەسبەجێ فەرمانبەریی دەربڕی و بە ناخێکی پڕ

له بڕوا و خواپەرستییەوە بە باوکی وت: «يَا أَبَتِ افْعَلْ مَا تُؤْمَرُ سَتَجِدُنِي إِن شَاءَ اللَّهُ مِنَ الصَّابِرِينَ» (الصافات: ١٠٢). «بابە گیان ئەوەی فەرمانت پێدراوە بیکە، دڵنیا بە دەمبینی بە ویستی خوا لە خۆگران دەبم». سەیری وەڵامی کوڕەکە بکە! مرۆڤێك دەزانێت سەری دەبڕدرێت؛ بەڵام ملکەچی فەرمانی خوا ئەبێت و باوکیشی دڵنیا دەکاتەوە کە بە خۆڕاگرییەوە دەمبینی.

«فَلَمَّا أَسْلَمَا» (الصافات: ١٠٣). «ئینجا کاتێ هەردووکیان ملکەچ بوون»، ئەمە ئیسلامی ڕاستەقینەیە، هەموو شتێك دەبەخشی و هیچ لە خۆت نامێنێتەوە، لەو ساتەدا کە چەقۆکە ئامادە دەکات؛ خوا بانگی ئیبراهیم دەکات کە تاقیکارییەکە تەواو بوو، قوربانییەکی گەورەی خستە بری ئیسماعیل، هەمان ڕۆژ بووە جەژنی هۆزێك کە هێشتا نەهاتوونەتە سەر زەوی کە موسوڵمانن.

سەرەنجامی تاقیکارییەکە سەرکەوتنی باوك و کوڕ بوو، مەینەتییەك بە دوای مەینەتییەکی تردا، کەچی ناوی چاکەی ئەوان مایەوە، بەڕاستی ئەم دوو پیاوە لە ڕاستگۆیان و چاکەکاران بوون.

ژیانی ئیسماعیلیش وەکوو ژیانی باوکی پڕ بوو لە تاقیکاریی بێوێنە، بەڵام ئەویش لە هەموویان دەرچوو. لە پاش تاقیکاریی سەربڕینی؛ تاقیکاریی بۆ خوا لێبڕان دێت. باسی ئەوەشمان کرد کە ئیبراهیم پێی وت: خوا فەرمانی پێداوە ماڵێك درووست بکات، ئەویش ئامادەیی خۆی دەربڕی و وتی: لە خزمەتتدام.

هاوکاریی ئەم باوك و کوڕە سەر لێی سووڕ دەمێنێ! لە خوا دەپاڕێینەوە باوك و دایکەکان ڕێنمایی بکات و منداڵەکان چاکەکار کات.

## درووستکردنی کەعبە:

خوای گەورە باسی کاتی درووستکردنی کەعبەی بۆ نەکردووین، شتێکی گرنگتری باس کردووە کە خواویستی و پاڕانەوەی ئەو کەسەیە کە درووستی دەکات: «رَبَّنَا تَقَبَّلْ مِنَّا إِنَّكَ أَنتَ السَّمِيعُ الْعَلِيمُ» (البقرة: ١٢٧). «خوایە ئەم کردەوەیەمان لێ گیرا بکە، بەڕاستی هەر تۆی بیسەری زانا». ئەمە بۆمان دەردەخات کە مەبەستی سەرەکی ئەوان گەڕانەوە بۆ لای پەروەردگار بوو، ئەوە بوو کە خوای بیسەر و بینەر لێیان وەربگرێت، ئەمەش ئەوپەڕی خواویستی و خواپەرستی و لەخواترسییە. ئەوان هەوڵیان دەدا و بەردیان دەبڕی و ماڵەکەیان درووست دەکرد؛ تەنها بەو هیوایەی لێیان وەربگیرێت!: «رَبَّنَا وَاجْعَلْنَا مُسْلِمَيْنِ لَكَ وَمِن ذُرِّيَّتِنَا أُمَّةً مُّسْلِمَةً لَّكَ» (البقرة: ١٢٨). «خوایە هەردووکمان بکە بە فەرمانبەری خۆت و لە نەوەشمان گەلێك بکە بەفەرمانبەری خۆت».

گەورەترین و مەزنترین موسوڵمانانی ئەو رۆژە؛ داوا لە پەروەردگار دەکەن؛ وابکات ملکەچی خۆی بن، ئاخر دەزانن دڵەکان لە نێوان دوو پەنجەی پەروەردگاردایە. ئەوان بە خاوێنترین شێواز پەرستش دەکەن، ماڵەکە بینا دەکەن و دەپاڕێنەوە لێیان وەربگرێت، پاشان داوای موسوڵمانێتی و بەزەیی خوا دەکەن، پاشان دەپاڕێنەوە ئوممەتێکی موسوڵمان لە نەوەی ئەوان دەربهێنێت؛ تا ژمارەی خواپەرستان زیاد بکات.

نزاکەی ئیبراهیم و ئیسماعیل؛ هەوڵ و هیوای دڵی ئیماندار دەردەخات. ماڵێك بۆ خوا درووست دەکەن، لەگەڵ ئەوەدا کاروباری عەقیدە و بیروباوەڕ بە خۆیەوە خەریکی کردوون، ئەمە پیشانمان دەدات کە ماڵەکەی خوا هێمای بیروباوەڕە: «وَأَرِنَا مَنَاسِكَنَا

وَتُبْ عَلَيْنَا إِنَّكَ أَنتَ التَّوَّابُ الرَّحِيمُ» (البقرة: ١٢٨). «ڕێگاکانی خواپەرستیمان نیشان بدە و پەشیمانیمان گیرا بکە، بەڕاستی هەر تۆی گیراکەری پەشیمانی و میهرەبان». ئەو پەرستشەمان پیشان دە کە پێی رازییت، بۆمان دەرخە چۆن پێتخۆشە لە زەویدا پەرستش بکرێیت.

پاشان بیر و هۆشیان لە کات و ساتی خۆیان تێپەڕ دەبێت نزا دەکەن: «رَبَّنَا وَابْعَثْ فِيهِمْ رَسُولاً مِّنْهُمْ يَتْلُو عَلَيْهِمْ آيَاتِكَ وَيُعَلِّمُهُمُ الْكِتَابَ وَالْحِكْمَةَ وَيُزَكِّيهِمْ إِنَّكَ أَنتَ العَزِيزُ الحَكِيمُ» (البقرة: ١٢٩). «خوایە لە ناو نەوەکانماندا پێغەمبەرێك بنێرە لەخۆیان، ئایەتەکانی تۆیان بەسەردا بخوێنێتەوە؛ کیتاب و داناییان فێربکات و پاکیان بکاتەوە (لە هەموو گوناهێک)، بێگومان هەرتۆی بەتوانای دانا». ئەم نزایە کاتێك گیرا بوو، کە خوا موحەممەدی کوڕی عەبدوڵڵای بە پێغەمبەرایەتی نارد (دروودی خوای لە سەربێت).

بینایماڵەکە گەیشتە کۆتایی، ئیبراهیم فەرمانی بە کوڕەکەی دا بەردێکی جیاوازی بۆ بهێنێت تا ببێتە هێمای دەسپێکی تەواف، وتی با ڕەنگەکەی جیاواز بێت لە بەردەکانی تر، کە ئیسماعیل گەڕایەوە؛ ئیبراهیم بەردە ڕەشەکە (الحجر الأسود)ی لە شوێنی خۆی دانا بوو، وتی: ئەوە کێ بۆی هێناوی بابە گیان؟! فەرمووی: جوبرەئیل. بۆیە پێغەمبەری خوا (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دەفەرموێت: (الحجرُ الأسوَدُ من الجنَّةِ)[١]. واتە: بەردە ڕەشەکە لە بەهەشتەوە هاتووە.

لە پاش درووستبوونی کەعبە، تەوافی یەکخواپەرستان و موسوڵمانان دەستی پێکرد،

---

[١] (ترمزی: ٨٧٧).

ئیبراهیمیش هەمـان نزای جـارانی دەوتەوە: «فَـاجْعَـلْ أَفْئِـدَةً مِّنَ النَّاسِ تَهْوِي إِلَيْهِمْ» (إبراهيم: ٣٧). «بەڵكوو دڵی خەڵكانێ وا لێبكەیت سۆزیان ببێ بۆ لایان». جا سەیری ئەو لێكدانەوەیە بكە، «هَوی» لە زمانی عەرەبیدا: مەیل و ئارەزوویەكە، كە هیچ شتێك نـابێتـە بەربەســـتی. ئەوپەڕی ئەم ئـارەزوووەش بۆ لای كەعبەیـە، حەز و ئـارەزووی موســـوڵمـانان بۆ زیارەتكردنی كەعبە لەم نزایەوە هاتووە. دەبینی هەر كەس مزگەوتی حەرام زیارەت دەكات و دەگەڕێتەوە وڵاتی خۆی؛ لە جاران تینووتر و تامەزرۆترە، بۆیە هەر جارەش كە دڵەكان بە تامەزرۆییەوە روودەكەنە كەعبە و زەمزەم، هزر و هۆشەكان یەكسـەر دەكەونە بیری ئیبراهیم و ئیسـماعیل! ئاخر لە پاش خوا؛ دروستبوونی ئەو مـاڵە و هەڵقوڵانی ئەو ئاوە؛ بۆ گەورەیی ئەوان دەگەڕێتەوە. تا ئەو كاتە زەمزەم تینوێتی لادەبات و نەخۆشی چاك دەكاتەوە؛ شایەتی دەدات كە خوا لە ئیسماعیل ڕازیبووە!

## ئیسماعیلی ڕەزامەند و لێڕازیبوو:

ئیسـماعیل یەكەم كەسـە سـوارچاكیی ئەسـپی كردووە؛ بە زمانی عەرەبیی ڕەوانبێژانە قسـەی كردووە، هەروەها لە هەموو تەمەنی خەڵكیی بەرەو عیبادەت و نوێژ و زەكات بانگ كرد، خۆیشـی بەردەوام دوعا و نزای دەكرد و زۆریش خوا ویست بوو: «وَاذْكُرْ فِي الْكِتَابِ إِسْمَاعِيلَ إِنَّهُ كَانَ صَـادِقَ الْوَعْدِ وَكَانَ رَسُولاً نَّبِيّاً. وَكَانَ يَأْمُرُ أَهْلَهُ بِالصَّلاَةِ وَالزَّكَاةِ وَكَانَ عِندَ رَبِّهِ مَرْضِـيّاً» (مريم: ٥٤-٥٥). «لە قورئاندا باسـی ئیسـماعیل بكە، بێگومـان ئەو لە پەیمـان و بەڵێنەكانیدا راســـتگۆ بوو، وە ئەو نێرراوو پێغەمبەری خوا بوو. هەمیشـــە فەرمـانی دەدا بە خێزان و كەس و كـاری بە نوێژكردن و زەكاتدان و،

هەمیشە لای پەروەردگاری جێگەی ڕەزامەندی بوو».

ڕەچەڵەکی پێغەمبەری خواش (صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) دەگاتەوە بە ئیســـماعیل، بۆیە ڕۆڵەی ئیسـلام؛ ئەمە باپیرە گەورەی تۆیە! شانازیی پێوە بکە و بنەمای ڕەوشتتی لێوە وەربگرە کە ئەمانەن:

یەکەم: ملکەچی بۆ خوا و وەرگرتنی فەرمانەکانی، بە ئەوپەڕی دڵخۆشی و ڕەزامەندی.

دووەم: ڕەفتار و مامەڵەی جوان و میهرەبانانە، لە نێوان باوك و کوڕی خۆشـەویست و ژیردا.

## لە سوودەکانی ئەم بەسەرهاتە:

١- پاڕانەوە لە خوا بۆ منداڵی چاکەکار، کە لە سەر خواپەرستی یارمەتی بدات.

٢- بەدواداچوونی کـاروبـاری منـداڵ لە لایەن باوکییەوە و، پرســیارکردن دەربارەی بارودۆخی.

٣- ســوپاســگوزاریی کلیلی نیعمەتە، هەروەك بێهیوایی لە نیعمەتی خوا؛ هۆی لە ناو چوونییەتی.

٤- لە پیرۆزییەکانی خواپەرستی؛ کردنەوەی گرێ و گۆڵ و پاداشتی فراوانە.

٥- بە کردەوەت دڵ خۆش مەکە تا بۆت دەردەکەوێ وەرگیراوە یان نا.

٦- تەوحیدی خاوێن ڕێگا و ڕەوشــتی ئیبراهیم و ئیســماعیل بوو، ئەوان نە جوولەکە

بوون و نه گاور.

٧- زمانی عەرەبی زمانی قورئانە، بۆیە بیپارێزە، چونکە دروشمی ئیسلامە.

# لووت

« وَلُوطاً آتَيْنَاهُ حُكْماً وَعِلْماً»

## پێغەمبەرێک بۆ لای خراپەکارترین خەڵکی زەوی:

پێغەمبەر لووت برازای سەیدنا ئیبراهیم بوو. خوا ناردییە لای هۆزێك؛ کە لە شاری سەدوم دەژیان، کە دەڵێن سێ ڕۆژە ڕێ لە بەیتولمەقدیس دوور بووە، ئەمانە خراپەکارترین و سوورترینی خەڵکی لە سەر بێباوەڕی بوون، لە هەمووانیش زیاتر دوودەگییتی و بەدڕەوشتییان دەکرد. ئەمانە ڕێیان بە گەشتیاران دەگرت، خیانەتیان دەکرد و هەموو جۆرە تاوانێکی نەناسراویان کردبووە پیشە. سەیدنا لووت هەوڵیدا ناخە نەخۆش و دڵە رزاوەکانیان چاك بکاتەوە و، تیشك بداتە هزر و هۆشە تاریکەکانیان.

## بانگەوازی هۆزەکە لە لایەن لووتەوە بۆ خوا پەرستی:

لووت هۆزەکەی بەرەو خوا بانگ کرد و، بە میهرەبانییەوە پێی وتن: «أَلَا تَتَّقُونَ. إِنِّي لَكُمْ رَسُولٌ أَمِينٌ. فَاتَّقُوا اللَّهَ وَأَطِيعُونِ» (الشعراء: ١٦١-١٦٣). «ئایا ئێوە لە خوا ناترسن کە خۆ نا پارێزن؟! بەڕاستی من پێغەمبەرێکی ئەمینم بۆ ئێوە. کەواتە لە خوا بترسن و گوێڕایەڵیی من بکەن». لووت بەرهەڵستیی کردنەوە لە دوودەگێتی و خراپەکاری، بۆیشی ڕوونکردنەوە مرۆڤی ژیری خاوەن تەگبیر کاری دوودەگی ناکات،

پێی وتن: «أَتَأْتُونَ الْفَاحِشَةَ وَأَنتُمْ تُبْصِرُونَ. أَئِنَّكُمْ لَتَأْتُونَ الرِّجَالَ شَهْوَةً مِّن دُونِ النِّسَاء بَلْ أَنتُمْ قَوْمٌ تَجْهَلُونَ» (النمل: ٥٤-٥٥). «ئایا ئێوە ئەو کارە زۆر خراپ و ناشرینە دەکەن، کە ئێوە دەبینن و دەزانن؟! چۆن، ئایا بەڕاستی ئێوە دەچنە لای پیاوان لە جیاتی ئافرەتان بۆ بەجێهێنانی ئارەزوو؟! دیارە ئێوە گەل و کۆمەڵێکی نەفام و نەزانن».

بەڵام هۆزەکە لووتبەرزییان نواند، پێیان ناخۆش بوو پیاوێکی خاوێنیان تێدایە کە خراپەکاری ناکات. ناخیان کرمێ و گەنی بوو، گومانیان دەکرد پیاوچاکی خاوێن بۆی نییە لە ناویانا بژی؛ کەواتە سزای دەرکردنە! هاواریان لە یەکتر کرد: «أَخْرِجُوا آلَ لُوطٍ مِّن قَرْيَتِكُمْ إِنَّهُمْ أُنَاسٌ يَتَطَهَّرُونَ» (النمل: ٥٦). «لووت و خێزانی (شوێنکەوتووانی) لەشارەکەتان دەرکەن، بەڕاستی ئەوان کەسانێکن خۆیان پاك رادەگرن (لەم کردەوەی ئێمە)».

هۆزەکە بە ئاشکراو بێ نهێنی کاری دووەگییان دەکرد، لووتیش زۆر هەوڵیدا هۆزەکەی رزگار کات و بەرەو هەق رێنماییان بکات، بەڵام جگە لە خانەوادەکەی کەس بڕوای پێ نەهێنا، بە داخەوە ژنەکەشی لە بێباوەڕان بوو، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا کۆڵی نەدا و بێ هیوا نەبوو، لووت هەوڵی دا هۆزەکە بترسێنیت و هەڕەشەی سزای خوایان لێبکات؛ کەچی بە راستیان نەزانی و شەڕخوازانە وتیان: «ائْتِنَا بِعَذَابِ اللَّهِ إِن كُنتَ مِنَ الصَّادِقِينَ» (العنکبوت: ٢٩). «سزای خوامان بۆ بێنە ئەگەر تۆ لە راستگۆیانی!».

لێرەدا لووت زانیی هۆزەکەی بڕوا ناهێنن و بەردەوام دەبن لە ئازاردانی، بۆیە داوای لە خوا کرد سەری بخات بە سەریاندا؛ خواش نزاکەی گیرا کرد. خوا سێ فریشتە کە

بریتین لە جوبرەئیل و میکائیل و ئیسرافیلی ناردە شاری سەدوم، فریشتەکان پێشتریش چوونە لای ئیبراهیم و مژدەی لەدایکبوونی ئیســـحاقیان دایە. جا ئیبراهیم دەمەتەقێی لەگەڵ کردن بەڵکوو ســـزادانی هۆزی لووت دوا خـات، بەڵام ئەوان تێیانگەیاند ئەمە فەرمانی خوایە و کەس لەوان بڕوا ناهێنێت. فریشتەکان گەیشتنە سەدوم و بەرەو ماڵی لووت ڕۆیشتن و لە شێوازی مرۆڤدا بوون، چەند گەنجێکی کەم تەمەن! لووت بە پەلە بەرەو پیریان ڕۆیشـت و لە ناخیشـیدا وتی: «هَذَا يَوْمٌ عَصِيبٌ» (هود: ٧٧). «ئەم ڕۆژە ڕۆژێکی سەختە!».

لووت هەوڵی دا ڕازییان کات لە شـاره‌کە نەمێننەوە، بەڵام نەیتوانی. خەڵکی شـارەکە مەرجیـان بۆ لووت دانـابوو کەس نەکـاتـە میوان، بۆیـە کە ڕێبوارێك دەهات ئازاریان دەدا. سـەیدنا لووت چەندین جار بە فریشـتەکانی وت: خەڵکی ئەم شارە خراپەکار و پیســـن، بەڵام نەیتوانی پەشـــیمـانیان کاتەوە، بۆیە بە نهێنی و ترس و لەرزەوە لەگەڵ میوانەکـانی بەرەو ماڵەوە بەرێکەوت، هەوڵیدا کەس نەیانبینێت، بەڵام ژنەکەی چاوی پێیانکەوت، بۆیە دەسبەجێ ڕۆیشت بۆ لای هۆزەکە تا هەواڵی ئەو سێ پیاوەیان بداتێ کە لە ماڵی لووتن.

هۆزەکە خێرا هاتن، لووت چووە دەرەوە، داوای سێ پیاوە میوانەکەیان لێکرد، ئەویش لـە وەڵامـدا فەرمووی: «يَـا قَوْمِ هَؤُلاء بَنَـاتِي هُنَّ أَطْهَرُ لَكُمْ فَاتَّقُواْ اللّهَ وَلاَ تُخْزُونِ فِي ضَـــيْفِي أَلَيْسَ مِنكُمْ رَجُلٌ رَّشِـــيدٌ» (هود: ٧٨). «ئەی گەلەکەم ئەوانە کچەکانی منن (مەبەستی کچەکانی هۆزەکەی بوو) ئەوانە پاك و حەڵاڵن بۆتان، دەی لەخوا بترسن و سەرشۆڕ و بێئابڕوم مەکەن لەبارەی میوانەکانمەوە، ئاخۆ پیاوێکی ژیر و تێگەیشتووتان تێدا نییە؟!». ئەم ڕسـتانە هەموو خەم و خەفەتەکەی دڵی لووتیان لە خۆدا هەڵگرتووە:

ئەرێ ئێوە پیــاوێکتان تیا نییە؟ تاقە پیاوێك بەدی ناکرێ لە ناوتانا؟! بەڵام قســـەکانی هیچ کاریگەریی لە ســەر ســروشــتە لادەرە نەخۆشــەکان و، دڵە مردووەکان و، مێشکە گەلۆرەکانیان نەبوو!

## هەوڵی پشتگیری میوانەکان:

لووت هەموو هەوڵێدا پشتگیری میوانەکان بکات، بەڵام زانیی بە تەنها خۆی هیچی پێ نــاکرێــت. هەســـتی بە لاوازی کرد، ئەو لە ناویاندا بێگانە بوو، بێهۆز و تایفە هاتبووە ناویان، کوڕیشــی نەبوو پشــتی بگرێت. لووت بە تووڕەییەوە چووە ژوورەوە، درگاکەی داخست و پشتی قایم کرد و گوێی لە پێکەنین و لە دەرکەدانی خەڵکەکە بوو. لووت لە خەم و خەفەتدا دەلەرزی؛ کەچی ســێ میوانەکە بێدەنگ و هێدی دانیشــتبوون! ئەوە زیــاتر ئــازاری دەدا کــە ئەوان متمــانەیان پێکردووە؛ نەیانزانیوە ناتوانێت بیانپارێزێت، هۆزەکە زیاتر لە دەرگایاندا، لووت لە کاتی بێهیواییدا وتی: «قَالَ لَوْ أَنَّ لِي بِكُمْ قُوَّةً أَوْ آوِي إِلَى رُكْنٍ شَــدِيدٍ» (هود: ٨٠). «وتی خۆزگە لە بەرانبەر ئێوەدا هێزێکم ببوایە یان پەنایەکی قایم ببوایە پەنام پێ ببردایە».

ئــاواتەخواز بوو هێزێکی بێت میوانەکان بپارێزێت یان پەنایەکی قایمی ببوایێت پەنای پێ بەرێــت، بەڕاســـتیش پەنــای بردە پەنــای قــاییم، کــە پەنــای خوایــە، پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دەفەرمویێت: (يَرْحَمُ اللَّهُ لُوطًا لَقَدْ كَانَ يَأْوِي إِلَى رُكْنٍ شَدِيدٍ)[١]. واتە:

[١] نووسەری بەڕێز نوسیویەتی: بخاري (٣٢٠٧). فەرموودەکە وا لە (بوخاری: ٣٣٨٧)، (موسلیم: ١٥١).

رەحمەتی خوا لە لووت، بەڕاستی پەنای بردە داڵدەیەکی قایم.

## دابەزینی سزاو تۆڵە:

کاتێك تەنگانەکە گەیشتە ئەوپەڕی و پێغەمبەرەکە وتەکانی بێ سەرەنجام بوو؛ میوانەکان کەوتنە جووڵە و لە پڕ هەستان و تێیانگەیاند؛ کە ئەو پەنای بردووەتە داڵدەیەکی قایم و پتەو: «قَالُواْ يَا لُوطُ إِنَّا رُسُلُ رَبِّكَ لَن يَصِلُواْ إِلَيْكَ» (هود: ٨١). «فریشتەکان وتیان ئەی لووت؛ بەڕاستی ئێمە نێرراوی پەروەردگاری تۆین، هەرگیز ناگەنە لای تۆ». ئەی لووت مەترسە و خەفەت مەخۆ، ئێمە فریشتەین! لە پڕ دەرگاکە شکا و هێرشیان کردە ژوورەوە، کە چی کوتوپڕ کوێرایان داهات، لە ماڵەکە هاتنە دەرەوە لە کاتێکدا گومانیان دەکرد چوونەتە ژوورەوە، بە ئاماژەی جوبرەئیل کوێر بوون: «وَلَقَدْ رَاوَدُوهُ عَن ضَيْفِهِ فَطَمَسْنَا أَعْيُنَهُمْ فَذُوقُوا عَذَابِي وَنُذُرِ. وَلَقَدْ صَبَّحَهُم بُكْرَةً عَذَابٌ مُّسْتَقِرٌّ» (القمر: ٣٧-٣٨). «سوێند بەخوا، بێگومان داوای میوانەکانیان لێکرد. جا ئێمەش چاویانمان کوێر کرد. دە بچەژن سزاو هەڕەشەکانم. سوێند بەخوا، بێگومان سزایەکی بەردەوام هێرشی بردە سەریان لە بەرەبەیاندا».

فریشتەکان ڕوویان کردە لووت و ئامۆژگارییان کرد؛ شەو خانەوادەکەی هەڵبگرێت و لە شار بڕواتە دەرەوە، جا کۆمەڵە دەنگێکی تۆقێنەر دەبیستن کێوەکان دێنێتە لەرزە! کەسیشیان لا نەکاتەوە، با تووشی سزای هۆزەکە نەبێت. ئەمە سزایەکی سەیرە، هەر تەماشا کردنی دەبێتە هۆی ڕوودانی! تێشیانگەیاند کە ژنەکەی بێباوەڕ و خراپەکارە و تووشی سزاکە دەبێت. لووت پرسیاری کرد: هەر ئێستا سزاکەی خوا دادەبەزێت؟ ئەوانیش ئاگاداریان کردەوە؛ ساتی سزاکە بەرە بەیانە.

لووت و بڕوادارن لە شـــار چوونە دەرەوە، بەرەبەیان نزیك بووەوە، لووت و بڕواداران دوور کەوتنەوە؛ پـاشـــان فەرمـانی خوا هات: «فَلَمَّا جَاء أَمْرُنَا جَعَلْنَا عَالِيَهَا سَـــافِلَهَا وَأَمْطَرْنَا عَلَيْهَا حِجَارَةً مِّن سِجِّيلٍ مَّنضُودٍ. مُّسَوَّمَةً عِندَ رَبِّكَ وَمَا هِيَ مِنَ الظَّالِمِينَ بِبَعِيدٍ» (هود: ٨٢-٨٣). «جا کە فەرمانی ئێمە هات (بۆ لەناو بردنیان)، ئەو شوێنەمان سەروژێر کرد و، وردە زیخی گڵێنمان داباراند بە ســەریاندا؛ بەدوای یەکداو بێ بچڕان دەباری! نیشانەکراو بوون لای پەروەردگارتەوە و ئەو (سزایە) دوور نییە لە ستەمکارانەوە».

زانایان دەفەرموون: جوبرەئیل بە باڵی حەوت ناوچەکەیانی (مدنهم الســـبع) لە زەوی هەڵکەند، هەموویانی بەرز کردەوە بۆ ئاســـمان، ئەوەندەی کە فریشـــتەکانی ئاســـمان دەنگی سەگ و کەڵەشێرەکانیان دەبیستن!! پاشان ژێرەوژووری کردن و بەرە و زەوی فڕێی دان، هـاوکـات لەگەڵ کەوتنـە خوارەوەیـان؛ بـە بەردی ئـاگرین لە ئاســـمانەوە بەردەباران کران، هەر بەردێك تایبەت بە کەسێك بوو، هەر یەکەو بەردی تایبەتی خۆی بەردەکەوت، هۆزی لووت لە ناوچوون و کەسیان نەما و شارەکانیان وێران بوو.

لووت دەنگەدەنگێکی ترســـنـاکی دەبیســـت، بەحەزەریش بوو لەوەی کە لا بکاتەوە، هاوســـەرەکەی چاوی لە ســـەرچاوەی دەنگەکە کرد و هەر لەویا وشـــك و ڕەق بووا! خوای گەورە دەربارەی شـــارەکانی هۆزی لووت دەفەرموێت: «فَأَخْرَجْنَا مَن كَانَ فِيهَا مِنَ الْمُؤْمِنِينَ. فَمَا وَجَدْنَا فِيهَا غَيْرَ بَيْتٍ مِّنَ الْمُسْـــلِمِينَ. وَتَرَكْنَا فِيهَا آيَةً لِّلَّذِينَ يَخَافُونَ الْعَذَابَ الْأَلِيمَ» (الذاريات: ٣٥-٣٧). «ئینجا هەرچی هەبوو لەو شـــارەدا لە بڕواداران دەرمـان کردن. نەمـانـدی تێیدا، بێجگە لە یەك ماڵی موســـوڵمان نەبێت ئەویش ماڵی لووت بوو. پەند و نیشـــانەیەکمان تێدا بەجێهێشـــت بۆ ئەوانەی کە لە ســـزای بەئازار دەترســـن». ئەمە نیشـــانەیەکە هەرگیز ناســـڕێتەوە، وەکوو خوای گەورە دەفەرموێت:

«وَإِنَّهَا لَبِسَبِيلٍ مُّقيمٍ» (الحجر: ٧٦). واته: له ڕێگایه‌کدایه که ئێستاش خه‌ڵکی پێدا ده‌ڕوات. هه‌روه‌ها ده‌فه‌رموێت: «وَإِنَّكُمْ لَتَمُرُّونَ عَلَيْهِم مُّصْبِحِينَ. وَبِاللَّيْلِ أَفَلاَ تَعْقِلُونَ» (الصافات: ١٣٧-١٣٨). «به‌ڕاستی ئێوه (قوره‌یشییه‌کان) ده‌ڕۆن به‌سه‌ر شوێنه‌کانیاندا به‌ به‌یانیاندا و به‌شه‌ودا، ئایا ئیتر ژیر نابن؟!». زانایان ده‌ڵێن: شوێنی حه‌وت شاره‌که ده‌ریاچه‌یه‌کی سه‌رسووڕهێنه‌ره، ئاوه‌که‌ی سوێر و تاڵه، چڕیی (چێگالی) ئاوه‌که، له چڕیی ئاوی سوێری ده‌ریاکان زۆرتره، له ناو ده‌ریاچه‌که‌دا به‌ردی کانزای تووواوه هه‌یه، که ده‌ریده‌خات ئه‌و به‌ردانه‌ی هۆزی لووتی پێ لێدرا؛ تیرێژئه‌ستێری داگیرساو بووه، ده‌ڵێن ده‌ریاچه‌ی مردوو «البحر الميت» له فه‌له‌ستین هه‌مان شاره‌کانی هۆزی لووته.

شوێنه‌واری هۆزی لووت له ناو چوو، له بیره‌وه‌ری ژیان و زینده‌وه‌راندا نه‌مان، لاپه‌ڕه‌یه‌ك له لاپه‌ڕه‌کانی خراپه‌کاری پێچرایه‌وه، لووت ڕووی کرده ئیبراهیم و هه‌واڵی هۆزه‌که‌ی دایه، سه‌ریشی سووڕما که ئیبراهیم هه‌واڵه‌که ده‌زانێت. ئیتر لووت هه‌روه‌کوو ئیبراهیم درێژه‌ی دایه بانگه‌وازه‌که‌ی به‌ره‌و خوا.

## له سووده‌کانی ئه‌م به‌سه‌رهاته:

١- خراپه‌کار پێی خۆشه هه‌موو خه‌ڵکی وه‌کوو خۆی خراپه‌کار بن، بۆیه ڕه‌خنه له پاکان ده‌گرن!

٢- هه‌ر کات داوێنپیسی به ئاشکرا کرا دابه‌زینی "سزای گشتی" نزیکه.

٣- هه‌ر کات تاوان زۆر بێت؛ دڵ کوێر و سروشت پیس ده‌بێت، مرۆڤ وه‌ك ئاژه‌ڵی

لێدێت! بۆیه هەرکەس ئارەزووی زاڵ بێت بە سەر بیروهۆشیدا؛ لای خوا لە سەگ خراپترە.

٤- لە مافەکانی بێدەسەڵات ئەوەیە؛ لە ئازار بیپارێزیت و خراپەی لێ دوورخەیتەوە.

٥- توندیی تۆڵەی خوا لە تاوانباران سەرسوورهێنەرە!

٦- سەرکەوتنی دین، بریتییە لە مانەوەی بانگەواز بەرە و خوا و، لەناوبردنی دوژمنەکانی.

٧- رەچەڵەك و رەگەزی تاوانبار لە تۆڵە نایپارێزێت، بەڵکوو خوا تەنها چاکەکاران و چاکەخوازان دەپارێزێت.

٨- حەز و ئارەزوو دڵ کوێر و کەڕ دەکات، بۆیە هەرگیز خاوەن ئارەزووی حەرام سەرکەوتوو نابێت.

# ئیسحاق

«وَبَشَّرْنَاهُ بِإِسْحَاقَ نَبِيّاً مِّنَ الصَّالِحِينَ. وَبَارَكْنَا عَلَيْهِ وَعَلَى إِسْحَاقَ»

ئیســحاق کوڕی ســەیدنا ئیبراهیمە لە ســارەی هاوســەری، مژدەی لە دایکبوونی ئەو فریشـتانە دایان بە ئیبراهیم و سـارە، کە چوون بۆ سـزادانی هۆزی لووت. قورئان ئاوا باسـی ئیسـحاقی کردووە: «إِنَّا نُبَشِّـرُكَ بِغُلامٍ عَلِيمٍ» (الصـافات: ١٠١). «بەڕاستی ئێمە مژدەت دەدەینێ بە (لە دایکبوونی) کوڕێکی زانـا». خوا کردیـە پێغەمبەرێـك خەڵکی بەرە و کردەوەی چاك ڕێنمایی دەکرد و سەیدنا یەعقووبیش لە وەچەی ئەوە.

لە دایکبوونی ئیسـحاق ڕووداوێکی نائاساییە، فریشتەکان مژدەی دەدەن، لە مژدەکەدا ناوی کوڕەکەیشی هاتووە کە یەعقووبە! پاش چەندین ساڵ لە دوای ئیسماعیلی برای، لە دایکبوو، دڵی سارەش بە لەدایکبوونی ئیسحاق و یەعقووبی کوڕی زۆر خۆش بوو، بەڵام ئێمە دەربارەی ژیانی ئیســـحاق نازانین و ئاگادار نین هۆزەکەی چۆن وەڵامیان داوەتەوە، هەرچی دەزانین ئەوەیـە کـە خوا لـە کتێبەکەیدا فەرموویەتی لە چاکەکاران بوو: «وَوَهَبْنَـا لَـهُ إِسْـحَـاقَ وَيَعْقُوبَ نَـافِلَـةً وَكُلّاً جَعَلْنَـا صَـالِحِينَ» (الأنبياء: ٧٢). «بەخشـیمان بە ئیبراهیم ئیسـحاق و (بە ئیسحاقیش) یەعقووب، بە زیاد (لە داواکەی ئیبراهیم کە داوای منداڵێکی کرد) و هەموویانمان کرد بە پیاوی چاك».

## لە سوودەکانی بەسەرهاتەکە:

١- هەرکەس بـە قەدەری خوا رازی بێـت؛ خوا دڵی پڕ دەکـات لە رەزامەندی، بڕوانە چۆن منداڵی بە سارە دا لە پاش ئەو تەمەنە درێژە!

٢- ئەرکی پێغەمبەران و شـوێنکەوتووانیان رێنمایی خەڵکە بەرەو چاکە و، ترساندنیانە لە خراپەکان.[١]

[١] نووسـەری بەڕێز ئاماژەی بەوە نەدا کە وەکوو چۆن سەیدنا ئیسماعیل لەگەڵ باوکیدا لە مەککە کەعبەیان درووستکرد، سەیدنا ئیسحاقیش لە قودسدا مزگەوتی ئەقسای درووستکردووە. ئیسماعیل کوڕی سارەیە، ئیسحاقیش کوڕی هاجەرەیە و یەکەم منداڵی سـەیدنا ئیبراهیمە، هاجەر لە مەککە بوو، سـارەش لە قودس، ئەمانەش پێشـتر بە درێژی باسـکران. (وەرگێڕ)

# یەعقووب

«وَإِنَّهُ لَذُو عِلْمٍ لِّمَا عَلَّمْنَاهُ»

یەعقووبی کوڕی ئیسحاقی کوڕی ئیبراهیم، باوکی پێغەمبەرانە، ناوەکەی تریشی "ئیسرائیل"ـە، خوا باسی سێ قۆناغ لە بەسەرهاتی ئەم پێغەمبەرەی کردووە: مژدەی لە دایکبوونی کە خوا دایە ئیبراهیمی باپیری و سارەی داپیری، باسی ئامۆژگارییەکەی لە کاتی مردن و باسی لە بەسەرهاتی یووسفدا.

لە بەسەرهاتی یووسفدا خوا بە چاکە باسی کردووە: «وَإِنَّهُ لَذُو عِلْمٍ لِّمَا عَلَّمْنَاهُ وَلَكِنَّ أَكْثَرَ النَّاسِ لاَ يَعْلَمُونَ» (یووسف: ٦٨). «بەڕاستی یەعقووب خاوەنی زانست و زانیاری بوو، چونکە ئێمە فێرمان کردبوو، بەڵام زۆربەی خەڵکی نازانن». یەعقووب باوکی یووسف و دوازدە وەچەکە و هەموو پێغەمبەرانی بەنیئیسرائیلە؛ کە عیسا ئاخرینیانە. کە تۆ سەیری ژیانی سەیدنا ئیبراهیم دەکەی؛ دەبینی تاقیکارییەکانی زۆر سەرسووڕهێنەرن، کەچی لە هەموویاندا ڕەزامەندی خوای بە دەست هێنا، پاشان وا دیارە ئەمە بووە نەریتێکی گشتی لە نەوەکانیشیدا. سەیری ژیانی یەعقووب کە، لەوێشدا هەمان تاقیکارییە دژوارەکان دەبینیتەوە؛ کە کەس تێیدا سەر ناکەوێت مەگەر کەسی خاوەن بڕواو ویست و خۆشەویستیی درەوشاوەی خوا.

خۆشەویستیی منداڵ شتێکی سروشتییە، کە خوا لە دڵدا چاندوویەتی، ئەگەر تاقیکاری سەربڕینی کوڕەکەی ئیبراهیم تاقیکارییەکی دژوار و توند بوو، دووریی چل ساڵەی یووسفیش لە باوکی و پاشان براکەشی هەر دژوار بوو! وەرە سەیر کەین ئەم پێغەمبەرە

نازداره چۆن رووبەڕووی ئەم تاقیکارییە بووەوە. یەعقووب سەبارەت بە یووسفی کوڕی تووشــی مەینەتییەکی گەورە بوو، بەڵام خۆی ڕاگرت و ســەبری گرت، پەروەردگارمان ئاگادارمان دەکاتەوە لە ڕووداوەکە، لەوەی کە یووســـف خۆشــەویســـتترین دارایی یەعقووب بوو، بۆیــە بەر لەوەی براکــانی ببەن فەرمووی: «إِنِّي لَيَحْزُنُنِي أَن تَـذْهَبُواْ بِهِ وَأَخَافُ» (یووســف: ١٣). «بەڕاســتی دڵتەنگ و خەمبار دەبم کە ئێوە یووســف بەرن (لەگەڵ خۆتــان) و دەترســم». واتــە هەر نەمــانی لە بەرچاویدا ئازاری دەدات، دەی دەتوانی بیر لە حاڵی بکەیتەوە لەو کاتەدا کە پێی دەڵێن: گورگ خواردی؟!

پــاکی و بێگەردی بۆ خوا! ئەم پێغەمبەرە هەڵوێســـتێکی دەبێــت کــە لــە توانــای هیچ باوکێکدا نییە. بە خیانەتی کوڕەکانی دەزانێت، لای ڕوونە ئەوان ڕاستییەکە دەشارنەوە، بەڵام دەڵێت: «بَلْ سَــوَّلَتْ لَكُمْ أَنفُسُــكُمْ أَمْراً فَصَــبْرٌ جَمِيلٌ وَاللّهُ الْمُسْــتَعَانُ عَلَى مَا تَصِــفُونَ» (یووســف: ١٨). «بەڵکوو دڵ و دەروونی خۆتان ئەم کارە ناپەســەندەی بۆ ئــاســـان و جوان کردوون. (وتی جا ئارام دەگرم) بە ئارام گرتنێکی چاك و پەســـەند، خواش یارمەتیدەرمە لەسەر ئەوەی باسی دەکەن». ئەمە خۆڕاگرییەکە؛ لە توانای کێوە بەرزەکانیشــدا نییە! جا وەکوو زانایان دەڵێن: خۆڕاگریی جوان (فَصَبْرٌ جَمِيلٌ) ئەوەیە هیچ نــاڵــە و گلەییەکی لەگەڵدا نەبێت، پێغەمبەر یەعقووب خۆڕاگریی کرد، تا مەینەتی دووەم ڕوویدا. کوڕەکانی دەسبەیەکییان کرد بۆ بردنی کوڕەکەی تری کە برای یووسف بوو لە دایــك و باوکەوە، باوکیشـــی مۆڵەتی دانێ، کەچی بێ ئەو گەڕانەوە لای، ئەمە کارەساتێکی چاوەڕواننەکراو بوو کە لە کارەساتی یەکەم دژوارترە.

کەچی پێغەمبەرە چاکەکارەکە لە سەر هەمان هەڵوێستە، هەمان وتە دەڵێتەوە: «بَلْ سَوَّلَتْ لَكُمْ أَنفُسُكُمْ أَمْراً فَصَبْرٌ جَمِيلٌ» (یووسف: ٨٣). «بەڵکوو نەفسی خۆتان کارێکی بۆ

جوان (و ئاسان) كردوون بۆیه چارم دان بەخۆداگرتنه به جوانی». جا لەگەڵ زیادبوونی مەینەتی و هیوا و ئارەزووش زیاد دەكات، ئومێدی به خوا زۆرتر دەبێت و دەڵێت: «عَسَى اللّهُ أَن يَأْتِيَنِي بِهِمْ جَمِيعاً إِنَّهُ هُوَ الْعَلِيمُ الْحَكِيمُ» (هەمان ئایەت). «بەو ئومێدەی خوا هەموویانم بۆ بهێنێتەوە، بەڕاستی هەر ئەو زانای كاردرووستە». پاشان ئەم خواپەرستە خۆڕاگرە بڕواداره دەڵێت: «يَا بَنِيَّ اذْهَبُواْ فَتَحَسَّسُواْ مِن يُوسُفَ وَأَخِيهِ وَلاَ تَيْأَسُواْ مِن رَّوْحِ اللّهِ إِنَّهُ لاَ يَيْأَسُ مِن رَّوْحِ اللّهِ إِلاَّ الْقَوْمُ الْكَافِرُونَ» (یووسف: ٨٧). «یەعقووب وتی ئەی كوڕەكانم بڕۆن؛ جا بگەڕێن و هەواڵی یووسف و براكەی بزانن؛ نائومێدیش مەبن له بەزەیی و میهرەبانی خوا، بەڕاستی نائومێد نابێ له ڕەحم و میهرەبانی خوا جگه لەوانەی كه بێبڕوان».

ژیانی به خۆڕاگری و چاوەڕوانیی پاداشــت و خۆشەویستی خوا و ڕەزامەندی به قەزا و قەدەری ئەو بەســەر دەبـات، وشــەیەك له زاری نەهاته دەر؛ مەگەر ڕووناكییەكی دەوشــاوە، بۆیه ناوی پیرۆز و جوانه. جا له پاداشــتی خۆڕاگرییەكەی ئەوە بوو، له كۆتایی تەمەنیدا هەموو كوڕەكانی گەڕانەوە لای و خەونەكەی هاته دی.

هەروەها بڕی خواترســیی یەعقووب لەم ئاماژه كورتەی كه به مردنەكەی دراوە، بۆمان دەردەكەوێت. یەعقووب لەو كاتەدا كه به پیری مەرگەوە دەڕوات، بانگەوازەكەی بەرەو خوا فەرامۆش ناكات. له كۆتا ســاتی ژیانیدا هیچ شــتێك به خۆوە خەریكی ناكات؛ مەگەر دڵنیایی لەوەی كه كوڕەكانی له پاش مەرگی له ســەر ئیســلام و دینەكەی ئەو دەمێننەوە: «أَمْ كُنتُمْ شُـهَدَاء إِذْ حَضَـرَ يَعْقُوبَ الْمَوْتُ إِذْ قَالَ لِبَنِيهِ مَا تَعْبُدُونَ مِن بَعْدِي قَالُواْ نَعْبُدُ إِلَـهَكَ وَإِلَهَ آبَائِكَ إِبْرَاهِيمَ وَإِسْمَاعِيلَ وَإِسْحَاقَ إِلَـهاً وَاحِداً وَنَحْنُ لَهُ مُسْلِمُونَ» (البقرة: ١٣٣). «ئـایا ئێوە ئامادە بوون كاتێ یەعقووب لەســەرەمەرگدا بوو، كاتێ به

کوڕەکانی وت دوای من کێ دەپەرستن؟ (ئەوانیش) وتیان: خوای تۆ و با و باپیرانت دەپەرستین، کە ئیبراهیم و ئیسماعیل و ئیسحاقە، کە تاکە خوایە و ئێمە فەرمانبەرداری ئەوین».

## ئامۆژگارییەکەی لە کاتی سەرەمەرگدا:

ئەم دیمەنەی نێوان یەعقووب و کوڕەکانی لە سەرەمەرگدا؛ دیمەنێکی پڕواتایە، ئەمە مردوویەکە گیان دەدات، چ شتێك لەم کاتەدا سەرقاڵی کردووە؟ بیر لە چی دەکاتەوە؟ چ شتێکی گرنگە کە دەیەوێ پێش لە مەرگی لێی دڵنیا بێت؛ کە بە ساغ و سەلامەتی دەگاتە هەموو خەڵکی؟! وەڵامی ئەم پرسیارانە لەم رستەدا دەدۆزییەوە: « مَا تَعْبُدُونَ مِن بَعْدِي»؟ ئەمەیە لە سەرەمەرگدا سەرقاڵی کردووە، باسی ئیمان بە خوایە، هەمان باسی سەرەکی و بیۆێنە. کوڕەکانی یەعقووب وتیان: «نَعْبُدُ إِلَهَكَ وَإِلَهَ آبَائِكَ». یەعقووب دڵنیا بوو، ناخی هێدی بووەوە لە وەڵامی کوڕەکانی، بۆیە بە رەزامەندی و دڵنیاییەوە بەرەو دیداری پەروەردگار رۆیشت.

## لە سوودەکانی ئەم بەسەرهاتە:

١- گرنگترین باس کە مرۆڤ گوێی دەداتێ و خانەوادە و منداڵەکانی بەرەو ئامۆژگاری دەکات؛ ئیمان بە خوایە.

٢- ئەو میراتییە راستەقینەیەی سوود دەگەیەنێتە منداڵ؛ تەوحید و ئیسلام و

لەخواترسییە. ئای لەخواترسی چ میراتێکە؟!

٣- تاقیکاری بنەمایەکی ژیانی پێغەمبەران و چاکەکارانە، "ئەم تاقیکارییە بۆ خاوێنکردنەوەیە نەك ئازاردان"! جا لە پاش تاقیکارییەکە، دەرووی رەحمەت دەکرێتەوە، یووسف لە یەعقووب دوور بوو، پاشان خوا گەڕاندییەوە لای.

٤- چاکەکاریی باوك؛ مایەی پارێزراویی منداڵە! یەکێك لە سەلەف بە کوڕەکەی دەوت: کوڕی خۆشەویستم! وەڵاهی زۆرتر نوێژ دەکەم بۆ ئەوەی تۆ بپارێزم[١].

٥- خاوێنترین ئامۆژگاری ئەوەیە لە سەرەمەرگدا دەکرێت، چونکە هیوای دنیایی و سوپاسگوزاریی خەڵکیی تێدا نییە.

٦- هەر کەس ئامۆژگارییەکی هەیە، با لە ئێستاوە تۆماری بکات، چونکە هاتوو لە سەرەمەرگدا بیری نەهاتەوە.

---

[١] نووسەری بەڕێز هەر وا و بەبێ سەرچاوە هێناویەتی، ئەمە لە سەعیدی کوڕی موسەیبەوە ڕیوایەت کراوە، کە وای بە کوڕەکەی وتووە. (جامع العلوم والحكم/ ٤٣٨) https://kalemtayeb.com/hekam/item/19930.

# یووسف

«وَلَقَدْ جَاءكُمْ يُوسُفُ مِن قَبْلُ بِالْبَيِّنَاتِ»

## خەونەکەی یووسف:

بەسەرهاتەکە بەم فەرموودەی خواوە دەستپێدەکات: «إِذْ قَالَ يُوسُفُ لِأَبِيهِ يَا أَبتِ إِنِّي رَأَيْتُ أَحَدَ عَشَرَ كَوْكَباً وَالشَّمْسَ وَالْقَمَرَ رَأَيْتُهُمْ لِي سَاجِدِينَ» (یووسف: ٤). «بیریانخەرەوە کاتێ یووسف بە باوکی وت: بابە گیان، بەڕاستی من لە خەومدا یازدە ئەستێرە و مانگ و رۆژم بینی؛ بینیمن کڕنووشیان بۆ دەبردم!». کوڕە چکۆلەکە خەونەکەی بۆ باوکی دەگێڕێتەوە، یەعقووب زانیی لە پشت ئەم خەونەوە پلە و پایەیەکی گەورە بۆ ئەم کوڕە هەیە، ئاخر ئەوپەڕی خەونی منداڵ ئەوەیە، ئەستێرەکان لە بەر دەستیدا بن و یارییان پێبکات، بەڵام ئەوەی کە لە شێوازی «کەسی خاوەنبیردا» بیانبینێت و کڕنووشی بۆ ببەن؛ ئەمە شتێکی جیاوازە، بۆیە ئامۆژگاریی کرد خەونەکەی بۆ براکانی نەگێڕێتەوە، کە برای نەبوون لە دایکییەوە، ئاخر یووسف و براکەی لە ژنێکی تری یەعقووب بوون. جا ترسا براکانی لە خەونەکە تێبگەن و بەخیلیی پێببەن و ئازارێکی پێبگەیەنن، بۆیە: «قَالَ يَا بُنَيَّ لاَ تَقْصُصْ رُؤْيَاكَ عَلَى إِخْوَتِكَ فَيَكِيدُواْ لَكَ كَيْداً إِنَّ الشَّيْطَانَ لِلإِنسَانِ عَدُوٌّ مُّبِينٌ» (یووسف: ٥). «وتی ئەی کوڕی شیرینم، خەوەکەت مەگێڕەرەوە بۆ براکانت، نەوەك بەهۆیەوە فێڵ و پیلانێکت لێبکەن، بەڕاستی شەیتان دوژمنێکی ئاشکرایە بۆ ئادەمی».

یەعقووب کە کوڕی ئیسحاقی کوڕی ئیبراهیم بوو؛ زانیی ئەمە پەیوەندیی بە دین و

چاكەكارییەوە هەیە، بۆیە چاوەڕوانی دەكرد یووســـف ئەو كەســـە بێت كە درێژەدەری زنجیرە پیرۆزەكەیە كە لە ماڵی ئیبراهیمەوە هاتووە.

## هەڵبژاردنی لە لایەن خواوە:

«وَكَذَلِكَ يَجْتَبِيكَ رَبُّكَ وَيُعَلِّمُكَ مِن تَأْوِيلِ الأَحَادِيثِ وَيُتِمُّ نِعْمَتَهُ عَلَيْكَ وَعَلَى آلِ يَعْقُوبَ كَمَا أَتَمَّهَا عَلَى أَبَوَيْكَ مِن قَبْلُ إِبْرَاهِيمَ وَإِسْحَاقَ» (یووسف: ٦). «بەو شێوەیەش خوای پەروەردگـارت تۆ دیـاری دەكـات و هەڵتـدەبژێرێـت (بۆ پێغەمبەرێتی) و، هەنـدێـك لێكدانەوەی خەوت فێر دەكات ونیعمەتەكانی خۆیت بەسەردا تەواو دەكات، هەروەها بەســـەر نەوەكانی یەعقوبیشـــدا، هەروەك چۆن پێشـــتر نیعمەت و پلە و پایەی بڵندی بەخشـــی بە بـاپیرانـت، كە ئیبراهیم و ئیســـحـاقن». واتای «تَأْوِيلِ»: زانینی ئاكام و ســـەرەنجـام و پەی پێبردنی نهێنییەكـانـە پێش روودانیـان. ئەی «الأَحَـادِيـثِ»چییە؟ وتوویانە: بریتییە لە خەون. لەوە بە دوا ئیتر یووســـف دەیتوانی خەونەكان لێكبداتەوە. هەنـدێكی تر وتوویانە: واتە رووداوەكان، واتە یووســـف ســـەرەنجامی رووداوەكانی دەزانی و خوا بـە نیگـا بۆی دەنـارد. پـاشـــان یەعقووب وتی: «إِنَّ رَبَّكَ عَلِيمٌ حَكِيمٌ» (هەمان ئایەت). « بەڕاسـتی پەروەردگارت زاناو دانایە». لە كۆتاییدا زانست و دانایی دایە پاڵ خوای گەورە. باوك گوێی لە خەونی كوڕەكەی گرت و بە حەزەریشـــی كرد بۆ براكانی بگێڕێتەوە، یووسفیش گوێڕایەڵی بوو.

## پیلانی براکانی یووسف دژ بەو:

براکانی یووسف دەربارەی ئەو پێکەوە قسەیان کرد: «إِذْ قَالُواْ لَيُوسُفُ وَأَخُوهُ أَحَبُّ إِلَى أَبِينَا مِنَّا وَنَحْنُ عُصْبَةٌ إِنَّ أَبَانَا لَفِي ضَلاَلٍ مُّبِينٍ» (یووسف: ٨). «کاتێك براکانی یووسف وتیان: بەڕاستی یووسف و براکەی، لای باوکمان لە ئێمە نازدارو خۆشەویستترن، لەکاتێکدا ئێمە کۆمەڵێکی بەهێزین، بەڕاستی باوکمان لە سەرلێشێواوییەکی ئاشکرادایە!». ئێمە کۆمەڵێکی بەهێزین؛ باوکمان هەڵە دەکات ڕێز لەم دوو منداڵە زیاتر لە کۆمەڵە پیاوێکی خاوەن سوود دەگرێت.

یەکیان پێشنیارێکی کرد: «اقْتُلُواْ يُوسُفَ أَوِ اطْرَحُوهُ أَرْضاً يَخْلُ لَكُمْ وَجْهُ أَبِيكُمْ» (یووسف: ٩). «خۆتان ڕزگار کەن لە دەستی، بیکوژن یان دووریخەنەوە؛ با باوکتان تەنها چاوی لە ئێوە بێت». ئەمە بەخیلییە! شەیتان خۆشەویستی یووسف لای باوکی ئەوەندە لایان قورس دەکات، کە بیر لە کوشتنی بکەنەوە! دوور خستنەوەشی بۆ شوێنێکی نادیار هەر وەکوو کوشتنی وایە! باشە ئەم کارانە بۆ ئەکەن؟! تەنها بۆ ئەوە باوکی نەیبینێت و بیری بچێتەوە و ئیتر خۆشەویستییەکە هەمووی بداتە ئەمان، پاشان ئەمانیش تۆبە بکەن و ببنە چاکەکار!!: «وَتَكُونُواْ مِن بَعْدِهِ قَوْماً صَالِحِينَ» (هەمان ئایەت). یەکێکیان کە خوا تۆزێك بەزەیی لە دڵیدا دانابوو یان لە کوشتن دەترسا؛ وتی: باشە چ پێویستی بە کوشتنە؟ ئێوە دەتانەوێت ڕزگارتان بێت لە دەستی، دەی کەواتە بیخەنە بیرێکەوە کە کاروانی لێوە تێپەڕ دەبێت، کاروانێك هەڵیدەگرێتەوە و دەیباتە شوێنێکی دوورو نادیار لە باوکمان: «لاَ تَقْتُلُواْ يُوسُفَ وَأَلْقُوهُ فِي غَيَابَةِ الْجُبِّ يَلْتَقِطْهُ بَعْضُ السَّيَّارَةِ إِن كُنتُمْ فَاعِلِينَ» (یووسف: ١٠).

بیرۆکەی کوشتن نەگەییە ئامانج و بیرۆکەی دوورخستنەوە سەرکەوت، لەمەوە دەزانین براکـان لەگەڵ خراپە و بەخیلییان؛ بەڵام هەندێك خێریشـــیان تێدا مابوو، ئاخر ئەوان پێغەمبەرزادە و لە نەوەی پێغەمبەران بوون. بۆیە روویان کردە باوکیان و داوایان لێکرد یووسف لەگەڵیان بنێرێت. دەیانەویست بە هەر شێوازێك بێت؛ لە باوکی جیای کەنەوە، گفتوگۆ دەســتی پێکرد: «قَالُواْ يَا أَبَانَا مَا لَكَ لاَ تَأْمَنَّا عَلَى يُوسُـفَ وَإِنَّا لَهُ لَنَاصِـحُونَ» (یووسف: ١١). «وتیان: ئەی باوکە، ئەوە چیتە، لە ئێمە دڵنیا نیت لە بارەی یووسفەوە؟! بەڕاستی ئێمە زۆر دڵسۆزی ئەوین و زۆر خۆشمان دەوێت». شیاوە یووسف برای ئێمە بێـت و تۆ متمـانەمـان پێنەکەی لـە کاتێکدا خۆشـــمان دەوێت و ئاگامان لێیەتی؟! بۆ نایێری لەگەڵمان یاری بکات؟ هاتنەدەرەوە و یاری کردن بۆ خۆیشـی باشـە: «أَرْسِـلْهُ مَعَنَا غَداً يَرْتَعْ وَيَلْعَبْ وَإِنَّا لَهُ لَحَافِظُونَ» (یووسف: ١٢). « بەیانی بینێرە لەگەڵمان با بە دڵی خۆی بخوات و گەمەو یاری بکات، بێگومان زۆر پارێزگاری لێدەکەین و ئاگامان لێی دەبێت».

یەعقووب ویسـتی بە شـێوازێکی ناڕاسـتەوخۆ تێیانگەیەنێت، کە دەربارەی یووسـف متمانەی پێیان نییە، وتیشـی دەترسـم گورگ بیخوات: «قَالَ إِنِّي لَيَحْزُنُنِي أَن تَذْهَبُواْ بِهِ وَأَخَافُ أَن يَأْكُلَهُ الذِّئْبُ وَأَنتُمْ عَنْهُ غَافِلُونَ» (یووسف: ١٣). «باوکیان وتی: من زۆر غەم و پەژارە دەمگرێت لەوەی ئێوە بیبەن، دەترسـم گورگ بیخوات لەکاتێکدا کە ئێوە لێی بێئاگان»، هەر ئەوەی کە لە بەر چاوم نەبێت خەم و ئازارە بۆم!

ئەوان ترسەکەی باوکیان لە گورگ ڕەتکردەوە و وتیان: ئێمە کۆمەڵە پیاوێکین، جا چۆن بێئـاگا دەبین لێی؟ ئەگەر وابێت ئێمە خاوەنی پیاوەتی نین. گورگ نایخوات و جێگای خەم نییە: «قَالُواْ لَئِنْ أَكَلَهُ الذِّئْبُ وَنَحْنُ عُصْبَةٌ إِنَّا إِذاً لَّخَاسِرُونَ» (یووسف: ١۴).

## مەینەتیی خستنە ناو بیر:

باوك لە ژێر تینی کوڕەکانیدا رازی بوو؛ تا قەدەری خوا روو بدات و بەسەرهاتەکە وا بڕواتە پێشەوە کە خوا دەیەوێت!: «فَلَمَّا ذَهَبُواْ بِهِ وَأَجْمَعُواْ أَن يَجْعَلُوهُ فِي غَيَابَةِ الْجُبِّ وَأَوْحَيْنَا إِلَيْهِ لَتُنَبِّئَنَّهُم بِأَمْرِهِمْ هَذَا وَهُمْ لاَ يَشْعُرُونَ» (یووسف: ١٥). «جا کاتێك یووسفیان برد و هەموو هاتنە سەر ئەو بڕیارەی، کە بیخەنە ناو تاریکایی بیرەکەوە، لەو کاتەدا نیگامان بۆ نارد: کە هەواڵی ئەم بەسەرهاتە لە ئایندەدا بە براکانت دەدەیت، کاتێك ئەوان ئاگایان لە خۆیان نابێت و لە بیریان چۆتەوە و هەستی پێناکەن». رۆژی دوایی یووسفیان برد بۆ دەشت، بیرێکیان هەڵبژارد کە قەت کاروانی لێنەدەبڕا، هەڵیانگرت و خستیانە ناو بیرەکە، خوا نیگای بۆ یووسف نارد، کە ئەو رزگاری دەبێت، کەواتە نەترسێت.

«وَجَاؤُواْ أَبَاهُمْ عِشَاء يَبْكُونَ. قَالُواْ يَا أَبَانَا إِنَّا ذَهَبْنَا نَسْتَبِقُ وَتَرَكْنَا يُوسُفَ عِندَ مَتَاعِنَا فَأَكَلَهُ الذِّئْبُ وَمَا أَنتَ بِمُؤْمِنٍ لِّنَا وَلَوْ كُنَّا صَادِقِينَ. وَجَآؤُوا عَلَى قَمِيصِهِ بِدَمٍ كَذِبٍ» (یووسف: ١٦-١٨). «پاشان کە تاریك داهات، هاتنە لای باوکیان دەگریان. وتیان ئەی باوکی بەڕێزمان بەڕاستی ئێمە رۆشتین پێشبڕکێمان دەکرد و یووسفمان لای شتومەکەکانمان بەجێهێشت؛ ئەوسا گورگەکە پەلاماری داو خواردی، بەڵام تۆ هەمیشە بڕوامان پێناکەیت؛ ئەگەرچی ئێمە ڕاستگۆش بین. هەندێ خوێنی ساختەشیان دا بەسەر کراسەکەیدا و هێنایانە لای باوکیان». هاتوونەتە لای باوکیان، بەسەرهاتی دروستکراوی گورگەکەی بۆ بگێڕنەوە، رق و قین وای لێکردن ئەو درۆیە دارێژن، بەڵام ئەگەر هێدی بوونایە، هەر لە سەرەتاوە کە یەعقووب مۆڵەتی پێدان یووسف لەگەڵ خۆیان بەرن، وایان نەدەکرد! بەڵام بەپەلە بوون و خۆڕاگرییان نەبوو، دەترسان

دەرفەتێکی تریان دەستنەکەوێتەوە، بەسەرهاتی گورگەکەش هەر بەڵگەیە لە سەر پەلەکردنیان، لە کاتێکدا دوێنێ باوکی لەوە بە حەزەری کردبوون، کەچی ئەوان نکووڵیان لێکردبوو. دەی شتێکی نەگونجاو بوو ئەوان بۆ بە یانیدا بڕۆن یووسف وەل کەن تا ئەو گورگە بیخوات، کە باوکی دەربارەی هوشداری پێدابوون! هەر ئاوا بەپەلەیش کراسەکەی یووسفیان خەڵتانی خوێنێکی ساختە کرد؛ بێ ئەوەی بیریان بێت کراسەکە بدڕێنن! کراسەکەیان هەروا بە ساغی هێنا کە چی خەڵتانی خوێن بوو! لە کۆتایی قسەکانیشیاندا شتێکیان وت؛ کە جەختی لە درۆکردنیان دەکردەوە!: « وَمَا أَنتَ بِمُؤْمِنٍ لِّنَا وَلَوْ كُنَّا صَادِقِينَ».

یەعقووب زانیی یووسف گورگ نەیخواردووە و بەڵایەکیان بە سەرهێناوە و بەسەرهاتێکی ناڕاستیشیان ئامادە کردووە، بۆیە وا قسەی لەگەڵ کردن، کە تێیانگەیەنێت؛ نەفسیان کارێکی خراپی بۆ رازاوە و جوان کردوون! هەروەها خۆیشی رێگای پشوودرێژی و خۆڕاگریی دەگرێتەبەر، یارمەتیش لە خوا دەخوازێت: «بَلْ سَوَّلَتْ لَكُمْ أَنفُسُكُمْ أَمْراً فَصَبْرٌ جَمِيلٌ وَاللّهُ الْمُسْتَعَانُ عَلَى مَا تَصِفُونَ» (یووسف: ١٨). «بەڵکوو دڵ و دەروونی خۆتان ئەم کارە ناپەسەندەی بۆ ئاسان و جوان کردوون. (وتی جا ئارام دەگرم) بە ئارام گرتنێکی چاك و پەسەند، خواش یارمەتیدەرمە لەسەر ئەوەی باسی دەکەن».

«وَجَاءتْ سَيَّارَةٌ فَأَرْسَلُواْ وَارِدَهُمْ فَأَدْلَى دَلْوَهُ قَالَ يَا بُشْرَى هَذَا غُلاَمٌ وَأَسَرُّوهُ بِضَاعَةً وَاللّهُ عَلِيمٌ بِمَا يَعْمَلُونَ. وَشَرَوْهُ بِثَمَنٍ بَخْسٍ دَرَاهِمَ مَعْدُودَةٍ وَكَانُواْ فِيهِ مِنَ الزَّاهِدِينَ» (یووسف: ١٩-٢٠). «ئەوسا کاروانێك هات و ئینجا ئاوهێنەرەکەیان نارد ئاو بهێنێت، ئیتر سەتڵەکەی داهێشتە ناو بیرەکەوە، کاتێك هێنایە سەرەوە، لە بری ئاو یووسف هاتە

دەرەوە، کاتێك کابرا بینیی وتی: خەڵکینە مژدە بێت؛ ئەمە لاوێکە! یووسفیان شاردەوە و کردیانە کەرەستەی فرۆشتن، خوای گەورەش زانا و ئاگایە بەو کارو کردەوانەی کە دەیکەن. سەرئەنجام (بردیان و) فرۆشتیان لە بازاڕی کۆیلەفرۆشەکاندا لە میسر، بە نرخێکی هەرزان، چەند درهەمێکی کەم، لە فرۆشتنیدا هیچ گرنگییان پێنەدا و کەمتەماع بوون».

کاروانێك بەرەو میسر دەڕۆیشت، هاتە لای بیرەکە، کاروانێکی گەورە و دوورودرێژ، وەستان تا ئاو هەڵبگرن، سەتڵ بۆ ناو بیرەکە شۆڕ کرا، یووسف خۆی پێوەهەڵواسی، ئەو کەسەی سەتڵەکەی شۆڕ کردبووە وەیدەزانی پڕ بووە لە ئاو بۆیە هەڵیکێشا؛ مژدە بێت خۆ ئەمە کوڕێکە! جا بە یاسای ئەو کاتە هەر کەس منداڵێکی بدۆزیایەتەوە؛ دەبووە کۆیلەی، ئەو کەسەی دۆزییەوە سەرەتا زۆر پێی خۆشحاڵ بوو، بەڵام دوایی لێی سارد بووەوە، چونکە ئەرکی بوو بۆی و زۆریش منداڵ بوو، بۆیە بڕیاری دا هەر گەیشتە میسر خۆی لێ رزگار کات. کە گەیشت خێرا بردییە بازاڕی کۆیلەفرۆشان و بە نرخێکی کەم فرۆشتی. پیاوێك کڕیی، کە دیار بوو خاوەن دەسەڵات بوو.

مەینەتیی یەکەم کۆتایی هات و دووەم دەستی پێکرد، ئەمەیان وەرزی دووەمی ژیانی بوو.

## مەینەتی کۆیلایەتی:

«وَقَالَ الَّذِي اشْتَرَاهُ مِن مِّصْرَ لاِمْرَأَتِهِ أَكْرِمِي مَثْوَاهُ عَسَى أَن يَنفَعَنَا أَوْ نَتَّخِذَهُ وَلَداً وَكَذَلِكَ مَكَّنِّا لِيُوسُفَ فِي الأَرْضِ وَلِنُعَلِّمَهُ مِن تَأْوِيلِ الأَحَادِيثِ وَاللّهُ غَالِبٌ عَلَى أَمْرِهِ

وَلَكِنَّ أَكْثَرَ النَّاسِ لاَ يَعْلَمُونَ» (یووسف: ٢١). «جا ئەو کەسەی یووسفی کڕی لە میسر، بە هاوسەرەکەی وت: ڕێز بگرە لە شوێن وجێگەی ئەم لاوە، بە ئومێدی ئەوەی سوودمان پێبگەیەنێت، یان بیکەینە کوڕی خۆمان، ئا بەو شێوەیە یووسفمان جێگیرکرد لە زەویدا و پایەدارمان کرد، بۆ ئەوەش فێری بکەین چۆن خەو لێك بداتەوە و ڕووداوەکانی چواردەوری وەك خۆی تێبگات، خوای گەورە زاڵە بەسەر کار و فەرمانەکانی خۆیدا، بەڵام زۆربەی خەڵکی بەمە نازانن».

یووسف کەوتە زیندانی کۆیلایەتییەوە، خرایە ناو بیر، سووکایەتی پێکرا، لە باوکی دوور خرایەوە، لە بیرەکە دەرهێنرا، بووە کۆیلەیەك کە لە بازاڕ دەفرۆشرێت و کابرایەکی میسری کڕیی و بووە خاوەنی، هەموو مرۆڤێك هەست ئەکات ئیتر یووسف بێ هێز و دەسەڵات کرا، بەڵام ڕاستی شتێکی ترە و بە پێچەوانەی خەیاڵ و هەستەوەیە!! ئەوەی ئێمە وادەزانین مەینەتی و کێشە بوو؛ لە ڕاستیدا یەکەم پەیژە بوو کە یووسف لە ڕێگەی مەزنی و گەورەییدا پێیدا سەرکەوت. بڕوانە چۆن دەچێتە دڵی خاوەنەکەیەوە و ئەویش چۆن بە خێزانەکەی دەڵێ: ڕێزی لێبگرە بەڵکوو سوودی هەبێت بۆمان یان بیکەینە کوڕی خۆمان. جا ئەم پیاوە خۆ کەسێکی کەمیش نییە، خاوەن دەسەڵاتێکە لە دەسەڵاتدارانی میسر، وەزیرێکە لە وەزیرەکانی پادشا، کە قورئان ناوی دەنێت «عەزیز». ڕاستترین بۆچوون ئەوەیە کە عەزیز لەو کاتەدا سەرۆکوەزیرانی میسر بوو.

## جێگیر و پـایەدارکردنی یووســـف لـە زەویـدا لـە لایەن خوای گەورەوە:

ئیتر ئاوا خوا یووسفی لە زەویدا پایەدار کرد، لە ماڵی دەسەڵاتدارێك پەروەردە دەبێت، خوا لێکدانەوەی خەونەکانی فێر دەکات و رۆژێك پادشای مـــسر پێویستی پێدەبێت: «وَاللّهُ غَالِبٌ عَلَى أَمْرِهِ وَلَكِنَّ أَكْثَرَ النَّاسِ لاَ يَعْلَمُونَ».

پاشـان پەروەردگار باسـی بەخشـشـی خۆی لە سـەر یووسف دەکات: «وَلَمَّا بَلَغَ أَشُدَّهُ آتَيْنَاهُ حُكْماً وَعِلْماً وَكَذَلِكَ نَجْزِي الْمُحْسِنِينَ» (یووسف: ٢٢). «کاتێکیش کە یووسف پێگەیشـــت و گەیشـــتە ئەوپەڕی تونـدوتۆڵی؛ ئێمەش پلەی فەرمانڕەوایی و دانایی و زانیاری شـــارەزایی باشـــمان پێبەخشـــی، هەر بەو شـــێوەیەش پاداشـــتی چاکەکاران دەدەینەوە».

یووســـف جوانترین پیـاوی زەمـانەی خۆی بوو، پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دەفەرموێت: (أُعْطِيَ يُوسُفُ شَطْرَ الْحُسْنِ)[١]. واتە: نیوەی هەموو جوانییەکان بە یووسف بەخشـرا. خاوێنی و پاکیی ناخی ئەوەندەی تر جوانی کردبوو. خوای گەورە نیعمەتی جۆراوجۆری وەك: شـــارەزایی لە دنیاو بارودۆخی، شـــێوازی قسـەکردنی راکێشـــەر، دانایی، پاکداوێنی و کەسایەتییەکی بەرزی پێبەخشیبوو.

خاوەنەکەی زانیی خوا بە ناردنی یووسـف بۆ لای رێزی لێگرتووە، تێگەیشت یووسف ئەمـانەتدارترین و خۆڕاگرترین و بەڕێزترین کەســـە لە ژیانیدا بینیویەتی، بۆیە کردییە بەرپرســـی ماڵەکەی و رێزی لێگرت، وەك کوڕی خۆی ســـەیری کرد و بە خێزانەکەی

---

[١] (ئەحمەد: ٦٨٦). لە سەحیحی موسلیمیشدا هاتووە بە ژمارە (١٦٢).

وت: «أَكْرِمِي مَثْوَاهُ عَسَى أَن يَنفَعَنَا أَوْ نَتَّخِذَهُ وَلَداً».

## مەینەتیی هاوسەرەکەی عەزیز:

پاشان مەینەتیی دووەمی یووسف دەستپێکرد، کە لە یەکەم دژوارتر بوو، لە کاتێکیشدا ڕووبەڕووی بووەوە کە داوەریی ڕاست و زانستی پێبەخشرابوو: «وَرَاوَدَتْهُ الَّتِي هُوَ فِي بَيْتِهَا عَن نَّفْسِهِ وَغَلَّقَتِ الأَبْوَابَ وَقَالَتْ هَيْتَ لَكَ» (یووسف: ٢٣). «جا ئەو ئافرەتەی کە یووسف لەماڵیدا بوو، هەوڵیدا یووسف لە خشتە ببات و دڵی ڕابکێشێت بۆ لای خۆی، هەموو دەرگاکانیشی داخست و وتی: وەرە پێشەوە و خۆت ئامادە بکە!». کە یووسف ڕەوشتبەرز و بەئەدەب و بە سیماش جوان بوو؛ ئیتر دڵی هەموو مرۆڤێکی ڕادەکێشا، جا چونکە لە ماڵی عەزیزدا هەموو وەك کوڕی عەزیز هەڵسوکەوتیان لەگەڵ دەکرد، ئیتر هاوسەرەکەی لە ڕادەبەدەر لێی نزیك ببووەوە، بۆیە دڵی لێی چوو بوو، بۆ خۆیی دەویست، دەشیویست داوێنپیسیی لەگەڵ بکات! بەڵام چۆن و لەگەڵ کێ؟ ئەم پێغەمبەرە بەڕێزە لە ئەوپەڕی دانایی و ڕاشکاوانە بە خاتوونەکەی وت: «قَالَ مَعَاذَ اللَّهِ إِنَّهُ رَبِّي أَحْسَنَ مَثْوَايَ إِنَّهُ لاَ يُفْلِحُ الظَّالِمُونَ» (یووسف: ٢٣). «یووسف وتی: پانا دەگرم بە خوا، کاری واناکەم، چونکە پەروەردگارم دەرووی لێکردوومەتەوە، هەروەها مێردەکەشت چاکرەفتاربووە لەگەڵمدا (چۆن خیانەتی لێ دەکەم؟)، چونکە من دڵنیام ستەمکاران سەرفراز نابن».

«وَلَقَدْ هَمَّتْ بِهِ وَهَمَّ بِهَا لَوْلا أَن رَّأَى بُرْهَانَ رَبِّهِ» (یووسف: ٢٤). ئەبووعوبەیدە دەربارەی ئەم ئایەتە دەڵێت: پێشخستن و دواخستنی تێدایە؛ واتە: ژنەکە نیازی

تێکەڵیی لەگەڵ یووسف کرد، ئەگەر یووسفیش بەڵگەی پەروەردگاری نەدیبا نیازی تێکەڵیی لەگەڵ دەکرد. ئەم تەفسیرە لەگەڵ بێتاوانی پێغەمبەران و ئایەتەکانی دوایی دەگونجێت: «كَذَلِكَ لِنَصْرِفَ عَنْهُ السُّوءَ وَالْفَحْشَاءَ إِنَّهُ مِنْ عِبَادِنَا الْمُخْلَصِينَ» (هەمان ئایەت). «ئا بەو شێوەیەمان کرد (بۆ ئەوەی هەرچی تاوان و خراپەیە لێی دووربخەینەوە). بەڕاستی ئەو لە بەندە هەڵبژاردە و پاکەکانی ئێمەیە».

ئەم ئایەتە دەری دەخات؛ یووسف لە بەندە هەڵبژاردە خاوێنکراوەکانی خوایە، ئەمەش دەیسەلمێنێت لە شەیتان رزگاری بووە. مادام یووسف لە بەندە هەڵبژاردە خاوێنکراوەکانە، دیارە شەیتان هیچ دەسەڵاتێکی نییە بەسەریدا. لە پاش ئەم گفتوگۆیە دیارە یووسف؛ بە جێهێشتنی ژنەکەی بە باشتر زانیوە، بۆیە بەپەلە بەرەو دەرگاکە رۆیشتووە تا بچێتە دەرەوە، بەڵام ژنەکەی عەزیز دەیگاتێ هەتا بیگرێت و ئیتر ئەمە روو دەدات: «وَاسْتَبَقَا الْبَابَ وَقَدَّتْ قَمِيصَهُ مِن دُبُرٍ» (یووسف: ٢٥). «سەرەنجام هەردووکیان پێشبڕکێیان کرد بۆ دەرگاکە (یووسف بۆ کردنەوە و ئەویش بۆ داخستن) ژنەکە توانیی دەستی لە کراسەکەی گیر بکات و لە پشتەوە دڕاندی». ئەم ژنە گەمارۆی داوە، جا کە یووسف رۆشت لەلای، بەر لەوەی بگاتە دەرگاکە بە دوویدا رێکەوت و بە توندی کراسەکەی لە پشتەوە گرت، تا بۆ لای خۆیی راکێشێت و رانەکات لێی.

لێرەدا دەرووی رەحمەتی خوا دەکرێتەوە، جا بڕواداری راستگۆ هەر کات پێویستی بێت خوا فریای دەکەوێت: «وَأَلْفَيَا سَيِّدَهَا لَدَى الْبَابِ» (هەمان ئایەت). «ئەوسا هەردووکیان لە بەردەمی دەرگاکەدا تووشی مێردەکەی هاتن». خوا هاوسەری ژنەکە لە کاتێکی گونجاودا دەگەیەنێت. کە دەرگاکە کرایەوە راستەوخۆ هاوسەری ژنەکەیان لە بەر دەرگاکەدا بینی. ئەم ژنە چی بکات؟! ناچارە خێرا تۆمەتێك درووستبکات تا

هاوسـەرەکەی گومانی خراپی نەبێت دەربارەی، بۆیە دەسـبەجێ وتی: «قَالَتْ مَا جَزَاء مَنْ أَرَادَ بِأَهْلِكَ سُوَءاً إِلاَّ أَن يُسْجَنَ أَوْ عَذَابٌ أَلِيمٌ» (هەمان ئایەت). «وتی: باشە ئاخۆ سزای ئەو کەسە چیە کە ویستبێتی خراپە لەگەڵ خێزانەکەتدا بکات، جگە لەوەی بەند بکرێت یان سـزایەکی بەئێش بدرێت». ئاوا سـتەمکارانە و بێشەرمانە! دەیەوێت وا بۆ هاوسـەرەکەی دەرخات کە بەڵێ خراپەی دەرهەق کراوە، خێرا سـزایەکیش پێشـنیار دەکـات نەوەك عەزیز لـە تووڕەیی خۆیدا پەلاماری یووسـف بدات، بە عەزیز دەڵێ: باشترین سزا زیندانە.

لە پاش ئەم تۆمەتە ناڕەوایە؛ یووسف راستییەکە ئاشکرا دەکات: «قَالَ هِيَ رَاوَدَتْنِي عَن نَّفْسِي» (یووسف: ٢٦). «(نەخێر وانییە) ئەو ویستی لە خشتەم بەرێت». بە رستەیەکی کۆتا! جا هەق و راستی بەردەوام وایە و پێویستی بە زۆر وتن نییە. لێرەدا یارمەتی خوا بۆ یووسـف دەگات، بە شـایەتی کەسـێك لە خانەوادەی ژنەکە، خوا هەق و راسـتی دەخاتە سـەر زمانی ئەو، تا بەڵگەی روون و بەرچاو لە سـەر بێتاوانی یووسـف بێتە مەیدانەوە: «وَشَـهِدَ شَـاهِدٌ مِّنْ أَهْلِهَا إِن كَانَ قَمِيصُـهُ قُدَّ مِن قُبُلٍ فَصَـدَقَتْ وَهُوَ مِنَ الكَاذِبِينَ. وَإِنْ كَانَ قَمِيصُهُ قُدَّ مِن دُبُرٍ فَكَذَبَتْ وَهُوَ مِن الصَّادِقِينَ» (یووسف: ٢٦-٢٧). «شـایەتەکە وتی: سـەیری کراسـەکە کەن، ئەگەر لە پێشـەوە دڕابوو، دیارە ئاسـەواری بەرگری کردنی ژنەکە لە خۆیەتی و یووسـف پەلاماری داوە و ئەو راسـت دەکات و یووسـف درۆ، ئەگەر لە پشـتەوە دڕاوە، ئەوە ئاسەواری شوێنکەوتنی یووسفە لە لایەن ژنەکەوە و یووسف راست دەکات و ئەو درۆ».

«فَلَمَّا رَأَى قَمِيصَـهُ قُدَّ مِن دُبُرٍ قَالَ إِنَّهُ مِن كَيْدِكُنَّ إِنَّ كَيْدَكُنَّ عَظِيمٌ» (یووسـف: ٢٨). «کاتێك مێردەکەی بینی کراسەکەی یووسف لە پشتەوە دڕاوە، بە ژنەکەی وت: بەڕاستی

ئەمە پیلان و نەخشەی خۆتانە، بێگومان فێڵ و تەڵەکە و نەخشە و پیلانی ئێوە زۆر گەورەیە». کە هاوسەرەکە زانیی ژنەکەی خیانەتی کردووە، هاواری نەکرد و تووڕە نەبوو، داب و نەریتی چینی دەسەڵاتدار و پێشکەوتوو وایکرد زۆر بە نەرمی لەگەڵ رووداوەکە رووبەڕوو بێتەوە، بۆیە رەفتاری ژنەکەی گەڕاندەوە بۆ مەکر و فێڵی ژنان، جەختیشی لەوە کردەوە کە فێڵی ژنان زۆر گەورەیە.

پاشان رووی کردە یووسف و وتی: «يُوسُفُ أَعْرِضْ عَنْ هَذَا» (یووسف: ٢٩). «رووداوەکە لە بیر بەرەوەو هەر باسیشی مەکە». پاشان ئامۆژگاریی ژنەکە دەکات: «وَاسْتَغْفِرِي لِذَنبِكِ إِنَّكِ كُنتِ مِنَ الْخَاطِئِينَ» (هەمان ئایەت). «تۆش داوای لێخۆشبوون و لێبوردن بکە لە هەڵە و تاوانەکەت، چونکە بەڕاستی تۆ لە گوناهباران و بەهەڵەداچووانیت».

## مەینەتیی ژنانی شارەکە:

رووداوی یەکەم کۆتایی هات بەڵام فیتنەکە نەکوژایەوە، کابرای خاوەن ماڵ ژنەکەی و خزمەتکارەکەی لە یەك جودا نەکردەوە، ئەو تەنها داوای کرد باسەکە کۆتایی پێبێنێت، بەڵام کۆتایی پێهێنانی ئاوا بابەتێك -ئەویش لە کۆشکێکدا کە پڕە لە خزمەتکار و راوێژکار- ئەستەمە. بابەتەکە بڵاو بووەوە، هەر ئەو رۆژە گەیشتە کۆشکەکانی تری چینی دەسەڵاتدار، ژنەکانی ئەم چینە رووداوەکەیان بە بابەتێکی زۆر بەچێژ بۆ قسە و باس زانی! جا بێبەش بوونی ژیانی ئەم چینە لە کار و بار و خەم و خەفەتی راستەقینە، هەروەها خەریك بوونیان بە کایە و بەزم و قسە؛ گرنگییەکی تایبەت دەداتە ئابڕوو

چوونی کەســـایەتییە ناودارەکان! جا بەردەوام لەگەڵ بێکاریدا قســـەی پووچ ڕەواج دەبێت، ئابڕووچوون و ریسـوابییەکان دەبێتە بنێشـتەخۆشەی سەر زمان. هەواڵەکە بڵاو کرایەوە: «وَقَالَ نِسْوَةٌ فِي الْمَدِينَةِ امْرَأَةُ الْعَزِيزِ تُرَاوِدُ فَتَاهَا عَن نَّفْسِهِ قَدْ شَغَفَهَا حُبّاً إِنَّا لَنَرَاهَا فِي ضَلاَلٍ مُّبِينٍ» (یووسف: ٣٠). «پاشان ژنانێك لەوانەی ناوشار، ئەم دەنگ و باسـەیان بیسـت بۆیە وتیشیان: سەیرە! ژنەکەی عەزیزی مـــیسر دەیەوێت بە نەرم و نیانی ســەرنجی لاوەکەی خۆی رابکێشـێت بۆلای خۆی، بەڕاسـتی ئەویندارییەکەی بۆی هەموو پەڕەکانی دڵیی داگیرکردووە! بێگومان ئێمە ئەو ژنە لە ســـەرگەردانییەکی ئاشـکرادا دەبینین». هەواڵەکە لە دەمێکەوە بۆ دەمێکی تر و لەماڵێکەوە بۆ ماڵێکی تر گوێزرایەوە، تـا گەیشـــتەوە ژنەکەی عەزیز: «فَلَمَّا سَـمِعَتْ بِمَكْرِهِنَّ أَرْسَـلَتْ إِلَيْهِنَّ وَأَعْتَدَتْ لَهُنَّ مُتَّكَأً» (یووسـف: ٣١). «جا کاتێك ژنەکەی عەزیزی مــــیسـر توانج و پلانەکەی ئەوانی بیست؛ ناردی بە شوێنیاندا و جێگەیەکی خۆشی بۆ ئامادەکردن».

ژنەکەی عەزیز بڕیـاری دا خوانێکی گەورە لـە کۆشــکەکـە ســـاز بکـات، لەمەوە دەردەکەوێت ئەو ژنانەی قسـەیان کردبوو لە چینی دەســەڵاتداران بوون، ئاخر تەنها ئەوان بۆ خوانی کۆشــکەکان بانگ دەکرێن، دیاریشــە پاڵ دەدەنەوە و دەخۆن، بۆیە پاڵپشت و ڕاخەری نەرمی بۆ ئامادە کردن، هەموو جۆرە خواردن و خواردنەوەیەکیش لەگەڵیدا. لەپاڵ خۆراکە دانراوەکەشـــدا، چەقۆی زۆر تیژی دانا: « وَآتَتْ كُلَّ وَاحِدَةٍ مِّنْهُنَّ سِـكِّيناً» (هەمان ئایەت). هەموو ئەوانەشـی بانگ کرد کە باسـیان کردبوو. هەر یەکەیان خەریکی لەتکردنی گۆشـــت یان میوە بوون کە یووســـف هاتە لایان: «وَقَالَتِ اخْرُجْ عَلَيْهِنَّ» (هەمان ئایەت). «ئینجا فەرمانیدا بە یووسف و وتی: ئادەی وەرە دەرەوە بۆ لایان». «فَلَمَّا رَأَيْنَهُ أَكْبَرْنَهُ» (هەمان ئایەت). «جا کاتێك بینیان بە گەورە و گرنگیان

زانی». لە جوانی یووسف سەریان سووڕما! «وَقَطَّعْنَ أَيْدِيَهُنَّ» (هەمان ئایەت). «لە ناکاو بە چەقۆ تیژەکان دەستی خۆیان بڕی». «وَقُلْنَ حَاشَ لِلّهِ مَا هَذَا بَشَراً إِنْ هَذَا إِلاَّ مَلَكٌ كَرِيمٌ» (هەمان ئایەت). «وتیشیان: پاکی و بێگەردی و دووری لە هەموو ناتەواوییەك شایستەی خوایە، کە ئەمەی دروستکردووە! ئەمە مرۆڤ نییە، تەنها فریشتەیەکی جوان و بەڕێزە و هیچی تر نییە!». جا لەمەوە دەر دەکەوێت هەندێك لە بیروبۆچوونی ئایینە یەکخواپەرستییەکان هاتبووە ناو ئەم خەڵکەوە. ئەم سەرسووڕمانە لە بینینی جوانی یووسفەوە بە سەریاندا هات و مەبەستی داوەتی و میوانییەکەش ڕێك ئەمە بوو، کە ئەم زامەی دەستیان وە بیریان بهێنێتەوە کە هەڵەیان کردووە سەرزەنشتی ژنەکەی عەزیزیان کردووە.

ژنەکە بینیی بەسەر ژنانی هاوچینیدا سەرکەوتووە و ئەوان لە جوانی یووسف سەرسووڕ ماون، بۆیە وەك ژنێکی براوە قسەی کرد و شانازی کرد بە سەریاندا، بڕیاریشی دا درێژە بداتە هەوڵدانەکەی بەڵکوو یووسف ڕازی بکات: «قَالَتْ فَذَلِكُنَّ الَّذِي لُمْتُنَّنِي فِيهِ وَلَقَدْ رَاوَدتُّهُ عَن نَّفْسِهِ فَاسَتَعْصَمَ وَلَئِن لَّمْ يَفْعَلْ مَا آمُرُهُ لَيُسْجَنَنَّ وَلَيَكُوناً مِّنَ الصَّاغِرِينَ» (یووسف: ٣٢). «ئینجا ژنەکە وتی: ئەوە ئەو کەسەیە کە ئێوە لۆمە و سەرزەنشتی منتان دەکرد لە بارەیەوە، سوێند بەخوا بێگومان من هەوڵمدا لە خشتەی بەرم، کەچی ئەو هەر خۆی گرت و پاك وخاوێنی ویست، سوێند بە خوا ئەگەر ئەوەی من فەرمانی پێدەدەم نەیکات، ئەوە بەڕاستی بەند دەکرێت و زەلیل دەبێت و بەکەم تەماشا دەکرێت».

لە بەرانبەر ئەم داواکارییانەدا یووسف داوای یارمەتیی لە پەروەردگاری کرد، تا هەوڵ و تێکۆشانی ژنەکانی لێ دوورخاتەوە، نەوەك تووش بێت! یووسف وەك مرۆڤێك کە

مرۆڤبوونی خۆی دەناسێت؛ پاڕایەوە و بە پاکداوێنییەکەی خۆی لووتبەرز نەبوو، بۆیە داوای چاودێری زیاتری پەروەردگاری کرد: «قَالَ رَبِّ السِّجْنُ أَحَبُّ إِلَيَّ مِمَّا يَدْعُونَنِي إِلَيْهِ وَإِلاَّ تَصْرِفْ عَنِّي كَيْدَهُنَّ أَصْبُ إِلَيْهِنَّ وَأَكُن مِّنَ الْجَاهِلِينَ» (یووسف: ٣٣). «یووسف کە ئەمەی بیست وتی: پەروەردگارم من زیندانم لەلا خۆشەویسترە لەوەی کە ئەوان بانگم دەکەن بۆی، خۆ ئەگەر لە فێڵ و تەڵەکەی ئەوانە ڕزگارم نەکەیت و لە پیلان و نەخشەکانیان دەربازم نەکەیت و لام نەدەیت؛ لەوانەیە منیش مەیلم بۆ درووست ببێت و ئارەزوویان بکەم، پاشان بچمە ریزی نەفام و گوناهبارانەوە».

پەروەردگاریش، کە فریادڕەسی لێقەوماوانە؛ دەگاتە فریای و فێڵی ژنەکانی لێ دوور دەخاتەوە: «فَاسْتَجَابَ لَهُ رَبُّهُ فَصَرَفَ عَنْهُ كَيْدَهُنَّ إِنَّهُ هُوَ السَّمِيعُ الْعَلِيمُ» (یووسف: ٣٤). «جا پەروەردگاری بە هانایەوە چوو، نزاکەی گیرا کرد و لە تەڵەکە و فێڵی ژنان پاراستی و لایدا، چونکە بەڕاستی هەر ئەو زاتە بیسەری نزاکانە و زانایە». جا ئەم دوورخستنەوەیە یان بە بێهیواکردنی ژنەکان بووە یان بە دوورخستنەوەی زیاتری یووسف لە فریوخواردن، تا هیچ کاریگەریی لە سەر نەکەن، یان بە هەر دووکیان. ئیتر خوا رێزی لێنا و مەینەتیی سێیەمی یووسف دەستی پێکرد. سێیەمیش کۆتایی پێنایەت مەگەر دەسبەجێ چوارەم دەست پێدەکات بەڵام مەینەتی چوارەم کۆتا مەینەتیی دژواری یووسفە.

## مەینەتیی چوونە زیندانەوە:

ئەم وەرزە لە ژیانی یووسف بە زیندانی کردنییەوە دەستپێدەکات. هۆی زیندانەکەش

بڵاوبوونەوەی هەواڵی یووسف و ژنەکەی عەزیز و ژنە هاوچینەکانی بوو، خاوەنی ئەم ماڵانە هیچ ڕێگایەکیان بۆ بێدەنگ کردنی زمانەکان نەدۆزییەوە؛ جگە لە زیندانیکردنی ئەم لاوە بێتاوانە، تا ئیتر بەسەرهاتەکە فەرامۆش بکرێت: «ثُمَّ بَدَا لَهُم مِّن بَعْدِ مَا رَأَوُاْ الآيَاتِ لَيَسْجُنُنَّهُ حَتَّى حِينٍ» (یووسف: ٣٥). «پاشان لە دوای ئەوەی کە بەڵگەی زۆریان بینی لەسەر یووسف، بۆیان دەرکەوت و وایان بە چاك زانی تا ماوەیەك هەر بەندی بکەن». ئیتر ئەم ئایەتە کورتە ئاوا دۆخی ئەم سەردەمەمان پیشان دەدات، دۆخی گەندەڵیی ناوخۆ لە کۆشکەکان و دۆخی چینە خاوەن دەسەڵاتەکان و دۆخی دیکتاتۆری! جا چارەسەری کێشەکان لە دەسەڵاتە دیکتاتۆرییەکاندا تەنها زیندانە، بەسەرهاتی یووسفیش شایەتێکە لە سەر ئەمە، فەرمانی زیندانیبوونیان دەرکرد بە بێ هیچ تۆمەتباری و دادوەرییەك، زۆر بە ئاسانی و بێ کێشە. جا لە کۆمەڵگەیەکدا کە چەندین خوای جۆراوجۆر حوکم بکات؛ ئاساییە بێتاوانێك زیندانی بکرێت! جا سەیر ئەوەیە ئەمەیان لەگەڵ کرد لە پاش ئەوەی بەڵگەکانی بێتاوانیی ئەویان بینی! وادیارە وتیان: بۆ ماوەیەك زیندانیی ئەکەین.

یووسف بە دڵێکی خۆڕاگر و دەروونێکی ئارام و نزیك لە خۆشحاڵییەوە چووە زیندان، چونکە لە یادا گرتنی ژنەکەی عەزیز و هاوەڵەکانی و گێرەشێوێنیی خزمەتکارەکان؛ ڕزگاری بوو. زیندان بۆ ئەو شوێنێکی ئارام بوو تێیدا بە تەنها عیبادەتی دەکرد و بیری لە دروستکراوی خودا دەکردەوە. جا خوای گەورە بەسەرهاتەکەی زیندانی یووسفمان لە سەرەتاوە بۆ باس دەکات، چونکە ڕاستییەکی پڕ لە پەند و دەرسە: «وَدَخَلَ مَعَهُ السِّجْنَ فَتَيَانَ قَالَ أَحَدُهُمَا إِنِّي أَرَانِي أَعْصِرُ خَمْراً وَقَالَ الآخَرُ إِنِّي أَرَانِي أَحْمِلُ فَوْقَ رَأْسِي خُبْزاً تَأْكُلُ الطَّيْرُ مِنْهُ نَبِّئْنَا بِتَأْوِيلِهِ إِنَّا نَرَاكَ مِنَ الْمُحْسِنِينَ» (یووسف: ٣٦).

«ئەوسا دوو لاوی تریش خرانە بەندیخانەوە، (هەریەکەیان خەوێکی بینیبوو) یەکێکیان وتی: بێگومان من خۆمم دەبینی لە خەومدا، ترێم دەگوشی و شەرابم لێ درووستدەکرد، ئەوی تریشیان وتی: بەڕاستی من خۆمم دەبینی لە خەومدا، کە نانم بەسەر سەرمەوە هەڵدەگرت باڵندە لێی دەخوارد، ئاگادارمان بکە بەلێکدانەوەی ئەم خەونە، چونکە بەڕاستی ئێمە دەبینین تۆ لە چاکەخوازانیت». ئەمە نیشانەی پیاوچاکی و خێر و پیرۆزی و عیبادەتە، کە شاراوە نییە. دوو زیندانییەکە هەر کە چاویان پێیکەوت؛ نیشانەی چاکییان تێدا بینی، بۆیە یەکسەر دەستیان کردە پرسیارکردن. وتیان: ئێمە تۆ بە پیاوچاك دەبینین، چونکە ئاسەواری دیارە لە سەرت، ئیتر هەر یەکەیان خەونەکەی خۆی بۆ گێڕایەوە، بەڵام بەر لەوەی وەڵامیان بداتەوە، پێویست بوو بیسەلمێنێت کە بە زانستەوە وەڵام دەداتەوە و زانستی لێکدانەوەی خەونی لایە. جا شێوازی بانگەواز وایە، پێویستە بەر لە بانگەواز شایەنێتیی خۆی بسەلمێنێت. ئەمە یەکەم ڕێگایە بۆ وەرگرتنی بانگەواز، ئەها پێغەمبەری خواش (صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) کاتێك ویستی بانگەوازی هۆزەکەی بکات فەرمووی: (أرَأَيْتُمْ إنْ أخْبَرْتُكُمْ أنَّ خَيْلًا تَخرُجُ من سَفْحِ هذا الجَبَلِ، أكُنْتُمْ مُصَدِّقِيَّ؟ قالوا: ما جَرَّبْنا عَلَيْكَ كَذِبًا، قالَ: فإنِّي نَذِيرٌ لَكُمْ بيْنَ يَدَيْ عَذابٍ شَدِيدٍ)[١]. واتە: ئایا ئەگەر هەواڵتان بدەمێ ئێستا دەستەیەك ئەسپسوار لە داوێنی ئەو کێوەوە دەردەکەون متمانەم پێدەکەن؟، وتیان: بەڵێ، ئێمە هەرگیز درۆمان لە تۆ نەبیستووە. فەرمووی: دەی من هوشداریی سزایەکی توندتان پێ دەدەم. واتە سەرەتا بۆی دەرخستن ڕاستگۆیە، یووسفیش بە هەمان شێوەی کرد. فەرمووی: «لاَ يَأْتِيكُمَا طَعَامٌ تُرْزَقَانِهِ إِلاَّ نَبَّأْتُكُمَا بِتَأْوِيلِهِ قَبْلَ أَن يَأْتِيكُمَا» (یووسف: ٣٧). «هیچ خواردنێکتان

[١] نوسەری بەڕێز نوسیویەتی بخاري (٤٦٨٧)، بەخزمەتی گەیشتین لە (بوخاری: ٤٩٧١).

بۆ نـایەت کە دەرخواردتـان بـدرێـت و من نەزانم چییە و چۆنە، پێش ئەوەی بگـاتە لاتان».

پاشـان هەلی بانگەوازی بۆ رەخسا، زیندان نەبووە بەربەستی ئەرکە سەرەکییەکەی کە بـانگەوازە، بۆیـە پێی وتن: «ذَلِكُمَـا مِمَّا عَلَّمَنِي رَبِّي إِنِّي تَرَكْتُ مِلَّةَ قَوْمٍ لاَّ يُؤْمِنُونَ بِاللّهِ وَهُم بِـالآخِرَةِ هُمْ كَافِرُونَ. وَاتَّبَعْتُ مِلَّةَ آبَآئِي إِبْرَاهِيمَ وَإِسْـــحَاقَ وَيَعْقُوبَ مَا كَانَ لَنَا أَن نُّشْـرِكَ بِاللّهِ مِن شَـــيْءٍ ذَلِكَ مِن فَضْــلِ اللّهِ عَلَيْنَا وَعَلَى النَّاسِ وَلَكِنَّ أَكْثَرَ النَّاسِ لاَ يَشْــكُرُونَ» (یووسـف: ٣٧-٣٨). «ئەوە هەندێکە لەوەی پەروەردگارم فێری کردووم، بزانن؛ بەڕاستی من بەرنامەی قەومێکم واز لێهێناوە کە باوەڕ بە خوا ناهێنن و بڕوایان بە قیامەتیش نییە. بەڵکوو شوێنی ئایین و بەرنامەی با و باپیرانم؛ ئیبراهیم و ئیسحاق و یەعقووب کەوتووم، هەرگیز ڕەوا نییە بۆ ئێمە هیچ جۆرە شتێك بکەینە هاوەڵ و شەریك بۆ خوا، ئەوەش لە فەزڵ و ڕێزی تایبەتی خواییە لەسەر ئێمە و لەسەر خەڵکیش، بەڵام بەداخەوە زۆربەی خەڵکی سوپاسگوزاری ناکەن».

یووسف باسی رەچەڵەك و رەگەزی خۆی بۆ کردن و بەرەو خوا بانگی کردن، دەربارەی شـــیرکیش هوشـــداری پێدان، داواشـــی لێکردن بە رۆژی دوایی بڕوا بهێنن. پاشـــان یەکسـەر پرسیارێکی لێکردن: «يَا صَاحِبَيِ السِّجْنِ أَأَرْبَابٌ مُّتَفَرِّقُونَ خَيْرٌ أَمِ اللّهُ الْوَاحِدُ الْقَهَّـارُ» (یووسـف: ٣٩). «ئەی هاوەڵانی زیندانم، ئایا چەند خوایەکی هەمەجۆر و جیاوازی (بپەرسـتـرێن) چاکترن، یاخود خوایەکی تاك و تەنها و زاڵ بەسـەر هەموو شـتێکدا؟». ئیتر ئاوا بە پابەندی و خواویسـتییەوە وای لێکردن دان بە هەقدا بنێن و ملکەچی پەروەردگار بن. پاشـان بە هەمان زیرەکی و شارەزاییەوە رقی پەرستراوەکانی غەیری خوا دەخاتە دڵیانەوە: «مَا تَعْبُدُونَ مِن دُونِهِ إِلاَّ أَسْمَاء سَمَّيْتُمُوهَا أَنتُمْ وَآبَآؤُكُم مَّا

أَنزَلَ اللّهُ بِهَا مِن سُلْطَانٍ إِنِ الْحُكْمُ إِلاَّ لِلّهِ أَمَرَ أَلاَّ تَعْبُدُواْ إِلاَّ إِيَّاهُ ذَلِكَ الدِّينُ الْقَيِّمُ وَلَكِنَّ أَكْثَرَ النَّاسِ لاَ يَعْلَمُونَ» (یووسف: ٤٠). «جا هەرچی ئێوە دەیپەرستن جگە لە خوا، تەنها خۆتان و با و باپیرانتان ناوتان لێناون (تەنها ناون و ناوەڕۆکیان نییە)، هەرگیز خوا بەوە رازی نییە و هیچ بەڵگەیەکیشی رەوانە نەکردووە لەسەر پەسەندکردنیان، بەڕاستی حوکم و فەرمانڕەوایی جگە لە خوا شایستەی کەسی تر نییە، فەرمانیشی داوە جگە لە خۆی کەسی تر نەپەرستن، هەر ئەوەشە ئایین و بەرنامەی پەسەند و راست و درووست و بەنرخ، بەڵام زۆربەی خەڵکی ئەم راستیانە نازانن و لێی بێئاگان».

یووسف بەڵگەی هێدی و گفتوگۆی روون و خاوێنی هزر و پاکی بانگەوازی خۆی پیشان دان، ئاوا دەرفەتی فێرکاری و رێنمایی دوو زیندانییەکەی دۆزییەوە، تا بەر لە زیندانی عەزیز لە زیندانی شیرك رزگاریان بکات. پاشان لە ئەوپەڕی چاکەکاریدا کۆتایی بە قسەکانی هێناو وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە: «أَمَّا أَحَدُكُمَا فَيَسْقِي رَبَّهُ خَمْراً وَأَمَّا الآخَرُ فَيُصْلَبُ فَتَأْكُلُ الطَّيْرُ مِن رَّأْسِهِ قُضِيَ الأَمْرُ الَّذِي فِيهِ تَسْتَفْتِيَانِ» (یووسف: ٤١). «ئەوەتان لە خەونیدا ترێی دەگوشی ئەوە دەبێتە مەیگێڕی پادشا و رزگاری دەبێت و شەرابی پێشکەش دەکات، ئەوی تریشیان لە خاچ دەدرێت و باڵندە لەسەر و روخساری دەخوات، ئیتر ئەمەش وەڵامی لێکدانەوەی خەونەکانتانە و هەر ئەوەش بڕیار دراوە».

## له زیندانەوە بۆ پادشای میسر:

«وَقَالَ لِلَّذِي ظَنَّ أَنَّهُ نَاجٍ مِّنْهُمَا اذْكُرْنِي عِندَ رَبِّكَ فَأَنسَاهُ الشَّيْطَانُ ذِكْرَ رَبِّهِ فَلَبِثَ فِي السِّجْنِ بِضْعَ سِنِينَ» (یووسف: ٤٢). «یووسف ئامۆژگاریی ئەوەیانی کرد کە رزگار دەبوو، وتی باسی دۆخی من لای پادشا بکە، بەڵام ئامۆژگارییەکەی نەبردە سەر، چما ژیانی پڕ زرق و برقی کۆشك یووسف و کاروباری لە بیر بردبێتەوە، بۆیە یووسف چەند ساڵی تر لە زینداندا مایەوە و کابرا بیری نەهاتەوە». ئەمە ڕێزلێنان و بژاردەکردنی زیاتری خوا بۆ یووسف بوو، ئاخر چارەسەری پێداویستی یووسفی نەخستە سەر دەستی بەندەیەك، جا بەردەوام خوای گەورە دەیەوێت پێداویستی بەندە بڕوادارەکانی تەنها خۆی چارەسەری بکات.

لێرەدا خاڵی گۆڕانکاری لە تەنگانەوە بۆ ئاسایش و لە کۆیلایەتییەوە بۆ فەرمانڕەوایی روو دەدات. پادشاکە لە کۆشکەکەی خۆیدا خەونێك بۆ دەوروبەرەکەی دەگێڕێتەوە و داوا دەکات لێکیدەنەوە: «وَقَالَ الْمَلِكُ إِنِّي أَرَى سَبْعَ بَقَرَاتٍ سِمَانٍ يَأْكُلُهُنَّ سَبْعٌ عِجَافٌ وَسَبْعَ سُنبُلَاتٍ خُضْرٍ وَأُخَرَ يَابِسَاتٍ يَا أَيُّهَا الْمَلَأُ أَفْتُونِي فِي رُؤْيَايَ إِن كُنتُمْ لِلرُّؤْيَا تَعْبُرُونَ» (یووسف: ٤٣). «پادشا وتی: بەڕاستی من لە خەومدا بینیم؛ کە حەوت مانگای قەڵەو لەلایەن حەوت مەنگای لەڕ و لاوازەوە خوران، حەوت گوڵەگەنمی سەوز و جوان و حەوتی وشکیشم بینی، ئەی زانا و شارەزایان ئەم خەوەم بۆ لێکبدەنەوە ئەگەر خەون لێکدەدەنەوە». بەڵام دەمڕاستان و پیاوانی ئایینی دەوروبەری، خەونەکەیان لێکنەدایەوە، یان نەیاندەزانی یان هەستیان دەکرد خەونێکی خراپە، بۆیە ترسان لێکیدەنەوە، وتیان: ئەمە خەونێکی تێکەڵ و پێکەڵە و لێکدانەوەی نییە.

هەواڵی خەونەکەی پادشا گەیشتە شەرابگێڕەکە کە لە زیندان ئازاد ببوو، دەستبەجێ یووسفی بیر هاتەوە، خێرا چووە لای پادشا و باسی یووسفی بۆ کرد، وتی: یووسف تاکە کەسێکە دەتوانێت خەونەکەت لێکبداتەوە، مۆڵەتم پێبدە بچمە زیندان و بیهێنمە لات: «وَقَالَ الَّذِي نَجَا مِنْهُمَا وَادَّكَرَ بَعْدَ أُمَّةٍ أَنَاْ أُنَبِّئُكُم بِتَأْوِيلِهِ فَأَرْسِلُونِ» (یووسف: ٤٥).

پادشا شەرابگێڕەکەی نارد بۆ زیندان تا پرسیار لە یووسف بکات، خەونەکەی پادشای بێ کەم و کووڕی و بە هەمان رستە و وتەکانی پادشا بۆ گێڕایەوە؛ چونکە دەیویست لێکدانەوەکە رێك بەرابەری خەونەکە بێت. جا شەرابگێڕەکە یووسف بە « الصِّدِّيقُ» ناو دەبات، واتە: راستگۆیەك کە قسەی راستی زۆر لێبیستراوە: «يُوسُفُ أَيُّهَا الصِّدِّيقُ أَفْتِنَا فِي سَبْعِ بَقَرَاتٍ سِمَانٍ يَأْكُلُهُنَّ سَبْعٌ عِجَافٌ وَسَبْعِ سُنبُلاَتٍ خُضْرٍ وَأُخَرَ يَابِسَاتٍ لَّعَلِّي أَرْجِعُ إِلَى النَّاسِ لَعَلَّهُمْ يَعْلَمُونَ» (یووسف: ٤٦). «یووسف ئەی هاوەڵی راستگۆم، ئەم خەونەمان بۆ لێکبدەرەوە. (لە خەونێکی پادشادا) حەوت مانگای قەڵەو لەلایەن حەوت مانگای لەڕ و لاوازەوە خوراون، هەروەها لە بارەی حەوت گوڵە گەنمی سەوز و جوان و حەوتی تری وشك بۆمان لێکبدەرەوە، بۆ ئەوەی بگەڕێمەوە بۆ لای خەڵکی، تا وەڵام بزانن».

ئێستا ئەو کاتە گەیشتووە کە پادشا پێویستی بە بۆچوونی یووسف هەیە، لێرەدا پێویستە ئەمە وە بیربهێنمەوە: «وَاللّهُ غَالِبٌ عَلَى أَمْرِهِ وَلَكِنَّ أَكْثَرَ النَّاسِ لاَ يَعْلَمُونَ» (یووسف: ٢١). «خوای گەورە زاڵە بەسەر کارو فەرمانەکانی خۆیدا، بەڵام زۆربەی خەڵکی بەمە نازانن». یووسف دەربارەی خەونی پادشا پرسیاری لێکرا، کە چی ئازادبوونی نەکردە مەرجی لێکدانەوەکە، تەنانەت سەرکۆنەی شەرابگێڕەکەشی نەکرد کە ئەو هەموو ساڵە

لە یادی کردبوو، هیچی نەوت جگە لە لێکدانەوەی خەونەکە، جا قسەکانی یووسف تەنها لێکدانەوە نەبوو، بەڵکوو ئامۆژگاری و فێرکاری چارەسەریش بوو: «قَالَ تَزْرَعُونَ سَبْعَ سِنِينَ دَأَباً فَمَا حَصَدتُّمْ فَذَرُوهُ فِي سُنبُلِهِ إِلاَّ قَلِيلاً مِّمَّا تَأْكُلُونَ. ثُمَّ يَأْتِي مِن بَعْدِ ذَلِكَ سَبْعٌ شِدَادٌ يَأْكُلْنَ مَا قَدَّمْتُمْ لَهُنَّ إِلاَّ قَلِيلاً مِّمَّا تُحْصِنُونَ. ثُمَّ يَأْتِي مِن بَعْدِ ذَلِكَ عَامٌ فِيهِ يُغَاثُ النَّاسُ وَفِيهِ يَعْصِرُونَ» (یووسف: ٤٧-٤٩). «یووسف راسپاردەکەی پادشای تێگەیاند؛ میسر حەوت ساڵی پڕ پیت و بەرەکەتی دەبێت، میسرییەکان نابێت لەم ماوەدا دەسبڵاوی بکەن، چونکە لە پاش ئەوە حەوت ساڵی وشکەساڵ و بێ داهات دێتە پێشەوە، دەبێت لەم ماوەدا پاشەکەوتی حەوت ساڵە پێشووەکە بخۆن. وتیشی باشترین ڕێگا بۆ پاشەکەوتی دەخڵ و دانەکە ئەوەیە؛ بە گوڵەکەیەوە هەڵیبگرن تا خراپ نەبێت. ئیتر ئاوا بە جێگری و گەورەییەوە یووسف خەونەکەی لێکدایەوە و ئامۆژگاریشی کرد کە لە هەر دوو بارودۆخەکەدا چی بکەن باشە و چۆن سامانەکە بپارێزن.

یووسف زیادە لە خەونەکەی پادشا، باسی ساڵێکی تریشی کرد کە پیت و بەرەکەتی تێدایە، ئەمە لە خەونەکەی پادشادا نەهاتبوو، زانستێکی تایبەت بوو درابووە یووسف، ئەویش دایە شەرابگێڕەکە، تا پادشا و خەڵکیی پێ دڵخۆش بکات.

## دانپێدانانی ژنەکان بە پاکی یووسف:

شەرابگێڕەکە گەڕایەوە لای پادشا و قسەکانی یووسفی بۆ گێڕایەوە، پادشا زۆر ترسا! ئاخۆ ئەم زیندانییە چیە و کێیە؟! باسی ڕووداوی داهاتوویان بۆ دەکات و

چارەسەریشیان فێردەکات بێ چاوەڕوانیی پاداش و مەرجی ئازادی، بۆیە خێرا داوای کرد: «وَقَالَ الْمَلِكُ ائْتُونِي بِهِ» (یووسف: ٥٠). «ئادەی بچن بۆم بهێنن». پادشا خێرا فەرمانی ئازادیی یووسف و ئامادەکردنی دەرکرد، پەیامبەری پادشا چووە زیندان، نازانین هەمان شەرابگێڕە یان کاربەدەستی تایبەتی ئەم جۆرە کاروبارەیە، چووە لای یووسف و داوای لێکرد خێرا بێتە دەرەوە بۆ دیداری پادشا. بەڵام یووسف ڕەتیکردەوە لە زیندان بێتە دەرەوە مەگەر لە پاش سەلماندنی بێتاوانییەکەی!: «فَلَمَّا جَاءَهُ الرَّسُولُ قَالَ ارْجِعْ إِلَى رَبِّكَ فَاسْأَلْهُ مَا بَالُ النِّسْوَةِ اللاَّتِي قَطَّعْنَ أَيْدِيَهُنَّ إِنَّ رَبِّي بِكَيْدِهِنَّ عَلِيمٌ» (هەمان ئایەت). «کاتێك کە ڕەوانەکراوەکەی پادشا گەیشتە لای یووسف، وتی: بگەڕێرەوە بۆ لای پادشا و جا پێی بڵێ: هۆی چی بوو ئەو ئافرەتانە کاتی خۆی دەستی خۆیان بڕی و بریندایان کرد؟! بەڕاستی هەر پەروەردگارم بە ئاگایە لە فێڵ و تەڵەکە و پیلانیان».

پەروەردە و ئەدەبی خوای گەورە بۆ یووسف ئارامی و دڵنیایی لە دڵیدا جێگیر کرد، جا ئاسەواری ئەم پەروەردە لە جیاوازی دوو هەڵوێستدا دەردەکەوێت: هەڵوێستی یەکەم کە بە شەرابگێڕەکەی وت: لای پادشا باسم بکە. هەڵوێستی دووەم کە دەڵێت: بڕۆ بۆ لای پادشا و بڵێ: بەسەرهاتی ئەو ژنانە چی بوو کە دەستی خۆیان بڕی! جیاوازییەکە زۆر گەورەیە. ئیتر پادشا خۆی دەستی کردە لێکۆڵینەوە؛ ئاخر پێشتر ئاگای لە ڕووداوەکە نەبوو: «قَالَ مَا خَطْبُكُنَّ إِذْ رَاوَدتُّنَّ يُوسُفَ عَن نَّفْسِهِ» (یووسف: ٥١). «پێی وتن: ئەو کارە گرنگەتان چی بوو کاتێك کەوا ئێوە ویستتان یووسف لە خشتە بەرن (ئایا ئەو هیچ تاوانێکی هەبوو؟)». دیارە پادشا پرسیاری بەسەرهاتەکەی کردووە تا بەر لە لیکۆڵینەوە بەرچاوی ڕوون بێت، بۆیە پرسیاری لە ژنەکان کرد، ئەوانیش دانیان بە

راســتیدا نا: «قُلْنَ حَاشَ لِلّهِ مَا عَلِمْنَا عَلَيْهِ مِن سُــوءٍ» (هەمان ئایەت). «هەموو وتیان: پەنا بەخوا، ئێمە هیچ جۆرە هەڵە و ناشرینییەکمان لێ نەدیوە و نەزانیووە».

لێرەدا ئەو ژنە دێتە پێشــەوە کە یووســفی خۆش دەویست؛ تا هەموو شتێك راشکاوانە باس بکات: «قَالَتِ امْرَأَةُ الْعَزِيزِ الآنَ حَصْحَــصَ الْحَقُّ أَنَاْ رَاوَدتُّهُ عَن نَّفْسِــهِ وَإِنَّهُ لَمِنَ الصَّــادِقِينَ» (هەمان ئایەت). «لێرەدا راســتی دەرکەوت و هیچ هۆکارێکیش نییە بۆ شــاردنەوە و نکووڵی، من ویســتم لە خشــتەی بەرم و ئەو لە راســتگۆیانە». ئەمە شایەتیدانێکی تەواوە لە سەر تاوانباریی خۆی و پاکی و بێتاوانی و راستیی ئەو، ئاخر دەیەوێت تۆبە بکات و نیگای خەڵك بۆ لای خۆی راســت کاتەوە: «ذَلِكَ لِيَعْلَمَ أَنِّي لَمْ أَخُنْهُ بِالْغَيْبِ» (یووســف: ٥٢). «بۆیە وا دانم بە راســتیدا نا، تا یووســف بزانێت کە لە نەبوونی ئەودا درۆ نــاکەم و خیــانەتی لێنــاکەم». پــاشــان لەم هەســتــە خــاوێنانەدا هەنگاوێکی تر هەڵدەگرێت: «وَمَا أُبَرِّئُ نَفْسِي إِنَّ النَّفْسَ لأَمَّارَةٌ بِالسُّوءِ إِلاَّ مَا رَحِمَ رَبِّيَ إِنَّ رَبِّي غَفُورٌ رَّحِيمٌ» (یووســف: ٥٣). «من نەفســی خۆم بەری ناکەم، چونکە بەڕاستی نەفس زۆر فەرماندەرە بە هەڵە و تاوان، مەگەر نەفســێك کە پەروەردگارم میهرەبانیی پێکردبێت، بەڕاستی پەروەردگارم لێخۆشبوو میهرەبانە».

ئایەتەکان ئەوەمان بۆ دەردەخەن کە ژنەکەی عەزیز چووەتە ســەر دینی یووســف و بووەتە یەکخواپەرست، لە پاش زیندانیکردنی یووسف بڕوای بە خوا هێنا و چووە سەر دینی ئەو. پاشــان فەرمانی پادشــا لە ســەر ئازادکردنی یووســف دەرکرا: «وَقَالَ الْمَلِكُ ائْتُونِي بِهِ أَسْتَخْلِصْهُ لِنَفْسِي فَلَمَّا كَلَّمَهُ قَالَ إِنَّكَ الْيَوْمَ لَدَيْنَا مِكِينٌ أَمِينٌ» (یووسف: ٥٤). «پادشــا فەرمانیدا وتی: ئادەی بچن بۆم بهێنن، تایبەتی دەکەم بۆخۆم و لە نزیکانی من بێت، جا کاتێك (هێنایان و) پادشا قسەی لەگەڵ کرد، وتی: ئەمڕۆ ئیتر بەڕاستی تۆ لای

ئێمە خاوەنی پلە و جێگەی متمانە و باوەڕی». پاش ئەوەی پادشـــا پاکی و زانســـتی یووسفی بینی، زانی بەرانبەر پیاوێکی مەزن وەستاوە، کاتێك لەگەڵی دانیشت و قسەی لەگەڵ کرد، بۆی دەرکەوت ئەوەی تێیدا بینیویەتی زانســـتە، بۆیە دڵنیایکردەوە کە لای ئەو زۆر ڕێزدارە و لە ئەماندا دەبێت. ئەی یووســـف چی پێ وت؟: «قَالَ اجْعَلْنِي عَلَى خَزَآئِنِ الأَرْضِ إِنِّي حَفِيظٌ عَلِيمٌ» (یووســف: ٥٥). «یووســف وتی: پێم باشــە بمکەیت بە لێپرســـراو بەســـەر گەنجینەکان و ســـامانی ســـەر زەوی ئەم وڵاتە، بەڕاســـتی من پارێزەرێکی زانام». یووســـف کڕنوشـــی ســـوپاســـگوزاری بۆ پادشـــا نەبرد و نەیوت: تەمەنـدرێژی بۆ جەنـابـت و من بەندەی بچووکی تۆم، وەکوو ماســـتاوچییەکان لای ســـتەمکارەکان دەیکەن!! هەرگیز! ئەو تەنها داوای شـــتێکی لێکرد کە بە ڕای خۆی دەتوانێت لە قەیرانەکەی داهاتوودا کاری تێدابکات و کەڵك بگەیەنێت.

قورتوبی لە تەفسیرەکەیدا دەگێڕێتەوە کە پادشا وتوویەتی: ئەگەر هەموو خەڵکی مـیسر کۆ ببوونایێتەوە ئەم کارەیان پێنەدەکراو جێگا متمانەش نەبوون. جا مەبەســـتی پادشـــا چینی دەســـەڵاتـداری دەوروبەری بوو، ئـاخر خیـانەتکردنی چینی دەســـەڵاتدار لە ئەمانەتدا کێشـەیەکی گەورەیە. ئەم دانپێدانانەی پادشا ئەوەندەی تر یووسفی لە سەر کارەکە ســـوور کرد تا مـــــیســـر و وڵاتانی دەوروبەری لەم قاتوقڕییە ڕزگار کات. کە یووسف ئەو داواکارییەی لە پادشا کرد بۆ کەڵك و سوودی خۆی نەبوو، بەڵکوو ئەرکی خۆراکدانی گەلە برســـییەکانی بۆ حەوت ســـاڵ دەگرتە ئەســـتۆ، بابەتەکە لە ڕاســـتیدا گیانفیداییەك بوو لە لایەن یووسفەوە.

«وَكَذَلِكَ مَكَّنِّا لِيُوسُـفَ فِي الأَرْضِ يَتَبَوَّأُ مِنْهَا حَيْثُ يَشَـاءُ نُصِـيبُ بِرَحْمَتِنَا مَن نَّشَاء وَلاَ نُضِـيعُ أَجْرَ الْمُحْسِـنِينَ. وَلأَجْرُ الآخِرَةِ خَيْرٌ لِّلَّذِينَ آمَنُواْ وَكَانُواْ يَتَّقُونَ» (یووسـف: ٥٦-

٥٧). «ئا بەو شێوەیە دەسەڵاتمان دا بە یووسف و جێگیر و پایەدارمان کرد لە خاکی میسردا، هەر پلە و پایەیەکی دەویست لەو وڵاتەدا دەستی دەکەوت و بۆی ساز دەبوو، هەر کەسێك؛ هەر دەستەیەك بمانەوێت بەهرەوەری دەکەین لە رەحمەت و بەخششەکانمان و پاداشتی چاکەکاران بەزایە نادەین. بێگومان پاداشتی رۆژی دوایی چاکترە بۆ ئەوانەی کە ئیمان و باوەڕیان هێناوە و خۆیان دەپاراست». ئیتر خوا یووسفی لە زەویدا پایەدار و دەسەڵاتدار کرد، بووە بەرپرسی سامان و ئابووری میسر و سەرۆکی وەزیران. ئیتر یووسف لە میسردا کەوتە کارکردن، جا چونکە زانا و کارزان و دەستپاك بوو؛ ئیتر ترس و بیمێك لە سەر ئابووریی میسر نەما.

## براكانی یووسف دێن بۆ كۆشكەكەی:

ساڵە پڕ خێر و بێرەکان زۆر زوو کۆتاییان پێهات و ساڵەکانی قاتوقڕی هاتنە پێشەوە، هەموو کاروباریش لە دەستی یووسفدا بوو. دەڵێن: یووسف لە یەك کاتدا تەنها باری وشترێکی دەدایە یەك کەس، وا نەبوو هەر کەس سامان و دارایی ببوایە هەموو خۆراکەکانی بکڕیبا و ئەوانی تریش قڕیان تێکەوتبا. یووسف ویستی پارسەنگی بخاتە نێوان پێداویستییەکانی خەڵك و کاتە درێژەکەی قاتوقڕی.

براکانی یووسف لە دەشتەوە هاتن تا لە میسر خۆراك بکڕن: «وَجَاء إِخْوَةُ يُوسُفَ فَدَخَلُواْ عَلَيْهِ فَعَرَفَهُمْ وَهُمْ لَهُ مُنكِرُونَ» (یووسف: ٥٨). یووسف دەسبەجێ براکانی ناسی، بەڵام ئەوان نەیانناسی، ئەوان دەمێکە بوو رزگاریان ببوو لە دەستی و ئێستا کەوتبوونە تەنگانەوە و لە فەڵەستینەوە هاتن بۆ خۆراك لە میسر، یووسفیش بە

شـێوازێك لەگەڵیان دەدوا نەیناسـنەوە. ژمارەی براكان دە بوون، بەڵام یازدە وشتریان پێبوو. یووسـف بۆ ئەوەی بـە زمانی عیبری خۆی قسـە نەكات؛ لە ڕێگای یەكێك لە وەرگێڕەكانەوە پرسـیاری لێكردن: بە پێی یاسـای ئێمە هەركەسـە و باری وشـترێك خۆراكی دەدەینێ، ئێوە چەند كەسـن؟ وتیان: یازدە كەسین. یووسـف بە وەرگێڕەكەی وت: پێیان بڵێ: زمان و پۆشـاكی ئێوە لەگەڵ ئێمە جیاوازە، نەكا سـیخوڕ بن! وتیان: سوێند بە خوا سیخوڕ نین، هەموو كوڕی باوكێكین كە پیرە مێردێكی خاوێنە. یووسف پرسـیاری كردەوە: ئێوە وتتان یازدەین، دەی خۆ دە كەسـن؟! وتیان: ئێمە دوازدە برا بووین یەكمان لە دەشت تیاچوو، برایەكی تریشمان هەیە باوكمان زۆر خۆشی دەوێ و ناتوانێت لێی دوور بێت، ئیتر وشـترەكەیمان هێناوە. یووسـف وتی: چۆن بزانم ڕاسـت دەكەن؟ وتیان: خۆت ڕێگایەك هەڵبژێرە كە پێی دڵنیا بیت. یووسـف وتی: بە پێی یاسـا ئێمـە خۆراك نـادەینـە كەسـێك كە ئامادە نەبێت، براكەتان بهێننە لام تا خۆراكەكەی بـدەمێ: «ائْتُونِي بِأَخٍ لَّكُم مِّنْ أَبِيكُمْ أَلاَ تَرَوْنَ أَنِّي أُوفِي الْكَيْلَ» (یووسـف: ٥٩). ئایا نابینن بەڕاستی من چۆن كێشانە و پێوانەم تێر و تەواوە؟! وتووێژی یووسف و براكانی درێژەی هەبوو، یووسـف تێیگەیاندن ئەم جارە چاوپۆشـی دەكات، بەڵام جارێكی تر براكەشیان نەهێنن هیچ خۆراكێكیان ناداتێ.

وتیـان: هەوڵ دەدەین بـاوكی ڕازی بكەین: «قَالُواْ سَنُرَاوِدُ عَنْهُ أَبَاهُ وَإِنَّا لَفَاعِلُونَ» (یووسـف: ٦١). لە پاش وەعدەكەیان یووسـف بارەكانی پێدان و زیادەشـی دانێ، كە گەیشـتنەوە وڵاتی خۆیان و چوونە لای باوكیان: «فَلَمَّا رَجِعُوا إِلَى أَبِيهِمْ قَالُواْ يَا أَبَانَا مُنِعَ مِنَّا الْكَيْلُ» (یووسـف: ٦٣). «جا كاتێك گەڕانەوە بۆ لای باوكیان وتیان: باوكی بەڕێزمان، پێوانەمان لێ قەدەغە كراوە». براكان چوونە لای باوكیان بەرلەوەی بارەكان

بکەنەوە، وتیان: ئەگەر جاری داهاتوو برا بچووکەشمان نەنێری عەزیزی میسر خۆراکمان ناداتێ، لە کۆتاییشدا بەڵێنێکی نوێیان دایە یەعقووب: «وَإِنَّا لَهُ لَحَافِظُونَ» (هەمان ئایەت). «بەڵێن بێت پارێزەرین بۆی!». دیارە ئەم بەڵێنە دڵی یەعقووبی هێنایەوە جۆش، چونکە هەمان بەڵێن بوو کە دەربارەی یووسف دایان! بۆیە وتی: «قَالَ هَلْ آمَنُكُمْ عَلَيْهِ إِلاَّ كَمَا أَمِنتُكُمْ عَلَى أَخِيهِ مِن قَبْلُ فَاللّهُ خَيْرٌ حَافِظاً وَهُوَ أَرْحَمُ الرَّاحِمِينَ» (یووسف: ٦٤). « یەعقووبی باوکیان وتی: ئایا هەروا متمانەتان پێ بکەم لەسەری هەروەك پێشتر متمانەم پێکردن لەسەر یووسفی برای؟! کەواتە خوا چاکترین پارێزەرە هەر ئەو میهرەبانترینی میهرەبانانە».

پاشان براکان بارەکانیان کردەوە تا دەغڵ و دانەکان دەربێنن، لە پڕ بینیان ئەو پارەی کە لە بری خۆراکەکە و دەغڵ و دانەکە دابوویان؛ خراوەتە ناو بارەکەیان! براکان بەپەلە چوونە لای باوکیان، وتیان: ئەو پارەی بردبوومان بۆ خۆراك کڕین گەڕێندراوەتەوە بۆمان، واتای ئەمە ئەوەیە کە ئیتر خۆراکمان پێ نافرۆشن ئەگەر براکەمان نەبەین. گفتوگۆی یەعقووب و کوڕەکانی درێژەی کێشا، تێیانگەیاند خۆشەویستی کوڕەکەی دەبێتە ڕێگری سوودی ئەوان و هۆی هەژارییان، دەیانویست خۆراکی زیاتر هەڵبگرن. وتیشیان براکەمان بە باشترین شێواز دەپارێزین، باوکیان ڕازی بوو بە مەرجی ئەوەی بەڵێن بدەن کوڕەکەی بهێننەوە، مەگەر بە هۆیەکەوە کە لە دەستی ئەواندا نەبێت: «هَذِهِ بِضَاعَتُنَا رُدَّتْ إِلَيْنَا وَنَمِيرُ أَهْلَنَا وَنَحْفَظُ أَخَانَا وَنَزْدَادُ كَيْلَ بَعِيرٍ ذَلِكَ كَيْلٌ يَسِيرٌ. قَالَ لَنْ أُرْسِلَهُ مَعَكُمْ حَتَّى تُؤْتُونِ مَوْثِقاً مِّنَ اللّهِ لَتَأْتُنَّنِي بِهِ إِلاَّ أَن يُحَاطَ بِكُمْ فَلَمَّا آتَوْهُ مَوْثِقَهُمْ قَالَ اللّهُ عَلَى مَا نَقُولُ وَكِيلٌ» (یووسف: ٦٥-٦٦). «ئەوەتە هەرچی کەلوپەلمان هەیە گەڕێنراوەتەوە بۆمان و (تۆ ئەگەر مۆڵەتی براکەمان بدەی)

رزق‌و رۆزیی زۆر دەهێنین بۆ کەس و کـارمـان، براکەشـــمـان دەپـارێزین و بـاری وشـــترێکیش زیـاتر دەهێنین، ئەو بارەش شـــتێکی ئاســـانە. یەعقووب وتی: هەرگیز لەگەڵتـانـدا نـاینێرم هەتـا پەیمانێکی خواییم پێ نەدەن (ســـوێند نەخۆن) کە بێگومان بیهێننەوە بۆ لام، مەگەر دەورە بـدرێن و هیچ دەســـەڵاتـان نەمێنێت. جـا کـاتێـك پەیمانەکەیان دایە و سوێندیان بۆ خوارد، یەعقووب وتی: خوا خۆی ئاگادار و چاودێرە بەو پەیمانەی کە بڕیارمان لەسەر داوە».

پـاشـــان باوکیان ئامۆژگاریی کردن هەموویان -کە یازدە پیاو بوون- لە دەروازەیەکەوە نەچنە ژوورەوە، تا سەرنجی کەس ڕانەکێشن یان ترسی دزی و بەخیلی پێبردنیانی بوو، ئێمە نازانین لە چی دەترســـا و ئەمە خواســـتێکی دڵی یەعقووب بوو کە خوا باشـــتر دەزانێت چی بووە.

## یووسف براکەی لای خۆی دەهێڵێتەوە:

ئەمجارە براکانی یووسـف هەر یازدەیان هاتن: «وَلَمَّا دَخَلُواْ عَلَى يُوسُفَ آوَى إِلَيْهِ أَخَاهُ قَالَ إِنِّي أَنَاْ أَخُوكَ فَلاَ تَبْتَئِسْ بِمَا كَانُواْ يَعْمَلُونَ» (یووســـف: ٦٩). «کاتێك کە کوڕەکان چونە ژوورەوە بۆ لای یووسـف؛ براکەی نزیك کردەوە لە خۆی و (لە فرسەتێکدا) وتی: بەڕاسـتی من یووسـفی براتم، جا خەفەت مەخۆ و خەمت نەبێت بەو هەڵسـوکەوتەی ئەوان دەیانکرد!». یووســـف براکەی لە باوەش گرت و بۆی دەرخســـت کە برایەتی. بێگومان ئەمە دەســتبەجێ کە گەیشـــتنە مـــــیســـر ڕووی نەداوە، ئەگینا براکانیشـــی دەیانناسیەوە. ئەمە بە پەنامەکی ڕووی داوە، بۆیە براکانی نەیانزانی. یووسف چارەیەك

دەدۆزێتەوە بۆ ئەوەی برا بچووکەکەی لای خۆی بهێڵێتەوە: «فَلَمَّا جَهَّزَهُم بِجَهَازِهِمْ جَعَلَ السِّقَايَةَ فِي رَحْلِ أَخِيهِ» (یووسف: ٧٠). «جا کاتێك یووسف بارگەوبنەی بۆ پێچانەوە و خۆراکی پێبەخشین؛ فەرمانی بە بەردەستەکانی کرد جامە زێڕینەکەی پادشا بە نهێنی بخەنە ناو باری براکەی». جامەکە بۆ پێوانەی دەغڵ و دانەکە بوو. براکانی یووسف لە پاش وەرگرتنی خۆراك و کاڵاکانیان ئامادەی ڕۆیشتن بوون. کە چی لەناکاو دەروازەکان داخران: «ثُمَّ أَذَّنَ مُؤَذِّنٌ أَيَّتُهَا الْعِيرُ إِنَّكُمْ لَسَارِقُونَ» (هەمان ئایەت). «پاشان جاڕچییەك بە دەنگی بەرز وتی: ئەی کاروانچییان ئێوە بەڕاستی دزن!!».

کاروانەکان وەستان، هەموو خەڵك و براکانی یووسفیش وتیان: «مَّاذَا تَفْقِدُونَ» (یووسف: ٧١). چ رووی داوە و بۆچی دەگەڕێن و چیتان ون کردووە؟! سەربازەکان وتیان: «نَفْقِدُ صُوَاعَ الْمَلِكِ» (یووسف: ٧٢). «جامەکەی پادشامان لێ ون بووەو بۆی دەگەڕێین». جا هەرکەس بیهێنێتەوە لە پاداشتدا باری وشترێك خۆراکی دەدەینێ. براکانی یووسف بە پاکانەوە وتیان: ئێمە بۆ دزی نەهاتووین! پاسەوانەکان وتیان: پێویستە هەمووتان بگەڕێین. جا وەکوو یووسف فێری کردبوون پرسیان: پێتان خۆشە دزەکە چۆن سزا بدرێت؟!

براکان وتیان: لە ئایینی ئێمەدا هەرکەس دزی بکات دەکرێتە کۆیلەی ئەو کەسەی دزییەکەی لێکردووە. وتیان: ئێمە یاساکەی خۆتان بە سەرتاندا دەسەپێنین نەك یاسای میسر، کە دەبێ دز زیندانی بکرێت. خۆ ئەگەر ئەم چارەسەرەی خوای گەورە نەبوایە؛ یووسف نەیدەتوانی براکەی لای خۆی بهێڵێتەوە.

ئەم گفتوگۆیە لە بەر چاوی یووسفدا رووی دا، بۆیە فەرمانی بە سەربازەکانی کرد

ســـەرەتا باری براکانی بگەڕێن پاشـــان باری برا بچووکەکەی. براکانی یووســـف لە بێتـاوانی خۆیان دڵنیا بوون، کەس نەمابوو برا بچووکەکەیان نەبێت. لە ناکاو پێوانەکە دۆزرایەوە و جـامەکـە لـە باری برا بچووکەکە هێنرایە دەرەوە! بڕیار دەرکراو براکەی یووسف بە پێی یاساکە بووە کۆیلەی ئەو.

هەسـتکردنی براکان بە رزگاربوونیان لە تۆمەت؛ وایکرد لۆمەی یووسـف بکەن: «قَالُواْ إِن يَسْـرِقْ فَقَدْ سَـرَقَ أَخٌ لَّهُ مِن قَبْلُ» (یووسف: ٧٧). «براکانی وتیان: ئەگەر ئەو دزی بکات (جێی سـەرسـووڕمان نییە) چونکە براکەشـی بێگومان پێشـتر دزیی کردووە!». ئەوان لـە تۆمەتی دزی رزگـاریـان دەبێـت، ئیتر دزییەکـە دەدەنـە پـاڵ ئەم بەرە لـە منـداڵەکـانی یەعقووب، ئـاخر یووســـفیش بـە منـداڵی بـە دزی تۆمەتبـار کرا بوو، بەسـەرهاتەکەشی ئەمە بوو: پوورێکی هەبوو بتێکی زێڕینی دەپەرست، ئیتر یووسف بۆ گۆڕینی خراپە لێی داشارد با ئیتر نەیپەرستێ، کەچی تۆمەتیان دایە پاڵی کە دزیویەتی.

سەیدنا یووسف بە گوێی خۆی ئەم تۆمەتەی بیست کە براکانی دەیدەنە پاڵی، بۆیە زۆر خەمبار بوو! بەڵام خەمەکەی داشارد و لە دڵی خۆیدا وتی: «أَنتُمْ شَرٌّ مَّكَاناً وَاللّهُ أَعْلَمْ بِمَا تَصِـفُونَ» (یووسف: ٧٧). «ئێوە لە کەسانێکی باش ناچن، جا خوا خۆی لە هەموو کەس زاناترە بەوەی کە دەیڵێن و باسی دەکەن». یووسف نەیدەویست بەم قسە جنێویان بـداتێ، بەڵکوو ویســـتی بڵێـت: ئێوە بەم تۆمەتـە خراپترن لەو کەســـەی تۆمەتەکەی لێـدەدەن، چونکـە ئێوە تۆمەتی دزی دەدەنە پاڵ دوو کەســـی بێتاوان، لەکاتێکدا خوا راستییەکان دەزانێت، نە من دزیم کردووە نە براکەم.

براکان هەســـتیان کرد رزگاریان بووە، پاشـــان بیری یەعقووب کەوتنەوە، کە بەڵێنێکی

توندی لێ وەرگرتبوون، بۆیە ویستیان دڵی عەزیز بهێننە جۆش: ئەی عەزیز! «إِنَّ لَهُ أَباً شَـيْخاً كَبِيراً فَخُذْ أَحَدَنَا مَكَانَهُ إِنَّا نَرَاكَ مِنَ الْمُحْسِنِينَ» (یووسف: ٧٨). «بەڕاستی ئەم کوڕە باوکێکی پیری بەسـالاچووی هەیە، کەواتە یەکێك لە ئێمە لەبری ئەو بهێڵەرەوە، چونکە بێگومان ئێمە تۆ بە پیاوچاك و چاکەخواز دەزانین». یووسـف هێدییانە وتی: دەتانەوێت ئەو کەسـە وەل کەین جامەکەی پادشا لە بارەکەیدا بووە و کەسێکی تر لە جێگای ئەو بگرین؟! ئەمە ستەمە و ئێمە نایکەین.

براکـان بێهیوا بوون، بۆیـە کەوتنـە بیرکردنەوە کە گەڕانەوە چی بە باوکیان بڵێن: «فَلَمَّا اسْـتَيْأَسُـواْ مِنْهُ خَلَصُـواْ نَجِيّاً قَالَ كَبِيرُهُمْ أَلَمْ تَعْلَمُواْ أَنَّ أَبَاكُمْ قَدْ أَخَذَ عَلَيْكُم مَّوْثِقاً مِّنَ اللّهِ وَمِن قَبْلُ مَا فَرَّطتُمْ فِي يُوسُـفَ فَلَنْ أَبْرَحَ الأَرْضَ حَتَّىَ يَأْذَنَ لِي أَبِي أَوْ يَحْكُمَ اللّهُ لِي وَهُوَ خَيْرُ الْحَاكِمِينَ. ارْجِعُواْ إِلَى أَبِيكُمْ فَقُولُواْ يَا أَبَانَا إِنَّ ابْنَكَ سَـرَقَ وَمَا شَهِدْنَا إِلاَّ بِمَا عَلِمْنَا وَمَا كُنَّا لِلْغَيْبِ حَافِظِينَ. وَاسْـأَلِ الْقَرْيَةَ الَّتِي كُنَّا فِيهَا وَالْعِيْرَ الَّتِي أَقْبَلْنَا فِيهَا وَإِنَّا لَصَـادِقُونَ» (یووسـف: ٨٠-٨٢). «ئینجا کاتێك کە نائومێد بوون لە پادشـا، لە کەنارێکەوە بۆ خۆیان دەستیان کرد بە چپە و راگۆڕینەوە، گەورەکەیان وتی: باشە، ئەی نەتانزانی کە بێگومان باوکتان بەڕاستی پەیمانێکی لێ وەرگرتوون و خوایشی کردووە بە شـایەت بەسـەرتانەوە؟! پێشـتریش ئاشکرایە کە چیتان کرد بە یووسف و پیلانتان گێڕا دژی، ئیتر من هەرگیز ئەم سەرزەمین و وڵاتە بەجێ ناهێڵم هەتا باوکم مۆڵەتم دەدات، یاخود خوا فەرمانێك بدات لە سوودم بێت، ئەو زاتەش چاکترینی دادوەرانە. بگەڕێنەوە بۆ لای باوکتان و پێی بڵێن: ئەی باوکی بەڕێزمان، بێگومان کوڕەکەت دزی کردوو ئێمە ئاگامان لێنەبووە جگە لەوەی کە زانیومانە، ئێمە لە شـاراوە و نهێنییەکان شـارەزا نین. لە (خەڵکی) ئەو شارەش بپرسە کە ئێمەی لێ بووین، لەو کاروانەش بپرسە کە ئێمەی

تێدا بووین و پیکەوە هاتینەوە، ئێمە بە دڵنیاییەوە راست دەڵێین و راستگۆشین».

برا گەورەکە داوای لێکردن بگەڕێنەوە بۆ لای باوکیان و بە راشـــکاوی هەواڵی پێبدەن کوڕەکەی دزی کردووە و بـە تاوانی دزییەکەی گیراوە، ئەمە رووداوێکە ئەوان دیویانە و شـایەتن لەسـەری، بەڵام ئەگەر بێتاوان بێت، ئەمە شـتێکی نهێنییە و ئێمە ئاگاداری نهێنی نین، ئەگەریش گومـانـت هەیە پرســیار لە کاروانییەکان بکە، خۆ ئێمە بە تەنها نەبووین و کاروانی ترمان زۆر لەگەڵ بوو.

براکان بە قسەی برا گەورەکەیان کرد و رووداوەکەیان بۆ یەعقووب گێڕایەوە، یەعقووب گوێی دانێ و بە خەفەت و گریانەوە وتی: «بَلْ سَـوَّلَتْ لَكُمْ أَنفُسُكُمْ أَمْراً فَصَبْرٌ جَمِيلٌ» (یووسـف: ٨٣). «بەڵکوو دیسـانەوە خۆتان پیلانێکی ترتان رێکخستووە، جا چارم نییە خۆگرییەکی جوان نەبێت». ئەمە هەمان رســـتەیە کە لە کاتی ونبوونی یووســـفیشـــدا وتبووی، بەڵام ئەم جـارەیـان هیواشـــی خواســـت خوا یووســـف و دوو براکەی بۆ بگەڕێنێتەوە: «عَسَـى اللّهُ أَن يَأْتِيَنِي بِهِمْ جَمِيعاً إِنَّهُ هُوَ الْعَلِيمُ الْحَكِيمُ» (هەمان ئایەت). «ئومێدە پەروەردگار هەموویانم بۆ بهێنێتەوە و بەهەموویان شـاد ببم، بەڕاستی ئەو زاتە زانا و دانایە».

ئەم تیشـــکە لە کوێوە دای لە دڵی ئەم پیاوە پیرە؟! ئەمە ئومێدە بە خواو پەیوەندییەکی پتەوە لەگەڵی و هەستکردنە بە گەورەیی و رەحمەتی خوا؛ ئەو بڕوای وابوو خوا ئاگای لێیەتی و هەموو شـتێك لە کاتی خۆیدا دەهێنێتە پێشـەوە: «وَتَوَلَّى عَنْهُمْ وَقَالَ يَا أَسَفَى عَلَى يُوسُـفَ وَابْيَضَّـتْ عَيْنَاهُ مِنَ الْحُزْنِ فَهُوَ كَظِيمٌ» (یووسـف: ٨٤). «ئەوسـا چووە کەنـارێکەوە و لێیان دوور کەوتەوە، وتی: ئەی داخم بۆ یووســـفی نازدار، چاوەکانی

سپی هەڵگەڕا و ئاوی سپی تێزا و بینینی نەما لە ئاخ و داخ و خەفەت و ئێشدا، هەر خەم و پەژارەی خۆی دەخواردەوە» .

ئەمە وێنەیەکی دڵتەزێنی باوکێکی لێقەوماوە، هەست دەکات کۆڵی خەم و خەفەتەکەی بە تەنها خۆی هەڵگرتووە و ئەم دڵانەی دەوروبەری لەگەڵی نین، بۆیە بەتەنها چووە خەڵوەتگەیەك و هاواری بۆ دووریی کوڕە خۆشەویستەکەی -یووسف- هەڵدا، کە لەم هەموو ساڵەدا لە بیری نەکردبوو، خەفەتی کوڕە بچووکەکەیشی زیاتر هێنایەوە بیری، بۆیە بە تەنها دوور لە کەس و کاری دادەنیشت. گریانی زۆر وای کرد چاوی لە دەست بدا یان نزیکی لە دەستدان بیێتەوە، پەردەیەك هاتە سەر چاوی ئیتر نەیدەبینی: «وَابْيَضَّتْ عَيْنَاهُ مِنَ الْحُزْنِ فَهُوَ كَظِيمٌ». «كَظِيمٌ» بریتییە لە: خەمبارێك کە خەمەکەی دەرناخات. بۆیە یەعقووب لای کەس نەدەگریا، گریانەکەی سکاڵایەك بوو دەیبردە لای خوا و کەس غەیری خوا نەیدەزانی.

پاشان کوڕەکانی بینییان چاوەکانی کوێر بووە، بۆیە سەرکۆنەیان کرد و هوشداریان پێدا خۆی لە ناو دەبات: «قَالُواْ تَاالله تَفْتَأُ تَذْكُرُ يُوسُفَ حَتَّى تَكُونَ حَرَضاً أَوْ تَكُونَ مِنَ الْهَالِكِينَ» (یووسف: ٨٥). «وتیان: سوێند بە خوا تۆ هەر وازناهێنیت یادی یووسف دەکەیت و ناوی دەبەیت تا وات لێدێت پەکت دەکەوێت یاخود لە تیاچووان دەبیت».

وەڵامەکەی یەعقووب هۆی راستیی گریانەکەی بۆ دەرخستن، ئەو سکاڵای خۆی دەباتە لای خوا و دەربارەی خوا شتانێك دەزانێت کە ئەوان نازانن، بۆیە با لێی گەڕێن: «يَا بَنِيَّ اذْهَبُواْ فَتَحَسَّسُواْ مِن يُوسُفَ وَأَخِيهِ وَلاَ تَيْأَسُواْ مِن رَّوْحِ اللّهِ إِنَّهُ لاَ يَيْأَسُ مِن رَّوْحِ اللّهِ إِلاَّ الْقَوْمُ الْكَافِرُونَ» (یووسف: ٨٧). «وتی: کوڕەکانم بچنەوە و گوێ هەڵخەن

بۆ یووسـف و براکەی، لە سـۆز و میهرەبانیی خوایش نائومێد مەبن، چونکە بەڕاسـتی کەس نائومێد نابێت لە سۆز و میهرەبانیی خوا، جگە لە کەسانی خوانەناس و بێباوەڕ».

یەعقووب لـە قووڵایی خەمەکـانییەوە ئەو هیوایەی دەردەخـات کـە بە رەحمەتی خوا هەیەتی، ئەو دەزانێـت یووســـف نەمردووە، بۆیـە بـا براکـان بڕۆن و بۆی بگەڕێن، بـا ڕێنمـایشـــیـان لەم ڕێگەدا ئەو هیوا پتەوە بێـت کـە بـە پەروەردگـار هەیانە. کوڕەکان دەسبەجێ گوێڕایەڵییان بۆ باوکیان دەربڕی و ئامادە بوون و بەرەو مـیسر بەڕێکەوتن.

کاروان بەرەو مـــیسر بەڕێکەوت، براکانی یووسف لە ڕێگای ڕۆیشتن بەرەو عەزیز لە بـارودۆخێکی زۆر خراپی ئـابووری و دەروونیدا بوون، هەژاری و خەفەتی باوکیان و هێرش هێنـانی خەم و خەفەت هێزی بۆ نەهێشـــتبوونەوە. دەچوونە لای یووســـف لە کـاتێکـدا پـارەیەکی زۆر کەمیان پێبوو، هیچی پێ نەدەکرا. خوای گەورە دەفەرموێت: «فَلَمَّا دَخَلُواْ عَلَيْهِ قَالُواْ يَا أَيُّهَا الْعَزِيزُ مَسَّنَا وَأَهْلَنَا الضُّرُّ وَجِئْنَا بِبِضَاعَةٍ مُّزْجَاةٍ فَأَوْفِ لَنَا الْكَيْلَ وَتَصَدَّقْ عَلَيْنَا إِنَّ اللّهَ يَجْزِي الْمُتَصَدِّقِينَ» (یووسـف: ٨٨). «کاتێك (گەیشـتنە مـیسرو) چوونە بارەگای یووسف؛ وتیان: جەنابی پادشا ئێمە و کەس و کارمان نەهاتی و گرانی و کوێرەوەریی زۆرمـان تووش هـاتووە وکەل و پەلێکی تێکەڵ و پێکەڵ و بێ نرخیشـمان هێناوە، کەواتە چیمان پێویستە بۆمان بپێوە و خێریشمان پێ بکە، بێگومان خوا پاداشـتی خێرخوازان دەداتەوە». وایان لێهات سـواڵ بکەن و یارمەتی بخوازن و دڵی ڕاکێشن، بۆیە وەبیریان هێنایەوە خوا کەسانی بەخشەندەی خۆش دەوێت.

لەم بارودۆخەی ئەواندا لە ناکاو یووســـف بە زمانی خۆیان قســـەی لەگەڵ کردن بێ وەرگێڕ: «قَـالَ هَـلْ عَلِمْتُم مَّـا فَعَلْتُم بِيُوسُـــفَ وَأَخِيهِ إِذْ أَنتُمْ جَاهِلُونَ. قَالُواْ أَإِنَّكَ لَأَنتَ

يُوسُفُ قَالَ أَنَاْ يُوسُفُ وَهَذَا أَخِي قَدْ مَنَّ اللّهُ عَلَيْنَا إِنَّهُ مَن يَتَّقِ وَيِصْبِرْ فَإِنَّ اللّهَ لاَ يُضِيعُ أَجْرَ الْمُحْسِنِينَ. قَالُواْ تَاللّهِ لَقَدْ آثَرَكَ اللّهُ عَلَيْنَا وَإِن كُنَّا لَخَاطِئِينَ» (یووسف: ٨٩-٩١).

«وتی: ئـایا زانیتان و لە بیرتانە چیتان کرد بە یووســـف و بە براکەی کاتێك ئێوە نەفام بوون و ترسی خواتان لە دڵدا نەبوو؟! وتیان: ئایا بەڕاست، بۆچی تۆ یووسفیت؟! وتی: بەڵێ، من یووســـفم و ئەمەش براکەمـە، بەڕاســـتی خوای میهرەبـان ڕێزی لێناوین و بەهرەمەنـدی کردووین، بێگومـان ئەوەی خۆپـارێز بێـت لە تاوان و خۆگر بێت، ئەوە بەڕاستی خوا پاداشتی چاکەکاران و چاکەخوازان بەزایە نادات. ئینجا براکانی وتیان: سـوێندمان بەخوا بەڕاستی خوای گەورە ڕێزی تۆی داوە بەسەر ئێمەدا، ئێمە بەڕاستی کاتی خۆی بەهەڵەدا چووین و گوناهبارین».

عەزیزی مـــیسـر کوتوپڕ دەربارەی کردەوەیان دەرهەق یووسف پرسیاری لێکردن، بە زمانی خۆیان قســـەی لەگەڵ کردن بۆیە زانیان یووســـفە. ســـاڵانێکی زۆر تێپەڕ بوو، فێڵەکەی ئەوان پووچەڵ بووەوە و فەرمان و خواسـتی خوا هاتە جێ، خستنە ناو بیری یووسف دەسپێکی سەرکەوتنی بوو بەرە و فەرمانڕەوایی و دەسەڵات، دوورخستنەوەشی لە باوکی؛ بووە هۆی خۆشـەویستی زیاتری یووسف بۆ ئەو. ئێستا ئەوان لە هەڵوێستی داواکاری و خرۆشاندنی سۆزی یووسفدا وەستاون.

وشـــەکان و دانپێدانانیان بە خەتاباری خەمێکی داپۆشـــراو دەردەخات، کە ناخیانی تێکداوە، چما بیریان لەوە دەکردەوە تۆڵەیان لێبســـێنێت، بۆیە ســـوێندیان بۆ خوارد کە خوا ئەوی بە سەریاندا سەرخستووە و بە گەورەی داناوە، بۆ داواکاری لێخۆشبوونیش دانیان بە خەتاباری خۆیاندا نا. بۆیە دیارە یووســـف هەســـتی بەمە کردووە، ئیتر دڵنیای کردنەوە: «قَالَ لاَ تَثْرَيبَ عَلَيْكُمُ الْيَوْمَ يَغْفِرُ اللّهُ لَكُمْ وَهُوَ أَرْحَمُ الرَّاحِمِينَ» (یووســـف:

٩٢). «یووسـف وتی: خەمتان نەبێت ئەمڕۆ ئیتر هیچ سەرزەنشتێکتان لەسەر نییە، خوا لێتان خۆش بێت، بێگومان ئەو زاتە لە هەموو میهرەبانان میهرەبانترە». هیچ سەرکۆنە و تۆڵە و سزایەك لە سەرتان نییە و هیچ گرێ و گۆڵێك لە دڵی مندا نەمایەوە. پێی نەوتن: من لێتان خۆش دەبم و دەتانبوورم، بەڵکوو پاڕایەوە خوا لێیان خۆش ببێت، جا ئەویش پێغەمبەرە و نزا و پاڕانەوەی وەرگیراوە. ئەم لێخۆشـبوونە گەورەترین نیشـانە و ئایەت بوو لە لێخۆشبووندا.

## بینایی یەعقووب دەگەڕێتەوە:

یووســـف گفتوگۆی لەگەڵ براکـانیدا بە باســـی باوکی تەواو دەکات، دەزانێت باوکی بینـایی لـە دەســـت داوە، خۆ پێشـــتر باســـیان نەکردبوو، بەڵام دڵی لای باوکیەتی و تامەزرۆی بووە، بۆیە جارێکی تر نیشانەکەی خۆیی بۆ دەنێرێت: کراسەکەی یووسف، بەڵام ئەم جارەیان کراسـەکەی یووسـف راسـتە و ئاسـەواری کراسـەکە لا دەبات کە خەڵتانی خوێنی درۆ بوو، یووسف کراسەکەی داکەند و پێیدان: «اذْهَبُواْ بِقَمِيصِي هَذَا فَأَلْقُوهُ عَلَى وَجْهِ أَبِي يَأْتِ بَصِيراً وَأْتُونِي بِأَهْلِكُمْ أَجْمَعِينَ» (یووسـف: ٩٣). «بڕۆن ئەم کراسـەم بەرن و بیدەن بەسـەر و رووی باوکمدا بینایی بۆ دەگەڕێتەوە و چاوی چاك دەبێتەوە، پاشان هەموو کەس و کارتانم بۆ بهێنن بەگشتی».

کاروان بەرەو فەلەستین گەڕایەوە: «وَلَمَّا فَصَلَتِ الْعِيرُ قَالَ أَبُوهُمْ إِنِّي لَأَجِدُ رِيحَ يُوسُفَ لَوْلاَ أَن تُفَنِّدُونِ» (یووسـف: ٩٤). هەر کە لە مـــیســـر دەرچوون، یەعقووب کە لە فەلەســتین بوو وتی: بەخوا من بۆنی یووســـف دەکەم! ئەگەر لە ناختاندا نەڵێن ئەمە

پیرێکی پەککەوتەیە و قسەکەم بە راست دەزانن! ئەم تامەزرۆییە وادەکات لە دوورەوە بۆنی خۆشـــەویســـتـان بکەی. دەوروبەرەکەی وەڵامیان دایەوە: «قَالُواْ تَاللّهِ إِنَّكَ لَفِي ضَلاَلِكَ الْقَدِيمِ» (یووسـف: ٩٥). «ئەو کەسانەی کە لەلای بوون وتیان: سوێند بەخوا بێگومـان تۆ هەر لە ناو ســـەرگەردانی و خەیاڵە کۆنەکەی خۆتدایت!!». ئەوان نەزان بوون، نەیاندەزانی خۆشەویستی چییە!

بەڵام ئەو شتەی ئەوان بە نەشیاوو نەگونجاویان دەزانی، روویدا: «فَلَمَّا أَن جَاء الْبَشِيرُ أَلْقَاهُ عَلَى وَجْهِهِ فَارْتَدَّ بَصِيراً» (یووسـف: ٩٦). «ئینجا کە مژدەهێنەرەکە گەیشـت و کراســەکەی دا بەســەر رووخســاریدا؛ خێرا بینایی بۆ گەڕایەوە!». لێرەدا یەعقووب راسـتیی ئەو شتەی دەربارەی خوا دەزانێت باس دەکات: «قَالَ أَلَمْ أَقُل لَّكُمْ إِنِّي أَعْلَمُ مِنَ اللّهِ مَا لاَ تَعْلَمُونَ» (هەمان ئایەت). «وتی: ئایا من پێم نەوتن بەڕاسـتی ئەوەی من دەیزانم لە لایەن خواوە، ئێوە نایزانن؟!». پاشـان دیمەنێکی تر لە بەسـەرهاتی یووسف دێتە پێشەوە.

## دیداری ئازیز لە پاش لێکبڕانێکی دوور و درێژ:

بەسـەرهاتەکە بە خەونێك دەسـتی پێکرد و ئەوە ئێستا خەونەکە دێتە دی: «فَلَمَّا دَخَلُواْ عَلَى يُوسُفَ آوَى إِلَيْهِ أَبَوَيْهِ وَقَالَ ادْخُلُواْ مِصْرَ إِن شَاء اللّهُ آمِنِينَ. وَرَفَعَ أَبَوَيْهِ عَلَى الْعَرْشِ وَخَرُّواْ لَهُ سُجَّداً وَقَالَ يَا أَبَتِ هَذَا تَأْوِيلُ رُؤْيَايَ مِن قَبْلُ قَدْ جَعَلَهَا رَبِّي حَقّاً وَقَدْ أَحْسَنَ بَي إِذْ أَخْرَجَنِي مِنَ السِّجْنِ وَجَاء بِكُم مِّنَ الْبَدْوِ مِن بَعْدِ أَن نَّزَغَ الشَّيْطَانُ بَيْنِي وَبَيْنَ إِخْوَتِي إِنَّ رَبِّي لَطِيفٌ لِّمَا يَشَاءُ إِنَّهُ هُوَ الْعَلِيمُ الْحَكِيمُ» (یووسف: ٩٩-١٠٠).

«ئینجا (كە هەموویان گەیشتنە مـــیسـر) چوونە لای یووسـف، باوك و دایكی هێنایە نزیكی خۆی و پێی وتن: ئەگەر خوا ویستی لەسەر بێت بەیەكجاری وەرن بۆ مـــیسر، بەوپەڕی شـــادی و ئارامی و كامەرانی نیشـــتەجێ ببن. ئەوســـا دایك و باوكی بەرز كردەوە بۆ سـەر تەختی پادشـایەتی و حوكمڕانیی خۆی، هەمووان كڕنووشـیان بۆ برد، یووسف كە ئەمەی دی، وتی: باوكی بەڕێزم، ئەمە لێكدانەوەی خەونەكەی ئەوسامە كە بەمندالّی بینیم، ئەوەتا بێگومان پەروەردگارم هێنایە دی و بەڕاسـت دەرچوو! بەڕاستی ئەو زاتە چـاكەی لەگەڵـدا كردم و بەسـوز بوو بۆم، كاتێك لە زیندان رزگاری كردم، ئەوەتـا ئێوەی لە بیـابـانەوە هێنـایەوە دوای ئەوەی شـــەیتـان نێوانی من و براكـانمی تێكدابوو، بەڕاستی پەروەردگارم بەسۆز و لوتفە بۆ هەرشتێك كە دەیەوێت، بێگومان ئەو زاتە زانا و دانایە».

ســـەرنج بدە ئێســـتا هەســـت و خەونەكەی دێتە دی، نە خۆبەزلزانی دەنوێنێت و نە براكـانی ســـەركۆنە دەكات و تەنانەت هەڵەكەشـــیان ناهێنێتەوە بیریان، هەرگیز وای نەكرد! ئاخر ئەو یووسـفی راسـتگۆیە. پاشـان براكان و باوك و دایكی لە بیر كرد و بە خواویســـتییەكی قووڵەوە رووی كردە پەروەردگـاری و نزای بۆ خۆی كرد لـە پـاش سـوپاس و سـتایشـی خوا و دان پێدانان بە میهرەبانی خوا لەگەڵ ئەو: «رَبِّ قَدْ آتَيْتَنِي مِنَ الْمُلْكِ وَعَلَّمْتَنِي مِن تَأْوِيلِ الأَحَادِيث فَاطِرَ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ أَنتَ وَلِيِّي فِي الدُّنُيَا وَالآخِرَةِ تَوَفَّنِي مُسْلِماً وَأَلْحِقْنِي بِالصَّالِحِينَ» (یووسف: ١٠١). «پەروەردگارا، بەڕاستی تۆ پادشـایەتیت پێبەخشـیم و لە لێكدانەوەی خەو شـارەزات كردم، ئەی بەدیهێنەری ئاسمانەكان و زەوی، تۆ پشت و پەناو یارو یاوەری منیت لە دنیا و قیامەتدا، داواكارم كە بە موســـڵمـانی بمرێنیـت و بمخەیتە ریزی پـاكـانەوە و بمگەیەنیـت بەكـاروانی

چاکان».

خوا نزاکەی یووسفی وەك هەموو نزاکانی تری گیرا کرد، یووسف بە شێوازێك مرد کە شایستەی سوپاس و ستایش بوو.

## لە سوودەکانی بەسەرهاتەکە:

١- جوانترین و چـاکترینی بەسـەرهاتەکان، بەسـەرهاتە قورئانییەکانن، چونکە پڕ لە دەرس و سوود و پەروەردەکارین بۆ موسوڵمانان.

٢- خەونی راست بەشێکە لە پێغەمبەرایەتی.

٣- لە رێگاکانی لادان و رادانی بەخیلی؛ شـاردنەوە و باس نەکردنی ناز و نیعمەتەکە لای بەخیلەکەیە.

٤- هەموو باوکێك پێی خۆشە کوڕەکەی لە خۆی چاکتر بێت، بەڵام برا بۆ برا وا نییە.

٥- لە کاتی ستەمدا ئاگات لەوە بێت خوا دەسەڵاتی بە سەرتدا هەیە، لە کاتی تاوانیشدا دەتبینێت.

٦- پێغەمبەرایەتی و رێنمایی بەخششی خوایە و دەیداتە هەرکەس کە خۆی پێی خۆش بێت.

٧- بێغیرەتی و ناپاکی و قسـەی پڕوپووچی زۆر لە ناو چینی دەسـەڵاتداری بێخەم و خەفەت و بێ عیبادەتدا زۆرە.

٨- بانگەوازخواز لە بانگەواز ناوەستێت، هەروەك ئاوی ڕۆیشتوو(جاری) وایە، بڕواتە هەر شـوێنێك سـوود دەگەینێت،  هەر وەكوو یووسـف لە زینداندا. لە سەر ناوچاوانی بانگەوازخواز نووسراوە: «بۆ خوای گەورە وەقف کراوە».

٩- لەو کاتەدا کە تەنگانە دەگاتە ئەوپەڕی تین و فشار؛ ئومێدی لاچوونی زۆرە.

١٠- ئـاکامی خۆڕاگری بەردەوام چاکە، هەر کات خۆڕاگر بووی؛ لە ڕەحمەتی خواوە نزیکی.

١١- لێخۆشبوون لەو کەسەی ستەمی لێکردووی خێر و چاکەیە. لە لێخۆشبوونی تۆ لە ئەو؛ لێخۆشبوونی خوا هەیە بۆ تۆ!

١٢- کردوەکان بە کۆتاییەکەیانەوە پەیوەستن، بۆیە مەگۆڕێ و لە خۆبایی مەبە و داوای سەرەنجامی چاك لە خوا بکە.

# ئەییوب

«إِنَّا وَجَدْنَاهُ صَابِراً نِعْمَ الْعَبْدُ إِنَّهُ أَوَّابٌ»

## پێغەمبەران زیاتر لە هەموو خەڵکی تووشـــی بەڵا و مەینەتی دەبن:

پێغەمبەر (علیه الصــلاة والســلام) دەفەرموێت: (أشــدُّ الناسِ بلاءً الأنبياءُ، ثم الأمثلُ فالأمثلُ)[١]. واتە: پێغەمبەران لە هەموو کەســێك زیاتر تووشـــی مەینەتی دەبن، پاشــان پیاوچاکان، پاشان چاکەکارانی خوارتر لەوان و چاکە کارانی خوارتر. ئەییوب خەڵکی رۆم بـوو، خوا دارایی و رۆزییەکی زۆری پێبەخشـــی، زەویوزار و مەڕومـاڵات و خزمەتکار و منداڵی زۆر بوو.

## ئەییوبی زۆر تۆبەکار:

خۆڕاگری ئەم پێغەمبەرە مەزنە بووەتە پەندی پێشینیان، بۆیە هەر کاتێك کەسێك تووشی مەینەتییەکی گەورە دەبێـت؛ پێی دەڵێن وەك ئەییوب خۆڕاگر بە. خوای گەورە بە چاکە ناوی ئەییوبی هێناوە: «إِنَّا وَجَدْنَاهُ صَابِراً نِعْمَ الْعَبْدُ إِنَّهُ أَوَّابٌ» (ص: ٤٤). «ئێمە بینیمان بەڕاســتی خۆگر و بەئـارامگر بوو، بەنـدەیەکی چـاك و ڕێکوپێـك بوو، بێگومـان ئەو تەوبەکارە و هەمیشــە دڵی لای پەروەردگارە». واتە بەردەوام بە نزا و سوپاسگوزاری و

---

[١](سەحیحی جامیع: ٩٩٢).

خۆڕاگری دەگەڕایەوە لای خوا، خۆڕاگرییەکەی هۆی رزگاری و ستایشکردنی لە لایەن خواوە بوو.

قورئان نەخۆشیەکەی ئەییوبی دیاری نەکردووە، ئەفسانەش لەم بارەوە زۆرن؛ وەکوو ئەوەی دەڵێن نەخۆشیی پێستی زۆر خراپی گرتووە، بەڵام خوا خۆی چاکتر دەزانێت.[١] ئەییوب لە هەموو کاتێکدا سوپاس و ستایشی خوای دەکرد، بڕوایەکی زۆ پتەوی بە خوا هەبوو، بەردەوامیش خەڵکی بەرەو خواپەرستی بانگ دەکرد، پێغەمبەرێك بوو؛ رێگای یەکخواپەرستی و چاکەی پیشان خەڵك دەدا.

## تاقیکاریی ئەییوب:

خوای گەورە ویستی وا بوو ئەییوب تاقی بکاتەوە، بۆیە لە پاش دەوڵەمەندییە زۆرەکەی داراییەکەی لێگرتەوە، ئەییوب نا سووپاسگوزاریی نەکرد، بەڵکوو لە سەر نیعمەتەکانی تر سوپاسی خوای دەکرد. پاشان منداڵەکانی مردن و بێکەس ما. بەڵام هەر خۆڕاگریی کرد و درێژەی دایە سوپاسگوزاری، ئەمە هیچ لە بڕوای ئەوی کەم نەکردەوە. پاشان لە جەستەدا تووشی جۆرەها نەخۆشی بوو، تا وای لێهات ئەندامی ساغی بۆ نەما جگە لە

[١] شێوازی قوئان لە باسکردنی هەر شتێك ئەوەیە؛ ئەوەندەی باسدەکات کە پیویستە، وەکوو؛ ناونەهێنانی یارانی ئەشکەوت، یارانی ئوخدوود و پیاوە ئیمانداره‌کەی ئالی فیرعەون... لێرەشدا خودی نەخۆشییەکە تەوەری باسەکە نییە، بەڵکوو ئارامییەکی جوانی سەیدنا ئەییوب لە ئاستی ئازارەکانی نەخۆشییەکە مەبەستەکەیە. موسوڵمان بە گشتی و فێرخوازانی زانستی شەرعی بە تایبەتی، پیویستە سوود لەم شێوازە جوانەی قورئان وەرگرن، بەدووی ئەوەدا بچنەوە کە سوودی هەیە بۆیان، ئەگەر خۆیان سەرقاڵ بکەن بە شتە لاوەکییەکانەوە؛ بێگومان بەشی پێویست کاتیان بۆ نامێنێتەوە بۆ تێگەیشتن لە شتە سەرەکی و پێویستەکان. (وەرگێڕ)

دڵ و زمانی. لەگەڵ ئەمەشـــدا لە ســـوپاســـگوزاری و پەرســـتش نەبڕاو لە هەژاری و نەخۆشیشدا دەژیا.

جا دڵی ســـەیدنا ئەییوب بە ئیمان ئاوەدان ببووەوە و زمانیشـــی بەردەوام بوو لە ســـەر سوپاس و ستایشی خوا. ئیتر هەموو خەڵك لێی دووركەوتنەوە جگە لە خێزانەكەی كە ســەرپەرســتیی دەكرد؛ خزمەتی بە خەڵك دەكرد و پارەكەی بۆ هاوســەرە نەخۆشەكەی دەهێنا.

## زۆربوونی مەینەتییەكە:

جەستەی ئەییوب پڕ بوو لە ئێش و ئازار؛ بەڵام زمانی تەنها بە سوپاس و خۆڕاگری لە ڕێی خوادا دەگەڕا، ئازارەكەی زۆر دەبوو، دەیبینی هاوســـەرەكەشـــی لەگەڵیدا ئازار دەكێشـــێت! ئاخر ئەویش لە پاش ژیانێكی پڕ لە ناز و نیعمەت و ســـامان و منداڵ و ئارەزوو؛ ئێستا هەژار كەوتبوو خۆی كاری دەكرد.

بەڵام لەگەڵ ئەمەشـدا خۆڕاگری و بڕوای ئەییوب هەر زۆرتر دەبوو. دۆخەكە قورستر بوو، پـاش درێژخـایەنیی نەخۆشـــیەكەی ئەییوب؛ خەڵـك ترســـان و گومـانیـان كرد نەخۆشـیەكەی دەرد(گوازراوە)یە و ژنەكەشی دەیگرێت و دەیگوێزێتەوە بۆ ئەمانیش، بۆیە ئیتر ڕێگرییان لێكرد كاریان بۆ بكا! بیری كردەوە ئەی چۆن بێ كار و پارە خۆراك بداتە هاوسەرە نەخۆشەكەی؟! زۆری بیر كردەوە تا ڕێگایەكی سەختی دۆزییەوە.

خێزانەكەی ئەییوب پەلكەكـانی قژی قرتـانـد و لـە بری خۆراكێكی زۆر و خـاوێن

فرۆشتییە کچی یەکێك لە دەسەڵاتداران و بە خۆشحاڵییەوە گەڕایەوە لای مێردەکەی و خۆراکی نایە بەردەستی. پرسیاری کرد: ئەمەت لە کوێ هێناوە؟! ئەویش ناچار بوو ڕاستییەکە بشارێتەوە، وتی: خزمەتی خەڵکم کرد.

ساڵانێکی زۆر تێپەڕ بوو، نەخۆشیەکەی ئەییوب هەر زۆری دەکرد و لە هەژاریشدا دەژییا، بێ هیچ کەس و کارێك؛ جگە لە هاوسەرە وەفادارەکەی، هەر درێژەشی دایە خۆڕاگری و سوپاسگوزاری خوا لە هەموو کاتێکدا.

ئازاری ئەییوب ئەو کاتە ئێجگار زۆری کرد کە ئاگای لە گفتوگۆی دوو پیاو بوو؛ یەکیان وتی: ئەییوب تاوانێکی کردووە کەس لە دنیادا نەیکردووە، ئاخر ئەوە چەندین ساڵە نەخۆشە و خوا بەزەیی پێدا نایە و شیفای نادات. ئەییوب بەمە زۆر خەفەتبار بوو. هەروەها ئازارەکە زۆرتر بوو؛ کاتێك شەیتان ویستی بە خەیاڵ و ختوورەی خراپ لە خۆڕاگری دووری کاتەوە، بەڵام گوێی بۆ نەگرت.

خێزانەکەی ئەییوب درێژەی دایە فرۆشتنی پەلکەکانی بۆ دابین کردنی خۆراك، بۆیە ئەییوب پێی داگرت کە بزانێت ئەم خۆراکە لە کوێوە دەهێنێت، ئیتر سوێندی خوارد تا ڕاستییەکەی نەڵێت لێی نەخوات، سوێندیشی خوارد ئەگەر چاك بووەوە سەد گۆچان بدات لە هاوسەرەکەی. خێزانەکەی بە خەفەت و داخێکی زۆرەوە سەرپۆشەکەی لابرد و سەریی پیشان دا، ئەییوب زانیی لە سەر ئەو چی کردووە، بۆیە زۆر خەفەتبار بوو.

## پاڕانەوەی بە کوڵی ئەییوب و لاچوونی مەینەتی:

سەیدنا ئەییوب بۆ پاڕانەوە چووە شاخەکان، بە تەنها وەستا و دەستی بەرز کردەوە و بە دڵێکی پڕ لـە بڕوا و خۆڕاگرییەوە وتی: «أَنِّي مَسَّـــنِيَ الضُّــرُّ وَأَنـتَ أَرْحَمُ الرَّاحِمِينَ» (الأنبياء: ٨٣). «پەروەردگارا، بەڕاســتی من ئازار و ناخۆشــیم تووش بووە، تۆش لە هەموو کەس میهرەبانتر و لە هەموو کەس دلۆڤانتریت».

وشـــەکـانی هەموو واتـاکـانی بڕوا و خۆڕاگری و ئـازاری ئەم ســاڵە دوور و درێژە دژوارانەی هەڵگرتووە، لە پاش ئەم هەموو ســاڵە بۆ یەکەم جار داوای چاکبوونەوەی کرد و خواش لێی وەرگرت، خوای گەورە پێی فەرموو: «ارْكُضْ بِرِجْلِكَ هَذَا مُغْتَسَــلٌ بَارِدٌ وَشَــرَابٌ» (ص: ٤٢). «ئێمەش دوعا و نزامان گیرا کردو وتمان: هەســتە، بەپێی خۆت رابکە، ئەوە ئاوێکی ســاردە بۆ خۆشــتن و خواردنەوە». خوا فەرمانی پێدا لە کانیاوێکی شـاخەکەدا خۆی بشـوات، ئەویش دەستبەجێ وایکرد، خۆی شۆرد و لێی خواردەوە و بە ویسـتی خوا نەخۆشـیەکەی لاچوو، مەینەتییەکە نەما، وا چاك بووەوە؛ کـە دەتووت قەد نەخۆش نەبووە! پێغەمبەر (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دەفەرموێت: (بَيْنَا أَيُّوبُ يَغْتَسِــلُ عُرْيَانًا فَخَرَّ عَلَيْهِ جَرَادٌ مِنْ ذَهَبٍ، فَجَعَلَ أَيُّوبُ يَحْتَثِي فِي ثَوْبِهِ، فَنَادَاهُ رَبُّهُ : يَا أَيُّوبُ، أَلَمْ أَكُنْ أَغْنَيْتُـكَ عَمَّـا تَرَى ؟ قَالَ : بَلَى وَعِزَّتِكَ، وَلَكِنْ لَا غِنَى بِي عَنْ بَرَكَتِكَ)[١]. واتە: ئەییوب خۆی دەشـۆرد و رووت بوو، لە پڕ کۆمەڵێك کوللەی زێڕین[٢] بە سـەریدا رژێندرا، ئیتر دەســتی کرد بە کۆ کردنەوەیان و دەیخســتنە ناو پۆشــاکەکەی. خوای

---

[١] نووسەری بەڕێز نوسیویەتی: بخاري (٢٧٠)، فەرمووده‌کە وا لە (بوخاری: ٢٧٩).

[٢]- زانایان لە لێکدانەوەی ئەم فەرموودەیە دوو رایان هەیە: هەندێك فەرموویانە کولـــەی راستەقینە بوون و جەستەیان لە زێڕ بوو، هەندێکیش فەرموویانە: زێڕ بوون لە سەر شێوازی کولـە، نەك کولـەی راستەقینە و گیاندار. (وەرگێڕ)

گەورە بـانگی لێکرد: ئەی ئەییوب ئایا تۆم لەوەی دەبینی بێنیاز نەکردووە؟! وتی: بەڵێ سوێند بە گەورەییت، بەڵام من هەر پێداویستیم بە پیرۆزی و بەرەکەتی تۆ هەیە.

بارودۆخی سـەیدنا ئەییوب بە ویسـتی خوا گۆڕا، بووە پیاوێکی سـاغ و بەتوانا، خوا دارایی پێدایەوە و ماڵ و منداڵیشـی پێبەخشـی، خوای گەورە دەفەرموێت: «وَوَهَبْنَا لَهُ أَهْلَـهُ وَمِثْلَهُم مَّعَهُمْ رَحْمَـةً مِّنَّـا وَذِكْرَى لِأُوْلِي الْأَلْبَـابِ» (ص: ٤٣). «ئەوسـا هەموو کەسـوکاریمان پێبەخشـی و ئەوەندەی تریش، ئەوە ڕەحمەت و میهرەبانی تایبەتی بوو لەلایەن ئێمەوە، یادەوەرییش بۆ هەموو خاوەن بیر و هۆشەکان».

بەڵام کێشەیەك هەبوو، کە پێویستی بە چارەسەر بوو.

## وەفا بە سوێندەکە، نەک شکاندنی:

سەیدنا ئەییوب سوێندی خواردبوو سەد گۆچان بدات لە ژنەکەی لە پاش چاکبوونەوە، بەڵام بیری کردەوە: چۆن ئەم سوێندە بێنێتە جێ و بدات لە ژنە وەفادارە خۆڕاگرەکەی؟! خوای گەورە وەحیی بۆ نارد سوێندەکەی بێنێتە جێ:

«وَخُذْ بِيَدِكَ ضِـغْثاً فَاضْـرِب بِّهِ وَلَا تَحْنَثْ» (ص: ٤٤). فەرمانی پێدا سـەد لق ڕێحانە هەڵگرێت و یەکجار بەوە بدات لە هاوسـەرەکەی. ئیتر بەم جۆرە هەم سـوێندەکەی نەشـکاند و هەم ژنەکەی ئازار نەدا. جا خوا ئاوا بە چاکی باسی ئەییوب دەکات: «إِنَّا وَجَدْنَاهُ صَـابِراً نِعْمَ الْعَبْدُ إِنَّهُ أَوَّابٌ» (هەمان ئایەت). «ئێمە بینیمان بەڕاسـتی خۆگر و بەئـارامگر بوو، بەندەیەکی چاك و ڕێکوپێك بوو، بێگومان ئەو تەوبەکارە و هەمیشـە

دڵی لای پەروەردگـارە». ئەییوب خۆڕاگرییەکی کرد کـە لـە توانـای کەســـدا نەبوو، ئازارێکی کێشا کە کەس نەیدەتوانی، ئیتر خوایش پاداشتی خێری دایەوە؛ بەهەشت و نیعمەتەکانی.

## لە سوودەکانی ئەم بەسەرهاتە:

١- خۆڕاگری، ئەسپێکی خێرایە هەرگیز ناکەوێ، شمشێرێکی تیژە، هەرگیز کول نابێت، بە خۆڕاگری و دڵنیایی پێشەوایەتی دەست دەکەوێ.

٢- هەر کات بەڵاو مەینەتی بگاتە ئەوپەڕی، کرانەوەی دەرووی خێر نزیکە، تاریکترین ساتی شەو تۆزێك بەر لە سپێدەیە.

٣- وەفاداری ئافرەت بۆ هاوسەرەکەی، نیشانەی راستێتیی بڕواکەیەتی.

٤- هەرکەس سوێندی لە سەر شتێك خوارد؛ دەبێت بە پێی سوێندەکەی کار بکات، یان ئەگەر پێچەوانەی کرد، دەبێت کەفارەت بدات. پاراستنی سوێند و کەفارەتدان لە کاتی شکاندنی سوێنددا؛ لە بەگەورەزانینی درووشمەکانی خوایە.

# زولكيفل

«وَذَا الْكِفْلِ وَكُلٌّ مِّنَ الْأَخْيَارِ».

زولكيفل له پێغەمبەرانی مەزنە، هەموو ڕۆژێك سەد نوێژی بەرپا دەكرد. دەڵێن: بووە بە كەفیل(ئەستۆگەر)ی داوەریكردن لە نێوان هۆزەكەیدا بە دادوەری، بەڵێنی پێداون لەمەدا پێویستییان نەهێڵێتەوە، جا وایكرد و ئیتر ناویان نا زولكیفل.[1]

خوای گەورە باسی زولكیفلی كردووە و لەگەڵ پێغەمبەراندا ناوی بە چاكە هێناوە: «وَإِسْمَاعِيلَ وَإِدْرِيسَ وَذَا الْكِفْلِ كُلٌّ مِّنَ الصَّابِرِينَ. وَأَدْخَلْنَاهُمْ فِي رَحْمَتِنَا إِنَّهُم مِّنَ الصَّالِحِينَ» (الأنبياء: ٨٥-٨٦). « یادی ئیسماعیل و ئیدریس و زولكیفلیش بكەرەوە، هەریەكە لەوان لە خۆگر و ئارامگران بوون. ئێمە هەموویانمان خستە ژێر سایەی ڕەحمەت و میهرەبانی خۆمانەوە، چونكە بەڕاستی ئەوانە لە چاك و پاكانن». ئەم پیاوە لەو پێغەمبەرانە بوو كە خوا وەحیی بۆ ناردوون، پیاوێكی چاك و داوەرێكی دادگەر بوو، بەڵێنی دا كاریان بە چاكی بگرێتە ئەستۆ و سوودەكانیان دەستخات و دادوەرانە داوەرییان بكات. ئەمە ئەو هەواڵەیە خوا دەربارەی داویەتی پێمان و زیاتر لەوە نازانین.

---

[1] نووسەری بەڕێز لێرەدا و لە جێی تریش هەندێك زانیاری دەخاتە ڕوو، كە ئاماژە بە سەرچاوەی قسەكانی ناكات، خۆشی لەسەرەتا فەرمووی كە ئەوەندە وەردەگرین كە لە سەرچاوەی درووستەوە پێمان گەیشتووە و پشت بە ئیسرائیلیات نابەستین، وا ئەزانین گرنگ بوو ئەمانە بگەڕێنرابانەوە بۆ سەرچاوەكەیان، ئێمەش بەپێی توانا هەوڵەدەین بیانگەڕێنینەوە بۆ سەرچاوەكانیان. (وەرگێڕ)

## له سوودەكانی بەسەرهاتەكە:

١- دادوەری نیشــانەی پیاوچاكانە، یەكەم لەگەڵ خۆیان پاشــان خەڵكی. بە دادوەری كۆڵەكەی دەسەڵات جێگیر دەبێت.

٢- خۆڕاگری و چاكەكاری هۆی چوونی مرۆڤە بۆ ناو بازنەی رەحمەتی خوا.

٣- لەو خێراتانەی مرۆڤ لە خوا نزیك دەكاتەوە؛ چارەســەركردنی كێشــەی خەڵك و یارمەتیدانیانە.

# یوونس

«وَإِنَّ يُونُسَ لَمِنَ الْمُرْسَلِينَ»

## دژایەتیی خەڵکی نەینەوا لەگەڵ پێغەمبەرەکەیان:

سـەیدنا یوونس یان زەننون، لەگەڵ خەڵکی نەینەوادا لە مووسـڵ دەژیا، پێغەمبەرێکی بەڕێز بوو، خەڵکی بەرەو ئیمان بانگ دەکرد و باســی ڕۆژی دوایی بۆ دەکردن، بەڵام ئەوان بڕوایان نەهێنا و خراپتر بوون، ئیتر یوونس لێیان بێهیوا بوو؛ زانیی کە شــایەنی سـزای خوان، چونکە سـوور بوون لە سـەر بێباوەڕی، ئیتر داوای لە خوا کرد سزایان بەسەردا ببارێنێت و بەڵێنی سزایشی دانێ پاش سێ ڕۆژی تر.

## بـڕواهـێـنـانی هۆزەکەی: لــە پــاش دەرچوونی یوونس بــە تووڕەییەوە:

یوونس چاوەڕوانی فەرمانی خوا نەبوو بۆ جێهێشتنی شارە ستەمکارەکە، تووڕە و بێهیوا بوو، بۆیە نەیزانی هەڵە دەکات و ئەرکی ئەو تەنها ڕاگەیاندنی پەیامەکەیە، بۆیە کە خوا وەحیی بۆ نارد هۆزەکە سزا دەدات؛ پەلەی کرد؛ شارەکەی جێهێشت و نەیدەزانی خوا سزای دەدات.

پاش ڕۆیشــتنی یوونس، خەڵکی شــارەکە کۆ بوونەوە و باســی وتە و بانگەوازەکەی یوونسیان کرد، بە تایبەت وتە کۆتاییەکانی دەربارەی بەڵێنی سزایەکی نزیك، ئیتر دڵیان

پڕ بوو لە ترسی خوا، پەشیمان بوونەوە لە ستەم و بێدینی و سەرکەشی و تۆبەیان کرد! کەوتە دڵیانەوە پەنا بەرنە پەروەردگاری یوونس و بڕوای پێبهێنن، بۆیە چوونە دۆڵ و دەشتەکان بە گریان و سکاڵا و دڵشکاوییەوە، دایك و منداڵەکان و ئاژەڵ و بێچووەکانیان لە یەك جودا کردەوە، پاشان هەموو دەستیان کردە گریان و ناڵە، دایکەکان هاواریان کرد؛ وشتر و مانگا و مەڕوماڵاتەکەش لە تاو منداڵەکانیان هاوار و قیژەیان بوو! لەم ساتەدا خوا دەرووی ڕەحمەتی لێکردنەوە و تۆبەکەی لێوەرگرتن.

دەستەکانیان بەرز کردەوە و هاواریان لە خوا کرد لەو سزایەی چاوەڕوانی دەکەن ڕزگاریان بکات، بەتایبەت کە پێشەکییەکانی سزایان بینی، بۆیە هەموو فرمێسکیان بە خوڕ دەڕژاند، هەر لەم بارودۆخەدا بوون تا خوا وەڵامی دانەوە، سزاکەی لابرد و ڕزگاری کردن؛ هاوڵاتییەکانی یوونس، لە پاش دەرچوونی پێغەمبەرەکەیان بە تووڕەیی و نائومێدییەوە؛ بڕوایان هێنا، خوای گەورە دەفەرموێت: «فَلَوْلاَ كَانَتْ قَرْيَةٌ آمَنَتْ فَنَفَعَهَا إِيمَانُهَا إِلاَّ قَوْمَ يُونُسَ لَمَّا آمَنُواْ كَشَفْنَا عَنْهُمْ عَذَابَ الخِزْيِ فِي الْحَيَاةَ الدُّنْيَا وَمَتَّعْنَاهُمْ إِلَى حِينٍ» (یونس: ٩٨). «جا دەبوایە خەڵکی ئەو شار و شارۆچکانەی هەڕەشەیان لێکرابوو باوەڕیان بهێنایە و باوەڕەکەیان سوودبەخش بوایە بۆیان، بەڵام باوەڕی هیچ کامیان سوودی پێنەگەیاندن؛ جگە لە قەومی یوونس نەبێت، کاتێك کە باوەڕیان هێنا؛ سزای سەرشۆڕیمان لە ژیانی دنیادا لەسەر هەڵگرتن و تا ماوەیەك لە ناز و نیعمەت بەهرەوەرمان کردن».

## یوونس لە سکی نەهەنگەکەدا:

پـاش توورە بوون و رۆیشـــتنی یوونس لە شـــارەکەی، رووی کردە کەناری دەریا بۆ راکردن لە سـزای خوا، لەوێ سواری کەشتییەك بوو، کەشتی کەوتە رێ، شەپۆلی ئاو بـە تونـدی لێی دەدا، بۆیـە هەموو دانیشـــتووەکـانی هەســـتیان کرد ئەوە نوقم دەبن، کەشـــتیوانەکـە وتی: دەبێـت بـارەکەمـان ســـووك کەین، ئادەی بارەکانتان فڕێدەن با نەخنکێن. هەموو بە قســـەیان کرد، بەڵام ســـوودی نەبوو. کەشـــتیوان هاواری کرد: تیروپشك دەکەین، ناوی هەر کەس دەرچوو دەیخەنە دەریاوە!

هەموویان ناوی خۆیان دایە کەشـتیوانەکە، ئەویش ناوی سـەیدنا یوونسـی دەرهێنا، جاری دووەم و سـێهەمیش پشـکی هاویشت و هەر ناوی یوونس دەرچوو، بۆیە هیچ چـارەیەك نەبوو؛ جگە فڕێدانی ســـەیدنا یوونس بۆ ناو دەریاکە، بەڵام دانیشـــتووانی کەشـــتییەکە ئەم کارەیان نەکرد، بەڵام لە کۆتاییدا سـەیدنا یوونس خۆی فڕێ دایە ناو دەریاکە: «فَسَـاهَمَ فَكَانَ مِنْ الْمُدْحَضِينَ. فَالْتَقَمَهُ الْحُوتُ وَهُوَ مُلِيمٌ» (الصافات: ١٤١-١٤٢). «ئەوسـا بەنـاچاری بەژداریی تیروپشـکی کرد، لە ریزی ئەوانەدا بوو کە لە تیروپشـکەکەدا سـەرنەکەوتن. ئینجـا نەهەنگێك قووتی دا، لەکاتێکدا کە شـایانی سەرزەنشت و گلەیی بوو».

خوا نەهەنگێکی ناردە پاڵ کەشـتییەکە، فەرمانی پێدا یوونس قووت بدات، بێ ئەوەی ئازاری پێبگەیەنێت، بۆیە دەسـبەجێ قووتی دا. لە پڕ سـەیدنا یوونس هەسـتی کرد لە سـکی نەهەنگەکەدا جێگیر بووە، بۆ چەند ساتێك هەستی کرد مردووە بەڵام جەستەی جووڵاند و زانیی زیندووە، ئیتر کڕنووشـی بۆ خوا برد، پاشـان کەوتە بیرکردنەوە لەم

شـوێنە نامۆیەدا! ئەو لە سـێ تاریکیدا بوو: تاریکی شەوو قووڵایی دەریا و ناو سکی نەهەنگەکە! یوونس بـە تـاوانەکەی خۆی زانی، بۆی دەرکەوت هەڵەی کردووە؛ ئەو کاتەی بێ فەرمانی خوا شـارەکەی جێهێشـت، ئیتر دەسـتی کردە نوێژ کردن و پاکی دەربڕین بۆ خوا و، تۆبەکاری لە سکی نەهەنگەکەدا.

شـیاو بوو تا رۆژی دوایی لە سـکی نەهەنگەکەدا بمێنێتەوە، بەڵام یەك شـت رزگاری کرد، کـە بریتیبوو لە پاکی و بێگەردی دەربڕین بۆ خوا و نزا و دوعا!: «فَلَوْلَا أَنَّهُ كَانَ مِنْ الْمُسَـبِّحِينَ. لَلَبِثَ فِي بَطْنِهِ إِلَى يَوْمِ يُبْعَثُونَ» (الصـافات: ١٤٣-١٤٤). «خۆ ئەگەر لەو کەسـانە نەبوایە کە تەسـبیحـات و یادی خوا دەکەن. ئەوە دەمایەوە لە سـکی نەهەنگەکەدا تا رۆژێك، کە هەمووان زیندوو دەکرێنەوە»

یوونس لە سکی نەهەنگەکەدا کۆمەڵە دەنگێکی نامۆی بیست، پرسیاری لە خۆی کرد: ئەم دەنگانە چییە؟ خوا وەحیی بۆ نارد: ئەمە دەنگی تەسـبیحاتکردنی بوونەوەرەکانی دەریایە، ئاخر هەموو بوونەوەرێك تەسـبیحاتی خوا دەکات، بۆیە یوونسـیش کەوتە تەسبیحکردن و ساتێکی بێ پاکی و بێگەردی دەربڕین و تۆبە کردن بە سەر نەبرد: «لَّا إِلَـهَ إِلَّا أَنـتَ سُـبْحَـانَكَ إِنِّي كُنتُ مِنَ الظَّالِمِينَ» (الأنبياء: ٨٧). «پەروەردگارا، هیچ پەرسـتراوێك هەق نییە؛ جگە لە تۆ. پاکی و بێگەردی هەر بۆ تۆیە. بەڕاسـتی من لە سـتەمکـاران بووم». هەروا درێژەی پێـدا، تـا خوا نزاکەی وەرگرت و فەرمـانی بـە نەهەنگەکە دا بەرە و کەنار بڕوات، ئیتر دەمی کردەوە و یوونسی فڕێدایە دوورگەیەکی چۆڵەوە: «فَـاسْـتَجَبْنَـا لَـهُ وَنَجَّيْنَـاهُ مِنَ الْغَمِّ وَكَذَلِكَ نُنجِي الْمُؤْمِنِينَ» (الأنبياء: ٨٨). «ئێمەش بەهـانایەوە چووین و رزگارمان کرد لەو غەم و پەژارە و تەنگانەیەی کە تێی کەوتبوو، بەو شێوەیەش ئیمانداران رزگار دەکەین».

یوونس نەخۆش و لاواز لە سکی نەهەنگەکە هاتە دەرەوە، خوا لە کەناری دەریاکەدا، کوولەکەی گەورەی بۆ رووواند کە گەڵاکانی پانە؛ یوونسـی لە تیشـکی خۆر پاراسـت، ئیتر یوونس لە بەرەکەشـی خوارد تا تینی تێهاتەوە: «فَنَبَذْنَاهُ بِالْعَرَاءِ وَهُوَ سَقِيمٌ. وَأَنبَتْنَا عَلَيْهِ شَجَرَةً مِّن يَقْطِينٍ» (الصافات: ١٤٥-١٤٦). «لەوەودوا فڕێماندایە چۆڵییەکی بێ گژوگیا و درەختەوە بێهێز و نەخۆش و ماندوو. ئینجا رووەکی کولەکەی گەورەمان بۆ پێگەیاند».

ئیتر خوا لە یوونس خۆش بوو، جا کە چاك بووەوە و هەستایە سەرپێ؛ خوا وەحیی بۆ نـارد: بگەڕێرەوە بۆ لای هۆز و کەس و کـارەکەت، ئاخر ئەوان بڕوایان هێناوە و بتیان فڕێ داوە، ئەوان ئێسـتـا بۆ تۆ دەگەڕێن و چـاوەڕوانی تۆن. یوونس گەڕایەوە بۆ شـارەکەی، کە جێیهێشـتن هەموویان بتپەرسـت بوون، ئێستا هاتۆتەوە بۆ لایان هەموو هاواریان لە خوا دەکرد!

یوونس گەڕایەوە بۆ بانگەوازەکەی، هۆزەکەی بە گەرمی پێشوازییان لێکرد، بۆ ماوەیەك کـە خوا ویسـتـی لە سـەر بوو؛ لە ناویاندا ژیا، سـڵاوی خوا لە یوونس بێت لە ناو پێغەمبەراندا.

پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دەفەرموێـت: (مَـا يَنْبَغِي لِعَبْدٍ أَنْ يَقُولَ: إِنِّي خَيْرٌ مِنْ يُونُسَ بْنِ مَتَّى)[١]. واتە: هیچ بەندەیەك بۆی نییە بڵێ: وەڵا من لـە یوونسی کوڕی مەتتا چاکترم. جا ئەمە لە بێفیزی پێغەمبەری نازدارمانەوە (عليه الصـلاة والسـلام) دێت، ئەگینا ئەو زاتە پیرۆزە، گەورەی تێکڕای نەوەی ئادەمە، بەڵام فەرموودەکە پلە و پایەی

[١] نووسەری بەڕێز نوسیویەتی متفق عليه، گەیشتینە خزمەتی لە بوخاری (٣٤١٣)دا.

یوونسمان پیشان دەدات.

## لە سوودەکانی بەسەرهاتەکە:

١- بڕواداری راستگۆ دڵی لە خەمدا لەت دەبێت، کاتێك دەبینێت هۆزەکەی خراپەکارن.

٢- خۆڕاگری و پشوودرێژی لای خوا و پێغەمبەرەکەی (علیە الصلاة والسلام) خۆشەویستن و هۆی خێری دنیا و قیامەتن.

٣- پێویستە لە سەر هەموو موسوڵمانێك بانگەواز راگەیەنێت؛ بێ چاوەڕوانیی سەرەنجامەکەی.

٤- چاکەی بڕوادار لە تەنگانەدا تۆبە کردن و هاوار وناڵە دەربڕینە؛ پەنا بردنە هێز و دەسەڵاتی خوایە.

٥- هەرکەس لە کاتی خۆشیدا لە یادی خوادا بێت، خوا لە تەنگانەدا لە یادی دەبێت و دەگاتە فریای.

٦- نزا و پاڕانەوە لە خوا؛ تایبەتی هیچ شوێن و کاتێك نییە.

٧- پەروەردگارمان مەزنە و کەس لەو مەزنتر نییە، نزا وەردەگرێت و خراپە لە داواکار لادەبات و تۆبەی تۆبەکار قبووڵ دەکات.

# شوعەیب

« وَإِلَى مَدْيَنَ أَخَاهُمْ شُعَيْباً»

## دین بریتییە لە باوەڕو ڕەفتار:

بەسەرهاتی شوعەیب ئەوەمان بۆ دەردەخات, کە دین بە تەنها باسی یەکخواپەرستی و ئولوهییەت نییە، بەڵکوو دەبێت کاریگەرییە چاکەکانیان لە سەر کردەوە و ڕەفتاریش دەرکەوێت.

خوای گەورە شوعەیبی ناردە لای خەڵکی مەدیەن: «وَإِلَى مَدْيَنَ أَخَاهُمْ شُعَيْباً قَالَ يَا قَوْمِ اعْبُدُواْ اللّهَ مَا لَكُم مِّنْ إِلَهٍ غَيْرُهُ» (الأعراف: ٨٥). «بۆ هۆزی مەدیەنیش شوعەیبی برایانمان نارد، ئەویش پێی وتن: ئەی قەوم و هۆز و گەلم; تەنها خوا بپەرستن، چونکە جگە لەو زاتە خوایەکی ترتان نییە».

خەڵکی مەدیەن: هۆزێکی عەرەبی دانیشتووی شاری مەدیەن بوون، لە ناوچەی مەعانی وڵاتی شام، لە نزیك دەریاچەکەی هۆزی لووت. ئەم هۆزە «ئەیکە»یان دەپەرست, کە بریتییە لە دارێکی گەورە, کە لە دەور و بەریشیدا داری تر زۆرن و لەگەڵ دارە گەورەکەدا سەریان کردووەتەوە بە یەکدا. جا ئەمانە چەتە و ڕێگر بوون و، لە مامەڵەشدا ناپاك بوون.

## خەڵكی مەدیەن لە پێوانەدا فێڵیان دەكرد:

خەڵكی مەدیەن، بـە فێڵ و تەڵەكە لە پێوانەدا ناویان دەركردبوو، هەر كات كاڵایەكیان كێشـانە بكردایە فێڵیان دەكرد و كڕیار كەمتر لە مافی خۆی وەردەگرت، كە پارەشـیان بدایە هەر فێڵبازییان دەكرد. جا خوا سـەیدنا شـوعەیبی ناردە لای خەڵكی مەدیەن، پیاوێكی رەوشتبەرز و رەوانبێژ بوو، بۆیە پێی دەڵێن: وتاربێژی پێغەمبەران.

## شوعەیب بانگەوازەكەیان بۆ روون دەكاتەوە:

شوعەیب رووەوڕووی خەڵكی مەدیەن وەستا و بەرەو خوا بانگی كردن و بەرهەڵستیی لێكردن لە پەرسـتنی ئەیكە: «يَا قَوْمِ اعْبُدُواْ اللّهَ مَا لَكُم مِّنْ إِلَهٍ غَيْرُهُ». جا ئەمە بابەتی سـەرەكییە لـە نـاو هەموو بـانگەوازێكی راسـتەقینەدا، سـەرەتـا بـانگەواز بەرەو یەكخواپەرسـتی. جا لەگەڵ ئەوەی كێشـە و نەهامەتی تەواو بڵاو ببووەوە؛ ئەمانە هەر رێگرییـان دەكرد و مـافی خەڵكیان دەخوارد و لە كێشـانە و پێوانەیان دەدزی و زۆر خراپەی تریشـیان دەكرد. بەڵام بنەمای یەكخواپەرسـتییە؛ كە یەكخواپەرسـتیی خەڵك راسـت بوو؛ مامەڵەكانیشیان راست دەبێت! بۆیە لە بانگەوازدا هەموو سەرنج لە سەر یەكخواپەرسـتییـە، پـاشـان بۆ كردەوە و نـاسـەرەكییەكانی تر و چارەسـەركردنی نەخۆشیەكان.[١]

---

[١] وەنەبێت مەبەسـت لە یەكخواپەرسـتی، تەنها ئولوهییەت بێت، وەكوو كە لای مەدخەلییەكان زیاتر تۆخكراوەتەوە، یان ربووبییەت و حاكمێتی بێت، وەكوو لای ئەوانەی گرنگی بە سیاسەت و جیهاد دەدەن زیاتر گرنگیی پێ ئەدەن... ئەمانە و بەشەكانی تریش لە تەوحیددا؛ نە جێی موساوەمە و نە جێی كەنارخستنن! بەڵكوو دەبێت هەمووی پێكەوە وەربگیرێت و بەرجەسـتە بكرێـت و بگەیەنرێتەوە بە خەڵكی تریش. ئەوەی وای كردووە هەر كۆمەڵێـك و جومگەیەك لە جومگەكانی

پـاشـــان بۆی لێکـدانەوە کـە خوا ئەوی نـاردووە بۆ ڕێنمـایی کردنیـان و لـە بری بانگەوازەکەش هیچ پاداشـتێکی لەوان ناوێت! ئامانجی بانگەوازەکەی ئەوەیە، ئەوان ڕێگای ڕاسـتی خواناسـی بدۆزنەوە و وەریگرن. شـوعەیب فەرمووی: «وَلاَ تَنقُصُـواْ الْمِكْيَـالَ وَالْمِيزَانَ إِنِّيَ أَرَاكُم بِخَيْرٍ وَإِنِّيَ أَخَافُ عَلَيْكُمْ عَذَابَ يَوْمٍ مُّحِيطٍ» (هود: ٨٤). «کەم و کوڕی مەکەن لە پێوانە و کێشـــاندا، بەڕاســـتی من بەچاك دەتانبینم و ڕزق و ڕۆزیتان باشە و لە خۆشیدان، بێگومان من دەترسم ئەگەر لە فەرمانی خوا دەرچن، ئێوە تووشی سزای ڕۆژێك ببن کە گەمارۆتان بدات و لێی ڕزگار نەبن».

لە پاش باسـی یەکخواپەرسـتی، پێغەمبەرەکە ڕاسـتەوخۆ باسـی مامەڵەکانی ڕۆژانە دەکـات، باسـی دەســتپاکی و دادوەری؛ ئاخر ئەوان کەمفرۆشــییان دەکرد و مافی

---

عەقیدە و یەکخواناسی و یەکخواپەرستی بکەنە تەوەری سەرەکیی باس و خواس و پەیام و بانگەوازیان؛ ئەوەیە کە پێشتر لە لایەن خەڵکی ترەوە ئەو بـاســانە کەنـارخراون، دواتر لە کـار و کاردانەوەدا ئەوە درووســتبۆتەوە، کە هەر کەس بۆ پڕکردنەوەی بۆشــایی کەســانی جگە لە خۆی؛ کـارەکەی ئەو وازلێـدێنێت و تەنها هەوڵ ئەدات گرنگی بە پڕکردنەوەی بۆشـاییەکە بدات! ئەوکات ئەویش بۆشـاییەك بەجێدێڵێت لە پەیام و بانگەوازەکەیدا، کە کاسـانی تر دێن پڕی دەکەنەوە، ئـاواش بەزۆری دەکەونە دژایەتیی یەکتری! چونکە هەر کەس کاری خۆی پێ زەرووی و تەواوە، بەڵام دەبێت بانگەواز گشـتگیر و کامڵ بێت، وەکوو چۆن بانگەوازەکەی سەرەتای هاتنی ئیسلام گشتگیر بووە، دەبێت دەست بە هەموو جومگە سـەرەکییەکانی یەکخواپەرستییەوە بگیرێت، تاوەکوو نەوەیەك یان کۆمەڵێکی وا درووست بنەوە، کە بە جوانی ئیسلامیان لە خۆیـاندا جێبەجێ کردبێت و بانگەوازێکی کامڵ و تەواویشـــی بۆ بکەن، نەك تەنیا لە باســـەکانی هاوارکردنە قەبر و تەوەسوول؛ کە بەشێکن لە ئولوهییەت، یان ڕزق ڕۆزی و خالقێتیی خوا؛ کە بەشێکن لە ربووبییەت، یان بوون و نەبوون و چۆنییەتی ئەندامەکانی و ئیستیوای خوا؛ کە بەشێکن لە ئەسماو سیفات، بەڵکوو هەموو ئەو بەشە گرنگانەی تری ئیمان و عەقیـدە، کە قورئـان و فەرموودە بـاســیـان دەفەرموون و دەکرێت هەر کەســێك بکەوێتە شــیرکەوە تێیاندا! وەکوو: خۆشـەویسـتی و ترس و تەوەککول و ئیسـتیعانە و...هتد. سـووپاس بۆ خوا؛ ئێمەش لە زادی هەوڵماناداوە مەنهەجێکی گشـتگیری وا بخەینە ڕوو، کە فێرخوازان دوای تەواوکردن و جێبەجێکردنی؛ کەسـایەتییەکی پارسـەنگیان لێدەرچێت، لە فکر و کردار و گوفتارییاندا، نەك تەنیا لە عەقیدەیاندا، بەڵکوو پارسەنگ و کامڵ لە هەموو ئەوەی پێویستە بیانزانێت؛ لە عەقیدە و فیکر، قورئانەوانی، فەرموودەوانی، شـەرعناسی، ئاداب، بانگەواز، تەزکییەی نەفس، سیرەی پێغەمبەران، ژیانی پێشەوایان، سیاسەی شەرعی، زانستە ئوسوولی و قەواعیدییە ئەکادیمییەکان و هاوشێوەیان، والحمد لله. (وەرگێڕ)

خەڵکیان دەخوارد؛ ئەمە رەوشـتێکی پیسە، خاوێنیی دڵ و دەست و ورەی و جوامێری لادەبـات. جا خەڵکی مەدیەن ئەم کارەیان بە لێزانینێك لە کڕین و فرۆشــتندا هەژمار دەکرد؛ پێیـان وا بوو زیرەکییـە! بەڵام پێغەمبەرەکەیـان هـات و بۆی دەرخســتن ئەمە سـەرشـۆڕی و دزییە، تێیگەیاندن مەترسی ئەوە هەیە بە هۆی ئەمەوە تووشی سزایەکی قورس ببن. جا بڕوانە ئەو ئیســلامەتییەی شــوعەیب هێناویەتی؛ چۆن دەچێتە ژیانی خەڵکەوە، تەنانەت چاودێری کڕین و فرۆشتنیشیان دەکات؟!

هۆزەکەی شــوعەیب بانگەوازەکەی ئەویان رەتکردەوە و وتیان: «يَا شُـعَيْبُ أَصَـلاَتُكَ تَأْمُرُكَ أَن نَّتْرُكَ مَا يَعْبُدُ آبَاؤُنَا أَوْ أَن نَّفْعَلَ فِي أَمْوَالِنَا مَا نَشَـاءُ إِنَّكَ لَأَنتَ الْحَلِيمُ الرَّشِيدُ» (هود: ٨٧). «ئەی شــوعەیـب، ئـایا نوێژەکەت فەرمانت پێدەکات کە ئێمە وازبهێنین لەوەی با و باپیرانمان پەرسـتوویانن، یاخود لە ماڵ و سـامانماندا بەئارەزووی خۆمان چیمان بوێت بیکەین؟! ئاخر خۆ بەڕاســتی تۆ زۆر هێمن و خاوەن ژیرییت (ئیتر ئەم قسـانە بۆ دەکەیت؟)». ئەمە هەمان بەڵگەیە کە بەردەوام خراپەکاران پشتی پێدەبستن؛ ئەو رەوشتەی با و باپیریان لە سەری بووە! دەبینی لە هەموو شتێکدا بە پێچەوانەی با و باپیریان دەجووڵێنەوە، بەڵام کە باســی بانگەواز دێت؛ دەســت دەگرن بەو ئایینەی بـاوانیـان لـە ســەری بوون، ئەمەش نەك لـە بەر ئەوەی هەقـە، لە بەر ئەوەی لەگەڵ ئارەزوویاندایە. جا ســەیر بکە چۆن بەڵگە بۆ دزییەکەشــیان دەهێننەوە، دەڵێن: «نَّفْعَلَ فِي أَمْوَالِنَـا مَـا نَشَـــاءُ» وەك بڵێی: تۆ هەقـت نەبێـت، پـارەی خۆمـانـە و حەز بکەین دەیسووتێنین!!

شـوعەیب سەیری کرد گاڵتەی پێدەکەن، بەڵام هەر بە نەرمونیانی لەگەڵیان جووڵایەوە و گوێی نەدایە گاڵتەکردنەکانیان و لێی نەکۆڵییەوە، تێیگەیاندن لە سەر بەڵگەی روونی

پەروەردگاریەتی، ئەو پێغەمبەرێکە هەق دەناسێت و بانگەوازی بۆ دەکات. ئەو بەرهەڵستییان لە هیچ شتێك ناکات بۆ سوودی خۆی. «قَالَ يَا قَوْمِ أَرَأَيْتُمْ إِن كُنتُ عَلَىَ بَيِّنَةٍ مِّن رَّبِّي وَرَزَقَنِي مِنْهُ رِزْقاً حَسَناً وَمَا أُرِيدُ أَنْ أُخَالِفَكُمْ إِلَى مَا أَنْهَاكُمْ عَنْهُ إِنْ أُرِيدُ إِلاَّ الإِصْلاَحَ مَا اسْتَطَعْتُ وَمَا تَوْفِيقِي إِلاَّ بِاللّهِ عَلَيْهِ تَوَكَّلْتُ وَإِلَيْهِ أُنِيبُ» (هود: ٨٨). «شوعەیب وتی: ئەی قەوم و خزمەکانم، هەواڵم بدەنێ ئەگەر منتان بینی و بۆتان دەرکەوت کە لەسەر بەرنامەیەکی ڕێك و ڕۆشنم لەلایەن پەروەردگارمەوە و هەر لەلایەن خۆشیەوە رزق و ڕۆزی جوان و باشی داومەتێ، منیش نامەوێت قەدەغەی شتێکتان لێبکەم، کەچی خۆم وەك ئێوە نەکەم. من هیچم ناوێت تەنها چاکسازی نەبێت بە گوێرەی توانام، ڕێکخستنی کارم بەدەستی کەس نییە بەدەستی خوا نەبێت، پشت و پەنام هەر بەو بەستووە و هەر بۆ لای ئەویش دەگەڕێمەوە». وەك بڵێت: من خۆم دەوڵەمەندم و سامانم هەیە، خوا رزقی پاکی پێبەخشیوم. ئەوەی ئەو دەیەوێت چاکسازییە، ئەمەیە راستی بانگەوازی پێغەمبەران، ئەوان لە بنەماوە چاکسازن؛ چاکسازی مێشکەکان و دڵەکان و ژیانی گشتی و تایبەت.

کاتێك شوعەیب سەرکەشی و نکوولیی هۆزەکەی بینی؛ هەوڵی دا کار لە سەر هەستیان بکات؛ بە وەبیرهێنانی ئاکامی ئوممەتانی پێشوو، کە چۆن خوا بە فەرمانێك لە ناوی بردوون، بۆیە باسی هۆزی نووح و هوود و ساڵح و لووتی کرد، ڕوونی کردەوە ڕێگای رزگاری؛ گەڕانەوە و تۆبەیە بۆ لای خوا.

«وَيَا قَوْمِ لاَ يَجْرِمَنَّكُمْ شِقَاقِي أَن يُصِيبَكُم مِّثْلُ مَا أَصَابَ قَوْمَ نُوحٍ أَوْ قَوْمَ هُودٍ أَوْ قَوْمَ صَالِحٍ وَمَا قَوْمُ لُوطٍ مِّنكُم بِبَعِيدٍ. وَاسْتَغْفِرُواْ رَبَّكُمْ ثُمَّ تُوبُواْ إِلَيْهِ إِنَّ رَبِّي رَحِيمٌ وَدُودٌ» (هود: ٨٩-٩٠). «ئەی قەوم و خزمانم، ناکۆکی و دژایەتیتان لەگەڵ مندا واتان لێنەکات

ئەوەی تووشــی هۆزی نووح و هوود و ســاڵح بوو؛ تووشــی ئێوەش ببێت! خۆ هۆزی لووت لێتـانەوە زۆر دوور نییە. داوای لێخۆشـــبوونیش لە پەروەردگـارتـان بکەن و وازبهێنن لە تاوان و خراپەکاری، پاشان بگەڕێنەوە بۆ لای خوا، بێگومان پەروەردگاری من زۆر بەبەزەیی و میهرەبانە، زۆر بەسۆز و دلۆڤانە». واتە سەرکەشی و سووربوون لە سـەر دژایەتیکردنی من؛ واتان لێئەکات نافەرمانی خوا بکەن و وەك هۆزەکانی پێشـوو سزا بدرێن، بۆیە بگەڕێنەوە بۆ لای خوا و لە من گەڕێن.

بەڵام هۆزی شوعەیب پشتیان لێهەڵکرد و وتیان: «يَا شُعَيْبُ مَا نَفْقَهُ كَثِيراً مِّمَّا تَقُولُ وَإِنَّا لَنَرَاكَ فِينَا ضَعِيفاً» (هود: ٩١). «ئەی شوعەیب، ئێمە تێناگەین لە زۆربەی ئەو باسانەی کە تۆ دەیڵێیت، ئێمەش بەڕاستی تۆ بە لاواز دەبینین لەناو خۆماندا». ئەوەی کە وتیان «بەشـــی زۆری ئەو شـــتانەی دەڵێی لێی تێناگەین» بێگومان درۆ و ناهەق بوو، ئەوان بێگومان دەیانزانی و تێدەگەیشتن، ئاخر ئەو باسی ئەو راستییانەی دەکرد کە لە هەتاو روونتر بوو.

پاشان پێیان وت: «تۆ لە ناو ئێمەدا لاوازی». پاکی و بێگەردی بۆ خوا، ئاخر پەیوەندی ئەمـە بە بانگەواز و هەقەوە چییە؟! پاشـــان شـــوعەیب بە پێوانەی ئەوان لاواز بوو، چونکـە تەنهـا هەژار و دەســـتکورتەکـان شـــوێنی کەوتبوون، بەڵام دەوڵەمەنـدەکـان خۆبەزلزانییـان نواند و لە ســـەر تاوان مانەوە. جا ئەمە پێوەرێکی هەڵەیە، دەنا هێز و دەســـەڵات بـە خوایە و ئەوپش لەگەڵ پێغەمبەرەکانییەتی. جا کافرەکان هەڕەشـــەیان لێکرد: «وَلَوْلاَ رَهْطُكَ لَرَجَمْنَـاكَ وَمَـا أَنـتَ عَلَيْنَـا بِعَزِيزٍ» (هەمان ئایەت). «خۆ ئەگەر خزمەکانت نەبوونایە؛ بەردبارانمان دەکردیت! وەنەبێت تۆ هیچ توانا و دەســـەڵاتێکت هەبێت بەسەرماندا».

## ململانێی شوعەیب و هۆزەکەی:

کاتێك شوعەیب بەڵگەی بۆ هۆزەکەی هێنایەوە؛ ئەوان ڕەوشتی گفتوگۆیان گۆڕی و لە گاڵتە کردنەوە گۆڕان بۆ هەڕەشە کردن. بەڵام شوعەیب هەر بە نەرمی ڕەفتاری کرد و بۆ خەبەرکردنەوەی مێشـــکیان پرســـیارێکی لێکردن: «قَالَ يَا قَوْمِ أَرَهْطِي أَعَزُّ عَلَيْكُم مِّنَ اللَّـهِ» (هود: ٩٢). «ئەی هۆز و خزمـانم، ئـایـا کەس و کارم بەلای ئێوەوە بە توانا و دەســـەڵاتـدارترە لە خوا؟!». پەروەردگـار ئەو زاتـە بەهێزەیە دەبێت لێی بترســـن، لە خانەوادە و هۆزی من مەترسن.

ئەمە خەڵکی مەدیەنی تەواو تووڕە کرد: «قَالَ الْمَلأُ الَّذِينَ اسْتَكْبَرُواْ مِن قَوْمِهِ لَنُخْرِجَنَّكَ يَا شُعَيْبُ وَالَّذِينَ آمَنُواْ مَعَكَ مِن قَرْيَتِنَا أَوْ لَتَعُودُنَّ فِي مِلَّتِنَا» (الأعراف: ٨٨). «دەستەی دەسەڵاتداران؛ ئەوانەی لووتبەرزیان کرد لە قەومەکەی؛ وتیان: ئەی شوعەیب، سوێند بێت خۆت و ئەوانەی باوەڕیان هێناوە لە گەڵتدا لە شارەکەمان دەرتان دەکەین، یان بە ئارەزووی خۆتان بگەڕێنەوە نێو ئاینەکەمان».

شـوعەیب وتی: شوێنکەوتووانی من لە پاش ڕێنمایی خوا؛ هەرگیز ناگەڕێنەوە بۆ دینی ئێوە، مەگەر بە زۆر و ئەشـــکەنجە، بەڵام خۆ هەر ناتوانن بڕوا لە دڵی بهێننە دەرەوە، پاشـان هەوڵیان دا شـوێنکەوتووانی بترسـێنن، بۆیە وتیان: «لَئِنِ اتَّبَعْتُمْ شُـعَيْباً إِنَّكُمْ إِذاً لَّخَاسِرُونَ» (الأعراف: ٩٠). «بەخوا ئەگەر ئێوە شوێنی شوعەیب بکەون، بەڕاستی ئەو کاتە ئێوە لە زەرەرمەندانن».

ململانێکـە درێژەی بوو، ئەوان ســـوور بوون لـە ســـەر بێباوەڕی و خراپەکاری؛ ئیتر هۆزەکە بوونە دوو دەستە: دەستەیەك شوێن پێغەمبەرەکە کەوتن و بڕوایان بە خوا هێنا،

دەســتەیەك لە ســەر ســەركەشــی و بێباوەڕی مانەوە. جا دەســتە بێباوەرەكە هەوڵی ترسـاندنی بڕواداران و گەڕانەوەیان بۆ دینەكەی خۆیان دا، بەڵام كە شكستیان خوارد تین و فشـاریان خستە سـەریان. ئیتر شوعەیب پێی وتن: «إِنَّ رَبِّي بِمَا تَعْمَلُونَ مُحِيطٌ. وَيَا قَوْمِ اعْمَلُواْ عَلَى مَكَانَتِكُمْ إِنِّي عَامِلٌ سَوْفَ تَعْلَمُونَ مَن يَأْتِيهِ عَذَابٌ يُخْزِيهِ وَمَنْ هُوَ كَاذِبٌ وَارْتَقِبُواْ إِنِّي مَعَكُمْ رَقِيبٌ» (هود: ٩٢-٩٣). «بەڕاســتی پەروەردگارم ئاگادارە بەوەی ئێوە ئەنجـامی دەدەن. ئەی هۆز و خزمـانم، ئێوە كـاری خۆتـان بكەن چەنـدە توانـاتـان هەیە، منیش كـاری خۆم لەســەر بەرنـامەی خۆم ئەنجـام دەدەم، لەمەولا دەردەكەوێت و دەزانن كێ ســزای بۆ دێت و ســەر شـۆڕ دەكات، كێش درۆزنە، ئێوە چاوەڕێ بن، بەڕاستی منیش لەگەڵتاندا چاوەڕێم».

## دەنگی سامناك ستەمكاران لە ناو دەبات:

خوا وەحیی بۆ شوعەیب نارد، كە خۆی و بڕواداران شارەكە جێبهێڵن، پاشان فەرمانی خوا هـات: «وَلَمَّا جَاء أَمْرُنَا نَجَّيْنَا شُعَيْباً وَالَّذِينَ آمَنُواْ مَعَهُ بِرَحْمَةٍ مَّنَّا وَأَخَذَتِ الَّذِينَ ظَلَمُواْ الصَّيْحَةُ فَأَصْبَحُواْ فِي دِيَارِهِمْ جَاثِمِينَ. كَأَن لَّمْ يَغْنَوْاْ فِيهَا أَلاَ بُعْداً لِّمَدْيَنَ كَمَا بَعِدَتْ ثَمُودُ» (هود: ٩٤-٩٥). «كاتێكیش فەرمانی ئێمە هات بۆ تیاچوونیان، شـوعەیب و ئەوانەی بڕوایان هێنابوو لەگەڵیدا، بەهۆی بەزەیی و لوتفی خۆمان رزگارمان كردن و دەنگ و نركەی تیاچوون تاوانكار و بێ بڕواكانی گرتەوە، جا هەموویان لە شــوێن و جێگەی خۆیـانـدا تیـاچوون و بەچۆكدا هاتن لە بەرەبەیاندا. هەروەك لەوێ نەژیابن، ئاگاداربن، دەك مەدیەن لەووڵاتر بچێت هەروەك سەموود لەووڵاتر چوو».

سـەرەتـا هەوا زۆر گەرمی کرد و فێنکـاییەك نەدەهـات، خەڵکی مەدیەن خۆیان تێدا نەدەگرت. پاشـان هەورێکی گەورە سـێبەری خسـتە سـەر شار، ئیتر موژدەی باران و نەمانی گەرمایان بە یەك دەدا، هەموو لە ژێر پەڵە هەورەکەدا کۆ بوونەوە، لە پڕ هەورەکە پارچە ئاگر و بڵێسـەی باراند بە سـەریاندا، پاشـان زەوی بە توندی لەرزا و دەنگێکی سامناك لە ئاسمانەوە هات و هەموو گیانەکانی کێشا.

تەنها یەك دەنگ بوو، لەو پەڵە هەورەوە هات کە سێبەری خستبووە سەریان! چما پێی دڵخۆش بوون و خەیـاڵیـان دەکرد بـارانیـان بۆ دەبـارێنێـت؟! پـاشـــان لـە پڕ زانییان ڕووەوڕووی سزایەکی ترسناك لە ڕۆژێکی زۆر ناخۆشدان! کار کۆتایی پێهات و دەنگە سامناکەکە هەموویانی گرتەوە و هەر یەکەو لە شوێنی خۆیدا بە دەمدا کەوت، دەنگەکە هەموو گیانلەبەرێکی وشك و ڕەق کرد.

## قوتاربوونی شوعەیب و بڕواداران:

هەموو خەڵکی مەدیەن مردن و شـارەکە بووە وێرانە. سەیدنا شوعەیب لای کردەوە بە لای خەڵکی شـــارەکەدا؛ بەڵام خەفەتی بۆ نەخواردن، ئـاخر ئەو هەموو هەوڵی دا ڕزگاریان بکات، بەڵام دڵە نەخۆشەکانی ئەوان ڕەتیان کردەوە و تووشی ئەو سزا بوون کە شـایسـتەیان بوو. سـەیدنا شوعەیب لە دوورەوە وتی: «يَا قَوْمِ لَقَدْ أَبْلَغْتُكُمْ رِسَالاَتِ رَبِّي وَنَصَـــحْـتُ لَكُمْ فَكَيْفَ آسَـــى عَلَى قَوْمٍ كَافِرِينَ» (الأعراف: ٩٣). «ئەی قەوم و عەشـیرەتم؛ سـوێند بە خوا، بەڕاسـتی پەیامەکانی پەروەردگارم بەچاکی پێڕاگەیاندن و دڵسۆزیم لەگەڵ کردن، ئیتر من چۆن خەم بخۆم بۆ قەومێك کە بێ باوەڕن؟!». خەفەتتان

بۆ ناخۆم، چۆن خەفەت بخۆم بۆ کافران؟! بۆیە شوعەیب و بڕوادارن لە شارە تێکڕووخاوەکە دوورکەوتنەوە لە کاتێکدا بە سەر دوژمندا سەرکەوتبوون. پاشان شوعەیب قۆناغەکانی سەفەری ژیانی لەگەڵ شوێنکەوتووەکانی تەواو کرد و فێری کردن و بانگەوازی کردن، ئەوانیش تا مردنی شوعەیب هەر چاکەکار بوون. سەڵاوات و دروودی خوا لە سەر شوعەیب بێت.

## لە سوودەکانی ئەم بەسەرهاتە:

١- دین هەموو لایەنەکانی ژیان دەگرێتەوە، دین هەر پەرستشی ناو مزگەوت نییە، بەڵکوو مامەڵە و باوەڕ و کردەوەیە.

٢- هەر موسوڵمانێك بینیی خەڵك کەوتوونەتە کارێکی حەرامەوە؛ دەبێت روونی بکاتەوە و بەرهەڵستیان لێبکات.

٣- موسوڵمان نابێت گاڵتە بە خەڵك بکات، بەڵکوو دەبێ لە سەر هەق بێت و ژیرانە روونی کاتەوە.

٤- ئامانجی پێغەمبەران و شوێنکەوتووانیان چاکسازیی خەڵکە، ئەوان چاکسازی دڵ و مێشکەکانن.

٥- لە ژیری و تێگەیشتوویی بانگەوازخواز ئەوەیە؛ بەپێی دۆخی بەرانبەرەکەی شێوازی جیاوازی گفتوگۆ بەکاربهێنێت.

٦- یەکێك لە شێوازەکانی رێگری لە بانگەواز؛ ترساندن و هەڕەشە کردنە لە

بانگەوازخوازان و شوێنکەوتووانیان.

٧- ســـزا لە جۆری کردەوەیە؛ هەرکەس فێڵ لە خوا بکات؛ وەڵامی فێڵەکەی دەداتەوە و، هەر کەس لە کێشانە و پێوانەدا ستەم بکات؛ شایەنی تۆڵە و سزایە.

# مووسا (و هاڕوون)

«ثُمَّ جِئْتَ عَلَى قَدَرٍ يَا مُوسَى. وَاصْطَنَعْتُكَ لِنَفْسِي»

## گەورەبوونی مووسا:

خەڵکی مـــیسـر لە سەردەمی فیرعەونەکاندا بتپەرست بوون، جا کە یووسف هات بۆ مـــیسر و ساڵانێکی زۆر کاروبار بە دەستی بوو، خەڵکی بۆ یەکخواپەرستی بانگ کرد و ئەوانیش بڕوایان هێنا. پاشان خانەوادەی یەعقووب هاتن و لە مـیسر ژیان و تێکەڵی مـیسرییەکان بوون، خەڵکەکە لەوانەوە فێری یەکخواپەرستی بوون، لە سەردەمی ژیانی یووسفدا موسوڵمانانە ژیان. بەڵام پاش مردنی یووسف، مـیسرییەکان گەڕانەوە بۆ کوفر و بێدینییەکەی جاران. نەوەی یەعقووب کە هاتبوونە مـــیسر و تێکەڵی ئەوان ببوون؛ هەندێکیان گومڕا بوون و هەندێکیان لە سەر خواپەرستی مانەوە. جا نەوەی یەعقووب تەواو زۆر بوون و پیشـەی جۆراوجۆریان هەبوو، لە هەر پیشەیەکیشدا سەرکەوتووی جێمتمانەی مـیسرییەکان بوون.

پاشان ستەمگەرێك بووە پادشای مـیسر، کە خەڵك دەیانپەرست، پادشاکە بینیی نەوەی یەعقووب (بەنی ئیسڕائیل) پەرە دەسێنن و دارایی و سامانیان هەیە. بەنی ئیسڕائیل لە ژێر دەسـەڵاتی ئەم پادشایەدا چەوساوە و بێدەسەڵات کران، پیاوەکانیانی دەکوشت و ژنەکانی دەکردە کەنیزەك، بەڕاسـتی لە کێشـەیەکی زۆردا بوون! جا ئەوەی بووە هۆی مەینەتیی زۆرتریان ئەوە بوو؛ پادشـــاکە جارێك گوێی لێبوو باســی هەواڵێکی نهێنییان دەکرد کـە دەیوت: یەکێـك لـە کوڕەکـانی بەنی ئیسـڕائیـل دەسـەڵاتی فیرعەون

دەڕووخێنێت! بۆیە فیرعەون فەرمانی دەرکرد هەموو کوڕەکانی بەنی ئیسرائیل بکوژرێن، فەرمانەکەش جێبەجێ کرا. پاش ماوەیەك راوێژکارەکانی فیرعەون پێیان وت: پیرەکانی بەنی ئیسرائیل خۆیان دەمرن و کەمتەمەنەکانیشیان سەردەبڕێن، ئەمە دەبێتە هۆی لەناوچوونی بەنی ئیسرائیل و لاوازبوونی میسر بە هۆی کەمبوونی کرێکارانەوە، چاکتر وایە فەرمان دەرکرێت: کوڕە لە دایکبووەکانی ساڵێك سەربڕێن و ساڵێك زیندوو بن. فیرعەون ئەمەی بە چارەسەرێکی باش زانی.

دایکی مووسا لەو ساڵەدا کە کوڕەکان نەدەکوژران، هارۆونی بە ئاشکرا هێنایە دنیا، بەڵام لەو ساڵەدا کە کوڕەکان دەکوژران، مووسای بوو، ئەمە بووە هۆی ترس و دڵەڕاوکێی دایکی، دەترسا بیکوژن، بۆیە بە دزییەوە شیری پێدەدا. پاشان شەوێکی پیرۆزی تێپەڕ کرد، کە تێیدا خوا نیگای بۆ نارد: «وَأَوْحَيْنَا إِلَى أُمِّ مُوسَى أَنْ أَرْضِعِيهِ فَإِذَا خِفْتِ عَلَيْهِ فَأَلْقِيهِ فِي الْيَمِّ وَلَا تَخَافِي وَلَا تَحْزَنِي إِنَّا رَادُّوهُ إِلَيْكِ وَجَاعِلُوهُ مِنَ الْمُرْسَلِينَ» (القصص: ٧). «ئێمە دایکی مووسامان ئاگادارکردەوە کە شیری بداتێ، جا کاتێك مەترسیت پەیدا کرد لەوەی کە پێی بزانرێت؛ فڕێی بدەرە ڕووبارەوە! نە بترسە نە خەفەتیشی بۆ بخۆ! چونکە ئێمە بەڕاستی دەیگێڕینەوە بۆ لات و لەئایندەشدا دەیکەین بە یەکێك لە پێغەمبەرە پەیامدارەکان».

دایکی مووسا سندووقێکی ئامادە کرد، شیری پێدا و خستیە ناوی، پاشان چووە کەناری نیل و خستیە ناو ئاوەکە! دڵی دایك کە بەسۆترین دڵە لە دنیادا؛ پڕ بوو لە ئازار و خەم، کە کوڕەکەی دەخاتە ئاوەوە، بەڵام دەیزانی خوا بۆ مووسا لەو میهرەبانترە، خوا پەروەردگاری مووسا و نیلیشە. هەر کە سندووقەکە خرایە ئاوەکەوە، خوا فەرمانی بە شەپۆلەکان کرد هێدی ببنەوە، چونکە منداڵێکی هەڵگرتووە کە دەبێتە پێغەمبەر، وەك

چۆن فەرمانی بە ئاگر کرد لە سەر ئیبراهیم فێنك بێتەوە، هەروا فەرمانی هێدیبوونەوەی بە نیلیش کرد، تا گەیاندییە کۆشکی فیرعەون و لەوێ لە کەنار ئاوەکەدا داینا.

لەو بەیانییەدا هاوسەرەکەی فیرعەون -کە بەپێچەوانەی مێردەکەیەوە، کەسێکی بڕوادار و بەبەزەیی و خاوێن و خەمخۆر بوو- هاتە باخی کۆشکەکە بۆ پیاسە. منداڵیشی نەبوو، هەموو هیوای ئەوە بوو منداڵی ببێت.

## مووسا دەچێتە ناو کۆشکی فیرعەونەوە:

کـاتێك کەنیزەکەکان چوون گۆزەکانیان پڕ کەن، لە ئاودا ســندووقەکەیان دۆزییەوە و راســتەوخۆ بردیانە لای هاوســەرەکەی فیرعەون، فەرمانی دا بیکەنەوە. کە کردیانەوە چاوی بە مووسـا کەوت و خۆشــەویســتیی چووە دڵیەوە، خوا خۆشەویستی مووسای خستە دڵ و دەروونی، بۆیە لە سندووقەکە دەریهێنا، مووسا خەبەری بووەوە و دەستی کردە گریان، برسی بوو، پێویستی بە شیرخواردنی بەیانیان بوو.

هاوســەرەکەی فیرعەون مناڵەکەی لە باوەش گرت و چووە لای فیرعەون، پرســیاری کرد: ئەم شــیرەخۆرەت لـە کوێ بوو؟! ئیتر باســی ســندووقەکەیان بۆ کرد. ئەویش بێبەزەییانە وتی: بێگومان ئەمە لە بەنی ئیســڕائیلە، مەگەر فەرمان ئەوە نییە ئەمســاڵ منداڵەکانیان بکوژرێن؟!

هاوسـەرەکەی هاواری کرد و بە توندی مناڵەکەی بە سـنگیەوە لکاند: «وَقَالَتِ امْرَأَتُ فِرْعَوْنَ قُرَّتُ عَيْنٍ لِّي وَلَكَ لَا تَقْتُلُوهُ عَـــسَـى أَن يَنفَعَنَا أَوْ نَتَّخِذَهُ وَلَداً» (القصص: ٩).

«خێزانەکەی نەیهێشت و وتی: هیوادارم ببێتە مایەی خۆشحاڵی و چاوڕوونی بۆ منیش و بۆ تۆش، مەیکوژن، بەڵکو لەئایندەدا سـوودمان پێ بگەیەنێت، یان دەیکەینە کوڕی خۆمـان». ئەو بێمنداڵیی فیرعەونی وەبیرهێنایەوە، بۆیە بە قسـەی کرد و مۆڵەتی پێدا منداڵەکە بەخێو کات لە کۆشکەکەی.

مووسا جارێکی تر لە برسا دەستی کردەوە بە گریان، بۆیە ژنەکە فەرمانی کرد ئافرەتانی شـیردەر ئامادەکەن، بەڵام چەندین کەسیان هێنا و مووسـا شیری هیچیانی نەخوارد و هەر دەگریا! بۆیە ژنەکەی فیرعەون نەیدەزانی چی بکات، «وَحَرَّمْنَا عَلَيْهِ الْمَرَاضِـعَ» (القصص: ١٢). «ئێمە هەرچی ئافرەتی شیردەرە لەومان حەرام کرد».

تەنها هاوسـەرەکەی فیرعەون بۆ شـیرنەخواردنەکەی مووسا بەپەرۆش نەبوو، بەڵکوو دایکیشی هەروا خەفەتبار بوو دەگریا، دەتوت دڵی هەڵکەندووە و خستوویەتیە نیلەوە، سـندووقەکە لە ئاوی نیلدا ون بوو، ئیتر هەواڵی لە کوڕە چکۆلەکەی نەما. بۆ سـبەینێ وەخـت بوو دڵی بتۆقێ، خەریـك بوو بچێت بۆ کۆشـکی فیرعەون بۆ ئەوەی هەواڵی کوڕەکەی بـدات پێیـان، بۆیـان بگێڕێتەوە کە چیی لێکردووە! بەڵام خوا خۆڕاگری و توندوتۆڵی بەخشـییە دڵی و ئارامی کردەوە، ئیتر هێدی بووەوە و دەستی لەو بیرۆکەیە هەڵگرت، تەنها کارێك کردی ئەوە بوو؛ وتی بە خوشـکەکەی مووسا: بە ئارامی بڕۆ بۆ کەنار کۆشکی فیرعەون و هەوڵ بدە بزانی چیی بە سەر براکەتدا هاتووە؟ بەڵام ئامان نەتبینن: «وَأَصْـبَحَ فُؤَادُ أُمِّ مُوسَـى فَارِغاً إِن كَادَتْ لَتُبْدِي بِهِ لَوْلاَ أَن رَّبَطْنَا عَلَى قَلْبِهَا لِتَكُونَ مِنَ الْمُؤْمِنِينَ. وَقَالَتْ لِأُخْتِهِ قُصِّـيهِ فَبَصُـرَتْ بِهِ عَن جُنُبٍ وَهُمْ لَا يَشْـعُرُونَ» (القصـص: ١٠-١١). «ئەوسـا دایکی مووسـا هەسـتی بە بێتاقەتی و بۆشـاییەکی زۆر دەکرد لە دڵ و دەروونی خۆیدا، بەڕاستی خەریك بوو ڕازەکە ئاشکرا بکات ئەگەر ئێمە

دڵیمان دامەزراو نەکردایە؛ تا لەو کەسانە بێت کە بڕوایان بە بەڵێنی خوا هەیە. پاشان بەخوشکەکەی مووسای وت: بڕۆ بە شوێنیدا. لە کەنارێکەوە (مووسای بەباوەشی ئافرەتێکەوە) بینی، ئەوان هەستیان بەوە نەکرد».

## خوای گەورە مووسا بە ساغ و سەلامەتی دەگەڕێنێتەوە لای دایکی:

خوشکەکەی مووسا هێدییانە بەڕێکەوت، هەواڵەکەی بە تەواوی بیست و مووساشی لە دوورەوە بینی و گریانەکەی بیست، بینیی هەموویان سەریان سووڕماوە و نازانن چی بکەن. بۆیە بە پاسەوانەکانی وت: ئەرێ خانەوادەیەکتان پێ بناسێنم شیری بدەنێ و بەخێیو خزمەتی کەن؟!: «فَقَالَتْ هَلْ أَدُلُّكُمْ عَلَى أَهْلِ بَيْتٍ يَكْفُلُونَهُ لَكُمْ وَهُمْ لَهُ نَاصِحُونَ» (القصص: ١٢). «ئایا ناونیشانی ماڵێکتان پێ بڵێم کە ئەو منداڵەتان بۆ بەخێو بکەن؛ دڵسۆز و میهرەبانیش بن بۆی؟!».

هاوسەرەکەی فیرعەون بەمە زۆر خۆشحاڵ بوو! داوای لێکرد ژنە شیرەدەرەکە ئامادە کات. خوشکەکەی مووسا گەڕایەوە لای دایکی و لەگەڵ خۆی بردی، ئەویش شیری دایە و دەسبەجێ خواردی! ژنەکەی فیرعەون بە خۆشحاڵییەوە هاواری کرد و وتی: لەگەڵ خۆت بیبە تا کۆتایی شیرخواردنی، پاشان بیهێنەوە لامان، ئێمەش پاداشتێکی زۆرت دەدەینێ لە بری پەروەردەکردنی، ئیتر ئاوا خوا مووسای گەڕانەوە لای دایکی؛ تا چاو و دڵی رۆشن بێتەوە و دەروونی ئاسوودە بێت، ئیتر خەم نەخوات و بزانێت بەڵێنی خوا راستە: «فَرَدَدْنَاهُ إِلَى أُمِّهِ كَيْ تَقَرَّ عَيْنُهَا وَلَا تَحْزَنَ وَلِتَعْلَمَ أَنَّ وَعْدَ اللَّهِ حَقٌّ

وَلَكِنَّ أَكْثَرَهُمْ لَا يَعْلَمُونَ» (القصص: ١٣). «بەو شێوەیە گێڕامانەوە بۆ لای دایکی تا دڵنیا و دڵئارام بێت و چاوی بە دیتنی ئاسوودە ببێت، ئیتر خەفەت نەخوات و لای روون بێت، کە بەڵێنی خوا هەق و راستە، بەڵام زۆربەی (ئەو خەڵکە) نازانن و هەستی پێ ناکەن».

دایکی مووسا قۆناغی شیردانی کۆتایی گەیاندە پایان و مووسای رادەستی ماڵی فیرعەون کردەوە. هەموو خۆشیان دەویست. خوای گەورە دەفەرموێت: «وَأَلْقَيْتُ عَلَيْكَ مَحَبَّةً مِّنِّي وَلِتُصْنَعَ عَلَى عَيْنِي» (طه: ٣٩). «خۆشەویستیم رژاند بەسەرتدا، تا لە ژێر چاودێریی مندا گەورە ببیت». هەرکەس دەیبینی؛ خۆشیدەویست، ئێستا بە چاودێری خوا لە گەورەترین کۆشکی دنیادا پەروەردە دەبوو. پەروەردەی مووسا لە ماڵی فیرعەوندا دەستی پێکرد، کە لەو کاتەدا پڕ بوو لە پەروەردەکارو فێرکار، ئاخر میسر لەو کاتەدا گەورەترین وڵاتی دنیا بوو، فیرعەونیش بەدەسەڵاتترین پادشای دنیا. ویستی خوا وابوو مووسا لە ماڵی دوژمنەکەیدا لە بەر دەستی پەروەردەکارە بەتواناکاندا گەورە ببێت!

## لە سوودەکانی بەسەرهاتەکە:

١- تەنها کەسێك شایانی ستایشە؛ کە بۆ خوا لێبڕابێت. باسی دایك و خوشكی مووسا کراوە بەپێچەوانەی باوکییەوە، چونکە رۆڵە ئیمانییەکە بەسترابوو بەم دایکە پیرۆزەوە. هەروەها ئاماژەشە بۆ گرنگیی دایك و گەورەیی رۆڵی لە ژیاندا.

٢- خوا هەرکەسی خۆشبوێت؛ خۆشەویستییەکەشی ئەخاتە دڵی خەڵکەوە.

٣- پەرستراوە ناهەقەکان بێدەسەڵاتن، فیرعەون خۆی بە خوا دەزانی کەچی منداڵێکی نەبوو!

٤- مووســـای کەلیموڵڵا لـە مـاڵی فیرعەونی دوژمنی خوادا پەروەردە بوو، تـا خوا بە دەستی ئەو لە ناوی ببات.

٥- کە دایکی مووسـا گوێڕایەڵیی فەرمانی خوای کرد و خستیە ناو ئاوەوە، خوا هێزی بەخشییە دڵی و کوڕەکەشی بە ڕێزەوە بۆ گەڕاندەوە. جا هەرکەس گوێڕایەڵیی خوا بێت یارمەتیی دەدات و لە شوێنی چاوەڕواننەکراوەوە ڕزقی بۆ دەنێرێت.

## مووسا دەگاتە تەمەنی بەهێزی:

مووســـا لـە مـاڵی فیرعەونـدا گەورە بوو، دەشــــیزانی کوڕی فیرعەون نییە و لە بەنی ئیسـڕائیلە. ئەو لەســەر ئەم ڕاستییە گەورە بوو، کە وڵاتەکەی دەبێتە دوو بەش: نەوەی یەعقووب کە بەنی ئیسـڕائیلن و عیبرین و سەردەمی یووسف لە فەلەستینەوە هاتوون، قیبتییە فیرعەونەکانیش کە لە بنەماوە مــــیسرین. جا ئەو بەردەوام شەڕ و قەڕەی نێوان ئەم دوو تاقمەی دەبینی.

«وَدَخَلَ الْمَدِينَةَ عَلَى حِينِ غَفْلَةٍ مِّنْ أَهْلِهَا» (القصص: ١٥). «لەکاتی غەفڵەتی خەڵکی شــــاردا خۆی کرد بە شــــەقام و بازاردا». مووســــا لە شــــارەکەدا دەگەڕا، پیاوێك لە فیرعەونییەکانی بینی لەگەڵ پیاوێك لە بەنی ئیسـڕائیل شەڕیەتی، کابرای لاواز داوای یارمەتیی لێکرد. مووســـاش -کە بەهێز بوو- بۆکســـێکی لە قیبتییکە دا و دەســـبەجێ

کوشتی! خۆ نەیدەویست کابرای ستەمکار بکوژێت، بەڵکوو ویستی دووری کاتەوە. ئیتر کە زانیی چی رووی داوە؛ وتی: «هَذَا مِنْ عَمَلِ الشَّيْطَانِ إِنَّهُ عَدُوٌّ مُّضِلٌّ مُّبِينٌ» (هەمان ئایەت). «ئەم کارە شەیتان پێی کردم (من نەمدەویست بیکوژم) بەڕاستی شەیتان دوژمنێکی گومڕا و ئاشکرایە». پاشان هاواری لە خوا کرد: «رَبِّ إِنِّي ظَلَمْتُ نَفْسِي فَاغْفِرْ لِي» (القصص: ١٦). «پەروەردگارا من بەڕاستی ستەمم لە خۆم کرد کاتێك لە دەستم دەرچوو ئەو کابرایەم کوشت، لێم ببوورە و بمبەخشە». خواش لێی خۆش بوو: «إِنَّهُ هُوَ الْغَفُورُ الرَّحِيمُ» (هەمان ئایەت).

مووسا سوپاسگوزاریی خوای کرد و لە ئازاردانی خەڵك و کوشتنی کابرای ستەمکار پەشیمان بووەوە: «قَالَ رَبِّ بِمَا أَنْعَمْتَ عَلَيَّ فَلَنْ أَكُونَ ظَهِيراً لِّلْمُجْرِمِينَ» (القصص: ١٧). «پەروەردگارا مادام ئاوا ناز و نیعمەتی لێخۆشبوونت بە سەردا رژاندم، من ئیتر هەرگیز نابمە پشتیوان بۆ تاوانکاران».

## دەرچوونی مووسا لە شارەکە بە ترس و بیمەوە:

«فَأَصْبَحَ فِي الْمَدِينَةِ خَائِفاً يَتَرَقَّبُ» (القصص: ١٨). «بە ترس و بیمەوە ئەو شەوەی تێپەڕ کرد و رۆژی کردەوە». ئەمە دۆخی مووسا بوو، دۆخی کابرایەك کە لە دووی دەگەڕێن و لە هەموو هەنگاوێکدا دەترسێت، بەردەوام چاودێری دەوروبەر دەکات! ئاخر کەسێکی کوشتووە، بۆیە زۆر نیگەران بوو!

مووسا بەڵێنی دا بە پەروەردگاری، کە پاڵپشتی ستەمکاران نەبێت و نەچێتە ناو شەڕ و قڕەیانەوە تا پشتی یەکێك لە ئاژاوەچییەکانی هۆزەکەی بێت، کەچی ئەوەنەی پێنەچوو

هەر کابرای دوێنێی بینی کە رزگاری کردبوو، ئەم جارەش لەگەڵ فیرعەونییەك شەڕی دەکرد و هاواری لە مووسا کرد. ئیتر مووسا زانیی ئەم کابرا عیبرییە ئاژاوەچییە، بۆیە بە تووڕەییەوە پێی وت: «إِنَّكَ لَغَوِيٌّ مُّبِينٌ» (هەمان ئایەت). «بەڕاستی تۆ کابرایەکی شەڕەنگێز و گێچەڵگێڕی ئاشکرایت». مووسا ئەمەی وت و چووە نێوانیانەوە تا بە کابرای میسریدا بکێشێت، کەچی عیبرییەکە وەیدەزانی لەو دەدات، بۆیە لە ترس و بیمدا؛ بۆ ئەوەی مووسا بێنێتە بەزەیی؛ باسی کوشتنی کابرای دوێنێی کرد و وتی: ئەوە دەتەوێ منیش وەك ئەو بکوژیت؟! بۆیە مووسا دەسبەجێ تووڕەیی نەما و بیری دوێنێی کەوتەوە کە چیی کرد و چۆن تۆبەی لێکرد، هەروەها بەڵێنی دابوو ئیتر پاڵپشتی تاوانباران نەبێت. بۆیەش گەڕایەوە و کەوتە داوای لێخۆشبوون کردن. بەڵام خۆ کابرای گەمژە دەریخست مووسا کابراکەی دوێکەی کوشتووە!

فیرعەونییەکە کە لەوێدا لەگەڵ عیبرییەکە شەڕی دەکرد؛ زانیی بکوژی کابرا میسرییەکەی رۆژی پێشتر مووسا بووە! بۆیە دەسبەجێ هەواڵەکەی لە هەموو شاردا بڵاوکردەوە و نهێنیی مووسا ئاشکرا بوو. کابرایەکی بڕوادار لەو پەڕی شارەوە بە هەڵەداوان هات و ئامۆژگاریی مووسای کرد لە میسر دەرچێت؛ چونکە فیرعەون و دارودەستەکەی دەیانەوێ بیکوژن!

«وَجَاء رَجُلٌ مِّنْ أَقْصَى الْمَدِينَةِ يَسْعَى قَالَ يَا مُوسَى إِنَّ الْمَلَأَ يَأْتَمِرُونَ بِكَ لِيَقْتُلُوكَ فَاخْرُجْ إِنِّي لَكَ مِنَ النَّاصِحِينَ. فَخَرَجَ مِنْهَا خَائِفاً يَتَرَقَّبُ قَالَ رَبِّ نَجِّنِي مِنَ الْقَوْمِ الظَّالِمِينَ» (القصص: ٢٠-٢١). «(دوای ماوەیەك) لەوپەڕی شارەوە پیاوێك بەپەلە هات و وتی: ئەی مووسا (فریای خۆت بکەوە) بەڕاستی داروودەستەی فیرعەون دانیشتوون و نەخشە دەکێشن تا بتکوژن، تا زووە دەرچۆ و ئێرە بەجێ بێڵە، بێگومان

من له دڵسۆزانم بۆ تۆ. مووسا له شار دەرچوو به ترس و بیمەوە، هەر سەیری ئەملا و ئەولای خۆی دەکرد، لەبەر خۆیەوە دەیوت: پەروەردگارا له دەست قەومی ستەمکار رزگارم بکە». جا ئەوانه بەڕاستی ستەمکار بوون، دەیانویست سزای کوشتنی ئەنقەستی بەسەردا سەپێنن؛ له کاتێکدا ئەو دەستێکی له کابراوە ناو به هەڵە کوشتی.

## رزگاربوونی مووسا له کوشتنەوە:

مووسا بەپەله میسری بەجێهێشت، نەچوو بۆ کۆشکی فیرعەون، جلوبەرگی نەگۆڕی، خۆراکی هەڵنەگرت و هیچ توێشەی سەفەری نەبرد، وڵاخێکیشی پێنەبوو سواری بێت و له ناو کاروانیشدا نەبوو، بەڵکوو هەر که کابرا هەواڵی دایە، ڕۆیشت و ڕێگایەکی نامۆ و نەناسراوی گرته بەر. مەبەستی شوێنێکی دیاریکراو نەبوو، یەکەم جاریشی بوو به تەنها له میسر دەچووە دەرەوە، بۆیه به تەنها کەوته دەشت و دەر.

## مووسا لەگەڵ پیاوە مەدیەنییەکە:

مووسا وەك کەسێکی وە دوونراو ڕۆیشت تا گەیشته شاری مەدیەن، ڕاستەوخۆ چووە شارەکە و بۆ ئاو گەڕا، بیرێکی گەورەی دۆزییەوە، لای بیرەکه دانیشت پشوو بدات، خەڵکیش ماڵاتەکەیان لێ ئاو دەدا. هەر ترسیشی له دڵدا بوو؛ نەوەك پیاوەکانی فیرعەون به دوایەوە بن! له ژێر دارێك دانیشت و پشووی داو پێڵاوەکانی له پێ کردەوە، که به هۆی ئەو هەموو ڕێگابڕینەی سەر بەرد و دار لەت و پەت ببوو. هیچ

پارەی پێنەبوو پێڵاو و خۆراك و خواردنەوە بکڕێت. جا سـەیری کرد کۆمەڵێك شـوان مەڕەکانیان ئاو دەدا و دوو ژنیشی بینی مەڕەکانیان دەگێڕنەوە، تا تێکەڵی مەڕی خەڵك نەبن!:

«وَلَمَّا وَرَدَ مَاء مَدْيَنَ وَجَدَ عَلَيْهِ أُمَّةً مِّنَ النَّاسِ يَسْقُونَ وَوَجَدَ مِن دُونِهِمُ امْرَأتَيْنِ تَذُودَانِ» (القصص: ٢٣). «کاتێك گەیشتە ئاوەکەی مەدیەن؛ خەڵکێکی بینی ماڵاتەکانیان ئاودەدا، لەولاشەوە دوو ئافرەتی بینی کە بەخۆیان و مەڕەکانیانەوە دوورەپەرێز وەستابوون». مووسا هەستی کرد دوو ئافرەتە گەنجەکە پێویستییان بە یارمەتییە، بۆیە بە ئەدەبەوە چووە پێشەوەو چاوی داگرت و وتی: دەتوانم یارمەتیتان بدەم؟ یەکیان وتی: ئێمە چاوەڕوانین شـوانەکان لە ئاودانی مەڕەکانیان تەواو بن تا ئێمەش مەڕەکانمان ئاو دەین. وتی: ئەی بۆ هەر ئێستا ئاویان نادەن؟ خانمەکەی تر وتی: ئێمە ناتوانین تێکەڵاوی پیاوەکان ببین: «لَا نَسْقِي حَتَّى يُصْدِرَ الرِّعَاء» (القصص: ٢٣). «ئێمە ناتوانین ماڵاتەکەمان ئاوبدەین هەتا شـوانەکان نەڕۆن و چۆڵی نەکەن». مووسا سەری لەوە سووڕما کە ئەم دوو ئافرەتە شـوانی مەڕن! چونکە وا باوە پیاو شوانی مەڕ بێت، ئاخر ئەرکێکی قورسە! مووسا وتی: باشە بۆچی ئێوە شوانی دەکەن؟! یەکیان وتی: باوکمان پیرە و ناتوانێ ئەم کارە بکات. مووسا دەسبەجێ وتی: وا من ئاوتان بۆ دەدەم.

مووسا چووە پێشەوە بۆ لای بیرەکە، سەیری کرد شوانەکان بەردێکی گەورەیان لە سەر بیرەکە داناوە بە دە پیاو لاناچێت، کەچی مووسا بەردەکەی هەڵگرت و لای برد! ئاخر پیاوێکی زۆر بەهێز بوو، بۆیە توانیی بە تەنها لایبات. ئیتر مەڕەکانی بۆ ئاودان و بەردەکەی خستەوە شوێن خۆی، پاشان جێیهێشتن و گەڕایەوە بۆ سێبەری دارەکە:

«فَسَقَى لَهُمَا ثُمَّ تَوَلَّى إِلَى الظِّلِّ» (القصص: ٢٤). «مووسا مەردانە شوانەکانی بڕدا و ماڵاتەکەیانی ئاودا و بەڕێی کردن، دوایی پشتی تێکردن و چووە ژێر سێبەرەکە».

مووسا برسی و ماندوو بوو، لەو ساتەدا یادی خوای کرد: « رَبِّ إِنِّي لِمَا أَنزَلْتَ إِلَيَّ مِنْ خَيْرٍ فَقِيرٌ» (هەمان ئایەت). «پەروەردگارا بەڕاستی تۆ خێر و بێری زۆرت بەسەردا ڕژاندووم، بەڵام هێشتا هەژارم و ئاتاجی بەخششی زیاترم».

کچەکان گەڕانەوە لای باوکیان. باوکیان وتی: ئیمڕۆ زوو هاتنەوە! یەکیان وتی: پیاوێکی بەڕێز لەپێش لە شوانەکانی تر مەڕەکانی بۆ ئاو داین. باوکی پێی وت: کچەکەم بڕۆ بۆ لای و پێی بڵێ: «إِنَّ أَبِي يَدْعُوكَ» (القصص: ٢٥). « باوکم بانگت دەکات» تا پێتبدات: «أَجْرَ مَا سَقَيْتَ لَنَا» (هەمان ئایەت). «پاداشتی ئەو چاکە و ئاودانی ماڵاتە کە بۆ ئێمەت ئەنجامدا». جا ئەمە ڕەوشتی پیاوچاکانە، پاداشتی ئەو کەسە دەدەنەوە خزمەتی پێکردوون. یەکێك لە دوو کچەکە چوو بۆ لای مووسا، بە شەرمەوە وەستا و پەیامەکەی باوکی ڕاگەیاند. مووسا هەستا و لەگەڵی بەڕێکەوت و سەریشی داخست. خۆ ئەو بۆ پاداشت مەڕەکانی بۆ ئاو نەدابوون، بەڵکوو تەنها لە بەر ڕەزامەندی خوا وایکرد.

گەیشتنە لای پیرەپیاوەکە. هەندێك لە موفەسسیران دەڵێن: ئەم پیاوە پێغەمبەر شوعەیب بووە لە پاش هۆزەکەی زۆر ژیاوە. هەندێك دەڵێن: برازای بووە. هەندێك دەڵێن: ئامۆزای بووە و هەندێکیش دەڵێن: پیاوێکی بڕوادار بووە لە هۆزی شوعەیب. ئێمە هەر ئەوەندە دەزانین پیرەپیاوێکی چاکەکار بووە.

پیاوەکە خۆراکی بۆ دانا و ڕێزی لێگرت، پاشان پرسیاری کرد: لە کوێوە هاتووی و بۆ

کوێ دەڕۆی؟ مووســـاش راشـــکاوانە هەمووی باس کرد. پیاوەکەش وتی: «لَا تَخَفْ نَجَوْتَ مِنَ الْقَوْمِ الظَّالِمِينَ» (القصـص: ٢٥). «مەترسە، تۆ ئیتر ڕزگارت بوو لە دەست قەومی ستەمکار». ئەم ناوچە سەر بە مـیسر نییە و ئەوان ناتگەنێ. بۆیە هێدی بووەوە و سوپاسگوزاریی خوای کرد و سوپاسی پیاوەکەشی کرد، هەستا بڕوات. پێش ئەوەی جێیـان بهێڵێـت؛ یەکێـك لـە کچەکـان بە چرپە بە باوکی وت: «قَالَتْ إِحْدَاهُمَا يَا أَبَتِ اسْتَأْجِرْهُ إِنَّ خَيْرَ مَنِ اسْتَأْجَرْتَ الْقَوِيُّ الْأَمِينُ» (القصـص: ٢٦). «یەکێك لە کچەکان وتی: بابە بۆ بە کرێی ناگریت، چونکە بەڕاســتی چاکترین کەســێك کە تۆ بیگریت بە کرێ، ئەم پیـاوە بەهێزو ئەمین و دەســتپاك و دەروونپاکەیە». باوکە گیان دەمانەوێت شـــوانییەکەمـان لـە کۆڵ بخەیـت، بۆیـە ئەم پیاوە بە کرێ بگرە، ئەمە چاکترین پیاوە، چونکە هەم بەهێزە و هەم دەستپاك.

باوکی وتی: چۆن زانیت بە هێزە؟! وتی: بەتەنها بەردی ســەر بیرەکەی لابرد، کە بە دە پیـاو بەزۆر لادەچێت! وتی: ئەی چۆن زانیت دەســتپاکە؟! وتی: ڕەتیکردەوە لە پاش منەوە بڕوات با لە کاتی ڕۆیشتندا چاوی لە من نەبێت، لەو ماوەدا چاویشی داگرتبوو، بەڕاستی چاوو دەستپاکە.

پیاوەکە گەڕایەوە بۆ لای مووســا و پێی وت: بۆ کوێ دەچی؟ من پێشــنیارێکم هەیە؛ لەگەڵ یەکێك لەم دوو کچەم هاوسـەرگیری بکە، دەزانم پارەشت نییە بیکەیتە مارەیی، با مارەییەکەی ئەوە بێت، هەشـت سـاڵ شـوانیمان بۆ بکەی، ئەگەر کردیشتە دە ساڵ؛ پیـاوەتیـت کردووە، من تۆم خۆش دەوێ و نـامەوێ ئـازارت بدەم: «قَالَ إِنِّي أُرِيدُ أَنْ أُنكِحَكَ إِحْدَى ابْنَتَيَّ هَاتَيْنِ عَلَى أَن تَأْجُرَنِي ثَمَانِيَ حِجَجٍ فَإِنْ أَتْمَمْتَ عَشْراً فَمِنْ عِندِكَ وَمَا أُرِيدُ أَنْ أَشُقَّ عَلَيْكَ سَتَجِدُنِي إِن شَاءَ اللَّهُ مِنَ الصَّالِحِينَ» (القصـص: ٢٧). «

باوکیان وتی: من پێم چاکە بتکەم بە زاوای خۆم، یەکێك لەم دوو کچەت لێ مارە بکەم، بە مەرجی ئەوەی هەشــت ساڵ لای من کار بکەیت، خۆ ئەگەر دە ساڵیشت بردە سەر ئەوە چـاکەی خۆتە، منیش نـامەوێت بێزارت بکەم و زۆرت بۆ بهێنم، دەمبینیت ئەگەر خوا بیەوێت لە چاکان دەبم».

مووسـا وتی: ئەمە گرێبســتێکی نێوان من و تۆیە و خواش شایەتە لە سەری، هەر کام لەو دوو کاتەم بردە سەر لە پاش ئەوە ئازادم بڕۆم: «قَالَ ذَلِكَ بَيْنِي وَبَيْنَكَ أَيَّمَا الْأَجَلَيْنِ قَضَـيْتُ فَلَا عُدْوَانَ عَلَيَّ وَاللَّهُ عَلَى مَا نَقُولُ وَكِيلٌ» (القصص: ٢٨). «وتی: ئەم پەیمانە لە نێوان من و تۆدایە، من پێی رازیم، بەڵام هەرکام لەو ماوانەم بۆ تەواو کرا؛ با ستەمم لێ نەکرێت و ئازادبم، خوای گەورەش شـایەت و ئاگایە بەوەی کە دەیڵێین و بڕیاری لەسەر دەدەین».

ئەوەی سەلمێندراوە ئەوەیە، مووسا هاوسەرگیریی لەگەڵ یەکێك لە کچەکان کرد، بەڵام نـازانین کامیانە و ناوی چییە، بە روونییش نازانین چەند ســاڵ مایەوە لای پیاوەکە، بەڵام بە پێی سروشتی مووسا و گەورەیی و مەزنیی بێت؛ دەبێت ماوە زۆرترەکە مابێتەوە، کە پرسـیاریشیان لە ئیبنوعەبباس کرد فەرمووی: ئەو ماوەیان مایەوە کە چاکەکارانە و وەفادارانەترە، ئاخر ئەگەر پێغەمبەری خوا شــتێك بڵێت دەیباتە ســەر، بۆیە دە ســاڵ خزمەتی پیاوەکەی کرد.[١]

---

[١] نووسـەری بەڕێز هەروا بەبێ سەرچاوە هێناویەتی، شێخی ئەلبانی بە سەحیحی ناساندووە. (سألتُ جبريلَ أيَّ الأجلَينِ قضى موسى؟ قال: أكمَلَهما وأَتَمَّهما) . شێخی ئەلبانی لە (سەحیحولجامیع: ٣٥٩١) بە سەحیحی ناساندووە.

چاودێریی مووسا لە لایەن خواوە:

کـاری مووســـا ئەوە بوو هەموو ڕۆژێـك لەگەڵ ســـپێـدە بڕواتـە دەرەوە بۆ ئاودان و لەوەڕاندنی مەڕەکان. جا با لێرەدا بوەســـتین و بیر کەینەوە، خوا بەهێز و توانای خۆی نەخشەیەکی بۆ مووسا داڕشت، لە سەردەمی شیرەخۆرییەوە تا ئێستا. خستیە ناو دەریا تا ماڵی فیرعەون بیگرنەوە، خۆشـەویستی ژنی فیرعەونی خستە سەری، بە نهێنی هاتە ناو شـار و کەسێکی کوشت، خوا پیاوێکی بڕواداری لە خانەوادەی فیرعەون بۆ نارد؛ تا ئامۆژگاریی کات لە مـــیسـر بڕوات، لەو هەموو دەشـت و بیابانەی مـــیسـر تا مەدینەیشدا پاراستی کە توێشە و خۆراکیشی پێنەبوو، پاشان لەگەڵ ئەو پیاوە پیرە کۆی کردەوە؛ تـا دە ســـاڵ بـە کرێی بگرێـت و پـاشـــان بگەڕێتەوە بۆ ئەنجـامی ئەرکـە سەرەکییەکەی. ئەمە هێڵێکی دوور و درێژی چاودێری و ئاراستەیە، بەر لە راسپاردنی ئەرکەکـە؛ ئەزموونی چـاودێری و خۆشـــەویســـتی، ئەزموونی هەڵـە، ئەزموونی تۆبە و گەڕانەوە، ئەزموونی ترس و بیم و راوەدوونان، ئەزموونی غەریبایەتی و برســـییەتی، ئەزموونی خزمەتکردن و شـــوانی لە پاش ژیانی کۆشـــك! جا ئەم ئەزموونە گەورانە، خۆیان پڕن لە ئەزموونی ورد و هەست و زانستی تر، تا گەیشتە ئەو کاتەی خوا زانست و دانایی پێ بەخشی.

پێغەمبەرایەتی ئەرکێکی قورســـە، خاوەنەکەی پێویســـتی بە توێشـــویەکی تەواوە لە ئەزموون و پەیپێبردن، تـا دەگـاتە قۆناغی وەحی و ئاراســـتەی خوایی، هەر بۆیە خوا خۆی پێغەمبەرەکـانی پەروەردە دەکات. پەیامی مووســـاش ئەرکێکی قورس بوو، ئەو نێرراو بوو بۆ لای فیرعەونی تاغووتی ســتەمکار، کە لە هەموو پادشـاکانی ئەو ســاتە لووتبەرزتر و ستەمکارتر بوو. نێررابوو بۆ رزگارکردنی هۆزێك کە لە جامی ژێردەستەیی

تێراو ببوو، وایلێهاتبوو بە شـــیرینی دەیخواردەوە! رزگار کردنی ئاوا هۆزێك ئەرکێکی دژوارە.

ئەزموونی دە ساڵەکە، بۆ ئەوە هات مەودا بخاتە نێوان ژیانی کۆشك و ژیانی هەوڵدان بۆ بانگەواز و ئەرکە قورسـەکانی. ژیانی کۆشـك داب و نەریتی تایبەتیی خۆی هەیە، بەڵام پێغەمبەرایەتی چەشـــتنی ئازار و زامە لە پێناو خەڵکێکدا، کە هەموو جۆرێکیان تێدایە؛ دەوڵەمەند و هەژار، نەرم و نیان و تووڕە، بە هێزو لاواز و... پێغەمبەرایەتی پڕە لە ئەرکی قورس، بەڵام دڵی کۆشکنشینان زۆر ناتوانێت خۆی لە بەر سەختی و ئازاردا بگرێت.

ئەم دە ســاڵە ئەزموونێکی گرنگ بوو، ژان و ئێشــێکی خوازراو بوو بۆ خۆڕاگری و رزگـاری لـە خۆبەزلزانی و لووتبەرزیی نەفس، ئەمـە مووســای ئـامادەی هەڵگرتنی ئەمانەتەکە کرد. دەرفەتێکیش بوو بۆ بیرکردنەوە و تێفکران لە دەسەڵات و گەردوون لە کاتی شـوانی و لە شەوانی دوور و درێژدا. ئەمە دە ساڵ بوو مووسا دوور لە فیرعەون و دارودەستەکەی و وڵات و کەس و کارەکەی تێپەڕی کرد، تا ئامادەی ئەرکە قورسەکە بێت.

کە مووسـا هەموو ئەزموونەکانی بردە سـەر، پاشـان بەم ئەزموونی غوربەتەی کۆتاییدا تەواو بوو؛ خوا گەڕاندییەوە بۆ شـوێنی یەکەمی، ئیتر ئاوا دەبینین چۆن مووسـا لە ژێر چاودێریی خوادا پەروەردە و ئامادە کرا بۆ ئەرکەکە.

باشـە چ بیرۆکەیەك مووسای بەرە و مـــیسر گەڕاندەوە؛ لە کاتێکدا بە ترس و بیمەوە جێیهێشـــتبوو؟! چۆن ئەو مەترســـییەی لـە بیر کردبوو کـە چـاوەڕوانییەتی؟! لەوێ

فیرعەونی لێیە لەگەڵ دارودەستەکەی چاوەڕوانن بیکوژێت، هێشتا مووسا چۆن گوێی نەدایە ئەمانە و سوور بوو لە سەر گەڕانەوە بۆ میسر؟! بەڵێ ئەوە خوای گەورەیە هەنگاوەکانی پێ هەڵدەهێنێت، ئەم جارەیان گەڕایەوە بۆ لای کەسوکارەکەی و مەترسییەکەی لە بیر بردەوە. بۆیە مووسا مۆڵەتی لە خەزووری وەرگرت تا لەگەڵ ماڵ و منداڵەکەی بەرەو میسر بڕوات.

## لە سوودەکانی ئەم بەسەرهاتە:

١- لە ڕێگای بانگەوازدا دوژمنانێك هەن کە هەوڵی لەناوبردنی بانگەوازەکە دەدەن، بەڵام خوا دەسەڵاتی بە سەر کاروباری خۆیدا هەیە.

٢- هەموو گەشتیارێك پێویستی بە توێشووە، هەروەها دەبێ ڕێگاو مەبەست بناسێت؛ ئەگەرنا تووشی ماندوویی و ئازار دەبێت.

٣- بۆ ئافرەت شیاو نییە تێکەڵی پیاوان ببێت؛ دەبێت لە ماڵ بمێنێتەوە. کارکردنیشی شیاو نییە؛ مەگەر بە پێی پێداویستی.

٤- لە واتاکانی پیاوەتی، یارمەتیدانی لاواز و ستەملکێراوە، ئەمە لە مەزنترین ڕەوشتەکانی پیاوانە.

٥- لە ڕەوشتی پیاوچاکان؛ پاداشت دانەوەیە بۆ ئەو کەسەی خزمەتێکی پێکردوون.

٦- جوانی و ڕازاوەیی ژن لە شەرم کردنیدایە، شەرم ڕەوشتی ئیسلامە؛ کە بەداخەوە ئەمڕۆ لێمان ون بووە.

٧- له ڕێزگرتنی میوان ئەوەیە؛ ترس و بیمی لێ دوور کەیتەوە و ئەمانی بدەیتێ.

## مووسای کەلیموڵڵا:

مووسا لەگەڵ خانەوادەکەی بەڕێکەوت، هەورە ڕەشەکان مانگیان داپۆشی و شەوەزەنگ بوو، هەورەتریشقەش دەستی پێکرد و دایکردە باران و سەرما و تاریکی زۆرتر بوو، بۆیە ڕێگای ون کرد. بە سەرسووڕمانەوە وەستا و دەلەرزا! پاشان سەری بەرز کردەوە و لە دوورەوە ئاگرێکی گەورەی بینی، زۆر خۆشحاڵ بوو! بە ماڵ و منداڵی وت: من ئاگرێکم بەدی کرد، چاوەڕوان بن تا دێمەوە. وتی هەر لێرە دانیشن تا دەڕۆم بۆ لای ئاگرەکە؛ بەڵکوو هەواڵێك بێنم یان کەسێك ڕێگام پیشان بدات یان بڵێسە ئاگرێك دەس خەم. مووسا خێرا بەرەو ئاگرەکە بەڕێکەوت، گۆچانەکەی بە دەستی ڕاستی گرتبوو، هەموو گیانیشی خووسابوو. هەروا ڕۆیشت تا گەیشتە دۆڵێك بە ناوی تووا(طوى). لەو دۆڵە شتێکی سەیری بینی؛ هیچ سەرما و بایەکی لێ نەبوو، هێمنایيەکی بێوێنە بوو! نزیکی ئاگرەکە بووەوە، تا بانگی لێکرا: «أَن بُورِكَ مَن فِي النَّارِ وَمَنْ حَوْلَهَا وَسُبْحَانَ اللَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ» (النّمل: ٨). «پیرۆزە ئەو کەسەی لەناو ئاگرەکە (ڕووناکييەکە)دایە و، ئەوەش لە دەوریدایە، وە پاك و بێگەردە خوای پەروەردگاری جیهانیان».

مووسا لە پڕ وەستا و لەرزا، دەنگەکە گەورە و سامناك بوو، ڕاستەوخۆ کاری لە دڵی کرد. لای کرد بە هەموو لایەکەوە کەسی نەبینی! سەیری ئاگرەکەی کرد و جەستەی لەرزا، ئاخر لە ناوەڕاستی ڕووناکیەکەدا دارێکی سەوزی بینی! کە گڕی ئاگرەکە زۆر

دەبوو ســەوزایی دارەکەش زۆری دەکرد؛ بە پێچەوانەی داری ترەوە کە بە ســووتان ڕەش دەبێتەوە. دارەکە لە کێویکی بەری ڕۆژئاواوە بوو؛ لە دەستی ڕاستییەوە. پاشان زەوییش لەرزا و پەروەردگار بانگی کرد: «یَا مُوسَى».

مووسا سەری بەرز کردەوە و وتی: بەڵێ! خوا فەرمووی: «إِنِّي أَنَا رَبُّكَ» (طه: ١٢). «دڵنیابە من پەروەردگاری تۆم!». وتی: بەڵێ ئەی پەروەردگارم! خوا فەرمووی: «فَاخْلَعْ نَعْلَيْكَ إِنَّكَ بِالْوَادِ الْمُقَدَّسِ طُوًى» (هەمان ئایەت). «پێڵاوەکانت دابکەنە، چونکە بێگومان تۆ لە دۆڵی پیرۆزی تووادایت». مووسا کوڕنووشی برد و پێڵاوەکانی لە پێ کردەوە. پەروەردگار فەرمووی: «وَأَنَا اخْتَرْتُكَ فَاسْتَمِعْ لِمَا يُوحَى. إِنَّنِي أَنَا اللَّهُ لَا إِلَهَ إِلَّا أَنَا فَاعْبُدْنِي وَأَقِمِ الصَّلَاةَ لِذِكْرِي. إِنَّ السَّاعَةَ ءاتِيَةٌ أَكَادُ أُخْفِيهَا لِتُجْزَى كُلُّ نَفْسٍ بِمَا تَسْعَى. فَلَا يَصُدَّنَّكَ عَنْهَا مَنْ لَا يُؤْمِنُ بِهَا وَاتَّبَعَ هَوَاهُ فَتَرْدَى» (طه: ١٣-١٦). «من هەڵمبژاردوویت (بۆ ڕابەرایەتی و پێغەمبەرایەتی)، جا گوێ بگرە بۆ ئەو شتانەی لە ڕێگەی وەحی و نیگاوە پێت ڕادەگەیەنرێت. بەڕاستی من (اللّه)م، من خوام، هیچ خوایەك نییە جگە لە من، کەواتە هەر من بپەرستە و نوێژەکانیشت بەچاکی ئەنجام بدە، تا هەمیشە منت لە یاد بێت. بێگومان ڕۆژی قیامەت بەڕێوەیە و هەر دێت، نزیکە بیشارمەوە بۆ ئەوەی هەموو کەسێك بە گوێرەی کار و کردەوە و هەوڵ و کۆششی پاداشت بدرێتەوە. نەیەڵێت ئەو کەسانەی کە باوەڕیان بەقیامەت نییە و شوێنی ئارەزووی خۆیان کەوتوون (لەو ڕاستییە) وێڵت بکەن، چونکە ئەوسا تیادەچیت و زەرەر دەکەیت».

## دەسپێکی پێغەمبەرایەتی و یەکەم موعجیزەکان:

ترس و لەرزی مووسا زۆرتر بوو، هاوکات وەحیی خوایشی وەردەگرت و گوێی دابووە پەروەردگاری کە بانگی لێدەکرد، پێی فەرموو: «وَمَا تِلْكَ بِيَمِينِكَ يَا مُوسَى» (طه: ١٧). «ئەی ئەوە چییە بەدەستی راستتەوە؟». زۆرتر ترسا! باشە خۆ خوا قسەی لەگەڵ دەکات و چاکتر لەو دەزانێت ئەمەی دەستی گۆچانە؛ ئیتر بۆ پرسیاری لێدەکات؟! بێگومان هۆیەکی دانایانەی هەیە. وتی: «قَالَ هِيَ عَصَايَ أَتَوَكَّأُ عَلَيْهَا وَأَهُشُّ بِهَا عَلَى غَنَمِي وَلِيَ فِيهَا مَآرِبُ أُخْرَى» (طه: ١٨). «وتی: ئەوە گۆچانەکەمە، خۆمی بەسەردا دەدەم و (دەیماڵم بەدرەختدا)، تا گەڵا بوەرێنم بۆ مەڕەکانم، چەند مەبەستێکی تریشم تێیدا هەیە». جا بڕوانە مووسا چۆن هۆگری پەروەردگاری بوو! ئەو پرسیاری لێکرد: ئەوە چییە بە دەستی راستتەوە؟ ئاسایی بوو وەڵام بداتەوە: ئەوە گۆچانەکەمە، بەڵام درێژەی بە گفتوگۆکەدا، درکی بەوە کرد لەگەڵ پەروەردگار دەدوێ، بۆیە نەیدەویست تەواو ببێت، حەزی دەکرد زیاتر ببیستێ و زیاتر لەگەڵ خوا گفتوگۆ بکات.

خوا فەرمووی: «أَلْقِهَا يَا مُوسَى» (طه: ١٩). «دە فڕێی دە ئەی مووسا». ئەویش دەستبەجێ گۆچانەکەی فڕێ دا، لەپڕ بووە مارێکی زۆر گەورە و زەبەلاح، کە بە خێرایی دەجووڵایەوە. ئەم جارە مووسا خۆی نەگرت و بەپەلە رایکرد لای نەکردەوە. هەروا هەنگاوی دەنا خوا بانگی لێکردەوە: «يَا مُوسَى لَا تَخَفْ إِنِّي لَا يَخَافُ لَدَيَّ الْمُرْسَلُونَ» (النمل: ١٠). «ئەی مووسا مەترسە، چونکە بەڕاستی پێغەمبەران لە لای من ناترسن و بیمیان نییە».

مووسا گەڕایەوە و وەستا، مارەکە هەر دەجووڵایەوە. خوا پێی فەرموو: «خُذْهَا وَلَا

تَخَفْ سَـــنُعِيـدُهَـا سِـــيرَتَهَـا الْأُولَى» (طـه: ٢١). «بیگرە و مەترســـە، وەكوو خۆیی لێدەکەینەوە». مووسـا بە ترس و لەرزەوە دەسـتی دایە مارەکە و دەسـبەجێ بووەوە بە گۆچانەکەی خۆی!

## موعجیزەی دەست:

پاشـان گفتوگۆکە دەسـتی پێکردەوە، خوا بە مووسـای فەرموو: «اسْلُكْ يَدَكَ فِي جَيْبِكَ تَخْرُجْ بَيْضَـاءَ مِنْ غَيْرِ سُـوءٍ وَاضْـمُمْ إِلَيْكَ جَنَاحَكَ مِنَ الرَّهْبِ» (القصص:٣٢). «ئینجا دەســـتت بخەرە بن باخەڵتەوە، بە شـــێوەیەکی ســـپی بێگەرد و بێ پەڵە و بێ عەیب». مووسـا دەستی بە باخەڵیدا کرد و دەریهێنا، وەك مانگ دەدرەوشایەوە، جا چونکە ئەم جارەش ترسـا، خوا فەرمانی پێدا دەسـتی لە سـەر دڵی دانێت و هێدی بووەوە، ئیتر مووسـا تەواو دڵنیا بوو، زانیی لە پشت ئەمانەوە کارێکی گەورە هەیە دەبێت ملکەچی بێت.

## راسپاردنی لە لایەن خواوە بۆ بانگەوازی فیرعەون:

خوا لە پاش ئەم دوو موعجیزەیە؛ فەرمانی پێدا بڕوات بۆ لای فیرعەون و بە نەرمونیانی بانگی کات بەرە و خوا، فەرمانیشـی پێبدات خۆی و بەنی ئیسـڕائیل وەل کات، تا لە مـیسر بچنە دەرەوە و بڕۆن بۆ زەوییە پیرۆزەکە. مووسـا ترسـی خۆی لە فیرعەون دەرخسـت و وتی: من یەکیانم کوشـتووە و دەترسم بمکوژنەوە، داواشی کرد هاڕوونی

براشــی لەگەڵیـا بنێرێـت تا یارمەتیی بدات و ببێتە پاڵپشــتی. خوا دڵنیای کردەوە کە لەگەڵی دەبێت، هەموو شتێك دەبیستێت و دەبینێت و بە سەر هەموو شتێکیشدا توانای هەیە. دڵنیاشی کردەوە فیرعەون هیچ ئازارێکیان پێناگەیەنێت، تێیگەیاند هەموو کارێك بە دەســتی ئەوە. لێرەدا مووســا نزای کرد، کە خوا ســینە فراوانی کات و کاروباری بۆ ئاسان کات.

«وَاصْطَنَعْتُكَ لِنَفْسِي»: خوا مووسای بۆ گەیاندنی پەیامەکەی هەڵبژارد و بۆ خۆی پەروەردەی کرد، ئەمەش ڕێزلێگرتنێکی زۆر تایبەتە کە کەس جگە لە مووسا ناناسین ئەم پلەیەی بەدەست هێنابێت! پاش پێغەمبەرایەتی و هەڵبژاردنەکەی، مووسا گەڕایەوە لای خانەوادەکەی و بەرە و مـیسر بەڕێکەوتن.

کە مووسا بەرە و مـــیسر هەنگاوی دەنا، خوا خۆی دەزانێت بیری لە چی دەکردەوە، ڕۆژانێکی دژوار دەســتی پێکردبوو، ئێســتـا ئەمانەتی پەروەردگاری لە کۆڵ نابوو بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی مەترسیدارترین و خراپەکارترین ستەمکاری ئەو سەردەمە. مووسا دەیزانی فیرعەون تـاغووتە، دەیزانی بێ ململانێ بەنی ئیســڕائیلی رادەســت ناکات، دەیزانی دژی بانگەوازەکەی هەڵوێستی نکووڵی و خۆبەزلزانی دەگرێتە بەر، بەڵام خوا فەرمـانی پێـدابوو بۆ چوونە لای فیرعەون و بانگەوازکردنی بە نەرمونیانی: «اذْهَبَا إِلَى فِرْعَوْنَ إِنَّهُ طَغَى. فَقُولاَ لَهُ قَوْلاً لَّيِّناً لَّعَلَّهُ يَتَذَكَّرُ أَوْ يَخْشَـى. قَالاَ رَبَّنَا إِنَّنَا نَخَافُ أَن يَفْرُطَ عَلَيْنَا أَوْ أَن يَطْغَى. قَالَ لَا تَخَافَا إِنَّنِي مَعَكُمَا أَسْـمَعُ وَأَرَى. فَأْتِيَاهُ فَقُولاَ إِنَّا رَسُـولاَ رَبِّكَ فَأَرْسِـلْ مَعَنَا بَنِي إِسْـرَائِيلَ وَلَا تُعَذِّبْهُمْ قَدْ جِئْنَاكَ بِآيَةٍ مِّن رَّبِّكَ وَالسَّـلَامُ عَلَى مَنِ اتَّبَعَ

الْهُدَى» (طه: ٤٣-٤٧). «هەردووکتان بچن بۆ لای فیرعەون، چونکە بەڕاستی ئەو لە سنووردەرچووە و لە سنووری بەندایەتی ترازاوە. هەردووکتان بە نەرمی و جوانی گفتوگۆی لەگەڵدا بکەن، بۆ ئەوەی یاداوەری وەربگرێت، یان ترس لە دەروونیدا جێبگرێت. مووساو هاڕوون وتیان: پەروەردگارا؛ ئێمە بەڕاستی دەترسین پەلامارمان بدات و لەناومان بەرێت (پێش ئەوەی پەیامەکەتی پێ رابگەیەنین)، یان زیاتر سەرکەشیی بکات! خوای گەورە فەرمووی: مەترسن؛ من بەڕاستی لەگەڵتاندام، دەبیستم و دەبینم. ئینجا بچن بۆ لای و پێی بڵێن: ئێمە هەردووکامان لەلایەن پەروەردگاری تۆوە رەوانە کراوین، نەوەی ئیسڕائیل ئازاد بکە با لە گەڵماندا بن، سزاو ئازاریان مەدە، بەڕاستی ئێمە هاوڕێ لەگەڵ موعجیزەی تایبەتی لە لایەن پەروەردگارتەوە ڕەوانە کراوین، سڵاویش لەسەر ئەو کەسانە بێت کە شوێنی هیدایەت و رێبازی راستەقینە کەوتوون».

ئەمە ئەرکە دیاریکراوەکە بوو کە هەزاران بەربەستی لە بەردەمدا بوو، فیرعەون بەنی ئیسڕائیلی سزا دەدا، کردبوونییە کۆیلە و بێگاریی پێدەکردن، ژنەکانی دەهێشتنەوە و کورەکانی سەر دەبڕین، وەک بڵێیت دارایی و سامانی تایبەتی خۆین! مووسا گەیشتە میسر؛ خۆی و هاڕوونی برای راستەوخۆ چوونە لای فیرعەون! دیدار دەستی پێکرد: «إِنَّا رَسُولُ رَبِّ الْعَالَمِينَ. أَنْ أَرْسِلْ مَعَنَا بَنِي إِسْرَائِيلَ» (الشعراء: ١٦-١٧). «ئێمە بەڕاستی هەردووکمان نێردراوی پەروەردگاری جیهانیانین. داوات لێدەکەین کە دەستبەرداری نەوەی ئیسڕائیل ببیت و ئازادیان بکەیت با لەگەڵ ئێمەدا بن».

## دیداری مووسا و فیرعەون:

مووسا زۆر بە نەرم و نیانی چووە لای فیرعەون، وەك خوا فەرمانی پێدابوو: «فَقُلْ هَل لَّكَ إِلَى أَن تَزَكَّى. وَأَهْدِيَكَ إِلَى رَبِّكَ فَتَخْشَــــى» (النازعات: ١٨-١٩). «پێی بڵێ: باشە ئەوە نـاكرێـت دڵ و دەروون و كردارو رەفتـارت پـاك و جوان و پوختە بێـت؟! تـا رێنموویت بكەم بۆ ناســینی پەروەردگارت، تا ترســی (ســزای) ئەو زاتەت هەبێت؟». مووسا باسی خوای بۆ كرد، باسی بەزەیی و بەهەشتی خوا، پێویستیی یەكخواپەرستی. ئاماژەی بەوە دا؛ ئەو خاوەنی مـیسرە و دەتوانێ ببێتە خاوەنی بەهەشتیش، جا بۆ ئەمە هیچی لـە ســـەر نییە جگـە لەخواترســـی. فیرعەون بـە نابەدڵی و گاڵتەوە گوێی دایە قسەكانی، پێی وابوو شێتە! پاشان فیرعەون پرسیاری لێكرد: چیت دەوێ؟! فەرمووی: بەنی ئیسرائیلم لەگەڵ بنێرە!

فیرعەون سەری لەم داواكارییە سووڕما! كۆتا بیرەوەریی فیرعەون لە مووسا ئەوە بوو؛ لە كۆشــكەكەیدا پەروەردەیان كرد، پاشــان قیبتییەكی كوشــت و دەرچوو. جا چەندە مەوداكە زۆرە لە نێوان كۆتا بیرەوەری و ئەم داوا گەورەیەی ئێســتا لە پاش دە ساڵ؟! بۆیە فیرعەون دەســی كردە وەبیرهێنانەوەی رابردوو، وتی ئەمە پاداشــتی ئەوەیە كە بە رێزەوە پەروەردەمـان كردی؟! بۆ ئەوە بوو ئێســـتـا بێی دژایەتیی ئایینەكەمان بكەی و دژی ئەو پادشـایە هەستی كە لە كۆشكەكەیدا پەروەردە بوویت و خوایەك غەیری ئەو بپەرستی؟! هەروەها بە سامەوە باسی كوشتنی كابرای قیبتی ئەكات، راشكاوانە ناڵێ كابرایەكت كوشــت؛ دەڵێ: «وَفَعَلْتَ فَعْلَتَكَ الَّتِي فَعَلْتَ وَأَنتَ مِنَ الْكَافِرِينَ» (الشـعراء: ١٩). «ئەوەشت كرد كە كردت! دیارە كە تۆ لە ریزی ئەو كەسانەدایت كە ناشكورن و پاداشتی پیاوەتی نازانن».

فیرعەون وایـدانـا وەلامێکی بـە مووســـا داوەتەوە ئیتر ئەو ناتوانێت هیچ بلێت، بەلام ڕەوانبێژانە کەوتە قسە: «قَالَ فَعلْتُهَا إِذاً وَأَنَا مِنَ الضَّالِّينَ» (الشعراء: ٢٠). «ئەو کارەم کرد، چونکە نەزان بووم و دەمارگیریم بۆ هۆزەکەم هەبوو». «فَفَرَرْتُ مِنكُمْ لَمَّا خِفْتُكُمْ» (الشـعراء: ٢١). «ترسـام بەلایەك بە سەرمدا بێنن بۆیە رامکرد». ئیتر خوا خێری کردە بەهرەم و ژیریی پێبەخشـــیم و کردمیـە پێغەمبەر» «وَجَعَلَنِي مِنَ الْمُرْسَـلِينَ» (هەمان ئایەت).

مووسا قسەکانی بە هەمان پتەوی تەواو دەکات: «وَتِلْكَ نِعْمَةٌ تَمُنُّهَا عَلَيَّ أَنْ عَبَّدتَّ بَنِي إِسْـرَائِيلَ» (الشــعراء: ٢٢). «جا ئەوە ناز و نیعمەتە منەتم بەسـەردا دەکەیت؛ کە تۆ نەوەی ئیسرائیلت کردۆتە بەندەی خۆت و زەلیلت کردوون؟!!». پەروەردەبوونی من لە ماڵی تۆدا لە بەر ئەوە بوو بەنی ئیسـرائیلت کردبووە کۆیلە و کوڕەکانیانت دەکوشـت، ئیتر دایکم منی خســتـە دەریـاوە و هێنرامـە ماڵی تۆ، لە بەر ئەمەیە منەت دەکەی بە سەرما؟ ئەمەیە چاکەکارییە گەورەکەی تۆ؟!

## وتووێژی نێوان ئیسلام و کوفر:

لەم کاتەدا فیرعەون هاتە ناو باسـەکەوە: «قَالَ فِرْعَوْنُ وَمَا رَبُّ الْعَالَمِينَ» (الشــعراء: ٢٣). «ئینجا فیرعەون وتی: باشـە، پەروەردگاری جیهانیان کێیە؟». مووسـا وتی: «رَبُّ السَّـمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَمَا بَيْنَهُمَا إن كُنتُم مُّوقِنِينَ» (الشـعراء: ٢٤). « مووسـا وتی: ئەو پەروەردگارە بەدیهێنەری هەموو ئاســمانەکان و زەویە و هەرچیش وا لە نێوانیاندایە؛ ئەگەر ئێوە بڕوا دەکەن و دڵنیـا دەبن». فیرعەون ڕووی کردە دەوروبەرەکەی و بـە

گاڵتەوە وتی: «أَلَا تَسْتَمِعُونَ» (الشعراء: ٢٥). «ئەوە گوێ ناگرن چی دەڵێت؟!». وەك گاڵتەی پێبکات و بڵێت: لەمە نامۆترتان بیستووە؟ دەی ببیستن. مووسا گوێی نەدایە گاڵتە کردنەکەی و درێژەی بە قسەکانی دا: «رَبُّكُمْ وَرَبُّ آبَائِكُمُ الْأَوَّلِينَ» (الشعراء: ٢٦). «پەروەردگاری من پەروەردگاری ئێوەش و پەروەردگاری باوو باپیرانی دێرینیشتانە».

فیرعەون رووی کردە خەڵکەکەو وتی: «إِنَّ رَسُولَكُمُ الَّذِي أُرْسِلَ إِلَيْكُمْ لَمَجْنُونٌ» (الشعراء: ٢٧). «بە ڕاستی ئەو پێغەمبەرەی بۆ ئێوە رەوانە کراوە شێتە!».

مووسا ئەم جارەش گوێی نەدایە گاڵتە کردنەکەی و قسەکانی تەواو کرد: «رَبُّ الْمَشْرِقِ وَالْمَغْرِبِ وَمَا بَيْنَهُمَا إِن كُنتُمْ تَعْقِلُونَ» (الشعراء: ٢٨). «پەروەردگاری خۆرهەڵات و خۆرئاوا و هەموو ئەو شتانەشە کەوا لە نێوانیاندایە، ئەگەر ئەقڵ و بیروهۆشتان بخەنە کار!». فیرعەون وتی: «فَمَن رَّبُّكُمَا يَا مُوسَى» (طه: ٤٩). «باشە ئەی مووسا، پەروەردگاری ئێوە کێیە؟!». جا پرسیارەکەی فیرعەون بۆ وە دەستهێنانی زانست نەبوو، بەڵکوو گاڵتەی دەکرد. بەڵام مووسا بە جوانی وەڵامی دایەوە: «قَالَ رَبُّنَا الَّذِي أَعْطَى كُلَّ شَيْءٍ خَلْقَهُ ثُمَّ هَدَى» (طه: ٥٠). « وتی: پەروەردگارمان ئەو زاتەیە کە هەموو شتێکی بەتایبەتی و رێکوپێکی درووستکردووە، پاشان رێنموویی کردووە تا بەچاکی دەوری خۆی ببینێت». بەدیهێنەری هەموو بوونەوەرانە، رێنما و ئاراستەوانیانە، ئەو بەرەو هەموو شتێك دەیانبات و هەر ئەویش ئاگای لێیانە و بەردەوام شایەتە لە سەریان.

رستەکە هیچ کاریگەری لە سەر مێشکە پووتەکەی فیرعەون نەبوو، پرسیاری کردەوە:

«قَالَ فَمَا بَالُ الْقُرُونِ الْأُولَى» (طه: ٥١). «ئەی ئەو هەموو خەڵكەی كە لەوەو پێش تیاچوون، چیان لێهات و سەرەنجامیان چۆنە؟! ». فیرعەون هەر لووتبەرزی دەنوواند و مووساش وەڵامی دەدایەوە تا وای لێكرد باسی نەوەكانی پێشوو بكات، مووسا هەواڵی دایەوە: هەموو شتێك لای خودا دیاریكراوە، ئەم نەوانەی پێشووو«عِلْمُهَا عِندَ رَبِّي فِي كِتَابٍ» (طه: ٥٢) «خوا هەموو كردەوەكانیانی لە نامەیەكدا نووسیوە»، «لَّا يَضِلُّ رَبِّي وَلَا يَنسَى» (هەمان ئایەت)؛ «هیچی لێ ون نابێت و هیچ شتێك نییە ئاگای لێنەبێت». تا فیرعەون دڵنیا كات كە خوا دەربارەی نەوەی پێشوو دوایی هەموو شتێك دەزانێت و كردەوەكانیان تۆمار دەكات و پاداشتیان نافەوتێنێت.

مووسا قسەكانی دەربارەی پەروەردگار ئاوا تەواو كرد: «الَّذِي جَعَلَ لَكُمُ الْأَرْضَ مَهْداً وَسَلَكَ لَكُمْ فِيهَا سُبُلاً وَأَنزَلَ مِنَ السَّمَاءِ مَاءً فَأَخْرَجْنَا بِهِ أَزْوَاجاً مِّن نَّبَاتٍ شَتَّى. كُلُوا وَارْعَوْا أَنْعَامَكُمْ إِنَّ فِي ذَلِكَ لَآيَاتٍ لِّأُوْلِي النُّهَى. مِنْهَا خَلَقْنَاكُمْ وَفِيهَا نُعِيدُكُمْ وَمِنْهَا نُخْرِجُكُمْ تَارَةً أُخْرَى» (طه: ٥٣-٥٥). «ئەو زاتەی كە زەویی بۆ ئێوە بارهێناوە وەكوو لانكە (لەسەری دەحەوێنەوە)، هەروەها جۆرەها رێگەی تیادا بۆ فەراهەم هێناون، لە ئاسمانیشەوە باران دادەبەزێنێت، كە بەهۆیەوە چەندەها جووت رووەكی پێ رواندووە. خەڵكینە بخۆن (لەو بەرهەم و بەرەكەتە)، ماڵاتەكانیشتان بلەوەڕێنن، بەڕاستی ئا لەو شتانەدا بەڵگە و نیشانەی زۆر هەیە بۆ كەسانی ژیر و هۆشمەند. ئێمە ئێوەمان هەر لەم زەوییە درووستكردووە، (دوای ماوەیەک) دەتانخەینەوە ناوی، پاشان جارێكی تر دووبارە لەو زەویە دەرتان دەهێنینەوە». مووسا سەرنجی فیرعەونی بۆ لای نیشانەكانی خوا لە گەردووندا راكێشا، تێیگەیاند خوا مرۆڤی لە خاك خۆلقاندووە و دەشیگەڕێنێتەوە بۆ خاك، لە قیامەتیشدا دەریدەهێنێتەوە لێی. كەواتە زیندوو

بوونەوەیەکیش هەیە و هەموو مرۆڤێك رۆژی دوایی لە پێشگای خوادا دەوەستێت و فیرعەونیش لە ناویاندا؛ تا دەربارەی کردەوەکانیان پرسیاریان لێبکات و حسابیان لە سەر بکات.

فیرعەون ئەم قسانەی پێ خۆش نەبوو؛ ئاخر دەسەڵاتی تاغووتی لە هیچ شتێك بەقەد هۆشیاری نەتەوەکان و بێداریی دڵەکان ناترسێت، لە هیچ کەس بەقەد بانگەوازخوازان بەرەو هۆشیاری و ئاگاداری رقی نابێتەوە، رق لە کەسیش هەڵناگرێ وەك ئەو رقەی هەڵیدەگرێ لەو کەسەی دڵ و دەروونە خەوتووەکان خەبەر دەکاتەوە!! بۆیە فیرعەون زۆر رقی لە مووسا هەستا و لێی تووڕە بوو، گفتوگۆکەشی بە هەڕەشەی راشکا و تەواو کرد! جا ئەمە چەکی ستەمکارانە ئەو کاتەی بەڵگەیان نامێنێت: «قَالَ لَئِنِ اتَّخَذْتَ إِلَهاً غَيْرِي لَأَجْعَلَنَّكَ مِنَ الْمَسْجُونِينَ» (الشعراء: ٢٩). «فیرعەون سوێندی خوارد و وتی: ئەگەر جگە لە من کەسێکی تر بکەیتە خوای خۆت و فەرمانبەرداری بیت، دەتخەمە ریزی بەندکراوەکانەوە و زیندانیت دەکەم».

بەڵام مووسا لەسەرخۆ بوو، ئاخر ئەو پێغەمبەرە و خوا لەتەك خۆی و براکەیایەتی، بۆیە هەوڵی دا بە شێوازی نوێ فیرعەون رازی بکات، کە دەرخستنی موعجیزە بوو: «قَالَ أَوَلَوْ جِئْتُكَ بِشَيْءٍ مُّبِينٍ» (الشعراء: ٣٠). «مووسا وتی: باشە ئەگەر بەڵگە و شتێکی ئاشکرات پیشان بدەم؟». مووسا فیرعەون لە بەر چاوی داروودەستەکەی دەخاتە لەڕوودامانەوە، ئەو خاوەنی بەڵگەی بەهێزە، جا ئەگەر فیرعەون گوێی نەداتێ ئەوە دیارە ترساوە: «قَالَ فَأْتِ بِهِ إِن كُنتَ مِنَ الصَّادِقِينَ» (الشعراء: ٣١). «فیرعەون وتی: ئادەی بزانم چیت پێدەکرێت ئەنجامی بدە ئەگەر راست دەکەیت؟!!».

مووســا دەســبەجێ گۆچـانەکەی فڕێ داو بوو بـە مـارێکی زەبەلاح، کـە بەپەلـە دەجووڵایەوە، پاشان دەستی خستە باخەڵی و دەریهێنا؛ وەك مانگ دەدرەوشایەوە، لێرە فیرعەون بە پێکەنینەوە هاواری کرد: ئەمە جادووە و زۆر ئاسـانە، ئێمە جادووگەری زۆر لە تۆ چاکترمان هەیە!

## قۆناغی دووەمی ڕووبەڕوو بوونەوە: مووسـا و جادووگەرەکانی فیرعەون:

قۆنـاغی دووەمی نێوان هەق و باتڵ؛ ئەو کاتە دەســتی پێکرد کە فیرعەون ڕاوێژی لە دەوروبەرەکەی خواست: «قَالَ لِلْمَلَإِ حَوْلَهُ إِنَّ هَذَا لَسَاحِرٌ عَلِيمٌ . يُرِيدُ أَن يُخْرِجَكُم مِّنْ أَرْضِكُم بِسِحْرِهِ فَمَاذَا تَأْمُرُونَ» (الشعراء: ٣٤-٣٥). «فیرعەون (هیچی بۆ نەمایەوە) بە دانیشتووانی دەوروبەری خۆی وت: ئەم (پێغەمبەرە) جاودووگەرێکی زاناو شارەزایە!! دەیەوێـت لەســەر زەوی خۆتـان دەرتـان بکـات بەهۆی جادووەکەیەوە، فەرمانتان بە چییە؟!». دەوروبەرەکەی دەورووژێنێت بۆ پاڵپشتیی وڵاتەکەیان، سوودی ئەوانیش لە مانەوەی دەســەڵاتەکەدایە چونکە خۆشـیان خاوەن دەسـەڵاتن، بۆیە وتیان: تۆش بە جـادوو وەڵامی بـدەوە -لـە پـاش ئـامـادەکـاری-. جـا لـە ئـاکـامی ورووژانـدن و مەترسـیدانەکەی فیرعەون وتیان: «قَالُواْ أَرْجِهْ وَأَخَاهُ وَأَرْسِلْ فِي الْمَدَآئِنِ حَاشِـرِينَ. يَأْتُوكَ بِكُلِّ سَاحِرٍ عَلِيمٍ» (الشعراء: ٣٦-٣٧). « دارودەستەی فیرعەون وتیان: مۆڵەتێك بدە بە مووسا و براکەی، فەرمانیش بنێرە بۆ کاربەدەستانی هەموو شارەکان تا خەڵکی کـۆبکەنەوە و لە پیلانەکە ئـاگـاداریـان بکەینەوە! بۆ ئەوەی فەرمـانبەران هەرچی

جادووگەری شارەزا هەیە بۆت بهێنن».

کات دیاری کرا کە رۆژی خۆڕازاندنەوە بوو: «قَالَ مَوْعِدُكُمْ يَوْمُ الزِّينَةِ وَأَن يُحْشَرَ النَّاسُ ضُحًى» (طه: ٥٩). «مووسا وتی: کاتی دیاریکراومان رۆژی رازاندنەوە بێت، لەکاتی چێشتەنگاودا خەڵکی کۆبکرێتەوە». ئیتر هەموو خەڵك کەوتە رێ: «وَقِيلَ لِلنَّاسِ هَلْ أَنتُم مُّجْتَمِعُونَ لَعَلَّنَا نَتَّبِعُ السَّحَرَةَ إِن كَانُوا هُمُ الْغَالِبِينَ» (الشعراء: ٣٩-٤٠). «پاشان بە خەڵکی وترا: ئایا (بۆ دیتنی ئەم دیمەن و شانۆیە) کۆ نابنەوە؟!». دەی با کۆ ببینەوە دوا نەکەوین، با سەرکەوتنی جادووگەران بە سەر مووسادا ببینین! جا خەڵك بەردەوام بۆ ئەم جۆرە شتانە کۆدەبنەوە.

جادووگەرەکانیش چوونە لای فیرعەون بۆ دڵنیابوونەوە لە پاداشت: «فَلَمَّا جَاءَ السَّحَرَةُ قَالُوا لِفِرْعَوْنَ أَئِنَّ لَنَا لَأَجْراً إِن كُنَّا نَحْنُ الْغَالِبِينَ. قَالَ نَعَمْ وَإِنَّكُمْ إِذاً لَّمِنَ الْمُقَرَّبِينَ». (الشعراء: ٤١-٤٢). « کاتێك جادووگەران هاتن بۆ لای فیرعەون، وتیان: ئایا پاداشتمان دەبێت ئەگەر ئێمە سەرکەوتین و بردمانەوە؟! فیرعەون وتی: بەڵێ بێگومان! ئێوە لەو کاتەدا سەرەڕای ئەوە لە نزیکانی من دەبن». ئەوان کۆمەڵێك مشەخۆرن، لە بری کارەکەیان پاداشت وەردەگرن، کارەکەیان پەیوەندیی بە بیر و باوەڕەوە نییە، دەیانەوێت لەمە دڵنیا بن و فیرعەونیش مژدەی زیاتر لە پاداشتەکەی خۆیان پێدەدا؛ دەڵێ دەبنە نزیککراوانی من؛ جا خۆی بە پادشا و خوا دەزانێ!

لە مەیدانەکەدا کە خەڵك ئامادە بوون و فیرعەونیش دەیڕوانی. مووسا و هاڕوون هاتن؛ هەروەها جادووگەرەکانیش بە کەلوپەلی دەستیانەوە. دڵنیا بوون براوەن! بۆیە وتیان: «إِمَّا أَن تُلْقِيَ وَإِمَّا أَن نَّكُونَ أَوَّلَ مَنْ أَلْقَى» (طه: ٦٥). «یان تۆ دەستبەکاربە و

گۆچانەکەی خۆت فڕێ بدە، یان ئێمە ســەرەتا دەســت پێدەکەین و فڕێی دەدەین؟».
مووسـا بە وردەبەرزییەوە وەڵامی دایەوە: «بَلْ أَلْقُوا» (طه: ٦٦). «نەخێر، ئێوە لە پێشدا دەســت پێبکەن». بۆیە جادووگەران گۆچان و گوریســەکانیان فڕێدا و ســوێندیان بە گەورەیی فیرعەون خوارد: «فَـأَلْقَوْا حِبَـالَهُمْ وَعِصِــيَّهُمْ وَقَـالُوا بِعِزَّةِ فِرْعَوْنَ إِنَّـا لَنَحْنُ الْغَالِبُونَ» (الشـعراء: ٤٤). «ئەوانیش هەرچی پەت و گوریس و دار و گۆچانیان هەیە فڕێیاندا و وتیان: بە یارمەتی و دەسەڵاتی فیرعەون؛ بێگومان هەر ئێمە سەردەکەوین و هەر ئێمە دەیبەینەوە».

لە پڕ شـوێنەکە پڕ بوو لە ماری جۆراوجۆر: «سَحَرُواْ أَعْيُنَ النَّاسِ وَاسْتَرْهَبُوهُمْ وَجَاءوا بِسِــحْرٍ عَظِيمٍ» (الأعراف: ١١٦). «جـادوویـان لە چـاوی خەڵکی کرد و ویســتیان بیـانترســێن و جادوویەکی زۆر گەورەیان ئەنجامدا». دەبێ بزانین جادووەکەیان زۆر گەورە بوو، چاوی خەڵکیان جادوو کرد و ترس و تۆقینیان خســتە دڵیانەوە. مووســا سـەیری گوریس و گۆچانەکانی کرد و ترسـا: «فَأَوْجَسَ فِي نَفْسِـهِ خِيفَةً مُّوسَى» (طه: ٦٧). «ئەوسا مووسا هەستی کرد بە ترسێك لە دڵ و دەروونیدا».

لێرەدا پەروەردگـار دێـت بە هاواریەوە: «لَا تَخَفْ إِنَّكَ أَنتَ الْأَعْلَى. وَأَلْقِ مَا فِي يَمِينِكَ تَلْقَفْ مَا صَـنَعُوا إِنَّمَا صَـنَعُوا كَيْدُ سَـاحِرٍ وَلَا يُفْلِحُ السَّاحِرُ حَيْثُ أَتَى» (طه: ٦٨-٦٩). «مەترسە، تۆ سەرکەوتووی، (تۆ لە سەر هەقی و ئەوان لە سەر ناهەقن، تۆ بیر و باوەڕ و راســتیت لەگەڵە، ئەوان پڕوپووچ و پارە و پاداشــتی دنیا. تۆ پێغەمبەری خوایت و خەڵـك بەرە و ئەو بـانگـە دەکەی، ئەوان خزمەت بـە بوونەوەرێـك دەکەن کـە لە ناو دەچێت)؛ بۆیە مەترسـە و گۆچانەکەت فڕێ دە، ئێمە شکستیان ئەدەین؛ ئەمەی ئەوان جادووە و جادووگەر هەرگیز سەرکەوتوو نابێت».

مووســـا دڵنیـا بوو، گۆچـانەکەی فڕێـدا و دەســـبەجێ موعجیزە گەورەکە رووی دا. موعجیزەکە کاری لە سەر هەست و ویژدانی جادووگەرەکان کرد کە هاتبوون بۆ شەڕ و دەسـخسـتنی پاداشت، دۆخەکەیان بە وشەو رستە باس ناکرێت! بۆیە بە سەر زەویدا کەوتن و کڕنووشـیان برد: «فَأُلْقِيَ السَّحَرَةُ سُجَّداً قَالُوا آمَنَّا بِرَبِّ هَارُونَ وَمُوسَى» (طه: ٧٠). «ئەوسـا ئیتر جادووگەران خران بە رووداو کڕنووشـیان برد بۆ خوا! وتیان: ئیتر ئێمە باوەڕێکی بەتینمان هێناوە بە پەروەردگاری هاڕوون و مووسا».

ئەمە سەرکەوتنی هەق و راستییە بە سەر دڵەکاندا؛ رووناکی هەق و راستییە لە هەست و هزردا، جـادووگەران خۆیـان چـاکتر لـە هەموان راســتیی کارەکەیان دەزانن، بۆیە چاکتریش ئەوەیان ناسی مووسا هێنابووی، بە دڵنیاییشەوە زانیان ئەمەی مووسا جادوو نییە، ئیتر لەمەوە جادووگەران لە بەرەنگارییەوە گۆڕان بۆ ملکەچی تەواو. ئەم رووداوە لەپڕ تەختی فیرعەونی لەرزاند! ملکەچ بوونی جادووگەران بۆ پەروەردگاری مووسا و هـاڕوون؛ لـە کـاتێکدا ئەوان لە هەموو شــارەکانەوە کۆکرابوونەوە بۆ بەتاڵکردنەوەی بـانگەوازی مووســـا و هـاڕوون بەرە و هەمان پەروەردگار! جا ســەیری لووتبەرزی فیرعەون و کاریگەریی موسوڵمانبوونی جادووگەرەکان:

## هەڕەشەی فیرعەون لە جادووگەران:

«قَالَ فِرْعَوْنُ آمَنتُم بِهِ قَبْلَ أَن آذَنَ لَكُمْ إِنَّ هَذَا لَمَكْرٌ مَّكَرْتُمُوهُ فِي الْمَدِينَةِ لِتُخْرِجُواْ مِنْهَا أَهْلَهَا فَســوْفَ تَعْلَمُونَ. لأُقَطِّعَنَّ أَيْدِيَكُمْ وَأَرْجُلَكُم مِّنْ خِلاَفٍ ثُمَّ لأُصَــلِّبَنَّكُمْ أَجْمَعِينَ» (الأعراف: ١٢٣-١٢٤). «فیرعەون بە سەرسووڕمانەوە پرسیاری کرد: پێش ئەوەی من

مۆڵەتتـان پێبـدەم بڕواتـان هێنـا؟! وەك بڵێت: ئەركی ئێوەیە بۆ گەڕانەوەتان بەرەو هەق مۆڵەت لە من وەربگرن! پاشـان درێژە بە لووتبەرزییەكەی دەدات: ئەمە فێڵێكە ئێوە لە شاردا درووستتان كردووە، بۆ ئەوەی خەڵكەكەی بیەنە دەرەوە! سەركەوتنی مووسا بە سـەر ئێوەدا پیلانی پێشـووتری خۆتانە! ئیتر هەڕەشـەی كوشـتن و بڕینیان لێدەكات: سوێند بێت دەست و قاچەكانتان (راست و چەپ) دەبڕم، پاشان سوێند بێت هەمووتان هەڵدەواسم و لە خاچتان دەدەم!».

بەڵام مرۆڤ لەو كاتەدا كە لە راستیی ئیمان دڵنیا دەبێت؛ گوێ ناداتە هەڕەشە و بڕینی سـتەمكاران و بیروباوەڕەكەی دەخاتە پێش ژیانەوە، مانەوەی هەتایی بەسـەر ژیانی نەمـانـدا هەڵدەبژێرێت: «قَالُواْ إِنَّا إِلَى رَبِّنَا مُنقَلِبُونَ» (الأعراف: ١٢٥). «وتیان: (ئێمە باكمان نییە) بەڕاسـتی ئێمە هەر بۆ لای پەروەردگارمان دەگەڕێینەوە». ئەمە بڕوایەكی پتەوو جێگیرە، ئەو بڕوایەی تێكەڵی دڵەكان دەبێت وادەكات زۆرتر ئامادەی مردن بن. جـا قسـەی جـادووگەرانیش ئەمەیـە: ئێمە هەر دەگەڕێینەوە لای خوا، چ تۆ ئێسـتا بمانكوژی، چ لێمان گەڕێی و دوایی خۆمان بمرین.

پاشـان جادووگەرە بڕوادارەكان راستی ململانێكە دەردەخەن: «وَمَا تَنقِمُ مِنَّا إِلاَّ أَنْ آمَنَّا بِآيَاتِ رَبِّنَا لَمَّا جَاءتْنَا» (الأعراف: ١٢٦). «تۆ هیچ بێزارییەكت لە ئێمە نییە، جگە لەوە كە باوەڕمان بە بەڵگە و موعجیزەكانی پەروەردگارمان هێناوە كاتێك بۆمان هات». ئەمان داوای لێبوردەیی لـە دوژمنەكەیـان ناكەن، بەڵكوو داوای خۆڕاگری لە پەروەردگاریان دەكەن: «رَبَّنَا أَفْرِغْ عَلَيْنَا صَبْراً وَتَوَفَّنَا مُسْلِمِينَ» (هەمان ئایەت). «پەروەردگارا خۆگری و ئارامیمان بەسـەردا بڕێژەو بە موسوڵمانێتی بمانمرێنە». تاغووت بەرانبەر ئەم هزر و هۆش و دڵنیاییە واقی وڕ دەمێنێت؛ خۆ ناتوانێت وەڵامیان بداتەوە، بۆیە هەڕەشـەكەی

دێنێته جێ و به قەدی دارخورمادا هەڵیاندەواسێت.

## پیلانێکی نوێ:

قۆنـاغێکی نوێ لـه ململانێی نێوان هەق و بـاتڵ دەســتی پێکرد، پەروەردگار باســی پیلانگێڕانی کەسـانی دەوروبەری فیرعەون دەکات دژی مووسـا و هۆزەکەی: «وَقَالَ الْمَلأُ مِن قَوْمِ فِرْعَونَ أَتَذَرُ مُوسَى وَقَوْمَهُ لِيُفْسِدُواْ فِي الأَرْضِ وَيَذَرَكَ وَآلِهَتَكَ» (الأعراف: ١٢٧). لێرەدا ریشــســپییەکانی هۆزی فیرعەون پیلان دەگێڕن؛ هانی فیرعەون دەدەن دژی مووسا و بڕواداران؛ دەڵێن: باشه له مووسا و هۆزەکەی دەگەڕێی خوا بپەرستن و واز له پەرستشی خواکانی تۆ بهێنن؟! له کاتێکدا تۆ پەروەردگاری گەورەی. دەڵێن ئەمە مەترسییەکی گەورەیە بۆ وڵات؛ بۆیە پێویستە تۆڵەیان لێ بسێنیت. ئەم وشـانە فیرعەونی وروژاند، هەستی به مەترسییەکە کرد و بڕیارێکی دڕندانەی دەر کرد: «قَالَ سَنُقَتِّلُ أَبْنَاءهُمْ وَنَسْتَحْيِي نِسَاءهُمْ وَإِنَّا فَوْقَهُمْ قَاهِرُونَ» (هەمان ئایەت). «فیرعەون وتی: (چۆن وازیان لێدەهێنین)؟! لەمەودوا بە زۆری کوڕەکانیان دەکوژین، ئافرەتانیشیان به زیندوویی دەهێڵینەوە (بۆ کەنیزەکی) و، بەڕاستی ئێمە بەسەریاندا زاڵین و چاوپۆشییان لێناکەین».

## خۆڕاگری بڕواداران بەرانبەر بڕیارەکان:

ئەم سزا دڕندانه بۆ بەنی ئیسرائیل نوێ نەبوو، له سەردەمی منداڵیی مووساشدا

بڕیارێکی وایان دەرکردبوو؛ بۆیە مووسا دەستی کردە ئامۆژگاریی هۆزەکەی: «قَالَ مُوسَى لِقَوْمِهِ اسْتَعِينُوا بِاللّهِ وَاصْبِرُواْ إِنَّ الأَرْضَ لِلّهِ يُورِثُهَا مَن يَشَاءُ مِنْ عِبَادِهِ وَالْعَاقِبَةُ لِلْمُتَّقِينَ » (الأعراف: ١٢٨). «مووسا بە هۆزەکەی وت: داوای کۆمەکی و پشتیوانی لە خوا بکەن و دان بەخۆدا بگرن و ئارامگر بن، بەڕاستی زەوی موڵکی خوایە و دەیسپێرێت بە هەرکەس کە بیەوێت لە بەندەکانی، سەرئەنجامیش هەر بۆ پارێزکارانە».

بەڵام بڕواداران لە پاش کوشتنی جادووگەران؛ کۆمەڵە لاوێکی کەمتەمەن بوون و دڵیان پڕ بوو لە ترسی سزا و ئازار: «فَمَا آمَنَ لِمُوسَى إِلاَّ ذُرِّيَّةٌ مِّن قَوْمِهِ عَلَى خَوْفٍ مِّن فِرْعَوْنَ وَمَلَئِهِمْ أَن يَفْتِنَهُمْ وَإِنَّ فِرْعَوْنَ لَعَالٍ فِي الأَرْضِ وَإِنَّهُ لَمِنَ الْمُسْرِفِينَ» (يونس: ٨٣). «سەرئەنجام کەس باوەڕی بە مووسا نەهێنا، جگە لە چەند لاوێك کە دەترسان لە فیرعەون و داروودەستەکەی، کە بەڵایان بەسەربهێنن و تووشی ئازارو ئەشکەنجەیان بکەن، بەڕاستی فیرعەون خۆی بەگەورە و بڵند دەزانی لە زەویدا، بەڕاستی ئەو لە سنوورترازاوان بوو».

مووسا هەوڵی دا هانیان بدات و خۆڕاگریان بکات و بیمی فیرعەون لە دڵیان بێنێتە دەرەوە، بەڵام هۆزەکە گلەییان لە دۆخی خۆیان کرد: «قَالُواْ أُوذِينَا مِن قَبْلِ أَن تَأْتِينَا وَمِن بَعْدِ مَا جِئْتَنَا» (الأعراف: ١٢٩). ئەم ڕستانە ئاماژەیەکی گرنگیان تێدایە: ئێمە پێشتر سزا دراین و ئێستاش کە تۆ هاتووی بارودۆخمان هیچ نەگۆڕاوە و هەر لە سزا داین! پێغەمبەرە بەڕێزەکە درێژەی دایە ئامۆژگارییەکانی، خوای دەهێنایەوە بیریان و هیوایانی بەووە دەبەست، باسی ئەوەشی کرد، کە بریکارێتیی ئەوان لە سەر زەوی بۆ تاقیکارییە: «قَالَ عَسَى رَبُّكُمْ أَن يُهْلِكَ عَدُوَّكُمْ وَيَسْتَخْلِفَكُمْ فِي الأَرْضِ فَيَنظُرَ كَيْفَ تَعْمَلُونَ» (هەمان ئایەت). «مووسا وتی: ئومێد وایە پەروەردگارتان دوژمنەکەتان لەناو

بیات و بتانکاته بریکار له زەویدا، ئەوسا سەیرتان دەکات که ئێوه چۆن کاردەکەن!!».

## پیلانی فیرعەون بۆ کوشتنی مووسا:

قورئـان باســی دیمەنێکی تری بەســەرهاتی مووســامان بۆ دەکات، دیمەنێکی تری ڕووبەڕووبوونەوەی هەق و باتڵ، باسی ڕاوێژی فیرعەون و دەوروبەرەکەی دەکات بۆ کوشتنی مووسا: «وَقَالَ فِرْعَوْنُ ذَرُونِي أَقْتُلْ مُوسَى وَلْيَدْعُ رَبَّهُ إِنِّي أَخَافُ أَن يُبَدِّلَ دِينَكُمْ أَوْ أَن يُظْهِرَ فِي الْأَرْضِ الْفَسَــادَ» (غافر: ٢٦). «ئینجا فیرعەون وتی: وازم لێبهێنن با مووسـا بکوژم، با هەر هاوار له پەروەردگاری بکات، چونکه بەڕاســتی من دەترسم که دین و ئـاینتـان بگۆڕێـت! یـاخود دووبەرەکی و خراپه و شــەڕ و شــۆڕ له وڵات و سەرزەویدا بەرپا بکات!!».

جا ســەیری ئەم قســە نەشــیاوە! فیرعەون که گەورەترین خراپەکاری ســەر زەوییە؛ دەڵێت: دەترسم مووسا له زەویدا خراپەکاری بکات! پێی وایە مووسا بە ئاراستەکردنی خەڵك بەرەو یەکخواپەرستی؛ خراپەکاری دەکات! جا هانی دەوروبەرەکەشی دەدات و دینەکەش دەداتە پاڵ ئەوان: «يُبَدِّلَ دِينَكُمْ»، بۆ ئەوەی پشــتگیریان وەدەســت بهێنێ و مۆڵەتی کوشتنی مووسای بدەنێ.

بەڵام مووسـا پشــتی بە پەروەردگاری خاوەن دەسـەڵات و پەنادەری پەنابەران بەست: «وَقَالَ مُوسَــى إِنِّي عُذْتُ بِرَبِّي وَرَبِّكُم مِّن كُلِّ مُتَكَبِّرٍ لَّا يُؤْمِنُ بِيَوْمِ الْحِسَــابِ» (غافر: ٢٧). «مووساش وتی: بێگومان من پەنا دەگرم بە پەروەردگاری خۆم؛ که پەروەردگاری ئێوەشە، له هەموو لووتبەرز و خۆبەزلزانێك که باوەڕی بەڕۆژی لێپرسینە نەبێت».

وەخـت بوو بیرۆکەکەی فیرعەون بڕاســتێنـدرێ، ئەگەر پیـاوێـك لە هۆزی فیرعەون نەبوایە، کە قورئان باســی ناوی ناکات؛ تەنها ئاماژە بەوە دەکات کە پیاوێکی بڕوادار بوو. پیـاوە بڕوادارەکە، لە کاتێکدا کە بڕواکەی دەشــاردەوە، لەو کۆڕەدا کە بیرۆکەی کوشـتنی مووسـا باس کرا؛ سـاویلکەیی بیرۆکەکەی سـەلماند، وتی: خۆ مووسا زیاتر لەوەی نەوتووە کە «اللّه» پەروەردگاریەتی و پاشان بەڵگەی روونی لە سەر هێناوە! جا دوو ئیحتمال هەیە: مووسـا درۆ دەکات یان راسـت دەکات. ئەگەر درۆ بکات، تاوانی درۆکەی لە ســەر خۆیەتی و شــایانی کوشــتن نییە، ئەگەر راســتیش بکات و ئێمە بیکوژین، ئیتر چۆن لەو سزایەی کە باسی دەکات رزگارمان بێت؟!: «وَقَالَ رَجُلٌ مُّؤْمِنٌ مِّنْ آلِ فِرْعَوْنَ يَكْتُمُ إِيمَـانَـهُ أَتَقْتُلُونَ رَجُلاً أَن يَقُولَ رَبِّيَ اللَّـهُ وَقَـدْ جَاءكُم بِالْبَيِّنَاتِ مِن رَّبِّكُمْ وَإِن يَكُ كَاذِباً فَعَلَيْهِ كَذِبُهُ وَإِن يَكُ صَادِقاً يُصِبْكُم بَعْضُ الَّذِي يَعِدُكُمْ» (غافر:٢٨). پیـاوە بڕوادارەکـە کە ئیمانەکەی خۆی شــاردبووەوە، بە هۆزەکەی وت: ئیمڕۆ هێز و دەســەڵات لە دەسـتی ئێمەدایە، ئەی ئەگەر سـزای خوامان تووش بێت کێ رزگارمان دەکات؟!: «يَا قَوْمِ لَكُمُ الْمُلْكُ الْيَوْمَ ظَاهِرِينَ فِي الْأَرْضِ فَمَن يَنصُـرُنَا مِن بَأْسِ اللَّهِ إِنْ جَاءنَا» (غافر: ٢٩).

وشـەکانی پیاوە بڕوادارەکە رازیکەر بوو، پیاوێك بوو چونکە ئیمانەکەی دەشــاردەوە؛ گومانیان لێ نەبوو کە فیرعەونی خۆش دەوێت و لە لایەنگرانی مووســاش نییە، بۆیە وایاندەزانی بۆ پاراسـتنی دەسـەڵاتی فیرعەون وا دەڵێت، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا: «قَالَ فِرْعَوْنُ مَا أُرِيكُمْ إِلَّا مَا أَرَى وَمَا أَهْدِيكُمْ إِلَّا سَـبِيلَ الرَّشَـادِ» (غافر: ٢٩). فیرعەون بە خۆبەزلزانی و لووتبەرزییەوە وتی: ئەمە رای تایبەتی ئێمەیە، وە رایەکە کە ئێوە بەرە و رزگاری رێنمایی دەکات و هەموو رایەکی تر هەڵەیە.

گفتوگۆکـه بەمـە تەواو نەبوو، فیرعەون قسـەکـانی کرد، بەڵام پیاوە بڕوادارەکە رازی نەبوو، بۆیە درێژەی بە قسەکانی دا: «وَقَالَ الَّذِي آمَنَ يَا قَوْمِ إِنِّي أَخَافُ عَلَيْكُم مِّثْلَ يَوْمِ الْأَحْزَابِ. مِثْلَ دَأْبِ قَوْمِ نُوحٍ وَعَادٍ وَثَمُودَ وَالَّذِينَ مِن بَعْدِهِمْ وَمَا اللَّهُ يُرِيدُ ظُلْماً لِّلْعِبَادِ. وَيَا قَوْمِ إِنِّي أَخَافُ عَلَيْكُمْ يَوْمَ التَّنَادِ. يَوْمَ تُوَلُّونَ مُدْبِرِينَ مَا لَكُم مِّنَ اللَّهِ مِنْ عَاصِمٍ وَمَن يُضْلِلِ اللَّهُ فَمَا لَهُ مِنْ هَادٍ. وَلَقَدْ جَاءكُمْ يُوسُفُ مِن قَبْلُ بِالْبَيِّنَاتِ فَمَا زِلْتُمْ فِي شَكٍّ مِّمَّا جَاءكُم بِهِ حَتَّى إِذَا هَلَكَ قُلْتُمْ لَن يَبْعَثَ اللَّهُ مِن بَعْدِهِ رَسُولاً كَذَلِكَ يُضِلُّ اللَّهُ مَنْ هُوَ مُسْرِفٌ مُّرْتَابٌ. الَّذِينَ يُجَادِلُونَ فِي آيَاتِ اللَّهِ بِغَيْرِ سُلْطَانٍ أَتَاهُمْ كَبُرَ مَقْتاً عِندَ اللَّهِ وَعِندَ الَّذِينَ آمَنُوا كَذَلِكَ يَطْبَعُ اللَّهُ عَلَى كُلِّ قَلْبِ مُتَكَبِّرٍ جَبَّارٍ» (غافر: ٣٠-٣٥). «پیاوە بڕوادارەکە وتی: بێگومان من دەترسـم رۆژێکتان بەسـەربێت وەکوو ئەو رۆژەی بەسـەر گرۆ و قەومە نالەبارەکانی پێشـوودا هات، وەکوو ئەوەی کە بەسـەر قەومی نووح و عـاد و سـەموود و ئەوانەی بەدوای ئەوانـدا هاتن، جا وەنەبێت خوا بیەوێت سـتەم لە بەندەکان بکات و حەز بە تیاچوونیان بکات. ئەی قەوم و هۆزم، من بەڕاستی دەترسـم لە رۆژی هاوار و ناڵە و بانگکردنتان بۆ لێپرسینەوە، ئەو رۆژەی کە هەموو لەبەری هەڵدێن و پشـت هەڵدەکەن، هەموو سـەرگەردانن، نازانن چی بکەن و روو بکەنە کوێ، کەس نییە پەناتان بدات لە خەشم و قینی خوا، ئەوەش خوا گومڕای بکـات بەهۆی خراپەکـاری خۆیەوە، هیچ کەسـی تر ناتوانێت هیدایەت و رێنموویی بکات. سوێند بەخوا بەڕاستی کاتی خۆی یووسف بەڵگە و نیشانەی زۆری بۆ هێنان تا رێبازی خواناسی بگرنە بەر؛ کەچی بەردەوام لە گوماندا بوون بەرامبەر ئەو بەرنامە و ئاینەی کە بۆی هێنابوون، هەتا ئەو کاتەی وەفاتی کرد، ئەوسا وتتان: ئیتر تەواو هەرگیز خوا دوای ئەم پێغەمبەری تر نانێرێت، هەر بەو شـێوەیە خوا کەسـانی سـەرکەش و

گوناهکار و ڕاڕا گومڕا دەکات. ئەو کەسانەی کە موجادەلە و گفتوگۆ دەکەن دەربارەی ئـایەت و فەرمـانەکانی خوا، بێ ئەوەی هیچ بەڵگەیەکیان بۆ هاتبێت، ئەم موجادەلە و گفتوگۆیە زۆر بێزراوو تـاوانە لای خوا و لای ئەوانەش کە ئیمـانیان هێناوە، هەر بەو شـێوەیە خوا مۆر دەنێت بەسـەر هەموو خاوەن دڵێکی خۆبەزلزان و ڕقئەسـتوور و ستەمکاردا».

بەڕاستی ئەو وەسفەی خوا بۆ ئەم پیاوەی بەکاردەهێنێت، سەرسووڕ هێنەرە!: «رَجُلٌ مُّؤْمِنٌ»؛ وەسف بە پیاوەتی سەرسووڕهێنەرە و جا وەسفی بڕواداریشی بدرێتە پاڵ؛ ئەمە لووتکەی مەزنیی مرۆڤە کە پێی دەگات!

جـا پیـاوە بڕوادارەکە لە قسـەکانی کۆتاییدا ڕۆدەچێتە ناخی مێژووەوە و بەڵگەکانی ڕاسـتگۆیی مووسـاش پیشـانی فیرعەون و هۆزەکەی دەدات، هوشداریشیان پێدەدات ئـازاری نەدەن. ئـاخر پێشـتر گەلەکـان بڕوایـان بـە پێغەمبەرەکـانیـان نەهێنـا و خوا تەفروتوونای کردن؛ وەکوو: هۆزی نووح، عاد و سەموود. بۆ دوور کەوینەوە؟ مێژووی مـیسـر خۆی بەڵگەیە لە سـەر ڕاستگۆییەکەی: یووسف بەڵگە ڕوونەکانی بۆ هێنان؛ کەچی خەڵك گومانیان لێکرد، دواتر بڕوایان پێهێنا، لە پاش ئەوەی وەخت بوو تووشی سـزا ببن. لە مێژوودا بەردەوام خوا کەمینە بڕوادارەکەی بەسـەر زۆرینە بێباوەڕەکەدا سـەرخسـتووە و کـافرانی لە ناو بردووە بە تۆفان و دەنگی سـامناك و... ئەی ئێمە چـاوەڕوانی چی بین؟ لـە کوێوە بزانین پشـتگیری کردنمـان بۆ فیرعەون نـابێتە هۆی لەنـاوچوونمـان؟ ئیتر وا دیـارە بڕوادارەکـە ڕازیی کردوون، کە کوشـتنی مووسـا سەرەنجامی خراپی هەیە و نابێت بکرێت.

پاشـان خوای گەورە باسی وەڵامی فیرعەونی خۆبەزلزانی ستەمکارمان بۆ دەگێڕێتەوە: «وَقَالَ فِرْعَوْنُ يَا هَامَانُ ابْنِ لِي صَرْحاً لَّعَلِّي أَبْلُغُ الْأَسْبَابَ. أَسْبَابَ السَّمَاوَاتِ فَأَطَّلِعَ إِلَى إِلَهِ مُوسَى وَإِنِّي لَأَظُنُّهُ كَاذِباً وَكَذَلِكَ زُيِّنَ لِفِرْعَوْنَ سُوءُ عَمَلِهِ وَصُدَّ عَنِ السَّبِيلِ وَمَا كَيْدُ فِرْعَوْنَ إِلَّا فِي تَبَابٍ» (غافر: ٣٦-٣٧). «ئا لەو گەرمەی قسـانەی پیاوە بڕوادارەکەدا، فیرعەون بە هامانی وت: ئەی هامان کۆشـکێکی بەرزم بۆ دروست بکە، بۆ ئەوەی هەندێك هۆکارم دەست بکەوێ؛ هۆکاری بەرزبوونەوە بۆ ئاسمانەکان، تا لەوێوە سەرکەوم و نهێنییەکان شارەزا ببم، تا سەردانێکی خوای مووسا بکەم و ببینم!! هەرچەندە من دڵنیام کە درۆزنە! ئا بەو شێوەیە کاروکردەوە ناشیرینەکان لای فیرعەون جوان کرا و، لە ڕێبازی راست و درووست لادرا، بێگومان پیلان و نەخشەی نادرووستی فیرعەون هەر لە زەرەردایە».

جارێکی تر تاغووت هەوڵ دەدات خۆی لە هەق و راستی لادات و دان بە بانگەوازی یەکخواپەرستیدا نەنێت. جا بەڕاستی جێی سەرسووڕمانە ئەگەر ئەمە فام و ئەقڵی فیرعەون بێت. زۆر باوەڕپێنەکراوە فیرعەون لە گەڕان بەدوای خوای مووسادا بەم شێوازە سادە و ساویلکەیە بە جدیی بووبێت! فیرعەونەکانی میسر بیر و زانستیان لە ئاستێکدا بوو، کە ئەم خەیاڵە لەگەڵیدا ناگونجێت. بۆیە ئەمە لە لایەکەوە تەنها گاڵتەکردن و رابواردن بووە، لە لایەکی تریشەوە بۆ ئەوەی وا دەرخات کەسێکی خاوەن ویژدانە، ئەو داوای پەیژەیەك دەکات پێیدا هەڵبگەڕێت بۆ ئەوەی بۆ خوای مووسا بگەڕێت، جا بیری لێبکەوە!!

لە پاش ئەم گاڵتە جارییە، پیاوە ئیماندارەکە راشکاوانە وتەکانی کۆتایی خۆی بە گوێیاندا دا: «وَقَالَ الَّذِي آمَنَ يَا قَوْمِ اتَّبِعُونِ أَهْدِكُمْ سَبِيلَ الرَّشَادِ. يَا قَوْمِ إِنَّمَا هَذِهِ

الْحَيَاةُ الدُّنْيَا مَتَاعٌ وَإِنَّ الْآخِرَةَ هِيَ دَارُ الْقَرَارِ. مَنْ عَمِلَ سَيِّئَةً فَلَا يُجْزَى إِلَّا مِثْلَهَا وَمَنْ عَمِلَ صَالِحاً مِّن ذَكَرٍ أَوْ أُنثَى وَهُوَ مُؤْمِنٌ فَأُوْلَئِكَ يَدْخُلُونَ الْجَنَّةَ يُرْزَقُونَ فِيهَا بِغَيْرِ حِسَابٍ. وَيَا قَوْمِ مَا لِي أَدْعُوكُمْ إِلَى النَّجَاةِ وَتَدْعُونَنِي إِلَى النَّارِ. تَدْعُونَنِي لِأَكْفُرَ بِاللَّهِ وَأُشْرِكَ بِهِ مَا لَيْسَ لِي بِهِ عِلْمٌ وَأَنَا أَدْعُوكُمْ إِلَى الْعَزِيزِ الْغَفَّارِ. لَا جَرَمَ أَنَّمَا تَدْعُونَنِي إِلَيْهِ لَيْسَ لَهُ دَعْوَةٌ فِي الدُّنْيَا وَلَا فِي الْآخِرَةِ وَأَنَّ مَرَدَّنَا إِلَى اللَّهِ وَأَنَّ الْمُسْرِفِينَ هُمْ أَصْحَابُ النَّارِ. فَسَتَذْكُرُونَ مَا أَقُولُ لَكُمْ وَأُفَوِّضُ أَمْرِي إِلَى اللَّهِ إِنَّ اللَّهَ بَصِيرٌ بِالْعِبَادِ» (غافر: ٣٨-٤٤). «ئەو کەسەی کە ئیمانی هێنابوو دووبارە هاتەوە قسە و وتی: ئەی هۆزەکەم، شوێنی من بکەون، بە قسەی من بکەن، ڕێنموویيتان دەکەم بۆ ڕێبازی سەرفرازی و چاکە و چاکەکاری. ئەی قەوم و هۆزم، بێگومان ژیانی ئەم دنیایە تەنها بریتییە لە رابوردنێکی کەم، بەڕاستی ژیانی پاشەڕۆژ و داهاتوو؛ هەر ئەو شوێنی ئومێد و ئارامگرتن و حەسانەوەیە بۆ ئیمانداران. ئەوەی تاوان و هەڵەیەکی کردبێت، تەنها بەقەدەر هەڵە و گوناهەکەی خۆی تۆڵەی لێدەسێنرێت، ئەوەش کە چاکەی کردووە لە پیاوان و ئافرەتان لەکاتێکدا کە خاوەنی باوەڕی دامەزراون، ئائەوانە دەچنە بەهەشتەوە و بێسنوور و بێحساب رزق و رۆزیی هەمەجۆر و هەمەچەشنیان پێدەبەخشرێت. ئەی قەوم و هۆزم، ئەوە چییە؟! خۆ من بانگی ئێوە دەکەم بۆ رزگاری، بۆ سەرفرازیی بۆ بەهەشت، کەچی ئێوە بانگی من دەکەن بۆ خوانەناسی، بۆ سەرگەردانیی دۆزەخ! بانگم دەکەن تا باوەڕم بە خوا نەمێنێت و هاوەڵ و شەریکی بۆ بڕیار بدەم، بێ هیچ بەڵگە و زانستی و زانیارییەك؛ لەکاتێکدا من بانگتان دەکەم بۆلای زاتێك، کە زۆر باڵادەستە و زۆریش لێخۆشبووە. شتێکی راستە و گومانی تێدا نییە، ئەوەی کە ئێوە من بانگ دەکەن بۆ لای، خاوەنی هیچ بانگەواز و بەرنامەیەك نییە، نە لە دنیادا، نە لە قیامەتیشدا،

ئەوەش نابێت لەیاد بکەین؛ کە گەڕانەوەمان بۆ لای خوای گەورەیە، ئەوانەش تاوانی زۆر ئەنجام دەدەن و سەرکەش و لە سنوورترازاون؛ نیشتەجێی دۆزەخن. جا لە ئایندەدا رۆژێك دێت ئەم قسانەی منتان بێتەوە یاد، ئێستاکەش من خۆم وکارو بارەکانم دەدەمە دەست خواو پشت بەو دەبەستم، چونکە بێگومان خوا بینایە بە بەندەکانی».

بەڕاستی پێویستە کەسی ئیماندار سەرنج بداتە ئەم ئایەتانە و لە سەریان بووەستێ و بیریان لێبکاتەوە؛ ئاخر راشکاوانە باسی هەڵوێستی پیاوانی بڕوادار دەکات دەربارەی رووداوەکان، هەروەها تێڕوانینیان بۆ دنیا و قیامەت و سپاردنی کاروباریان بە خوای گەورە. پیاوە بڕوادارەکە قسەکانی بەم وشە بوێرانە کۆتایی پێهێنا و بەجێیهێشتن. پاشان هەندێکیان دوای کەوتن ویستیان تووشی خراپەی کەن، بەڵام خوای گەورە پاراستی - وەك بەردەوام بەندە بڕوادارەکانی دەپارێزێت-: «فَوَقَاهُ اللَّهُ سَيِّئَاتِ مَا مَكَرُوا وَحَاقَ بِآلِ فِرْعَوْنَ سُوءُ الْعَذَابِ» (غافر: ٤٥). «جا خوای گەورە ئەو ئیماندارە ژێرەی پاراست لە پیلانی خراپ و دڕندانەیان، داروودەستەی فیرعەونیش سزایەکی زۆر سەختیان تووش بوو».

## شومیی گوێڕایەڵینەکردنی فیرعەون بۆ مووسا:

فیرعەون هەڕەشەکەی بردە سەر، پیاوانی دەکوشت و ژنانی دەهێشتەوە، ئیتر مووسا و هۆزەکەی سزایەکی زۆریان لە سەر بوو، فیرعەونیش لە گومڕایی و هەڕەشەکردنی خۆیدا بوو، بۆیە خوا تووشی جۆرەها سزای کردن، بەڵکوو بێنەوە سەر ئەقڵ یان بترسن، بەڵام کە گومڕایی و بەدبەختی زاڵ بوو بە سەر کەسێکدا؛ ئامۆژگاری کردنی

ســوودی نییە! خوای گەورە دەفەرمویت: «وَلَقَدْ أَخَذْنَا آلَ فِرْعَونَ بِالسِّـنِينَ وَنَقْصٍ مِّن الثَّمَرَاتِ لَعَلَّهُمْ يَذَّكَّرُونَ. فَإِذَا جَاءتْهُمُ الْحَسَـنَةُ قَالُواْ لَنَا هَذِهِ وَإِن تُصِـبْهُمْ سَـيِّئَةٌ يَطَّيَّرُواْ بِمُوسَى وَمَن مَّعَهُ أَلا إِنَّمَا طَائِرُهُمْ عِندَ اللّهُ وَلَكِنَّ أَكْثَرَهُمْ لاَ يَعْلَمُونَ. وَقَالُواْ مَهْمَا تَأْتِنَا بِهِ مِن آيَةٍ لِّتَسْـحَرَنَا بِهَا فَمَا نَحْنُ لَكَ بِمُؤْمِنِينَ. فَأَرْسَـلْنَا عَلَيْهِمُ الطُّوفَانَ وَالْجَرَادَ وَالْقُمَّلَ وَالضَّـفَادِعَ وَالدَّمَ آيَاتٍ مُّفَصَّـلاَتٍ فَاسْـتَكْبَرُواْ وَكَانُواْ قَوْماً مُّجْرِمِينَ» (الأعراف: ١٣٠-١٣٣). «ســوێند بێت بەخوا، بەڕاســتی ئێمە شــوێنکەوتووەکان و گەلی فیرعەونمان گـیرۆدەی چەنـد ســـاڵێکی گرانی و نەهـاتی و کەمبوونەوەی رزق و رۆزی و بەروبوومەکـان کرد؛ بۆ ئەوەی ئەوان دابچڵەکێن و پەنـد وەرگرن و بیربکەنەوە. جـا ئەوانە کـاتێـك خێر و چـاکەیەکیـان بۆ بێـت؛ ئەوە دەڵێن: ئەمە حەقی خۆمانە و ئێمە شایستەین، خۆ ئەگەر ناخۆشیەکیان تووش بێت؛ ئۆباڵ و شوومیان دەدەنە پاڵ مووسا و ئەوانەی لەگەڵیدا بوون! ئاگادار بن بەڕاسـتی هەرچی رەشبینی و گەشبینییان هەیە، هەمووی لەلایەن خواوەیە، بەڵام زۆربەیان ئەم راسـتیانە تێناگەن و نایزانن. (فیرعەون و دارو دەســتەی) وتیان: هەر چیمان بۆ بهێنیت لە بەڵگەو موعجیزە تا چاوبەســتمان لێبکەی پێی؛ ئەوە ئێمە هەر بڕوادارنین بە تۆ! جا ئێمەش بەڵای لافاو، کولـلە، ئەسپێ، بۆقی جۆراوجۆر و خوێنمان ناردە سەریان، لە کاتێکدا ئەوانە چەندەها بەڵگەی روون بوون، کەچی ئەوان هەر لووتبەرزییـان کرد و خۆیان بە زل و گەورە زانی، بەڕاســتی قەومێکی تاوانبارو تاوانکار بوون».

خوا ویستی خانەوادەی فیرعەون تووشی گێرەوکێشە بکات؛ بەڵکوو بترسن و مووسا و بڕواداران وەل بکەن. هەروەهـا ئەم ســزایە هـاوکات بۆ راســتاندنی پێغەمبەرایەتیی مووسـاش بوو، بۆیە چەندین سـاڵی قاتوقڕی و وشکەساڵیی بە سەر ئەم فیرعەونانەدا

زاڵ کرد، زەوی وشك بوو، ئاوی نیل کەمی کرد، میوە و خۆراك قاتیی تێکەوت، خەڵك لە برسیدا مان و قاتوقڕییەکی زۆر روویدا. کەچی فیرعەونییەکان پەیوەندی ئەم سزایانە و کوفر و ستەمکارییەکەی خۆیان نەزانی، بۆیە دەستیان کردە بیانو هێنانەوە بۆ سزاکان. کە تووشی چاکەیەك دەبوون دەیانوت: مافی خۆمانە، کە چی کە خراپەیان تووش دەبوو دەیانوت: ئەمە بە هۆی شومیی مووسا و هاوەڵانییەتی و لە ژێر سەری ئەواندایە!

تاوان تووشی لووتبەرزی کردبوون، دەیانوت جادووەکەی مووسا وایکردووە، بە گێلیی خۆیان وا بیریان دەکردەوە، کە ئەم وشکساڵییە نیشانەیەکە مووسا هێناویەتی بەوە جادوویان لێ بکات، بۆیە قەت بڕوای پێناهێنن! جا مێشکی نەخۆش و دڵی رەق هەروا رووداوەکان بە ئارەزووی خۆی لێکدەداتەوە. بۆیە خوا سزاکانی زۆرتر کرد؛ بەڵکوو بگەڕێنەوە بۆ لای خوا و بەنی ئیسراییل ئازاد کەن، ئیتر تۆفان و کوللەی بۆ ناردن، پاشان ئەسپێ، بۆق و خوێن.  ئەوکات فیرعەونییەکان داوایان لە مووسا کرد؛ لە پەروەردگاری بپاڕێتەوە لە سزا رزگاریان بکات، هەموو جارێکیش بەڵێنیان دەدا، کە ئەگەر ئەم سزایەیان لە سەر لابەرێت؛ بەنی ئیسڕائیلی لەگەڵ بنێرن.

ئیتر مووسا داوای لە پەروەردگاری دەکرد سزاکەیان لە سەر لابەرێت، کەچی ئەوان هەموو جارێك بەڵێنەکەیان دەشکاند و دەگەڕانەوە بۆ دۆخی جاران: «فَلَمَّا كَشَفْنَا عَنْهُمُ الرِّجْزَ إِلَى أَجَلٍ هُم بَالِغُوهُ إِذَا هُمْ يَنكُثُونَ» (الأهراف: ١٣٥). «جاکاتێك بەڵاکانمان لەسەر لادەبردن بۆ کاتێکی دیاریکراو کە ئەوان پێی دەگەیشتن، ئەوە خێرا پەیمانەکانیان دەشکاند و لە سنوور دەترازان!». میسرییەکان نەهاتنە سەر رێی راست و وەفایان بە بەڵێنەکانیان نەبوو، بە پێچەوانەوە، فیرعەون رایگەیاند کە خوایە!: «أَلَيْسَ

لِي مُلْكُ مِصْـرَ وَهَذِهِ الْأَنْهَارُ تَجْرِي مِن تَحْتِي أَفَلَا تُبْصِـــرُونَ» (الزخرف: ٥١). «ئەی قەوم و گەلم، ئایا من پادشای میسر، فەرمانڕەوای ئەم وڵاتە و ئەم رووبارانەش بە بەر کۆشکەکانمدا دەڕوات نیم؟ ئایا ئەم دەسەڵاتەی من نابینن؟!». راشیگەیاند مووسا جادووگەرێکی زۆر درۆزنە و هەژاریشە: «أَمْ أَنَا خَيْرٌ مِّنْ هَذَا الَّذِي هُوَ مَهِينٌ وَلَا يَكَادُ يُبِينُ. فَلَوْلَا أُلْقِيَ عَلَيْهِ أَسْـوِرَةٌ مِّن ذَهَبٍ أَوْ جَاء مَعَهُ الْمَلَائِكَةُ مُقْتَرِنِينَ» (الزخرف: ٥٢-٥٣). «بەڵکوو نابینن من چاکترم لەو کەسەی ناوبانگی نییە و کەسایەتییەکی لاواز و نەناسراوە، زمان پاراو نییە و لەوانە نییە بتوانێت چاك خەڵکی تێبگەیەنێت؟! جا ئەوە بۆچی زێڕ و بازنگی زێڕینی پێشکەش ناکرێت، یان ئەوە بۆ فریشتە لەگەڵیدا نەهاتن بۆ بانگەوازکردن و پشتیوانیلێکردنی؟!».

خوای گەورە دەفەرموێت: «فَاسْتَخَفَّ قَوْمَهُ فَأَطَاعُوهُ» (الزخرف: ٥٤). فیرعەون بێڕێزیی بە ئەقڵ، ئازادی و داهاتووی مرۆڤانەی ئەوان کرد؛ بەڵام هەر ملکەچییان بۆ دەربڕی! ئایا ئەمە شوێنکەوتنێکی سەرسووڕهێنەر نییە؟! بەڵام ئەمانە چونکە خراپەکار بوون؛ چاك و خراپی خۆیان لە یەك نەدەکردەوە.

خوای گەورە دەفەرموێت: «فَلَمَّا آسَفُونَا انتَقَمْنَا مِنْهُمْ فَأَغْرَقْنَاهُمْ أَجْمَعِينَ. فَجَعَلْنَاهُمْ سَلَفاً وَمَثَلاً لِلْآخِرِينَ» (الزخرف: ٥٥-٥٦). «خوا فەرمووی: جا کاتێك ئێمەیان تووڕە کرد و رقی ئێمەیان هەستاند؛ ئێمەش تۆڵەمان لێ سەندنەوە، هەر هەموویانمان لە دەریادا خنکاند و نوقممان کردن. جا کردمانن بە پێشەنگی تیاچووەکان و پەند و عیبرەت بۆ خەڵکی تری دوای ئەوان».

## دوعا و نزای مووسا و هاڕوون: له فیرعەون و هۆزەکەی:

به ئاشکرا دەرکەوت فیرعەون بڕوا ناهێنێت و دەست له ستەمکاری هەڵناگرێت، لێرەدا مووسا و هاڕوون دوعایان له فیرعەون کرد: «وَقَالَ مُوسَى رَبَّنَا إِنَّكَ آتَيْتَ فِرْعَوْنَ وَمَلأَهُ زِينَةً وَأَمْوَالاً فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا رَبَّنَا لِيُضِلُّواْ عَن سَبِيلِكَ رَبَّنَا اطْمِسْ عَلَى أَمْوَالِهِمْ وَاشْدُدْ عَلَى قُلُوبِهِمْ فَلاَ يُؤْمِنُواْ حَتَّى يَرَوُاْ الْعَذَابَ الأَلِيمَ. قَالَ قَدْ أُجِيبَت دَّعْوَتُكُمَا فَاسْتَقِيمَا وَلاَ تَتَّبِعَآنِّ سَبِيلَ الَّذِينَ لاَ يَعْلَمُونَ» (یونس: ٨٨-٨٩). «مووسا نزای کرد و وتی: پەروەردگارا، بەڕاستی تۆ له ژیانی دنیادا ناز و نیعمەت، ماڵوحاڵ و جێگەورێگەی خۆش و رازاوەت بەخشیووە بەفیرعەون و داروودەستەکەی، پەروەردگارا، ئەو شتانە بووەتە هۆی ئەوەی کە (خەڵکی) له رێباز و بەرنامەی تۆ وێڵ و گومڕابن، پەوەردگارا! ماڵ و سامانیان تەفروتونا بکەو کوێری بکەرەوە، دڵیان بگوشە (تا هەست به خۆشی نەکەن)، ئەمانە باوەڕ ناهێنن هەتا سزا و ئازاری بەئێش دەبینن! پەروەردگار فەرمووی: بێگومان دوعای هەردووکتان وەرگیرا، بەڵام ئێوە هەر بەردەوام بن لەسەر رێبازی راست و درووستی هیدایەت و شوێن رێبازی ئەوانە مەکەون کە حەق نازانن و نافامن». خوای گەورە درێژە دەداتە پەروەردەکارێتیی پێغەمبەرەکەی، چما بە مووسا دەڵێت: خۆت بە فیرعەونەوە خەریك مەکە؟: «قَالَ قَدْ أُجِيبَت دَّعْوَتُكُمَا» بەڵکووو له بیری خۆت و براکەتدا بە: « فَاسْتَقِيمَا»، پاشان هوشدارییەکی توندی دەداتێ: «وَلاَ تَتَّبِعَآنِّ سَبِيلَ الَّذِينَ لاَ يَعْلَمُونَ».

جا ئەو نەوەیە کە بڕوایان هێنابوو؛ خوا فەرمانی دا بە مووسا پەروەردەیان بکات: «وَأَوْحَيْنَا إِلَى مُوسَى وَأَخِيهِ أَن تَبَوَّءَا لِقَوْمِكُمَا بِمِصْرَ بُيُوتاً وَاجْعَلُواْ بُيُوتَكُمْ قِبْلَةً وَأَقِيمُواْ الصَّلاَةَ وَبَشِّرِ الْمُؤْمِنِينَ» (یونس: ٨٧). «ئێمە نیگامان نارد بۆ مووسا و براکەی، تا له

مـــــیسـردا چەند ژوورێك ئامادە بكەن؛ ئەو ژوورانەش بكەنە شـوێنی خواپەرسـتی و رووی تێبكەن، پێمـان وتن: نوێژەكـانتـان بەچـاكی ئەنجـام بـدەن، مژدەش بـدە بە ئیمانداران». ئیتر كە ئامادە و پەروەردە بوون، قۆناغەكە كۆتایی پێهات.

## چوونەدەرەوەی مووســا و ڕاوەدوونـانی لـە لایەن فیرعەون و سەربازەكانیانەوە:

خوا وەحیی بۆ مووسا نارد كە بە شەودا خۆی و بەنی ئیسرائیل لە مـیسر بڕۆنە دەرەوە لە پاش ڕێكخستن و ئامادە كاری، هەواڵیشی دانێ فیرعەون و سەربازەكانی شوێنیان دەكەون؛ بۆیە فەرمانی پێدا هۆزەكەی بەرەو كەناری دەریا ببات. هەواڵەكان گەیشـــتە فیرعەون، كە مووسـا و هۆزەكەی رایانكردووە! فەرمانی بۆ شـارەكان نارد سـوپایەكی گەورە كۆبكەنەوە بۆ ئەوەی شـوێن مووسـا و هۆزەكەی بكەون: «فَأَرْسَـلَ فِرْعَوْنُ فِي الْمَدَائِنِ حَاشِرِينَ. إِنَّ هَؤُلَاء لَشِرْذِمَةٌ قَلِيلُونَ. وَإِنَّهُمْ لَنَا لَغَائِظُونَ. وَإِنَّا لَجَمِيعٌ حَاذِرُونَ» (الشـــعراء: ٥٣-٥٦). «فیرعەون (كە هەواڵی زانی)، نـاردی بۆ شـــارەكـان كە هێز كۆبكەنەوە. (جاڕی دا و وتی:) بێگومان ئەوانە دەســتەیەكی كەمن و زوو باڵبەســتیان دەكەین. بەڕاســتی ئەوانە ســەركەشــیان كردووە و ئێمەیان تووڕە كردووە. (خەمتان نەبێت) بێگومان ئێمە هەموومان بێدار و ئاگادارین».

لێرەدا فیرعەون ئامادەباشیی گشتی ڕادەگەیەنێت؛ وا خەڵكەكە تێدەگەیەنێت كە مووسا و هۆزەكە مەترسییەكی گومان لێنەكراون بۆ پادشایەتییەكەی. جا كارەكەشی بە سووك و ئاســـان باس كرد، بەڵام بۆیە شـــوێنیان دەكەوین، چونكە تووڕەیان كردووین! ئیتر

فیرعەون هەموو سەربازەکانی کۆ کردەوە و بەپەلە شوێن مووسا و هۆزەکەی کەوت. ئەوان لە وڵات دەرچوون و بە شوێنپێیەکانی مووسا و هۆزەکەیدا ڕۆیشتن. ئەمە کۆتا دەرچوونیان بوو لە وڵات و ئیتر لە هەموو باخ و کانی و خەزێنەکان دەریکردنە دەرەوە و نەگەڕانەوە! بۆیە کە باسی چوونە دەرەوەیان بۆ شوێنکەوتنی بڕواداران دەکات؛ ڕاستەوخۆ باسی ئەم سەرەنجامەشیان دەکات، تا سزای ستەم و نافەرمانی پێشخات: «فَأَخْرَجْنَاهُم مِّن جَنَّاتٍ وَعُيُونٍ. وَكُنُوزٍ وَمَقَامٍ كَرِيمٍ. كَذَلِكَ وَأَوْرَثْنَاهَا بَنِي إِسْرَائِيلَ» (الشعراء: ٥٧-٥٩). «ئینجا ئێمە (بەو شێوەیە فیرعەون وداروودەستەیمان) دەرهێنا لە ناو باخ و باخات و کانیاوەکان، لە نێو گەنجینەی جۆراوجۆر و جێگە و ڕێگەی خۆش و ڕازاوەدا. نەوەی ئیسرائیلمان کرد بە خاوەنی (زۆربەی) ماڵ و سامانیان».

مووسا ڕێگەکانی بڕی تا گەیشتە قەراخ/ڕۆخی دەریا، سەربازەکانی فیرعەونیش نزیك دەبوونەوە، ئاگاداریشییان پێدان؛ بۆیە هۆزی مووسا زۆر ترسان، لە پێشیانەوە دەریایە و لە پاشیانەوە دوژمن، هیچ کەشتی و ئامێرێکی دەریاییشیان پێ نییە، ناشتوانن شەڕ کەن، ئاخر کۆمەڵە ژن و مناڵ و پیاوێکی بێچەکن! بۆیە هەندێکیان هاواریان لێ بەرز بووەوە: «إِنَّا لَمُدْرَكُونَ» (الشعراء: ٦١). «بەڕاستی پێمانگەیشتن و ئێمە تیاچووین».

## خۆڕاگریی مووسا و متمانەی بە پەروەردگاری:

مووسا نەیدەزانی چۆن ڕزگاری دەبێت؛ بەڵام دڵی پڕ بوو لە متمانە بە پەروەردگاری! دڵنیا بوو ڕزگار دەبن؛ ئاخر پەروەردگار ئاراستەی دەکات و ئاگای لێی دەبێت. لە کۆتا ساتدا وەحیی خوا دێت: «فَأَوْحَيْنَا إِلَى مُوسَى أَنِ اضْرِب بِّعَصَاكَ الْبَحْرَ» (الشعراء: ٦٣).

«ئەوســـا ئێمە وەحیمان نارد بۆ مووســـا: کە بە عەســـاکەت بماڵە بە دەریاکەدا». بۆیە پێیداکێشا و موعجیزە روویدا: «فَانفَلَقَ فَكَانَ كُلُّ فِرْقٍ كَالطَّوْدِ الْعَظِيمِ» (هەمان ئایەت). «دەسـبەجێ دەریا شـەق بوو، هەر رێگە و شـەقامێکی دەورە درا بە شەپۆلی گەورەی ئـاو، کە وەك کێوی گەورە و مەزن وابوو». ئیتر ئەو شـــتـە روویـدا کـە لای خەڵـك نەگونجاوو نامومکینە، بەڵام کە خوا ویســتی لەســەر شــتێك بێت؛ پێی دەڵێت: ببە و دەبێت.

رێگایەکی وشـکەڵان لە ناوەڕاستی دەریاکەدا درووست بوو، شەپۆلەکان لەملاولایەوە وەك دوو دیوار وەســـتـان! ئیتر مووســـا و هۆزەکەی بەپەلە لەم رێگەوە رۆیشـــتن و شەپۆلەکانیش لە تەنیشتیانا بوون. پاکی و بێگەردی بۆ خوا...

فیرعەون نوقم دەبێت؛ ئایا کەس پەند وەردەگرێت؟

فیرعەون گەیشـــتـە کەنـار دەریـا و ئەم موعجیزەیەی بینی، چـاوی لێبوو مووســـا و هۆزەکەی بە ناو دەریاکەدا رۆیشتن بە بێ هیچ گێرە و کێشەیەك، بۆیە ئەویش یەکسەر شوێنیان کەوت و فەرمانی بە سەربازەکانی دا بە دوایاندا بڕۆن. کاتێك مووسا لە دەریا تێپەڕ بوو، خوا فەرمانی پێدا دەریاکە هەروا بە جێبهێڵێت: «وَاتْرُكْ الْبَحْرَ رَهْواً إِنَّهُمْ جُندٌ مُّغْرَقُونَ» (الـدخـان: ٢٤). «جا کە خۆت و ئیمانداران لە دەریا پەڕینەوە، دەریا بەجێ بهێڵە بە واڵاکراوی، چونکە بەڕاستی ئەوانە سوپایەکی خنکێنراون تیایدا». فیرعەون و سـەربازەکانی لە ناوەڕاستی دەریاکەدا بوون؛ خوا فەرمانی بە دەریاکە دا شەپۆلەکانی بدات بە سـەریاندا و نوقمی کردن. سـەرکەشـی و لووتبەرزی خنکا، باوەڕیش بە خوا رزگاری بوو.

فیرعەون کە بینیی خەریکە دەخنکێت و ڕزگاری نابێت وتی: «آمَنتُ أَنَّهُ لا إِلِهَ إِلاَّ الَّذِي آمَنَتْ بِهِ بَنُو إِسْرَائِيلَ وَأَنَاْ مِنَ الْمُسْلِمِينَ» (یونس: ٩٠). «وا ئیتر باوەڕم هێنا بەوەی کە هیچ خوایەك نییە جگە لەو خوایەی کە نەوەی ئیسرائیل باوەڕیان پێهێناوە و من ئیتر لە موسڵمان و ملکەچانم». تەنها ئەوە نەبوو بڕواداریی خۆی ڕاگەیەنێت؛ بەڵکوو وتی موسوڵمان و ملکەچیشم.

بەڵام هیچ سوودێکی نەبوو! لە پاش ئەو هەموو لووتبەرزی و خۆبەزلزانینە؛ ئەمە کاتی هەڵبژاردن نەبوو: «آلآنَ وَقَدْ عَصَيْتَ قَبْلُ وَكُنتَ مِنَ الْمُفْسِدِينَ» (یونس: ٩١). «ئایا ئێستا (باوەڕ دەهێنیت!) لەکاتێکدا بەڕاستی پێشتر یاخی بوویت و لە ڕیزی ئەوانەدا بوویت کە تۆوی خراپەیان دەچاند؟!». کاتی دیاریکراوی تۆبەی تۆ تەواو بووە و ئیتر ڕزگار نابیت؛ تەنها جەستەت دەمێنێتەوە تا ببێتە پەند و ئامۆژگاری بۆ داهاتووان. جوبرەئیل قوڕی دەکردە دەمی فیرعەونەوە و، ئەویش هەوڵی دەدا خۆی ڕزگار بکات. پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دەفەرموێت: (لما أغْرَقَ اللهُ فرعونَ قال: آمنتُ أنه لا إلهَ إلاّ الذي آمنتْ به بنو إسرائيلَ، قال جبريلُ: يا محمدُ ! فلو رأيْتَنِي وأنا آخُذُ من حالِ البحرِ فأدُسُّه في فيه، مخافَةَ أن تُدْرِكَه الرحمَةُ)[١]. واتە: کاتێك خوا فیرعەونی خنکاند، وتی: وا ئیمانم هێنا؛ هیچ پەرستراوێك هەق نییە ئەو پەروەردگارە نەبێت بەنی ئیسرائیل بڕوای پێهێناوە. جوبرەئیل دەڵێت: ئەی موحەممەد، ئەگەر چاوت لە من دەبوو چۆن قوڕ و لمی دەریام بە پەلە دەکردە دەمیەوە لە ترسی ئەوەی بەر بەزەیی خوا بکەوێت!.

«فَالْيَوْمَ نُنَجِّيكَ بِبَدَنِكَ لِتَكُونَ لِمَنْ خَلْفَكَ آيَةً وَإِنَّ كَثِيراً مِّنَ النَّاسِ عَنْ آيَاتِنَا لَغَافِلُونَ»

[١] نووسەری بەڕێز نوسیویەتی: سەحیحی ترمزی (٣٠٣٢). گەیشتینە خزمەتی بە ژمارە (٣١٠٧) لە سونەنی ترمزی، لای شێخی ئەلبانییش لە صحيح الجامع دا بە ژمارە (٥٢٠٦).

(یونس: ٩٢). «ئەمڕۆ ئیتر لاشـــەی تۆ رزگـار دەکەین تـا ببێتە موعجیزە و پەنـد و ئـامۆژگـاری بۆ ئەوانەی دوای تۆ دێن. بەڵام بەڕاســتی زۆربەی خەڵکی لە ئایەت و موعجیزەکانی ئێمە بێئاگان». شەپۆلەکان جەستەی فیرعەونیان خستە قەراخ ئاوەکەوە، پـاشــان خوا هەموو فیرعەونیانی لە ناو برد، ئیتر خوای گەورە باســی کاردانەوەیان ناکات لە پاش ئەوەی خوا فیرعەون و کۆشــك و دەســەڵاتەکەی لە ناو دەبات. هیچ شــتێك دەربارەیان نازانین، دەڵێی بە تەواوی لە مێژووی رووداوەکاندا ســڕاونەتەوە. بەڵام هەنگاو بە هەنگاو باسی ئەو بڕوادارانە دەکات کە لەگەڵ مووسا بوون.

## لە سوودەکانی ئەم بەسەرهاتە:

١- خوای گەورە خۆشـەویسـتانی خۆی دەپارێزێت و هۆکارەکانیان بۆ ئامادە دەکات، هەرچەندە لە خوا نزیکتر بی، پاراستنی خوا لێتەوە نزیکترە.

٢- پەروەردگار هەر کات و هەر چۆن بیەوێت قسە دەکات، لە سەر ئێمە پێویستە تەنها بڕوای پێبهێنین بە بێ شوبهاندن. جا خوا مووسای هەڵبژاردووە بۆ قسەکردن.

٣- تەنهـا بڕوادارانی شــیاو دەتوانن ئەرکە قورســەکان لە ئەســتۆ بگرن و بەرانبەر ئازارەکان خۆڕاگر بن.

٤- پێغەمبەران و زانایانی خاوەن کردەوە لە هەمووان بوێرترن.

٥- هەرکەس لە واتاکانی ئیمان تێبگات و شـیرینییەکەی بچێژێت؛ خۆقوربانی کردن و ئازارکێشان لە ڕێگای خوادا لای ئاسان دەبێت.

٦- مەترسیدارترین شت لای تاغووتان ئاگاداریی خەڵکەکە و شوێنکەوتنی حوکمی خوایە لە لایەن ئەوانەوە.[١]

## کاریگەریی فیرعەون لە سەر میسرییەکان:

فیرعەون مرد و لە بەرچاوی فیرعەونییەکان و شوێنکەوتووانی خنکا، بەڵام لەگەڵ مردنیشیدا کاریگەری لە سەر خەڵك مایەوە، زۆر ئەستەمە لەم هەموو ساڵەی ژێردەستەیی و بێڕێزییە کاریگەریی لە سەر خەڵك نەبووبێت. جا فیرعەون لە ناخی بەنی ئیسرائیلدا شتێکی درووستکردبوو لە ئایەتەکانی دواییدا دەیبینین. فیرعەون ئەوانی فێری ژێردەستەیی بۆ غەیری خوا کردبوو، رۆحیانی تێکشکاندبوو، وای کردبوو ئەو کەسانەیان خۆشبووێت کە بێڕێزی پێکردوون!! بۆیە بە نەزانی و نەفامیی خۆیان مووسایان زۆر ئازار دا. ئیتر ئازار و کێشەی مووسا لەگەڵ ئەمانەدا دەستی پێکرد. یەکەمینیان ئەمە بوو:

## حەزی بەنو ئیسرائیل بەرەو لاڕێیی:

[١] بۆ ئەمە فێرخوازان ڕێنمایی دەکەین بۆ خوێندنەوە دەربارەی کۆمەڵناسی، هەروەها ئەو کتێبانەی دەربارەی کۆمەڵناسی و سایکۆلۆژیای جەماوەرییەوە نوسراون یان شیکراونەتەوە بە دەنگ و رەنگ، لەوێوە تێدەگات تاغووتان چۆن ئاراستەی جەماوەر دەکەن بە جۆرێك بۆیان دەستەمۆ بێ و نەتوانێت بە ئاگابێتەوە و بیربکاتەوە لە شتە سەرەکییەکان، خۆشمان هەندێکی لە ئیستای باشووری کوردستاندا دەبینین، لەوانە: برسیکردن، پەرتکردن، دابەزاندنی ئاستی رۆشنبیریمان و سەرقاڵکردنمان بە شتە کەم و لاوەکییەکانەوە و...هتد. لە ئایەتەکانی دواتریشدا دەبینین چۆن بوونی دەسەڵاتێکی فیرعەونی، دوای خۆشی نەوەیەکی تەواو زایە دەکات، چوونکە سایکۆلۆژیا و کەسایەتییەکان تێکچووە! (وەرگێڕ)

«وَجَاوَزْنَا بِبَنِي إِسْرَائِيلَ الْبَحْرَ فَأَتَوْاْ عَلَى قَوْمٍ يَعْكُفُونَ عَلَى أَصْنَامٍ لَّهُمْ قَالُواْ يَا مُوسَى اجْعَل لَّنَا إِلَهاً كَمَا لَهُمْ آلِهَةٌ قَالَ إِنَّكُمْ قَوْمٌ تَجْهَلُونَ» (الأعراف: ١٣٨). «لەوەودوا نەوەی ئیسـرائیلمان لە دەریاكە پەڕاندەوە، دوای تاوێك ڕێیان كەوت لە خەڵكێك كە بەدەوری بتەكانیاندا دەخولانەوە و دەیانپەرستن، (دەستەیەكیان) وتیان: ئەی مووسا، خوایەكیش بۆ ئێمە ئامادە بكە وەكوو ئەوانە چەند خوایەكیان هەیە!! مووسا پێی وتن: بەڕاستی ئێوە قەومێكن نە دەزانن و نە دەفامن!».

وەك لە بەسەرهاتەكەدا زانیمان بەنی ئیسرائیل لە سووكایەتی و ئازاری فیرعەون و هۆزەكەیدا دەژیان، ئیتر خوا لە پێش چاویاندا فیرعەونییەكانی خنكاند و بەرەو زەوییەكی خاوێن بردنی، تا لە ڕێزداریی ئیمان و لە سێبەری حوكمی پێغەمبەر مووسادا بژین؛ كەچی سەرت سووڕ دەمێنێ؛ دەبینی هەر چاویان بە بتێك دەكەوێت حەزیان بۆ بتپەرستی دەچێت!

موعجیزەی دەریاكە هێشتا لە پێش چاویان بوو، كە لە كەنار هۆزێكەوە تێپەڕین بتیان دەپەرست، ئەمانیش لە بری ئەوەی ناڕەزایی دەربڕن و سوپاسی خوا بكەن ڕێنمایی كردوون بۆ ئیمان؛ ڕوویان كردە مووسا و داوایان لێكرد ئەویش وەك ئەم هۆزە خوایەكیان بۆ دانێت بیپەرستن، ئەمە بردنییەوە بۆ ڕۆژانی بتپەرستی كردن لە سەردەمی فیرعەوندا، مووسا وتی: «إِنَّ هَؤُلاء مُتَبَّرٌ مَّا هُمْ فِيهِ وَبَاطِلٌ مَّا كَانُواْ يَعْمَلُونَ. قَالَ أَغَيْرَ اللّهِ أَبْغِيكُمْ إِلَهاً وَهُوَ فَضَّلَكُمْ عَلَى الْعَالَمِينَ. وَإِذْ أَنجَيْنَاكُم مِّنْ آلِ فِرْعَونَ يَسُومُونَكُمْ سُوَءَ الْعَذَابِ يُقَتِّلُونَ أَبْنَاءكُمْ وَيَسْتَحْيُونَ نِسَاءكُمْ وَفِي ذَلِكُم بَلاء مِّن رَّبِّكُمْ عَظِيمٌ» (الأعراف: ١٣٩-١٤١). «بێگومان ئەوەی ئەمانە تێیدا دەژین لەناوچوونە و پووچەڵە ئەوەی ئەوان دەیانكرد. مووسا وتی: ئایا كەی ڕەوایە بێجگە لە خوا خوایەكی ترتان بۆ

بخوازم، لەکاتێکدا کە ئەو زاتە لەناو خەڵکی ئەم جیهانەدا هەڵیبژاردوون و ڕێزی زیاتری لێناوون؟! یادی ئەو کاتەش بکەن کە ڕزگارمان کردن لە دارودەستەی فیرعەون، کاتێك کە ناسۆرترین ئەشکەنجەیان دەدان، بەشێوەیەکی دڕندانە زۆرینەی کوڕەکانی ئێوەیان دەکوشت و ئافرەتەکانی ئێوەشیان دەهێشتەوە (بۆ کەنیزەکی)، لەوەشدا بەڵاو تاقیکردنەوەیەکی گەورە هەیە بۆتان لەلایەن پەروەردگارتانەوە».

قۆناغی یەکەمی بەرپرسیەتیەکەی مووسا کۆتایی پێهات؛ کە ڕزگار کردنی بەنی ئیسڕائیل لە ژیانی ژێردەستەیی و سزا بوو لە سەر دەستی فیرعەون و سەربازەکانی، هەروەها بردنیان بەرەو وڵاتی پیرۆز، بەڵام هۆزەکە ئامادەییان بۆ ئەم ئەرکە گەورەیە نەبوو؛ ئەرکی بریکارێتیی خوا لە زەویدا بەپێی دینی خوا. تاقیکاری یەکەم گەورە ترین بەڵگە بوو لە سەر ئەمە، هەر کە هۆزێکیان بینی بت دەپەرستن؛ باوەڕی یەکخواپەرستی لە دڵیاندا لەرزا. بۆیە پێویست بوو لە پێشدا بەرنامەیەکی وردیان بۆ بێت بۆ پەروەردە و ئامادەکاری ئوممەتەکە. لە بەر ئەم بەرنامەیە خوا مۆڵەتی دیداری لەگەڵ بەندەکەی دانا، ئەم جێژوانە[1] پەروەردەکاری بوو بۆ مووسا، تا ئامادەی ئەم هەڵوێستە گەورەیە بێت: «وَوَاعَدْنَا مُوسَى ثَلاَثِينَ لَيْلَةً وَأَتْمَمْنَاهَا بِعَشْرٍ فَتَمَّ مِيقَاتُ رَبِّهِ أَرْبَعِينَ لَيْلَةً وَقَالَ مُوسَى لأَخِيهِ هَارُونَ اخْلُفْنِي فِي قَوْمِي وَأَصْلِحْ وَلاَ تَتَّبِعْ سَبِيلَ الْمُفْسِدِينَ» (الأعراف: ١٤٢). «بەڵێنی سی شەومان بە مووسادا و بە دە شەوی تر ماوەکەمان تەواوکرد، ئینجا کاتی گفتوگۆی مووسا لەگەڵ پەروەردگاریدا تەواو بوو، کە گەیشتە چل شەو، مووسا (پێش ڕۆیشتنی بۆ کێوی توور) بە هاڕوونی برای وت: ئیتر

[1] لەوە ئەچێت هەندێک کەس وا بیربکاتەوە کە وشەی جێژوان تەنها بۆ کۆبوونەوەی ئەویندارا‌ن و خۆشەویستان بەکار دەبرێت؛ بەڵام ئەمە هەڵەیە. جێژوان هەمان «میقات»ی زمانی عەرەبییە. (وەرگێڕ)

تۆ لە جیاتی من بە لەناو قەوم و عەشرەتمدا دەوری چاکسازی ببینە و نەکەیت شوێن ڕێبازی ئەوانە بکەویت کە چێنەری تۆوی خراپەن».

## ڕۆیشتنی مووسا بەرەو دیداری پەروەردگاری:

قۆناغی ئامادەکاری سی شەو بوو، دە شەوی تریشی لە سەر نرا و بووە چل شەو. لەم ماوەیەدا مووسا خۆی بۆ دیدارە دیاریکراوەکە ئامادە دەکرد و خۆی لە کاروباری دنیا دوور گرت. خوای گەورە باسی ئەوە دەکات کە سی شەو مۆڵەتی بۆ مووسا دانا، موفەسسیران دەڵێن: مووسا لەم ماوەیەدا بەڕۆژوو بووە و برسیەتی کێشاوە، کە ماوەکە تەواو بوو؛ بە توێکڵی دارێك سیواکی کردووە. خوا فەرمانی پێدا دە شەوی تر بخاتە سەری. مووسا هاڕوونی برای کردە جێنشین لە ناو هۆزەکەدا بۆ ئەوەی گوێڕایەڵیی بۆ دەربڕن، ئەویش پێغەمبەر بوو.

مووسا پاش چل ڕۆژ ڕۆژووگرتن لە خوا نزیکتر بووەوە، بەوەش کە خوا قسەی لەگەڵ دەکرد خۆشەویستیی بۆ خوا زۆرتر بوو، ئێمە نازانین چ هەست و سۆزێك لە دڵی مووسادا بوو ئەو کاتەی داوای لە خوا کرد ببینێت، بەڵام زۆر جار خۆشەویستیی نێوان مرۆڤ وا دەکات داوای شتی مەحاڵ بکات، ئەی ئەگەر خۆشەویستییەکە خوایی بێت کە بناغەی خۆشەویستییە؛ ئەوسا چی ڕوو دەدات؟! خۆشەویستیی قووڵ و هیوای زۆرتر بە گەورەیی و ڕێزی خوا و نیعمەتە بەردەوامەکانی؛ وایکرد مووسا لە پەروەردگار بپاڕێتەوە کە ببینێت.

## پاڕانەوەی مووسا بۆ بینینی خوا:

«وَلَمَّا جَاء مُوسَى لِمِيقَاتِنَا وَكَلَّمَهُ رَبُّهُ قَالَ رَبِّ أَرِنِي أَنظُرْ إِلَيْكَ» (الأعراف: ١٤٣). «جا کاتێك مووسا هات بۆ جێژوانەکەمان و پەروەردگاریشی گفتوگۆی راستەوخۆی لەگەڵدا ئەنجامدا؛ وتی: (ئەی پەروەردگارم)، خۆتم نیشان بدە، تا تێر تەماشات بکەم!». مووسا زۆر سادە و پاك داوای لە خوا کرد، بەڵام وەڵامی پەروەردگار بنبڕ و کۆتاییهێنەر بوو: «لَن تَرَانِي» (هەمان ئایەت). بە یەك وشە باسەکە کۆتایی هات: هەرگیز –لە دوونیادا- من نابینی.

ئەگەر خوا تەنها ئەمەی بووتایە و زیادە لەمەی روون نەکردایێتەوە؛ دادی خوایی بوو، بەڵام ئەم هەڵوێستەی ئێرە هەڵوێستی خۆشەویستییە، بۆیە خوا ویستی مووسا تێگەیەنێت کە هەرگیز خوا نابینێت، چونکە کەس ناتوانێت لە دنیادا خوا ببینێت. جا فەرمانی پێدا سەیری کێوەکە کات، ئەگەر خۆی گرت؛ ئەوە مووساش خوا دەبینێت: «وَلَكِنِ انظُرْ إِلَى الْجَبَلِ فَإِنِ اسْتَقَرَّ مَكَانَهُ فَسَوْفَ تَرَانِي فَلَمَّا تَجَلَّى رَبُّهُ لِلْجَبَلِ جَعَلَهُ دَكّاً وَخَرَّ موسَى صَعِقاً» (هەمان ئایەت). « بەڵام سەیری ئەو چیایە بکە، جا ئەگەر مایەوە لە جێگەی خۆیدا؛ ئەوا لەوەودوا تۆش من دەبینیت. جا کاتێك پەروەردگاری خۆی نیشانی کێوەکەدا و تەجەلای کرد، کێوەکەی سووتاند و وردوخاشی کرد، مووساش کەوت و لە هۆش خۆی چوو». هیچ کەس و شتێك ناتوانێت لە بەر دەرکەوتنی نووری خوادا خۆ بگرێت، بۆیە کێوەکەش وای بە سەرهات و رێکی زەوییەکە بوو، مووساش لە هۆشی خۆ چوو.

«فَلَمَّا أَفَاقَ قَالَ سُبْحَانَكَ تُبْتُ إِلَيْكَ وَأَنَاْ أَوَّلُ الْمُؤْمِنِينَ» (هەمان ئایەت). کە هاتەوە

سەر هۆش وتی: پاکی و بێگەردی بۆ تۆ، تۆ لەوە گەورەتری کەسێك بتوانێت لە دنیادا تۆ ببینێت، وا من تۆبەم لە داوا کارییەکەم کرد و یەکەم بڕوادارێشم بە تۆ و گەورەییت.

## مژدەی خوا بە مووسا بۆ هەڵبژاردنی:

کە مووسا تۆبەی کرد و دانی بە هەڵەکەیدا ناو بڕوای تازە کردەوە و راستی کرد؛ پێویست بوو زۆرتری پێ بدرێت، ئاخر خوا مەزن و بەخشندەیە، بۆیە مژدەی هەڵبژاردنیی دا بە مووسا، بەرنامەشی بۆ نارد بیبات بۆ هۆزەکەی لە پاش رزگاربوونیان، خوای گەورە دەفەرموێت: «قَالَ يَا مُوسَى إِنِّي اصْطَفَيْتُكَ عَلَى النَّاسِ بِرِسَالاَتِي وَبِكَلاَمِي فَخُذْ مَا آتَيْتُكَ وَكُن مِّنَ الشَّاكِرِينَ» (الأعراف: ١٤٤). «فەرمووی: ئەی مووسا، بەڕاستی من تۆم هەڵبژاردووە لەناو خەڵکیدا بەهۆی پەیامەکانمەوە و گفتوگۆکردنیشم لەگەڵ تۆدا، جا هەرچیەکم پێبەخشیویت بە توندوتۆڵی بیگرە و پەیڕەوی بکە و رایبگەیەنە و هەمیشە و بەردەوام لە سوپاسگوزاران بە». واتە بەو بەشەی پێمداوی رازیبە و داوای زۆرتر مەکە.

پاشان واتای بەرنامەکەی بۆ روون کردەوە: «وَكَتَبْنَا لَهُ فِي الأَلْوَاحِ مِن كُلِّ شَيْءٍ مَّوْعِظَةً وَتَفْصِيلاً لِّكُلِّ شَيْءٍ فَخُذْهَا بِقُوَّةٍ وَأْمُرْ قَوْمَكَ يَأْخُذُواْ بِأَحْسَنِهَا سَأُرِيكُمْ دَارَ الْفَاسِقِينَ» (الأعراف: ١٤٥). «لە لەوحەکاندا لە هەموو بابەتێکمان بۆ تۆمار کردبوو، ئامۆژگاریی تێر و تەواو، هەروەها روونکردنەوە بۆ هەموو شتێك و هەموو بابەتێك، کەوابوو ئەی مووسا: بەتوندی بیانگرە و پەیڕەویان بکە و فەرمان بە قەومەکەشت بدە: کە بە جوانترین شێوە وەریان بگرن و پەیڕەوییان بکەن، لە ئایندەدا خانووبەرە و شوێنی

تاوانبار و له سنووردەرچوانتان نیشان دەدەم». له ناو لەوحەكاندا هەموو شتێكی تێدابوو كه تایبەت بە بەرنامەكە بوو، هەروەها ئامانجی بەرنامەكە لە بەیان و شەریعەت و ئاراستەكانی پەروەردگار بۆ چاكسازی دۆخی ئوممەتەكە و گۆڕینی سروشتیان؛ كە ژێردەستەیی رزاو و بۆگەنی كردبوو!

ژوانگەی مووسا لەگەڵ پەروەردگاری كۆتایی پێهات، لە هەموو جیهاندا كەس بە قەد ئەو خۆشحاڵ نەبوو، بەڵام پەروەردگار هەواڵێكی دەربارەی هۆزەكەی پێدا، خەفەتباری كرد و بە تووڕەییەوە گەڕایەوە لایان. خوای گەورە دەفەرموێت: «وَمَا أَعْجَلَكَ عَن قَوْمِكَ يَا مُوسَى. قَالَ هُمْ أُولَاء عَلَى أَثَرِي وَعَجِلْتُ إِلَيْكَ رَبِّ لِتَرْضَى. قَالَ فَإِنَّا قَدْ فَتَنَّا قَوْمَكَ مِن بَعْدِكَ وَأَضَلَّهُمُ السَّامِرِيُّ. فَرَجَعَ مُوسَى إِلَى قَوْمِهِ غَضْبَانَ أَسِفاً» (طه: ٨٣-٨٦). «ئەی مووسا بۆچی تۆ پەلەت كردو قەومەكەت بەجێهێشت؟ مووسا وتی: ئەوان لەسەر رێبازی من دەڕۆن، بۆیە بەپەلە هاتم تا تۆ ئەی پەروەردگارم لێم رازی بیت. پەروەردگار فەرمووی: بێگومان ئێمە قەومەكەتمان لە دوای هاتنی تۆ تاقیكردەوە، سامیری گومڕای كردن. پاشان مووسا گەڕایەوە بۆ ناو قەومەكەی بە تووڕەیی و داخ و خەفەتێكی زۆرەوە».

## ئاژاوەگێڕیی سامیری:

مووسا لە لووتكەی كێوەكە هاتە خوارەوە، لە كاتێكدا لەوحەكانی تەوڕاتی بە دەستەوە بوو، زۆریش خۆشحاڵ بوو پەروەردگاری لەگەڵی دواوە و تەوڕاتی پێداوە كە خوا بە دەستی خۆی نووسیویەتی، ئاخر لە فەرموودەدا هاتووە: (فَقَالَ آدَمُ: أَنْتَ مُوسَى،

اصْــطَفَـاكَ اللَّهُ بِكَلَامِهِ، وَخَطَّ لَكَ التَّوْرَاةَ بِيَدِهِ)[١]. واته: ئادەم بە مووســـای وت: ئەی مووسـا خوا تۆی هەڵبژاردووە بۆ وتوویژ لەگەڵیدا و، تەوراتیشـی بە دەسـتی خۆی بۆ نووسـیوی. لـە هەمـان کـاتـدا دڵی لـە توورەیی و خەفەتدا هاتبووە جۆش و کوڵ بۆ بـارودۆخی هۆزەکەی، جا بیرکەوە مووســـا چەند توورە و خەفەتبار بووە؟! ئاخر لای وابوو لـە بەر ئەو هەموو هەوڵەی داویەتی بۆ پەروەردەی هۆزەکەی؛ ئەوان لـە ســەر ڕێبازی ئەو دەبن.

بەڵام هەر کە جێیهێشتن فیتنەی سامیری ڕوویدا. ڕووداوەکە ئاوا بوو: بەنی ئیسڕائیل کاتی دەرچوونیان لە مـیسـر زێڕ و زیوێکی زۆری فیرعەونییەکانیان پێبوو، کە ژنەکانی بەنی ئیسـڕائیل بە ئەمانەت لێیان وەرگرتبوون، کە فەرمانیان پێدرا لە مـــیسـر بڕۆن، لەگەڵ خۆیان هەڵیان گرت، جا کە خوا ڕزگاری کردن، پرسیاریان لە زانـاکانیان کرد؛ چی بکەن لەم زێڕ و زیوەی بـە نـاهەق لەگەڵ خۆیـان هێنـاویانە؟ ئەوانیش فەرمانیان پێـدان خێرا لـە خۆیانی بکەنەوە، ژنەکانیش دەســتبەجێ وایانکرد، چونکە موڵکێکی حەرام بوو، ئیتر ســامیری -کـە یەکێـك لـە زانـاکـانیـان بوو- هەمووی هەڵگرتەوە و گوێرەکەیەکی پێ درووســتکرد. جـا ســامیری بەردتـاشــێکی کـارزانیش بوو، ئیتر گوێرەکەکەی وا درووســتکرد ناوەکەی ڕەهۆڵ بوو، لە بەر بادا داینا، بە شـێوازێك کە باکە لە کونی دواوە دەچووە ناوەوە و لە لووتیەوە دەهاتە دەرەوە و دەنگێکی لێدەبووەوە وەك دەنگی گوێرەکەی ڕاستەقینە.

دەڵێن هۆکاری ئەم بۆرە ئەوە بوو، سـامیری لە کاتی موعجیزەی دەریاکەدا مشـتێك لە

---

[١] نووسەری بەڕێز نوسیویەتی: صحیح ابي داود (٤٧٠١)، فەرمووده‌کە وا لە ئەبو داوود (٤٧١٠)، ڕیوایەتی هاوشێوەشی لای ئیمامی بوخاری هەیە بە ژمارەی (٦٦١٤) و، لای ئیمامی موسلیمیش بە ژمارە (٢٦٥٢).

شـوێن پێی جوبڕەئیلی هەڵگرت و لە کاتی ئامادەکردنی گوێرەکەکەدا تێکەڵی زێڕەکەی کرد و ئیتر بۆیە ئەو بۆڕە راستەقینەی لێدەبووەوە! بەڵام ئەمە بەسەرهاتێکە سامیری لە بندەستی خۆی دەریهێنا و بۆ مووسای باس کرد و هەمووشی خەیاڵپڵاویی خۆی بوو، خوای گەورە دەفەرموێت: «أَفَلَا يَرَوْنَ أَلَّا يَرْجِعُ إِلَيْهِمْ قَوْلاً وَلَا يَمْلِكُ لَهُمْ ضَرّاً وَلَا نَفْعاً» (طـه: ٨٩). «جـا ئـایـا ئەو نەفـامانە نازانن ئەو گوێرەکەیە وەڵامی هیچ قســەیەکیان ناداتەوە، هیچ زەرەر یان ســوودێکی بۆتان نییە؟!». پاشـان سـامیری دروستکراوەکەی خۆی پیشانی بەنی ئیسرائیل دا!

پرسـیاریان کرد: ئەمە چیە ئەی سـامیری؟ وتی: ئەمە خوای ئێوە و خوای مووسـاشە! وتیان: جا چۆن ئەمە خوای مووسایە لەکاتێکدا ئەو چووە بۆ ژوانگەی پەروەردگاری؟! وتی: مووســا بیری چووە رۆیشــتووە بۆ دیداری پەروەردگاری لە کاتێکدا خوای ئەو لێرەیە. لەم کاتەدا بایەك هات و لە کۆمی گوێرەکە زێڕینەکەوە چووە ناوەوە و لە دەم و لووتیەوە هـاتـە دەرەوە و گوێرەکەکە بۆڕاندی، ئیتر بەنی ئیســرائیل وەك مناڵ کەوتنە قاوو قیژ و گوێرەکەکەیان پەرست! لە کاتێکدا ئەو هەموو موعجیزەیان بە چاو بینیبوو، کەچی لە یەك ساتدا گۆڕان.

رۆژێك هاڕوون ئاگادار بوو بەنی ئسـرائیل گوێرەکەیەکی زێڕین دەپەرسـتن، بۆیە زۆر لێیان تووڕە بوو، بەرهەڵستی لێکردن و هوشداریی دانێ. بەڵام هۆزەکە بوونە دوو بەش: کەمینەیەکی بڕوادار و زۆرینەیەکی کافر. هاڕوون لە ناوەڕاستیاندا وەستا و ئامۆژگاریی کردن: ئێوە تووشی ئاژاوە و تاقیکاری بوون، سامیری کەڵکی لە نەفامیتان وەرگرتووە، ئەمـە خوای ئێوە نییە و خوای مووســاش نییە، خوای ئێوە پەروەردگـاری میهرەبانی گەورەیە و منیش جێنشـینی مووسام بۆیە گوێڕایەڵم بن: «وَلَقَدْ قَالَ لَهُمْ هَارُونُ مِن قَبْلُ

يَا قَوْمِ إِنَّمَا فُتِنتُم بِهِ وَإِنَّ رَبَّكُمُ الرَّحْمَنُ فَاتَّبِعُونِي وَأَطِيعُوا أَمْرِي» (طه: ٩٠).

گوێرەکەپەرستەکان ئامۆژگارییەکەی هارِوونیان رەتکردەوە، بەڵام ئەو هەر درێژەی پێداو موعجیزەکانی هێنایەوە یادیان، کەچی ئەوان خۆیان لێ کەڕ کرد و گوێیان نەدایە، لاوازیشیان کرد و وەختیش بوو بیکوژن: « قَالُوا لَن نَّبْرَحَ عَلَيْهِ عَاكِفِينَ حَتَّى يَرْجِعَ إِلَيْنَا مُوسَى» (طه: ٩١). «وتیان: هەرگیز وازی لێناهێنین و بەدەوریدا دێین و دەیپەرستین هەتا مووسا خۆی دەگەڕێتەوە!».

دیارە هارِوون لە مووسا نەرم و نیانتر بوو، هەر لە بەر ئەم نەرمی و میهرەبانییە لێی نەدەترسان، هارِوونیش نەیدەوێرا بتەکە بشکێنێت نەوەك ئاژاوەیەکی گەورەتر درووست ببێت، بۆیە ئەمەی بە باش زانی چاوەڕوانی مووسا بێت. دەیزانی مووسا بەو کەسایەتییە بەهێزەیەوە دەتوانێت کێشەکە کۆتایی پێبهێنێت. هۆزەکەش بە دەوری گوێرەکەکەدا هەڵدەپەڕان! مووسا هاتە خوارەوە بۆ لای هۆزەکەی، گوێی لێیان بوو کە بە دەوری گوێرەکەکەدا هەڵدەپەڕان! هۆزەکە بینیان مووسا هاتووەتەوە؛ ئیتر وەستان! مووسا هاواری کرد: «بِئْسَمَا خَلَفْتُمُونِي مِن بَعْدِيَ» (الأعراف: ١٥٠). «ئای چ خیانەتێکتان لێکردم، چ خراپ جێنشینیتان کردم!». پاشان رووی کردە هارِوون و لەوحەکانی تەوراتیشی فڕێ دایە سەر زەوی! زۆر تووڕە بوو، تووڕەییەکەی لە بەر خوا بوو، چونکە ئەمانە لە پاش ئەم هەموو ناز و نیعمەتە بوونەتە گوێرەکەپەرست، ئەمە کارەساتە.

ئەوەی مووسای زۆر تووڕە دەکرد ئەوە بوو، لای خۆی پێی وا بوو قۆناغێکی پەروەردەی لەگەڵ ئەمانە بڕیوە، کەچی بۆی دەرکەوت پێویستە هەر لە سەرەتاوە لەگەڵیان خەریك بێتەوە: بەتاڵ کردنەوەی شیرك و جەخت کردنەوە لە یەکخواپەرستی.

ئیتر ئەمە وا دەكات مرۆڤ خوێنی بێتە جۆش، لە ئاكامی ئەم تووڕەییەدا، مووسا دەستی دایە قژ و ریشی هاڕوون و بە توندی ڕایكێشا و هاواری لێكرد: «یَا هَارُونُ مَا مَنَعَكَ إِذْ رَأَيْتَهُمْ ضَـلُّوا. أَلَّا تَتَّبِعَنِ أَفَعَصَـيْـتَ أَمْرِي» (طه: ٩٢-٩٣). «ئەی هاڕوون چی وای لێكردیـت (بێـدەنگ بیت و) هیچ نەكەیت، كاتێك بینیتن ئاوا گومڕا بوون؟!! چی وای لێ كردیـت پەیڕەوی لە ڕێبـازی من نەكەیـت؟! ئایا لە فەرمانی من یاخی بوویت؟!!».

مووسـا پرسـیار دەكات: تەنانەت تۆیش هاڕوون؟! ئایا هاڕوونیش نافەرمانی مووسای كردووە؟ چۆن لەم ئاژاوەیە بێدەنگ بووە؟ چۆن جێی نەهێشتوون؟ كەسێك كە لە تاوان بێدەنگ بێت هاوبەشە تێیدا.

هاڕوون لە مووسـا پاڕایەوە سەرو ریشی بەربدات بە حورمەتی ئەوەی كە هەردووكیان لە دایكێكن، جا بۆیە ناوی دایكی هێنا بۆ هێنانە سۆزی هەستی مووسا: «قَالَ يَا ابْنَ أُمَّ لَا تَأْخُذْ بِلِحْيَتِي وَلَا بِرَأْسِـي» (طه: ٩٤). «هاڕوون وتی: كوڕی دایكم، ریشـم مەگرە و قژم رامەكێشە».

تێیگەیاند ئەم نافەرمانی نەكردووە، بە گوێرەكەپەرسـتییەكەش رازی نەبووە، ترسـاوە جێیان بهێڵێت و مووسـا بڵێت: چۆن بە جێیهێشتوون كە بەرپرس بووە لێیان، هەروەها ترسـا ئەگەر رووبەڕوویان ببێتەوە خوێن بڕژێت و مووساش ناڕازی بێت: «إِنِّي خَشِيتُ أَن تَقُولَ فَرَّقْـتَ بَيْنَ بَنِي إِسْـرَائِيـلَ وَلَمْ تَرْقُبْ قَوْلِي» (هەمان ئایەت). هاڕوون زۆر بە نەرمی تێیگەیـانـد هۆزەكـە لاوازیـان كردووە و وەختیش بووە بیكوژن، داوای لێكرد دەسـتی لێبەردات و بەمە دڵی دوژمن خۆش نەكات و لە ناو هۆزەكەدا سـووكایەتیی پێنەكات، خۆ ئەو ستەمكارێك نییە وەك ئەوان: «إِنَّ الْقَوْمَ اسْتَضْعَفُونِي وَكَادُواْ يَقْتُلُونَنِي فَلاَ تُشْمِتْ بِيَ الأعْدَاء وَلاَ تَجْعَلْنِي مَعَ الْقَوْمِ الظَّالِمِينَ» (الأعراف: ١٥٠).

مووسا زانیی لە تووڕەییدا ستەمی لە براکەی کردووە، تێگەیشت هاڕوون چاکترین هەڵوێستی بووە لەو دۆخەدا، بۆیە دەستی لێ بەردا و داوای لێخۆشبوونی بۆ خۆی و براکەی کرد: «قَالَ رَبِّ اغْفِرْ لِي وَلأَخِي وَأَدْخِلْنَا فِي رَحْمَتِكَ وَأَنتَ أَرْحَمُ الرَّاحِمِينَ» (الأعراف: ١٥١). «وتی: پەروەردگارا، لە خۆم و براکەشم خۆش ببە و هەردووکمان بخەرە نێو رەحمەت و میهرەبانی خۆتەوە، تۆ لە هەموو کەس بەسۆز و میهرەبانتریت».

پاشان مووسا رووی کردە هۆزەکەی و بە دەنگێك کە هێشتا لە بەر تووڕەیی دەلەرزا وتی: «يَا قَوْمِ أَلَمْ يَعِدْكُمْ رَبُّكُمْ وَعْداً حَسَناً أَفَطَالَ عَلَيْكُمُ الْعَهْدُ أَمْ أَرَدتُّمْ أَن يَحِلَّ عَلَيْكُمْ غَضَبٌ مِّن رَّبِّكُمْ فَأَخْلَفْتُم مَّوْعِدِي» (طـه: ٨٦). «وتی: ئەی قەومەکەم، مەگەر پەروەردگارتان بەڵێنی چاکی نەدابوونێ (کە سەرفرازتان بکات لە دنیا و قیامەتدا)؟! ئایا ئەو بەڵێن و پەیمانە زۆری پێچووە؟ یاخود ویستتان خەشم و قین لەلایەن پەروەردگارتانەوە دابارێت بەسەرتاندا، بۆیە ئیتر ئەو بەڵێنەی دابووتان بە من نەتانبردە سەر». باشە خۆ خوا ناز و نیعمەتی بە ئێوە بەخشیوە و مژدە و بەڵێنی بەهەشتی پێداون بە مەرجێك ئەو بپەرستن، باشە ئەمەتان بیر چووەوە؟ بەرگەی خەشمی خوا دەگرن؟ ئاخر بۆ واتان کرد؟! مووسا بە ئاماژەیەکی خێرا سەر کۆنەیان دەکات و تێیاندەگەیەنێت کارەکەیان چەند خراپ بووە، پاشان بە تووڕەییەکی زیاترەوە دەڵێت: «إِنَّ الَّذِينَ اتَّخَذُواْ الْعِجْلَ سَيَنَالُهُمْ غَضَبٌ مِّن رَّبِّهِمْ وَذِلَّةٌ فِي الْحَياةِ الدُّنْيَا وَكَذَلِكَ نَجْزِي الْمُفْتَرِينَ» (الأعراف: ١٥٢). «بەڕاستی ئەوانەی کە گوێرەکەکەیان پەرست لەئایندەدا لەلایەن پەروەردگاریانەوە خەشم و قینیان دەگاتێ و زەلیلی و خەجاڵەتییش بەشیان دەبێت لە ژیانی دنیادا، هەر بەو شێوەیەش پاداشتی ئەوانە دەدەینەوە کە درۆ بەدەم خواوە هەڵدەبەستن».

هۆزەکە سەریان داخست و زانییان هەڵەیەکی گەورەیان کردووە، باشە لە پاش ئەم هەموو نیعمەتەی خوا ئەوان هاتوون گوێرەکە دەپەرستن؟! باشە مووسا چل رۆژ لایان نەما بۆ ئەوەی کە هاتەوە ئاوا بیانبینێت؟ کردەوەی هۆزێك خوا ئەمانەتی یەکخواپەرستی لە زەویدا پێدابێت ئاوایە؟

پاش دەرکەوتنی بێتاوانی هارون، مووسا رووی کردە سامیری؛ ئاخر هۆزەکەش سەریان داخست و کەس نەما تاوانباری سەرەکی ئاژاوەکە نەبێت کە سامیری بوو.

## سزای سامیری: دروستکەری ئاژاوەکە:

مووسا رووی کردە سامیری و وتی: «قَالَ فَمَا خَطْبُكَ يَا سَامِرِيُّ» (طه: ٩٥). «وتی: ئەی سامیری ئەو کارە خەتەرناکە چییە کە ئەنجامت داوە؟». دەیەوێت بزانێت بۆ وای کردووە و بابەتەکە چیە؟ سامیری وتی: «بَصُرْتُ بِمَا لَمْ يَبْصُرُوا بِهِ» (طه: ٩٦). «ئەوەی من بینیم، ئەوان نەیانبینی». جا خۆبەزلزانی ئاوا لە کەسەکان دەکات! شتێکی بینیوە ئەوان نەیاندیوە، شتێکی ناسیوە ئەوان نەیانناسیوە! گوایە ئەم جوبرەئیلی بینیوە بە سەر ئەسپەکەیەوە، کە قاچ بە هیچ شتێکدا نانێت مەگەر ئەوەی گیان دەکرێت بە بەریدا: «فَقَبَضْتُ قَبْضَةً مِّنْ أَثَرِ الرَّسُولِ» (هەمان ئایەت). «مشتێك لەو خۆڵەم هەڵگرت جوبرەئیل پێیدا رۆیشتبوو تێکەڵی زیوەکەم کرد» : «فَنَبَذْتُهَا وَكَذَلِكَ سَوَّلَتْ لِي نَفْسِي» (هەمان ئایەت). ئیتر فرێمدایە ناو زیوەکە، بەڵێ نەفسم ئەمەی پێکردم؛ ئەو نەفسەی ناوو پلەی خۆش دەوێت، ئەو نەفسەی هێشتا شیرك وەردەگرێت.

جا چونکە قسەکەی سامیری پڕوپووچ بوو شایانی باس و لێکۆڵینەوە نەبوو، بۆیە

مووســـا لێی نەکۆڵییەوە و تەنها حوکمی پەروەردگاری دا بە ناو چاوانیدا، گرنگ نییە ســـامیری جوبرەئیلی دیوە و مشـــتێـك لە شـــوێن پێی هەڵگرتووە، گرنگ نییە بۆرەی گوێرەکەکـە بـە هۆی ئەم خۆڵەوە بوو یـان ئەو کونەی ســـامیری تێی کردبوو، گرنـگ تاوانبارییەکەی سـامیرییە، ئەوەیە هۆزی مووسـای تووشـی ئاژاوە کردووە، ئەمەیە کە مووسـا داوەری تێدا دەکات: «قَالَ فَاذْهَبْ فَإِنَّ لَكَ فِي الْحَيَاةِ أَن تَقُولَ لَا مِسَاسَ وَإِنَّ لَكَ مَوْعِداً لَّنْ تُخْلَفَهُ وَانظُرْ إِلَى إِلَهِكَ الَّذِي ظَلْتَ عَلَيْهِ عَاكِفاً لَّنُحَرِّقَنَّهُ ثُمَّ لَنَنسِـــفَنَّهُ فِي الْيَمِّ نَسْفاً» (طه: ٩٧). «مووسا (بە سامیری)ی وت: دەبڕۆ تا ماوی لە ژیاندا بڵێیت: بە هیچ شـێوەیەك لێم مەکەون و نزیك مەبنەوە. دڵنیاش بە کە کاتێکی تریشـت بۆ دیاری کراوە کە هەرگیز ناتوانیت لێی دەرباز ببیت، سـەرنجی خواکەشـت بدە کە بەدەوریدا دەســـووڕایتەوە و دەتپەرســـت، دەبێت بیســـوتێنین و هەلاهەلای بکەین و بیخەینە ناو دەریاوە».

مووسا داوەری لە سەر سامیری کرد کە لە دنیادا بەتەنها بمێنتەوە، سامیری ویستی بە ئاژاوەکەی بەنی ئیسـرائیل گومڕا کات و کۆی کردنەوە لە سەر گوێرەکەپەرستی، بۆیە سزاکەشی بەرانبەر تاوانەکەی بوو، ئەمە داوەری پێغەمبەرەکە بوو دەربارەی ئەو. ئایا ســـامیری نەخۆشـــینێکی پێســـتی خراپی گرت، ئیتر کەس لێی نزیك نەبووەوە؟ ئێمە نازانین و ئاگادار نیین، تەنیاییەکەی سامیری و دەرکردنی لە کۆمەڵگە چۆن هاتە دی؟ تەنهـا دەزانین مووســـا ســـزایەکی ترســـنـاکی بۆ دانـا، ئـاخر ئیتر بـە دەرکراوی و دوورخـراوەیی و ســـووکـایەتییەوە ژیـا، کەس لێی نزیکنەدەبووەوە و توخنیشـــی نەدەکەوتەوە، ئەمە ســـزای دنیاکەیەتی و ســـزای قیامەتی توندترە. ئەو ویســـتی ببێتە سەرکردەیەکی داهێنەری ناسراو کە خەڵك ڕێزی لێدەگرن و بە گەورەی دەزانن، بەڵام

بە پێچەوانەی ویستەکەیەوە سزا درا، تەنیایی و دەرکراوی کە کەس لێی نزیك نابێتەوە.

## هاوار و بانگی مووسا بە یەکخواپەرستی لە ناو بەنی ئیسرائیلدا:

پاش لێبوونەوەی لە سامیری، مووسا هەستا و گوێرەکەکەی خستە ناو ئاگر، بە تووانەوەشی دانەکەوت و فڕێی دایە دەریاوە. ئەو خوایەی لەلایەن فێڵخوازانەوە پەرسترابوو؛ بووە خۆڵەمێشێك فڕێ درایە دەریاوە، پاشان مووسا بانگی هەڵدا: «إِنَّمَا إِلَهُكُمُ اللَّهُ الَّذِي لَا إِلَهَ إِلَّا هُوَ وَسِعَ كُلَّ شَيْءٍ عِلْماً» (طه: ٩٨). «خەڵکینە: ئێوە دڵنیابن کە پەروەردگارتان تەنها زاتی (اللّه)یە، جگە لەو خوایەکی تر نییە، زانیاری و زانستی ئەوزاتە هەموو شتێکی گرتۆتەوە». پەروەردگاری گەورە و خاوەن مەزنی و بەرزی خوای ئێوەیە، نەك بتێکی بێدەسەڵات.

کە مووسا بتەکەی فڕێ دا و لە تاوانباری سەرەکی رزگاری بوو، رووی کردە هۆزەکەی و تێیگەیاندن هەموویان ستەمیان لە خۆیان کردووە، یەك دەرفەتیشی دا بە گوێرەکەپەرستەکان بۆ تۆبە کردن، دەرفەتەکەش ئەوە بوو: گوێڕایەڵانی بەنی ئیسرائیل ئەوانە بکوژن نافەرمانییان کردبوو، خوای گەورە دەفەرموێت: «وَإِذْ قَالَ مُوسَى لِقَوْمِهِ يَا قَوْمِ إِنَّكُمْ ظَلَمْتُمْ أَنفُسَكُمْ بِاتِّخَاذِكُمُ الْعِجْلَ فَتُوبُواْ إِلَى بَارِئِكُمْ فَاقْتُلُواْ أَنفُسَكُمْ ذَلِكُمْ خَيْرٌ لَّكُمْ عِندَ بَارِئِكُمْ فَتَابَ عَلَيْكُمْ إِنَّهُ هُوَ التَّوَّابُ الرَّحِيمُ» (البقرة: ٥٤). «یادی ئەو نیعمەتە بکەنەوە کاتێك مووسا بە قەوم و هۆزی خۆی وت: ئەی قەوم و هۆزەکەم بەڕاستی ئێوە بەو گوێرەکەپەرستییە ستەمتان لە خۆتان کردووە، دەی بگەڕێنەوە بۆ لای بەدیهێنەرتان

و تەوبە بکەن و ئینجا خۆتان بکوژن (بێتاوان تاوانبار بکوژێت)، ئەوە باشـــترە بۆتان، پاشان خوا تۆبەی وەرگرت، لەڕاستیدا تەنها ئەو زاتە ئێجگار تەوبە وەرگر و بەڕەحم و دلۆڤانە».

سـزاکەی مووسا لە سەر گوێرەکەپەرستان سامناك بوو، بەڵام شیاوی تاوانەکەیان بوو، ئاخر بتپەرستی بەهەدەردانی ژیان و بێداریی هزر و هۆشە، کە ئەم بێدارییە لە ئاژەڵ و بێگیانەکانی جویێ دەکاتەوە. جا ســزای کوشــتنی بێداری هزر و هۆش؛ کوشــتنی جەســتەیە... ئاخر لە پاش ئەقڵ و هۆش، ئیتر مرۆڤ شـتەکان لە یەك جویێ ناکاتەوە. بۆیە سـزاکە لە ڕەنگی تاوانەکەیە، سزایەك قورس. پاشان خوا بەزەیی هاتەوە پێیاندا و لێیان خۆش بوو لە کۆتاییدا: «وَلَمَّا سَــكَتَ عَن مُّوسَــى الْغَضَــبُ» (الأعراف: ١٥٤). «کـاتێـك تووڕەیی مووســـا هێور بووەوە». تووڕەییەکەی مووســـا لە بەر خوا بوو، کە پیرۆزترین تووڕەییەوە و شـــایـانی ڕێزگرتنە. مووســـا پاش هێدیبوونەوە، چوو بۆ لای بەرپەرســـیەتییە ســـەرەکیەکـە؛ بیری لەوحەکـانی تەوراتی کەوتەوە و هەڵیگرتن و بانگەوازی دەست پێکردەوە.

خوای گەورە دەفەرموێت: «وَلَمَّا سَكَتَ عَن مُّوسَى الْغَضَبُ أَخَذَ الألْوَاحَ وَفِي نُسْخَتِهَا هُدًى وَرَحْمَةٌ لِّلَّذِينَ هُمْ لِرَبِّهِمْ يَرْهَبُونَ» (الأعراف: ١٥٤). «کاتێك تووڕەیی مووسا هێور بووەوە، لەوحەکـانی (تەورات)ی هەڵگرتەوە، کە لە توێیـدا ڕێنموویی و ڕەحمەت و میهرەبانی تیادا دەدرەوشایەوە بۆ ئەوانەی کە لە پەروەردگاریان دەترسن و مەبەستیانە لێیان نەڕەنجێت».

## بەرزکردنەوەی کێوەکە بۆ سەر بەنی ئیسرائیل:

مووسا جیهادەکەی لە پێناو خوادا دەستپێکردەوە، لەوحەکانی تەوراتی بۆ خوێندنەوە، ســـەرەتا فەرمانی پێدان بە پتەوی پێیەوە پابەند بن. کەچی ســـەرســـوورهێنەر ئەوەیە هۆزەکـە چەنـدو چوونیان لەگەڵ کرد، وتیان: ئەگەر فەرمانی لەوحەکان ئاســـان بێت وەری دەگرین! مووســـا وتی: نـا هەمووی وەربگرن، کەچی چەنـد جـار دووپـاتیـان کردەوە، ئیتر خوا فەرمانی بە فریشتەکان دا کێوێکیان وەك هەور لە سەر سەریان بەرز کردەوە، جـا پێیـان وترا: ئەگەر هەمووی وەرنەگرن ئەم کێوە دێتـە خوارەوە بـە ســەر سەرتاندا، ئیتر وەریان گرت و فەرمانیان پێدرا کڕنووش ببەن، کڕنووشیان برد و سەریان لە سەر زەوی ناو بە ترس و بیمەوە سەیری کێوەکەیان دەکرد: «وَإِذ نَتَقْنَا الْجَبَلَ فَوْقَهُمْ كَـأَنَّـهُ ظُلَّةٌ وَظَنُّواْ أَنَّـهُ وَاقِعٌ بِهِمْ خُـذُواْ مَـا آتَيْنَـاكُم بِقُوَّةٍ وَاذْكُرُواْ مَا فِيهِ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ» (الأعراف: ١٧١). «یـادی ئەو کـاتەش بکەرەوە کە کێوی توورمـان لە جێی خۆی هەڵکەنـد و لە شـــوێنی خۆی بەرزمان کردەوە بەســـەریاندا وەکوو پەڵەهەورێك، جا ئەوکاتە وایانزانی کە دەکەوێت بەسـەریاندا، (ئەوسا پێمان وتن) دە ئیتر ئەوەی پێمان بەخشـــیون بەتونـدی بیگرن و لە ســـنوور دەرمەچن، ئەو فەرمـانـانەی کە پێمانداون هەمیشە لە یادتان بێت بۆ ئەوەی ئێوە خۆتان بپارێزن».

ئیتر مووســـا تێگەیشـــت ئەمـانـە ملکەچ نـابن مەگەر پـاش بینینی موعجیزەیەکی سـەرسـوورهێنەر! ئەمە کاتێك روو دەدات بێداری و پوختەیی پێویسـت بۆ رازیبوونی هزر و هۆش نەبێـت، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ نـاخی هۆزەکەی مووســـا؛ کـە تەنهـا بە موعجیزە و هێزی هەســـت رازی دەبن. بەڵام تاوانی گوێرەکەپەرســـتییەکە هەروا بێ کاریگەری نەبوو.

## چوونە دەرەوەی حەفتا کەس بۆ جێژوانی خوای گەورە:

مووسا فەرمانی بە بەنی ئیسرائیل کرد تۆبە بکەن، پاشان حەفتا کەسی لە پیاوە زۆر چاکەکانیان هەڵبژارد و وتی: بڕۆن بۆ لای خوا و تۆبە بکەن لە کردەوەتان و داوای لێخۆشبوونیش کەن بۆ ئەوانی تر، بەڕۆژوو بن و خۆتان و جەستەتان خاوێن رابگرن، مووساش لەگەڵیان چووە دەرەوە بۆ دیدارەکە کە خوا دیاری کردبوو. مووسا لە کێوەکە نزیك بووەوە و خوا لەگەڵی دووا و حەفتا کەسەکە گوێیان لە مووسا بوو لەگەڵ پەروەردگاری قسەی دەکرد: «وَاخْتَارَ مُوسَى قَوْمَهُ سَبْعِينَ رَجُلاً لِّمِيقَاتِنَا» (الأعراف: ١٥٥). «مووسا حەفتا پیاوی لە قەومەکەی هەڵبژارد بۆ جێژوانی پەروەردگار».

وا دەردەکەوێت موعجیزەیەکی ئاوا بەسە بۆ هەڵگرتنی بڕوا لە هەموو ژیاندا، کەچی حەفتا هەڵبژاردەکە بەمە نەکەوتنەوە و داوای بینینی خوایان کرد! وتیان: بیستمان و دەمانەوێ ببینین! راشکاوانە وتیان: «يَا مُوسَى لَن نُّؤْمِنَ لَكَ حَتَّى نَرَى اللَّهَ جَهْرَةً» (البقرة: ٥٥). «ئەی مووسا، هەرگیز باوەڕت پێناهێنین تاوەکو بە ئاشکراو بە چاوی خۆمان خوا نەبینین». ئەمە کارەساتێکی تۆقێنەرە، دڵڕەقی و پەیوەندی دڵیانمان بە شتە ماددیەکانەوە پیشان دەدات، زۆر سادە وتیان: بڕوات پێناکەین. دەڵێی کایە کردنە!! لە پاش ئەم هەموو نیشانەو نیعمەتە، پاش رزگاربوون لە سزای خوا، لە پاش ئەم هەمووە: بڕوات پێناکەین! لێرەدا خوای باڵا دەست خەشمگین دەبێت، ئیتر داواکارییە نەشیاوەکە بە سزایەکی تۆقێنەر وەڵام درایەوە، بومەلەرزەیەکی سامناك لێیدان و دەسبەجێ رۆح و جەستەی مراندن. مووسا زانیی حەفتا کەسەکە چیان بە سەرهاتووە، ئەمانە هەڵبژاردە و چاکترینیشیانن!! بۆیە زۆر خەفەتی خوارد، هەستا و لە خوا پاڕایەوە لێیان خۆش بێت، داواکاری ئەوان بۆ بینینی خوا تەنها بە هۆی کاڵفامی و

دڵڕەقییانەوە بوو، گێلییەك كە سزاكەی تەنها مەرگە بۆیە ئاوا تووشی بومەلەرزە بوون.

مووسا كەوتە پاڕانەوە: «رَبِّ لَوْ شِئْتَ أَهْلَكْتَهُم مِّن قَبْلُ وَإِيَّايَ أَتُهْلِكُنَا بِمَا فَعَلَ السُّفَهَاء مِنَّا إِنْ هِيَ إِلاَّ فِتْنَتُكَ تُضِلُّ بِهَا مَن تَشَاء وَتَهْدِي مَن تَشَاء أَنتَ وَلِيُّنَا فَاغْفِرْ لَنَا وَارْحَمْنَا وَأَنتَ خَيْرُ الْغَافِرِينَ. وَاكْتُبْ لَنَا فِي هَذِهِ الدُّنْيَا حَسَنَةً وَفِي الآخِرَةِ إِنَّا هُدْنَا إِلَيْكَ» (الأعراف: ١٥٥-١٥٦). « پەروەردگارا، خۆ ئەگەر بتویستایە پێشتر منیش و ئەوانیشت لەناو دەبرد، ئایا ئێمە لەناو دەبەیت بەهۆی ئەوەی كە ئەو نەفامانەمان كردوویانە؟ ئەمە هیچ شتێك نییە تەنها تاقیكردنەوەیەكی زاتی تۆ نەبێت كە ئەوەی بتەوێت پێ گومڕا دەكەیت، ئەوەش بتەوێت هیدایەتی دەدەیت، هەر تۆ پشت و پەنای ئێمەی، جا (داواكارین) لێمان خۆش ببیت و بەزەییت پیاماندا بێتەوە، تۆ چاكترینی چاوپۆشیكەرانی. داواكارین كە لە دنیادا چاكەمان بۆ پێش بهێنیت و لە قیامەتیشدا، ئێمە بەڕاستی ڕێنموویی كراوین بۆ لای زاتی تۆ».

## مژدەی پێغەمبەرایەتیی موحەممەد (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ):

مووسا ئاوا پاڕایەوە و تۆبە و داوای لێخۆشبوونی دەربڕی، ئیتر خوا لە هۆزەكەی خۆش بوو و لە پاش مردن زیندووی كردنەوە. هەڵبژاردەكان پاش مردن و زیندوو بوونەوە، لەم ساتە سەرسووڕهێنەرەی مێژوودا گوێیان لە هەواڵی هاتنی موحەممەدی كوڕی عەبدوڵڵا بوو (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)! خوای گەورە دەفەرموێت: «قَالَ عَذَابِي أُصِيبُ بِهِ مَنْ أَشَاء وَرَحْمَتِي وَسِعَتْ كُلَّ شَيْءٍ فَسَأَكْتُبُهَا لِلَّذِينَ يَتَّقُونَ وَيُؤْتُونَ الزَّكَاةَ وَالَّذِينَ هُم بِآيَاتِنَا يُؤْمِنُونَ. الَّذِينَ يَتَّبِعُونَ الرَّسُولَ النَّبِيَّ الأُمِّيَّ الَّذِي يَجِدُونَهُ مَكْتُوباً عِندَهُمْ فِي

التَّوْرَاةِ وَالإِنْجِيلِ يَأْمُرُهُم بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَاهُمْ عَنِ الْمُنكَرِ وَيُحِلُّ لَهُمُ الطَّيِّبَاتِ وَيُحَرِّمُ عَلَيْهِمُ الْخَبَآئِثَ وَيَضَعُ عَنْهُمْ إِصْرَهُمْ وَالأَغْلاَلَ الَّتِي كَانَتْ عَلَيْهِمْ فَالَّذِينَ آمَنُواْ بِهِ وَعَزَّرُوهُ وَنَصَرُوهُ وَاتَّبَعُواْ النُّورَ الَّذِيَ أُنزِلَ مَعَهُ أُوْلَئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ» (الأعراف: ١٥٦-١٥٧). «فەرمووی: سزا و تۆڵەم تووشی کەسێك دەکەم کە بمەوێت و (شایستە بێت)، ڕەحمەت و میهرەبانیم هەموو شتێکی گرتۆتەوە، جا لەمەودوا ئەو ڕەحمەت و میهرەبانییەم تۆمار دەکەم و بڕیاری دەدەم بۆ ئەو کەسانەی کە تەقواو پارێزکاری دەکەن، زەکات دەدەن و ئەوانەیش کە باوەڕی تەواو بە ئایەت و فەرمانەکانی ئێمە دەهێنن. ئەوانەی کە شوێنی ئەم پێغەمبەرە هەواڵدەرە نەخوێندەوارە دەکەون، ئەوەی کە دەبینن نووسراوە لای ئەوان لە تەوڕات و ئینجیلدا، فەرمانیان پێدەدات بەچاکە و قەدەغەی تاوان و خراپەیان لێدەکات، هەرچییەك پاك و چاکە بۆیان حەڵاڵ دەکات، هەرچی پیس و ناپوختە لێیان حەرام دەکات، ئەرکە قورس و سەنگینەکان لەسەرشانیان لادەبات، ئەو کۆت و زنجیرانەش کە لە سەریان بوو لای دەبات، جا ئەوانەی باوەڕیان پێهێناوە و پشتیوانییان لێکردووە و پشتگیریان کردووە و شوێنی ئەو نوورە کەوتوون (کە قورئانە) و هاوڕێ لەگەڵیدا ڕەوانە کراوە؛ هەر ئەوانە سەرفراز و رزگارن».

ئیتر ئاوا مژدەی هاتنی پێغەمبەرمان (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيۡهِ وَسَلَّمَ) درایە ئەم هۆزە، پاش ژیانی نوێیان؛ دەڵێی ئەو ئاماژەی تێدایە کە هەر کەس لە کاتی پێغەمبەرایەتی پێغەمبەر موحەممەددا (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيۡهِ وَسَلَّمَ) گوێڕایەڵی بێت، ئەمە دەبێتە ژیانێکی نوێ بۆی.

## لە سوودەکانی ئەم بەسەرهاتە:

١- پیاوەتیی راستەقینە، بریتییە لە راستی و هەقبێژی.

٢- تاوان، سزاو کێشە و تین و فشار و خەشمی خوا دێنێت بۆ خاوەنەکەی.

٣- متمانە بە خوا گرنگترین و چاکترین توێشووە بۆ موسوڵمان؛ بەمە خۆڕاگر دەبێت.

٤- ئەو دڵانەی حەزیان بەرە و لاڕێیی دەچێت، پێویستە بە توندی و بنبڕی رووبەڕوویان ببیتەوە، بۆیە ژێری ئەوەیە هێز و توندی لە شوێنی خۆیدا بێت و ئارامی و نەرمونیانییش لە شوێنی خۆیدا.

٥- رۆژوو قوتابخانەی ئامادەکاریی رۆحە.

٦- پێغەمبەرانیش وەك مرۆڤی تر تووڕە دەبن، بەڵام تووەڕەییەکەیان تەنها لە بەر خوایە.

٧- تاوانبار هەر لە دنیادا بەر لە قیامەت سزا دەبینێت، سزاکەشی لە رەنگی تاوانەکەیەتی.

٨- مژدەی پێغەمبەرایەتی پێغەمبەری ئازیزمان (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) لە کتێبەکانی رابردوودا هاتووە، بۆ ئەوەی بەڵگە بێت لە سەر شوێنکەوتووانی ئەم کتێبانە ئەگەر پێغەمبەرایەتییەکەیان بینی.

## بەسەرهاتی مانگاکە:

مووسا لە ناو هۆزەکەیدا مایەوە، بانگی دەکردن بەرەو خوا، فێر و پەروەردەی دەکردن

و دەیویســت لە زەویدا جێگیر و دەســەڵاتداریان بکات، بەڵام ئەوان زۆر لاڕێ بوون، نکوولی و نافەرمانیان لە بەسەرهاتی مانگاکەوە جوان دەردەکەوێت؛ بەسەرهاتەکە ئاوا بوو: رۆژێـك مەیتی کـابرایەکی دەوڵەمەنـد دۆزرایەوە، خـانەوادەکەی سـکاڵایـان بەرزکردەوە و نەشـیاندەزانی کێ کوشـتوویەتی، کاتێك پەنایان بردە مووسـا، ئەویش پەنـای بردە پەروەردگاری. خوا فەرمانی پێدا فەرمان بداتە هۆزەکەی مانگایەك سـەر ببڕن: «وَإِذْ قَالَ مُوسَى لِقَوْمِهِ إِنَّ اللّهَ يَأْمُرُكُمْ أَنْ تَذْبَحُواْ بَقَرَةً» (البقرة: ٦٧). «یادی ئەو کـاتـە بکەنەوە کـە مووسـا بە قەومەکەی وت: بێگومـان خوا فەرمانتان پێدەدات کە مانگایەك سەر ببڕن».

مرۆڤ وای بۆ دەچێت ئەمانە یەکەم مانگا کە بەرچاویان کەوت سەری دەبڕن، کەچی دەسـتیان کردەوە چەندو چوون! مووسـایان تۆمەتبار کرد گاڵتەیان پێدەکات! ئەویش پەنای بە خوا برد ئەگەر گاڵتەیان پێبکات و لە نەزانەکان بێت، وتیشـی کێشـەکە بەمە چارەسـەر دەبێت: «قَالُواْ أَتَتَّخِذُنَا هُزُواً قَالَ أَعُوذُ بِاللّهِ أَنْ أَكُونَ مِنَ الْجَاهِلِينَ» (هەمان ئایەت).

ئەمە باسی موعجیزەیە و پەیوەندیی بە دۆخی ئاسایی ژیان و نێوان خەڵکەوە نییە، ئەمە فەرمانێکە لە لایەن خواوە و داواکراو لە بەنی ئیسڕائیل ئەوەیە گوێڕایەڵ بن. بەڵام جا چ کاتێك هۆ ئاسـاییەکان دەسـەڵاتی بە سەر ژیانی ئەم هۆزەدا بووە؟! تەنها موعجیزە سـەرسـووڕهێنەرەکان یاسـای زاڵ بوون بەسـەر ژیانی ئەمانەدا، بۆیە ئیتر رووداوی مانگاکەش سەرسووڕهێنەر نییە.

ئەمە بەنی ئیسـڕائیلە، هەڵسـوکەوت لەگەڵیاندا کێشـەیە، ئەو کەسـەی کار و باریان

بگرێته دەست ئازار دەچێژێت، وەك مووسا کە ئازاری دەچەشت و ئێستاش تۆمەتباری دەکەن بەوەی گاڵتەیان پێدەکات. بەڵام ڕوونی دەکاتەوە گاڵتە ناکات و بە ڕاستیەتی، کەچی درێژەیان دا بە لاڕێی و چەند و چوونەکەیان، پرسیار دەکەن: ئایا مانگایەکی ئاساییە هەر لەم ئاژەڵانەی دیومانە، یان شتێکی تایبەتە؟ «قَالُواْ ادْعُ لَنَا رَبَّكَ يُبَيِّن لَّنَا مَا هِيَ» (البقرة: ٦٨).

مووسا پرسیارەکەی بردە لای پەروەردگار و ئەویش قورسی کرد لە سەریان و تایبەتمەندییەکانی زۆرتر باس کرد، وتی مانگایەکی مامناوەندە، نە پیرە نە بێچوو: «قَالَ إِنَّهُ يَقُولُ إِنَّهَا بَقَرَةٌ لاَّ فَارِضٌ وَلاَ بِكْرٌ عَوَانٌ بَيْنَ ذَلِكَ فَافْعَلُواْ مَا تُؤْمَرونَ» (هەمان ئایەت).

پێویست بوو لێرەدا کۆتایی پێبێت، کەچی درێژەیان پێدا: ئەی ڕەنگەکەی چۆنە؟ بۆ مووسا لە پەروەردگاری ناپرسێت ڕەنگی ئەم مانگایە چییە؟ ئەمانە هیچ لایەنێکی شەرم و ئەدەب دەرهەق خواو پێغەمبەرە بەڕێزەکەی ڕاناگرن، دەبوو شەرم بکەن کە بۆ شتێکی وا سادە مووسا دەخەنە کێشەوە: «قَالُواْ ادْعُ لَنَا رَبَّكَ يُبَيِّن لَّنَا مَا لَوْنُهَا» (البقرة: ٦٩). مووساش پرسیار لە پەروەردگاری دەکات و ئەویش دەفەرموێت: «قَالَ إِنَّهُ يَقُولُ إِنَّهَا بَقَرَةٌ صَفْرَاء فَاقِعٌ لَّوْنُهَا تَسُرُّ النَّاظِرِينَ» (هەمان ئایەت). «مووسا وتی: خوای گەورە دەفەرموێت: ئەو مانگایە مانگایەکی ڕەنگزەردی تۆخە، تەماشاکەرانی دڵخۆش دەکات».

ئەوە ڕەنگەکەشی دیاری کرد، لەگەڵ ئەمەش دووبارە پرسیار دەکەنەوە، ئاخر لێیان تێکچووە!: «قَالُواْ ادْعُ لَنَا رَبَّكَ يُبَيِّن لَّنَا مَا هِيَ إِنَّ البَقَرَ تَشَابَهَ عَلَيْنَا وَإِنَّا إِن شَاء اللَّهُ

لَمُهْتَـدُونَ» (البقرة: ٧٠). «وتیان: لە پەروەردگارت داوا بکە تا بەتەواوی بۆمان روون بکاتەوە بزانین کامەیە، چونکە بەڕاستی نازانین ئەم گایە کامەیە و لێمان تێکچووە و ئەو مانگایەمان بۆ نادۆزرێتەوە، بەڕاستی ئێمە ئەگەر خوا ویستی لەسەر بێت رێنموویی وەردەگرین».

مووسا وتی: مانگایەکە جووت و ئاودێری پێنەکراوە، ساغ و بێ کەم و کووڕییە: «قَالَ إِنَّهُ يَقُولُ إِنَّهَا بَقَرَةٌ لاَّ ذَلُولٌ تُثِيرُ الأَرْضَ وَلاَ تَسْقِي الْحَرْثَ مُسَلَّمَةٌ لاَّ شِيَةَ فِيهَا» (البقرة: ٧١). پاگەزدانەکەیان بووە هۆی قورسـی لە سـەریان، ئیتر دەسـتیان کردە گەڕان بۆ مانگایەکی ئاوا، لە کۆتاییدا لای منداڵە هەتیوێك دۆزییانەوە و کڕییان و سەریان بڕی.

مووسا پارچەیەك لە گۆشتی مانگاکەی هەڵگرت و دای لە جەستەی کابرا و زیندوو بووەوە، مووسا پرسیاری لێکرد بکوژەکەت کێیە؟! ئەویش وتی فلان کەسە و مردەوە. ئیتر بەنی ئیسرائیل موعجیزەی زیندووبوونەوەی مردوویشیان بە چاوی خۆیان بینی و کێشەکە کۆتایی پێهات.

جا سەیری ئەو بێئەدەبییەیان: «الآنَ جِئْتَ بِالْحَقِّ» (هەمان ئایەت). لە پاش ئەو هەموو پرسـیارە کە بە هۆیەوە پێغەمبەرەکەیان خسـتە زەحمەتەوە و خواش قورسـی کرد لە سەریان؛ بە پێغەمبەرەکەیان دەڵێن: ئا ئێستا هەواڵی راستەقینەت پێداین! وەك بڵێی بەر لەوە گـاڵتەی لەگەڵ دەکردن! «فَـذَبَحُوهَـا وَمَـا كَادُواْ يَفْعَلُونَ» (هەمان ئایەت). «ئیتر سەریان بڕی و نزیك بوو کارەکە نەکەن و نەتوانن». ئەگەر بەزەیی خوا نەبوایە، هەرگیز نەیاندەدۆزییەوە! لەوە ئەچێ رزگاربوونەکەیان لەمەوە هاتبێت کە وتیان: «وَإِنَّا إِن شَاء اللَّهُ لَمُهْتَدُونَ».

ئیتر ئـاوا خوا مووســـای نـارده لای ئوممەتێکی ســـەرکەش و نـافەرمان، هەرکاتێك فەرمـانێکیـان پێبـدرایێ پێچەوانەکەیان دەکرد و پێی رادەبوێران؛ دەتوت پێویســـتە لە سـەریان هەرچی پێیان دەوترێت لەپێشدا بیگۆڕن وەك منداڵێکی بەدفەڕ کە پێی دەڵێی هەسـتە دادەنیشـێت و دەڵێی دانیشـە هەڵدەسـتێت و...! بەڵام سەرکەشیی منداڵانە لە ناویاندا لە شێوەی خراپەی خراپەکاران و گێلیی گەمژەکان بوو، دەیانویست دانیشن و خۆراکە خۆشەکانیان بخۆن کە پیاز و نیسك و پاقلە بوو!

## بەسەرهاتی مووسا و خزر:

رۆژێکیان مووسا لە ناو بەنی ئیسرائیلدا وتاری دا، بانگی دەکردن بەرە و خوا و باسی هەقی بۆ دەکردن، دیارە وتارەکەی زۆر جوان بوو، پاش تەواوبوونی یەکێك لە گوێگران وتی: ئەی پێغەمبەری خوا ئەوە کەس لە زەویدا هەیە لە تۆ زاناتر بێت؟! مووسـا وتی: نا. دەسـتبەجێ خوا جوبرەئیلی نارده لای پرسیاری لێبکات: ئەرێ مووسا تۆ چووزانی خوا زانستی خۆی لە کوێ دادەنێت؟!

مووســـا زانیی پەلەی کردووە، جوبرەئیـل پێی وت: خوا بەنـدەیەکی لـە شـوێنی یەکگرتنەوەی دوو دەریـاکەدا هەیـە لە تۆ زاناترە! ئیتر مووســـا حەزی بۆ زیادکردنی زانست چوو، بەڵێنی دا کۆچ بکات بۆ بینینی ئەم بەندە زانا. پرسیاری کرد چۆن بچێت؟ فەرمانی پێدرا کۆچ بکات و ماسییەك بخاتە سەبەتێکەوە، لە هەرشوێنێك گیان کرایەوە بـە بەری ماســـییەکەدا و رۆیشـــتە ناو دەریا، بەندە چاکەکارەکە لەوێیە. مووســـا بۆ دەسخستنی زانست رۆیشت و لاوێکیش لەگەڵیدا کە یووشەعی کوڕی نوون بوو؛ پاش

مووســـا بوو بە پێغەمبەریش. لاوەکە ماســـیەکەی هەڵگرت و پێکەوە ڕێکەوتن. هیچ نیشــانەیەکیان لە شــوێنەکە نەبوو جگە لە موعجیزەی زیندوو بوونەوەی ماســـیەکە و گەڕانەوەی بۆ ناو دەریاکە.

مووسـا سـوور بوو لە سەر دیدار لەگەڵ بەندە زاناکە، ئەگەرچی ساڵەها بە ڕێوە بێت! خوای گەورە دەفەرموێت: «وَإِذْ قَالَ مُوسَـى لِفَتَاهُ لَا أَبْرَحُ حَتَّى أَبْلُغَ مَجْمَعَ الْبَحْرَيْنِ أَوْ أَمْضِـيَ حُقُبـاً» (الكهف: ٦٠). «کـاتێـك مووســـا بەهاوەڵە لاوەکەی خۆی وت: من کۆڵنـادەم و دەڕۆم، ئەگەر چەنـدەها ڕۆژم پێ بچێت تا دەگەمە ئەو شـــوێنەی کە دوو دەریـاکە یەك دەگرن یـان دەگەمە ئەنجـام، یـاخود ماوەیەکی زۆر دەڕۆم و دەگەڕێم». گەیشتنە لاپاڵی تاشەبەردێکی تەنیشت دەریاکە، مووسا ماندووی ڕێگاکە بوو، ڕاکشا و ویســـتی وەنەوزێـك بـدات، لاوەکە بەخەبەر ما. شـــەپۆلێك هاتە کەناری دەریاکە و پشـــکەی ئاوی دەریا دای لە ماســـییەکە و گیانی تێهاتەوە و قەرتار بوو بۆ ناو ئاوی دەریا: «فَاتَّخَذَ سَبِيلَهُ فِي الْبَحْرِ سَرَباً» (الكهف: ٦١). «ماسییەکە هەڵبەزییەوە و ڕێگەی نـاو دەریای بۆ خۆی گرتەبەر». ڕۆیشـــتنی ماســـییەکە بۆ ناو ئاو نیشـــانەی جێگای پیاوچاکە زاناکە بوو.

مووسا لە خەو هەستاو نەیزانی ماسییەکە چووەتە ناو دەریاکەوە، لاوەکەش بیری چوو بۆی بگێڕێتەوە، بۆیـە بەڕێکەوتن و مـاســـییەکەیـان بیر چوو. پاشـــان مووســـا بیری خواردنەکەی کەوتەوە و هەستی بە ماندوویی کرد: « قَالَ لِفَتَاهُ آتِنَا غَدَاءنَا لَقَدْ لَقِينَا مِن سَـفَرِنَا هَذَا نَصَـباً» (الكهف: ٦٢). «مووسـا بەهاوەڵەکەی وت: ئادەی خواردنەکەمان بهێنە، چونکە بەڕاسـتی لەم گەشتەماندا زۆر هیلاك و ماندوو بووین». ئیتر لەم کاتەدا لاوەکـە کەوتەوە بیری ماســـییەکە چۆن چووە دەریاوە، ئیتر هەواڵی بە مووســـا دا و

وتیشــی شــەیتان لە بیری بردووەتەوە، لەگەڵ ســەرســووڕهێنەریی رووداوەکە. ئەوەی یووشــەع بینیبووی شتێکی سەیر بوو؛ بینیی ماسییەکە ئاوەکەی دڕ پێدا و نیشانەیەکی لە پاش خۆی جێهێشت!

مووسا بەمە خۆشحاڵ بوو: «قَالَ ذَلِكَ مَا كُنَّا نَبْغِ» (الكهف: ٦٤). «ئەمە ئەوەیە کە ئێمە دەمانەوێت». رۆیشــتنی ماســییەکە نیشــانەی شــوێنی زاناکەیە، ئیتر مووســا و لاوەکە گەڕانەوە و گەیشــتنەوە شــوێنەکەی پێشــوویان، لای تاشــەبەردەکە کە لێی خەوتبوو، لەوێ پیاوێکیان دۆزییەوە: «فَوَجَدَا عَبْداً مِّنْ عِبَادِنَا آتَيْنَاهُ رَحْمَةً مِنْ عِندِنَا وَعَلَّمْنَاهُ مِن لَّـدُنَّا عِلْماً» (الكهف: ٦٥). «لەوێ بە بەندەیەك لە بەندەکانی ئێمە ئاشــنا بوو، کە لە رەحمەتی تایبەتیی خۆمان بەهرەوەرمان کردبوو، زانست و زانیاریی تایبەتیی خۆمانمان پێ بەخشیبوو».

لە سەحیحی بوخاریدا هاتووە: مووسا و لاوەکەی خزریان دۆزییەوە، لە کاتێکدا خۆی بە جلەکانی داپۆشــیبوو، لایەکی خســتبووە ژێر پێیەکانی و لاکەیەکەی تری لە ژێر سەری. مووسا سڵاوی لێکرد، ئەویش رووی خۆی دەرخست و وتی: لە کوێوە هاتووی و تۆ کێی؟ وتی: من مووسـام. خزر وتی: مووسای بەنی ئیسرائیل، سڵاوت لێبێت ئەی پێغەمبەری بەنی ئیســرائیل. مووســا وتی: چۆنم دەناســی؟! وتی: ئەو کەســە تۆی پێناســاندووم کە منی بە تۆ ناســاندووە و تۆی ناردووە بۆ لام، چیت دەوێ مووســا؟ مووسا بە نەرمونیانی و ئەوپەڕی رێزەوە وتی: «قَالَ لَهُ مُوسَى هَلْ أَتَّبِعُكَ عَلَى أَن تُعَلِّمَنِ مِمَّا عُلِّمْتَ رُشْـداً» (الكهف: ٦٦). «مووســا پێی گوت: ئاخۆ مۆڵەتم دەدەیت شــوێنت بکەوم، تا لەو زانستەی فێرکراویت منیش فێر بکەیت و نیشانمی بدەی، بەڵکوو کەڵکی لێ وەرگرم لە کــاروبــارمدا؟». خزر وتی: جا ئەوە بەس نییە تەوراتت لە دەســتدایە و

وەحیت بۆ دێت ئەی مووسا؟!: «إِنَّكَ لَن تَسْتَطِيعَ مَعِيَ صَبْراً» (الكهف: ٦٧). «بەڕاستی تۆ هەرگیز ناتوانیت لەگەڵ مندا خۆڕاگر بیت».

کەمێك سەرنج بدەینە سەر جیاوازی پرسیارەکەی مووسا؛ کە بە نەرمی و نیانی و ئەوپەڕی ئەدەبەوە دریکاندی، لەگەڵ وەڵامە بنبڕەکەی خزر؛ کە وا دەگەیەنێت کە مووسا ناتوانێت لە زانستەکەی ئەو تێبگات، هەروەکوو زانستەکەی مووسا کە خزر نایزانێت؛ تۆ زانستی من نازانیت و لە سەریشی خۆ ناگریت! چونکە ئەو شتە دیارانەی تۆ لە سەر زانستی من داوەریی پێدەکەی دڵت رازی ناکات، بۆیە چاوەڕوان دەکرێ نەزانی هۆی ئەو کارانەی دەیکەم چیە و ئیتر خۆڕاگریت لە سەر زانستەکەم نابێت.

مووسا قسەکانی خزری بیست و جارێکی تر داوای لێکرد مۆڵەتی بدات لەگەڵی بێت و لێیەوە فێر بێت؛ مووسا وتی: «سَتَجِدُنِي إِن شَاءَ اللَّهُ صَابِراً وَلَا أَعْصِي لَكَ أَمْراً» (الكهف: ٦٩). «دەمبینیت ئەگەر خوا ویستی لەسەر بێت خۆڕاگر دەبم و لە هیچ فەرمانێکت دەرناچم». بڕوانە کەلیموڵڵا چۆن لە خۆی دەبێتەوە! خزر بە مووسای وت بە مەرجێك مۆڵەتت دەدەم، پرسیاری هیچ شتێکم لێنەکەی تا خۆم بۆت باس دەکەم، مووساش ئامادەبوونی خۆی دەربڕی، ئیتر پێکەوە رێکەوتن.

مووسا و خزر بە کەناری ئاوەکەدا کەوتنە رێ، کەشتییەك هات و وتیان ئێمەش سوارکەن، خزریان ناسی بۆیە سواریان کردن و بۆ رێزگرتنی خزر پارەیان لە مووساش وەرنەگرت. هەر کە سوار بوون و دانیشتووەکانی کەشتییەکە لەمان دوورکەوتن؛ مووسا بینیی خزر خەریکی کونکردنی کەشتییەکەیە، تەختەیەکی لێکردەوە و فڕێی دایە ناو دەریا! مووسا نکووڵیی لێکرد و وتی خاوەنی ئەم کەشتییە بێبەرانبەر ئێمەی سوارکرد و

ڕێزی لێگرتین و ئێستا تۆ خراپی دەکەیت!: «قَالَ أَخَرَقْتَهَا لِتُغْرِقَ أَهْلَهَا لَقَدْ جِئْتَ شَيْئاً إِمْراً» (الكهف: ٧١).

لێرەدا بەندە چاکەکارەکە بیری مووسا دەخاتەوە، کە وەك پێشتر وتی ناتوانیێ خۆڕاگری بکات: «قَالَ أَلَمْ أَقُلْ إِنَّكَ لَن تَسْتَطِيعَ مَعِيَ صَبْراً» (الكهف: ٧٢). مووساش وتی بیرم چووە و تکایە لێم زیز مەبە و لێم قورس مەکە!: «قَالَ لَا تُؤَاخِذْنِي بِمَا نَسِيتُ وَلَا تُرْهِقْنِي مِنْ أَمْرِي عُسْراً» (الكهف: ٧٣)، داوات لێدەکەم خۆڕاگر بە لە سەرم. پێکەوە ڕۆیشتن گەیشتنە باخێك منداڵان یارییان لێدەکرد، تا ماندوو بوون و هەر یەکە ڕۆیشتنەوە، لەم کاتەدا لەپڕ پیاوچاکەکە منداڵێکی کوشت! مووسا دەڵێت: ئەمە چ تاوانێکی کردووە؟! ئەویش دووبارە بیری دەهێنێتەوە ناتوانێت خۆڕاگر بێت: «قَالَ أَلَمْ أَقُل لَّكَ إِنَّكَ لَن تَسْتَطِيعَ مَعِي صَبْراً» (الكهف: ٧٥). مووسا ئەم جارەش بیرچوونەوە بە هۆکار ناو دەبات و دەڵێت یەك جاری تر پرسیارم کرد بۆت هەیە جێم بهێڵی: «قَالَ إِن سَأَلْتُكَ عَن شَيْءٍ بَعْدَهَا فَلَا تُصَاحِبْنِي قَدْ بَلَغْتَ مِن لَّدُنِّي عُذْراً» (الكهف: ٧٦).

مووسا و خزر پێکەوە ڕۆیشتن تا چوونە گوندێکی بەخیلەوە، مووسا نەیدەزانی بۆچی بۆ ئەوێ ڕۆیشتوون و بۆ لەوێ دەمێننەوە. خۆراکیان تەواو بوو، بۆیە داوای خۆراکیان لە خەڵکی ئەو گوندە کرد، کەچی نەیاندانێ. شەو بە سەریاندا هات و چوونە ماڵە رووخاوێك وەخت بوو دیوارەکەی داڕمێت، ئیتر خزر دیوارەکەی چاك کردەوە. مووسا لەم کارە سەری سووڕما، وتی خەڵکی ئەم گوندە دەستنوقاون و شایانی یارمەتی نین، بۆ بێبەرانبەر ئەم کارەت بۆ کردن؟!: «قَالَ لَوْ شِئْتَ لَاتَّخَذْتَ عَلَيْهِ أَجْراً» (الكهف: ٧٧). ئیتر بەم ڕستە کار کۆتایی پێهات، بەندە چاکەکارەکە وتی: «هَذَا فِرَاقُ بَيْنِي وَبَيْنِكَ» (الكهف: ٧٨). «ئیتر ئەمە وادەی جیابوونەوەی نێوانی من و تۆیە».

پیاوچاکەکە هوشـداریی دابووە مووسا دەربارەی ئاکامی پرسیارەکانی، بۆیە ئیتر ئێستا کاتی لێکدانەوە بوو. هەموو ئەو کارانەی ئەو کردی و بووە هۆی سـەرسـوورمانی؛ هەمووی بە ویسـت و فەرمانی خوا بوو. جا کە هۆکاری کارەکان نەزانرێت لای ئەو کەسـەی نازانێت تێکەڵ دەبن. بۆیە خزر وتی: «وَمَا فَعَلْتُهُ عَنْ أَمْرِي» (الكهف: ٨٢). «خۆ بە زانست و ژیری خۆم نەبوو بە نیگا و فەرمانی خوا بوو».

خزر بە مووسای سەلماند کە زانستەکەی سنوورداره. پاشان لێکدانەوەی ڕووداوەکانی کرد: خاوەن کەشتییەکە وادەزانن خراپکردنی کەشتییەکەیان کارەساتە، بەڵام لەڕاستیدا نیعمەتێکی شـاراوەیـە، لەو کـاتەدا نیعمەتەکـە دەردەکەوێت کە شـەڕ ڕوودەدات و پادشـای ئەو ناوچە دەسـتبەسـەر هەموو کەشـتییەکاندا دەگرێت، بەڵام ئەم کەشـتییە خراپەی هەژارەکان وەل(تەرك) دەکات و ئیتر سـەرچاوەی ڕزقی ئەمماڵە دەمێنێتەوە: «أَمَّا السَّـفِينَةُ فَكَانَتْ لِمَسَـاكِينَ يَعْمَلُونَ فِي الْبَحْرِ فَأَرَدتُّ أَنْ أَعِيبَهَا وَكَانَ وَرَاءهُم مَّلِكٌ يَأْخُذُ كُلَّ سَفِينَةٍ غَصْباً» (الكهف: ٧٩).

هەروەها باوك و دایکی منداڵە کوژراوەکە وادەزانن تووشـی کارەساتێکی گەورە بوون کـە تـاقانەکەیان کوژراوە، بەڵام مردنی ئەو منداڵە ڕەحمەتێکی گەورەیە بۆیان، چونکە خوا منداڵێکی زۆر باشیان پێدەداتەوە کە لە تەمەنی پیرییاندا زۆر چاکەکارە لەگەڵیان، بە پێچەوانەی منداڵە کوژراوەکەوە: «وَأَمَّا الْغُلَامُ فَكَانَ أَبَوَاهُ مُؤْمِنَيْنِ فَخَشِينَا أَن يُرْهِقَهُمَا طُغْيَاناً وَكُفْراً» (الكهف: ٨٠).

هەروەهـا، دیوارەکەش کە خۆم پێوەی ماندوو کرد؛ لە ژێریدا زێڕ و زیوی دوو منداڵە هەتیو حەشـار درابوو، ئەگەر دیوارەکەی وەل کردابـا بڕووخێـت؛ ئەو گەنجینەیە

دەردەکەوت، جا چونکە باوکیان پیاوچاك بوو، خوا بەهۆی چاکەکارییەکەیەوە کەڵکی گەیاندە منداڵەکانی، ئیتر ویستی خوا وابوو گەورە بن و خۆیان گەنجینەکەیان دەربهێنن: «وَأَمَّا الْجِدَارُ فَكَانَ لِغُلاَمَيْنِ يَتِيمَيْنِ فِي الْمَدِينَةِ وَكَانَ تَحْتَهُ كَنزٌ لَّهُمَا وَكَانَ أَبُوهُمَا صَالِحاً فَأَرَادَ رَبُّكَ أَنْ يَبْلُغَا أَشُدَّهُمَا وَيَسْتَخْرِجَا كَنزَهُمَا رَحْمَةً مِّن رَّبِّكَ» (الكهف: ٨٢). ئەوەی پیاوچاکەکە کردی بە ڕەحمەت و بەزەیی خوا بوو، بە ویست و خواستی خۆی نەبوو، ئیتر ئاوا هەواڵی ڕووداوەکانی دا بە مووسا: «ذَلِكَ تَأْوِيلُ مَا لَمْ تَسْطِع عَّلَيْهِ صَبْراً» (هەمان ئایەت). «ئەوە بوو ڕاز و نهێنیی ئەو شتانەی کە خۆت بۆ نەدەگیرا کاتێك ئەنجامم دەدان».

پاشان بەندە چاکەکارەکە ڕۆیشت، بەڵام مووسا دوو دەرسی لێوە فێر بوو:

یەکەم: بە زانستەکەی لەخۆبایی نەبێت، چونکە لە سەروو هەموو زانایەکەوە خاوەن زانستێکی تر هەیە.

دووەم: لەگەڵ پەروەردگاریدا ئەوپەڕی ئەدەب و ڕێزی هەبێت و پەلە نەکات و دەربارەی شتێك نەدوێت کە نازانێت.

## بەنی ئیسرائیل لە بیابانی سینادا:

مووسا هۆزەکەی گەیاندە سینا -کە بیابانێکی بێ دارو خۆراك و ئاوە-، بەڵام بەزەیی خوا گرتنییەوە و گەزۆ و کەڕەواڵەی بۆ ناردن و هەوریشی کردە سێبەریان. جا کە زۆریش توونیان بوو، مووسا گۆچانەکەی بە بەردێکا کێشا و دوازدە کانیاوی لێهەڵقوڵا،

ئاخر بەنی ئیسـڕائیل دوازدە بەرەباب بوون، هەر کانییەك بۆ بەرە بابێك. کەچی لەگەڵ ئەم هەمور ناز و نیعمەتە کەوتنە لاڕێیی، وتیان لەم خۆراکە ماندوو بووین و حەزمان لە پیاز و سـیر و پاقلە و نیسکە کە خۆراکی مـــیسری بوون. خوای گەورە دەفەرموێت: «وَإِذْ قُلْتُمْ يَا مُوسَى لَن نَّصْبِرَ عَلَىَ طَعَامٍ وَاحِدٍ فَادْعُ لَنَا رَبَّكَ يُخْرِجْ لَنَا مِمَّا تُنبِتُ الأَرْضُ مِن بَقْلِهَا وَقِثَّآئِهَا وَفُومِهَا وَعَدَسِـهَا وَبَصَـلِهَا قَالَ أَتَسْـتَبْدِلُونَ الَّذِي هُوَ أَدْنَى بِالَّذِي هُوَ خَيْرٌ اهْبِطُواْ مِصْراً فَإِنَّ لَكُم مَّا سَأَلْتُمْ» (البقرة: ٦١). «یادی ئەو نیعمەتە بکەنەوە کاتێك بە مووساتان وت: ئێمە هەرگیز لەسەر یەك جۆر خۆراك ئۆقرە ناگرین و بەتەنها جۆرێك خواردەمەنی رازی نیین، لەبەرئەوە داوا لە پەروەردگـارت بکە لە رزق و رۆزی و بەروبوومی زەویمان بۆ بەرهەم بهێنێت لە رووەکی پاقلەیی وخەیار و سـیر و نیسـك و پیاز، مووسـا پێی وتن: باشـە چۆن ئێوە شـتی کەمبایەخ و ناتەواو وەردەگرن لەجیاتیی شـتی لەو چاکتر و باشـتر؟! دە دابەزن بۆ شـارێك (بیابانی سـینا بەجێبهێڵن) ئینجا بەڕاستی ئەوەی داوای دەکەن دەستتان دەکەوێت».

## ڕەتکردنەوەی داخڵبوونیان بۆ زەویی پیرۆز[١]:

مووسـا هۆزەکەی بەرەو بەیتولمەقـدیس برد، فەرمانی پێدان بڕۆنە ژوورەوە و لەگەڵ دانیشـتووانی شـەڕ بکەن و پاشـان لەوێ نیشـتەجێ بن، ئەمە تاقیکارییەکی تر بوو، ئەمجارە دەبوو وەك ئیمانداران لەگەڵ هۆزێکی بتپەرست شەڕ بکەن.

بەڵام هۆزی مووسـا ڕەتیـانکردەوە بچنە زەوییە پیرۆزەکانەوە. مووسـا نیعمەتەکانی

---

[١] کاتێك باسی زەوی پیرۆز دەکرێت، مەبەست پێی: بەیتولمەقدیسە. (وەرگێڕ).

هێنـایەوە بیریـان: «یَـا قَوْمِ اذْكُرُواْ نِعْمَةَ اللّهِ عَلَيْكُمْ إِذْ جَعَلَ فِيكُمْ أَنبِيَاء وَجَعَلَكُم مُّلُوكاً وَآتَاكُم مَّا لَمْ يُؤْتِ أَحَداً مِّن الْعَالَمِينَ» (المائدة: ٢٠). «ئەی قەوم و عەشـیرەتم، یادی ناز و نیعمەتی خوا بکەنەوە لە ســەرتان کە پێغەمبەرانی لەناو ئێوەدا فەراهەم هێناوە، هەروەها پاشـای زۆری لەناوتاندا هەڵخســتووە، ئەوەی بە ئێوەی بەخشــیوە بە کەسـی تری نەبەخشیووە لەو خەڵکە بێشومارەی (ئەو سەردەمە)».

بەڵام ئەوان وتیان لە شەڕ دەترسین، ئاخر هۆزێکی ستەمکار لەو ناوچەیە و ئێمە ناچین تا ئەوان نەڕۆن: «قَالُوا يَا مُوسَــى إِنَّ فِيهَا قَوْماً جَبَّارِينَ وَإِنَّا لَن نَّدْخُلَهَا حَتَّىَ يَخْرُجُواْ مِنْهَا فَإِن يَخْرُجُواْ مِنْهَا فَإِنَّا دَاخِلُونَ» (المائدة: ٢٢). «وتیان: ئەی مووســا؛ بەڕاســتی خەڵکێکی ئـازا و بەرز و دلێری تێـدایە، بێگومان ئێمە هەرگیز ناچینە ناوی تا ئەوانی لێـدەرنەچن، جا ئەگەر ئەوان دەرچوون لێی، ئەوە بێگومان ئێمە دەچینە ناوی و لەوێ دەبین!!». تەنهـا دوو کەس لـە هۆزەکە -نەك زیاتر- هاتنە پاڵ مووســا و هاڕوون، لە کاتێکدا شەشسەد هەزار کەس بوون لە مـیسر هاتنە دەرەوە! مووسا تەنها دوو کەسی بینی ئامادەی جیهاد بن! ئەم دوو کەسەش هەوڵیاندا هۆزەکە رازی بکەن: «قَالَ رَجُلاَنِ مِنَ الَّـذِينَ يَخَـافُونَ أَنْعَمَ اللّهُ عَلَيْهِمَا ادْخُلُواْ عَلَيْهِمُ الْبَابَ فَإِذَا دَخَلْتُمُوهُ فَإِنَّكُمْ غَالِبُونَ وَعَلَى اللّـهِ فَتَوَكَّلُواْ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ» (المائدة: ٢٣). «دوو کەس لەوانەی کە ترســی خوایان لەدڵدا بوو، وە خوا ناز و نیعمەتی ئیمان و دڵنیایی تەواوی پێ بەخشــیبوون، وتیان: لە دەروازەی شــارەوە بچنە ســەریان، هەر کە چوونە ئەو دیووە ئەوە بێگومان ئیتر ئێوە سەرکەوتوون. دەبێت بە تەواوی پشت بە خوا ببەستن ئەگەر ئێوە ئیماندارن».

بەڵام بەنی ئیســڕائیـل بـە گشــتی ترســەنۆکن، ئەم جـارەش وەك ئەو جـارە هۆزە بتپەرســتەکەیـان بینی نـاخیان رزا و لە ناوەوە شــکســتیان هێنا، ئەمانە خوویان بە

ژێردەستەیی گرتبوو، بۆیە لە توانایاندا نەبوو شەڕ بکەن، بەڵام بۆ بێ ئەدەبی دەرهەق پێغەمبەر مووسا و پەروەردگاری توانایان هەبوو! بە مووسایان وت: «فَاذْهَبْ أَنتَ وَرَبُّكَ فَقَاتِلا إِنَّا هَاهُنَا قَاعِدُونَ» (المائدة: ٢٤). «بچۆ خۆت و پەروەردگارت جەنگ بکەن دژیان، ئێمە بەڕاستی ئا لێرەدا دانیشتووین (چاوەڕێی سەرئەنجامین)!!». ئاوا ڕاشکاوانە!

مووسا بەوەی زانی هۆزەکەی بە لای چاکەدا نایەن، بەڵێ فیرعەون مردووە بەڵام کاریگەرییەکانی لە سەر ناخیان ماوە و پێویستی بە ماوەیەکی زۆرە چاك ببێتەوە، رووی کردە پەروەردگار و وتی: من تەنها دەسەڵاتی خۆم و براکەمم هەیە، نزایشی لە هۆزەکەی کرد کە خوا لەو دووریان خاتەوە. خوا داوەریی کرد لە سەر ئەم "نەوە/جیلەی" بەنی ئیسرائیلە کە ناخیان بۆگەن ببوو؛ کە چل ساڵ سەرگەردان بن تا ئەم "نەوەیە" بمرن یان پیر ببن و نەوەیەکی تر بێنە جێگایان، کە کەس لە ناخەوە نەیرووخاندبێتن و توانای شەڕیان هەبێت، خوای گەورە دەفەرموێت: «قَالَ رَبِّ إِنِّي لا أَمْلِكُ إِلاَّ نَفْسِي وَأَخِي فَافْرُقْ بَيْنَنَا وَبَيْنَ الْقَوْمِ الْفَاسِقِينَ» (المائدة: ٢٥). «مووسا وتی: پەروەردگارا، بەڕاستی من دەسەڵاتم نییە جگە بەسەر خۆم و براکەمدا نەبێت، ئیتر داواکارین کە ئێمە جیابکەیتەوە لەو خەڵکە تاوانکار و ستەمپیشەیە».

رۆژانی سەرگەردانی دەستیپێکرد، گەڕان لە بازنەیەکی داخراودا، کۆتاییەکەی ئەو شوێنە بوو لێیەوە دەستیان پێکردبوو، گەڕانی بێئامانج، بە شەو، رۆژ، بەیانی و ئێوارە، لە بیاباندا سەرگەردان بوون وەك چۆن ئەقڵ و دڵیان سەرگەردان بوو.

ئیتر لێرەدا بەسەرهاتی سەیدنا مووسا لەگەڵ بەنی ئیسرائیل لە قورئاندا کۆتایی پێدێت.

ئێمە شـایەتی دەدەین سـەیدنا مووسـا لە پێغەمبەرانی ئولولعەزم بووە، خۆی راگرت و جیهادی کرد و ئەرکەکەی بەجێهێنا تا کۆچی دوایی کرد، ئەی سڵاوو درووودی خوا لە سەر مووسا بێت.

## کۆچی دوایی مووسا:

پێغەمبەری ئازیزمان (صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) دەفەرموێت: (جاءَ مَلَكُ المَوْتِ إلى مُوسى عليه السَّلامُ. فَقالَ له: أَجِبْ رَبَّكَ قالَ فَلَطَمَ مُوسى عليه السَّلامُ عَيْنَ مَلَكِ المَوْتِ ففَقَأَها، قالَ فَرَجَعَ المَلَكُ إلى اللهِ تَعالى فَقالَ: إنَّكَ أَرْسَــلْتَنِي إلى عَبْدٍ لك لا يُرِيدُ المَوْتَ، وَقَدْ فَقَأَ عَيْنِي، قالَ فَرَدَّ اللَّهُ إلَيْهِ عَيْنَهُ وَقالَ: ارجِعْ إلى عَبْدِي فَقُلْ: الحَياةَ تُرِيدُ؟ فإنْ كُنْتَ تُرِيدُ الحَياةَ فَضَـعْ يَدَكَ على مَتْنِ ثَوْرٍ، فَما تَوارَتْ يَدُكَ من شَعْرَةٍ، فإنَّكَ تَعِيشُ بها سَنَةً، قالَ: ثُمَّ مَـهْ؟ قـالَ: ثُمَّ تَمُوتُ، قالَ: فالآنَ من قَرِيبٍ، رَبِّ أَمِتْنِي مِنَ الأرْضِ المُقَدَّسَــةِ، رَمْيَةً بحَجَرٍ، قالَ رَسُــولُ اللهِ (صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ): واللَّهِ لو أَنِّي عِنْدَهُ لأَرَيْتُكُمْ قَبْرَهُ إلى جانِبِ الطَّرِيقِ، عِنْـدَ الكَثِيـبِ الأحْمَرِ)[١]. واتە: فریشــتەی مەرگ هـاتە لای مووســاو وتی: فەرمانی پەروەردگار وەڵام بدەوە. بەڵام مووسا کێشای بە چاوی فریشتەکەدا و کوێری کرد. پاشــان فریشــتەکە گەڕایەوە لای خوا، وتی: تۆ منت ناردووەتە لای بەندەیەکت نایەوێ بمرێت و چاوی منیشــی کوێر کرد. ئیتر خوا چاوی چاك کردەوە و فەرمووی: بگەڕێرەوە بۆ لای بەندەکەم و بڵێ: ئایا ژیانت دەوێ؟ ئەگەر ژیانت دەوێ ئەوە دەستت بخە سـەر پشـتی مانگایەك، دەستت بەر هەرچەندە لە تووکی مانگاکە کەوت ئەوەندە

---

[١] نوسەری بەڕێز نوسیویەتی بخاري (١٢٥٣)، فەرموودەکە وا (بوخاری: ١٣٣٩)، (موسلیم: ٢٣٧٢).

سـالّی تر دەژییت. وتی: ئەی پاشان؟ وتی: پاشان دەمریت. وتی: مردنی ئێستا چاکترە. پەروەردگارا بەخێرایی نزیکم کەرەوە لە زەوییە پیرۆزەکە و بممرێنە». پێغەمبەری خوا (صَلَّىٱللَّهُعَلَيْهِوَسَلَّمَ) دەفەرموێت: «سـوێند بە خوا ئەگەر لەوێ بوومایە گۆڕەکەیم نیشـان دەدان لە تەنیشتی ڕێگاکەدا و لە پاڵ کۆمەڵە بەردووچکە سوورەکاندا.

ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە لە سـەر ئەوە، کە مووسا نەچووەتە زەوییە پیرۆزەکە، نە خۆی و نە هۆزەکەی، بەڵکوو لە خوا پاڕایەوە لە نزیك زەوییەکەدا بمرێت و خواش نزاکەی وەرگرت، ئیتر ئاوا خوا جیاوازیی خستە نێوان مووسا و هۆزە پیسە خراپەکارەکەیەوە.

## لە سوودەکانی ئەم بەسەرهاتە:

١- کۆچکردن بۆ وەرگرتنی زانسـت نیشـانەی سـەرڕاسـتی فێرخوازانە و جۆرێکە لە جیهاد.

٢- لە گرنگترین هێماکانی فێرخواز لە خۆبوونەوەیە بۆ مامۆسـتاکەی، تا زانسـتەکەی وەربگرێت و ببێتە هۆی خۆشەویستی و لێنزیکبوونەوە.

٣- هەندێك جار مرۆڤ شـتە گرنگەکانیشـی بیر دەچێتەوە، بیرچوونەوە لە شـەیتانی دوژمنتەوەیە.

٤- هۆکاری ڕووداوەکان زۆر جار لە زاناترین و نزیکترین کەسانیش لە خواوە پۆشراو دەمێنێت.

٥- مندالّ بە چاکەکاریی باوك و دایکی دەپارێزرێت.

٦- وەرگرتنی پۆزش و داوای لێبوردن لە خەڵك، بەڵام بە ئەندازە و ئاستی خۆی.

٧- فێرخوازی بێکۆتاییە؛ وەك ئیمام ئەحمەد دەڵێت: لەگەڵ قەڵەم هەتا قەبر[١].

٨- هەندێکجار ڕەحمەت لە پۆشاکی کارەساتدا دێت و نیعمەت لە ژێر بەرگی مەینەتیدا.

[١] نووسەری بەڕێز هەروا بەبێ سەرچاوە هێناویەتی، ئیبنولجەوزی لە (المناقب الامام احمد)دا هێناویەتی بەم چەن شێوەیەك، لەوانە: قال صالح: رأى رجل مع أَبي محبرة، فقال له: يا أبا عبد اللَّه أنت قد بلغت هذا المبلغ، وأنت إِمام المسلمين. فقال: مع المحبرة إلى المقبرة. "المناقب" ئیبنولجەوزی لا55

# یووشەع

«وَانْطَلَقَ (موسى) بِفَتَاهُ يُوشَعَ بْنِ نُونٍ»[1]

## یووشەع کێیە؟

دەڵێن ئەو لاوەیە لەگەڵ مووسا ڕۆیشت بۆ لای خزر، ئەو پێغەمبەرەشە کە خوا لە سەر دەستیدا بەنی ئیسرائیلی لە بیابانی سینادا هێنایە دەرەوە و شەڕیان لەگەڵ دانیشتووانە ستەمکارەکانی شارەکە کرد، کە هۆزی مووسا ڕەتیانکردەوە و ئیتر خوا سەرگەردانیکردن و چل ساڵ حەرامی کرد لە سەریان. کەس لە بەنی ئیسرائیل لە سەرگەردانییەکە نەهاتە دەرەوە لەگەڵ مووسادا، جگە لە دوو پیاو، کە وتیان با بچین شەڕ بکەین لەگەڵ ستەمکارانی ئەو شارەدا. موفەسسیران دەڵێن: یەکێکیان یووشەع بووە کە دوایی بووەتە پێغەمبەر و فەرماندەی سوپا بەرە و ئەو زەوییەی خوا فەرمانی داوە بچنە ناویەوە.

جا خوا فەرمانی دابووە مووسا مەشقی سەربازی بە بەنی ئیسرائیل بکات و فەرماندەیان بۆ دابنێت: «وَلَقَدْ أَخَذَ اللّهُ مِيثَاقَ بَنِي إِسْرَائِيلَ وَبَعَثْنَا مِنهُمُ اثْنَيْ عَشَرَ نَقِيباً وَقَالَ اللّهُ إِنِّي مَعَكُمْ لَئِنْ أَقَمْتُمُ الصَّلاَةَ وَآتَيْتُمُ الزَّكَاةَ وَآمَنتُم بِرُسُلِي وَعَزَّرْتُمُوهُمْ وَأَقْرَضْتُمُ اللّهَ قَرْضاً حَسَناً لَّأُكَفِّرَنَّ عَنكُمْ سَيِّئَاتِكُمْ وَلأُدْخِلَنَّكُمْ جَنَّاتٍ تَجْرِي مِن تَحْتِهَا الأَنْهَارُ فَمَن كَفَرَ بَعْدَ ذَلِكَ مِنكُمْ فَقَدْ ضَلَّ سَوَاء السَّبِيلِ» (المائدة: ١٢). «سوێند بێت بێگومان

[1] (بوخاری: ١٢٢)

خوا پەیمانی لە نەوەی ئیسرائیل وەرگرت و دوانزە رابەرمان تێدا هەڵبژاردن، ئینجا خوا پێی فەرموون کە: من بەڕاستی لەگەڵتاندام، سوێند بێت بە خوا ئەگەر نوێژەکانتان بەچاکی ئەنجام بدەن و زەکات بدەن و باوەڕ بهێنن بە هەموو پێغەمبەرانی من و پشتیوانییان لێبکەن قەرزی چاك و جوان و ڕێکوپێك بدەن بەخەڵکی لەبەر خوا، ئەوە بێگومان لە تاوان و هەڵەکانتان خۆش دەبم و چاوپۆشیتان لێدەکەم و دەتانخەمە باخەکانی بەهەشتەوە، کە چەندەها رووبار بەژێر درەختەکانیدا دەڕوات، جا ئەوەی لەوەودوا بێ باوەڕ بێت لە ئێوە، ئەوە مانای وایە کە بەڕاستی ڕێگە و ڕێبازی راست و ڕەوانی لێ تێکچووە». دەبینین پەیمانەکە بە مەرجی بەڵێنەکە خوا لێی سەندوون؛ کە شەڕ بکەن و رانەکەن و نوێژ بکەن و زەکات بدەن و بڕوا بهێنن بە هەموو پێغەمبەران لە مووساوە تا موحەممەد (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)، کە خوا مژدەی هاتنی لە تەوڕاتدا داوە لەو کاتەدا کە هێشتا گۆڕانکاری بە سەردا نەهێنرابوو.

بەڵام وەك خووی بەردەوامی جوولەکە...خیانەتکار و سوودخواز، قەت پابەند بە بەڵێنی خوا نین، بۆیە نکوولیان لێکرد و گۆڕییان و بە بەڵێنەکەوە پابەند نەبوون و بە ئەنقەست پێغەمبەرانیان بە درۆ خستەوە؛ خوای گەورە دەفەرموێت: «الَّذِينَ آتَيْنَاهُمُ الْكِتَابَ يَعْرِفُونَهُ كَمَا يَعْرِفُونَ أَبْنَاءهُمْ وَإِنَّ فَرِيقاً مِّنْهُمْ لَيَكْتُمُونَ الْحَقَّ وَهُمْ يَعْلَمُونَ» (البقرة: ١٤٦). «ئەوانەی کتێبمان پێ بەخشیوون پێغەمبەر (صلّى اللّه عليه وسلّم) دەناسن، هەروەك چۆن منداڵەکانی خۆیان دەناسن، بێگومان دەستەیەك لەوان ئەو راستییە دەشارنەوە، لەکاتێکدا دەشزانن فرستادەی خوایە».

## دەرچوون لە سەرگەردانی و ڕۆیشتنیان بۆ زەویی پیرۆز:

یووشـــەع بەنی ئیســـڕائیلی لـە ســـەرگەردانی هێنـایـە دەرەوە و بەرەو زەویی پیرۆز بەڕێکەوتن، چەمی ئوردونی پێبڕین بەرەو ئەریحا، کە شارێکی زۆر قایم و پڕ لە کۆشك و قەرەباڵخ بوو. شەش مانگ گەمارۆی دا، پاشان کە بەرە و زەوی پیرۆز هاتە دەرەوە چەند مەرجی بۆ شـوێنکەوتووانی دانا. پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دەفەرموێت: (لَا يَتْبَعْنِي رَجُلٌ قَدْ مَلَكَ بُضْـعَ امْرَأَةٍ وَهُوَ يُرِيدُ أَنْ يَبْنِيَ بِهَا وَلَمَّا يَبْنِ، وَلَا آخَرُ قَدْ بَنَى بُنْيَانًا وَلَمَّا يَرْفَعْ سُقُفَهَا، وَلَا آخَرُ قَدِ اشْتَرَى غَنَمًا، أَوْ خَلِفَاتٍ وَهُوَ مُنْتَظِرٌ وِلَادَهَا)[١]. واتە: پێغەمبەرێـك لـە پێغەمبەران جیهـادی کرد و وتی بـە هۆزەکەی: پیـاوێـك لەگەڵ مندا نەیەت کـە خـاوەنی هاوســەرێکە و دەیەوێت ســـەرجێیی لەگەڵ بکات و تا ئێستـــا نەیکردووە، هەروەها کەسێك دەیەوێت ماڵێك بکاتەوە و سەر(سەقف)ەکەی نەگرتووە، هەروەها کەسێك مەڕ یان وشتری ئاوسی کڕیوە و چاوەڕوانە بزێت».

ئیتر ئاوا ئەم پێغەمبەرە فەرماندەیە کۆمەڵە مەرجێکی بۆ خواویســـتی و خۆڕاگری دانا؛ گرنگترینیان ئەوە بوو دڵ بە شـــتێکەوە جگە لە مەیدانی جەنگەکە پەیوەســـت نەبێت، وەك ژن و ماڵ و ســامان. ئەگەر کەسێك دڵی بەمانەوە پەیوەست بێت، ئەوە سوورە لە سەر ئەوەی بگەڕێتەوە بۆ لایان و لە بیری سوودی خۆیایەتی.

پێغەمبەرەکـە لەگەڵ ســـەربـازەکـانی کـە کۆمەڵێـك خواویســـتی خـاوەنئیرادە بوون بەڕێکەوتن، جەنگەکە کۆتـاییەکـە ڕۆژی هەینی بوو. ئەوەنـدەی نەمابوو یووشـــەع و

---

[١] نووســـەری بەڕێز نوســـیویەتی بخاري (٢٩٥٦)، فەرموودەکەمان بەو دەقە لای ئیمامی موســـلیم دۆزییەوە بە ژمارە (١٧٤٧)، هاوشێوەشی لای بوخاریدا هەیە بە ژمارە (٣١٢٤).

سەربازەکانی سەرکەون، بەڵام وەخت بوو خۆر ئاوا بێت -و جوولەکەش ڕۆژی شەممە نە کار دەکەن نە شەڕ- بۆیە یووشەع ترسا سەرکەوتنەکەیان لە دەست بچێت، ئیتر سەیری خۆری کرد و وتی: تۆ فەرمانپێدراویتی و منیش هەروام، خوایە بیوەستێنە لە سەرم، دەستبەجێ خۆر وەستا تا بەیتولمەقدیسی گرت و چووە ناویەوە.

خوا فەرمانی بە بەنی ئیسرائیل کرد بە کوڕنووش و ملکەچی و سوپاسگوزاریی خواوە بچنە نێو شارەکە، فەرمانی دا بڵێن: «حِطَّةٌ» واتە: لە هەموو تاوانەکانی خۆمان و باوو باپیرمان خۆش بە.

## لە تاوانەکانی بەنی ئیسرائیل:

بەنی ئیسرائیل پێچەوانەی فەرمانەکەیان وت و کرد: بە لووتبەرزییەوە چوونە ژوورەوە و وتەکەشیان گۆڕی! بۆیە خوا تووشی سزایەکی سەختی کردن، تاوانی باوو باپیریان ژێردەستەیی بوو، تاوانی منداڵەکانیان لووتبەرزی؛ خوای گەورە دەفەرموێت: «وَإِذْ قِيلَ لَهُمُ اسْكُنُواْ هَذِهِ الْقَرْيَةَ وَكُلُواْ مِنْهَا حَيْثُ شِئْتُمْ وَقُولُواْ حِطَّةٌ وَادْخُلُواْ الْبَابَ سُجَّداً نَّغْفِرْ لَكُمْ خَطِيئَاتِكُمْ سَنَزِيدُ الْمُحْسِنِينَ» (الأعراف: ١٦١). «یادی ئەو کاتە بکەرەوە کە پێیان وترا: لەم شارەدا کە (قودسە) نیشتەجێ ببن و لەو بەروبوومانەی کە بە دەور و پشتیدا هەیە لە هەر شوێنێك ویستان بە ئارەزووی خۆتان لێی بخۆن و، داوای لێخۆشبوون بکەن و بڵێن: پەروەردگارا، لێمان خۆش بە و گوناهەکانمان لێ هەڵوەرێنە. جا لە دەروازەی شارەوە بە کوڕنووشەوە بچنە ژوورەوە، ئەوە ئیتر ئێمە لە هەڵە و گوناهەکانتان خۆش دەبین، لەئایندەدا چاکەکاران پاداشتی زیاتریان دەدەینەوە».

ئەمـە یەکەم و دواهەمین تـاوانی بەنی ئیســـڕائیل نەبوو، ئاخر ئەوان پێغەمبەرەکانیان بەردەوام پاش مووســـا ئازار دەدا، تەوڕاتیشـــیان کردە کۆمەڵە لاپەڕەیەك؛ هەندێکیان دەردەخست و زۆرینەیان دادەشارد، ئەم گاڵتەجاڕیەیان گەیاندە بیر و باوەڕیشیان: «وَمَا قَدَرُواْ اللّهَ حَقَّ قَدْرِهِ إِذْ قَالُواْ مَا أَنزَلَ اللّهُ عَلَى بَشَرٍ مِّن شَيْءٍ قُلْ مَنْ أَنزَلَ الْكِتَابَ الَّذِي جَاء بِهِ مُوسَـــى نُوراً وَهُدًى لِّلنَّاسِ تَجْعَلُونَهُ قَرَاطِيسَ تُبْدُونَهَا وَتُخْفُونَ كَثِيراً وَعُلِّمْتُم مَّا لَمْ تَعْلَمُواْ أَنتُمْ وَلاَ آبَـاؤُكُمْ قُلِ اللّـهُ ثُمَّ ذَرْهُمْ فِي خَوْضِـــهِمْ يَلْعَبُونَ» (الأنعام: ٩١). « (جوولەکە) وەکو پێویست قەدری خوایان نەگرت، ڕێزیان بۆ دانەنا، چونکە وتیان: خوا هیچ کتێبێکی بۆ هیچ کەس دانەبەزانـدووە، پێیـان بڵێ: بـاشـــە ئەی کێ ئەو کتێبەی دابەزانـد کە مووســـا هێنـای (بۆتان)، لەکاتێکدا نوور و هیدایەتیش بوو بۆ خەڵکی، کەچی ئێوە بەش بەش و پارچە پارچەی دەکەن و ئەوەی بەدڵتان بێت نیشانی خەڵکی دەدەن و زۆریشـــی دەشارنەوە، (بەتایبەت دەربارەی پێغەمبەر و قورئان)، هەروەها بڵێ هەنـدێـك شـــت فێرکران کە نە ئێوە نە بـاوو باپیرانتان دەتانزانی، پێیان بڵێ: هەر خوا خۆی دایبەزانـدوە و فێریشـــی کردوون، لەوەودوا وازیـان لێ بهێنە بـا لە بەتـاڵ و نادرووستی خۆیاندا ڕۆبچن و گەمە و یاری بکەن!!».

جـا کـە ئەم وتەیەی خوای گەورە ڕوودەکـاتـە نەوەکانی ئیســـڕائیل کە لە دووروگەی عەرەبی دەژیان، ئیتر ئەوە لە مێژووی بەنی ئیسڕائیلەوە ڕووندەبێتەوە کە چیان بە سەر تەوڕاتدا هێناوە و بەپێی سوودی خۆیان گۆڕیویانە، ئەمەش بووە هۆی سزادانیان.

بەنی ئیســـڕائیـل گەڕانەوە بۆ ســـتەمکردن لـە خۆیان، تاوانەکانیان زۆر کرد، لە پاش کتێبەکە ئەمجار دژی پێغەمبەرەکانیان تاوانیان کرد و چەندەهایان لێکوشـــتن تا تەواو دڵڕەق بوون و وتیان: دڵمان داخراوە، خوای گەورە دەفەرموێت: «فَبِمَا نَقْضِهِم مِّيثَاقَهُمْ

وَكُفْرِهِم بَـآيَـاتِ اللّـهِ وَقَتْلِهِمُ الأَنْبِيَـاءَ بِغَيْرِ حَقًّ وَقَوْلِهِمْ قُلُوبُنَا غُلْفٌ بَلْ طَبَعَ اللّهُ عَلَيْهَا بِكُفْرِهِمْ فَلاَ يُؤْمِنُونَ إِلاَّ قَلِيلاً» (النسـاء: ١٥٥). «ئينجا بەهۆی پەیمانشکاندن و بێباوەڕییان بە ئایەتەکانی خوا و کوشتنی بەناهەقی پێغەمبەران لەلایەن ئەوانەوە و، ئەو قسەیەشیان کە دەڵێن دڵی ئێمە داخراوە و بەرگی پێوەیە؛ (خوا خەشمی لێگرتن و نەفرینی لێکردن)، نەخێر بەو جۆرە نییە کە ئەوانە دەیڵێن، بەڵکوو خوا مۆری ناوە بەسەر دڵ و دەروونیاندا بەهۆی بێباوەڕبوونیانەوە، جا هەر بۆیە کەمێکیان نەبێت باوەڕناهێنن».

## زاڵکردنی پادشا ستەمکارەکان بە سەریاندا:

خوای گەورە پاش نەرمونیانیی پێغەمبەران؛ دڵڕەقیی پادشا ستەمکارەکانی زاڵ کرد بە سەریاندا، ستەمیان لێدەکردن و لێیاندەکوشتن و چەوساوەی ژێر دەستی دوژمنان بوون. تابووتی پەیمانیشیان پێبوو، ئەوەی تێدا بوو کە لە مووسا و هاڕوون بەجێمابوو؛ دەڵێن هەندێك لە لەوحەکانی تەوڕاتی تێدا مابوو کە لە دەستی ستەمکاران و بوختانچییان رزگاری ببوو. تابووتەکە پیرۆزیی دەدایە ژیان و شەڕیان، کە لە شەڕدا پێیاندەبوو هێمنی دەکردنەوە، بەڵام کە ئەوان ستەمیان لە خۆیان کرد و تەوڕات لە دڵیاندا هەڵگیرا؛ ئیتر مانەوەی نووسراوەکانیشی بێفایدە بوو، بۆیە لە شەڕێکدا ئەویش تیاچو.

لێرەدا پێغەمبەر یووشەع کۆچی دوایی کرد، ئەم فەرماندە خواویستە کە بەنی ئیسرائیلی گەیاندە سەرکەوتنێك کە زۆر لایان قورس بوو. بارودۆخی بەنی ئیسرائیل بەهۆی

تاوانەوە خراپ و خراپتر بوو، بۆیە پێویست بوو پێغەمبەرێکی تر بێتە لایان. پێغەمبەری داهاتوو داوود بوو؛ بەڵام چۆن؟

## لە سوودەكانی ئەم بەسەرهاتە:

١- خواویستی؛ ڕێگای سەرکەوتنە بە سەر دوژمناندا و، ڕێگای جێگیرکردنی بەندەیە لە لایەن خواوە.

٢- نافەرمانی و لووتبەرزی بەرانبەر فەرمانی خوا، دەبێتە هۆی قورسی و ئازار لە سەر بەندە.

٣- خوای گەورە هەواڵمان دەداتێ، تەوڕات و ئینجیل گۆڕانکارییان بەسەردا هاتووە بە پێچەوانەی قورئانەوە.

٤- لووتبەرزی و لە خۆبایی بوون هۆکاری تیاچوونی بەندەیە و، ملکەچی و خۆبەکەمزانین بەرانبەر خوا هۆکاری ڕەحمەتە.

٥- فێڵبازی دەرهەق فەرمانەکانی خوا؛ خەشم و تووڕەیی خوای بە دوادا دێت.

# داوود

« وَاذْكُرْ عَبْدَنَا دَاوُودَ ذَا الْأَيْدِ إِنَّهُ أَوَّابٌ»

## پادشاكان دەبنە كاربەدەستی بەنی ئیسرائیل:

پاش كۆچی دوایی یووشەع؛ دەسەڵاتی بەنی ئیسرائیل كەوتە دەستی پادشاكان، پێغەمبەرانیش ڕێنماییان دەكردن كەچی هەر خراپتر دەبوون و پێغەمبەرانیان یەك یەك دەكوشت، بۆیە خوا كۆمەڵە پادشایەكی ستەمكاری لە خۆیان زاڵ كرد بە سەریاندا. شكست لە دوای شكست هات بە سەر بەنی ئیسرائیلدا، تا تابوتیشیان لە دەستدا كە بەجێماوەی خانەوادەی مووسا و هاڕوونی تێدابوو. پاش تیاچوونی تابوتەكە، ئەوەندەی تر دۆخیان خراپ بوو، ئاوارەش كران. كات بەسەرچوو تا پادشایەكی ستەمكار بە ناوی جالووت بووە سەرۆكی بەنی ئیسرائیل. جا كە ستەمكاری و چەوساندنەوەی زۆری كرد و لە چاكبوونی بێهیوا بوون؛ داوایان لە پێغەمبەرەكەیان كرد فەرماندەیەكیان بۆ دابنێت با دژی ستەمكارەكە شەڕ بكەن. ئێمە ناوی ئەم پێغەمبەرە نازانین.

ڕۆژێك چوونە لای پێغەمبەرەكەیان و پرسیاریان كرد: باشە مەگەر ئێمە ستەملێكراو نین؟ فەرمووی: بەڵێ. وتیان: باشە ئێمە ئاوارە و بێ ماڵ و سامان نین؟ فەرمووی: بەڵێ. وتیان: دەی كەوایە فەرماندەیەكمان بۆ دابنێ، با لە ژێر ئاڵای ئەودا لە پێناو خوادا شەڕ بكەین و زەوییەكەمان وەربگرینەوە.

پێغەمبەرەکە کە چاك دەیناسین؛ وتی: دڵنیان ئەگەر جیهاد لە سەرتان پێویست بێت دەجەنگن؟! دەترسم فەرز بێت و نەجەنگن! وتیان: جا چۆن ناجەنگین کە دەرکراوو ئاوارە و بێ حاڵ و باڵین؟! پێغەمبەرەکە فەرمووی: دەی سا خوا تالووتی کردووەتە سەرۆکتان. وتیان: جا ئەو چۆن دەبێتە سەرۆکمان لە کاتێکدا لەو خانەوادە نییە کە پادشایانی لێدەکەوێتەوە، (نەوەکانی یەهوودا) هەروەها دەوڵەمەندیش نییە؟! فەرمووی: خوا ئەوی هەڵبژاردووە، ئەو لە ئێوە زاناتر و بەهێزترە. وتیان: نیشانەی سەرۆکایەتییەکەی چییە؟ فەرمووی: تابوتەکەتان بۆ دەگێڕێنێتەوە کە فریشتەکان هەڵیانگرتووە.

## تاقیکاری، ریزەکە خاوێن دەکاتەوە:

موعجیزەکە روویدا و تابووتەکە هاتەوە، پاشان سوپای تالووت ئامادە بوو بۆ شەڕ دژی جالووت، سوپایەکی دوور و درێژ. ئیتر هەستیان بە توونییەتی کرد. سەرۆك تالووت وتی: لە رێماندا رووبارێك هەیە، هەر کەس لێی خواردەوە؛ لە ریزماندا بڕواتە دەرەوە، هەر کەسیش لێی نەخواردەوە و تەنها لە دەمی رادا؛ لەگەڵ من بمێنێتەوە: «فَلَمَّا فَصَلَ طَالُوتُ بِالْجُنُودِ قَالَ إِنَّ اللّهَ مُبْتَلِيكُم بِنَهَرٍ فَمَن شَرِبَ مِنْهُ فَلَيْسَ مِنِّي وَمَن لَّمْ يَطْعَمْهُ فَإِنَّهُ مِنِّي إِلاَّ مَنِ اغْتَرَفَ غُرْفَةً بِيَدِهِ فَشَرِبُواْ مِنْهُ إِلاَّ قَلِيلاً مِّنْهُمْ» (البقرة: ٢٤٩). «ئینجا لەکاتێکدا تالووت سەربازانی جیاکردەوە و پێی وتن: بێگومان خوا تاقیتان دەکاتەوە بە رووبارێك، جا ئەوەی لێی بخواتەوە لە من نییە و (بگەڕێتەوە)، ئەوەی لە دەمی رادەدات، ئەوە بەڕاستی سەربازی منە. زۆربەیان لێیان خواردەوە، کەمێکیان نەبێت!».

ئیتر ئاوا زۆرینەیان لە ریزی سوپاکە چوونە دەرەوە. تالووت ئەمەی کردە تاقیکاری تا بزانێت کێ گوێڕایەڵیەتی و کێ ویستی پتەوە و خۆی لە سەر توونییەتی دەگرێت؟ ئەوان سەد هەزار کەس بوون، بەڵام تەنها سێسەد و سێزدە کەسیان مانەوە، کە ئەمانیش هەموو دلێر و بوێر بوون.

لە سوپاکەی تالووت ژمارەیەکی زۆر کەم مایەوە، لە کاتێکدا دوژمن زۆر و بەهێز بوو، بۆیە هەندێکیان هەستیان بە لاوازی کرد و وتیان: جا چۆن زاڵ بین بە سەر ئەم سوپا گەورەیەدا؟! بەڵام بڕواداران وتیان: سەرکەوتن لەلایەن خواوە دێت: «كَم مِّن فِئَةٍ قَلِيلَةٍ غَلَبَتْ فِئَةً كَثِيرَةً بِإِذْنِ اللَّهِ» (البقرة: ٢٤٩). «چەندەها جار دەستەی کەم زاڵ بوون بەسەر دەستەی زۆردا بەفەرمانی خوا».

## داوود پاڵەوانە بوێرەکە:

جالووت؛ پادشا ستەمکارەکە، بە بەرگی ئاسنینی جەنگ و چەکەوە دەرکەوت و داوای کەسێکی کرد بێت لەگەڵیدا شەڕ بکات، هەموو سەربازانی تالووت ترسان، جگە شوانە مەڕێکی منداڵکار کە داوود بوو، ئەم هاتە پێشەوە. داوود بڕوادار بوو، دەیزانی بڕوا بە خوا هێزی راستەقینەیە لە گەردووندا و چەك و جەستە گرنگ نییە.

تالووتی سەرۆکیان بەڵێنی دا: هەر کەس جالووت بکوژێت، دەبێتە فەرماندەی سوپاکە و کچەکەشی دەکاتە هاوسەری، بەڵام داوود زۆر گوێی لەمە نەبوو، دەیویست جالووت بکوژێت چونکە ستەمکار و بێباوەڕ بوو. سەرۆك مۆڵەتی بە داوود دا بڕوات بۆ شەڕی جالووت.

داوود هاتە پێشەوە لە کاتێکدا گۆچانێك و پێنج بەرد و قۆچەقانییەکی پێبوو، جالووتیش بە چەك و بەرگی جەنگییەوە هات و گاڵتەی بە داوود کرد و بە فەقیری و لاوازییەکەی پێدەکەنی! داوود بەردێکی گەورەی خستە قۆچەقانییەکەی و بەرە و جالووت فڕێی دا و دەستبەجێ کوشتی! ئەم ڕووداوە بووە هۆی سەرسووڕمانی هەر دوو لا، شەڕ دەستی پێکرد و سوپای تالووت سەرکەوت لە پاش ئەوەی هەموو سەربازەکان داوای لێخۆشبوون و یارمەتییان لە خوا دەکرد، ئیتر یارمەتیی دان و سەری خستن، خوای گەورە دەفەرموێت: «وَلَمَّا بَرَزُواْ لِجَالُوتَ وَجُنُودِهِ قَالُواْ رَبَّنَا أَفْرِغْ عَلَيْنَا صَبْراً وَثَبِّتْ أَقْدَامَنَا وَانصُرْنَا عَلَى الْقَوْمِ الْكَافِرِينَ. فَهَزَمُوهُم بِإِذْنِ اللّهِ وَقَتَلَ دَاوُودُ جَالُوتَ وَآتَاهُ اللّهُ الْمُلْكَ وَالْحِكْمَةَ وَعَلَّمَهُ مِمَّا يَشَاءُ» (البقرة: ٢٥٠-٢٥١). « کاتێك لە بەرامبەر جالووت و سەربازانییەوە وەستان، (نزایان کردو) وتیان: پەروەردگارا خۆگری و ئارامگریمان پێببەخشە، (دڵ و دەروون و) پێیەکانمان دامەزرا و بکە و سەرمان بخە بەسەر قەوم و هۆزی بێباوەڕاندا. ئەوسا ئیتر بە فەرمانی خوا لەشکری جالووتیان بەزاند و داوود جالووتی کوشت، لەوەودوا خوای گەورە پادشایەتی و دانایی پێبەخشی و هەرچی ویستی بوو فێری کرد».

## داوود پادشای بەنی ئیسرائیل:

پاش ماوەیەك داوود بووە پادشای بەنی ئیسرائیل، خوا پێغەمبەرایەتی و پادشایەتیی پێبەخشی. داوود باڵاکورت و چاوشین بوو، مووەکانیشی تەنك بوون، لە پەرستشدا زۆر بەهێز و لە کاروباری ئیسلامدا زانا و شارەزا و پارێزگار بوو، ڕۆژناڕۆژێك بەڕۆژوو

دەبوو. خوا کتێبێکی پیرۆزیشی بۆ نارد بە ناوی زەبوور. دەنگیشی زۆر خۆش و جوان بوو. کاتێك بە دەنگە خۆشەکەی زەبووری دەخوێندەوە، کێوەکان و باڵندەکان دەیانبیست، بۆیە کێوەکان لەگەڵی پاکی و بێگەردی(تەسبیحات)یان بۆ خوا دەردەبڕی، باڵندەکانیش دەوەستان و گوییان لێدەگرت و لەگەڵیدا زیکریان دەوتەوە!: «يَا جِبَالُ أَوِّبِي مَعَهُ وَالطَّيْرَ» (سبأ: ١٠). «ئەی کێوەکان و باڵندەکان تەسبیحات و ستایشی لەگەڵدا بڵێنەوە».

لەو سەردەمەدا شەڕ زۆر بوو، بەرگە جەنگییە ئاسنینەکان زۆر قورس بوون و جەنگاوەر نەیدەتوانی بە دڵی خۆی پێیەوە هەڵجووڵێت. بۆیە داوود شێوازێکی نوێی بەرگی جەنگی درووستکرد، کە لە ئاڵقەی ئاسنین بوو، مۆڵەتی دەدایە جەنگاوەر بجووڵێت و جەستەشی بپارێزێت، چاکترین بەرگی جەنگیی ئەو سەردەمە بوو: «وَأَلَنَّا لَهُ الْحَدِيدَ. أَنِ اعْمَلْ سَابِغَاتٍ وَقَدِّرْ فِي السَّرْدِ وَاعْمَلُوا صَالِحاً إِنِّي بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرٌ» (سبأ: ١٠-١١). «هەروەها ئاسنیشمان بۆ نەرم کردووە، قەڵغانی دەرەدامان درووست بکە، ئەڵقەکانی بە ڕێکوپێکی ڕێك بخە و لە یەکیان تێکهەڵکێش بکە. کار و کردەوەی چاکە ئەنجام بدەن، دڵنیاش بن کە من بینام بە کار و کردەوەتان». بە ویستی خوا سوپاکەی لە هەموو جەنگێکدا کە ئەم بەرگەیان پۆشیبوو سەرکەوتوو بوون، لێیشی دەفرۆشتن تا بە پارەکەی ژیان بەرێتە سەر: «وَعَلَّمْنَاهُ صَنْعَةَ لَبُوسٍ لَّكُمْ لِتُحْصِنَكُم مِّن بَأْسِكُمْ فَهَلْ أَنتُمْ شَاكِرُونَ» (الأنبياء: ٨٠). «هەروەها ئێمە داوودمان فێری درووستکردنی زریێ و قەڵغان کرد تا لە توندوتیژیی کاتی شەڕدا بتانپارێزێت، ئایا ئێوە سوپاسگوزار دەبن؟!».

پێغەمبەر داوود لەگەڵ پێغەمبەرایەتی و پادشایەتیشدا؛ ڕەنجەشانی خۆی دەخوارد! پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دەفەرموێت: (ما أكَلَ أحَدٌ طَعامًا قَطُّ، خَيْرًا مِن أنْ

يَأْكُلَ مِن عَمَلِ يَدِهِ، وإنَّ نَبِيَّ اللَّهِ داوُدَ عليه السَّــلامُ، كانَ يَأْكُلُ مِن عَمَلِ يَدِهِ)[1]. واته: هیچ کەس خۆراکێکی چـاکتری نەخواردووە لەوەی کـە ڕەنجەشـــانی خۆی بێـت، بەڕاســتی پێغەمبەری خوا داوود تەنها لە ڕەنجەشــانی خۆی دەیخوارد. لای هەمووان خۆشەویست بوو، نەك تەنها لای مرۆڤەکان، لای باڵندە و ئاژەڵ و کێوەکانیش!

خوا دەســەڵاتی داوودی جێگیر کرد و ســەری خســت بە ســەر دوژمنانیدا، هەموویان لێیدەترســان، پاشــان نیعمەتی زۆرتری پێدا و زانســتی داوەریی پێبەخشــی، زانســتی لەیەکجوداکردنەوەی هەق و باتڵ، ئیتر بووە پێغەمبەرێکی پادشــای دادگەر: « وَشَدَدْنَا مُلْكَهُ وَآتَيْنَاهُ الْحِكْمَةَ وَفَصْلَ الْخِطَابِ» (ص: ٢٠). «ئێمە پادشایەتیەکەیمان بەهێز کرد و حیکمەت و دانایی و قسە و فەرمانی بەجێمان پێبەخشی».

## لە کۆڕی داوەری داووددا:

داوود لە نێوان خەڵکدا دادەنیشــت و داوەری کێشــەکانی دەکرد. ڕۆژێك ســولەیمانی کوڕیشــی لـە تەنیشـــتیەوە بوو، کە منداڵێکی چکۆلە بوو ئەوکات، دوو کەس هاتن، یەکیان خاوەن کشـــتوکاڵ بوو. وتی: ئەی پێغەمبەری خوا، مەڕی ئەم کابرا شـــەوێك چووەتە ناو کشـــتوکاڵەکەم و هەموو هێشـــووە ترێکانمی خواردووە. داوود بە کابرای خاوەن مەڕی وت: ڕاست دەکات؟ وتی: بەڵێ. داوود وتی: پێویستە مەڕەکانتی پێبدەی لە جێگای ئەو کشتوکاڵەی خواردوویانە.

---

[1] نووسەری بەڕێز نوسیویەتی بخاري (١٩٦٦)، فەرموودەکە وا لە (بوخاری : ٢٠٧٢).

سـولەیمان کە -خوا زانسـتێکی زیادە لەوەی بە میرات لە باوکی وەرگرتبوو پێدا بوو-؛ وتی: باوکە من داوەرییەکی تر دەکەم لەم کێشـەیەدا! وتی: ئادەی چییە داوەریەکەت؟ سـولەیمان وتی: من دەڵێم خاوەن مەڕەکە کشـتوکاڵی ئەم پیاوە هەڵبگرێت و لەگەڵیدا خەریکبێت تا دارترێکان وەك خۆیان لێدێتەوە، خاوەن کشـــتوکاڵەکەش مەڕەکان بباتە لای خۆی و کەڵك لـە خوری و شـــیرەکەی وەربگرێـت؛ جـا کـە هێشـــووە ترێکان پێگەیشـــتەوە خاوەن کشـــتوکاڵەکە بیانگرێتەوە دەســـت و مەڕەکانیش بگەڕێنێتەوە بۆ خـاوەنەکەی. داوود وتی: ئەمـە داوەرییەکی زۆر چـاکـە، ســـوپاس بۆ خوا کە ژیری بەخشیوە بە تۆ: «وَدَاوُودَ وَسُلَيْمَانَ إِذْ يَحْكُمَانِ فِي الْحَرْثِ إِذْ نَفَشَتْ فِيهِ غَنَمُ الْقَوْمِ وَكُنَّا لِحُكْمِهِمْ شَـــاهِـدِينَ» (الأنبياء: ٧٨). «یادی داوود و ســـولەیمانیش بکەرەوە کاتێك بڕیـاردرا دەربـارەی ئەو کێڵگـە کـاتێـك کە مەڕ و مـاڵاتی خەڵکی تیایدا بڵاوبوونەوە بەشـــەوو، زیانیان بە کێڵگەکە گەیاند، ئێمەیش شـایەت بووین لەســـەر ئەو داوەری و بڕیارەی ئەوان».

## کێشەیەکی تر کە تاقیکاریی داوودی تێدایە:

ڕۆژێك داوود لە شوێنی پەرستشەکەی نوێژی دەکرد، دوو پیاو بە دیواری پەرستگەکەدا هەڵگەڕان، داوود هاواری کرد و یەکیان هێمنی کردەوە و وتی: «لَا تَخَفْ خَصْمَانِ بَغَى بَعْضُـنَا عَلَى بَعْضٍ فَاحْكُم بَيْنَنَا بِالْحَقِّ وَلَا تُشْـطِطْ وَاهْدِنَا إِلَى سَـوَاءِ الصِّـرَاطِ» (ص: ٢٢). «مەترســـە هەردووکمـان ناکۆکییەکمان هەیە و لایەکمان ســـتەمی لە لایەکمان کردووە، داواکـارین کە بە دادپەروەری لە نێوانمـانـدا بڕیـاربـدەیـت و لایەنی هیچ

کەسێکمان نەگریت، ڕێنموویشمان بکە بۆ ڕێگەی ڕاست و درووست». داوود وتی: کێشە چییە؟ کابرای یەکەم وتی: «إِنَّ هَذَا أَخِي لَهُ تِسْعٌ وَتِسْعُونَ نَعْجَةً وَلِيَ نَعْجَةٌ وَاحِدَةٌ فَقَالَ أَكْفِلْنِيهَا وَعَزَّنِي فِي الْخِطَابِ» (ص: ٢٣). «یەکێکیان وتی: بەڕاستی ئەم برایەم نەوەدونۆ مەڕی هەیە، بەڵام من تەنها یەك مەڕم هەیە، کەچی پێم دەڵێت: ئەو مەڕەشم بدەرێ، بەقسەی زل و زۆرزانی دەیەوێت لێم زەوت بکات». داوود بێئەوەی قسەی ئەویان ببیستێت پێی وت: «لَقَدْ ظَلَمَكَ بِسُؤَالِ نَعْجَتِكَ إِلَى نِعَاجِهِ» (ص: ٢٤). «سوێند بە خوا بێگومان ئەو برایەت ستەمی لێکردوویت بەوەی دەیەوێت تاکە مەڕەکەی تۆ بخاتە سەر مەڕەکانی خۆی». زۆرێك لە هاوپشکەکان ستەم لە یەکتر دەکەن. ئیتر داوەری لە سەر ئەویان کرد بەوەی ستەمی کردووە بێ ئەوەی قسە و بەڵگەی ببیستێت.

داوود لە پڕ بینیی دوو کابراکە نەمان! وەك هەورێك بێتە هاڵاو، ئیتر زانیی ئەم دوو پیاوە فریشتە بوون و بۆ ئەوە هاتوون ئەو پەند و دەرسەی بدەنێ، کە داوەری دوو لایەن نەکات پێش ئەوەی قسەی هەردووکیان ببیستێت. چما خاوەن نەوەدونۆ مەڕەکە ڕاست بکات. بۆیە کەوتە هانا و کوڕنووش و داوای لێبوردن کردن.

## داوودی زۆر بە پاڕە و لاڵە و تۆبەکار:

داوود بەردەوام داوای لێخۆشبوونی دەکرد، تا خوا لێی خۆش بوو و ستایشی کرد: «فَغَفَرْنَا لَهُ ذَلِكَ وَإِنَّ لَهُ عِندَنَا لَزُلْفَى وَحُسْنَ مَآبٍ» (ص: ٢٥). «ئێمەش لەو هەڵەیەی خۆش بووین، بێگومان ئەو لە نزیکان و خۆشەویستانی ئێمەیە و خۆشترین جێگە و ڕێگەمان بۆ ئامادە کردووە». داوود پەرستشی کرد و پاکی و بێگەردی بۆ خوا دەربڕی

تـا کۆچی دوایی کرد، ڕۆژنـاڕۆژێك بەڕۆژوو دەبوو، پێغەمبەری خوا (صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) دەفەرموێت: (أَحَبُّ الصِّيَامِ إِلَى اللَّهِ صِيَامُ دَاوُدَ)[١]. واته: خۆشەویستترین ڕۆژوو لای خوا ڕۆژووی داوودە. زەبووریشی بە حەفتا دەنگ دەخوێندەوە.

## کۆچی دوایی داوود:

داوود زۆر خـاوەن غیرەت بوو، کـە دەچووە دەرەوە هەموو درگـاکـانی مـاڵەکەی دادەخست، کەس نەدەچووە لای خانەوادەکەی تا دەهاتەوە. ڕۆژێك ڕۆیشت و درگای داخست، لە پڕ ژنەکەی سەری ماڵەکەی داو بینیی پیاوێك لە ناوەڕاستی ماڵدایە! وتی: باشە ئەمە لە کوێوە هاتووە و دەرگا هەمووی داخراوە؟!! لەپڕ داوود هاتەوە و کابرای بینی، وتی: ئەوە تۆ کێیی؟! وتی: من ئەو کەســەم لە پادشـاکان ناترسـم و هیچ نابێتە بەربەستم! داوود وتی: بە خوا تۆ فریشتەی مەرگی، ئامادە  و ملکەچی فەرمانی خوام. کاتێك داوود کۆچی دوایی کرد ، تەمەنی پیرۆزی سـەد سـاڵ بوو، دەیان هەزار کەس ئامادەی خاکسـپاردنی تەرمەکەی بوون، ئاخر زۆر خۆشـەویست بوو، دەڵێن: لە پاش مووساو هاڕوون بەنی ئیسرائیل بۆ کەس ئەوەندە بەپەرۆش نەبوون.

لە خاکسپاردنەکەدا تیشکی خۆر خەڵکی ئازاردا، بۆیە سولەیمان باڵندەکانی بانگ کرد و وتی: سێبەر بخەنە سەر داوود، سێبەریان خستە سەری تا زەوی لە سەر تاریك بوو، ئیتر بای نەهات، سـولەیمان پێی وتن: لە لای خۆرەوە سێبەر بخەنە سەر خەڵك و لەو لاوە کە با دێت دوورکەونەوە و ئەوانیش گوێڕایەڵیان کرد، ئەمە یەکەم شـــت بوو کە

[١] نووسەری بەڕێز نوسیویەتی بخاري (١٠٧٩)، فەرموودەکە وا لە (بوخاری : ٣٤٢٠)، (موسلیم : ١١٥٩).

خەڵك لە پادشایی سولەیمان بینیان.

## لە سوودەکانی ئەم بەسەرهاتە:

١- توغیان و ناشکوری سزایەکی خێرایە و نیعمەت دەکاتە بەڵا.

٢- خوا لـە بەدیهێنراوەکـانی هەرکەس پێی خۆش بێت هەڵدەبژێرێت؛ لە هۆکارەکانی هەڵبژاردنیش؛ زانستە.

٣- سەرکەوتن تەنها بە ئامادەکاری نییە، لەلایەن خواوە دێت.

٤- خۆشەویستترین رۆژوو لای خوا رۆژووی داوودە، کە رۆژنارۆژێك بەڕۆژوو دەبوو.

٥- هەرکەس فەرمانبەری خوا بێت؛ خۆشیدەوێت و خۆشەویستی دەکات.

٦- لە ئادابی داوەری ئەوەیە، پەلە نەکات تا قسەی هەر دوو لا دەبیستێت.

٧- ژیری؛ ونبووی ئیمانداره، بۆیە بە پیری هەقەوە بچۆ لە هەر کوێوە هات.

٨- هەق و ئامۆژگاری وەربگرە با لە لایەن کەسێکیشەوە بێت کە لە تۆ کەمتەمەنترە، با منداڵی خۆیشت بێت.

# سولەیمان

«وَوَهَبْنَا لِدَاوُودَ سُلَيْمَانَ نِعْمَ الْعَبْدُ إِنَّهُ أَوَّابٌ».

## سولەیمان میراتگری پێغەمبەرایەتی و پادشایی:

سولەیمان کوڕی پێغەمبەر داوودە، خوای گەورە دەفەرموێت: «وَوَرِثَ سُلَيْمَانُ دَاوُودَ» (النّمل: ١٦). «سولەیمان جێنشینی داوودی باوکی بوو»، میراتی پێغەمبەرایەتی و پادشایی، نەك میراتی سامان، چونکە پێغەمبەران میراتیان لێنابرێت، بەڵکوو سامانەکەیان لە پاش خۆیان دەبێتە خێر بۆ هەژاران، تەنها بە خزم و کەسیان نادرێت. پێغەمبەری ئازیزمان (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دەفەرموێت: (لَا نُورَثُ، مَا تَرَكْنَا صَدَقَةٌ)[1]. ئێمە پێغەمبەران میراتمان لێ نابرێت، ئەو داراییەی جێی دەهێڵین دەبێتە خێرات.

سولەیمان سوپایەکی زۆر بەهێزی بە میرات بۆ مایەوە، کە ترسی خستبووە دڵی دوژمنانەوە. بەرگی جەنگیی زۆر سووك؛ بەڵام قایمی هەبوو کە سەیدنا داوود درووستی کردبوو. خوا پادشاییەکی گەورەی دایە سولەیمان کە پێشتر بە کەسی نەدابوو، دواتریش نایداتە کەس تا قیامەت! ئاخر نزاکەی لێ وەرگرت: «رَبِّ اغْفِرْ لِي وَهَبْ لِي مُلْكاً لَّا يَنبَغِي لِأَحَدٍ مِّنْ بَعْدِي» (ص: ٣٥). «پەروەردگارا، لێم خۆش ببە و دەسەڵاتێکم پێببەخشە کە دەست نەدات بۆ کەسی تر لە دوای خۆم».

---

[1] فەرموودەکەمان بە زیادەی (نحن معشر الانبیاء) نەدۆزییەوە، بەڵام بە ڕیوایەتی تر لای ئیمامی بوخاری و موسلیم و ئەبو داوود و ترمزی و ئەحمددا هەیە، لای (بوخاری: ٣٠٩٣)، (موسلیم: ١٧٥٧).

ســولەیمان زمانی باڵندە و ئاژەڵەکانی دەزانی و قســەی لەگەڵ دەکردن و ئەرکی پێ دەســپاردن: «وَقَالَ يَا أَيُّهَا النَّاسُ عُلِّمْنَا مَنطِقَ الطَّيْرِ وَأُوتِينَا مِن كُلِّ شَــيْءٍ إِنَّ هَذَا لَهُوَ الْفَضْــلُ الْمُبِينُ» (النّمل: ١٦). «وتی: ئەی خەڵکینە ئێمە فێری زمانی باڵندە کراوین و لە هەموو شتێکمان پێدراوە، بەڕاستی ئەمە هەر فەزڵ و ڕێزێکی ئاشکرایە». سولەیمان ئاوا بەردەوام هەست بە گەورەیی خوا دەکات و سوپاسگوزاریی دەکات.

## هەندێک لەو شتانەی خوا دایهێنان (رامی کردن) بۆ سولەیمان:

١- جنۆکە: خوا شــتێکی بۆ ئەو رام کرد، پێشــتر بۆ کەســی نەکردبوو، جنۆکەی بۆ رام کرد: «وَالشَّــيَاطِينَ كُلَّ بَنَّاء وَغَوَّاصٍ. وَآخَرِينَ مُقَرَّنِينَ فِي الْأَصْــفَادِ» (ص: ٣٧-٣٨). «هەروەهــا شــەیتانەکانیشــمان کردە خزمەتگوزاری، لە هەموو جۆرە بیناســاز و مەلەوانێکی ژێر دەریا. هەندێکی تریش بەکۆت و زنجیر بەســترابوونەوە». ســولەیمان هێزی ئەوەی هەبوو ئەو جنۆکانە زیندانی بکات کە نافەرمانیی دەکەن و دەیبەســتنەوە و ســزای دەدەن: «وَمِنَ الْجِنِّ مَن يَعْمَــلُ بَيْنَ يَدَيْهِ بِإِذْنِ رَبِّهِ وَمَن يَزِغْ مِنْهُمْ عَنْ أَمْرِنَا نُذِقْهُ مِنْ عَذَابِ السَّــعِيرِ. يَعْمَلُونَ لَهُ مَا يَشَــاءُ مِن مَّحَارِيبَ وَتَمَاثِيلَ وَجِفَانٍ كَالْجَوَابِ وَقُــدُورٍ رَّاسِــيَاتٍ» (ســبأ: ١٢-١٣). «لە جنۆکەکانیش هەندێکمان بۆ راهێنا کە لە بەردەســتیدا کار بکەن بە مۆڵەتی پەروەردگاری، جا ئەوەی لە فەرمانی ئێمە دەرچێت ســزای دۆزەخی پێ دەچێژێت. ســولەیمان هەرچیی بویســتایە پەریی جنۆکەکان بۆیان دروو‌ســتدەکرد، لە شــوێنی خواپەرســتی و پەیکەر و حەوز و مەنجەڵی گەورەی بەجۆرێك، کە لە جێگەی خۆی دامەزراوە و ناجووڵێت».

هەر کەس نافەرمانیی بکردایە خوا سزای دەدا، بۆیە هەموو ملکەچ بوون، ئیتر کۆشك و پەیکەر (کە لە شەریعەتی ئەواندا شیاو بوو) و، جام و مەنجەڵی گەورەیان درووست دەکرد، هەندێکیان دەچوونە بن دەریا مراوری و مەرجانیان دەردەهێنا.

٢- با: خوای گەورە شتێکی تریشی بۆ سولەیمان رام کرد؛ کە با بوو: «فَسَخَّرْنَا لَهُ الرِّيحَ تَجْرِي بِأَمْرِهِ رُخَاء حَيْثُ أَصَابَ» (ص: ٣٦). «ئێمە نزامان گیراکرد و بامان بۆ رام هێنا کە بە فەرمانی ئەو بە نەرمی هاتووچۆ بکات، بۆ هەرشوێنێك ویستی». ئیتر با بە فەرمانی سولەیمان دەهات و ئەویش لە جەنگدا کەڵکی لێ وەردەگرت؛ سولەیمان فەرشێکی دارینی زۆر گەورەی هەبوو، فەرمانی دەدا بە سوپاکە بچنە سەری و فەرمانی دەدا بە با فەرشەکە هەڵبگرێت و ببیات بۆ شوێنی مەبەست.

٣- رەوان کردنی کانیاوی مس: خوا مسیشی وەك کانی پێدا: «وَأَسَلْنَا لَهُ عَيْنَ الْقِطْرِ» (سبأ: ١٢)، چۆن ئاسنی بەخشییە باوکی مسی تواوەی دا بەم و، فێری کرد چۆن کەڵکی لێ وەربگرێت.

٤- سوپا: لەم نیعمەتانە سوپاکەی سولەیمانە کە لە مرۆڤ و جنۆکە و باڵندە پێکهاتبوو! ئەو زمانی باڵندەی دەزانی وەك باسمان کرد. سولەیمان پادشایەکی زۆر بەهێز بوو، دەسەڵاتدارترین پادشای زەوی بە سوپا بەهێزەکەیەوە.

٥- زانینی زمانی باڵندە و ئاژەڵەکان: خوای گەورە دەفەرموێت: «وَحُشِرَ لِسُلَيْمَانَ جُنُودُهُ مِنَ الْجِنِّ وَالْإِنسِ وَالطَّيْرِ فَهُمْ يُوزَعُونَ. حَتَّى إِذَا أَتَوْا عَلَى وَادِي النَّمْلِ قَالَتْ نَمْلَةٌ يَا أَيُّهَا النَّمْلُ ادْخُلُوا مَسَاكِنَكُمْ لَا يَحْطِمَنَّكُمْ سُلَيْمَانُ وَجُنُودُهُ وَهُمْ لَا يَشْعُرُونَ. فَتَبَسَّمَ ضَاحِكاً» (النّمل: ١٧-١٩). «هەرچی سەرباز و لەشکری سولەیمان هەبوو لە جنۆکە و

ئادەمیزاد و باڵندە کۆکرانەوە و نمایشیان کرد بە ریز و هەموویان بەسەرەتا و کۆتاییان یەکیان گرت. هەتا گەیشـــتە دۆڵی مێروولە، مێروولەیەك (هاواری کرد و) وتی: ئەهای مێروولەینە، بچنە ماڵ و کون و کەلەبەرەکانتانەوە نەوەکوو ســولەیمان و ســەربازانی پێشـــێلتـان بکەن؛ لەکـاتێکـدا هەســـتتان پێناکەن. ســـولەیمان (کە گوێی لە هاواری مێروولەکە بوو)، زەردەخەنە گرتی و پێکەنی».

زانـایـان دەفەرموون چ مێروولەیەکی ژیر و ڕەوانبێژ بووە: «یَـا»: بـانگی کرد، «أَيُّهَا»: ئـاگـاداری کردنەوە، «ادْخُلُوا»: فەرمـانی دا، «لَا يَحْطِمَنَّكُمْ»: بەرهەڵســـتی کردەوە، «سُـلَيْمَانُ»: ناوی تایبەتیی هێنا، « وَجُنُودُهُ»: ناوی گشـــتیی هێنا، «وَهُمْ لَا يَشْـعُرُونَ»: بەڵگە و عوزری هێنایەوە. سولەیمان قسەی مێروولەکەی بیست و پێکەنی.

٦- زانست و ژیری: پێغەمبەری خوا (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دەفەرمویێت: دوو ژن کوڕەکانیان پێبوو، گورگ هـات و کوڕی یەکیـانی ڕفـانـد، بە هاوڕێکەی وت: کوڕەکەی تۆی برد، ئەوی تر وتی: نـا کوڕەکەی تۆی برد! بۆیـە ســـکـاڵایان بردە لای داوود و ئەویش وا داوەری کرد ئەو کوڕەی کە ماوە؛ هی ژنە گەورەکەیانە، پاشان چوونە لای سولەیمانی کوڕی داوود و هەواڵیـان دایە، وتی: چەقۆیەکم بۆ بێنن بـا (ئەم کوڕە) بکەم بـە دوو لەتەوە بۆیـان! چکۆلەکەیـان وتی: وا مەکـە ڕەحمەتی خوات لێبێت؛ کوڕی ئەوە! ئیتر ئەویش وا داوەری کرد کوڕی چکۆلەکەیە.

## هودهودی بەپەرۆش بۆ بیر و باوەڕ:

ڕۆژێـك ســـولەیمـان داوای ســـوپـای باڵندەی کرد، بینیی هودهود ئامادە نییە، جا بۆ

دۆزینەوەی ئاوی ژێرزەوی کەڵکی لە هودهود وەردەگرت، ئیتر سولەیمان شەیتانەکانی دەنارد بۆ دەرهێنانی ئاوەکە. سولەیمان وتی: «مَا لِيَ لَا أَرَى الْهُدْهُدَ أَمْ كَانَ مِنَ الْغَائِبِينَ» (النّمل: ٢٠). «ئەوە بۆچی من هودهود نابینم؟ یاخود لێرە نییە و خۆی دزیوەتەوە و لە نادیارەکانە!». بۆیە زۆر تووڕە بوو: «لَأُعَذِّبَنَّهُ عَذَاباً شَدِيداً أَوْ لَأَذْبَحَنَّهُ أَوْ لَيَأْتِيَنِّي بِسُلْطَانٍ مُّبِينٍ» (النّمل: ٢١). «سوێند بێت ئەبێ سزایەکی زۆر سەختی بدەم یان سەری ببڕم، یان دەبێت بە بەڵگەیەکی ئاشکراوە بێت بۆ لام». دەستبەجێ هودهود ئامادە بوو، بەرانبەر سولەیمان وەستاو وتی: «فَمَكَثَ غَيْرَ بَعِيدٍ فَقَالَ أَحَطتُ بِمَا لَمْ تُحِطْ بِهِ وَجِئْتُكَ مِن سَبَإٍ بِنَبَإٍ يَقِينٍ» (النّمل: ٢٢). «زۆر چاوەڕێی نەکرد (هودهود هات و) وتی: ئەوەی من پێم زانیوە تۆ پێت نەزانیووە، من لە وڵاتی سەبەئەوە هەواڵێکی ڕاست و درووستم بۆ هێناویت!».

جا بڕوانە چۆن ئەم هودهودە بە بێ هەستی ژێردەستەیی و داماوی قسە لەگەڵ گەورەترین پادشای زەوی دەکات، بە پێچەوانەی پادشا ستەمکارەکان.

هودهود وتی: هەواڵێکم بۆ هێناوی بێئاگای لێی، چونکە لە چاوی تۆوە دوورە، زۆریش گرنگە، من هەواڵی شاری سەبەئم بۆ هێناوی لە یەمەن: «إِنِّي وَجَدتُّ امْرَأَةً» (النّمل: ٢٣). «بەڕاستی من بۆم دەرکەوت ئافرەتێك فەرمانڕەواییان دەکات». ناوی بەلقیسە، «تَمْلِكُهُمْ» (هەمان ئایەت). فەرمانڕەوایانە. «وَأُوتِيَتْ مِن كُلِّ شَيْءٍ وَلَهَا عَرْشٌ عَظِيمٌ» (هەمان ئایەت). خوا هێزو دەسەڵاتێکی زۆری پێدا و هەموو شتێکی بۆ ڕام کرد. تەختی فەرمانڕەوایی زۆر گەورە و ڕازاوە بە زێڕ و زیویشی هەیە. «وَجَدتُّهَا وَقَوْمَهَا يَسْجُدُونَ لِلشَّمْسِ مِن دُونِ اللَّهِ» (النمل: ٢٤). «بینیم کە خۆی و هۆزەکەی سوجدەیان دەبرد بۆ ڕۆژ لە بری خوا». ئەوو دەوروبەرەکانی خۆر دەپەرستن.

«وَزَيَّنَ لَهُمُ الشَّـيْطَانُ أَعْمَالَهُمْ» (هەمان ئایەت). شـەیتان گومڕای کردوون، لووتبەرز بوون و وادەزانن لەسـەر هەقن، بەڵام شەیتان لە ڕێگای ڕاست دووری کردوونەتەوە، بۆیە هەق ناناسـن و نایشـیانەوێت. «فَصَـدَّهُمْ عَنِ السَّـبِيلِ فَهُمْ لَا يَهْتَدُونَ» (هەمان ئـایەت). «لە ڕێگـا لایـداون و هیدایەتیان وەرنەگرتووە». کوڕنووش بۆ خۆر دەبەن و پەرسـتشی خوا ناکەن: «اللَّهُ لَا إِلَهَ إِلَّا هُوَ رَبُّ الْعَرْشِ الْعَظِيمِ» (النّمل: ٢٦).«خوا ئەو زاتەیە کە جگە لەو خوایەکی تر نییە، خاوەنی تەختی مەزن و گەورەیە». لێرەدا باسـی عەرش دەکات چونکە پێشـتر باسـی عەرشـی بەلقیسـی کرد، تا کەس سـەرسـام بە عەرشەکەی بەلقیس نەبێت، چونکە لە بەرانبەر عەرشی خوایا تەپ و تۆزێکە.

سـولەیمان سـەری لە قسـەکانی هودهود سـوورِما! ئاخر باو نەبوو ژن پادشـا بێت. هەروەهـا چۆن هۆزێـك هەموو نـاز و نیعمەتێکی هەبێت، کەچی خۆر دەپەرسـتێت! سـەری لە تەختەکەشـی سـوورِما!، بۆیە بڕوای پێنەکرد و بە درۆشی نەخستەوە: «قَالَ سَـنَنظُرُ أَصَـدَقْتَ أَمْ كُنتَ مِنَ الْكَاذِبِينَ» (النمل: ٢٧). «سولەیمان وتی: ئێمە لەمەودوا لەو گوفتارەی تۆ دەکۆڵینەوە، تا بزانین ڕاست دەکەیت یان لە ڕیزی درۆزنانیت». ئەمە ئەوپەڕی دادوەری و ژیرییە کە پێش زانسـت و ئاگاداری بڕیار نەدەی، وتی: «اذْهَب بِّكِتَـابِي هَـذَا فَـأَلْقِهْ إِلَيْهِمْ ثُمَّ تَوَلَّ عَنْهُمْ فَـانظُرْ مَاذَا يَرْجِعُونَ» (النمل: ٢٨). «بڕۆ ئەم نامەیە ببە و (لە شـوێنێکی بەرچاودا) بۆیان فڕێ بدە و پاشـان (لە پەنایەکدا) خۆت حەشـار بدە و بزانە دەڵێن چی و چ باس و خواسێك دەکەن». نامەکە فڕێ دە لایان و خۆت دوور بووەستە، بەڵام با دەنگیان ببیستی کە وەڵامیان چی دەبێت.

## کۆبوونەوەی خێرای شاژنی سەبەئو وەزیرەکانی:

شــاژن لە ســەر تەختەکەی دانیشــت و پیاوماقووڵانی هۆزیش بە دەووربەریەوە، لە پڕ هودهود نامەکەی خستە سەری. ئەویش کردیەوە و خوێندیەوە و وتی: «قَالَتْ يَا أَيُّهَا المَلأُ إِنِّي أُلْقِيَ إِلَيَّ كِتَابٌ كَرِيمٌ. إِنَّهُ مِن سُــلَيْمَانَ وَإِنَّهُ بِسْــمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ. أَلَّا تَعْلُوا عَلَيَّ وَأْتُونِي مُسْــلِمِينَ» (النمل: ٢٩-٣١). «وتی: ئەی ڕێزداران بەڕاســتی من نــامەیەکی پیرۆز و بەڕێزم بۆ دانراوە. نــامەکە لە ســولەیمــانەوە و بە نــاوی خوای بەخشندەی میهرەبانەوەیە. خۆتان بەگەورە مەزانن و لێم یاخی مەبن و وەرن موسوڵمان ببن». ئەمە دەقی نامەکە بوو، فەرمانی پێدەدات خۆی و دەورووبەرەکەی ڕاستەوخۆ بە ملکەچی بێنە لای. لێرەدا هەوڵ نــادات وتووێژیــان لەگەڵ بکــات و ڕازییــان بکــات، بەڵکووو تەنها فەرمانیان پێدەدات کە دەســتبەجێ خۆ ڕادەســت بکەن. ئەمە لە نامە ڕاشکاوەکەوە دیارە.

شــاژن نامەکەی بۆ هۆزەکەی خوێندەوە، جا زۆر ژیر بوو؛ چون بەردەوام مشــوری لێدەخواستن: «قَالَتْ يَا أَيُّهَا المَلأُ أَفْتُونِي فِي أَمْرِي مَا كُنتُ قَاطِعَةً أَمْراً حَتَّى تَشْهَدُونِ» (النّمـل: ٣٢). «ئینجـا بەلقیس بە ئامادەبووانی وت: ئەی ڕێزداران، ڕاتان چییە؟ چی بکەم بـاشــە، خۆ من هیچ بڕیـارێکم نەداوە هەتـا ئێوە لێی ئـاگـادار نەبووبن و ڕاتان لەسەری نەدابێت». وەڵامی پیاوماقووڵان شەڕخوازی بوو، ڕاشکاوی نامەکە وایکرد لە خۆبایی بن و هەســت بکەن بەهێزن: «قَالُوا نَحْنُ أُوْلُوا قُوَّةٍ وَأُولُوا بَأْسٍ شَــدِيدٍ وَالأَمْرُ إِلَيْكِ فَانظُرِي مَاذَا تَأْمُرِينَ» (النمل: ٣٣). «وتیان: خۆت دەزانیت کە ئێمە خاوەنی هێز و توانـا و دەســەڵاتی توندوتیژین، فەرمانیش فەرمانی تۆیە، بیر بکەرەوە و تێفکرە چ فەرمانێك دەدەیت». ویســتیان بڵێن: ئێمە ئامادەی جەنگین، بەڵام لە کۆتاییشـدا خۆت

دەزانی و خۆت بڕیار دەردەکەی.

جا وادیارە شـــاژن لە فەرمانڕەواکانی هۆزەکەی ژیرتر بوو، نامەکەی ســـولەیمان زیاتر وایکرد بیر بکـاتەوە تـا ئـامـادەی جەنگی بکـات، بۆیە زۆر بیری کردەوە لە نامەکەی ســـولەیمان، پێشـــتر ناوی ئەم کەســـەی نەبیســـتبوو، بۆیە هیچیشـــی دەربارەی هێز و دەسەڵاتەکەی نەدەزانی، چما دەسەڵاتەکەی ئەوەندە زۆر بێت وڵاتەکەی تێکبشکێنێت.

شـــاژن ســـەیری دەوروبەری کرد و هەســـتی بە لاوازییان کرد، چونکە وتیان: « وَالْأَمْرُ إِلَيْكِ»، « مَاذَا تَأْمُرِينَ». هەروەها بیری لە ئاسایش و خۆشی ژیانی خەڵکەکەی کردەوە و ترســـا شـــەڕ بیانخاتە مەترســـییەوە، بۆیە لە ناخی خۆیدا ژیریی بە چاکتر زانی لە نەترســـی، بۆیە بڕیاری دا بە نەرمونیانی هەڵســـوکەوت بکات و هەدیەیەکی بۆ بنێرێت، ئەگەر وەریگرت ئەوە پادشـایەکە سـامانی دنیای دەوێت. وەك بڵێی ویستی سولەیمان تاقی بکاتەوە. وتی چما کەسێکی دڵبزۆك/چاوچنۆك بێت و باســی سامانی وڵاتەکەی منی بیســـتبێـت و تەمـای تێکردبێت، بۆیە وتی هەدیەی بۆ دەنێرم و ئیتر لێی دەکەومە ئەمانەوە. هەروەها نێردراوەکانیشـــی دەچنە وڵاتەوە و ســـیخوڕیی بۆ دەکەن و هەواڵی خۆی و سوپاکەی بۆ دەهێنن، ئیتر دەتوانێت هەڵوێستی کۆتایی خۆی دیاری بکات.

شاژن بە پیاوماقووڵانی وت دەمەوێ ویست و مەبەستی پادشا سولەیمان هەڵسەنگێنم، رازیی کردن جارێك بیر لە شـــەڕ نەکەنەوە، چونکە پادشـــاکان ئەگەر بچنە وڵاتێکەوە بارودۆخی دەگۆڕن، سـەرۆکانیشی زیاتر لە مەترسی ژێردەستەیی و سزادا دەبن، وتی: «قَـالَتْ إِنَّ الْمُلُوكَ إِذَا دَخَلُوا قَرْيَةً أَفْسَـــدُوهَا وَجَعَلُوا أَعِزَّةَ أَهْلِهَا أَذِلَّةً وَكَذَلِكَ يَفْعَلُونَ. وَإِنِّي مُرْسِلَةٌ إِلَيْهِم بِهَدِيَّةٍ فَنَاظِرَةٌ بِمَ يَرْجِعُ الْمُرْسَلُونَ» (النمل: ٣٤-٣٥). «وتی: بەڕاستی

لەشـکری پادشـاکان کاتێك چووبنە شـار و دێهاتەکانەوە، وێران و کاولیان کردووە و تۆوی خراپەیان چاندووە، کەسـانی خاوەن دەسەڵات و پیاوی ناوداری ئەو شوێنەیان زەلیل و ریسـوا کردووە، هەمیشـە ئەوە پیشەیانە و بەو جۆرە دەکەن و هەرواش دەبن. بێگومـان لەبەرئەوە من بڕیـارم داوە کە دیارییەکیان بۆ بنێرم، جا چاوەڕێ دەکەم بزانم نوێنەرەکـان چ هەواڵێکم بۆ دەهێننەوە (و هەڵوێسـتی سـولەیمـان چۆن دەبێـت)».
هەدیەکەی شاژن بەلقیس گەیشتە پادشا سولەیمان.

## نێردراوەکان هەدیەکە دەگەیەننە سولەیمان:

هەواڵ گەیشتە سولەیمان کە نێردراوانی بەلقیس هاتوون و هەدیەیان هێناوە، سولەیمان زانیی بۆیە شـاژن ئەمەی کردووە تا دەربارەی دەسـەڵاتەکەی ئاگاداری وەدەسـت بهێنێت، تا هەڵوێستی دەربارەی سولەیمان دیاری بکات. بەڵام خاوەنبیران قەد ناتوانن پێغەمبەران ببەزێنن، جا خاوەن بیران هەر چەندە بلیمەتیش بن چۆن دەتوانن بە سـەر خاوەن وەحیدا سەرکەون کە زانستی خوایی هەیە؟!

سـولەیمان راگەیاندنی بە هەموو وڵات دا ئامادە بن، نێردراوەکانی بەلقیس چوونە ناو بـاخـێـکـی چـڕوپـڕ کـە هەموو شـوێنێکی پڕ لـە چەك بوو، ئیتر زانیـان هەموو دەوڵەمەنـدییەکەیـان لە چاو وڵاتی سـولەیمانەوە چڵەپووشـێکە. بینیان لە سـوپای سولەیماندا شێرو پڵنگ و باڵندە هەیە! ئیتر زانیان ئەمە سوپایەکە نابەزێندرێت.

پاشـان بە شـەرمێکی زۆرەوە هەدیەکەی شاژن بەلقیسیان هێنایە پێشەوە و وتیان: ئێمە ملکەچی تۆ نـابین، بەڵام خوازیاری شـەڕیش نین، ئەم هەدیە هێمای ئاشـتیخوازی

ئێمەیـە: «فَلَمَّـا جَاء سُــلَيْمَانَ قَالَ أَتُمِدُّونَنِ بِمَالٍ فَمَا آتَانِيَ اللَّهُ خَيْرٌ مِّمَّا آتَاكُم بَلْ أَنتُم بِهَدِيَّتِكُمْ تَفْرَحُونَ» (النمل: ٣٦). «جا کاتێك نێردراوەکان گەیشتنە لای سولەیمان، پێی وت: ئێوە دەتـانەوێـت بە ماڵ و ســامان و دیاری کۆمەکیم بکەن؟! من دڵنیام کە ئەو شتانەی خوا پێی بەخشیوم لەوە چاکتر و بەنرخترە کە بە ئێوەی بەخشیووە، نەخێر من بەو دیاریە دڵشاد نابم، بەڵکوو ئێوە بە دیاریەکەتان شاد دەبن». سولەیمان وتی: ئێوە بە ســامـان و هەدیە دڵخۆش دەبن، وا مەزانن ئێمەیش واین، ئەوەی خوا پێیداوین زۆر چاکترە و ئێمە دارایی وامان هەیە قەد نەتانبینیوە.

پاشــان ســولەیمان بەم قســە کورتانەی هەدیەکەیانی ڕەتکردەوە و تێیگەیاندن ناتوانن ڕەزامەندی ئەو بە ســامان بکڕن، بەڵام بە شــتێکی تر دەتوانن: «أَلَّا تَعْلُوا عَلَيَّ وَأْتُونِي مُسْلِمِينَ» (النمل: ٣١). «خۆتان بەگەورە مەزانن و لێم یاخی مەبن و وەرن موسوڵمان ببن».

پاشان هوشداریی دانێ: «ارْجِعْ إِلَيْهِمْ فَلَنَأْتِيَنَّهُمْ بِجُنُودٍ لَّا قِبَلَ لَهُم بِهَا وَلَنُخْرِجَنَّهُم مِّنْهَا أَذِلَّـةً وَهُمْ صَــاغِرُونَ» (النمـل: ٣٧). «بگەڕێرەوە بۆ لایـان بە خۆت و دیاریەکەتەوە، ســوێند بە خوا دەبێت بە ســەربازانێکەوە بچینە ســەریان کە نەیاندیبێت و نەتوانن بەرگری بکەن، دەبێـت دەریان بکەین لە وڵاتیان لە کاتێکدا ئەوان زەلیل و ریســوا و شـکاون». نێردراوانی بەلقیس گەیشــتنەوە ســەبەئو بەپەلە چوونە لای شــاژن و وتیان وڵاتمان لە مەترسیدایە، باسی هێز و دەسەڵاتی سولەیمانیان کرد و تێیانگەیاند پێویستە ڕازیی بکات. ئیتر شاژن خۆی ئامادەی سەفەر بەرە و سولەیمان کرد.

کـە ســولەیمـان هەواڵی هـاتنەکەی زانی لـە کۆبوونەوەیەکدا لە ناوەڕاســتی هەموو

سـەرۆكان و وەزیران و زانایاندا دانیشـت، دەیزانی شاژن بەڕێوەیە و لە ترسدا هاتووە نەك بە حەز، بۆیە بڕیاری دا جۆرێك تووشـــی ســـەرســـووڕمانی بكات دەســـتبەجێ موسوڵمان بێت: «قَالَ يَا أَيُّهَا المَلأُ أَيُّكُمْ يَأْتِينِي بِعَرْشِهَا قَبْلَ أَن يَأْتُونِي مُسْلِمِينَ» (النمل: ٣٨). «وتی: ئەی خەڵكینە كامتان دەتوانێت تەختی شـاژنەكە بهێنێت بۆم پێش ئەوەی بێن بۆ لام و تەسـلیم ببن؟!». تەختەكەی شـاژن بەلقیس سـەرسـووڕهێنەرترین شـتی وڵاتەكەی بوو، چركە ساتێكیش بێپاسەوان نەدەمایەوە. لێرەدا: «قَالَ عِفْرِيتٌ مِّنَ الْجِنِّ أَنَا آتِيكَ بِهِ قَبْلَ أَن تَقُومَ مِن مَّقَامِكَ» (النمل: ٣٩). «جنۆكەیەك وتی: من دەتوانم پێش تەواو بوونی كۆبوونەوەكە ئامادەی كەم، دانیشتنەكە لە سپێدە بوو تا نیوەڕۆ».

## ئامادەكردنی تەختەكە:

مەودای نێوان شـوێنی سـولەیمان لە فەلەسـتین و تەختەكەی شاژنی سەبەء لە یەمەن؛ هەزاران میل دەبوو، بەڵام جنۆكەكە بەڵێنی دا لە ماوەیەكی كەمدا ئامادەی بكات.

«قَـالَ الَّذِي عِندَهُ عِلْمٌ مِّنَ الْكِتَابِ أَنَا آتِيكَ بِهِ قَبْلَ أَن يَرْتَدَّ إِلَيْكَ طَرْفُكَ» (النمل: ٤٠). «بەڵام یەكێكی تر دەیتوانی لـە ماوەیەكی كەمتردا ئامادەی بكات، پیاوێك كە خاوەنی زانسـتی كتێبی ئاسـمانی بوو، بە سـولەیمانی وت: من دەتوانم لە چاوترووكانێكدا بیهێنم!!». سولەیمان قسەكانی تەواو نەكردبوو تەختەكە هاتە بەردەستی، بە موعجیزەی خوا ئامادەی كرد.

ئەمە تەختەكەیە لە بەرچاوی سـولەیماندا ئامادە بووە، جا سـەرنجی كاردانەوەكەی سولەیمان بدە لە پاش ئەم موعجیزەیە، هەموو گەورەییەكەی گەڕاندەوە بۆ پەروەردگار،

بۆیه سوپاسی خوای کرد که بەم هێز و دەسەڵاته تاقیی کردووەتەوە تا ببینێت سوپاسگوزاره یان نا. سولەیمان تەختەکەی لە بەرچاویدا بە ئامادەیی بینی، بۆیه بەوپەڕی لەخۆبوونەوە بۆ پەروەردگار وتی: «هَذَا مِن فَضْلِ رَبِّي لِيَبْلُوَنِي أَأَشْكُرُ أَمْ أَكْفُرُ وَمَن شَكَرَ فَإِنَّمَا يَشْكُرُ لِنَفْسِهِ وَمَن كَفَرَ فَإِنَّ رَبِّي غَنِيٌّ كَرِيمٌ» (النمل: ٤٠). «ئەمە فەزڵ و بەخششەکانی پەروەردگارمە بۆ ئەوەی تاقیم بکاتەوە کە: ئایا سوپاسگوزار دەبم یان ناشکور و بەدنمەك، جا ئەوەی سوپاسگوزار بێت ئەوە بەڕاستی سوپاسگوزارە بۆ خۆی، ئەوەش کە سپڵەیە، ئەوە بێگومان پەروەردگارم دەوڵەمەند و بێنیازە و خاوەنی بەخششە بە هەمووان». سڵاوات و دروودی خوا لە سەر سولەیمان، ناز و نیعمەت نەیگۆڕی و پادشایەتی لووتبەرزی نەکرد، بەڵکوو بووە هۆی زیادکردنی ملکەچی و لەخۆبوونەوەی بۆ خوا.

سولەیمان بینیی تەختەکە درێژە، بۆیە فەرمانی دا گۆڕانکارییەکی بەسەردا بهێنن تا بەلقیس تاقی بکاتەوە کە هات ئایا دەیناسێتەوە یان نا: «قَالَ نَكِّرُوا لَهَا عَرْشَهَا نَنظُرْ أَتَهْتَدِي أَمْ تَكُونُ مِنَ الَّذِينَ لَا يَهْتَدُونَ» (النمل: ٤١). «وتی: تەختی پادشایەتییەکەی دەستکاری بکەن (هەندێك ڕەنگ و نەخشی بگۆڕن) سەرنج دەدەین بزانین دەیناسێتەوە، یان لەو کەسانە دەبێت کە نایناسنەوە».

سولەیمان فەرمانی دا کۆشکێك بکەنەوە تێیدا پێشوازی لە بەلقیس بکات، شوێنێکی تایبەتی لە کەنار دەریا هەڵبژارد و فەرمانی دا زیاتری کۆشکەکە بچێتە ناو ئاوەکەوە، وتیشی با کەفی کۆشکەکە شووشەی زۆر قایم بەڵام روون بێت، تا کە کەسێك چووە ژوورەوە لە ژێر قاچیدا ماسیەکان ببینێت! کردنەوەی کۆشکەکە تەواو بوو، جا چونکە شووشەی کەفەکە زۆر روون بوو دەرنەدەکەوت هەر شووشەی لێبێت!

بەلقیس بە شـــانازی و لووتبەرزییەوە هات و وایدەزانی دەتوانێت ســـولەیمان رازی بکـات، بەڵام هەر کە گەیشـــت؛ شـــتێکی بینی واقی ورِ ما؛ تەختەکەی لەوێ بینی!! بەلقیس سـەر و دەسـتی خول دەدا و بیری دەکردەوە باشـە بەڕاستی ئەمە تەختەکەی خۆیەتی؟! شـــتی وا نـابێـت، جـا چۆن و کەی هـاتووە و کێ هێنـاویەتی؟! خۆ ئەو پاسەوانی بۆ دانا بوو!! «فَلَمَّا جَاءتْ قِيلَ أَهَكَذَا عَرْشُكِ قَالَتْ كَأَنَّهُ هُوَ وَأُوتِينَا الْعِلْمَ مِن قَبْلِهَا وَكُنَّا مُسْـــلِمِينَ» (النمل: ٤٢). «جا کاتێك شـــاژن گەیشـــت، پێی وترا: تەختی پادشایەتی تۆ ئاوایە؟! وتی: هەر دەڵێی ئەوە و لەو دەچێت. سولەیمان وتی: ئێمە پێش ئەم ئافرەتە زانیاریمان پێدراوە و لە موســـوڵمانانین». ئایەتەکە هەڵوێســـتی گفتوگۆی نێوان سـولەیمان و بەلقیس پیشـان دەدات؛ سـولەیمان وتی: «أَهَكَذَا عَرْشُكِ». بەلقیس پاش سـەرسـوورِمانێك وتی: «كَأَنَّهُ هُوَ». سـولەیمان وتی: «وَأُوتِينَا الْعِلْمَ مِن قَبْلِهَا وَكُنَّا مُسْـلِمِينَ». رسـتە کۆتاییەکەی سولەیمان ئەم پەیامەی بۆ بەلقیس هەیە؛ بەراوردێك لە نێوان بیروباوەڕ و زانستی خۆی و بیروباوەڕی موسوڵمانانەی سولەیمان بکات، زانستی ئەوان بەرانبەر زانستی سولەیمان وەك نەبوو وایە.

بەلقیس زانیی ئەمە تەختەکەی خۆیەتی، پێش ئەو هێندراوە و گۆڕانکاریی بەســـەردا کراوە، بەڵام ئەوەی جێی بـاوەڕ نەبوو ئەوە بوو، کـە چۆن تەختەکـە پێش ئەو رێگـای بڕیوە و هێندراوە! ئەم پێغەمبەر و پادشا سولەیمانە چ دەسەڵاتێکی هەیە؟!

## موسوڵمانبوونی بەلقیس:

بەلقیس بە ئیمان و نوێژی سـولەیمان سـەری سـوورِما، وەك چۆن بە پێشکەوتوویی لە

پیشەسازی و زانستدا سەری سووڕمابوو: «وَصَدَّهَا مَا كَانَت تَّعْبُدُ مِن دُونِ اللَّهِ إِنَّهَا كَانَتْ مِن قَوْمٍ كَافِرِينَ» (النمل: ٤٣). «ئەو شتانەی کە بەلقیس دەیپەرست لە جیاتی خوا بووبوونە بەربەست لە دڵ و دەروونیدا لە بەرامبەر ئاینی خوادا، بەڕاستی ئەو کاتی خۆی لە ریزی قەومێکی بێباوەڕ و خوانەناساندا بوو».

هەزاران شت هزر و هۆشی بەلقیسی جووڵاند، بۆی دەرکەوت ئەو خۆرەی کە هۆزەکەی دەیپەرستێت تەنها دروسکراوێکی خوایە، بۆیە یەکەمجار رووناکییەك هاتە دڵیەوە کە وەك رووناکیی خۆر داناچێت: «قِيلَ لَهَا ادْخُلِي الصَّرْحَ فَلَمَّا رَأَتْهُ حَسِبَتْهُ لُجَّةً وَكَشَفَتْ عَن سَاقَيْهَا قَالَ إِنَّهُ صَرْحٌ مُّمَرَّدٌ مِّن قَوَارِيرَ قَالَتْ رَبِّ إِنِّي ظَلَمْتُ نَفْسِي وَأَسْلَمْتُ مَعَ سُلَيْمَانَ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ» (النمل: ٤٤). «وتیانە بەلقیس: بچۆرە ناو کۆشکەکەوە، ئەویش شوشەکەی نەبینی و تەنها ئاوەکەی بینی و وایزانی دەچێتە ناو ئاوەکەوە. ئیتر داوێنی جلەکانی هەڵکرد بۆ ئەوەی تەڕ نەبێت. سولەیمان وتی مەترسە تەڕ نابێت خۆ ئەمە ئاو نییە! شووشەیەکە ئەوەندە ناسکە دەرناکەوێت. ئەویش بەرانبەر ئەم دیمەنە سەرسووڕهێنەرە وەستاو دانی بە ستەمکاریی خۆیدا ناو موسوڵمان بوو، هۆزەکەشی لەگەڵیدا موسوڵمان بوون.

بەلقیس بۆی دەرکەوت بەرانبەر گەورەترین پادشای زەوی وەستاوە و یەکێکە لە پێغەمبەرانی بەڕێزی خواش، ئیتر ئەمە وای کرد پێ بنێتە سەر لووتبەرزی و موسوڵمان بێت.

## هیچ شتێک گرنگتر له نوێژ نییه:

سـەیدنا سـولەیمان بەردەوام لە کاتی خۆیدا نوێژی دەکرد، نوێژ گرنگترین شـت بوو لای. سـولەیمان ئەسـپیشـی زۆر خۆش دەویسـت، رۆژێکیان لە کاتی عەسـردا ئەسپە تایبەتەکانی سـولەیمان خۆیان دەنواند و ئەویش لێی دەڕوانین و بیری لێدەکردنەوە تا وای لێهات نوێژی نەکرد تا خۆر داچوو، ئیتر بەهۆش هاتەوە و سەرکۆنەی خۆی کرد، چونکە خۆشـەویستیی ئەسپەکان وای کرد لە بیری خوادا نەمێنێت تا خۆر دادەچێت، بۆیە فەرمانی کرد ئەسـپەکانی بۆ بگەڕێننەوە: «مَسْـحاً بِالسُّـوقِ وَالْأَعْنَاقِ» (ص: ٣٣). «دەسـتی دەهێنا بە ران و ملیاندا» و داوای لێخۆشـبوونی لە خوا دەکرد، دەسـتی پێدا دەهێنان تا ساغ و نەخۆشیان لە یەك بکاتەوە، ئاخر ئامادەی دەکردن بۆ جیهاد.

لەگەڵ ئەم هەموو ناز و نیعمەتەدا، سولەیمان تاقیکاریی لە سەر دەکرا، جا هەرچەندە بەنـدە گەورە بێـت تـاقیکـاریەکەشـی گەورەیـە، پێغەمبەری خوا (صَلَّىٰ ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دەفەرموێـت: (أشـدُّ النـاسِ بلاءً الأنبياءُ، ثم الأمثلُ فالأمثلُ)[١]. واتە: پێغەمبەران لە هەموو کەسێك زیاتر تووشی کارەسات و تاقیکاری دەبن. سولەیمان بە نەخۆشی تاقی کرایەوە؛ خوای گەورە دەفەرموێتت: « وَلَقَدْ فَتَنَّا سُـلَيْمَانَ وَأَلْقَيْنَا عَلَى كُرْسِيِّهِ جَسَداً ثُمَّ أَنَابَ» (ص: ٣٤). «سـوێند بەخوا ئێمە سـولەیمانمان تاقیکردەوە و بە جەسـتەیەکی بێگیان فڕێمان دایە سەر تەختی فەرمانڕەوایەتییەکەیەوە، پاشان گەڕایەوە بۆ لای خوا و پەنای بۆ ئێمە هێنا». سـولەیمان تووشی نەخۆشییەکی وابوو، پزیشکی مرۆڤ و جنۆکە هیچیان پێنەکرا، باڵندەکان گژوگیا خاوەن سـوودە پزیشکییەکانیان بۆ ئامادە کرد بەڵام

[١] (ترمزی: ٢٣٩٨)، (ئەحمەد: ١٤٩٤)، شێخی ئەلبانی لە (صحیح الجامع: ٩٩٢) بە سەحیحی داناوە.

هەر چاك نەبوویەوە، نەخۆشـیەكەی هەر زۆر بوو تا ڕۆژێك لە سـەر تەختەكەی وەك جەستەیەكی بێگیان دانیشت، بەهۆی نەخۆشیەوە وەك مردووی لێهات، سولەیمان لە ماوەی نەخۆشیەكەدا هەر یادی خوای دەكرد و لێی دەپاڕایەوە چاكی بكاتەوە. تاقیكارییەكە كۆتایی پێهات و سولەیمان چاك بووەوە و سەلامەتیەكەی بۆ گەڕایەوە، پاش ئەوەی زانیی كە هەموو مەزنی و دەسەڵات و هێزەكەی ناتوانێت چاكی بكاتەوە مەگەر بە ویستی خوا.

نەخۆشی وەك جەستە (الجسد)ی لێكرد و ئەم وشەیەش بە شتێك دەوترێت؛ گیان یان سەلامەتیی نەمێنێت. پاشان بە بەزەیی و ڕەحمەتی خوا چاك بووەوە.

پاشان خوا مردنی لە سەر نووسی و كۆچی دوایی كرد. جا چۆن ژیانی سولەیمان لە لووتكەی مەزنیدا بوو، مردنەكەشی هەر وەك ژیانی وا بوو. ژیانی تایبەت كۆتایی تایبەتیشی بە دوادا هات. خوای گەورە دەربارەی مردنی سولەیمان دەفەرموێت: «فَلَمَّا قَضَيْنَا عَلَيْهِ الْمَوْتَ مَا دَلَّهُمْ عَلَى مَوْتِهِ إِلَّا دَابَّةُ الْأَرْضِ تَأْكُلُ مِنسَأَتَهُ فَلَمَّا خَرَّ تَبَيَّنَتِ الْجِنُّ أَن لَّوْ كَانُوا يَعْلَمُونَ الْغَيْبَ مَا لَبِثُوا فِي الْعَذَابِ الْمُهِينِ» (سبأ: ١٤). «كاتێ كە بڕیاری مردنی سولەیمانماندا؛ جنۆكەكان نەیانزانی كە مردووە تا مۆریانە گۆچانەكەی كلۆر كرد، كاتێ كە كەوت؛ ئەوسا جنۆكەكان بۆیان دەركەوت كە ئەگەر غەیبزان و نهێنیزان بوونایە ئاوا لە كار و فەرمانی ناخۆشدا بەردەوام نەدەبوون!».

ویستی خوا وابوو مردنی سولەیمان بە شێوازێك بێت نهێنیی زانینی جنۆكە نەیگاتێ. جنۆكەكان تا سولەیمان زیندوو بوو كاریان بۆ دەكرد، جا كە مرد ئیتر فەرمانبەرییان تەواو بوو، ئیتر پێویست نەبوو كاری بۆ بكەن. بەڵام سولەیمان مرد و جنۆكەكان

نەیـانزانی و هەر درێژەیـان دا بە کارکردن و خزمەتگوزاری، جا ئەگەر نهێنییان بزانیبا ئاوا لە سـزا و ئازاردا نەدەمانەوە. سـولەیمان خۆی دابوو بە سـەر گۆچانەکەیدا و چاودێری جنۆکەکانی دەکرد کە خەریکی کار بوون، هەر لەو دۆخەدا مرد و جنۆکەش وا هەسـتیان دەکرد نوێژ دەکات، بۆیە درێژەیان دا بە کارەکەیان و چەند رۆژێك تێپەڕ بوو. پاشان مێرووولە یان مۆریانە هاتن و بەشێك لە گۆچانەکەیان خوارد، چەند رۆژێك لێیان خوارد تا گۆچانەکە کەوت و لە دەسـتی سـولەیمان بوویەوە و ئیتر جەسـتەی سولەیمانیش پارسەنگی نەما و کەوت.

زانیـان ماوەیەکی زۆرە مردووە و ئیتر بۆیان دەرکەوت نهێنی نازانن، خەڵکیش بەمەی زانی. ئیتر بەم کۆتاییە سەرسووڕهێنەرە خوا ژیانی سولەیمانی تەواو کرد.

## لە سوودەکانی ئەم بەسەرهاتە:

١- چاکترین میراتی کوڕ لە باوك؛ زانست و شەرعزانینە.

٢- کاتێك سـولەیمان لە بەر خوا تووڕە بوو، لە بەر ئەوەی ئەسـپەکان بوونە بەربەستی نوێژی عەسرەکەی و رێزی خوای دا بە سەریاندا، خوا شتێکی توند و چاکتری پێدا لە ئەسـپ کە با بوو، جا هەرکەس دەسـت لەشـتێك هەڵبگرێت لەبەر خوا؛ خوا شـتێکی چاکتری پێدەدات.

٣- ئەگەر خوا نیعمەتێك بداتە بەندەکەی، پێویسـتە سـوپاسـگوزاریی بکات، چونکە سوپاسگوزاری دەبێتە هۆی زیادبوونی نیعمەت.

٤- راوێژكاری دەبێتە هۆی دەركردنی بڕیاری راستتر.

٥- هەدیە دەبێتە هۆی راكێشانی خۆشەویستی و لاچوونی تووڕەیی.

٦- خوای گەورە كۆمەڵـە هێزێكی داوەتـە جنۆكـە وەك خێرایی كاروبار، بەڵام هیچ لە نهێنی نازانن.

٧- هودهود بە سروشتی خاوێنی خۆی پەرستشی خۆری بە خراپ زانی.

٨- وەرگرتنی هەق و راستی لە هەر لایەنێكەوە بێت پێویستە.

٩- پێویستە بۆ بانگەوازی هەر كەسێك شێوازی تایبەتی خۆی بگیرێتە بەر.

# ئيلياس

«وَإِنَّ إِلْيَاسَ لَمِنْ الْمُرْسَلِينَ»

## بۆ لای کێ نێردرا؟

خوای گەورە پێغەمبەر ئیلیاسی نارد بۆ لای خەڵکی بەعلەبەك، لە ڕۆژئاوای دیمەشق، خەڵکی ئەم شــارە بتێکیـان دەپەرســت نـاوی بەعل بوو. پێی فەرموون: «أَلَا تَتَّقُونَ» (الصافات: ١٢۴). «ئەوە بۆ لەخوا ناترسن؟!». نکووڵی لە بتپەرستییەکەیان کرد و وتی: «أَتَدْعُونَ بَعْلاً وَتَذَرُونَ أَحْسَـنَ الْخَالِقِينَ» (الصـافات: ١٢٥). «ئایا ئێوە هاناو هاوار و نزا بۆ بەعـل دەبەن و واز لە خواپەرســتی دەهێنن لەکـاتێکـدا ئەو زاتە چـاکترینی بەدیهێنەرانە؟!». باشە ئێوە چۆن ئەم بتە دەپەرستن کە نە قسە دەکات و نە دەبیستێت، لەو لاشەوە پەرستشی کردگاری کارجوان وەل دەکەن؟!

پاشـان بانگی کردن بەرەو عیبادەتی خوا: «اللَّهَ رَبَّكُمْ وَرَبَّ آبَائِكُمُ الْأَوَّلِينَ» (الصافات: ١٢٦). «اللّه پەروەردگارتانە، پەروەردگاری باو و باپیرانی دێرینیشــتانە». پێش ئەوەی ئەوان هۆ بهێننەوە و بڵێن ئەمـە خوای بـاوو بـاپیرانمـان بووە؛ بۆی روون کردنەوە کە خوای گەورە پەروەردگاری خۆیان و باوو باپیرانیشیانە. بەڵام هۆزی ئیلیاس بەدرۆیان خســتەوە و دەســتیان لە بتپەرســتی هەڵنەگرت. جا کە بینیان ئیلیاس ســوورە لە ســەر بانگەوازەکەی، هەوڵیان دا بیکوژن، بەڵام رای کرد لە دەستیان و خۆی لە ئەشکەوتێکدا شاردەوە، دەڵێن: قەلەڕەشەکان خۆراکیان بۆ دەبرد تاوەکوو پێی بژێت.

خوای گەورە بەڵێنی سـزای دنیا و قیامەتی بە هۆزی ئیلیاس داوە: «فَكَذَّبُوهُ فَإِنَّهُمْ لَمُحْضَرُونَ» (الصافات: ١٢٧). «کەچی ئەوان بڕوایان پێنەکرد، کەوابوو بێگومان ئەوان ئامادەکراون بۆ دۆزەخ». بەڵام بڕواداڕانی هاوەڵی ئیلیاسـی لێ دەرکرد: «إِلَّا عِبَادَ اللَّهِ الْمُخْلَصِينَ» (الصافات: ١٢٨). «جگە لە بەندە دڵسۆز و هەڵبژاردەکانی خوا».

خوای گەورە ستایشی پێغەمبەر ئیلیاس ئەکات: «وَتَرَكْنَا عَلَيْهِ فِي الْآخِرِينَ. سَلَامٌ عَلَى إِلْ يَاسِينَ. إِنَّا كَذَلِكَ نَجْزِي الْمُحْسِنِينَ» (الصافات: ١٢٩-١٣١). «ئینجا ناوبانگی خێری ئیلیاسمان لە نەوەکانی داهاتوودا هێشتەوە. سڵاوو درووود و ڕێز لەسەر ئیلیاس بێت. ئێمە بەڕاستی بەو شێوەیە پاداشتی چاکەکاران دەدەینەوە».خوای گەورە پاداشتێکی گەورەی لە دنیادا پێبەخشی؛ ئەویش ئەوە بوو خەڵکی کە قورئان دەخوێنن بەردەوام بە چاکە یادی دەکەن، لە قیامەتیشدا لەگەڵ پێغەمبەراندا دەبێت لە باڵاترین شوێنی بەهەشت.

لە سوودەکانی بەسەرهاتەکە:

١- پێویستە ئیماندار بۆ هەق غیرەتی بێتە جۆش، کاتێك دەبینێت خەڵکی شتێك لە شوێن خوای باڵادەست دەپەرستن کە نابیستێت و نابینێت.

٢- بەردەوام بانگەوازخوازان تووشی بەربەست و بە درۆخستنەوە دەبن، بەڵام خوا دەیانپارێزێت.

٣- خوای گەورە لە قیامەتدا پاداشتێکی بۆ چاکەکاران ئامادە کردووە ماندوویی و ئازاری دنیایان لێ دوور دەکاتەوە.

# يەسەع

«وَاذْكُرْ إِسْمَاعِيلَ وَالْيَسَعَ وَذَا الْكِفْلِ وَكُلٌّ مِّنَ الْأَخْيَارِ»

پێغەمبەرێکە خوا پاش ئیلیاس ناردوویەتی. خوای گەورە دەفەرموێت: «وَإِسْمَاعِيلَ وَالْيَسَعَ وَيُونُسَ وَلُوطاً وَكُلاًّ فضَّلْنَا عَلَى الْعَالَمِينَ» (الأنعام: ٨٦). «ئیسماعیل و یەسەع و یوونس و لووت؛ هەریەکە لەوانیشمان ڕێزدارکرد بەسەر هەموو خەڵکی جیهاندا».

پاش کۆچی دوایی ئیلیاس؛ هەستا بە بانگەوازخوازی بەرەو خوای گەورە و هەر ڕێباز و شەریعەتەکەی پێغەمبەر ئیلیاسی گرتە بەر. لە سەردەمی یەسەعدا خراپەکاری و کوشتنی پێغەمبەران و ئاوارە کردنی بڕواداران تەواو زۆر ببوو، بۆیە یەسەع ئامۆژگاریی کردن و لە سزای خوا ترساندنی، بەڵام گوێیان نەدایە بانگەوازەکەی.

پاشان کۆچی دوایی کرد و خوا کەسانێکی زاڵ کرد بە سەر بەنی ئیسرائیلدا، بە خراپترین شێواز سزایان دەدان. جا خوای گەورە ئاوا ستایشی یەسەع دەکات: «وَاذْكُرْ إِسْمَاعِيلَ وَالْيَسَعَ وَذَا الْكِفْلِ وَكُلٌّ مِّنَ الْأَخْيَارِ» (ص: ٤٨). «هەروەها باس و یادی ئیسماعیل و یەسەع و زەلکیفلیان بۆ بکە، کە هەریەکێك لەوانە لە هەڵبژاردە و پەسەندکراوەکانن».

## لە سوودەکانی بەسەرهاتەکە:

١- هیچ کاتێك نەبووە پێغەمبەرێك نەبێت خەڵك ڕێنمایی بکات.

٢- بـە دواییەکـداهـاتنی پێغەمبەران رزگـاریـیـە بۆ مرۆڤ، لـە ئوممەتی ئێمەدا زانایان بـوونەتـە مـیـراتـگـری ئەرکـی پـێغەمبەران بۆ رزگـار کردنی ئوممەتی موحەممەد (صَلَّىٱللَّهُعَلَيْهِوَسَلَّمَ).

# زەکەریا

«ذِكْرُ رَحْمَةِ رَبِّكَ عَبْدَهُ زَكَرِيَّا»

## زەکەریا کێیە؟

لە ســـەردەمی کۆندا لە ناو بەنی ئیســـڕائیل پێغەمبەرێکی چاکەکار و زانایەکی گەورە هەبوو کـە پێشـــنوێژیی بۆ خەڵـك دەکرد، نـاوی پێغەمبەرەکە زەکەریا و ناوی زاناکە عیمڕان بوو. زەکەریـا و خێزانی لە ناو هۆزەکەیاندا لە فەلەســـتین دەژیان و منداڵیان نەبوو. لەگەڵ زۆریی تەمەن هەر چـاوی لـە ڕەحمەتی خوا بوو، بەردەوام بۆ منداڵ لە خوا دەپاڕایەوە. زەکەریا دارتاش بوو، تەنها ڕەنجەشانی خۆی دەخوارد هەروەك باپیرە داوودی.

## لە دایکبوونی مەریەم:

خێزانی عیمڕانیش منـداڵی نەدەبوو. ڕۆژێـك بـاڵنـدەیەکی بینی خۆراك و ئـاو دەداتـە بێچووەکەی و خســتوویەتیە ژێرباڵی بۆ پاراستنی لە سەرما. ئەم دیمەنە هەستی هێنایە جۆش و تـامەزرۆی دایکـایەتی کرد، بۆیـە لە خوا پاڕایەوە منداڵی پێبەخشـــێت، خوا نزاکەی وەرگرت و ڕۆژێـك هەســـتی کرد دووگیانە، بۆیە زۆر خۆشـــحاڵ بوو، کەوتە سـوپاسگوزاری و منداڵەکەی کردە نەزر بۆ خوای گەورە: «إِذْ قَالَتِ امْرَأَةُ عِمْرَانَ رَبِّ إِنِّي نَـذَرْتُ لَكَ مَا فِي بَطْنِي مُحَرَّراً فَتَقَبَّلْ مِنِّي إِنَّكَ أَنتَ السَّـــمِيعُ الْعَلِيمُ» (آل عمران:

٣٥). «کاتێك هاوسەری عیمڕان وتی: پەروەردگارا، بەڕاستی من بڕیارم داوە و نەزرم کردووە، ئەو منداڵەی لە سکمدایە ئازادکراوبێت لە هەموو ئەرك و ئیش و کارێك، دە تۆش لێم وەربگرە، چونکە بەڕاستی تۆ خوایەکی بیسەر و زانایت». واتای ئەمە ئەوەیە، کە ژنەکەی عیمڕان نەزری کرد منداڵەکەی هەموو ژیانی ببێتە خزمەتکاری بەیتولمەقدیس، تەنها خەریکی خواپەرستی و خزمەتی ماڵی خوا بێت و لە پەرستشی غەیری خوا خۆی دوور بگرێت.

عیمڕان لە کاتێکدا خێزانەکەی دووگیان بوو؛ کۆچی دوایی کرد. ئەم باوکە زانا پێشەوایە دڵنیا بوو منداڵێك لە پاش خۆی جێدەهێڵێت جا کوڕ بێت یان کچ. خێزانی عیمڕان لە سکەکەی بووەوە و کچێکی هێنایە دنیا. لێرەدا دایك دەحەپەسێت! ئاخر ئەو دەیویست کوڕێکی ببێت کە بیکاتە خزمەتکاری مزگەوت. جا بیری کردەوە: ئایا کچ دەتوانێت خزمەتی مزگەوت بکات؟ !لە کۆتاییدا دایك بڕیاری دا نەزرەکەی بێنێتە جێ، ئەگەر چی کوڕو کچ وەك یەك نین و داواشی کرد خوا لێی وەر بگرێت: «فَلَمَّا وَضَعَتْهَا قَالَتْ رَبِّ إِنِّي وَضَعْتُهَا أُنثَى وَاللَّهُ أَعْلَمُ بِمَا وَضَعَتْ وَلَيْسَ الذَّكَرُ كَالأُنثَى وَإِنِّي سَمَّيْتُهَا مَرْيَمَ» (آل عمران: ٣٦). «بەڵام کاتێك منداڵەکەی بوو، وتی: پەروەردگارا خۆ من کچم بوو. بێگومان خوا خۆی چاك دەزانێت کە چی بووە، (خۆ ئاشکرایە) کوڕیش وەکوو کچ نییە، منیش بەڕاستی ناوم نا مەریەم».

خوا دوعای خێزانەکەی عیمڕانی بیست و هەموو قسە و بەڵکوو ختوورە و هیوا و ئارەزووی ئیمەش دەبیستێت. خوا دەنگی ژنەکەی بیست لە کاتێکدا هەواڵی دەداتێ کە کچی بووە، خوا چاکتر دەزانێت، ئاخر تەنها ئەوە دیاریی دەکات منداڵ کوڕ بێت یان کچ، پاشان ئاوا پاڕایەوە: «وِإِنِّي أُعِيذُهَا بِكَ وَذُرِّيَّتَهَا مِنَ الشَّيْطَانِ الرَّجِيمِ» (آل

عـمران: ٣٦). «من خۆی و وەچەکەی بەتۆ دەپـارێزم لە شـــەیتـانی رەجمکراو».
پێغەمبەری خوا (صَلَّىٰٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) دەفەرموێت: (ما من مَوْلود يُولَدُ إلاّ نـخَسَه الشَّيطانُ، فيَسْتَهِلُّ صارخًا مِن نَـــخْسَةِ الشَّيطانِ، إلا ابنَ مريمَ وأُمَّه)[١]. واتە: هەر منداڵێك كە لە دايك دەبێت، شـەیتان سـیخوڕمەیەکی لێدەدات و ئیتر یەکەم گریانی منداڵەکە بەهۆی ئەم سیخوڕمەوەیە، جگە لە کوڕەکەی مەریەم و دایکی». ئەبووهورەیرە کە فەرمودەکەی گێڕاوەتەوە دەڵێت: ئەم ئایەتە بخوێننەوە ئەگەر ویستتان: «وَإِنِّي أُعِيذُهَا بِكَ وَذُرِّيَّتَهَا مِنَ الشَّيْطَانِ الرَّجِيمِ».

## کێ بووە سەرپەرشتی مەریەم؟

لەدایکبوونی مەریەمی کچی عیمران ســـەرەتا کێشـــەیەکی بچووکی لەگەڵ بوو، وەك زانـیـمـان عـیـمڕان پێش لەدایکبوونی مەریەم کۆچی دوایی کرد، ئیتر زانـایـان و گەورەپیاوانی سەردەم ویستیان ببنە سەرپەرشتی مەریەم، کێبڕکێیان بوو لە سەر ئەم پلە و رێزە؛ کە کچی مامۆستای بەڕێز و زانا پێشەواکەیان پەروەردە بکەن.

زەکەریـا وتی: خزمی منە و من بەخێوی دەکەم، ئاخر خێزانی من پووریەتی. هەروەها من پێغەمبەری ئەم ئوممەتەم. زاناکان وتیان: ئەی جا باشــە بۆ یەکێك لە ئێمە بەخێوی نەکات و ئەم خێرو بێرە لە دەســت خۆمان بکەین؟! بۆیە لە ســەر ئەوە رێکەوتن پشك بهاون. مەریەم لە ســەر زەوی دانراو قەڵەمی ئەو کەســانەش تامەزرۆی بەخێوکردنی بوون لە تەنیشتییەوە، پاشان منداڵێکی چکۆلەیان بانگ کرد و وتیان قەڵەمێك هەڵبگرە؛

[١] نوسەری بەڕێز نوسیویەتی بخاري (٣٢٤٨). فەرموودەکە وا لە (بوخاری : ٣٤٣١)، (موسلیم : ٢٣٦٦).

ئەویش قەڵەمەکەی زەکەریای هێنایە دەرەوە.

زەکەریا وتی: بڕیاری خوا وا بوو من ببمە سەرپەرستی. ئەوانیش وتیان: نا، پشك هاوێشتن سێ جارە. پاشان هەریەکەو ناوی خۆی لە سەر قەڵەمێك نووسی و خستیانە رووبارێکەوە و وتیان: قەڵەمی هەر کەس بە پێچەوانەی شەپۆلەکەوە جووڵایەوە ئەو سەر کەوتووە. خوای گەورە دەفەرموێت: «وَمَا كُنتَ لَدَيْهِمْ إِذْ يُلْقُون أَقْلاَمَهُمْ أَيُّهُمْ يَكْفُلُ مَرْيَمَ وَمَا كُنتَ لَدَيْهِمْ إِذْ يَخْتَصِمُونَ» (آل عمران: ٤٤). «خۆ تۆ لەوێ نەبوویت کاتێك پێنووسەکانیان هەڵئەدایە (کێ سەرکەوت) ئەوەیان مەریەم پەروەردە بکات، تۆ لەوێش نەبوویت کاتێك کێشەیان هەبوو».

قەڵەمەکانیان فڕێ دایە رووبارەوە، قەڵەمی هەمووان لەگەڵ شەپۆلەکە رۆیشت جگە قەڵەمی زەکەریا. زەکەریا هەستی کرد ئەم جارە رازی دەبن، بەڵام ئەوان سوور بوون لە سەر ئەوە کە پشك هاوێشتن سێ جارە. ئەم جارە وتیان قەڵەمەکانمان دەخەینە رووبارەوە، هەر قەڵەمێك بەتەنها لەگەڵ شەپۆلەکە جووڵایەوە خاوەنەکەی دەبێتە سەرپەرشتی مەریەم، ئەم جارە هەموو بە پێچەوانەی شەپۆلەکەوە بوون، جگە قەڵەمەکەی زەکەریا. بۆیە ئیتر رازی بوون و ئەو بووە سەرپەرشتی: «وَكَفَّلَهَا زَكَرِيَّا» (آل عمران: ٣٧). زەکەریا دەستی کردە خزمەت و پەروەردەکاری و ڕێزگرتنی مەریەم تا گەورە بوو. شوێنێکی تایبەتی لە مزگەوت بۆ دیاری کرد تا پەرستشی تێدا بکات و لێی دوور نەکەوێتەوە. ئیتر مەریەمیش هەموو کات و ساتی بە نوێژ و پەرستش و نزاو سوپاسگوزاری و خۆشەویستی خوا تێپەڕ دەکرد.

## ڕێزگرتنی مەریەم لە لایەن خواوە:

زەکەریا جاروبار سەری پەرستگەکەی مەریەمی دەدا، هەرجارە کە دەچوو شتێکی سەرسووڕهێنەری دەبینی، کە هاوین دەبوو میوەی زستانی لە پێشدا دەبینی، کە زستان دەبوو میوەی هاوینی لابوو. پرسیاری لێکرد: ئەم رزقە لە کوێوە دێت؟! مەریەم وتی: لە لایەن خواوە. جا ئەمە زۆر جار رووی دەدا: «كُلَّمَا دَخَلَ عَلَيْهَا زَكَرِيَّا الْمِحْرَابَ وَجَدَ عِندَهَا رِزْقاً» (آل عمران: ٣٧). «هەر کاتێك زەکەریا دەچوو بۆ سەردانی لە شوێنی خواپەرستییەکەیدا، دەیبینی رزق و رۆزی و نازو نیعمەتی جۆراوجۆری لایە».

ئیتر لێرەدا کە زەکەریا کەرامەتەکانی مەریەمی بینی، تەواو تامەزرۆی منداڵ بوو. جا لەو کاتەدا زەکەریا پیرەپیاوێکی بە ساڵاچوو بوو، هەستی دەکرد ژیانی زۆری نەماوە، خێزانەکەشی کە پووری مەریەم بوو هەروا بوو، پێشتریش قەد نەبووە دایك و نەزۆك بوو. زەکەریا ئارەزووی بوو منداڵێکی هەبێت ببێتە میراتگری زانستەکەی، پێغەمبەرێك کە هۆزەکەی رێنمایی بکات. جا ئەم بیرانەی قەد لای کەس باس نەدەکرد، تەنانەت هاوسەرەکەشی. بەڵام خۆ خوا پێش دەربڕینیشی دەیزانی. زەکەریا بەیانییەك چووە لای مەریەم و میوەیەکی بینی کە وەرزی نەبوو، پرسیاری کرد: «يَا مَرْيَمُ أَنَّى لَكِ هَذَا» (آل عمران: ٣٧). «ئەی مەریەم ئەم هەموو رزق و رۆزییەت لەکوێ بوو؟!». وەڵامی دایەوە: «هُوَ مِنْ عِندِ اللّهِ إنَّ اللّهَ يَرْزُقُ مَن يَشَاءُ بِغَيْرِ حِسَابٍ» (هەمان ئایەت). «ئەوە لە لایەن خواوەیە، ئەو بۆم دەنێرێت، بەڕاستی خوا بە هەرکەس بیەوێت رزق و رۆزی بێ سنوور و بێ هۆکار دەبەخشێت».

## زەکەریا بۆ منداڵ دەپاڕێتەوە:

«هُنَالِكَ دَعَا زَكَرِيَّا رَبَّهُ» (آل عمران: ٣٨). واتە: هەر لەو کاتەدا و هەر لەو شـــوێنەدا کەوتە پاڕانەوە. زەکەریا لە ناخی خۆیدا وتی: پاکی و بێگەردی بۆ ئەو خوایە تووانای بە سـەر هەموو شتێکدا هەیە، ئیتر کەوتە پاڕانەوە: «ذِكْرُ رَحْمَةِ رَبِّكَ عَبْدَهُ زَكَرِيَّا. إِذْ نَادَى رَبَّهُ نِدَاء خَفِيّاً. قَالَ رَبِّ إِنِّي وَهَنَ الْعَظْمُ مِنِّي وَاشْتَعَلَ الرَّأْسُ شَيْباً وَلَمْ أَكُن بِدُعَائِكَ رَبِّ شَـــقِيّاً. وَإِنِّي خِفْتُ الْمَوَالِيَ مِن وَرَائِي وَكَانَتِ امْرَأَتِي عَاقِراً فَهَبْ لِي مِن لَّدُنكَ وَلِيّاً. يَرِثُنِي وَيَرِثُ مِنْ آلِ يَعْقُوبَ وَاجْعَلْهُ رَبِّ رَضِـيّاً» (مريم: ٢-٦). «(ئەی پێغەمبەر (صـلّی اللّه علیه وسـلّم) ئەم باسـە، باسـی ڕەحمەتی پەروەردگارتە دەربارەی بەندەی خۆی؛ زەکەریـا. کـاتێـك هـانا و هاواری برد بۆ پەروەردگاری بەپەنهانی. وتی: پەروەردگارا، بەڕاسـتی من ئێسـکەکانم لاواز بوون و قژی سـەرم هەر هەمووی سـپێتی دایگرتووە، بەڵام من هەرگیز لە دوعـا و پاڕانەوەم لە زاتی تۆ نائومێد نەبووم. بەڕاســتی من لەوە ترسـاوەم کە خزم و خوێشـان دوای مردنم سـەگەردان بن. خێزانکەشم منداڵی نابێت، بۆیە داواکارم لە بەخششی خۆت بەهرەوەرم بکە و منداڵێکم پێ ببەخشیت کە بتوانێت جێگەی من بگرێتەوە. تـا میراتی پێغەمبەرایەتیی من و نەوەی یەعقووب وەربگرێـت، هەروەها، پەروەردگارا بیکە بەکەسـێکی وا کە تۆش و بەندە چاکەکانیشــت لێی ڕازی بن)».

ئەم پاڕانەوەیە دڵ دێنێتە جۆش! ســـەرنج بدە دوعا چۆن دەکرێت و پاڕانەوە بۆ منداڵ چۆن دەبێت و چۆن دەبێ هیوای فراوانت بە گەورەیی و بەخشـشی خوا هەبێت بە بێ حیسـاب. ئەو هەموو بەسەرهاتەی بۆ خوا باس کرد، باسی لاوازی و پەککەوتوویی و پیری و هیواکەی و ترسەکەی. هەموو شتێکی باس کرد؛ تۆش وا بکە، خوا بکە دۆست

و سـەرپەرشـتی خۆت. زەکەریا بێ دەنگ بەرز کردنەوە داوای کرد منداڵێکی پێبدات میراتگری پێغەمبەرایەتی و دانایی و مەزنی و زانستی بێت. دەترسا هۆزەکە پاش خۆی گومڕا بن، بۆیـە خوا بەزەیی پێیـدا هاتەوە و نزاکەی وەرگرت. ئەو هەر لە دوعاکردندا بوو کە فریشـتەکان بانگیان کرد لە کاتێکدا نوێژی دەکرد لە پەرستگەکە، واتە ئەو هەر لە پەرستگەکەی مەریەم بوو، بەرلەوەی پاڕانەوەکەی کۆتایی بێت مژدەی بۆ هات: «يَا زَكَرِيَّا إِنَّا نُبَشِّـرُكَ بِغُلَامٍ اسْـمُهُ يَحْيَى لَمْ نَجْعَل لَّهُ مِن قَبْلُ سَـمِيّاً» (مريم: ٧). «خوای گەورە نزاکەی گیرا کرد و فەرمووی: ئەی زەکەریـا، بەڕاسـتی ئێمە مژدەت دەدەینێ بەوەی کە کوڕێکـت پێ دەبەخشـین و ناویشـی یەحیایە، پێشـتر کەس وێنەی ئەو نەبووە[١]».

ئەمە زەکەریای حەپەسـاند! منداڵێکی دەبێت پێشتر وێنەی نەبووە! لە ناخیدا هەستی بـە دڵەڕاوکێ کرد و پرسـیاری کرد: «قَالَ رَبِّ أَنَّى يَكُونُ لِي غُلَامٌ وَكَانَتِ امْرَأَتِي عَاقِراً وَقَدْ بَلَغْتُ مِنَ الْكِبَرِ عِتِيّاً» (مريم: ٨). «زەکەریا وتی: پەروەردگارا بە چ شێوەیەك کوڕم پێ دەبەخشـیت لەکاتێکدا هاوسەرەکەم منداڵی نابێت و منیش گەیشتوومەتە ئەوپەڕی پیری و پەککەوتەیی؟!». سـەری سـووڕما! چۆن منـداڵی دەبێـت کە پیرەپیاوێکە و ژنەکەشی نەزۆکە؟

«قَـالَ كَـذَلِـكَ قَالَ رَبُّكَ هُوَ عَلَيَّ هَيِّنٌ وَقَدْ خَلَقْتُكَ مِن قَبْلُ وَلَمْ تَكُ شَـيْئاً» (مريم: ٩). «وتی: پەروەردگاری تۆ هەر بەو شێوەیە بڕیاری داوە و فەرمووشیەتی ئەو کارە لای من زۆر ئاسـانە، بەڕاسـتی پێشـتریش تۆم درووسـتکردووە، وەنەبێت شـتێکت بووبیت».

---

[١] هەندێك لە زانایانی موفەسـسیرین فەرموویانە: واتای ئەم ئایەتە ئەوەیە؛ کە پێشـتر هیچ کەسێك ناوی یەحیا نەبووە، ئەم یەکەم کەسە بەم ناوە ناونراوە. (وەرگێڕ).

فریشتەکان تێیانگەیاند ئەمە ویستی خوایە و هیچ نابێتە بەربەستی و هیچیش لای خوا ئەستەم نییە و هەموو شتێك بە فەرمانی ئەوە. بۆیە دڵی زەکەریا پڕ بوو لە سوپاسگوزاری و بە گەورە زانینی خوا، داوای لە خوا کرد نیشانەیەکی بۆ دابنێت تا لە کاتی دووگیانبوونی ژنەکەیدا دڵی پێی قایم و دڵنیا بێت:

«قَالَ رَبِّ اجْعَل لِّي آيَةً قَالَ آيَتُكَ أَلَّا تُكَلِّمَ النَّاسَ ثَلَاثَ لَيَالٍ سَوِيّاً. فَخَرَجَ عَلَى قَوْمِهِ مِنَ الْمِحْرَابِ فَأَوْحَى إِلَيْهِمْ أَن سَبِّحُوا بُكْرَةً وَعَشِيّاً» (مريم: ١٠-١١). «زەکەریا وتی: پەروەردگارا نیشانەیەکم پێ ببەخشە تا دڵنیابم کە ئەو مژدەیە هاتۆتەدی، خوای گەورە فەرمووی: نیشانە و بەڵگەت ئەوەیە کە تۆ ناتوانیت سێ شەوو ڕۆژی تەواو قسە لەگەڵ خەڵکیدا بکەیت! لە پەرستگاکەی هاتە دەرەوە بۆ ناو قەومەکەی و ئاماژەی بۆ کردن بەیانیان و ئێواران تەسبیحات و ستایش بکەن». خوا هەواڵی پێدا سێ ڕۆژ ناتوانێت قسە بکات بێ ئەوەی نەخۆش بێت، جا هەرکات ئەمە ڕوویدا؛ ئەوە دڵنیا بێت خێزانی دووگیانە و موعجیزەکەی خوا ڕووی داوە، جا پێویستە لەو کاتەدا بە ئاماژە لەگەڵ خەڵك بدوێت.

زەکەریا ڕۆژێك چووە لای خەڵك و ویستی وتار بدات، بەڵام سەیری کرد ناتوانێ قسە بکات، زانیی موعجیزەکە ڕووی داوە. بۆیە بە ئاماژە خەڵکی تێگەیاند بەیانیان و ئێواران پاکی و بێگەردی بۆ خوا دەرببڕن و خۆیشی کەوتە پاڕانەوە و نوێژکردن و سوپاسگوزاری.

جا خوا هۆی وەرگرتنی نزاکەی ڕوون دەکاتەوە: «إِنَّهُمْ كَانُوا يُسَارِعُونَ فِي الْخَيْرَاتِ وَيَدْعُونَنَا رَغَباً وَرَهَباً وَكَانُوا لَنَا خَاشِعِينَ» (الأنبياء: ٩٠). «بەڕاستی ئەوانە چالاك و

گورجوگۆڵ بوون لە ئەنجامدانی هەموو خێر و چاکەیەکدا و نزای بەکوڵیان دەکرد، بە ئومێدی ڕەحمەت و بەهەشـتی ئێمە و لە دۆزەخ و خەشـمی ئێمە دەترسـان، ئەوانە هەمیشە گەردنکەچ بوون بۆ ئێمە».

خوای گەورە کوڕێکی بەخشـییە زەکەریا، ناوی یەحیا بوو، کۆمەڵە تایبەتمەندییەکی هەبوو پێشتر کەس نەیبووە. ئیتر زەکەریاش لە سەر بڕوا و یەکخواپەرستی و بانگەواز پەروەردەی کرد، خوا هەر بە منداڵی تێگەیشتنی تایبەت و زانستی پێبەخشی. زەکەریا بەردەوام بوو لـە بـانگەوازەکەی تـا کۆچی دوایی کرد. ڕیوایەتی سـەحیح دەربارەی مردنەکەی نەهاتووە، بەڵام ڕیوایەتی لاوازی زۆر هەیە کە بە دەسـتی سـەربازەکانی پادشای ستەمکار شەهید بووە.

## لە سوودەکانی بەسەرهاتەکە:

١- لـە هەموو هەڵوێسـت و دیمەنێکدا بۆ بڕوادار پەند و ئامۆژگارییەك هەیە، کەواتە بەئاگا بە.

٢- کردەوە هەرچەندە شـاراوەتر بێت لە خواویسـتییەوە نزیکترە و ئەمە دەبێتە هۆی وەرگیرانی.

٣- کێبڕکێ لە سەر چاکە و خێرات؛ هێمای چاکی دڵ و بڕوای بەندەیە.

٤- چارەسەری کێشە بە پشکهاوێشتن شیاوە.

٥- کەڕامەتی ئەولیا لای ئەهلی سوننەت سەلمێندراوە، وەك کەڕامەتەکەی مەریەم.

٦- کەسـت نییە خوا نەبێت، بۆیە لە هەموو پێداویسـتییەکانتدا پشت بە خوا ببەستە و دڵنیا بە خوا توانای هەیە نزاکەت وەربگرێت ئەگەرچی هۆکاریشی نەبێت، پێغەمبەری خوا (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دەفەرموێت: (ادْعُوا اللَّهَ وَأَنْتُمْ مُوقِنُونَ بِالْإِجَابَةِ)[١]. واتە: (لە خوا بپاڕێنەوە لە کاتێکدا دڵنیان لێتان وەردەگرێت).

[١] (ترمزی: ٣٤٧٩).

# یەحیا

«يَا زَكَرِيَّا إِنَّا نُبَشِّرُكَ بِغُلَامٍ اسْمُهُ يَحْيَى لَمْ نَجْعَل لَّهُ مِن قَبْلُ سَمِيّاً»

یەحیا کوڕی پێغەمبەر زەکەریایە کە پاش وەرگێرانی نزاکەی باوکی لەدایکبوو. یەحیای پێغەمبەر و دوورەپەرێز لە هەوا و ئارەزوو؛ لە چاکەکاران بوو، ئای هەر لە منداڵییەوە چەندە پارێزکار و چاکەکار بوو؟! ئەمە پێغەمبەر یەحیایە کە پەروەردگار شایەتیی دەدات پێشتر وێنەی ئەوی بەدینەهێناوە، پێغەمبەرێکە خوا کۆمەڵە مەزنییەکی تایبەتی پێبەخشیوە:

«لَمْ نَجْعَل لَّهُ مِن قَبْلُ سَمِيّاً» (مريم: ٧). «پێشتر کەس وێنەی ئەو نەبووە»، «وَآتَيْنَاهُ الْحُكْمَ صَبِيّاً» (مريم: ١٢). «هەر لە تەمەنی نەوجەوانیدا، توانای جیاکردنەوەی راست و ناڕاستمان پێبەخشی»، «وَحَنَاناً مِّن لَّدُنَّا وَزَكَاةً وَكَانَ تَقِيّاً» (مريم: ١٣). «یەحیا دڵ و دەروونێکی پڕ لە سۆز و خۆشەویستی و پاك و خاوێنی هەبوو، کە لەلایەن خۆمانەوە پێمان بەخشیبوو، ئەو زۆر خواناس و پارێزکار بوو»، «وَبَرّاً بِوَالِدَيْهِ وَلَمْ يَكُن جَبَّاراً عَصِيّاً» (مريم: ١٤). «هەروەها چاکڕەفتار و جوانڕەفتار بوو لەگەڵ باوك و دایکیدا، وەنەبێت ئەو کەسێکی دڵرەق و یاخی و نالەبار بوو بێت»، «وَسَلَامٌ عَلَيْهِ يَوْمَ وُلِدَ وَيَوْمَ يَمُوتُ وَيَوْمَ يُبْعَثُ حَيّاً» (مريم: ١٥). «درووود و سەلامی خوای لەسەر بێت؛ لەو رۆژەدا کە لە دایکبوو، وە لەو رۆژەدا کە وەفات دەکات، لەو رۆژەشدا کە زیندوو دەبێتەوە»، «مُصَدِّقاً بِكَلِمَةٍ مِّنَ اللَّهِ» (آل عمران: ٣٩). «بەڕاستدانەری فەرمانی تایبەتی خوایە»، «وَسَيِّداً» (هەمان ئایەت). «گەورەو رێزدارە»، «وَحَصُوراً» (هەمان ئایەت). «خۆپارێزە

لە گوناهان»، «وَنَبِيّاً مِّنَ الصَّالِحِينَ» (هەمان ئایەت). «پێغەمبەرێکە لە چاکان». ئەمانە کۆمەڵە نیعمەت و ڕێزلێگرتنێکی خوای گەورەن بۆ پێغەمبەرەکەی یەحیا، کە لەوە ئەچێ کەسی تر هاوکات هەموویانی تێدا نەبووبێت.

جا چۆن خزر لە لایەن خواوە زانستی پێدرا بوو؛ یەحیا لە لایەن خواوە خۆشەویستی (الحنان)ی بە خەڵات وەر گرتبوو، جا (الحنان) بریتییە لە زانستێکی گشتگیر کە دەبێتە هۆی خۆشویستنی قووڵی هەموو بوونەوەران و بەزەییهاتنەوە پێیاندا، وەك بڵێی پلەیەکە لە پلەکانی خۆشەویستی کە لە زانستەوە سەرچاوە دەگرێت. یەحیا لە ناو پێغەمبەراندا نموونەیەکی بێوێنەی پەرستش و پارێزکاری و خۆشەویستیی خواییە، ئەو پێغەمبەری پەرستشکارە، کە خۆشەویستیی بۆ هەموو بوونەوەر دەردەبڕی، بۆیە هەمووانیش ئەویان خۆش دەویست. یەحیا هاوکات بوو لەگەڵ عیسا و لە دایکیشەوە خزمی بوو (پوورزای دایکی عیسا بوو).

## لە دایکبوونی یەحیا:

لەدایکبوونی یەحیا موعجیزە بوو -وەك باسمان کرد-. سەردەمی منداڵییەکەشی جیاواز بوو، زۆرینەی منداڵەکان کایە و گەمەیان دەکرد، بەڵام ئەو بەردەوام بە جددی بوو، هەندێك منداڵ ئازاری ئاژەڵەکانیان دەدا، بەڵام ئەو لە خۆراکەکەی خۆی دەدانێ و میهرەبان بوو لەگەڵیاندا، تا وادەبوو زۆر جار خۆراك بۆ خۆی نەدەما.

یەحیا هەرچەندە گەورەتر دەبوو؛ ڕووناکیی سیمای زیادی دەکرد، دانایی و خۆشەویستی خوا، زانست و ئاشتی زیاتر دەچووە دڵیەوە. خوێندنی زۆر پێخۆش بوو،

بۆیە هەر لە منداڵییەوە کەوتە خوێندنی زانســـت، کاتێك منداڵ بوو خوا بانگی لێکرد: «یَـا یَحْیَى خُذِ الْكِتَابَ بِقُوَّةٍ وَآتَيْنَاهُ الْحُكْمَ صَـــبِيّاً» (مريم: ١٢).خوا فەرمانی پێدا زۆر پتەوو قایم فێری کتێبی شـەریعەت ببێت. ئیتر هەر بە منداڵی بووە شەرعناس و داوەر لە نێوان خەڵکدا، زاناترین و ژیرترین کەسـی سـەردەم بوو. لە نێوان خەڵکدا داوەری دەکرد و نهێنییەکانی دینی بۆ دەردەخستن و ڕێگای هەقی پیشان دەدان.

## ئامۆژگاری ڕاستگۆ:

کە یەحیا بۆ بانگەواز لە نێوان خەڵکدا دەوەستا؛ لە خۆشەویستی و ڕاستیدا دەیهێنانە گریان و کاری دەکردە سـەر دڵەکانیان و وایدەکرد لە خوا نزیك ببنەوە. یەحیا ڕۆژێك چووە ناو خەڵك و مزگەوت پڕ بوو لە خەڵك، یەحیا دەستی کردە وتار: (إنَّ اللهَ أمَرني بخَمسِ كلماتٍ أن أَعمَلَ بِهنَّ، وآمرُكم أن تَعمَلوا بهنَّ: أوَّلُهنَّ أن تَعبُدوا اللهَ ولا تُشرِكوا به شـيئًا، وإنَّ مَثلَ مَن أشـرَك باللهِ كمَثَلِ رجلٍ اشترى عبدًا من خالصِ مالِه بذهَبٍ أو ورِقٍ، فقـال: هـذه داري وهـذا عمَلي، فـاعمَـلْ وأدِّ إليَّ، فكـان يعمَلُ ويُؤدِّي إلى غيرِ سـيِّدِه، فأيُّكم يَرضـى أن يكونَ عبدُه كذلك؟! وإنَّ الله أمركم بالصَّـلاة، فإذا صَلَّيتُم فلا تَلتفِتوا؛ فإنَّ اللهَ يَنصُبُ وجهَه لوجهِ عبدِه في صلاتِه ما لم يَلتفِتْ، وآمرُكم بالصِّيامِ؛ فإنَّ مَثلَ ذلك كمثَلِ رجلٍ في عصـابةٍ معَه صُرَّةٌ فيها مسكٌ، فكلَّهم يَعجَبُ أو يُعجِبُه ريحُها، وإنَّ ريحَ الصَّــائمِ أطيبُ عندَ اللهِ من ريحِ المسـكِ، وآمرُكم بالصَّـدقةِ؛ فإنَّ مثَلَ ذلك كمثَلِ رجلٍ أسَـره العدوُّ، فأوثَقوا يدَه إلى عنقِه، وقدَّموه ليَضرِبوا عُنقَه، فقال: أنا أَفْديه منكم بالقليلِ والكثيرِ، ففدَى نفسَــه منهم، وآمُركم أن تَذكُروا اللهَ؛ فإنَّ مَثلَ ذلك كمَثلِ

رجلٍ خرَج العدوُّ في أثَرِه سِراعًا حتَّى إذا أتى على حِصنٍ حَصينٍ)[1]. واته: (خوا چەند وشـەی فەرمان پێداوم كاریان پێبكەم و فەرمانیش بە ئێوە بدەم كاری پێبكەن؛ ئەوە كە خوا بە تاكی بپەرســتن و هاوەڵی بۆ دانەنێن، چونكە هەركەس هاوەڵ بۆ خوا دابنێ و غەیری ئەو بپەرســتێ وەك كۆیلەیەك وایـە خـاوەنەكەی كڕیویەتی، بەڵام دەڕوا كـار دەكات و هەقدەستەكەی دەداتە یەكێكی تر، باشە كامتان حەز دەكەن كۆیلەكەی ئاوا بێـت؟ فەرمـانتان پێدەدەم نوێژ بكەن، چونكە بەندە كاتێك نوێژ دەكات خوا ســەیری دەكـات مـادام دڵی لای نوێژەكەی بێـت، بۆیە كە نوێژتان كرد با بە دڵ و گیان بیكەن. فەرمانی ڕۆژوو گرتنتان پێدەدەم، وێنەی ڕۆژووگر وەك كەسێكە كیسەیەك پڕ لە میسكی بۆنخۆشــی لە كۆڵ ناوە، هەر كە دەجووڵێتەوە بۆنی میســكە خۆشــەكە بڵاو دەكاتەوە. فەرمانتان پێدەدەم زۆر یادی خوا بكەن، وێنەی ئەو كەســەی وا دەكات وەك پیاوێكە دوژمنەكانی بەدوایەوەن بەڵام خێرا پەنا دەباتە قەڵایەكی قایم و دەرگاكەی دادەخات. بەڕاستی قایمترین قەڵا یادی خوایەو كەس ڕزگاری نابێت بەم قەڵا نەبێت).

سەیدنا یەحیا ئاوا ڕەوانبێژ و زمانپاراو بوو، هۆزەكەی زۆر بە جوانی و ڕوونی بانگەواز دەكرد و نموونەی بۆ دەهێنانەوە تا تێبگەن، بۆیە بەنی ئیسرائیل زۆریان خۆشدەویست و گوێڕایەڵی بوون.

---

[1] (ترمزی: ٢٦٨٣)، بە هەمان ڕیوایەتی نووسەردا چوینەوە، دەقێكی جیاوازتر هاتووە لەو ڕیوایەتە و لە ڕیوایەتی تریشدا، ئەوەی سەرەوە ئەو دەقەیە كە بە خزمەتی گەیشتین بە هەندێك جیاوازیی كەمەوە بەراورد بەوەی لای نوسەر نەقڵ كراوە.

## قایمەکاری لە ڕێگای هەقدا:

بەڵام یەکێك لە پادشاکانی ئەو سەردەمە؛ تاغووتێکی بێ ئەقڵ و دڵڕەق و دیکتاتۆر بوو، هەواڵی یەحیای جاروبار دەبیست، بۆیە لە خۆشەویستی یەحیا لای خەڵك ترسا، سەری سووڕما خەڵك ئاوا یەکێکیان خۆش دەوێت، بەڵام ئەو پادشایشە و کەس خۆشی ناوێت!

هەروەها پادشاکە دەیویست برازاکەی خۆی بکاتە هاوسەری، چونکە زۆر جوان بوو، کچەکەش تەماعی کردبووە دەسەڵاتەکە و دایکی هانی دا لە سەر ئەمە، لە کاتێکدا دەیانزانی حەرامە. پادشا ویستی مۆڵەت لە یەحیا بخوازێت، بۆیە چوونە لای و بەڵێنی دارایی و سامانیان دایە. بەڵام یەحیا لە ناو خەڵکدا رایگەیاند هاوسەرگیری مام و برازا حەرامە، تا ئەگەر پادشاکە وایکرد خەڵکەکە بزانن ئەمە لاڕێییە، بۆیە پادشا زۆر تووڕە بوو، پاشان هەر پەشیمانیش بووەوە.

بەڵام کچەکە بەدڕەوشت بوو، هەر تەمای لە دەسەڵاتەکە بوو، خۆی رازاندەوە و چووە لای و سوور بوو لە سەر هاوسەرگیریەکە، پادشاش تەواو حەزی بۆ ئەو زۆر بوو.کچەکە مەرجێکی بۆ پادشا دانا و وتی: سەری براوی یەحیا بکە مارەییم دەنا شووت پێناکەم. ئەویش دەستبەجێ سەربازەکانی ناردە لای یەحیا کە لە پەرستگا نوێژی دەکرد، کوشتیان و سەریان لە سەر کەشەفێك هێنایە لای پادشاو ئەویش بردی بۆ کچەکە و بە حەرامی مارەی کرد. ئەمە کۆتاییێکی زۆر دڵتەزێنە بۆ ئەم پێغەمبەرە نازدارە، بەڵام ئەمەش تاقیکارییەکە وەك تاقیکارییەکانی تری پێغەمبەران.

## له سوودەكانی ئەم بەسەرهاتە:

١- هەركەس دەروون و ویســـت و نـییەتی خـاوێن كـاتەوە؛ خوا لای بڕوادارن خۆشەویستی دەكات.

٢- سـەرەتای خۆڕاگری و ژیری مرۆڤ منداڵییە، فێركاری لە منداڵیدا وەك هەڵكۆڵینی سەر بەرد وایە.

٣- هەركەس دڵی پڕ بكات لە خۆشــەویســتی و ترســی خوا، قســەكانی دڵ زیندوو دەكاتەوە و دەبێتە مایەی ڕێنمایی خەڵك.

٤- بەندە راســتگۆكان رەنگ ناگۆڕن و فریوی پارە و سامان ناخۆن تا لە هەق پاشگەز ببنەوە، بەڵكووو جـاری وا هەیـە مرۆڤ بەوپەڕی رازیبوونەوە ژیـانی لـە رێگای یەك وشەدا دەبەخشێت.

# عیسا

«إِنَّ مَثَلَ عِیسَى عِندَ اللّهِ كَمَثَلِ آدَمَ خَلَقَهُ مِن تُرَابٍ ثِمَّ قَالَ لَهُ كُن فَیَكُونُ»

## مەریەمی پاكداوێن:

قسەكردن دەربارەی پێغەمبەر عیسا؛ دەخوازێت پێشتر باسی مەریەم و بگرە نەوەی عیمران بكرێت، ئەم نەوە كە هەڵبژاردەی خوایە. خانەوادەی عیمران خانەوادەیەكی بەڕێزە، پێكهاتووە لە عیمران؛ باوكی مەریەم، ژنەكەی عیمران، كە دایكی مەریەمە، مەریەم و عیسای كوڕی. كەواتە عیمران و ژنەكەی باپیرە و داپیرەی عیسان. عیمران پێشنوێژی بەنی ئیسرائیل بوو، هاوسەرەكەشی زۆر چاكەكار بوو. منداڵی نەدەبوو، ئیتر لە خوا پاڕایەوە منداڵێكی پێببەخشێت و نەزریشی كرد منداڵەكەی لێبڕاو كات بۆ پەرستش و خزمەتی بەیتولمەقدیس. خوا نزاكەی گیرا كرد، بەڵام منداڵەكە كچ بوو. ئیتر خوا سەرپەرشتییەكەی دا بە زەكەریا كە پێغەمبەری سەردەم بوو، وە مێردی پووری (خوشكی دایكی) مەریەمیش بوو. خوا ئەمەی قەدەر كرد تا مەریەم زانستی سوودمەند و كردەوەی چاك لە زەكەریاوە فێر بێت.

مەریەم نموونەی پەرستش و پارێزكاری بوو، خوا لە گەورەیی و ناز و نیعمەتی خۆی ڕژاند بە سەریدا، وەك ڕزقەكە كە بۆی دەنارد و باسمان كرد پێشتر. هەموو ئەمانە ئامادەكاری بوو بۆ موعجیزە گەورەكە كە عیسا لەم ئافرەتە خاوێنە پاكداوێنە لە دایكبوو؛ بێ ئەوەی وەك خەڵكی تر باوكی هەبێت! جا گوێ بدە سەرەتای بەسەرهاتەكە: «وَإِذْ قَالَتِ الْمَلاَئِكَةُ یَا مَرْیَمُ إِنَّ اللّهَ اصْطَفَاكِ وَطَهَّرَكِ وَاصْطَفَاكِ عَلَى

نِسَــاءِ الْعَالَمِينَ» (آل عمران: ٤٢). «(هەروەها یادیان بهێنه) کاتێك فریشــتەکان وتیان: ئەی مەریەم بەڕاســتــی خــوا تۆی هەڵبژاردوه و خــاوێن و پــاکیزەی کردوویــت، هەڵیبژاردویت و ڕێزی داویت بەسەر هەموو ئافرەتانی جیهاندا».

بەم وشـانه مەریەم زانیی خوا هەڵیبژاردووه و خاوێنی کردووه و له سەر هەموو ژنانی دنیـاوه دایناوه له هەموو ســـەردەمەکاندا، ئاخر ئەو مەزنترین ئافرەتی دنیا و قیامەته. «وَاصْـــطَفَـاكِ» دووهەم: واتـه هەڵیبژاردووی بۆ ئەرکی هەڵگرتنی پێغەمبەری نوێ و موعجیزه گەورەکەی که بەبێ باوك له دایك دەبێت، فریشــتەکان وتیان: «يَا مَرْيَمُ اقْنُتِي لِرَبِّـكِ وَاسْــجُـدِي وَارْكَعِي مَعَ الرَّاكِعِينَ» (آل عمران: ٤٣). «ئەی مەریەم، ملکەچ و فەرمانبەرداری پەروەردگارت بە، سوجده و کوڕنووشی بۆ ببه لەگەڵ کوڕنووشبەراندا».

## له دایکبوونی عیسا:

پاش هەڵبژاردنەکه خواپەرستی و سوجده و کوڕنووشی مەریەم بۆ سوپاسگوزاریی خوا زۆرتر بوو، هەســتیشی دەکرد بەم زووانه شتێکی گەوره ڕوو دەدات، جا خوای گەوره باسی له دایکبوونی عیسامان بۆ دەکات: « وَاذْكُرْ فِي الْكِتَابِ مَرْيَمَ إِذِ انتَبَذَتْ مِنْ أَهْلِهَا مَكَاناً شَـرْقِيّاً. فَاتَّخَذَتْ مِن دُونِهِمْ حِجَاباً فَأَرْسَـلْنَا إِلَيْهَا رُوحَنَا فَتَمَثَّلَ لَهَا بَشَـراً سَـوِيّاً» (مريم: ١٦-١٧). «ئەی پێغەمبەر (صلّى اللّه عليه وسلّم)، له قورئاندا باسی بەسەرهاتی مەریەم یـاد بکه، کـاتێـك کەنـارگیر بوو له کەســوکاری و شــوێنێکی له ڕۆژهەڵاتی (بەیتولمەقدیس) هەڵبژارد (بۆ خواپەرستی). ئینجا لەنێوان خۆی و ئەواندا پەردەیەکی ڕایەڵ کرد. ئێمەش جوبرەئیلی فریشتەمان نارد بۆ لای، وەکو بەشەرێکی تەواو (خۆی

خسته بەرچاوی)».

جوبرەئیل لە سەر شێوازی پیاوێکی زۆر جوان هاتە لای مەریەم کە لە پەرستگاکە بوو، مەریەم ترسا: «إِنِّي أَعُوذُ بِالرَّحْمَن مِنكَ إِن كُنتَ تَقِيّاً» (مريم: ١٨). «من پەنا دەگرم بە خوای میهرەبان لە تۆ ئەگەر کەسێکی بە تەقواو لەخواترس بیت». ویستی پەنا بباتە خوا، پرسیاری لێکرد: ئەرێ تۆ مرۆڤێکی پاکی و خوا دەناسی و لێی دەترسی؟ وەڵامی دایەوە تا دڵنیای بکات بەڵێ خوا دەناسێت و لێی دەترسێت: «قَالَ إِنَّمَا أَنَا رَسُولُ رَبِّكِ لِأَهَبَ لَكِ غُلَاماً زَكِيّاً» (مريم: ١٩). «جوبرەئیل وتی: (مەترسە)، دڵنیابە من تەنها نێردراوی پەروەردگاری تۆم، تا منداڵێکی خاوێنت پێ ببەخشم».

مەریەم دڵنیا بوو، زانیی جوبرەئیلە، بەڵام بەپەلە بیری لەم وتەی کردەوە: «لِأَهَبَ لَكِ غُلَاماً زَكِيّاً»! مەریەمی پاکداوێن سەری لەمە سوورما! خۆ پێشتر کەس لەگەڵیدا سەرجێیی نەکردووە و هاوسەرگیری نەکردووە و کەسیش نەهاتووەتە خوازبێنیی، جا چۆن بێ هاوسەرگیری منداڵی دەبێت؟! بۆیە بە نێردراوەکەی خوای وت: «أَنَّى يَكُونُ لِي غُلَامٌ وَلَمْ يَمْسَسْنِي بَشَرٌ وَلَمْ أَكُ بَغِيّاً» (مريم: ٢٠). «جا چۆن من منداڵم دەبێت، لەکاتێکدا هیچ بەشەرێك توخنم نەکەوتووە و داوێن پیسیش نەبووم».

رۆحولئەمین وتی: «كَذَلِكِ قَالَ رَبُّكِ هُوَ عَلَيَّ هَيِّنٌ وَلِنَجْعَلَهُ آيَةً لِلنَّاسِ وَرَحْمَةً مِّنَّا وَكَانَ أَمْراً مَّقْضِيّاً» (مريم: ٢١). «ئەو قسانەی تۆ راست و درووستن، بەڵام ئەوە بڕیاری پەروەردگارە و دەفەرموێت: ئەوکارە لای من ئاسانە، بۆ ئەوەی بیکەمە نیشانە و موعجیزەیەك بۆ خەڵکی، هەروەها رەحمەتێکی تایبەتیش بێت لەلایەن ئێمەوە، ئیتر ئەو کارەش بڕیاری لەسەر دراوە و بڕاوەتەوە». ئەمە لای خوا زۆر سادەیە، ئاوا

بەدیدەهێنێت تا ببێتە موعجیزە و رەحمەتێك لە خواوە بۆ بەنی ئیسرائیل، کارەکە تەواو بووە و بڕیاردراوە.

هزر و هۆشی مەریەم پێشوازی لە قسەکانی جوبڕەئیل کرد بە رازیبوون و ملکەچی تەواوەوە، مەگەر نەیوت: ئەمە فەرمانی خوایە؟ دەی هەر شتێك خوا بیەوێت دەبێت. پاشان کەی سەرسووڕهێنەرە منداڵ بە بێ باوك لە دایکبێت؟! خۆ ئادەم نە باوکی بوو نە دایك! بەڵێ، ئەوە باوە مرۆڤ لە نێرینە و مێینەیەکەوە بەدیبهێنرێت و باوك و دایکی هەبێت، بەڵام خوا هەرکات بیەوێت موعجیزە روو دەدات.

جوبڕەئیل درێژەی دا بە قسەکانی: «إِنَّ اللّهَ يُبَشِّرُكِ بِكَلِمَةٍ مِّنْهُ اسْمُهُ الْمَسِيحُ عِيسَى ابْنُ مَرْيَمَ وَجِيهاً فِي الدُّنْيَا وَالآخِرَةِ وَمِنَ الْمُقَرَّبِينَ. وَيُكَلِّمُ النَّاسَ فِي الْمَهْدِ وَكَهْلاً وَمِنَ الصَّالِحِينَ» (آل عمران: ٤٥-٤٦). «ئەی مەریەم، بەڕاستی خوا مژدەت دەداتێ: بە وشەیەکی خۆی کە ناوی مەسیحە، عیسای کوڕی مەریەمە، کە پیاوماقووڵ و پایەبەرزە لەم دنیادا، لە قیامەتیشدا لە دەستەی نزیکانە (لە ئێمەوە). جا عیسا لە بێشکەدا و بەگەورەییش قسە دەکات بۆ خەڵکی، لە پیاوچاکانیشە». ترسەکەی مەریەم زۆرتر بوو، پاکی و بێگەردی بۆ خوا! پێش ئەوەی بێتە سکیەوە ناوی دەزانێت و دەشزانێت لای خوا و خەڵك خۆشەویست و ڕێزدارە؟ دەشزانێت هەر بە منداڵی قسە دەکات! پێش ئەوەی مەریەم پرسیارێکی تر بکات؛ جوبڕەئیل فووی کرد بە ملیوانی کراسەکەیدا لای سنگیەوە و دەسبەجێ دووگیان بوو.

ڕۆژەکان تێپەڕ بوون، سکەکەی مەریەم جیاواز بوو لە سکی ژنانی تر، ئەم نەخۆش نەکەوت و هەستی بە سەنگینی نەکرد و سکیشی گەورە نەبوو تا کاتی منداڵبوونەکەی

هـات. رۆژێك مەریەم هاتە دەرەوە و دووركەوتەوە، هەســتی كرد ئیمڕۆ شــتێك روو دەدات بەڵام نەیـدەزانی چییـە، هەنگـاوەكانی بردیان بۆ شــوێنێكی پڕ لە دار میوە و خورمـا، ئەوەنـدە دوور بوو كەس نەدەچوو. خەڵـك نەیـانـدەزانی مەریەم دووگیانە و منداڵی دەبێت، دەرگای پەرستگاكەش داخراوە و وادەزانن هەر خەریكی پەرستشە.

مەریەم لە بن دارخورمایەكدا دانیشـــت پشـــوو بدات، هەســـتی بە ئێش و ئازار كرد، ئێشــەكە زیادی كرد و مەریەم منداڵی بوو: «فَأَجَاءهَا الْمَخَاضُ إِلَى جِذْعِ النَّخْلَةِ قَالَتْ يَا لَيْتَنِي مِتُّ قَبْلَ هَذَا وَكُنتُ نَسْـياً مَّنسِيّاً» (مريم: ٢٣). «ئینجا ژانی منداڵبوون گرتی و بردی بۆ لای قەدی دارخورمـایەك، (بەدەم ئـاهو نـاڵەوە) دەیوت: خۆزگـە پێش ئەم حـاڵەتە بمردمـایە و وەك شـــتێكی بێنرخ فەرامۆش بكرامـایە». ئازاری منداڵبوونەكە ئازاری تری بە دواوە بوو بۆ مەریەمی خاوێن و پاكداوێن، خەڵك چۆن پێشــوازی لەم منـداڵـە دەكەن؟ چی دەربـارەی خۆی دەڵێن؟ دەزانن كچـە، دەی كچ چۆن منـداڵی دەبێت؟ ئایا باوەڕی پێدەكەن بێ ئەوەی كەسـێك سەرجێی لەگەڵ بكات منداڵی بووە؟ بۆیە ئەوەندە خەمبار بوو ئارەزووی كرد پێشتر بمردایە.

منداڵەكە لە دایكبوو، مەریەم هێشتا ئارەزووی مەرگ و لەبیرچوونەوەی دەخواست كە منداڵەكە بانگی كرد: «فَنَادَاهَا مِن تَحْتِهَا أَلَّا تَحْزَنِي قَدْ جَعَلَ رَبُّكِ تَحْتَكِ سَـرِيّاً. وَهُزِّي إِلَيْكِ بِجِذْعِ النَّخْلَةِ تُسَـاقِطْ عَلَيْكِ رُطَباً جَنِيّاً. فَكُلِي وَاشْـرَبِي وَقَرِّي عَيْناً فَإِمَّا تَرَيِنَّ مِنَ الْبَشَـرِ أَحَداً فَقُولِي إِنِّي نَذَرْتُ لِلرَّحْمَنِ صَـوْماً فَلَنْ أُكَلِّمَ الْيَوْمَ إِنسِيّاً» (مريم: ٢٤-٢٦). «(ئەو منـداڵەی كە لە داوێنی بەربۆوە) لە ژێریەوە (بـانگی كردو وتی: دایە گیـان) خەفەت مەخۆ، ئەوەتە پەروەردگـارت بە بەردەمتـدا جۆگەلەیەكی جـاری كردووە. ئەو دارخورمـایەش (كە پـاڵت پێوەداوە) كەمێك رایوەشـــێنە خورمای گەییوت بەســەردا

دەبـارێنێت. ئینجا لەو خورمایە بخۆ، لەو ئاوەیش بخۆرەوە، خەمیشـــت نەبێت، ئەگەر کەسـێکت لە خەڵکی بینی و (پرسـیاری لێکردی) ئەوە بە ئاماژە تێی بگەیەنە پێی بڵێ: بەڕاســتی من بڕیارم داوە و نەزرم کردووە بەڕۆژوو بم بۆ خوای میهرەبانم، لەبەر ئەوە ئەمڕۆ من هەرگیز قسـە لەگەڵ کەسـدا ناکەم». مەریەم سـەیری مەسیحی کرد، بیستی داوای لێدەکات خەم نەخوات، دەڵێت دار خورماکە بشەکێنەوە تا بەرهەمە خۆشەکەی بێتە خوار و بخوات و بنۆشێت و پڕ بێت لە هێمنی و بیر لە هیچ نەکاتەوە.

بیرکردنەوەکەی مەریەمی پـاکداوێن هەمووی دەربارەی عیســـا بوو، بە خۆیی دەوت: باشــە جوولەکە چۆن پێشــوازیی لێدەکەن و چی دەڵێن دەربارەی؟ ئایا کەس لە پیاوە ئایینییەکانی جوولەکە کە لە ســـەر فێڵ و فریوو دزی دەژین و لە خوا دوورن، بڕوای پێـدەکەن کـە خوا خۆی ئەم منـداڵەی پێـداوە؟ کـاتی تەنهـاییەکەی کۆتایی پێهات و پێویست بوو بگەڕێتەوە بۆ ناو خەڵك، بەڵام چیی پێ دەڵێن؟!

## گفتوگۆی منداڵە شیرە خۆرەکە و جوولەکە:

کاتی عەسر کە بوو مەریەمیش گەڕایەوە، بازاڕە گەورەکەی سەر رێگای بۆ مزگەوت پڕ بوو لـە خەڵـك. مەریەم لـە نـاوەڕاســتی بـازاڕەکەدا بوو، خەڵـك بینیان منداڵێکی بە سـنگییەوە ناوەو بە هێمنی دەڕوات. یەکێك لە چەنەبازەکان وتی: ئەرێ ئەمە مەریەمی پاکداوێن نییە؟! ئەم منداڵە کێیە لە ســـەرســـنگی گرتوویەتی؟! یەکیان وتی: بێگومان منداڵی خۆیەتی، بڵێی چ بەسەرهاتێك لە پشتیەوە هەبێت؟!

پیاوە ئایینییەکانی جوولەکە هاتن و پرسیاریان کرد: مەریەم ئەمە کوڕی کێیە؟ بۆ وەڵام

نـادەیتەوە؟ بێگومـان کوڕی خۆتە، بەڵام چۆن بووتە کە تۆ کچی؟! «يَا أُخْتَ هَارُونَ مَا كَانَ أَبُوكِ امْرَأَ سَـوْءٍ وَمَا كَانَتْ أُمُّكِ بَغِيّاً» (مريم: ٢٨). «ئەی خوشـکی هاڕوون، تۆ نە بـاوکـت کەسـێکی خراپ بووە نە دایکیشـــت ئافرەتێکی داوێنپیس». بەم رســـتەیە مەریەمیان تۆمەتبار کرد؛ ئاوا بێپەروا و بێ هیچ بیســتن و توێژینەوە و دڵنیاییەك دەڵێن تۆ لەماڵێکی خاوێنەوە هاتووی، دەی چۆن ئاوات کردووە؟

ئەوان هەروا تۆمەتباریان دەکرد و ئەویش سەری بەرز راگرتبوو، روونا‌کییەکی تێکەڵ بە متمانە لە ســیمایەوە دەباری. جا کە دۆخەکە دژوار بوو، پشــتی بە خوا بەســت و ئاماژەی کرد بۆ کوڕەکەی. خەڵك سـەرگەردان بوون، زانیان رۆژووی بێقسەیی گرتووە و داوایان لێدەکات پرسیار لە منداڵەکە بکەن. پیاوە ئایینییەکان و سەرۆکانی جوولەکە وتیان: جا پرسیار لە منداڵی چەند رۆژە چۆن دەکرێت، ئایا لە مەلۆتکەدا قسە دەکات؟! بە مەریەمیان وت: «كَيْفَ نُكَلِّمُ مَن كَانَ فِي الْمَهْدِ صَـبِيّاً» (مريم: ٢٩). «جا چۆن قسـە لەگەڵ منداڵی ناو بێشکەدا دەکرێت؟!».

لێرەدا عیسا کەوتە قسە: « قَالَ إِنِّي عَبْدُ اللَّهِ آتَانِيَ الْكِتَابَ وَجَعَلَنِي نَبِيّاً. وَجَعَلَنِي مُبَارَكاً أَيْنَ مَا كُنتُ وَأَوْصَـانِي بِالصَّـلَاةِ وَالزَّكَاةِ مَا دُمْتُ حَيّاً. وَبَرّاً بِوَالِدَتِي وَلَمْ يَجْعَلْنِي جَبَّاراً شَـقِيّاً. وَالسَّـلَامُ عَلَيَّ يَوْمَ وُلِدتُّ وَيَوْمَ أَمُوتُ وَيَوْمَ أُبْعَثُ حَيّاً» (مريم: ٣٠-٣٣). «وتی: بەڕاســـتی من بەنـدەی خوام، کتێبی ئینجیلی پێبەخشـــیوم و کردوومی بە پێغەمبەری خۆی. منی موبـارەك و پیرۆزیش کردووە لە هەر کوێـدا بم و ئـامۆژگاریی کردووم کە نوێژەکـانم ئەنجـام بدەم و لە زەکاتدانیش درێغی نەکەم هەتا لە ژیاندا هەم. (هەروەها فەرمانی پێداوم کە) چاکڕەفتار بم لەگەڵ دایکمدا، رێیلێگرتووم ببمە کەسێکی زۆرداو بەدڕەفتار. سڵاوی پەروەردگارم لەسەرە ئەو رۆژەی کە لەدایك بووم و ئەو رۆژەش کە

دەمرم، ئەو رۆژەش کە زیندوو دەکرێمەوە».

عیسا قسەکانی تەواو نەکردبوو ئەوان چاویان پەڕییە تەوقە سەریان، بە چاوی خۆیان موعجیزەیەکیان بینی، ئەمە منداڵێکی سەر بێشکەیە قسە دەکات و بێ باوك هاتووەتە دنیا! دەڵێت خوا کیتابی پێداوە و کردوویەتییە پێغەمبەر، ئەمە واتە دەسەڵاتداریی ئەوان کۆتایی پێدێت، کە منداڵەکە گەورە بوو هەموویان بێڕێز دەبن، ئیتر کەسیان ناتوانێت لێخۆشبوونی خوا بفرۆشێت!

زاناکانی جوولەکە هەستیان بە کارەسات کرد، هاتنی مەسیح واتە گەڕانەوەی خەڵك بۆ خواپەرستی و ئەمەش واتە لە ناوچوونی ئەمان، چونکە جیاوازیی نێوان فێرکارییەکانی مووسا و کردەوەی ئەمانە؛ جیاوازیی ئەستێرەکانی ئاسمان و قوڕ و چڵپاوی سەر ڕێگاکان بوو. ئیتر پیاوانی ئایینی جوولەکە نکووڵیان لە بەسەرهاتی لە دایکبوونی عیسا و قسەکانی لە بێشکەدا کرد، مەریەمی پاکداوێنیان تۆمەتبار کرد بە خراپەکاری، لەگەڵ ئەوەدا خۆیان بینیان قسە دەکات!

## موعجیزەکانی عیسا:

عیسا گەورە بوو، وەحیی بۆ هات، خوا ئینجیلی بۆ نارد لە کاتێکدا سی ساڵان بوو، خوا موعجیزەی زۆری لە سەر دەست ئاشکرا کرد. عیسا تەنها پێغەمبەری بەنی ئیسرائیل بوو. موعجیزەکانیشی ئەمانە بوون:

«وَيُعَلِّمُهُ الْكِتَابَ وَالْحِكْمَةَ وَالتَّوْرَاةَ وَالإِنجِيلَ» (آل عمران: ٤٨). «هەروەها خوای

گەورە فێری کتێب و نووسین و دانایی و تەورات و ئینجیلی دەکات».

«أَخْلُقُ لَكُم مِّنَ الطِّينِ كَهَيْئَةِ الطَّيْرِ فَأَنفُخُ فِيهِ فَيَكُونُ طَيْراً بِإِذْنِ اللّهِ» (آل عمران: ٤٩).
«من لە قوڕ شێوەی باڵندەتان بۆ درووست دەکەم، ئینجا فووی پێدا دەکەم، بە فەرمانی خوا یەکسەر دەبێتە باڵندەیەکی زیندوو».

«وَأُبْرِئُ الأكْمَهَ» (هەمان ئایەت). کە بریتییە لە کوێری زگماکی، دەستی بە چاویدا دەهێنا و چاك دەبووەوە.

«والأَبْرَصَ» (هەمان ئایەت). کە نەخۆشینێکی پێستییە و پێست سپی دەکاتەوە (بەڵەکاوی)، دەستی دەهێنا بە جەستەیا و چاك دەبووەوە.

«وَأُحْيِي الْمَوْتَى بِإِذْنِ اللّهِ»(هەمان ئایەت). ئیتر بە ویستی خوا مردووی زیندوو دەکردەوە.

«وَأُنَبِّئُكُم بِمَا تَأْكُلُونَ وَمَا تَدَّخِرُونَ فِي بُيُوتِكُمْ» (هەمان ئایەت). هەواڵی دەدانێ دەربارەی ئەوانەی لەماڵەوە شاردوویانەتەوە و ئەو خۆراکەی خێزانەکانیان ئامادەی دەکرد.

بەڵام لەگەڵ ئەم هەموو نیشانەدا بەنی ئیسرائیل کوفریان کرد و بڕوایان بەوە نەهێنا عیسا نێردراوی خوایە! خوای گەورە دەفەرموێت: «فَلَمَّا أَحَسَّ عِيسَى مِنْهُمُ الْكُفْرَ قَالَ مَنْ أَنصَارِي إِلَى اللّهِ قَالَ الْحَوَارِيُّونَ نَحْنُ أَنصَارُ اللّهِ آمَنَّا بِاللّهِ وَاشْهَدْ بِأَنَّا مُسْلِمُونَ. رَبَّنَا آمَنَّا بِمَا أَنزَلَتْ وَاتَّبَعْنَا الرَّسُولَ فَاكْتُبْنَا مَعَ الشَّاهِدِينَ» (آل عمران: ٥٢-٥٣). «جا کاتێك عیسا هەستی بە کوفرو بێدینیی ئەوانە کرد؛ وتی: کێ پشتیوانمە بۆ لای خوا؟

حەوارییەکـان وتیـان: ئێمەین پشـــتیوانـانی ئـایینی خوا، باوەڕی تەواومان بەو خوایە هێناوە، تۆش شـــایەتی بدە کە بەڕاســـتی ئێمە موســـڵمان و ملکەچ و فەرمانبەرداریین. (ئەوســـا وتیـان): پەروەردگـارا، ئێمە باوەڕمان هێناوە بەوەی داتبەزاندووە و ڕەوانەت کردووە، شـوێنکەوتەی پێغەمبەرەکەشـتین، دە تۆیش لە ڕیزی شـایەتەکانی (گەیاندنی بەرنامەکەتدا) تۆمارمان بکە».

کە عیسـا بینیی جوولەکە بڕوای پێناهێنن؛ ڕاسـتەوخۆ پرسـیارێکی لێکردن: ئەریێ ئێوە موسوڵمانن؟ ئیتر کەس بڕوای پێنەهێنا حەوارییەکان نەبێت.

## حەوارییەکان شوێنکەوتووانی عیسا:

دەڵێن حەوارییەکان حەقدە کەس بوون، بەڵام ڕای پەسەند ئەوەیە دوازدە کەس بوون. ئەوان بڕوایان هێنا بەڵام هێشتا گومان لە ناخیاندا هەبوو، بۆ لابردنی ئەم گومانە سەیدنا عیسا فەرمانی پێدان سی ڕۆژ بەرۆژوو بن تا ڕاستی و پاکی دەروونیان هەڵسەنگێنێت و لێیـان دڵنیـا بێـت. ئەوانیش فەرمـانەکەیـان وەرگرت و بەڕۆژوو بوون، جـا کـە ڕۆژووەکەیان تەواو بوو پرسیاریان لە عیسا کرد: «يَا عِيسَى ابْنَ مَرْيَمَ هَلْ يَسْتَطِيعُ رَبُّكَ أَن يُنَزِّلَ عَلَيْنَا مَآئِدَةً مِّنَ السَّـمَاءِ» (المائدة: ١١٢). «ئەی عیســـای کوڕی مەریەم، ئایا پەروەردگاری تۆ دەتوانێت لە ئاسـمانەوە سـفرە و خوانێکمان بۆ دابەزێنێت؟!». عیسا هوشـــداری دانێ، گومانیان لە توانای پەروەردگار نەبێت: «اتَّقُواْ اللّهَ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ» (هەمان ئایەت). «لە خوا بترسن ئەگەر ئێوە ئیماندارن».

وتیـان: «نُرِيـدُ أَن نَّـأْكُـلَ مِنْهَـا وَتَطْمَئِنَّ قُلُوبُنَا وَنَعْلَمَ أَن قَدْ صَـــدَقْتَنَا وَنَكُونَ عَلَيْهَا مِنَ

الشَّــاهِـدِينَ» (المـائدة: ١١٣). «دەمانەوێت (بۆ پیرۆزی و بەرەکەت) لێی بخۆین و دڵنیابین و چاك بزانین کە بێگومان راســتت لەگەڵدا کردووین و لەســەریشــی ببینە شــایەت». واتە دەیانویســت لەم ســفرە ئاسـمانییە بخۆن بۆ ئەوەی دڵنیا بن خوا نزا و رۆژووی لێ وەرگرتوون.

ئیتر ســەیدنا عیســا کەوتە پاڕانەوە: «اللَّهُمَّ رَبَّنَا أَنزِلْ عَلَيْنَا مَآئِدَةً مِّنَ السَّـمَاءِ تَكُونُ لَنَا عِيـداً لِّأَوَّلِنَا وَآخِرِنَـا وَآيَـةً مِّنـكَ وَارْزُقْنَا وَأَنتَ خَيْرُ الرَّازِقِينَ» (المائدة: ١١٤). «ئەی خوای پەروەردگـار لە ئاســمانەوە ســفرە و خوانێکمان بۆ دابەزێنە تا ببێتە جەژن بۆ نەوەکانی ئێستا و داهاتوومان و، بەڵگەیەك بێت لەلایەن تۆوە بۆ پێغەمبەرایەتیی من و دەسەڵاتی بێسنوورت، هەورەها لە رزق و ڕۆزی بەهرەوەرمان بکە، هەر تۆی چاکترین رۆزیبەخش».خوا نزاکەی وەرگرت و دەســتبەجێ دوو هەور لە ئاســمان دەرکەوتن ســفرەیەك لە نێوانیاندا بوو، هێواشــهێواش نزیك دەبووەوە، عیســاش دوعای دەکرد سفرەکە ببێتە خێر و بەرەکەت و ئاشتی بۆیان.

ســفرەکە هاتە خوارەوە بۆ بەردەســتی عیســا و داخراو بوو، عیســا کردییەوە و وتی: بە ناوی خوا کە چاکترینی رۆزیدەرانە، پاشان هەموو دەستیان کردە خواردن، هەندێکیان نەخۆش بوون چاك بوونەوە. بەڵام خوا هوشــداریی دانێ لە پاش ئەم نیشـانەیە کوفر نەکەن، بەڵێنی دا هەر کەس لە پاش ئەم موعجیزەیە کافر بێت، ســزایەکی بێوێنەی بۆ بنێرێـت. خوا فەرمووی: «إِنِّي مُنَزِّلُهَـا عَلَيْكُمْ فَمَن يَكْفُرْ بَعْدُ مِنكُمْ فَإِنِّي أُعَذِّبُهُ عَذَاباً لاَّ أُعَـذِّبُهُ أَحَداً مِّنَ الْعَالَمِينَ» (المائدة: ١١٥). ئیتر ئەو رۆژە بووە جێژنی حەوارییەکان. ئەوانیش لە سەر بڕواو بە راستزانینی عیسا مانەوە؛ یەك کەسیان نەبێت.

جووله‌كه سه‌یدنا عیسایان به توندی به‌درۆ خسته‌وه و، دایكه پاكه راستگۆكه‌شیان تۆمه‌تبار كرد، عیسا له زه‌ویدا به‌رده‌وام ده‌گه‌ڕا بۆ ئه‌وه‌ی دینه‌كه‌ی له خراپه‌ی جووله‌كه بپارێزێت، بۆیه پێی ده‌ڵێن مه‌سیح، واته: ئه‌و كه‌سه‌ی زۆر گه‌شت ده‌كات به زه‌ویدا. كاتێك خه‌ڵك ده‌رباره‌ی موعجیزه‌كانی عیسا ده‌ستیان كرده قسه كردن، پیاوه ئاینییه‌كانی جووله‌كه ترسان خه‌ڵك شوێن دینه نوێیه‌كه بكه‌ون، بۆیه چوون بۆ لای پادشای ناوچه‌كه، كه ئه‌و كاته گوێڕایه‌ڵی رۆم بوو، وتیان: عیسا خۆی به پادشای جووله‌كه ده‌زانێت و به‌هیوایه ده‌سه‌ڵات له تۆ بسێنێته‌وه! بۆیه ئه‌ویش ترسا و فه‌رمانی كرد بۆی بگه‌ڕێن تا بیكوژێت. كاتێك عیسا هه‌واڵه‌كه‌ی زانی چووه ناو ماڵێكه‌وه، جا ماڵه‌كان له‌و سه‌رده‌مه‌دا سێ كونیان تێدا بوو، ده‌رگایه‌كی گه‌وره بۆ شته گه‌وره‌كان، ده‌رگایه‌كی بچووك بۆ مرۆڤه‌كان و رۆچنێكیش[1] له سه‌ربانه‌وه. سه‌یدنا عیسا چووه ناو ماڵه‌كه و پیاوێكیش به دوایدا، خوا نیگای بۆ نارد سه‌یری سه‌ره‌وه بكات، عیساش وای كرد و ئیتر خوا به توانای خۆی به‌رزی كرده‌وه. خوا سه‌یدنا عیسای به‌رز كرده‌وه بۆ ئاسمان، جووله‌كه‌كان چاوه‌ڕوانی كابرا بوون پاشان هاته ده‌ره‌وه و لێیان تێكچوو ئه‌مه كابراكه‌ی خۆیانه یان عیسایه؟! ئاخری وایانده‌زانی عیسایه! بۆیه گرتیان و دایان له خاچ و وتیان: «إِنَّا قَتَلْنَا الْمَسِيحَ عِيسَى ابْنَ مَرْيَمَ رَسُولَ اللّهِ» (النساء: ١٥٧). «به‌ڕاستی ئێمه مه‌سیح عیسای كوڕی مه‌ریه‌ممان كوشتووه كه پێغه‌مبه‌ری خوایه».

به‌ڵام په‌روه‌ردگار كوشتنی عیسا ره‌تده‌كاته‌وه و ده‌فه‌رموێت: «وَمَا قَتَلُوهُ وَمَا صَلَبُوهُ وَلَكِن شُبِّهَ لَهُمْ وَإِنَّ الَّذِينَ اخْتَلَفُواْ فِيهِ لَفِي شَكٍّ مِّنْهُ مَا لَهُم بِهِ مِنْ عِلْمٍ إِلاَّ اتِّبَاعَ الظَّنِّ وَمَا قَتَلُوهُ يَقِيناً» (هه‌مان ئایه‌ت). «له‌ڕاستیدا نه كوشتوویانه و نه له خاچیان داوه،

[1] (ڕۆچن) به‌و كونه ده‌وترێت كه له‌سه‌ربانی خانو دایه بۆ ئه‌وه‌ی تیشكی ڕۆژ بێته ژووره‌وه. (وه‌رگێڕ).

بەڵكوو لێیان تێكچووە، بەڕاستی ئەوانەی كە بیروبۆچوونی جیاوازیان لەو كێشـەیەدا هەیە خۆشـیان لە گوماندان تیایدا، ئەوانە هیچ زانسـتیەكی راستیان نییە لەو بارەیەوە، جگە لە شـوێنكەوتنی گومان نەبێت، بەدڵنیاییەوە (پێویسـتە بزانن) كە نەیانكوشتووە و بۆیان نەكوژراوە». جوولەكە نەیانزانی بەڕاسـتی عیسـایان كوشتووە یان كابرایەكی تر بوو، هەروا لە گوماندا مانەوە، ئاخری وایاندانا كە بەڵێ عیسایان كوشتووە، بەڵام خوا راسـتیی رووداوەكـە روون دەكـاتەوە: «بَـل رَّفَعَـهُ اللّـهُ إِلَيْهِ وَكَانَ اللّهُ عَزِيزاً حَكِيماً» (النسـاء: ١٥٨). «نەخێر، بەڵكوو خوا بەرزی كردەوە بۆ لای خۆی، خوا هەمیشـە و بەردەوام باڵادەست و دانایە».

حەوارییەكان بە پەنامەكی مانەوە، پاشـان یەكێك لە پادشـاكانی رۆم بڕوای هێنا كە ناوی قوسـتەنتین بوو، كۆمەڵە باوەڕێكی هاوبەشخوازانەی هێنایە نێو دینی گاورانەوە. ئیبنو عەبباس دەڵێت: گاورەكان بوونـە سێ كۆمەڵ؛ كۆمەڵێك وتیان: خوا تا ئەو ساتەی پێی خۆش بوو لە ناوماندا بوو، پاشان بەرز بووەوە بەرەو ئاسمان. كۆمەڵێكی تر وتیان: كوڕی خوا تا ئەو كاتەی ویسـتی لە ناوماندا بوو، پاشـان بەرە و ئاسمان بەرز بووەوە. كۆمەڵێكی تریش وتیان: بەندە و پێغەمبەری خوا تا كاتێك خوا ویستی لە ناوماندا بوو، پـاشـان خوا بەرزی كردەوە بۆ لای خۆی. ئیتر دوو تـاقمـە كـافرەكـە بـە سـەر موسـوڵمانەكەدا سـەركەوتن و كوشـتیان و ئیسـلام سڕایەوە تا خوا موحەممەدی كردە پێغەمبەر (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيۡهِ وَسَلَّمَ). ئەمەیـە فەرموودەكەی خوا: «فَـأَيَّـدْنَـا الَّـذِينَ آمَنُوا عَلَى عَدُوِّهِمْ فَأَصْبَحُوا ظَاهِرِينَ» (الصف: ١٤). «جا ئێمەش پشتیوانیمان لە ئیمانداران كرد و بەو هۆیەوە سەركەوتنمان بەسەر دوژمنەكانیاندا پێبەخشین و زاڵ بوون».

عیسا زیندووه له ئاسماندا:

عیسا بەردەوام له ئاسماندا زیندووه، بەڵگەی ئەمه فەرمووده سەحیحه زۆرەکانن، وەك ئەم فەرموودەیە: (الْأَنْبِيَاءُ إِخْوَةٌ لِعَلَّاتٍ، أُمَّهَاتُهُمْ شَتَّى، وَدِينُهُمْ وَاحِدٌ، وَإِنِّي أَوْلَى النَّاسِ بِعِيسَى ابْنِ مَرْيَمَ ؛ لِأَنَّهُ لَمْ يَكُنْ بَيْنِي وَبَيْنَهُ نَبِيٌّ، وَإِنَّهُ نَازِلٌ، فَإِذَا رَأَيْتُمُوهُ، فَاعْرِفُوهُ : رَجُلٌ مَرْبُوعٌ إِلَى الْحُمْرَةِ وَالْبَيَاضِ، عَلَيْهِ ثَوْبَانِ مُمَصَّرَانِ ، كَأَنَّ رَأْسَهُ يَقْطُرُ، وَإِنْ لَمْ يُصِبْهُ بَلَلٌ، فَيَدُقُّ الصَّلِيبَ، وَيَقْتُلُ الْخِنْزِيرَ، وَيَضَعُ الْجِزْيَةَ، وَيَدْعُو النَّاسَ إِلَى الْإِسْلَامِ، فَيُهْلِكُ اللَّهُ فِي زَمَانِهِ الْمِلَلَ كُلَّهَا، إِلَّا الْإِسْلَامَ، وَيُهْلِكُ اللَّهُ فِي زَمَانِهِ الْمَسِيحَ الدَّجَّالَ، ثُمَّ تَقَعُ الْأَمَنَةُ عَلَى الْأَرْضِ، حَتَّى تَرْتَعَ الْأُسُودُ مَعَ الْإِبِلِ، وَالنِّمَارُ مَعَ الْبَقَرِ، وَالذِّئَابُ مَعَ الْغَنَمِ، وَيَلْعَبَ الصِّبْيَانُ بِالْحَيَّاتِ، لَا تَضُرُّهُمْ، فَيَمْكُثُ أَرْبَعِينَ سَنَةً، ثُمَّ يُتَوَفَّى، وَيُصَلِّي عَلَيْهِ الْمُسْلِمُونَ)[1]. واته: پێغەمبەران له باوكەوه بران و دایكیان جیاوازه و دینیان یەكه (واته ئەسڵی دینی هەموویان یەكه و له سەر تەوحیده، ئەگەرچی له فرووعدا جیاوازن)، من نزیكترین كەسم له عیسای كوڕی مەریەمەوه، ئاخر له نێوان من و ئەودا پێغەمبەرێك نەبووه. بەڕاستی ئەو له ئاسمان دێته خوارەوه، ئەگەر بینیتان بیناسنەوه كه پیاوێكی مامناوەندی سپیی مەیله و سووره، دوو جلی زەردی له بەردایه، دەڵێی قژەكانی سەری ئاوی لێدەتكێ گەرچی تەڕیش نەبووه. جا خاچ دەشكێنێت و بەراز دەكوژێت و جیزیه لادەبات و خەڵك بەرەو ئیسلام بانگەواز دەكات، ئیتر خوا له سەردەمی ئەودا هەموو ئایینەكان له ناو دەبات جگه له ئیسلام، هەر لەو كاتەشدا مەسیحی دەججال له ناو دەبات، ئەمن و ئاسایش دەكەوێته سەر زەوی تا وای لێدێت شێر و وشتر، پڵنگ و

---

[1] نووسەری بەڕێز نوسیویەتی (سەحیحه؛ ئەحمەد: ٤٠٦١٢). فەرموودەكه به چەند ڕیوایەتێكی جیاواز لای ئیمامی ئەحمەد و جگه لەویش هاتووه، بڕوانه (موسنەدی ئیمامی ئەحمەد : ٩٢٧٠).

مانگا و گورگ و مەڕ پێکەوە دەخۆن و دەلەوەڕێن، منداڵەکان بە مارەکان یاری دەکەن بێ ئەوەی مارەکان ئازاریان بدەن! عیسا چل ساڵ لە زەویدا دەمێنێتەوە، پاشان دەمرێت و موسوڵمانان لە سەر تەرمەکەی نوێژ بەرپا دەکەن.

پێویستە هەموو کەسێك تامی مەرگ بچێژێت، عیسا نەمردووە، بەرز کرایەوە بۆ ئاسمان، بۆیە لە کۆتایی دنیادا مەرگ دەچێژێت.

ئەمە عیسای کوڕی مەریەمە، کۆتا پێغەمبەر پێش پێغەمبەری ئازیزمان ( صلّى اللّه عليه وسلّم)، لە دایکبوونی بە بێ باوك موعجیزە بوو، بەرز کردنەوەی موعجیزەیە و هاتنە خوارەوەشی هەر موعجیزە دەبێت.

## بیروباوەڕی ئێمە دەربارەی عیسا:

١- بەندەو پێغەمبەری خوایە، خوای گەورە بە فەرمانی«كُنْ»؛ «ببە» لە سکی دایکیدا خوڵقاندی و لە بێشکەدا قسەی دەکرد و بە گەورەییش وەحیی بۆ هات، ئەو بەندە و پێغەمبەری خوایە و گیانێکە لە لایەن خواوە بەخشرایە مەریەم.

٢- بێگومان لە خاچ نەدراوە، درۆزن و بوختانچییەکانی جوولەکە و شوێنکەوتووانیان وادەزانن کە لە خاچ دراوە، یانیش راستییەکە دەشارنەوە.

٣- لە کۆتایی دنیادا وەك بەندەیەك دێتە خوارەوە؛ نەك وەك پێغەمبەر و پادشایەك، لە پشتی ئیمامی موسوڵمانانیشەوە نوێژ دەکات، وەك سەربازێك لە سوپای موسوڵماناندا دەجەنگێت، کردەوەکانیشی دیاریکراون: خاچ دەشکێنێت، بەراز دەکوژێت، جزیە

لادەبات و تەنها ئیسلام وەردەگرێت، بانگەواز دەكات بەرەو ئیسلام و جێگیر بوونی دینی موحەممەد (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)؛ لە سەر دەستی ئەو دەبێت، پاشان دەجال دەكوژێت و لەكۆتاییدا كۆچی دوایی دەكات و موسوڵمانان لە سەر تەرمەكەی نوێژ بەرپادەكەن و لە زەویی پیرۆز بە خاك دەسپێردرێت.

## لە سوودەكانی ئەم بەسەرهاتە:

١- شیاوبوونی ئارەزووی مەرگ لە كاتی ئاژاوە و تاقیكاری لە دیندا.

٢- نزیكیی خوا لە خۆشەویستەكانی و یارمەتیدانیان بە موعجیزە و كەرامەت.

٣- خوا لە سەر هەموو شتێك بەتوانایە، شیرەخۆرە دەهێنێتە قسە وەك چۆن دارو بەرد و ئەندامەكانی مرۆڤ لە قیامەتدا دەهێنێتە قسەكردن.

٤- جوولەكە بوختانچی و درۆزن و فێڵبازن، تەماعگرترینی خەڵكن دەربارەی دنیا و ئارەزووەكانی.

٥- شوێنكەوتنی پێغەمبەران دەبێتە هۆی ئاسانگیری لە سەر خەڵكی.

٦- شوێنكەوتووانی پێغەمبەران بەردەوام كەمینەن؛ بەڵام سەركەوتوون!

٧- چاكترین رێگای رزگاربوون لە ئاژاوە خۆپارێزی و دووركەوتنەوەیە لێی.

٨- ئەگەر خوا نیعمەتێكی پێبەخشیتەوە، پێویستە لە بەرانبەردا سوپاسگوزاری و ستایشی خوا بكەی.

٩- پێغەمبەرانی خوا مرۆڤن و دەمرن و ئازار دەچێژن، وەك چۆن مرۆڤی تر دەمرێت و ئازار دەچێژێت.

# ناوەڕۆک


| بابەت | لاپەڕە |
| --- | --- |
| پێشەکی | ٥ |
| ئادەم (عليه الصلاة والسلام) | ١٣ |
| ئیدریس | ٣٩ |
| نووح | ٤٣ |
| هوود | ٦١ |
| ساڵح | ٧٣ |
| ئیبراهیم | ٨٤ |
| ئیسماعیل | ١١٧ |
| لووت | ١٢٧ |
| ئیسحاق | ١٣٥ |
| یەعقووب | ١٣٧ |
| یووسف | ١٤٣ |
| ئەییوب | ١٨٤ |
| زولکیفل | ١٩١ |
| یوونس | ١٩٣ |
| شوعەیب | ١٩٩ |
| مووسا (و هاڕوون) | ٢١٠ |
| یووشەع | ٢٩٨ |
| داوود | ٣٠٥ |
| سولەیمان | ٣١٥ |
| ئیلیاس | ٣٣٣ |
| یەسەع | ٣٣٥ |
| زەکەریا | ٣٣٧ |
| یەحیا | ٣٤٧ |
| عیسا | ٣٥٣ |
| ناوەڕۆک | ٣٧١ |